ڕۆڵی عەلمانیەت لەدروست بوونی

مەینەتی کورد

مەسعود عبدالخالق

ابو علي الكردي

دووەم چاپ

هەولێر ٢٠١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

ناسنامەی کتێب

ناو:	رۆڵی عەلمانیەت لەدروست بونی مەینەتی کورد.
بابەت	لێکۆلینەوە.
نووسەر:	مسعود عبدالخالق.
وەرگێر:	
پێداچونەوە:	د.عیمان علی
کاری کۆمپیوتەر:	نووسینگەی MOM - ٢٦٤٨٩٠٧ ٠٦٦/ N.
پاك نوسكردن:	نوسەر.
چاپخانە:	رۆژهەلات.
چاپ:	دووەم/ ٢٠١٢.
تیراژ:	٢٠٠٠ دانە.
بەرهەم	﴿ ١١٣ ﴾.
نرخ:	٤٠٠٠ دینار.
بۆ: فرۆشتن و بلاوكردنەوە:	M / ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤.
بۆ: هونەركاری وچاپكردن:	M / ٠٧٥٠١١٨١٩١٩.
مافی چاپ:	یاسایی هەموو شێوازێكی پارێزراوە.

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (٧٦٨)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

بلاوكراوەی كتێبخانەی
حاجی قادری كۆیی
بۆ: فرۆشتن، چاپكردن، بلاوكردنەوە.
(هەولێر - كوردستان - عراق)
(٠٦٦ ٢٢ ٢٢ ٨٦٨)

رۆڵی عەلمانیەت لەدروست بونی

مەینەتی کورد

نوسینی :مسعودعبدالخالق پێداچونەوە: د.عثمان علی

ئیمێل و ژمارەی مۆبایل: abdkaliq@yahoo.com، ٠٧٥٠٤٤٩٩٠٤٢

دووەم چاپ

هەولێر ٢٠١٢

پێشەكی سەنتەر(١)

شێوەی لەدایك بوونی هەر بیردۆزو بیرۆكەو ڕێبازێك گرنكە بۆ گەشە و بلاوبوونەوەو سەركەوتنی، بیرۆكەی عەلمانیەت بەسەلبی وئیجابییەوە لەڕووی تیۆری و جێبەجێكردنەوە لەلایەن زۆر دام دەزگاو كتێب باسی لێوەكراوە، بەلام هیچ كامیان وەكو نووسەری ئەم كتێبە نەهاتووە باس لە ڕەگ و ڕیشەو هۆكارە ڕاستەقینەكانی دروست بوون و بلاوبوتەوەی بیری عەلمانیەت بكات بەتایبەتی كاریگەریەكانی لەسەر مەینەتی كوردیەوە.

سەرەتای بیری عەلمانیەت لەكوێ هات؟ هۆكارە ڕێخۆشكەرەكان چی بوون بۆ هاتن و بلاوبونەوەی؟ كێ بوون یەكەم جارئەو بیرۆكەیان وەرگرت و كاریان بۆ كرد؟ ئامانج و مەبەستیان چی بوو؟ پاساوی كارەكەیان چی بوو؟ وێكچوون و جیاوازیەكانی ژینگەی ئێمەو ژینكەی سەرەكی بیرۆكەی عەلمانیەت چی یە؟

بەبروای ئێمە گەورەترین خالێ لاواز لەم بیرۆكەیە و هەموو بیرۆكەیەكی تری دەستكردی مرۆڤ ئەوەیە دەبێ بیرۆكە هەلقولاوی ناو جەرگەی میللەت و خاك ونەتەوەو ناخی مرۆڤ بێت، تاكو بتوانێت گەشەبكات وببێتە خزمەت. ئەوەش بەبیروبڕوایەكی گەردوونی پتەودەكرێت، جگە لەمە هەموو بیرو بۆچوون و فیكرو پێشنیارێكی مرۆڤ وابەستەو سنووردارن بەتواناو حەزو پێداویستییە كاتی و ناوچەیی تەسك كەلێی سەرهەلدەدەن.

خالێكی تری لاوازی ئەم بیرۆكەیە لەوەوە دەردەكەوێت كە نەیتوانیوە لە سەرەتای سەرهەلدانیەوە ئامانج و مەبەستی ڕاستەقینەی بەبەرگی ئاشكرای خۆی پیشان بدا، خۆی وەك خۆی پێناسە بكات.ئەوەش هۆكارێكی سەرەكی بووە لەدرێژكردنەوەو بگرە بەلارێدابردنی كێشەو ململانێكانیش. هەروەها وای لە میللەتی كورد كردوە كە لە ناوەرۆكی چارەسەریەكە تێنەگات تاكو بتوانی بەشێوەیەكی دروست چارەسەری بۆ دابرێژی.

چونکه بنەچەی بیری عەلمانیەت لەنێو خاك و میللەتێکی جیاواز لە کوردستان سەری هەڵداوە. ئاساییەلەجیاتی ببێتە چارەسەرو دەرمان بۆ کێشەو گرفتەکانی ئەو خاك و میللەتە.ببێتە هۆکاری دەردو مەینەتی و بگرە کارەساتیش بۆمان.

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی بابەتیانەو لە ڕوانگەی لێکدانەوەی ئەکادیمی و بەلگەنامەیی ڕووداوە مێژووییەکان و شێوازی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان باس لە ڕۆڵی عەلمانیەت دەکات لەدروست بوونی مەینەتیەکانی کورد. ئەم شێوازە نوێیە لەباسکردنی عەلمانیەت و بەو شێوە ڕاشکاوی یە پەردەلادان لەسەری، چونکە لەناوکوردواباوە کەئیسلام سەرچاوەی ئەومەینەتیە بێت،لەهەمانکاتدا سەلبیاتی سولتانی سەردەمی خۆی و ولاتانی ئیسلامی ئەو سەردەمەش وەك خۆی باس بکا،تەقەلاشی داوە ماندووبوونی عەلمانیە کوردەکانیش بنرخێنێ وچوارچێوەیەکی لێك نزیك بوونەوەی بۆ هەمو لایەك دروست کردوەبەبڕوای ئێمە زۆر کەس دێنێتە وەلام و قسەو گفتوگۆ .وەهەموو وەلام و قسەیەکیش لەسەر ئەم باسە، بابەتەکە دەوڵەمەندتر و ئەنجامەکەی ئاشکرا تر دەکات.

پڕۆژەی تیشك

چاپی دووەم

بەناوی خودا

دوای ئەوەی کتێبی (ڕۆڵی عەلمانیەت........) کەوتە بازاڕ دەرکەوت خوێنەرێکی زۆری بۆ پەیدابوو و لە بازاڕ نەما، پەرتووکخانەی حاجی قادری کۆیی وەك چەند جارەی پێشووشی لە سۆنگەی دڵسۆزی بۆ ووشەی جوانی کوردی و وەك ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی داوای کرد ئەرکی چاپی دووەم بە دابەشکردنەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، هەندێ هەڵلەی بچوکی ناوەڕۆکی و هونەری تێدا بوو هەڵسان بە چاککردنی، ئێمەش زانیمان مەبستیان خزمەت کردنی زانست و زانیاریە بە سوپاسەوە بەبێ مەرج پێمان بەخشین، بە هیواین سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاسی تری دەزگای تری دڵسۆز دەکەین کە ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ چاپ.

پێشەکی پێداچوونەوە(٢)

ئەو توێژینەوە وەك هەمو تویژینەوەیەك بێ کەم وکوڕی نیە،بەلام بەلای بابەتی زۆر گرنگ ودەگمەن بە بویرانەو زانستیانە چوە، توانیویەتی تیروانینە چارەنوس وقولەکانی میژوو بگۆری کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سیاسەتی بالای ئیستای کورد هەیە، وای دەبینم ئەو کتێبە شۆرش وئاسۆیەکی نوێ وفراوان بەسەرپرۆگرامی خوێندن ومیژوونوسە کوردەکان دەکاتەوە، نوسەر لەبارەی منهجی توێژیینەوەکەی دەلێت:" تەقەلاَ دەدەین بەپێی توانا وەك خۆی باسی ئەو مێژووە بکەین، زیاتر شێوازێکی ئەکادیمی وەرگرێ نەك سیاسی، بۆیە تارادەیەکی زۆر پالپشت دەکەینە سەر دیکۆمێنتەکانی بەریتانی وفرنسی و رووسی و عوسمانی و کتێب و سەرچاوە بێلایەنەکان، هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش لەسالی (١٩٩٣) وە تێمە بەردەوام وەکو توێژینەوەی مەیدانی هەموو ئەو خەلکانەی کەمێك وشیارن و بەتەمەنن دەیان دوێنین وەك (شایەدەك لەسەر مێژووی کورد) زانیاری زۆرمان لێ وەرگرتوون، ئەو توێژینەوە مەیدانیانە هەر سێ کوردستانی گرتوتەوە، خواروو و رۆژهەلات و سەروو، زانیاری هەرەزۆرمان لەکوردستانی سەروو لە بەتەمەنەکان وەرگرتووە کە تا ئێستا ئەو زانیاریانە بلاَونەکرایتەوە،".

لەگەل ئەوەی نوسەر پالپشتیەکی مەیدانی زۆری نەکردوە،بەلام سودێکی زۆری لە بەلگەنامەو توێژینەوەی جیاجیاو زمانی جیاجیا وەرگرتوە،لەهەمان کاتیشدا لەگەلی نیم کە دەلی توێەرەکوردەکان بە هەلەدا چوینە کاتی بە منهجێکی عەلمانی پەتی بۆ مێژووی کورد چوینە،کێشە لەوە نەبوە بەلکو ملکەچی بۆ منهجی مەرکەزیەتی توێینەوەی رۆژئاوایی سەرچاوەی کێشەی منهجی تویژینەوەی میژووی کوردە، لەدەستپێکی باسەکەی توێژەر ٣ هۆی بۆ ئەو توێینەوە کردوە:

١).. ئاواش مێژوو و کەلتور ومیرات وفەرهەنگیش قۆرخ بکرێ و لە خزمەتی پرۆژەی نەتەوەیی عەرەبی بخرێ، ئەوانە هەلساون پرۆژە لاوازە نەتەوەییەکەیان بە شارستانیەتی زەبەلاحی ئیسلام دەولەمەند کردوە، بەو شێوەیە مێژووی ئیسلامیان تێك شێواندوەو بە زەحمەت بۆ خەلکی سادە راستیەکان دەدۆزرێتەوە، کوردیش کە لەو میراتە

بێ بەش کرا نەشیتوانی بۆ خۆی مێژووی خۆی بنوسێتەوە، نەك وەك ئەوانی تر، بەڵکو وەك راستیەکەش بۆی نەنوسرایەوە، هەڵساوە خۆی زیاتر بێبەش کردوە

٢) ئەوەی ئەمرۆ بەسەرنجەوە تەماشای پرۆگرامی خوێندنی کوردی و میتۆدی نوسینەوەی مێژووی کورد لەلایەن مێژونوسان و سیاسەتمەدارانی کوردبکا، بەو روانگەسەقەتەی عەلمانیەت، بەتایبەتی لەو دەمە لەدوای سەدەیەك لەو ئەزمونە لەنگەی (نوسینەوەی مێژوو) تازە ئێمەی کورد بەبێ بەرنامەو پلانی زانستی دەستیان بە نوسینەوە کردوە، لەژێر رەوشێکی سیاسی و فیکری نادروست، لەو دەمە کە ولاتمان نوقومی گەندەڵی و خۆویستی و دوولەتی و دوڕویی بووە لەپێناو بەرژەوەندی مادی، دەبێ چ جۆرە نوسینەوەیەك بۆ مێژوو بکرێ...

٣) (کورد هەزاران ساڵە دەچەوسێتەوە)، ئیتر باسی تەنها لای شکستەکانی کورد دەکەن، کەمتر باس لە دەسەلات و لایەنە گەشەکانی کورد دەکەن، ...

نوسەر تویژینەوەکەی کردۆتە پێنج تەوەر:

بەشی یەکەم: مێژووی سیاسی کورد،

بەشی دووەم: کوردایەتی ومەینەتی کورد،

بەشی سێیەم: لەمەینەتیەکەوە بۆ مەینەتیەکی تر-باشوری کوردستان و دروست بوونی دەولەتی عیراق،

بەشی چوارەم: هۆی ڕاستەقینەی بە دەولەت نەبوونی کورد،

بەشی پینجەم: دەروازەکانی رزگاری کوردستان.

نوسەر بەوە دەست پێ دەکا کە مەینەتی کورد تەمەنی قوول نیە لەدوای داڕووخانی خەلافەتی عوسمانی دیت، ئینجا کوردستان بوویتە گۆرەپانی تاقیکردنەوەی سوپایە داگیر کەرەکان، پێشووتر خاوەنی میرنشین وکیان ودەولەت بوە، پارچەپارچەش نەبوەو وای بۆ دەچێ کە دەگەنە ئەنجام، لیدانی شۆرشەکانی کوردی شیخ سعید وشیخ سلام وشیخ محمود لەلایەن داگیرکەرانی نوێ لەبیرێکی تەسکی ناشیۆنالیزمی ئەو جۆرە وولاتانەو عەلمانیەتیکی توندرەو دیت، کە زادەی عەلمانیەتیکی رۆژئاوایە ئالیرەدا عەلمانیەتی کوردی لەدوولاوە توشی ناکۆکی دەکا، لەلایەکی تریش وای دەردەخا کە چارەنوسی بزوتنەوەی

کوردایـەتی لەگـەڵ بەرژەوەنـدی ئیمپریـالیزم وئیـسرائیل نـاگونجێ، لەسـەر ئـەو بنچینەیە نوسەر دەڵیت:

ئەو لایەنانەی بەرپرسیاری بوون لەدروست کردنی مەینـەتی کـورد بریتـی بـوون لـە غەلمانیەتی جهانی (بەریتانیا، فرنـسا، رووسـیا..) عەلمانیـەتی ئیقلیمـی (بزووتنـەوەی نتحاد الترقی و کمالی..) تارادەیەکیش بزوتنەوەی شریفی، ئینجا عەلمانیەتی کورد کـە بەو دوولایە هەڵخەڵەتان.

واتە گەلانی ناوچەکە لەعەرەب و تورك و... خودی دەوڵەتی عوسمـانیش بەرپرسـیارنین نە دروستبوونی مەینەتی کور

لەوبارەیەوەنوسەر لەکۆتایی تەوەرەکانی بەوشێوەیە پوختەی دەکا:

هەڵبەتە بـەڕوونی دەردەکـەوێ کـەکورد لـە وەرچـەرخانی خەلافـەت بۆعەلمانیـەت زدردرمەندی هەرە گەورەیە، زیاتر لەوەش تا ناوچەکە هەنگاوی زیاتر نـا لـە: مەلـەکی بۆکۆماری، بۆمەدەنیەت، بۆدەستوریەت، بۆمۆدیرنیەت.. مەینەتی کورد زیـارتر بـوو، یان بەواتایەکی تر ئەو نەخشە نوێیەی عەلمانیەت لەناوچەکە جێ گیرتر دەبوو مەینـەتی کورد تۆکمە تردەبوو،..

لەتەوەری چوارەم هاتۆتە سەر هۆیەکتنی بە دەوڵەت نەبوونی کوردو دەیگێڕێتەوە بـۆ عەلمانیەتی تورکی وعەرەبی وولاتانی ئۆروپی وئەو تاوانەی لە ئیسلام وموسلمانان دوور دەخاتەوە ،لەتەوەری پێنجەم هاتۆتە سەر ئەو نهێنی ومەتەڵەی کەدەوڵەتی کـوردی تیـا ژێـر کـڵ کرا،دەیگێڕێتـەوە بـۆ ڕێکەوتنامـەو پیلانـی هەمەلایـەن نـەك نائامـادەیی کورد،لـەوپیلان وکۆنگرانـەش وەك لـە سـایکس پیکـۆو لـۆزان دەردەکـەوێ سـەرباری وولاتانی ناوچەکە هەردوولای ڕۆژهەلات ورۆئاوا دەستیان لەو مەینەتیە هەبوە ،لـەوەوە تیۆرێکی سیاسی-نیشتمانی نوێ دادەڕێژێ بۆ (دەربـاز) وتـەوژمی ئیـسلامی وعـاملی ئاینی لەناوچـەکە بـە رزگارکەروهاوپـەیمان دەبینـی ،ناشیـشارتەوە کەلـەنیو تـەوژمی ئیـسلامیش ڕەهەندی شۆڤینی وسەلبیاتی ترسناك هەیە ،لەوبارەیەوە نوسیویەتی:

ئەوەی زۆر زەقە ئەوەیە وەك پێویست ئەو لایەنانە بەهانای میللەتی کـورد نـەهاتوون، هەر چەندە خۆیان بەشدار نەبووینە لەوتاوانانە، زیاتر حزبێکی عەلمانی وەك بەعس و دامو

دەزگای سیاسی تری عەرەبی شۆڤێنی پاڵپشتیان کردوون، بەڵام لەچاو دادگەری ئیسلام هەڵوێستی بزووتنەوە ئیسلامی وزانایانی ئاینی (بەتایبەتی عەرەب) لاواز بوو

لەوەش لێی جیام کە عەلمانیەتی بەوشێوەیە ڕەت کردۆتەوەو هەمو تاوانی مەینەتی کوردی خستۆتە ئەستۆی ئەوان،چوارچێوەیەکی حەوانەوەی بۆ هەردوولای ئاینی وعەلمانی دانەناوە،لەسەرەتای سەدەی ٢٠ ودەستپێکی کوردایەتی توێژێکی رەوشەنبیری کورد لەهەول وتەقەلادایە بۆ خزمەتی کورد،ئەوکوردایەتیە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دشەوە لەلایەن زاناوشێخەکانمان دەستی پێکردوە،لەگەل هاتنی ئیتحادولتەرەقی لەسالی ١٩٠٨ەوە بەشێك لەوڕەوشەنبیرانەی کوردی ناشیۆنالیزمی(عەلمانی) لە ئەستنبۆل وبەغداو سلیمانی هەولیان بۆ کورد داوە، واتە ئیسلامی وعەلمانی هەردوولاهەولیان داوە،بەلام لەو کاتیەوە ئەومشت ومڕەلەنیوان هەردوولا تائەوساتەش دروست بوە ئاخۆ چ ئایدیۆلۆژیەك گونجاوە بۆ کوردایەتی،لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەو مشت ومڕە شێوازی تری وەرگرت و جۆرێك لەدوو بالی لێ خەملی ،سەرەڕای ئەوەش هەر هاریکاری وپێکەوەییان لە نێوان هەبوە،لیرەدا نوسەر پێی وایە ئەو مشتو مڕە توند تر دەبێ مادام تەیاری ئاینی لەناوچەکە کاریگەردەبێ لەسەر چارەنوسی کورد،بەتایبەتی لەبارودۆخی نوێدا دەبینین ئیسلامی عەەب وتورك وفارس ئیسلامیەکەو نیشتمانیەکە تێکەل کردوە،کاتی ئەوەهاتوە عەلمانی کورد واز لەپەراویز کردنی ئیسلامی بهینی،بۆ ئەوەی بتوانرێ هەردوولا بەیەکەوەو شان بەشان خزمەتی کوردایەتی بکەن، لەکۆتاییدادەلیم ئەو کتێبە پەرتووکخانەی کوردی زۆر دەولەمەند دەکا،هیچ نوسەرو ڕەوشەنبیو توێژەرێك نیە سودی لێ نەبینی، نوسینێکە زۆر بە سادەیی زمانێکی پالاو نوسرایەتەوە.

د. عوسمان أحمد محمد علي،
مامۆستا لە مێژووی هاوچەرخ (کۆلیجی ئاداب–زانکۆی سلاحەدین)

پێشەکی نوسەر (٣)

ئەوەی زیاتر هانی داین بەلای وەها پرۆژەیەك دا بچین ئەو خالآنەی خوارەوەیە:

١-بلآو کردنەوەی زانیاری وڕاست کردنەوەی تێگەیشتن وچەمکەکان. چونکەتەنها عەرەب ڕعەجەم بە هەلە لە مێژووی کورد نەگەیشتون بەلکو زۆربەی خودی کوردیش ئەو دەردەی هەیە.

٢- بۆ بینا کردنەوەی تاکی کوردستانی وبەرگە گرتنی لە بەرامبەر خۆشی وناخۆشی.

٣- بۆ دەست نیشان کردنێکی دادگەرانەی دۆست وناحەز ودۆزینەوەی ڕێبازێکی دروست بۆ ڕزگاری

٤- بۆ ئەوەی ئەو چەوساندنەوە نەبتە کاردانەوەی بەرپا کردنی دەمارگیری وچاندنی ڕق وقینە لە میلەتانی برامان

٥- زۆر بە ووردی تێبینیمان کرد کێشەی بە هەلە تێگەیشتن لە مێژووبوویتە سەرچاوەی کۆمەلێك دەردی تری زانیاری وسۆسیۆلۆژی ودەروونی و.. ئەوەش بەدەوری خۆی بوویتە کاریگەر لەسەر تاکی کورد کەسێتیەکی لەرزۆکی لێ دروست بێت، ئینتمای لاواز بێت ، بەهەموو کزە بایەك لار بێتەوە،.. بە ئاسانی لە ئینتمای فەرهەنگی وشارستانی ڕەسەنی خۆی هەلوەشێتەوە،هەر لەو سۆنگەشەوە دەبینین شەپۆلەکانی تەبشیریو لائیکی و مارکسی لە نێو هەندێ گەنج ڕەوشەنبیری کورد بە ئاسانی ئەنجام بدرێت.

٦- ویستومانە کەنالێکی تێکگەیشتنی ڕاشکاوانەو ڕاستەقینە لە نێوان کوردستانی خۆ بە خۆو میلەتانی ناوچەکە دروست بێت دوور لە ڕق وقینە کە لە ئەنجامی ئەو تێك نەگەیشتنە وزالّی لایەك بەسەر لایەك دروست دەبێ،بۆیە ئەگەر زۆر بە ووردی لەو مەبەستەمان نەگەن ئەوا لەسەرەتا وا دەردەکەوێ کە ئەو نوسینە بێ لایەن نیە و جۆرە دەمارگیریەکی تێدا بێت.

دەروازەی کوردۆلۆژی

لەدوای شکستی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ دوایش کۆتایی هێنانی بەیەکجاری بە پشتیوانی ڕۆژئاواوە، دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکە سەری هەڵدا، هەریەکە هەڵسان بە دووبارە دارشتنەوەی مێژووی ناوچەکە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، هەر لایە تەقەلایدا چۆن میراتی خیلافەتی ئیسلامی دابەشکرا، ئاواش مێژوو و کەلتور و فەرهەنگیش قۆرخ بکرێ و لە خزمەتی پرۆژە نەتەوەییەکەی، ئەوانە هەڵساون پرۆژە لاوازە نەتەوەییەکەیان بە شارستانیەتی زەبەلاحی ئیسلام دەوڵەمەندکردوە، بەو شێوەیە ئەو مێژووەیان تێك شێواندوەو بە زەحمەت بۆ خەڵکی سادە ڕاستیەکان دەدۆزرێتەوە، کوردیش کە لەو میراتە بێ بەشکرا نەشیتوانی بۆ خۆی مێژووی خۆی بنوسێتەوە، نەك وەك ئەوانی تر، بەڵکو وەك ڕاستیەکەش بۆی نەنوسرایەوە، هەڵساوە خۆی زیاتر بێبەشکردوە، ئەوەی ئەمڕۆ بەسەرنجەوە تەماشای پرۆگرامی خوێندنی کوردی و میتۆدی نوسینەوەی مێژووی کورد لەلایەن مێژونوسان و سیاسەتمەدارانی کوردبکا، بەو ڕوانگە سەقەتەی عەلمانیەت، بەتایبەتی لەو دەمە لەدوای سەدەیەك لەو ئەزمونە لەنگەی (نوسینەوەی مێژوو) تازە ئێمەی کورد بەبێ بەرنامەو پلانی زانستی دەستیان بە نوسینەوە کردوە، لەژێر ڕەوشێکی سیاسی و فیکری نادروست، لەو دەمە کە وڵاتمان نوقومی گەندەڵێ و خۆویستی و دوولەتی و دوڕویی بووە لەپێناو بەرژەوەندی مادی، دەبێ چ جۆرە نوسینەوەیەك بۆ مێژوو بکرێ، بۆیە زۆر ئاساییە لە زەرەری خۆمان بێ، هەر توێژەرێك بەوردی ئەو تەقەلایە لەقەپان بدا بۆی دەردەکەوێ نوسینەوەی مێژووی کورد و تێڕوانینی نوێی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ مێژووی کورد لە فەوزا دایەو سەنتریاڵی نیە، ئەگەر بۆ خەڵکی تر بەو شێوە هەنگاو بنێت بۆ خەڵکی کوردستان هەرگیز نابێ، چونکە ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریداین، بەجێماوین، واتە: پێویستمان بە پەیام و لێخوڕین هەیە تا بگەین بە کاروان، لەو زەلکاوە دەرباز بین، پێویستمان بە ڕێنمایی وکۆکردنەوەو ڕاپەڕاندن هەیە، ئەوەش پێویست دەکات هەمو بەشەکانی چالاکیمان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و یاسایی و مەعریفی و فیکری و فەرهەنگی و شارستانی و تەعلیمیان یەکخەین لەپێناو ئەو پەیام و ڕزگاریە،

دیـان ئەوەش پێویست بەدیاریکردنی ســەنتەر و چـەق دەکـا وەك ژێرخانێـك، تـا بـاقی سـەرخانەکانی تر لەسـەر ئەو بنچینەیە دابڕێژین، هەروەك چۆن یەکـەم جـار دەبـێ چـەقی بازنە دیاریبکەین ئینجا دەتوانین (لەسەر بنچینەی ئەو چەقە) تیرەو نیوەترەو چیوەو ژێ و لێکەوت بۆ ئەو بازنەیە بکێشین.. ئاواش یەکـەم جـار پێویـستە چـەقی کوردایـەتی، کـە دەکاتـە بنـەماکانی ئاسایـشی نەتـەوەیی دابڕێـژین، وەك ژێرخـانی سیـستەمی سیاسـی کوردستان ئینجا چالاکیەکان و سیستەمەکانی ئابوری و ئیداری و یاسایی و کۆمەلآیـەتی و فیکری و مەعریفی لەسەر دیاری بکەین، پلان و پرۆژەو ستراتیژیمان لە هـەمو بوارەکـان دیاری بکەین.. هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش پێویستە بنوارینە مێژووی خۆمان.

مێژوو غەدری لێکردووین یان وا غەدر لە مێژوو دەکەین، جێـی سەرسـوڕمانە ئـەوەی ئێستا دەکرێ بە حیساب بۆ پتەوی نەتەوایەتیە، کەچی ڕێك پێچەوانەیە، خۆ هەمو لایەك دەزانین پتەوی نەتەوایەتی لە پتەوی میـژوو وسـەرکردەکان وئـاین و کـەلتورو سـەروەری نیشتمانی وزمان دێت، ئەوەی ئێستا لەلایەن ڕۆشەنبیرانی دەسەلآتی کوردی دەکرێ بریتیە لە قیزەونکردنی مێژووی کـورد وسـەرکردەکانی و ئـاینی میلـەتی کـوردو... هتـد، وای لێدەکا جێی شـانازی نـەبێت، لـەکاتێکا دەبیـنین میلـەتانی تـر بـە پێـچەوانە خیانـەتی سەرکردەکانیشیان وەردەچەرخێنە شانازی، سەرنج بدە عەرەب ناوی لەو خیانەتە گـەورەی (شریف حسین بن علی) سالی ١٩١٦ بە (الثورة العربية الكبرى) !

ئەوەی بە ڕوانگەی ئێستای کوردەوە تەماشای مێژوی کورد و ئەو مەنتوق و ڕێسایانە بکات، وەك: ئێمە هەزاران سالە داگیر و پارچەپارچەکراوین، کورد هـەر زولمـی لێکـراوە، ئیسلام بۆ هەمو لایەك خێربوە تەنها بۆ کورد نەبێ، ئەوە ئەنفالی دووەمەو ئەنفالی یەکەم لە فتوحات بووە، تورك و عەرەب و فارس هەر کوردیان چەوساندۆتەوە... خۆمـان نـەزان بوینـە، سـەلآحەدین کوردایـەتی نـەکردوە، سـەرکردەکانی کـوردی وەك شـێخ ئیدریـسی بەدلیسی، مەلای خەتێ، شێخ مەحمود، شێخ عبدالسلام، مـەلا مـستەفا، عەشـایەری و نەزان بووینە...

هەمو ئەوانە دیمەنێك دێنێتە پێش چاوان، کە باب و باپیران و ئەژدادی ئێمـە ترسـنۆك و ژێردەستەو دیل بووینە، بەپێچەوانەی مێژووی ڕاستەقینەو بەلگەنامەی ڕۆژهـەلآتناس و

کتێبە ئیسلامی و بیانیەکان کە باسیان لە کورد کردووە، وەك میللەتێکی ئازاو نەبەرد و پیاو لێبوردەو بەهاناو ولاتپارێز و بەناوبانگ بووە.. تا ئەو رادەیە لە کتێبە ئیسلامیەکان کورد بە (قورەیشی عەجەم) ناسراوە، لەلای هند ئۆقرەو خۆراگری کورد بە ئەستەق دەهێنرێتەوە[1]، لەلای یۆنانی رۆژئاواییەکانیش کوردستان بە گرێی (کۆرتیۆن)ی رۆژهەلات وەسفکراوە، واتە: گرێ کوێرەیەکە هەرچی نەتوانێ بیکاتەوەو لەگەڵ کورد رێك نەکەوێ ناتوانێ زاڵ بێ بەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست، بۆیەش ئەو ئیمبراتۆرانەی وەك ئەسکەندەر و تەیمور و هۆلاکۆ و سولتان سەلیم... هاتونە ئەو ناوچەیە هەمیشە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتی کورد رێککەوتوون و نەهاتونە کوردستان وەك داگیرکەر بەدەگمەن نەبێ، باسکردنی ئەو مێژووە وەك خۆی لەخزمەتی کێشەی کورد دایەو بە پێچەوانەش بەخۆرایی داگیرکەرەکانی ئێستاو بەرپرسانی مەینەتی کورد ساغلەم دەردەچوێنین، لە کوردستان دوو وەلامی جیای (پرسی مەینەتی کورد) هەیە، هەریەکە گوزارش لە مەدرەسەیەکی جیا دەکا:

وەلامی یەکەم پێی وایە لە کۆنەوە چەوسانەوە هەبووە، بەلام چەوسانەوەی نەتەوەیی نەبووە، هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم، بۆیە پێی وایە مەینەتی کورد تەمەنی ئەوندە زۆر نیەو لەسەدەیەك تێ ناپەرێ. هەرچی

وەلامی دووەمە زیاتر عەلمانیەتی کوردەو دەلێ: کورد هەزاران ساڵە دەچەوسێنەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە.

---

[*] خودی ناوی کورد لە گۆدی(جودی)وەرچەرخا بۆ گورد (بەمانای تازایەتی)، غورد لە فارسی مانای ئازا، لە (شانامە)ی فردۆسی دەلێ (رۆستەمی زال)کورد بوە،لە پۆلینی کەسایەتیە بە هێزەکانی مێژووش ڤاسیلی نیکیتین (۳)کەسی لەمێژوو بەکاریگەر هەلبژاردوە (ئەردەشێر ،صلاح الدین،کریم خانی زەند) ، ئەو بەلگەنامەیەش زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ

[1] File No .۱۳/۱٤ vol.v۱۱. secret. Kurdish policy- New Delhi .Lndia.

وزارة الداخلية- ١٦شباط/١٩٣٠ مذكرة سري ، رقم ٦٤٦ أسي

....عرف الكرد منذ القدم بقدراتهم القتالية واصبحوا رمزا للمقاتل والفروسية والتي ليس هناك امم تستطيع ان تتبوا الى ما كانوا عليه في هذه الصفات. ان ثبات الكرد وصبرهم اصبحت مثلا يحتذى بها ويذكر حكماء الهند..

...وزردشت معروف بتوله حكم الكرد وحرية العالم. قلد الشاهات في ايران والخانات والفراعنة الكرد في النظام الاداري التي اقاموها في بلدانهم. قهر الكرد في ديارهم الغزاة من اليونانيين والسلجوق والرومان والمغول.وفي عهد زينفون عرف كردستان فوق السماء بكونه بلاد الازهار والفردوس الارضي وحضارته المزدهرة

سەرۆکی فەرەنسا لە وەڵامی پرسیارێك (ئاخۆ تاکەی کورد هەروا مەغدور بن؟) وتی: خۆ ئێمە غەدرمان لەکورد نەکردوە، بەڵکو مێژوو غەدری لێکردوە!، هەریەکێك کەمێك لە زانستی سیاسی و یاسایی بگا دەزانێت ئەو تێگەیشتنەی سەرۆکی فەرەنسا لە بەچەوت نوسینەوەی مێژوو دێت، کە وایان تێگەیاندوە کورد لە مێژوودا هەر چەوساونەتەوە، هەر لەودوەش مەوسوعەیەکی باڵای وەك(موسوعە العربیە العالمیـە) لەمادەی (کورد) دەڵێ ئەوانە لەمێژوودا بێ دەوڵەت بووینە، کیسنجەریش دەڵێ: تراژیدیای کورد مێژوو وجوگرافیا دروستیکردوە[2]، هەروەها لەراقەی کێشەی کورد کەلەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتوە وەدەڵێ: ئەو کوردستانە کۆنە قەد کیانێکی جیاوازی نەبوە[3]، لەراپۆرتێکی تر بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی لە ١٩٧٩/١١/٢٩ لە ژێر سەردێری (کوردی هەتیوی نێو دەوڵەتی) ئاوا هاتوەو دەڵێ: کوردەکان چارەڕەشی مێژوون لەسەردەمی یۆنانی ومەغۆل وتورك و بەریتانیا هەرداگیرکراون، وا پێشان دەدا هەر داگیرکراوبووبن، لە سوریاش لەلایەن نوسەرێکی بەعسی (محمد تەلەب هلالە) لەبارەی کورد نوسیویەتی: ئەوانە نەتەوەیەکن بەبێ مێژوو وشارستانی وزمەن و..[4]، لەگەل هەزاران نمونەی تری وا، لەو تێگەیشتنە چەوتە هەر داگیرکەر بەرپرسیار نیە، بەڵکو خۆشمان بەنەزانی ئەو فەرمایشتە دەلێینەوە، ئیتر ئەگەر وابێ کەواتە:

١ ـ دیارنیە کێ بەرپرسە لە مەینەتی کورد.

٢ ـ دیارنیە کەی کورد کەوتۆتە مەینەتی.

٣ ـ مافەکانیشمان دیارنیە لای کێیە.

٤ ـ ئەو شۆڕش و جموجۆلەی داوای ئازادی و رزگاری کوردستان بێ ماناو عەبەسیە، مادام مافخۆر و داگیرکەر و دابەشکەری کوردستان دیاری نەبێ.

---

[2] ـ کوردو کوردستان لە بەلگەنامەکانی ئەمریکا ص٣٣

[3] ـ ئەو توێژینەوەی وەزارەتی دەرەوەیە، بە دۆسیەی ژ١٣٤E/مایس/١٩٧٢ دەقەکەی لە (هـ س) ص ٢ بلاو کرایەوە.

[4] ـ بروانە: اکراد سوریا موعد مع التاریخ ص٨٢

کەواتە ناحەقی (محەمەد موکری) نەبوو کە لە کانگەی شۆڕشدا کتێبێکی بەناوی (سەگوەڕ) نوسی بەپێی بۆچوونە وجودیە (عەبەسیەکانی) خۆی جموجۆل و چالاکی و شۆڕشی کوردی بە سەگوەڕ لەقەڵەم دابوو[٥]

کەواتە ئێمە ناحەقین و دوژمنانمان لەسەر هەقن، ئێمەین موشکیلە نەك ئەوان، دەردەکەوێ کە ئەوە قەدەری کوردی وابی و وای بۆ دانراوە هەر ژێردەستە بێت، گوایە ئەو دۆخە ڕەسەنەو مێژووییە، کەچی هەموو ئەوانە ناراستن، کورد لە مێژوو سەروەری نازناوی (قورەیشی عەجەم) هەبووە (تورکیش بەبێ ئیدراکی) کەواتە مێژوومان زۆر باشبوە بەڵام ئێمە (بەنەزانی) وداگیرکەران (بەزانایی) وێنەیەکی بەهەڵە بۆ مێژوو دروستدەکەین، کورد زیاتر لە میللەتی تر خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بووەو کەمتر داگیرکراوە، هیچ میللەت و خاکێکیش نیە لە مێژووی سەردەمی ئیمپراتۆریات و نەریتی پەلاماری ئەو بۆ ئەم و ئەولا بۆ ئەملاو وەبەر داگیرکاری و تاڵان و وێرانی نەبووبێ، سەرجەم زیاتر لە (٣٠) جار بەغدا داگیرکراوە، بەنیوەی ئەو ئەندازەیەش کوردستان داگیرنەکراوە، سەرەڕای ئەوەی داگیرکاریەکانی کوردستانی زۆری نەخایاندوە، هەموو داگیرکردنی کوردستان لەماوەی ١٣٠٠ سالی خیلافەی ئیسلامی بە ئەندازەی چاریەکی سەردەمی عەلمانیەتی ئەو ١٠٠ سالە نابێت، بەشی زۆری دەسەڵاتی کوردی خۆی حوکمڕانی بوینە، ئەوەی زیاتر ئەو قەناعەتەی دروستکردوە، هەندێ لە ڕاو بۆچوونە بە(پێوانەیی) باسکراوە، ئەگەر زۆر وورد نەبی وێنەیەکی هەڵەت دەداتێ و وادەردەکەوێ یەکەم جارە لە مێژوو و پێش ئەو هەر ژێر دەستەو چەوساندنەوە بوە، هەندێ نمونە باس دەکەین:

١ ـ کوتلۆف دەڵێت: سیڤەری ١٩٢٠ یەکەمین کۆنگرەی نێو دەوڵەتیە، کە کێشەی کورد تیایدا بەنیو دەوڵەتی کرا

٢ ـ ئێستاش دەڵێن دەستوری ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار تیایدا هاتوە، کەکوردو عەرەب هاوبەشن لە عیراق.

[٥] لە بنەچەدا لە پرۆتۆکۆلی ژ:١٩ی (بروتوكولات حكماو الصهيون) شۆڕش بە سەگوەڕ واهاتوە: ان الثورة ليس أكثر من نباح كلب على فيل، ففي الحكومة المنظمة تنظيما حسنا من وجهة النظر الاجتماعية لا من وجهة النظر إلى بوليسها، ينبح الكلب على الفيل من غير أن يحقق قدرته. وليس على الفيل الا ان يظهر قدرته بمثل واحد متقن حتى تكف الكلاب عن النباح، وتشرع في البصبصة[٤] بأذنابها عندما ترى الفيل.

٣ ـ ناوزەد کردنی بەرگری وجەنگی نێوان (میرنشین ودەوڵەتە کوردیەکان) لەگەل داگیر کەران بە (شۆرش)[*]

٤ ـ گێرانەوەی یەکەم دابەشی کوردستان بۆ چالدێرانی ١٥١٤

٥ ـ باسکردنی کۆتایی سەدەی ١٩ وسەرەتای سەدەی بیست وەك (بزوتنەوەی کوردایەتی مۆدێرن)، چەند نمونەیەك لە کتێبە زۆر نایابەکان هەلدەبژێرین، کە ئەوانیش وەك پرۆگرامی خوێندنی باڵای کوردستان عێراق کەوتۆنە ئەو هەڵەیەو هەڵەی تر:

أ ـ کتێبی(دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ـــ د. عثمان علی)، لە سەردەمی شێخ عبیداللە لە کۆتایی سەدەی ١٩ دەست پێ دەکا، ئەوە (حرکە الکوردیە المعاصرە) نیە، بەڵکو ئەوە سەرەتای ئەو بزوتنەوەیە، بە پێی ئەو تێروانینە باوە دەبێ بزوتنەوەی کوردایەتی سەدەکانی پێش ١٩ (حرکە الکوردیە القدیمە) بێت، ئەوەش تێروانینەك دەداتە خوێنەر کە کورد هەر لە شۆرش و کوردایەتی بوەو لە رزگاری ..کەچی وانیە.

ب ـ کتێبی د کمال مەزهەر (کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیادا) لە ل٢٩٨ دەڵێ: شەریف پاشا لە سالی ١٩١٩هەوڵی داوە کوردستانێکی سەربەخۆ لە هەر سێ پارچەی کوردستانی عێراق وئێران وتورکیا پێك بهێنێ..ئەوەش وانیشان دەدا کە ئەو کاتیش ئەو کوردستانانە دابەشکرابێت وکەوتبێتە ژێر دەستی ئەوانە لەکاتێکا ئەو کاتی نەدابەشکرابو نە دەوڵەتی عێراقی وتورکی وسوریش هەبووینە.

ج ـ کتێبێك بە ناوی (القضیة الکوردیة فی الصراع البریطانی العراقی ١٩١٨ ١٩٣٢)[٦]، هەر لە عنوانەکەی وای لێ دەخوێندرێتەوە کە مل ملانێ لەنێوان بەریتانیاو دەوڵەتی عێراق لەسەر کوردستان هەبووبێ، لەگەل رێز بۆ ماندووبونیان بەلاّم ئەوکتێبە لەتەرازووی (ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان) کفری ئەکادیمی کردوە، چونکە: یەکەم سالی ١٩٢١ دەوڵەتی عێراقی دروستکراوە.

---

[*] کتێبی (معضلة کردستان..) - د حکیم مختار هەلدەبژێرین کە نوسەرێکی وردە، کەچی شۆرشەکانی کوردی ناوای رێزکردوە لە ص٤٣ عام ١٧٨٨-انتفاضة عبدالرحمن باشا البابانی کردستان الجنوبیە العراق ، عام١٨١٠حرکە محمد باشا الرواندوزی ...بەو شێوەیەی هەموی رێزکردووتاراپەرینی ١٩٩١ی خوارەوە، هەلبەتە هەلەی کوشندە ئەوەیە کەی عبدالرحمن باشا شۆرش و راپەرینە ئەوە دەسەلاّت بوو خۆی والی دیاریدەکرد لەبەغدا، وادێتە پێش چاوی خوێنەر کە ئەویش داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ودیموکراسی بۆ عێراق کردبێ لە بەغدا !!

[٦] ـ ئەوە توێژینەوەیەکی زانستی بۆ وەرگرتنی ماجستێرلەلایەن (عمرمحمدکریم) نوسراوە، بەسەرپەرشتی دحسان الحلاق ، پێداچوونەوەی دکمال مزهر ، لە ٢٠٠٨ لەکوردستان چاپ کراوە.

دووەم باوكی شەرعی دەوڵەتی عیراقی بەریتانیایە نیتر (صراع)ی چی

سێیەم تاسالی ١٩٢٥ بە تۆپ وتەیارەی بەریتانی دژ بەكوردو دیپلۆماسیەتی بەریتانی دژ بە توركیاو فرنسا كوردستان خرا سەر عیراق

چواردم تا سالی ١٩٣٢هەر بەریتانیا بوە جەیشی عیراقی لەگەل خۆی ڕاپێچاوەو شەڕی دەسەلاتی كوردی كردوە، بۆیە لەناوەڕۆكەكەشی یەك دێری تێدانیە گوزارش لەو (صراع)ە بكا تەنها ئەوە نەبێ عنوانەكی تیایە (الصراع البریطانی العراقی والتركی علی ولایة الموصل ص٢٧٢). واتەبەریتانیاو عیراق لەلایەك بووینەو توركیاش لەبەرامبەر، كەواتە ئەو لیژنەیەی مناقشە چۆن ئەو عنوانەیان قەبوول كردوە كەلەناوەرۆك یەك لاپەڕەی پالپشت نەبووبێ، چۆن ئەوە بەسەر دكمال تێپەڕیوە

٦ ـ لەولایەش عروبیەكان باس لە عیراق دەكەن وەك ئەوە وابێت عیراق پێش ١٩٢١ بەسەدان سال وبەهەزاران سال دەولەت بوویێت، هەروەها باسكردنی و یلایەتی بەغدا بەناوی عیراق بەتایبەتی لە سیستەمی خوێندنی بالای كوردی[٧]، بۆ نمونە دەووترێ: مدحت پاشای والی عیراق بوو، لەڕاستیدا والی بەغدا بوە، ئەو كاتی عیراق بونی نەبو، ئەو هەلانەی كورد بە نەزانی وئەو هەلانەی عروبی بە زانایی ڕێك یەكتر تەواو دەكەن، بۆ ئەوەی وێنەیەكی وەرگەڕاو بدەنە خوێنەری كوردو جیهان، كە كورد هەر چەوساوەو ژێر دەستی عەرەب وعیراق بووبێ وهەر خەریكی شورش وڕاپەڕین بووبێ ..!!

لەوەی (كۆتلۆف)یش وادەردەخا كە تەقەلای كورد بۆ دەولەت بون تازەیە لە مێژوو، لەكاتێكا بۆ هەموان تازەیە، ئەی سیڤەر بۆ ولاتانی عەرەبیش یەكەمین كۆنگرەی نێو دەولەتی نەبوە، یان كە باسی دەستور دەكرێ دەبێ بگوترێ لەوەتەی عیراق لە سالی ١٩٢١ دروست بوە، ئەگینا لەكام دەستور باسی عەرەب وسوریا و عیراق كراوە تا باسی كوردستان بكرێ...

---

[٧] ـ لەهەموی سەرنج ڕاكێش ترتوێژینەوەیەكی نایابی دكتور خلیل إسماعیل محمد بەناونیشانی(كوردستانیة كركوك في ضل الحقائق التاریخیة - الجغرافیة) تەقەلای كوردستانی بونی كەركوكی داوە، كەچی باسی عیراق دەكا وەك لە ٦ سەدە پ ز هەبووبێ!! دەقەكەی: ...((إلاأن المیدیین استطاعوا في (٦١٢ق. م) من تحریرها. فكان العراق یومئذ مقسما بینهم وبین الكلدان الذین سیطروا علی القسم الجنوبي. ثم خضعت المنطقة إلی نفوذ المقدونیین)).

باس کردنی جەنگی نێوان دەسەڵاتە کوردیەکان لەگەل عوسمانی وسەفەوی وبەریتانی بە ڕاپەڕین وشۆڕش بە ئاسانی وای لێ دەفامرێتەوە کە وەك ئێستاو شۆرشەکانی دوای ١٩٢١ بووبێت لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرێك هەڵسابن... نەخێر هەریەك لەوانە چەند سەدەیەك بوو دەسلاتدار بووینە، بۆیە (ناوزەدکردنی شەری نێوان دوودەسەڵاتی گەورەی میری سۆران وعوسمانی بە شۆرش وراپەڕین زۆر هەڵەیە)، خەریك بوو میری سۆران لەگەل محمد علی پاشای میسر دەست بە سەر ئەستەنبۆلیش دابگرن...

ئینجا داگیر و دابەشیەکەی ئێستای کوردستان ناگەڕێتەوە بۆ جەنگی چالدێرانی ١٥١٤، ئەوکاتەی ئەو دابەشیە لەسەر بنچینەی سەربازی بوو لە کەنداوەوە تا دەریای ڕەش بوو، واتە: هەر کورد دابەش نەبوو و عەرەب و تورك و تورکمان و فارسیش دابەش بون، ڕاستیەکەی ئەوەیە مەینەتی کورد ودابەشیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەترەی ١٩٠٨ تا ساڵی ١٩٢٤ و لایەنە تاوانبارەکانیش دیارن، بریتین لە: فەرەنسا و بەریتانیا و ئەتاتورك و ڕووسیا لەگەل هەلەی کورد خۆشی، دوایش ئەو دەوڵەتانەی لە ناوچەکە دروستبون بەرپرسیارێتی بەردەوامی مەینەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، تا ڕادیەکی زۆریش ئەو جۆرە گوتارە چەوتەی کوردیش بەرپرسە لێی.

پلانی توێژینەوەکەمان

تەقەلا دەدەین بەپێی توانا وەك خۆی باسی ئەو مێژووە بکەین، زیاتر شێوازێکی ئەکادیمی وەرگری نەك سیاسی، بۆیە تاڕادیەکی زۆر پاڵپشت دەکەینە سەر دیکۆمێنتەکانی بەریتانی وفرنسی و ڕووسی و عوسمانی و کتێب و سەرچاوە بێلایەنەکان، هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی (١٩٩٣)وە ئێمە بەردەوام وەکو توێژینەوەی مەیدانی هەمو ئەو خەڵکانەی کەمێك وشیارن و بەتەمەنن دەیان دوێنین وەك (شایەدەك لەسەر مێژووی کورد) زانیاری زۆرمان لێ وەرگرتوون، ئەو توێژینەوە مەیدانیانە هەر سێ کوردستانی گرتۆتەوە، خوارو و ڕۆژهە لات و سەروو، زانیاری هەرەزۆرمان لەکوردستانی سەروو لە بەتەمەنەکان وەرگرتووە کە تا ئێستا ئەو زانیاریانە بلاونەکرایتەوە، وەدەبێ زۆر سوپاسی د.عوسمان عەلی بکەین دیکۆمێنتێکی زۆری بەریتانی بە تەرجەمە کراوی(لەلایەن خۆیەوە) بەتایبەت بۆناردم کە تا ئێستا بلاو نەکرابووەوە بە کوردی.

بەشی یەکەم

مێژووی سیاسی کورد

باسکردن لە مێژووی سیاسی هەر میللەتێك ئاسان نیە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی ئەو مێژووە دەنووسنەوە لەپێناو دەولەمەندکردنی سامانی مێژوویانە، کەمتر گوێ بەقەیدو مەرجی زانستی دەدەن، نمونەیەك لەوانە تەقەلاکانی(د. احمد سوسە)بۆ دۆزینەوەی جێکەوتێك لە قولایی مێژوو بۆ عێراق چی کردوە؟ پێش ٤٠ سال لەمەو بەر (واتە: ٢٣٠پ ز) بابلیەکان نەخشەیەکی جیهانیان بە پێی زانیاری ئەو سەردەم کێشاوەو ناوی بابل وئاشوریان بە پیتی هیموگلۆفی خستۆتە سەر لە ژێر ناوی یەکەم ودوەم[٨]، د. احمد سوسە هەلساوە ئەو ئەدرێسەی بە (اقدم خارطة للعالم توضع فيها العراق) گوزارشکردوە. بەهەمان شێوەش لەکتێبی (الحضارة في العراق ص٣٢١) دەلێت: بعد أن اتمت الجيوش العربية تحرير العراق من الحكم الفارسي أصبح العراق جزءا من الدولة العربية الكبرى، وكانت هذه الدولة قد اسسها الرسول

بەشی زۆری ئەو ولاتانەی کەزیاتر دەمارگیری نەتەوەییان هەیە یاخود ولاتەکەیان ڕەسەن نیە تەقەلایان داوە بناغەیەکی مێژووی سیاسی بۆ بدۆزنەوە، هاتوون هەرچی ڕووداوێك لەسەر ئەو نیشتمانەی ئێستایان ڕوویداوە خۆمالیان کردووە، نموونەی عێراق لە هەموی زەقترە، هەلساون ڕووداوەکان و مێژووی ئاشوری و بابلی و فارسی هیلنیستی.. تا دەگاتە مەملوکی و سەلجوقی و عوسمانیان خستۆتە سەر، لە کتێبی (العراق فی التأریخ) دوو کۆلەگەی مێژوویی گەورەی کردۆتە پالپشت بۆناسنامەو ڕەسەنایەتی عیراق، یەکیان: گیربونی کەشتیەکەی (ح نوح)[٩]ە لە جودی دووەمیان: ئەشکەوتی شانەدەرە کەچی هیچیان پەیوەندی بە عیراق نیە، تەنها ئەوەیە ئەو بۆچونە هەولی داوە وێنەی مێژوو بە پێی واقعی ئێستا بکێشی وهەلە دەردەچی.. ئەوە تەقەلای عروبیەکانە بەرامبەر ئەو

---

[٨]ـ دەقی نەخشەکە لەکۆتایی ئەو نوسینەیە.

[٩]ـ بەمەست لە پیتی (ح) وشەی حەزرەتە.

میلەتانەی دروستکەری شارستانی ئیسلام بووینە، ئەوانە لە چالاکی سەربازی و سیاسی وزانستی وهونەری بۆ ئیسلامیان کردوە کەچی عروبیە شۆڤینیەکان دەخەنە سەر ئەرشیفی میژووی عەرەب، زیاتر لەوەش دەیکەنە پالپشتێك بۆ ناسنامەی عەرەبی بۆ عێراق، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە لەسەردەمی سیستەمی ئیمپراتۆری و پەلامار مەرج نیە نیشتمان و دانیشتوانەکەی پەیوەندیان بەرووداوە سیاسیەکەو عەسکەریەکانی سەر ئەو خاکە هەبێ، مادام پەیوەندی یاسایی و سیاسی لە نێوان نیشتمان و نەتەوەو دەسەلاتی سیاسی نەخەملیبوو، ئەو خەملینە لە ڕۆژئاوا تا سەرەتای سەدەی (١٩) بەتەواوی دێت، لەرۆژهەلات و جیهانی ئیسلامیش تاسەرەتای سەدەی بیستەم بەتەواوەتی خەملی، بۆیە زۆر ئاسایی بوو دەسەلاتی سیاسی ناوچەیەك ناسنامەی لەگەل ئەو میللەت و نیشتمانە جیابوایە، سۆمەری و ئاشوری و کلدانی و بابلی و فارسی لەگەل زۆرایەتی هەرە زۆری دانیشتوانی ئێستای عێراق جیان، هەرچەندە مێژوونوسە عەرەبەکان بەتایبەتی دکتۆر ئەحمەد سوسە تەقەلای داوە ئەوانە لەسەر عەرەب پۆلین بکات [١]، لەولایەش (عبداللە نۆجەلان) لە کتێبی (من الدولة الكهنة السومرية نحو الحضارة الديمقراطية) ویستویەتی لەسەر کوردیان پۆلین بکا، کەچی ئەوەو میراتگری ئەوانە ماون لەو ناوچەیە، نە کوردن و نە عەرەب، ئەو سەردەمی وەك ئێستا نەبووە، ئاسایی بووە دەسەلاتی فارسی لە سەر خاکێك بەدەر لە(مسقط رأس)یان حوکمڕان بێت یان پێچەوانە، بۆیە دەبینین ئەسکەندەری مەقدونی (دامەزرێنەری دەولەتی یۆنانە)و کەچی دەسەلاتی لە بابل بووە، صلاح الدین خەلکی کوردستان بووە دەسەلاتی لە میسرو شام و جەزیرە بووە، تەنانەت پیاوێك بەناوی محمد کوڕی ڕۆستەم لەدەست فارسەکان ڕایکردە مەغریب لەوێ توانی دەولەتێك دروست بکا یەك سەدە بخایەنێ، بنەمالەی گیان پۆلاکان لەدەست هەندێ میرنشینی کورد ڕوویان کردە ولاتی شام و لوبنان میرنشینێکی بەهێزیان لەوێ دروستکرد ئێستا (جونبلاتەکان نەوەیتیان)، عوسمانیەکانیش لەدەست مەغۆل ولە ناوچەی تۆران(ئاسیا نزیك چین) ڕایانکرد هاتنە ئەنادۆل وئەورپا دەولەتیان دروست کرد، بەم شێوەیە ئەو چالاکیە سیاسی و ئیداری و سەربازی و شارستانیانە مولکی ئەو نیشتمان و ولاتە نین، کە بۆیان ماوەتەوە، مەگەر وەك میژوو و شارستانی و کەلەپور.

---

[١]- دکتور احمد سوسة – تاريخ حضارة وادي الرافدين.

هەر بۆیەش دەسەڵاتی سیاسی ئەمەوی و عەباسیش (هەرچەندە عەرەبیش بووینە) ناگەڕێتەوە بۆئەو عیراقەی ئێستا، چجای دەسەڵاتی مەملوکەکان و مەغۆل و تەتەرو فارس و کوردو عوسمانی و... هەمو ئەوانە بە ئەمەویشەوە (بەپێی تەرازووی نیشتمانییەوە) بەداگیرکردن هاتوونە بەغدا، ئەو ناوچەیەی پێیدەوترێت عێراق داگیریان کردوە ئینجا دەسەڵاتیان لەسەر دروستکردووە، واتە دەسەڵاتەکەیان نەشوونمای نەکردوە بەپێی هەنگاوی سیاسی و یاساییەکانی دەوڵەت دروستبون، ئەوە هەر سەبارەت بە عێراق نەبووە، بەڵکو نەریتێکی جیهانی بووە تا دروستبونی دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەرەتای سەدەی ٢٠ هەروابووە.

بۆ ئێمەش کە بەدوای مێژووی سیاسی کورد دەگەڕێین هەمان گیروگرفت هەیە، لێرە ناکرێ بڵێین: هەر هیچ پەیوندیەك لە نێوان مێژوو و دەسەڵاتی سیاسی کوردو کوردستان نیە، وەك عیراق و سوریا نییە، کورد زیاتر لەوانە دەوڵەمبەندترە، خودی مانای کوردستان ئەو پەیوەندیەی هەڵگرتووە کە بریتیە لە پەیوەندی کورد بە نیشتمانەکەی ئەگەر بەلاوازیش بێ، بەڵام وڵاتێکی وەك عێراق ئەو ناوە کە لە بنەچەدا فارسیە(لە ئەراك هاتووە) گوزارشت لە هیچ پەیوەندیەك لە نێوا ن گەلی ئێستاو ئەو عێراقە ناکا، کوردستان لەپێش سەدەی (١٢)وەك زاراوەیەکی کارگێڕی بەکارهاتووە لێرەو لەوێ، لەساڵی ١٣٣٩ز کەوتە سەر نەخشەی ئیبن مستەوفی بۆ یەکەمجار، بە فەرمی لە لەدوای سەدەی ١٧ وەك نەخشەی ئیداری بۆ (٥)ویلایەت ناوی کوردستانی بەرە بەرە لێنرایتەوە، یەکەم وەرچەرخانی بۆ زاراوەیەکە سیاسی لەلایەن شیخ عبیداللە هاتە کایەوە، لە دوای ئنقلابی ١٩٠٨ ودوایش لە دانوستانەکانی سالانی ١٩١٢ تا ١٩٢٠نێوان عوسمانی وکورد بەسیاسیانە بەرجەستە بوو، لەکۆنگرەی سیڤەری١٩٢٠یش بەیاسایی بوو، بەوشێوەیە لەسەرەتای سەدەی بیستەم کوردستان بەجیا لە وڵاتانی ناوچە زووتر مانائیداری و سیاسی و یاسایی خۆی وەرگرت، هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەم سیاسیانە تەواوی کوردستانی ئێستای گرتۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش مانای ئەوە نیە هەمو ڕووداوەکانی سەر ئەو کوردستانە یەکسان بێ بە مێژووی سیاسی کورد، یان بە دیوێکی تری لێکدانەوە: مێژووی کوردستان و مێژووی کورد لێك جیایە، هەروەها مێژووی عێراق و عەرەب لێك جیایە، مێژووی تورك و تورکیاش لێك جیایە.... بەڵام لێك جیابونەکان هەریەکە بە

ێتو شێوەیەکە، بە گشتیەکەی مێژووی کوردستان مانای وایە هەرچی ڕووداوێك لەسەر ەو خاکە ڕوویدابێ مێژوویەتی، هەرچی مێژووی سیاسی کوردە ئەو مەرجەی تێدا نیە، ەر وایە ڕووداو لەسەر خاکی کوردستان روویداوە لەسەر ئەو حیساب نیە مادام دەسەڵاتی سیاسی نەبووبێ، یان خاوەنی خۆی نەبووبێ، وەك جەنگ وڕووداوەکانی نێوان عوسمانی و ەفەوی، ڕۆم وفارس وئەرمینیا...، هەرچی مێژووی کوردە بریتیە لەو ڕووداوانەی کە ەگەزی کورد بە شداری تێدا هەیە، جاروایە مێژووی سیاسی کورد لەدەرەوەی ئەو نورەی کوردستانی ئێستاش هەیە، وەك: دەوڵەتی میدیا، ئەیوبی و گیان پۆڵا لەگەڵ ەرنشین و دەوڵەوتە کوردیەکانیش، کە لە کوردستان دەسەڵاتیان هەبووە، جا لێرە بە انی ئەو بەشە مێژووەی دەسەڵاتە سیاسیەکانی کوردو بەرگری کۆمەڵایەتی و خێلەکانیش بەڕوونی دیاری بکەین، بەڵام بەزەحمەت ئەوانەی بەدەر لە کوردستان ەرزەفت دەکرێ، ئەو بنچینە بە خێرایی سەرە باسێك بۆ ئەو مێژووە دەکەین.

دەسەڵاتی کورد لە پێش ئیسلام:

میژوویەکی کۆن بە خێرایی: لەلایەن ئاینیەکانەوە ح. ئادەم بە سەردتای مێژوو دەناسرێ، بە پێی (بداية والنهاية ـ ابن كثير) ح ئادەم ڕۆژی هەینی دروست کراوە[11]، یەکەم جار لە لە شاری غوکلاندی هند[12] نەوەکانی بەسەر زەوی دا بڵاوبونەوە، هەندیك مێژووی دابەزینی بۆ ٣٥ ـ ٤٠ سەدە پ.ز. دەگێرنەوە،) یوشر(دەلی ژیان لە ٤٠٠٤ پ.ز. دەستی پێکردووە، هەرچی (لایتفوت)ە دەڵێ: ژیان لە ١٣/ئوکتوبەری/٤٠٠٤پ.ز. سەعات ٩ی بەیانی[12] دەستی پێکرد!!، بەڵام وا پێدەچی زۆر زیاتر بێ، ئەگەر بە ووردی

ـ له احمد بن حنبل دەگێرێتەوە: گوایە ڕۆژی شەمە خۆڵوخاك دروست کراوە، یەك شەمە شاخ وکێو، دووشەمە دارو درەخت، سێ شەمە خرابە کاری، چارشەمە ناگرورووناکی، پێنج شەمە گیان لەبەر، ڕۆژی هەینی لە نێوان عەسرتا عیشا ح ئادەم دروست کراوە.

[12] بڕوانە (معجم ديانات وأساطير العلمية...، ج٣ ص١٤٠) دەلێ: لە بناری شاخی هیمالایەی هەردبەرزی جهان دابەزیتە سەرزەوی.بەلام هنری فوریستر دەلی لە غوکلاند، لە (تاريخ جرجان -بن يوسف الجرجاني) هاتوە: سمعت أبا الحسن عرز بن جعفر يقول وجدت ببلد الهند حجرا منقوشا بالعبرانية ببلد سرنديب يقال اهبط آدم

أنا الموجود فاطلبني تجدني
فان تطلب سواي فلا تجدني
تجدني أين تطلبني عتيدا
قريبا منك فاطلبني تجدني

[13] ـ بروانە: داروين-اصل الانواع ص٢٤

سەرنج بدەینە تەورات دەردەکەوێ تەمەنی نەوەکان کەلێ دوورو درێژ بووە[١٤]، لە دوای(ح.ئادەم) نەوەکانی بریتین لە: شیس، ئەرواس، کیناس، ماهلەیل، یارید، نیدریس، ماتولسلخ، لامیك، نوح، وەك چەند نەوەیەکی تەمەن درێژ بەسەر زەوی پەرش وبلاّو بون، تا تۆفانەکەی (ح-نوح)، لە کتێبی (لقطة العجلان مما تمس إلى معرفته حاجة الإنسان) هاتوە: ((قال آشوس بين خلق آدم وبين ليلة الجمعة أول الطوفان ألفا سنة ومئتا سنة و ست وعشرون سنة وثلاثة وعشرون يوما وأربع ساعات))، واپێدەچی زۆر زیاتر بێت.

هەندێك پێیان وایە ئەو تۆفانە محەلی بووە هەمو جیهانی نەگرتۆتەوە، ساغ بونەوەی ئەو دووڕایە بەلایەکدا پەیوەندیەکی توندی بە کوردۆلۆژی هەیە، چونکە ئەگەر تۆفانەکە جیهانی بێت ئەوا مانای وایە چۆن هندستان لانکی یەکەمی مرۆڤایەتیە ئەوا کوردستانیش لانکی دووەمی مرۆڤایەتیە، ئیتر ئەوەش دەسەلمێ کە کورد(بە ڕەهایی) کۆن ترین میلەتن لەسەر خاکی خۆیان وبنەچەی کوردیش بە ناوو خاکەوە جودیە نەك زاگرۆس، دیارە بەپێی قورئانی پیرۆز کەشتیەکە لەشاخی جودی[١٥] کوردستان گیرساوەتەوە، هەندێکی تر زیاتر ووردەکاری دەکەن بە پێی نزارگەکانی مسیحی وموسولمان و یەزیدی ئەوا کەشتیەکە لە لوتکەی نیڤاتی[١٦] جودی چەقیوە، گوایە تۆفانەکەش لە ١٧/ ٢/ ٦٠٠ی تەمەنی(ح نوح)[١٧]بووە، (رالف لینتون) لە کتیبی (شجرة الحضارة)دەلی لە ٣٥٠٠پ ز تۆفانەکی سەرانسەری لە جیهان ڕوویدا، ئەو باسە لە زۆربەی کتێبە ئاینیەکانی جیهانی وەك (ئینجیل، تەوراﺕ، مانۆی هندی، چیسابلپۆکی مەکسیکی، کتێبی هیندیە سورەکانی ـ پۆپۆل ڤۆنخ، زەندە ـ ئاڤێستا، هەروەها لە کتیبەکانی سۆمەری و شارستانی تریش) [١٨] هاتووە، واتە جهانی بووە، لە تەورات بە ڕوونتر باس لەوە دەکا کە کەس لە سەر زەوی نەماوە، دەڵێ: (لأن مياهها كانت على وجه كل الأرض)، (فمحا الله

[١٤]ـ سەیری العهد القديم - تكوين (٥) بكە، لە قورئانیش باس لە تەمەن درێژی ئەو نەوانەی ئەو سەردەم دەکا.

[١٥]ـ بەشێکیش پشتیان بەستوە بەهەندی زانیاری تر وەدەلێن تۆفانەکەش گوایە تەنها میزوپوتامیای گرتووتەوە لە ١٧\٧ ی هەمان سالی سەروو شاخی لە ئەرارات گیرسایتەوە ، تەورات لە (تكوين -٨) دەلێ لە ئەرارات گیر بووە، قورئان وهەموو زانیارەکانی سەردەم دەلێن لە جودی گیر بووە، بەلام ئەگەر هەر پشت بە تەورات ببەستین دەلیت ئەو تۆفانە سالێك و دە رۆژی خایاند کەواتە جیهانی بووە.

[١٦]ـ بروانە: واسیلی نیکیتین –کوردو کوردستان ل١٢١(لەناو یەزیدیەکان سەربردەیەکی زیادەی تر هەیە دەلێن : دوای بەرێکەوتنی پاپۆری (ح نوح)کونێکی تێ بوو، ناوی لێنهاتە ژوور زۆر ترسان بەلام مارێك هات و سەری خۆی بە کونەکە وەنار تاردکەی بری...بۆیە تائیستاش مار لای یەزیدی خۆشەویستە).

[١٧]ـ بروانە: تەورات ـ سفر التكوين (اصحاح٦-٩).

[١٨]ـ بۆ زیاتر سەرنج بدە کتێبی: (کۆنترین نهێنیەکانی مێژوو)ـ ئەلکساندر گەربۆڤسکی.

كل قائم كان على وجه الأرض)[١٩]، له ئينجيلى(برنابا)ش دەڵێ جیهانی بوەؤ(٧ فبسبب الشهوة إن الطوفان حتى أن العالم هلك أمام رحمة الله ولم ينج إلا نوح وثمانون شخصا بشريا فقط ٨)[٢٠] بە پێی (الكتاب المقدس ـ العهد القديم سفرتكوين(٧) لە تەمەنی ٦٠٠سالەی (ح نوح) تۆفانەكەبووەو دوای لە تەمەنی ٦٠١ی لە دەڵێ لە ئەرارات گیربوە(واستقر الفلك في الشهر السابع في اليوم السابع عشر من الشهر على جبال اراراط ٥)[٢١]،بەڵام دوای لە دۆزینەوەكەی ئاسەواری كەشتیەكە ئەوەی قورئان ڕاست دەرچوو(وَقِيلَ يَا أَرْض ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيض الْمَاء وَقُضِي الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ[٢٢] لەجودی گیر بوّوە*، جارێكی تر لەو كوردستانە لە دەوروبەری شاخی جودی ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی لێی دەستی پێكردۆتەوە، كەواتە كورد كۆن ترین میلەتن لەسەر خاكی خۆیان ئەگەر تۆفانەكە سەرتاسەری بوویێ، كوردستان لانەی مرۆڤایەتی ئێستایە، بەپێی هەندێ سەرچاوە شاری (شەرناخ) كە لە نزیك (جودی)یە مانای (شاری نوحە)، هەروەها ئیبن عەباس دەڵێ لە بناری چیای جودی (ح نوح)شارێكی دروستكرد، تا ئێستاش ئاسەواری ماوە بە ناوی هەشتیان *

هەمو ئەو شارستانی و چرا ڕووناكانەی قوڵایی مێژوو یەكەم جار لە ڕێگەی هۆكاری دەرەكی و پەیامی ئاسمانیەوە بنرێژ كراون، ئنجا درێژەیان بەخۆداوە، هەرچەندە عەلمانیەتی ئەو سەردەمە دەیەوێ ناسنامەی مێژووی خۆی بگێڕێتەوە سەر لاتینی كۆن بۆ ئەوەی نەچێتەوە سەرتوخمی ئاین، گوایە كەلتووری یۆنان بناغەی ئاینی نەبێ، كەچی بە ووردبونەوە دەبینین هەتا شارستانی (یۆنان)یش بناغەكانی ئاینی ئاسمانیە، ناوی یۆنانیشی لە (ح.یونس) هاتووە[٢٣]، هەروەهاناوە كۆنەكەشی (هەیاس) هەرناوی پێغەمبەرێكە،

---

[١٩] ـ العهد القديم ـ سفر تكوين ٧، ٨

[٢٠] ئینجیل برنابا- فصل١١٥ اية(٧-٨) ترجمة:حمادة

[٢١] عهد القديم – سفر التكوين –اصحاح ٨

[٢٢] سورەتی هود– ئایەتی ٤٤

* بە ووردی لەو مێژوانەمان كۆلیەوە ، دەركەوت لە تەوراتیان وەرگرتووە، ئیبن حەزم لە كتیبی (الملل والأهواء والنحل) بە توندی ڕەدی ئەو جۆرە زانیارانەی تەوراتی داوەتەوە بەلام لەو زانیاریانە بی دەنگ بووە.

* هەشتیان واتە هەشتا ئەوەش گوزارش لەو ٨٠ كەسە ناسنامە جیاجیایانە دەكا كەلەگەلی بوون.

[٢٣] بڕوانە (لسان العرب)، هەروەها (صحاح)، ..هەر لە تەوراتیش لەجیاتی یونس یۆنانی نوسیە لە.

بناغەی ئیمپراتۆریەتی رۆمیش هەرواله باپیرەگەورەیان کە ناوی (روم بن عیسو بن اسحاق النبی) ە[٢٤] لە سەر ئەو بنچینەیە دەبینین شارستانی یۆنان و میسر و چین ومیزۆپۆتامیا، رۆم، بابلیەکان، هندیەکان، مایا، ...هتد، ..بەرهەمی پێغەمبەرانن بەوشێوەیەی خوارەوە: فیساگۆرس(٥٨١ـ٤٩٧ پ ز) و ئنکسماندرس هەریەکە قوتابی پیغەمبەران (ح داود و ح سلیمان)دەرسیان لاخویندووە[٢٥]، شریعەتی حەمورابی درێژ کراوەی شریعەتی ح ئیبراهیمە، بە پێی (پەیمانگای ئیسلامی بەریتانی ـ زانستەکانی بەراوردی ئاینی) ئەوا حەمورابی ٣٠٠ سال دوای ح ئیبراهیم هاتوە لە ١٨٧ پ ز، بۆیەش بەشی زۆری مادەکانی شریعەتی حەمورابی لەتەورات و ئینجیل وشریعەتی ح ئیبراهیم و هەندێکیشی لە ئاڤیستای زەردەشتی دەچێ، هەندێکی لەگەل قورئانیش لێك نزیکە[٢٦]، لە سەر ئەو بنچینە قولە رۆسۆ دەلێت یەکەم دەسەلات وشارستانی ئاینی بوە[٢٧]

لەدوای ئەوانەو تۆفانەکەش بێجگە لە مێژووی میللەتە بالادەستەکانی وەك فارس و رۆم و ئاشوری و بابلی و یۆنانی، ئەوانی تر زۆر لێلە، بەلام بە مسۆگەری سەرۆکی هەندێ دەسەلات کورد بووینە بەرچەلەك، نەك بە کیان و هەستی نەتەوایەتی، هەلبەتە سەرەدمی ئیمپراتۆری بوە، زۆربەشیان لە ئەسلدا درێژکراوەی پەیامێکی ئاسمانی بوینە، مێژووی ئەو جۆرە دەسەلاتانە تا (٤٥٠٠) سال لەمەوبەر قوول دەبێتەوە لە (...لولو، گوتی، جوتی، ماد، کاردۆخی، کاردوو...) بەپێی هەندێ ریوایەت دامەزرێنەری

٢٤ـ بروانە: لسان العرب ـ ابن المنظور ج١ص١٢٦٠ مادة: روم. هەندێکیش دەلێن : والمراد بالروم هنا الروم الاول وهم اليونان المنتسبون إلى رومي بن لبطى بن يونان بن يافث بن نوح علية السلام ـ بدايةوالنهاية ج١ ص١٣٠

[٢٥]ـ بروانە: الملل والنحل ..ص ٦٧ـ٧٢ .هەر بۆیەش مەدرەسەو پەیرەوی فیساکۆرس لەهەموان ئاینی تر بوە

[٢٦]ـ توێژەران زۆر لای لە یەکچوو لە نێوان تەورات و یاساکانی حەورابی وشریعەتی ح ئیبراهیم دۆزیتەوە، هەندێکی بە نمونە لێرە تۆمار دەکەین کە لە (مەوسوعەی بریتانی)مان وەرگرتوە: یاساکانی ژ: ٨، ١٢٩، ١٩٥، ١٩٦...وەکو ئایەتەکانی (٢١-٣٧-خروج)، (٢٢-٢٢-تثنية)، (١٥-خروج)، (٢٠-٢٤-لاوين)...لەگەل زۆری تر ، هەر ئەو دەقەی هەردوولاش بە نمونە تۆماردەکەین: قانون حمورابی رقم١٢٩- إذا قبض على امرأة مضطجعة، مع سيد فيجب عليهم أن يوثقوهما ويلقوهما في الماء، ويمكن لزوج المرأة أن يبقي زوجته على قيد الحياة إذا رغب، كما يمكن للملك أن يخلّي حياة أمته.

التوراة: وإن أخذ رجل يضاجع امرأة متزوجة فليمُت كلاهما. (تثنية ٢٢:٢٢) ،

لە قورئانیش زینای پیاو ژنی بە هاوسەری ئەو سزایە هەیە، لە ئاڤیستای زەردەشتیش سزای ژنی مێردار لە زینا هەر ئەوەیە ، هەمو ئەوانە بەلگەن کە هەموی لە رەچەلەکدا لە پەیام هاتوون دوای بەرەبەرە دەستکاری کراون

[٢٦]- جان جاك رۆسۆ- العقد الإجتماعي ـ ص٢٠١

ئیمپراتۆریەتی ساسانیکان (ئاردەشیر)؛ بەرچەڵەك کورد بوە، {بەپێی ئەو نامەیەی بۆی هاتبوو لە لایەن(ئۆردوانی پێنجەم) وپێی دەڵێ تۆ لە ژێر رەشمالی کوردا گەورە بووی}، زۆری تر.

ئەو مێژوونوسە کۆنانەی باسی کوردیان کردووە بەناوی سەردەمی خۆی هەریەکە لە(هێرودۆتس٤٨٤ - ٤٢٥ پ.ز) و (زەینەفون و سترابۆ) لەپێش زایین، رۆڵی کورد لە مێژوو بە چاك وخراپ هەیە بە پێی کتێبە ئیسلامیەکان یەکەم چەکی کۆکوژی(مەنجەنیق) کورد دروستیان کردوە، هەر بە پێی ئەو سەرچاوانە وا پێدەچێ رووداوی سوتاندنی ح ئیبراهیم لەنێو کوردان بووبێ چونکە دەڵێ بەو مەنجەنیقەی (هەزنی) کورد ئاگرەکە کرایەوە[٢٨]، کێشەی باسی ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەی ئەو سەردەم لەسەرتاسەری جیهان هەیە، چونکە لەو سەردەمی دەتوانرا دەسەڵاتی سیاسی دروست بکرێ لەسەر خاکێك بێ ئەوەی ناسنامەیان جووت بێت، تەنانەت ناسنامەی دەسەڵات وگەلیش جوت نەبوە، بنەماڵەی قاجاری تا ساڵی (١٩٢١) حوکمی فارسیان کردوە بەناوی فارسیش کەچی تورك بوینە، ئەردەشێر[٢٩] و کریم خانی زەند کورد بووینە، یەك لەپاشای رۆمیەکان عەرەب بووە، دەوڵەتی رۆستەمی لە مەغریبی(ئێستا) فارسی بووینە، لەو میانەدا باسی لە کۆمەڵێك کیان و ئیمپراتوریاتی وەك لولوەکان و کاردۆ و میتانی و دەکرێ لەهەمویان زەقتر و نزیك تر لە کورد ئیمپراتۆریەتی میدیا بووە، ئەوەی لەوەش لێڵە ئەو دەسەڵاتە دوور بووە لە کوردستان لای خوراسان بووینە، ئێستاش کیانێکی بچووك لە نزیك هێمالایە بەناوی میدیا ماون[٣٠]، لەسەر دەستی فارسەکان لەنێوچووینە، بۆیە بە گشتی ئەو مێژوە سیاسیەی ئەو سەردەم لێڵە.

---

[٢٨] - ثم وضعوا ابراهيم عليه السلام في كفة منجنيق صنعه لهم رجل من الاكراد يقال له هزن وكان أول من صنع المجانيق فخسف الله به الارض فهويتجلجل فيها إلى يوم القيامة—المصدر: بداية والنهاية (١٦٨/١)

[٢٩] - بەلای کەمی بەلگەی کوردبوونی ئەردەشێر لەو نامە گۆڕینەوانە بە روونی دەردەکەوێ کە لە(تاريخ الطبري) وەرگیراوە: إذ ورد عليه رسول الأردوان (ئۆردوانی پێنجەم) بكتاب منه فجمع أردشير الناس لذلك وقرأ الكتاب بحضرتهم فإذا فيه إنك قد عدوت طورك واجتلبت حتفك أيها الكردي المربى في خيام الاكراد من أذن لك في التاج الذي لبسته والبلاد التي احتويت عليها وغلبت مولكها وأهلها ومن أمرك ببناء المدينة التي أسستها في صحراء يريد جور مع أنا إن خليناك وبناءها فابتن في صحراء طولها عشرة فراسخ مدينة وسمها رام أردشير وأعلمه أنه قد وجه إليك ملك الأهواز ليأتيه به في وثاق

فكتب إليه أردشير إن الله حباني بالتاج الذي لبسته وملكني البلاد التي افتتحتها وأعانني على من قتلت من الجبابرة والملوك وأما المدينة التي أبنيها وأسميها رام أدرشير فأنا أرجو أن أمكن منك فأبعث برأسك وكنوزك إلى بيت النار الذي أسسته في أردشير خرة

[٣٠] - القانون الدولي في الاسلام - (تەنها ئەو کتێبە باسی لەو کیانە بچوکە دەکا، بەڵام باسی مێژوویان نا کا).

له سەردەمی ئیسلام:

کورد بەزەبری شمشێر یان بە بیرو باوەڕ موسوڵمان بوو؟

بەشێکی زۆر لە ڕەوشەنبیران و سیاسەتەداران بەبێ زانیاری دەچنە ناو ئەو بابەتەو دەڵێن: یاوەران بە زەبری شمشێرو بەتاڵان و جینۆساید هاتونە کوردستان، لەوانە (ساڵح قەفتان) دەڵێ: کوردستانیان داگیرکردو خەڵکیان کردە (موالی) مزگەوتیان دروست کرد، تا نوێژ بۆخوای عەرەب ببینن[31]، لەتازە ترین کتێب بە ناوی (ئەنفال لە ڕۆمانی کوردیدا لە ل(١٥ ـ ٢٨) دووبارەی ئەوە دەکاتەوە، کە هاتنی عەرەب و ئەسحابەکان ئەنفالی کوردیان کردوەو پشت بەو پیستە دەبەستێت کە لەخوارەوەدو باسی دەکەین، ئیتر ئەوە بەلای ئەوانە ئەنفالی یەکەم بووە ئەوەی بەعسیش ئەنفالی دووەم بووە، بۆ ئەو مەبەستە پێستێکی تەزویر(گوایە) لەناوچەی هەورامان دۆزراوەتەوە گوزارش لە ڕاستی ئەو دەنگ و باسانە دەکا[*]، ئەو ڕایە وزۆربەی ئەو ڕایانەی لەبارەی خیانەتی مەلای خەتێ وزانایانی تری کورد لەدوای بە عەلمانیکردنی شۆڕش و دەسەڵاتی کوردی هاتووە، ئەگینا لەپێشتر ئەو ڕاو بۆچوونە نەبووە، ئەوەش گوزارش لەڕای هەمو عەلمانیەکان ناکا، بەشیکی زۆر لە مێژوونوسە کوردەکانیش باوەڕیان وایە، کە کورد بەخۆشی بوویتە ئیسلام لەوانە: مام هەژار، مەسعود محمد، تەنانەت لەسەروو ساڵح قەفتان وا دەڵێ، کەچی لە (مێژووی کورد

---

[31] ـ مێژووی گەلی کورد ص١٤٣ لەراستیدا بەڕێز ساڵح قەفتان بڕیارێکی گەورە بوو، بەڵام وا پێدەچی لەو بابەتانە لاواز بێت، چونکەموالی تایبەت بوو بەسەردەمی ئەمەوی وبەس، کاتێ هاتنە کوردستان سەردەمی ئەمەوی نەبوو، ئینجا لەزۆر شوێنی تر کەوتۆتە هەڵە، لەل٢٩٤دەلێ ساڵی ١٩٠٨ ناوی عوسمانی گۆڕا بۆ تورکیا، ڕاستەکەی ئەوەیە لەساڵی ١٩٠٨ ئینقلابی ئیتیحادیەکان بوو، لەساڵی ١٩٢٢ بوە تورکیا.

[*] دەقی نووسراوی سەر پیستەکە(لە مەوسوعەی جودی) وەرگیراوە:

هورمزکان رمان ئاتران کوژان
ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆر کار ئارەب کردە ندە خاپوور
گنا و پالەیی هەتا شارەزوور
شەن و کەنیکان و دیل بشینا
مەرد ئازا تەلی دەرووی هدینرا

١ـ لەو سەردەمی ناوی شارەزوور نەبوو،ئەو کاتی بە (شەهر زیڤار) ناوزەد دەکرا.

٢ـ گوایە ئەوە بوو لەسەر ئەو پیستە نوسرابووە، ئێستا گەیشتۆتە مۆزەخانەی بەریتانیا، وا تێ بینی دەکرێ:

١ـ بەپێی پسپۆڕانی زمانەوانی زۆر وشەی نوێی تیادایە.. بۆیە بە دەستکرد دەچێت وەك ئەو ڕووداوەی (أنسان پلتداون)، کە ویستیان هەندێ ئێسك وا تەزویر بکەن لەگەڵ (تیۆری پەرەسەندنی-دارویینی) بگونجێ..

٢ـ هەمان ئەو بەندانە بەش بەش لە شێنی ژنانی دەرسیم هەیە، لێرە هەندێ ناوی تری (ئارەب)، (شارەزوور).. زیادکراوە.. بۆ زیاتر سەرنج بدە کتێبی د.نوری دەرسیمی (دەرسیم لە مێژووی کوردستان)- دەقی هەڵبەستەکە بەلاتینی لە لاپەڕە (٤١) هەیە..

له کۆنەوە تا ئەورۆ) دەڵێ بە خۆشی خۆیان بووینە ئیـــسلام...لەهـەموان بـە ووردتـر لـە پێشەکیەکەی شەرەفنامە وئینجا لەکتێبی(محمدئەمین زکی بەك ـ خولاسەی تاریخی کـوردو کوردستان لە ل١٢٣) دەڵێ بەخۆشی وبێ جەنگ ئیسلام لە کوردستان وەرگیراوە.

گابانی هاوەل نزیکەی سـالیك ڕاسـتەوخۆ لەدیـدەنی پێغەمبـەر(دـ خ)بـوە، دوایـش گەراوەتەوە مەرگەو لە دژی زوڵم و زۆری فارسەکان خەباتی کردوە،لـەنێوان سـاڵانی ١٤ـــ ١٦ی ڕێکخستنەکانی ئیسلامی لەکوردستان بەنهێنی بلاوکردۆتەوە، لەو کاتی کوردسـتان داگـیرو دابەشـکرابوو لـەنێوان ڕۆم و فـارس، لـە بـارودۆخێکی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی زۆر ناخۆش بووە، کۆمـەڵێك باجیـان خرابـووە سـەر، هـەردوو ڕێبازی(منحرفی) زەردەشتی (مانی و مازدەکی) لەنێو کورد بلاوکرابۆوە، بەشێوازی جـۆرە سوسیالیستی و عەلمانیەتێکی وا کەس خاوەنی مـاڵ و منـداڵ و کـچ و ژنـەکانی نـەبووە بەتەواوەتی، لەهەردوو سەرچاوەی (قصة الحضارة ـ ویـل دیورانـت) و (الحجـاب ـ مرتـضی مطهـری) هاتووە کیسرا داریۆش٣٠٠٠ ژنی هەبوو کەچی نامەی بۆ کێخواکـان دەنووسـی وەسفی ئافرەتی دەکرد کە بە مواسفاتی ئەو زیـاتری بـۆ بنێرن،کیـسراکانی دوای ئـەویش هەروابوون، بەپێی وەسفی (سینۆهە) کە دەڵێ خۆم میـوانی کیـسرا بـووم پێـی وتم: بـڕۆ ئافرەتێك لە باخچە هەڵبژێرە بالات بێت هەتا میـوانی[٣٣]، زیـاتر لـەوەش لـە کوردسـتان نەریتێکی تریش بلاوکرابووەوە ئەویش ئەوە بووە هەر یەکێك هاوسەری بکردبایـە دەبوایـە شـەوی یەکەم بیبردبایە لای بەگ و کێخواکانی فارس لە کوردسـتان (پێـی دەووتـرا مـافی شـەوی یەکەم)، جاروا بوو ئـەو زەماوەنـدە دوادەخـرا لەبـەر ئـەوەی کێخـوای کیـسرا لـە کوردستان هەر شەوەی بووکەکی پێ بەرێ دەکرا! بۆیە هەروەك ئەزموونی هاتنی ئەمریکا لە (٢٠٠٣) هیواخوازی ڕزگارکەرێك بون، ئە وەبوو لەشکری ئیسلام هات.

چۆن هات؟ کەمتر سەرچاوە عەرەبیەکۆن و نوێکان باسی شەڕی ڕاستەقینەی (سـعد) و (ڕۆستەم) دەکەن، کە کێ ڕۆستەمی شکاند، لـە (امجـاد الاکـراد) بەدرێـژی بـەو شـێوەیە هاتووە: کاتێ ڕووبەڕووبونەوەیەکی هاوسەنگ لە قادسیە لە نێوانیان درێژەی کێشا، ئـەوا

---

[٣٣]ـ بر وا نە بە شی یە کە م (سینو هە – دکتۆ ری فیر عە ون)

کیـــرا سـوپایـهکی لـهشێوەی (گاردی کۆماری) لای خۆی لـه سـپێر هـەبوو بەســەرکردایەتی دێلم[٣٤] و (٠٠٠٤٠تا٠٠٠٥٠) جەنگاوەری ئازا بەردو ئـەو جەنگـە چـوون، لـە پـشت سـعد هەڵیاندا و زۆریشیان لێ ترسا، بەڵام دوایی بۆ یـەك ئاشـكرا بـون كـە ئەوانـە ســەر بـە ڕێکخستنەکانی ئیـسلامن لـەڕێی گابـان و مـەیمونی کـوڕی[*]، بـەو شـێوە بـۆ بـەیانی بەهەردوولا لە ڕۆستەمیان داو شکاندیان و بووە هۆی داڕووخانی ئیمڕاتۆریەتی فارسی، لە شکرەکەی دێلمـیش نـاونرا (جـیش الحمـراء)[٣٥]، دوای ئـەو نـاوە بـوە نـاوی هـەمو ئـەو سوپایانەی لە دوای فتح دروست دەبون ناو دەنران (سوپای سور)، لەو ناوچانە دەســەڵاتدار بون، هەر سوپای دێلم والی حران و دیالەیان دانا، دوایش هـاتن کوردسـتانیان ڕزگـارکرد، کەمتریش شەڕ ڕوویدا ،لەگەڵ هاتنیان خەڵکی کورد لە فارس و کرێگرتەکانیان هەڵسـان و خۆیان ڕزگارکرد،بۆ یەکەم جار لەدوای میـدیا کـورد ئـاوا دەسـەڵاتێکی زۆری بـۆ پەیـدا بوو،هەروەك لە(ج٨ وفیات الأعیان) لەبارەی دەسەلاتی زۆری کوردیەوە دەلێت: (ثم ذكر الطبري في سنة تسعين أن الحجاج خرج إلى الأكراد الذين غلبوا على عامة أرض فارس فخرج بيزيد معه وأخويه المفضل وعبد الملك وجعل عليهم في العسكر كهيئة الخندق وجعلهم في فسطاط قريبا منه وجعل عليهم حرسا من أهل الشام وأغرمهم ستة آلاف ألف وأخذ يعذبهم وكان يزيد يصبر)[٣٦].**دیلمەکانیش دەسەڵاتی تەواویان لە خواروی عیراقی ئیستاو بەغداو سەروو ورۆژهەلات بوە، جاریش وابـوە ئـەو دەسـەڵاتە زۆرەی کـورد زولمی لـە عـەرەب وفـارس و خـەلکی ترکـردوە تـا ڕادەی ئـەنفال، لـە (ج٨–وفیـات**

---

[٣٤]ـ لە کۆنەوە فارسـەکان بە (دیلمیەکانیان) دەووت کوردی تەبەرستان، بە عەرەبەکانیشیان دەووت کوردی سورستان(عێراقی نیستا).

[*] ـ هە رجەندە ڕۆژهە لاتناسی فەرەنسی (لویس ماسینۆ لە کتیبی: خطط كوفة وشرح خريطتها) دەلی دیلم بۆیە لەدژی ڕوستەم وە رگە ڕا وە لە تۆ لەی باپیرانی میدیای، بەلام ئەوتیۆرە میژوویە پێنا چی ڕا ست بێت چو نکە (٤) سەدە بە سەر شکستی میدیا ڕەت ببور، بە زە حمە ت نە و کار یکە ریە ی ما بێت بۆ یە نە و بۆ چوونە ڕا ست تر ە کەدە لی سە ر بە ڕیکخستنی نیهێنی ئیسلا می بووە.

[٣٥] لـە فتـوح البلـدان-بـلاذری ج٢ص٣٤٢باسـی ئـەو شـەڕەو ڕۆلی دیلمیـەکان دەکا،ئـەویش بەزەحمـەت زانیاریـەکانی دەسـت کەوتوە،لە(ابن مسعود کوفی ومسعر بن کدام)بیستوە کە لەو شەڕەی سعد وڕۆستەم ئەگەر دیلمیەکان (کەلـەوێ بـە سـوپای شـاهانە ناوی بردوون) نەهاتبوونایە یارمەتی سعد نەیدەتوانی زال بیت ،لە(موسوعەی بریتانی –ویکبیدیا) دەلی ئەو هیزەی دیلـم ٤٠٠٠شـەڕکەر بوونە،دەشلێ لەناو کورد زازاییەکان (وابزانم زەرزاریەکانە)و لەناو عرب دلیمیەکان پاشماوەی دیلمیەکانن وعبدالقادر گیلانـی لەوانـە ، جیی داخە وەك ڕەگەزپەرستیەك زۆربەی میژوونوسە عەرەبەکان لە چوارچێوەی ئەفزەلیەتی عەرەب ولاوازکردنـی غـەیرە عـەرەب لـە ناو ئیسلامدا ئەو بابەتەوزۆر بابەتی تری ڕۆلی کورد بزر کراوەوخیانەت لەگەل زانست وئاین کراوە،ڕۆلی دێلم لەکووفەو بەغداو ناوچـەکە گەلی زۆر بوەو بەدەسەلات بوونە کەچی نالێن لە ئەسلدا ئەوانە چۆن هاتوونە !!.. بۆ زیاتر بڕوانە :١–وینای کوردلە زانینی میـژووی ئیسلامیدا ٢– بڕوانە ل٣٠٦ی ئەو کتیبەی بەردەستت.

[٣٦] تاریخ الطبری لەج٣ ص٦٨٤ باسی ئەو سەربردەیەی کردوە کەمێك بە جیاواز تر.

الأعيان) هاتوەبە هۆی كوژرانی یەك كورد چیان بەسەر هێناون: قال أفرأيت مسلما يوجه بالأكراد الكفار إلى بلاد المسلمين فيقتلونهم ويحملون نساءهم ويأخذون أموالهم ألم تعلم أن أحمد ابن الليث الكردي قتل بكرمان سبعمائة إنسان على دم واحد وافتض الأكراد مائتي بكر من أهل البيوتات وحملوا معهم نحو ألفي امرأة إلى بلادهم أفرأيت مسلما يرضى

لە كتێب و مێژوونووسە ئیسلامیەكانیش وای لێ دەخوێندرێتەوە، كە كوردەكان بەشداری شەڕیان دژ بە هێزی ئیسلام كردوە لە پەرگەكانی كوردستان، واتە لەو شوێنانەی كە لایەنی تر زاڵ بوە، تەنانەت ئیبن خەلدوون وئیبن كەسیرو چەند سەرچاوەیەكی تریش بە سەردێرێك باسی شەڕێك لەگەل كورد دەكەن بەناوی (غەزوەت لئەكراد) بەو شێوەی خوارەوە: (غزوة الاكراد ـ ثم ذكر ابن جرير بسنده عن سيف عن شيوخه: أن جماعة من الاكراد والتف إليهم طائفة من الفرس اجتمعوا فلقيهم أبو موسى بمكان من أرض بيروذ قريب من نهر تيري، ثم سار عنهم أبو موسى إلى أصبهان وقد استخلف على حربهم الربيع بن زياد بعد مقتل أخيه المهاجر بن زياد، فتسلم الحرب وحنق عليهم، فهزم الله العدو وله الحمد والمنة)، بەڵام دەبینین ئەویش لە دەورو بەر بوە نەك لەكوردستان، واتە شەڕی خەڵكی تر بوە هەندێ كورد كردوویانە، شەڕ لەناو جەرگەی كوردستان نەبوە، كەمتر ئەو ناوانەی وەك دۆڵی ئەسحابان و بەردە قارەمانە (گوایە ئیمامی علی پشتی پێداوە ئەوەندە لە شەڕی كورد ماندوو بووە)، تەنانەت ئەوەی جزیرەش گوایە (عەیاز)ئەنفالی كردوون هیچ بناغەیەكی نیە، هەرچەندە ئەوێش ناوجەرگەی كوردستان نیە بەڵام(تەبەری) وزۆری تر باسیان لەوێ كردوەكە چۆن رێنمایی داوە ئەگەر بوەشەڕ رەچاوی مافی ئادەمیزاد بكەن، لە تەبەری وا هاتوە: ذكر خبر سلمة بن قيس الأشجعي والأكراد ((....فإن قاتلوكم فلا تغلوا ولاتغدروا ولا تمثلوا، ولا تقتلوا وليدًا...))، سەرەنجامەكەشی لەلایەن مێژوونووسی گەورە مقدسی وا هاتوە كە شەڕ نەبوو بەئاشتی ورێكەوتن جزیرە كرایەوە(ورام هرمز وبعض نواحي فارس وكان سعد لما بعث عتبة بن غزوان إلى البصرة بعث أبا موسى إلى الجزيرة فافتتح الموصل ونصيبين صلحًا)[37]،هەندێ

[37] المطهر بن طاهر المقدسي- البدء والتأريخ ص٣٩٢

شەڕ بوە لەو ناوە لەگەل کورد بەلام بە پێچەوانەی ئەوەی گوایە عرب هاتبن وواتیان لەکورد کردبێت بەلکوکوردوعەرەب لەوێ هاوپەیمان بووینە دژی لە شکری ئیسلامی وەك لە تاریخالطبری وا هاتوە: وکانت الأعراب والأکراد لما بلغهم خروج المعتضد تحالفوا أنهم یقتلون علی دم واحد واجتمعوا [38]

زۆربەی ئەوگوتارەگریۆکانەی هەندێ رەوشەنبیری کورد دروست نین، ڕاستیەکەی ئەوەیە هەر لەدوای گەیشتنی بانگی ئیسلامی ـ بەپێچەوانە عەرەب کە زۆربەیان بە زەبری شمشێر ئیسلام بون ـ کوردەکان بەخۆشی ئیسلام بون، ئەوانەی ئێستا دەلێن کوردلەو کاتی ئەنفال کراوەو شەڕی لەگەل کراوە بەلگەیان نیە، ئەگەر کورد شەڕی کردبێ بۆ کێی کرددوەو چ دەسەلاتێك کۆی کردۆتەوە خۆ ئەو کاتی داگیر کراو بوە، زۆریش بێزار بوە لە داگیرکەر بۆیە لە هەندێ ناوچە کە سوپای ئیسلام نزیك بۆوە کورد لە سوپای فارس ڕاپەڕی وباقیەکەی تریش بە ئارەزووی خۆیان پێشوازیان لەو ئاینە نوێیە کرد، هەر بۆیەش یەکسەر ناوی مندالەکانیان تا ئەو ساتەش بووە محمد وعلی و عمرو خالد...، ئینجا دیاردەی (ردە)ش لە کوردستان پەیدانەبوو، لەگەل زۆر بەلگەی تر، بەلام بەگشتی ئەوەبوو ئاینی ئیسلام وەك ئیمپراتۆریەکانی تر نەبوو هەر داگیرکەربێ، بەلکو خاوەنی پەیام و بەرنامەیەك بوو، پێویستی بەسوپایەکی زەبەلاح نەبوو بیکاتە پاسەوان لەسەر میللەتی داگیرکراو، بەلکو کە پەیامەکە دەگەیشت میللەتانی ناوچەکە خۆیان دەبونە خاوەنی، ئەگینا چۆن چەند هەزار نەفەرێك بەشی ئەو هەمو پانتاییەی جیهانی ئیسلامی ئەوسای دەکرد، نیشانەی داگیرکەریش یان تۆبزکار ئەوەیە بەماوەیەکی کەم دەردەکرێت و ئاسەواری سیاسی و عەسکەری و فکری فەرهەنگیشی دەبڕێتەوە.

بەشی کورد لەشارستانی ئیسلا م:

شارستانی ئیسلام مولکی کێیە؟ دەتوانین بلێین سەرەتایەکی مێژوویی سیاسی ڕاستەقینەی گەلانی ئیسلام لەوشارستانیە دەست پێدەکا، هەمو لایەك لەدروستکردنی مێژووی سیاسی و شارستانی و زانستی و فەرهەنگی ئیسلامی بەشدار بووینە، ئەوەی

---

[38] تاریخ طبری ج٥ص٦٠٩

ئێستا ـ لەدوای نووسینەوەی مێژوو لە سەردەمی ناشیۆنالیزمی ـ گەلانی غەیرە عەرەب بەبێ هۆیەکی مەنتیقی و زانستی تەسلیمی ئەوە بووینە کە شارستانی ئیسلامی مولکی عەرەبە، کەچی وانیە، نەك ئیسلام بەڵکو ئیمراتۆریەتەکانی تریش نابنە مولکی نەتەوەیەك، ئەگەر بە تەرازووی ئێستاش حوکم لەسەر مێژوو بکەین هەر ڕاست نیە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامیش ماوەیەکی کەم نەبێ لەدەست عەرەب نەبووە، زیاتر لەوەش ئیسلام و ئیمراتۆریەکانی تر نەبووە جۆرێك لە سێنتریالی ڕەگەزی، بەو مانایەی هەر نەتەوە یان بنەماڵەیەك سەردەستە بن لە ئیمپراتۆریەتەکەدا، بەڵکو وەك دەبینین دەسەڵاتی ئیسلامی دەست گۆڕی پێکراو کەوتە دەست فارسی(سەفەوی) و کورد (ئەیوبی)و تورکی (عوسمانی)..و گەلانی تریش وئەو دەسەڵاتە جیاجیایانەی خوارەوە دروست بووینە: راشدین لەمەکە(٦٣٢ ـ ٦٦١)، ئەمەوی دیمەشق(٦٦١ ـ ٧٤٩)، عەباسی بەغدا(٧٤٩ ـ ١٢٥٨)، عەبادیە لە ئشبیلیە(١٠٢٣ ـ ١٠٩١)، عامریە بلنسیە(١٠٢١ ـ ١٠٨٥)، ...مرابتون لە سەرووی ئەفریقا(١٠٥٦ ـ ١١٤٦)، فاتمی لە میسرو قەیردوان(٩٦٩ ـ ١١٧١)، ئەیوبی شام ومیسرو جزیرە(١١٧١ ـ ١٢٥٠)، مالیکی بحری(١٢٥٠ ـ ١٣٨٢)، مالکە شرکسیەکان(١٣٨٢ ـ ١٥١٧)، محمدعلی لەمیسر(١٨٠٥ ـ ١٩٥٢)، تاهیری لە خۆراسان (٨٢٠ ـ ٨٧٢)، سەقاریە لە فارس، سامانی لە تورکستان، سەلجوقی لە ئاسیا، زەنکیەکان لە شام و میزۆپۆتامیا، ئەرتەکی لە دیاربەکر، سۆران لە کوردستان، عوسمانی لە ئەورووپاوعەرەب، سەفەوی لە ئاسیا، ...غەزنەوی لە ئەفغانستان، گۆریەکان لە هند....[٣٩]، کەواتەمولکی یەك رەگەزو نەتەوە نەبوە، هەروەهاش شارستانی و میراتە زانستی و فەرهەنگیەکەشی، بەپێی (ابن خلدون) نەك زانستەکانی مێژوو کیمیاو فیزیا فەلسەفەو... تەنانەت زانایانی زمانناسی قورئانیش غەیرە عەرەب بووینە، ئەگەر کەمێك وردبینەوەلە مێژووی شارستانی عەرەب لەگەورەترین قەیران و قەلۆشی دایە، چونکە شارستانی ئیسلامی وەك ئیبن خەلدوون

[٣٩] ـ بۆ زیاتر بروانە: موسوعة العربیة المیسرة– المادة: دول الإسلامیة

دەڵێ: کەمی جێ پەنجەی عەرەبی تێدایە بۆیە عروبیەکان ویستویانە زاناو ناودارانی ئیسلامی تەعریب بکەن ونەکرا، قەیرانەکە لەوە دێت عروبیەکان دەیانەوێ ڕیشەیەك بە شارستانی عەرەب بەبێ ئیسلام بە خۆ بدەن، یان بەلای کەم پڕۆژەی عروبیەیان لەسەر میلاکی ڕۆژئاوا پۆلین نەکرێ وبلێن ئەوەتە مێژوومان هەیە، کەچی نیە، ئیتر ئەو مێژوە شارستانی ئیسلامە نەك عەرەب، شارستانی عەرەبی پەتی وڕاستەقینە لەدوای سەدەی ۲۰ دەست پێ دەکا ئەویش جێی شانازی نیە لە هیچ ڕوویەکی تکنۆلۆژی وسیاسی وفەرهەنگی وزانستی ..، عەیب نیە ئەگەر شارستانی ڕاستەقینەی عەرەب دەست نیشان بکەین زیاتر بریتی بێ لە مێژووی ڕەوەندی بەهەمو سەرخانیەکانیەوە، مێژووی دەسەڵاتی سیاسیش هەر ئەو قەیرانەی هەیە، زیاتر ژێر دەستە بووینە وخەڵکی تر حوکمی کردوون، تەنانەت تا ئەو دواییەش هەروەك لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی دەردەکەوێ لەویلایەتەکانی بەغداو بەسرەو شام[٤٠] وتەنانەت یەمەن[٤١] وجزیرەش کورد ڕۆڵی گرنگی بینیوە [٤٢]، زیاتر لەوەش وادیارە زمانی کوردی زاڵ بوە بەسەرزمانی تر بوویتە هۆی پاراستنیان، لە (الكورد والكوردستان في الوثائق البريطانية)هاتوە: ان اللغة الكوردية منتشرة بحيث تستخدم عند شعوب اخرى من الأرمن والأشوريين والعرب والسوريون[٤٣]، لەلایەن عرب توانیویانە بەسەرناوچەکانی شام ومیسر زاڵ بن کەچی نەتوانراوە زاڵ بن بەسەر زمانی کوردی[٤٤]، هەر لە خودی قورئان ولە مەوسوعەکان و زیاتر لەوانیش ابن خلدون ڕا ستەوخۆ عەرەب بە میللەتێکی دڕندەو نەفام و دوور لە شارستانی لە قەڵەم دەدا ئەگەر تەواو ئاوێتەی ئیسلام نەبن[٤٥]، بۆیەش کوردلەمێژوودا بە چاوێکی سوك ڕوانیتیە ئەو جۆرە

---

[٤٠]ـ بۆ زیاتر رۆلی کورد سەیری: العبر في خبر من غبر - الإمام الذهبي ص٤٨٧ ج٢ هەروەها(آثار البلاد وآخبار العباد- زكريا بن محمد بن محمود القزويني).. باس لە دەسەڵاتی کورد لە شام و موسل دەکەن

[٤١]ـ لە یەمەن باس لە(امرا الكورد)کراوە لە تیبت (باب الأكراد)هەبوو

[٤٢]بەلگەنامەی ژ:١٦١/٢/ ٧٣٠ CO بریتانی.. كان للكرد في العهد العثماني دورا مهما في ادارة ولاية بصرة وبغداد وموصل. هناك حاليا عدد كبير من الاداريين الكرد من العهد العثماني ومن ذوي الكفاءات الجيدة....

[٤٣] وليد حمدي- کوردوکوردستان فی الوثائق البريطانية ص١٥-١٧

[٤٤] ١٦١/٢ /٧٣٠ CO.... اللغة ينطق الكرد باللغة الكردية التي تعود الى اللغات الارية ولا تربطها شيء بالعربية ذات الاصل السامي. بينما استطاع العرب ان يفرضوا لغتهم على الشعوب الغير العربية في سوريا ومصر ومناطق اخرى فلم يستطيعوا ذلك في كردستان حيث لا زال الكرد والاثوريون والكلدان (ذوي الاصول الارامية) يتكلمون بلغاتهم الاصلية...

[٤٥]ـ بڕوانە: ابن خلدوون ـ مقدمة هەم لە: تاریخ ابن خلدوون زیاتر لە ١٠شوێن باس لەو ڕاستیانە دەکا،

عەرەبە، تا ئەو دواییەش هەروەك لەبەڵگەنامەجهانیەكان دەردەكەوێ [٤٦]، مەبەستی نەوەیە هەر كاتێك عروبەكەیان بخەنە پیش ئیسلام نەوا سەرگەردان وسوك بووینە كاری بەدەویان كردوە، بۆیە شارستانی ئیسلامی و شارستانی عەرەبی جودایە هەروەك شارستانی تورك و كورد وفارسی و میللەتانی تری ئیسلام لێك جیان، شارستانی نەتەوەیی لەدوای سەدەی (١٨) بە گشتی ولە جیهانی ئیسلامیش لەدوای سەدەی ١٩ - ٢٠ دەست پێدەكا و شارستانیەتێكی عەلمانیشە.

لەراستیدا لەو فەترەیەش چالاكی سیاسی و شارستانی و فەرهەنگی عەرەب جێی شانازی نیە، ناچار لەبەر قەلۆشی پەنا بۆ ئیسلام دەباو دەیەوێ بیكاتە پاڵپشت و رەگ و ریشەی خۆی، ئینجا تەقەلاّ دەدا صلاح الدین و تارق و زانایان و فەیلەسوفان و مێژووەكانی تریش خۆمالی بكا كە ناكرێ، لەسەردەمی شارستانی ئیسلام پارێزگاری فەلەستین و قودس كراوە، سەردەمی شارستانی ئیسلام بە سلبی و ئیجابیەوە مولكی هەمو لایەكە ناگەرێتەوە بۆ هیچ نەتەوەیەك.

دەسەلاّتەكانی كوردی:

هەر لەدوای هاتنی ئیسلام بنەمای (رضا) باڵی بە سەر هەمو پەیوەندیەكان كێشا، گەلێ جاریش دەسەلاّتدارە دێكتاتۆریەكانی خەلیفە و والیەكان لەسەر ئەود نەوەستاون زوڵمیان لە هەمو لایەك كردووە بە پێی دوورو نزیكی خەڵك لە مەڵبەندی خیلافەت، لەدوای راشیدین دوو دەسەلاّتی ئەمەوی و عەباسی دیكتاتۆری [٤٧] بووینە (جگە لە هەندێ فەترەیان نەبێ)، زیاتر لە هەموان زوڵمیان لەعەرەب خۆبەخۆ كردووە، وا باوە دەسەلاّتی ئەمەوی (كە هەردوو زاراوەی موالی و شعوبی لێ چەكەرەكرد) دەسەلاّتێكی عەرەبی پەتی بووبێ، بەلاّم (ابن خلدون) جوان تر وەسفیان دەكا دەلێ دەسەلاّتی دەمارگیری قورەیشی بووە لە بەرامبەر دژایەتی بنەماڵەی (ئالوبەیت)، لەو فەترە ناخۆشانەش ئەوەند

---

[٤٦] - الكتاب معنونة الى ر.جيب سليد ضابط الجناح دائرة استخبارات القوة الجوية الملكية البريطانية مقر القيادة، ذوبيان - الحركة القومية الكردية ...و ان الكرد ينظرون بعين الريبة و عدم الأحترام لكل الأوامر الصادرة من الحكومة المركزية التي تسيطر عليها العرب و ان الكرد ينظرون للعرب كما ننظر نحن في بريطانيا للزنوج السود و القادمين من افريقيا الوسطى...

[٤٧] بۆ مانای دیكتاتۆری بگەرێوە بۆ مەوسوعەی جودی

کاریگەریەکەی نەدەگەیشتە کوردستان، (تۆماس بوا)ش دەڵێ: ((بەدرێژایی تەمەنی خیلافەت کوردەکان سەربەخۆ بووینە، جگە لە هەندێ دۆخی تایبەتی و هێرشەکانی دەرەکی نەبێ))[٤٨]، ئەو دۆخانەش زیاتر لە سەردەمی ئەمەوی وعەباسی بوە و ئاوا لە کتێبی (الملل والنحل والاعراق) باس کراوە: ((فقد اکتفی معظم خلفاء في دولتين الأموية والعباسية الولاء من القبائل الكردية دون ممارسة حكم المباشر عليهم))[٤٩] دەڵێ: لەو ساتانەش تەنها میرە کوردەکان بە نامەیەك موالاتی خۆیان بۆ خەلیفە ناردووە و بەس، ئەگینا هەر خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بووینە، شێخ الاسلامی عوسمانلی (خواجە سەعەدین) لە (تاج التواریخ) دەڵێ: ((کورد هەر سەربەخۆ بووینە، ئەگەر ئەو کێشە ناوخۆییەیان نەبوایە ئەوا فارس و هەمو جیهان لێیان دەترسا)).

لەسەردەمی عوسمانیش چاکتر بووینە، لە نووسینەکانی محمد امین زکی بەگ هاتووە: ((حکومەتی عوسمانی بە واسیتەی دامەزراندنی بەعزێ حکومەتی مەحلی قەومی کوردی بە تەواوی لەخۆی ڕازی کردبوو))[٥٠]، ..هەمو ئەوانە لەگەل بۆچونەکەی بەیتار نوری دەرسیمی یەکدەگرێتەوە کەدەڵێ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە١٩٣٦ دەرسیم داگیرکرا، دوای هاتنی ئەتاتورك، ئەگیناکوردستان هەر سەربەخۆ بووە[٥١]، کوردستانیش وەك وڵاتی تریش لە مێژوویدا چەندین جار دوو چاری پەلامارە مەزنەکانی فارسی و ڕۆم و ئەرمەن و هیلنیستی و تەتەر و مەغۆل بووینەوە، بەڵام پانتایی هەرە فراوانی کوردستان لەمێژوودا سەربەخۆیی بووە، تەنانەت لەو کاتە تەنگانەشدا هەر لەمیللەتانی تری دەوروبەر بە بەرگری تر بووە، هەندێ جاریش دانوستانیان کردووە بەپارە سولحیان کردووە، هەندێ لە میرە ئاقڵەکانی کورد جاری وا بووە بانگی ڕاوێژکارانی کردووە پێی وتونە: ئەو شەڕەی ئێمە لەگەڵ (هۆلاکۆ وەك نموونە) چەندی تێدەچێ؟ ووتوویانە ئەو گوژمەیە، ووتوویەتی دەباشە بەناو بژیوان بڵێن با بەو پارەیە سولحمان لەگەل بکاو بڕۆن، هەڵبەتە زۆربەی ئەو ئیمڕاتۆرانەش مەبەستیان لە داگیرکردن زیاترئەوەبوو بگوترێ ئەوە پاشای فلان ناوچە سەری شۆڕ کرد، ئیدی هەروەك باسی هۆلاکۆمان کرد ئەوانە هەمو جیهانی ئاوەدانیان

---

[٤٨]- تأريخ الاكراد ص١٩١-١٩٣

[٤٩]- سعدالدين ابراهيم ص٢٧١

[٥٠]- خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان ل١٦١

[٥١]- دەرسیم لەمێژووی کوردستان... ل١٥

گرت، له کوردستان وردتر له شا ری هەولێر بەرگریەکی بێ وێنەی کرا بۆیە قایل بوو بەبڕی ١٠) میسقال زیو ناوچەکە بەجێ بهێلێ بەسولحەوە[52] زۆر جاریش دەسەلاتی کوردی پەڕیتەوە بۆ شام ومیسرو چەندین جار حوکمی بەغداشیان کردوە، هەمو ئەوانە یشانەی ئاستی بەرزی دەسەلاتی سیاسی کوردی بووە، تەنانەت لەدوا قۆناغیش ولەسەروبەری رووخانی عوسمانی ئەوراستیە بەدی دەکرێ هەرودك لەو بەلگەنامەی یە ڕوون تردەردەکەوێ[53]، بە کورتی بە پێی (مەردۆخی) لە دوای ئیسلام تا کۆتایی سەرجەم کورد خاوەنی ٦٤ دەولەت و میرنیشینی جیاجیا بووە، کەچی بە پێی (د سیار الجمیل) بەهەمو عەرەب سەرجەم خاوەنی (٦٣) دەولەت و میرنشین بووینە[54]، پەیوەندی کوردو عەرەب لە قازانجی کورد بوە زۆربەی جار عەشایرە عەرەبەکان چەکیان بۆ کورد هەلگرتوەو ناویان نرابوو(سواریچە)، یەکەم خراپەی عەرەب بەرامبەر کورد ئەوەبوولەسەرەتای سەدەی بیستەم کە ئیبراهیم میلی پاشا لە ١٩٠٨ ولەدوای یەك هەفتە لە ئینقلابەکەی ئیتحادولترقی شۆرشی کرد، ئەوەبوو عەرەبەکانی شەمەر کە پیشووتر جاشی کوردان بون، هەلگەرانەوەو بەگەر ئیتحادیە تۆرانیەکان کەوتن وپیکەوە ودك جاش هیرشیان کردە سەر شۆرشەکە[55]

---

[52]- نیکیتین- کورد کوردستان ل٣٠٢

[53]- FO ١٩٥/٢٣١٧ ملحق في تقرير السيد هيرد، ٣ كانون الثاني١٩٠٩ أقام النادي الكردي في الجامع الكبير حفلا كبيرا.... أن لهذا الاجتماع مغزى واضحا وهو ان النادي الكردي أقوى بكثير من فرع الاتحاد والترقي في ديار بكرالذي بدأيفقد الكثير من اتباعها هنا .وفي الخامس من هذا الشهر غادر حاجي مقصود بيك دياربكر متوجها الى مكة، وحسب المعلومات الموجودة عند روجيدشيان، هناك مؤتمر تعقد هناك لنقباء الاشراف في الامبراطورية العثمانية لمناقشة الاوضاع الجديدة في الدولة العثمانية. وحسب رأي روجيدشيان دروغومان (مترجم- القنصل الرسمي) أن النمو الكبير للحركة الكردية مؤخرا يعود الى عدم تحمس الكرد للنظام الجديد(اتحادوالترقى)، ليس هناك أي شك بأن الترويج للشريعة يرضي أكثرية الجماهير الكردية الجاهلة....

[54]- بروانە کتێبی(بقايا وجذور تكوين العربي الحديث) ص٤١٧

[55]- وثيقة رقم ٢ (مقتبس من كتاب بيشان اوغلو) حديث عارف أفندي برنجي زادة نائب دياربكر في المجلس الوطني التركي ١٩٠٨ عن حركة ابراهيم باشا الملي... تم تجميع حوالي ٣٥٠٠ جندي متطوع واحتياطي في ديرك للهجوم على ويرانشهر. كانت هذه القوة مشكلة من ٨٠٠ فارس حميدي التابع لكتيبة ٤٧ المؤلفة من أبناء عشيرة طي و٢٠٠ متطوع من الخيالة من عشيرة اضاور و٢٥٠٠ جندي من دياربكر وديرك...ولكن قامت القوات الحميدية لفصيل ٤٤ التابعة لعشيرة قرة قاج، والآلاف من المسلحين العرب من عشائر الشمر والعنزة الهجوم على ويرانشهر وحواليها بأمر من وزارة الحربية ونهبوا ممتلكاتها من الأغنام والحيوانات الأخرى. وفي اليوم التالي قامت قوات الاحتياط من ماردين ودياربكر اقدموا على نهب خيام اليزيدية المذكورة أعلاه والتحق بهم الكر د على امل الحصول على الغنائم...

دەسەڵاتی کوردی و عوسمانی:

بەشێکی زۆر دوو بەشی مێژوویی لە عوسمانی لێك جیاناکەنەوە، بەشی سەلتەنەت[٥٦] و بەشی خیلافەت، بۆیە دەبینین لە شیعرێکی (د فەرهاد پیربال) باسی (عوسمانە شەل)ی دەکرد وەك یەکەم خەلیفە، ڕاستیەکەی ئەوەیە لە سەرەتادا ئەو بنەماڵەی تەغرول بەگ لە دەست مەغۆلەکان ڕایانکردو لە کۆتایی سەدەی ١٣ ـ یان بە ووردتر ئیسماعیل بیشکچی لە کتێبی (النظام فی اناضول الشرقیة ص٣٥٢) دەڵێ: تورك لەسالی ١٢٠٨هاتن لە ئەنادۆل جێگیر بون، دوایی پەلامارەکانیان ڕوو لە ڕۆم بوو نەك میللەتە ئیسلامیەکان، دەسەڵاتیان دروست بوو بە (سەلتەنەت) گەیشتە سوڵتان سەلیم(١٥١٢ ـ ١٥٢٠) لەگەڵ کورد ڕێکەوت، بەوەوە توانی ناوچەکانی میزوپۆتامیا و شام و دوایش میسر لەسالی ١٥١٧بگرێ و لە قاهیرە بەیعەت[*] لە (موکل) دوا خەلیفەی عەباسی وەرگرێ و سەلتەنەتی عوسمانی لە سەردەستی سلیم یاوزلە ١٥١٦/٩/٢٩ بە فەرمی وەرچەرخا بۆخیلافەت، کەواتە ئەوەی ووتویەتی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (گریّ ی کورتیۆنە)[٥٧] ڕاستی وتوە، ئەوەی ئەو گرێیەی بە خۆشی یان بە ناخۆشی پێ نەکرێتەوە بونی لەو ناوچەیە وەك دەسەڵاتی ئیمپراتۆری نامێنێتەوە، بۆیە زۆربەی ئیمپراتۆرەکان ویستویانە لەگەل کورد ڕێکەوتنیان هەبێ، نەك جەنگ و ناخۆشی، هەر لە ڕاستیشدا کورد گرنگ بوە، ڤاسیلی نیکیتین (٣)کەسی لەمێژوو بەکاریگەر هەڵبژاردوە (ئەردەشێر، صلاح الدین، کریم خانی زەند) ئەوانەبەلای کەم دوانیان کوردن، فردۆسیش لە (شانامە)کەی دەڵێ ڕۆستەمی زال کورد بوە، بۆیە لەگەل کورد ڕێکەوتن کراوە لەگەڵ ئەوانی تر(وەك عەرەب بە نمونە) نەکراوە، پێش ئەوەی عوسمانی بێنە ناوچەکە هەمو

---

[٥٦] ـ هەریەکە لە: عوسمان غازی(١٣٥٩-١٣٨٩)، اورخان غازی (١٣٢٦-١٣٥٩)، مرادی یەکەم (١٣٥٩-١٣٨٩)، یلدرم بایزید (١٣٨٩-١٤٠٢)، محمد الجلبی (١٤٠٢-١٤٢١)، مرادی دوەم (١٤٢١-١٤٥١)، محمد الفاتح (١٤٥١-١٤٨١)، بایزید دوەم (١٤٨١-١٥١٢)، ئەمانە سولتان بوونە نەك خەلیفە، لە رۆژی ١٥١٦/٩/٢٩از سەلتەنەت وەرچەرخا بۆ خەلافەت لەسەردەستی سولتان سەلیم وبە یارمەتی شێخ ئیدریسی بدلیسی

[*] هە ر بۆیەش بەشێك لە یاساناس وفە فیقهە کا ن پێ یا ن وایە (بە یعە ت لە ئیسلا مدا) مە رجی پێنجەمی بوو ن بە دە وڵەتە.

[٥٧] ـ یۆ نا نیە کانن لە دوای ئە زموو نێکی دوور وو در ێژ لە سە ردە می ئە سکە ندەرەوە تا سە دەی (١٦) ئینجا گە یشتوونە ئەو ڕا ستیەو بلێن کرێ ی ڕۆ ژهە لا ت لە کو ردستا ن دە ست پێ دە کا، پێیان دەوت گرێی کۆرتیۆن.

ناوچەکە لەدەست کورد بووینە، ئینجا لە سەرکەوتنەکانی کورد بەسەرکردایەتی صلاح الدین پیرۆزبایی ودیاری لە لایەن سەلجوقی وعەشایەری عوسمانی ولای تر بۆ ناردوە، هەربۆیەش سەلجوقیەکانیش ڕێکەوتنیان لەگەل دەسەلاتی کورد کردوە، هەروەك ڕێکەوتن لەکەل عوسمانی کاریگەر بوە

ڕێکەوتنی بەدلیسی ــ سولتان:

ئەو ڕێکەوتنە لە ١٥١٤ لەنێوان (٢٣) میرنیشینی کوردی و سولتان سەلیم بە سەرپەرشتی[**] شێخ ئیدریسی بەدلیسی (گەورە پیاوی کورد) ئەنجام درا، هەرچەندە سولتان سەلیم کاغەزی سپی بۆ شیخ ئیدریس نارد وئەوی سەرپشك کرد هەرچی بۆ کورد ومیرنیشینەکان دەیانەوێ بۆیان بکا و خۆی بنوسی، بەلام شیخ ئیدریس ترسا لەوە ئەوەك سەربەخۆیی تەواو ببتە هۆی شەڕی برا کوژی[٥٨]، وای بەباش زانی ڕێکەوتنەکی چڕکراو لە (٥) مادە مۆر بکەن لەگەل سولتان[٥٩]، مادەی(١) بریتی بوو لە سەربەخۆیی تەواوی دەسەلاتی کوردی، مادەی (٢)بریتی بوو لە گوازتنەوەی دەسلاتیان بەمیرات، مادەکانی (٣) و (٤) بریتییە لە (دفاع المشترك) بەزمانی ئەو سەردەمە، مادەی (٥) بریتی بوو لە پشك ویارمەتی ئەو دەسەلاتانە لە (بیت المال)ی گشتی، دوای سولتان ٣ فەرمانی دەرکرد بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە، کەواتە ئە و ڕێکەوتنە بایەخێکی یاسایی سیاسی زۆر گرنگی هەبووە، بەداخەوە نووسەر و مێژوو نووسی کورد جار وایە بە سوکی هەلێدەسەنگێنی، کەچی خۆیان لەو سەردەمە هەرچی ڕێکەوتنامەیەکیان کردبێ لەگەل ولاتانی دەوروبەر لە دانوستانەکانیاندا نەگەیشتۆتە ئاستی ڕێکەوتنی سولتان وبدلیسی، سوڕەییا بەدرخان ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنەی لە نامەکەیدا لە کانوونی یەکەم ١٩١٨ بەناوی (کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد) بۆ بەریتانیا دەرخستوە، تیایدا باسی لەوە کردووە

(**)ـ دد بێ تێ بینی ئە و ڕێکە وتنە بکرێ چە ندە گر نگ بووە بۆ کو رد شیخ ئیدر یس لا یە ن نە بووە بە لکو لە ژێرسەرپەرشتیاری ئە و هە ردوو لاڕێکەوتن

[٥٨]ـ بڕوانە: شەرەفنامە ل٤٥٣، دەقی فەرمانی سولتانیش لەو بارەیەوە لە ل٤٥٥ هەیە

[٥٩]ـ دەقی ئەو خالانەی ڕێکەوتن لەکتێبەکانی: کوردو کوردستان فی الوثائق البریطانیة ــ د. ولید الحمدی، هەروەها: الکورد والدولة العثمانیة ص٣٦٩ هەیە.

که کورد بەئارەزووی خۆی ئەو ڕێکەوتنە چاکەیان لەگەڵ سەلیم مۆرکردووە[٦٠]، هەر ئەو ڕێکەوتنە بناغەی سیستەمی ویلایات و لامەرکەزی بۆ عوسمانی دارِشت و سەرجەم ٣٢ ویلایەتیان هەبوو، لەدواییەکەی کوردستان بەو ناو و ناوەڕۆکەوە بوو بە ئیالەت لەسەرووی ویلات، لەژێر سایەی ئەو ڕێکەوتنە (لەگەڵ هەورازو نشێویش)، تا سەرەتای سەدەی (١٩) بەردەوام بوو، لەراپۆرتی بەریتانی - کۆلۆنیل ئیفلینستۆن هاتووە و دەڵێ: ئەو ڕێکەوتنەی کوردو عوسمانی تا ساڵی ١٨٢٦ی خایاند، بووە هۆی دروست بونی ١١ ئیمارەتی تر[٦١]، دکمال مەزهەر هەمان ڕای هەیە دەڵێ: تا سولتان محمدی دووەم هات لەساڵی ١٨٢٦سیاسەتی نوێخوازی گرتە بەر و ئەو ڕێکەوتنە تێکچو[٦٢]، لە کتێبی (سیاسة البريطانية العظمى تجاه مستقبل كردستان ص٢٤) کە لە سەرچاوە جیهانیەکانی وەرگێڕاوەو دەڵێ: ئەو ڕێکەوتنە ٤سەدەی خایاندو کوردیش زۆر قازانجیان لێکرد، ڕاستیشە تا ئەزموونی عەلمانی بە فراوانی پەرِیەوە نێو عوسمانی لەسەرەتای سەدەی١٩ ئینجا ئەو ڕێکەوتنە تێك چوو، وردتر لە سەردەمی سوڵتان محمودو لە١٨٣٣دوەپیادەی سیستەمی مەرکەزیەتی کرد، ئینجا دەسەڵاتی سیاسی کورد(میری سۆران وبۆتان و..)کەوتنەژێر هەڕەشە، نەك هەر بۆ کورد (میرنشینی عەرەبی مونتەفەك لەخوارووی عیراقی ئێستا) وجەلیلی لە موسل و چەرکەس و هەتا میرنشینە تورکمانیەکانی ئەنادۆلیشیان لە١٨٣٠ بەدواوە لەناو برد، ئەوەش دەرکەوت کەزیاتر دەستی بەریتانیا بوو لەسەدەی ١٩تائەو لامرکزیە نەبێتە بە هێزی میلەتان ولە عوسمانی جیا بنەوەو نێچیرەکەی کەم بکا[٦٣]، لەوکاتەی کەدەسەڵاتی ئەوانەی لاواز دەکرد بەڵام بەریتانیاوفرنسا مەسیحیەکانی لبنانی بە هێز دەکرد، تا لەساڵی ١٨٦٤ز ئۆتۆنۆمی بۆ وەرگرتن، لە پێش تر پێشێلکاری سەربازی ومنافسەی دەسەڵاتی هەبوە لەلایەن هەردوولا، ئەوەی هەرە زدقە لە ڕووی یاساییی کە پێشێلی ئەو ڕێکەوتنە کرابێ لەلایەن عوسمانی بوە، لەو کاتە هات کە ڕێکەوتنی (کوچك کەینارچی) لە نێوان عوسمانی وروسی لە١٧٧٤/٧/٢١

٦٠- بڕوانە: بە لگە نا مە کا نی بر یتا نیا ژ: ٩٥/٦٠٨ دە قی نا مە کە ش کر اوە تە کوردی لە کیتبی: کو مە لە وڕێکخراوە کورد لە بە لگە نا مە ی وە زارەتی دە رە وەی بریتا نیا.

[٦١]- کەمال مەزهەر- کوردوکوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانی ل٢٢٢

[٦٢]- کوردوکوردستان ...ل٢٢٢

[٦٣]- بۆ پرسی مەرکەزیەت ویارمەتی بریتانیا بۆمەرکەزیایەتی عوسمانی ومەبەستەکانی بڕوانە کتێبی: سیاسة البريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان ص٣٧

مۆرکرا(پێك هاتبوو لە ٢٨ مادە)، لەمادەی(٣)باس لەمافی گەلانی ژێر دەستی ڕووسیاکردبوو، کەچی کوردلەوێ هەبون باسی مافیان نەکرابوو کە دەبوایە بە پێی هەردوومادەی (٣ و٤)ی ڕێکەوتنی بدلیس ـ سوڵتانی باس بکرانایە.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ(کرژی و خاویەکی زۆر) بەڵام فەترەیەکی زێرینی دەسەڵاتی کوردی بوو، کە ناکرێ ئەو بارودۆخە هەمو بدەینە پاڵ پیاوەتی سوڵتانەکانی عوسمانی، ڕاستیەکەی ئەوەیە زۆربەیان وەك سەرۆکەکانی تری دونیا بە(کوردیشەوە) حەزیان لە زاڵ بون و فراوان کردنی دەسەلات بووە، هەر یەکە بۆ ئەویتر لە دەرفەت و بۆسەبووە تا دەسەڵاتی ئەویتر لاواز بکاو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، لەو ڕووەوە دەکرێ ئەوەش ئاشکرا بکەین، کەمەرج نیە ئەو ڕێکەوتنەی بدلیسی سوڵتان لەلای عوسمانی پێشێل کرابێ، ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە یەکەم ڕووبەڕووبونەوە لەگەل دەسەڵاتی عوسمانی دەبینین دەسەڵاتی گیانپۆلاکانی شام بوو، کە کوردن، کەواتە ئەگەر بەو پێوانە لێك بدەینەوە لایەنی کوردیش هاوبەشە لە پێشێل کردنی ئەو ڕێکەوتنە، ئەوە پاکانە نیە بۆ چاوچنۆکی هەندێ خەلیفە، دەسەڵاتی عوسمانی گەلێ جار بە ناوو هەنجەتی جیا ویستویەتی کوردستان داگیر بکا، وەك ولاتانی عەرەبی و ئەورووپی تەواو نەیتوانیوە، بۆیە بە ڕێگەی تری ڕێکەوتن و سەربەخۆیی پێدان بووینە، هەروەك محمد امین زکی بەگیش دەڵێ: حکومەتی عوسمانی بە واسیتەی دامەزراندنی بەعزێ حکومەتی محەلی قەومی کوردی بە تەواوی لەخۆی ڕازی کردبوو[٦٤]، جار وایە ئەوەی مێژوو دەنووسێتەوە یان دەخوێنێتەوە دیمەنێکی بەهەڵە دروستدەکا، ویلایەتێك یان شارێك یان میرنشینێك دووچاری جەنگ و داگیرکردن بووە ئەوە هەمو کوردستان نەبووە، چەندین میرنشین لەوساتێدا سەربەخۆ بووە، هەروەك محمد ئەمین زەکی بەگیش دەلێ: دەسەڵاتەکانی کوردی زیاتر کۆمەلایەتی بووینە بەناوی نەتەوەیی و کوردستانی نەبووە، بۆیە ڕەنگە کە لە یەکێکیان قەومایێ دلخۆشی ئەویتر بووە، بنەمای (مصائب القوم عند قوم الفوا ئد) پەیڕەو کراوە، ئەوە تەنها لە نێو کورد نەبوو، مێژووی هەر میللەتێك هەڵدەیتەوە هەمان شێوازەو ئەو گلەییانەشیان لێدەکرێ لەلایەن نەوەکانی سەردەم، تورك و عەرە ب لە هەموان زیاتر گلەیان لە مێژوو هەیە و گوایە دەسەڵاتەکان هەر بەناو عوسمانی بووە ئەگینا کورد و چەرکەسی و خەڵکی

[٦٤] ـ خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان ل١٦١

تر دەسەڵاتدار بووینە و تورك تەنها خزمەتكاریان بووە، عەرەبیش ئاوا دەدوێن، بەڵام سەرجەم دەسەڵاتی كوردی بەو ناوە ڕەنگە لە هەموان زیاتر گەشە سەندووتر بێ پەیوەست بە نیشتمان و گەل (لەڕووی یاساییەوە) تووندتوڵ تربووە، بەم شێوەیە:

١ دەسەڵاتەكانی كوردی ئاستی بەرزبووە تائاستی دەوڵەت، بە هەڵە بە هەندێكیان ووتراوە میرنیشین، چونكە كۆڵەگەكانی یاسایی دەوڵەتی تێدا بووە وەك: هەرێم، گەل، دەسەڵاتی سیاسی. ئینجا لە ڕووی یاسایشەوە خاوەنی (شەخیسەتی قانونی) بووینە مادام لەگەل دەوروبەر و پەیوەندی دوەلیەود ڕێكەوتن تەعامولی سیاسی و ئابووریان كردووە.

٢ بەشی زۆری ئەو دەسەڵاتانە ئاڵای سەربەخۆ و جیا لە ئاڵای عوسمانیان هەبووە، هەروەها لە نوێژی هەینی دوعا بۆ میری كورد كراوە نەك خەلیفە، ئەو دوو رەهەندە لەو سەردەمی مانای سیاسی و یاسایی خۆی هەبووە، مەسەلەی ئاڵاو دوعای ڕۆژی هەینی زۆرگرنگ بووە بۆ سەربەخۆیی وەكلەمادەی(٧)دەستوری عوسمانیش واهاتوە[٦٥]

٣. سكەو پارەی تایبەتی خۆشیان هەبووە[٦٦]، دەستوری سەربەخۆ بەپێی مەزهەب و فتوای ئاینی خۆیان كە شافیعین جودا لەگەڵ مەزهەب حەنەفی عوسمانی كاریان كردووە.

سەرەتای كێشەی كورد(*) :

بەشێكی زۆر بە پێی واقیعی ئێستا دەڕوانێتە ڕووداوەكانی مێژوو و ئەو هەمو پەلامار و ناكۆكیانەی كە لەگەڵ عوسمانی و عەباسی و ئەمەوی و لایەنەكانی تر بە ناكۆكی نەتەوەیی گوزارش دەكا، ئەوەش ڕەنگی داوەتەوە سەر هەڵوێستی سیاسی و نووسین و ناوەڕۆكی مێژوو..باقی چالاكیەكانی ئەو سەردەمە ـ واتە لەدوای سەدەی

---

[٦٥] دەستوری عوسمانی لە ١١٩مادە پێك هاتبوو بەناوی (مشروطیة)

[٦٦] ـ ئەو دەوڵەت ومیرنشینانەی تا سەدەی ٨ سكەو پارەی خۆیان هەبوە بریتی بوونە لە:هەولێر، ئامەد، بدلیس، جزیرە، حسن كێف، ئەفلات، سنجار، ئاكرێ، ئامێدی، وان، ...سەرچاوە: كوردستان فی القرن الثامن الهجری

(*) یاساناسان پێیان باش نیە زاراوەی (كێشە ی كورد) بە كار بهێنری، چونكە كورد كێشە نەبووە، بەڵكو كێشەیان بۆ كورد دروستكردووە، بۆیە واچاكە دۆزی كورد بەكاربهێنری بەڵام هەر بۆ ئاسانایی تێگەیشتن بەردەوام دەبین لە سەر ئەو وشەیە

بیستەم تا ئێستا ـ، کەچی ڕاستیەکەی وانیە، وەك نەدوایی زیاتر دەردەکەوێ کە ئەو ڕووداوانە (شانازی یان شەرمەزاری) بە ئاڕاستەی پاڵنەری نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو زیاتر گوزارش بووە لە: دەسەڵات پارێزی، ململانێی شەڕە دەسەڵات، پاڵنەری ئیمپراتۆریەتی و زاڵ بون، ململانێی چینایەتی و هەندێ جار ئاینی و تائیفی و ڕەنگە خۆی لەقەرەی ناوچەگەریش دابێ بەڵام نەچوویتە قالبی نەتەوایەتی، تەنانەت گەلێ جار سنوری عەشایریشی بڕیە، هۆیەکەش سادەیە ئەوەیە لەو سەردەمی باسی خواسی لە نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتی و ئینتمای نەتەوایەتی و بیرو ئایدیۆلۆژیایی نەتەوایەتی نەبووە، بۆ هەمو لایەك نەك تەنها کورد. بۆیە پێویستە لە سەرەتا بە کورتی هە لۆەستەیەك بکەین لەسەر سەرهەڵدانی نەتەوەیی لەئەورپا ئینجا لەجیها نی ئیسلامی.

سەرهەڵدانی نەتەوەیی لەئەورپا:

جاران وەڵامی ئەوپرسیارە ستونیەی (تۆکێیت؟) ئۆتۆماتیکی ئەوە بوو من فلانە عەشیرەتم، بۆیە دەڵێین پرسیارە ستونیە ئەگینا پرسیاری ئاسۆیش هەبوو لە شێوەی تۆچی؟ من مسیحیم یان ئیسلامم، تۆخەڵکی کوێی ئەوکۆمەڵە پرسیارەی ڕوو لە ح.یونس دەکرێ کە لە (تە ورات ـ یۆنان تهرب الی تریشش) هاتووە: ماهو عملك؟ ومن این اتیت؟ ماهو أرضك؟ ومن أی شعب أنت؟ وانەزانن (شعب) لەگەڵ ئەو مانایەی ئێستایتی بەڵکو لەوەڵامدا دەڵێ: من عبرانیم، فقالت لهم: انا عبرانی)[٦٧]، بەهەمان شێوە(یا قوم) لە قورئان لەگەڵ مانای ئەو(قەوم)ی ئێستای نییە، مانای (قەوم) لەپێش ئیسلام و لەناو قورئان و لە دوای ئیسلام لەو سەردەمە لێك جیایە[٦٨] بەو شێوەیە تۆ کێیت، چیت، لەکوێ، وەڵامی جیاجیای خۆی هەبووە، ئەوەی لێرە مەبەستمانە(تۆ کێیت) لەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا لێك جیایە، ئێستا دەڵێ: من فلانە نەتەوەم، وا خەریکە ئەوەش لەژێر سایەی عەولەمە بگۆڕێ، کەواتە لە ئەورووپاش ئینتیمای ستونی تاك زیاتر بە بنەماڵە وعەشیرەت بووە، ناوی نەتەوە نەبووە، وا دیارە ئەوەش پاساو و بارودۆخی خۆی هەیە، سەردەم لە پێدانی ناسنامەی وا بەرپرسیارە، ئەو سەردەم بواری چالاکی مرۆڤ زۆر تەسك

---

[٦٧] ـ بڕوانە: الکتاب المقدس ـ دار الکتب المقدسة بمصر ـ ط ٢٠٠٢ـ ص ٦٤٩(یۆنان مەبەستی یونسە).
[٦٨] ـ بڕوانە: راغب الاصفهانی، یان لسان العرب، ما هو القوم.

بوو، پێوستی بە ناسنامەیەکی فراوانتر لەعەشیرەت نـەبوو، بۆیـە ئینتیمـای نەتەوایـەتی نووستببوو، تا کۆمەڵێك گۆڕانکاری گرنگ هاتە کایـەوە لـەژێرخانی کۆمەڵگـە و سـنوری چالاکی تاکیش فراوان تر بوو، ئینجـا ئـەو ئینتیمایـە وروژاو بـەرە بـەرە سـەری هەڵـدا، وەرچەخانی ئینتمای تاك لە عەشیرەتەوە بۆ نەتەوایـەتی کۆمـەڵێك گۆڕانکـاری ڕیـشەیی لەگەڵ خۆی راپێچا، بەکورتی بەوشێوەیە:

١ لـە ڕووی فکریـەوە ـ ئینتیمـای ئایـدیۆلۆژی شـان بـە شـانی ئینتمـای ئـاینی هاتەکایەوە، ڕێبازی فەلسەفی مادیش بە تەنیشت ڕێبازی میسالی سەری هەڵدا.

٢ لەڕووی سیاسی ـ سەرهەڵدانی ڕاڕەوی میکـافیلی سیاسـی، دیمـوکراتی لـەجیاتی سیوکراتی، ئیمراتۆریش بەرەو کۆماری وەچەرخا.

٣. لە ڕووی ئابووری ـ سەرمایەداری لەناو جەرگەی دەرەبەگی سـەری هەڵدا، هـەروەها پیشەسازیش لەناو کشتوکاڵ ئەوەیش بووە هۆی گۆ ڕانی گرنگ لە گوندەوە بـۆ شـار، لـە ڕەوەندەوە بۆ شارستانی... ئیتر سەرهەڵدانی بەرژەوەندی تا ییەتی و چینایەتی.

٤. لە ڕووی کۆمەلایەتی: ئینتیمای عەشیرەتی وەرچارەخا بـۆ ئینتیمـای نەتەوایـەتی چینی ئاغەش وەرجەرخا بۆ بورجوازی شار، چینی کرێکاریش پەیدا بـوو شـان بـە شـانی چینی جووتیار.

٥. لەڕووی یاساییەوە لەجیاتی کارکردن بە نەریت کارکرا بەیاسا، شریعەت و ئـاینیش بۆ دەستور، ئەنجوومەنی کێشەکانیش بۆ پەرلەمان، لـە دەسـەلاتی ئـاینی بـۆ دەسـەلاتی یاسا.

٦. لە رووی ئاینییەوە: دەسەلاتی ئاینی بەتەواوی وەرچەرخا بۆ دەسەلاتی عەلمانی.

هەمو ئەوانە بنەماو زەمینەی وەچارخانی ئینتیمای عەشیرەتی وەرچەرخان بۆ ئینتمـاو سەرهەلدانی نەتەوایەتی.

ئەو گۆڕانکاریانە بە بڕیارو ڕێککەوتن نەبوو بۆ هێنانە دی نەتەوایـەتی، بـەڵکو ئـەوە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگەبوو، هەریەکە لـەو گۆڕانکاریانـەش چیرۆك و بەسـەرهاتی دوورو درێژی خۆی هەیە بەدەر دەبێ لە ڕەوتی بابەتەکەمان، بەلام ئـەو بەشـەی کـە ڕاسـتەوخۆ کاریگەری لەسەر هەبووە هەڵوەستەیەکی لەسەر دەکەین:

جاران ئەوروپاش وەك جیهان دابەش ببوو بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکان ڕێککەوتبون لەگەڵ کەنیسە، ئاینی مەسحیش وەك ئیسلام (تەبشیریە) و (ئومەمیە) قەتیس نامێنی لەناو یەك میللەت و بە میرات بۆیان بمێنێتەوە وەك یەهودی، بۆیە بە زەحمەت نەتەوایەتی لەفەزای وا سەرهەڵدەدا، هەر دەبێ ئەو دەسەڵاتەی لاواز بێت ئینجا نۆرەی دێت، لەو بارەیەوە چەند بۆچوونێکی جیا جیا هەیە بۆسەرەتای چەکەرەبونی نەتەوایەتی، ئەوەی بە زۆری دەگۆترێ ئەوەیە کە لەدوای میراتی شارلمان لە(پەیماننامەی فیردانی ٨٤٣ز)* بۆ کورەکانی دۆخی تایبەتی و ناوچەی تایبەتی دروستبوو، بەڵام نەبووە نەریتێك، تا لە ڕێکەوتنامە بەناو بانگەی (ویستیڤالیا- ئوکتوبر ١٦٤٨) ئەو دۆخە بە تەواوی هاتەدی، لە ڕاستیدا زۆربەی چەمکە هاوچەرخەکانی وەك دەوڵەت، دەستور، عەلمانیەت، نەتەوایەتی، بۆ ویستیڤالیا دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی جەنگێکی ئاینی و تایفی ٣٠ ساڵە لە نێوا ن ئیسپانیا و هۆلندا و ئەلمانیا(*) لەسەر خاکی ئەڵمانیا کرا تیایدا دان بە سەربەخۆیی ئەو لایەنانە نرا و ئازادی ئاینی بە کاثولیك و پرۆتستان و کالفنی[٦٩] کرا و خاکیش بەپێی تایبەتمەندی دابەشکرا[٧٠]

لە دوای ئەوە هەریەکە و بارودۆخ ڕەوتێکی تایبەتی بەخۆی وەرگرت، کنێسە ئەو ڕۆڵە مەرکەزیەی نەما هەر تەنها لەسەر خاکی ئەڵمانیای ئێستا بەدەیان کیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیدا بوو بەپێی کتێبی (معجم الحروب) (١٣٠٠). میرنیشینی بچوك پەیدا بووە، ئەو چوار دەوڵەتەش بەرجەستەبون: بەریتانیا، فەرەنسا، هۆلەندا، ئیسپانیا، لەو قۆناغەدا بارودۆخ و کیانی تایبەتی دروست بووە، هەریەکە لە شۆڕشی فرنسی ١٧٨٩و هەڵمەتەکانی ناپلیۆن لەلایەك یەکخستەوەی ئەو هەمو پارچە پارچەییەی ئەڵمانیا لە ساڵی١٨٧١لەلایەن (بسمارك)ەوە هاتنە کایەی ئەڵمانیا بەبەردی بناغەی سەرهەڵدانی نەتەوەیی دادەنرێ، هەروەك ئیتالیاش لە١٨٦١لەسەر دەستی (مازینی)، هەڵبەتە ئەو هەنگاوانەش بەرەبەرە دەسەڵاتی کنێسەی پاشەکشێی پێ دەکردو دەوڵەت و دەسەڵاتی

---

*- ئەو پەیماننامەیە لە ٨٤٣ی ز کرا مەملەکەتی ئەوروپا بەسەر کورەکانی شارلمان(لۆسەر، لۆدفیز، شارل) دابەش کرا.

(*) - دەبێ ئاگادارین ناوی ئەو وڵاتانە دەهێنین ئەوکاتی نەبرینە بۆ ساناییی ئەو هەڵمیەدەڕۆین.

[٦٩] - ڕیبازێکی تایبەتی نێو مەسیحیەتە (جون کالفن ١٥٠٩-١٥٦٤)باوەری وایە سیاسەت وئاینی مەسیحی لیك جیا نیە، بیرو راکانی لە کتێبێك بە ناوی(أنظمة الدين المسيحي) دان بەدەسەڵاتی پاپا ناهێنی ودیەوێ کتاب المقدس چۆنە ناوای بیادە بکا

[٧٠] - بڕوانە: ویل دیورات - قصة الحضارة - ج ٣ ص ٥٣٠

نەتەوەیی جێی دەگرتەوە، تا وای لێهات کنێسە قەتیس ماوە لە وڵاتێك بەناوی فاتیکان رووبەرەکەی ١کم گەلەکەش ١٠٠٠ نەفەر پایتەختی رۆما، بەپێی رێکەوتنێکی زۆر سەیر لە نێوان مۆسۆلینی و پاپا لە ١٩٢٩ کرا بەم شێوەیە: مرۆڤ تا کۆرپەلەیە لە سکی دایکی ئەوا هەر ئیش و کارێکی پێویست بوو لە ئەستۆی کنیسەو پیاوانی ئاینی بیت، هەر لەدایك بوو لە ئەستۆی مۆسۆلینی بیت تامردنی، ئەو کاتی تەرمەکەی تەسلیمی کنیسە بکرێتەوە تا قیامەت[*]، بەو شێوەیە وڵاتانی ئەوروپا لەسەر بنچینەی ئاین کۆتایی هات و کەوتە سەر بنچینەی نەتەوایەتی.

نەتەوایەتی و نیشتمانی (Nationalize & patriotic)

نەتەوایەتی لەئەوریا جیاکاریەکی هەبوو زیاد لە رادەی خۆی تێکەڵ بە نیشتمانی بوو، نەتەوایەتی مانای پەیوەستی هاوخوێنی، نیشتمانی مانای پەیوەستی هاوڵاتی، بەڵام سەرەتای هەردووکیان نەتەوایەتیە، هەر یەکە لە هیگل، نیتچە لە (ئەڵمانیا) گۆبینۆ، شامپرلن، مازینی ئیتاڵیا چەمکێ شۆفینی لە فەرەنساو دوای چەمکەکانی فاشی لەئیتاڵیا، نازی لەئەلمانیا، فالنژیسی لە ئیسپانیا، زیاتر بیرۆکەی نەتەوایەتیان گەیاندە ترۆك وگەرانەوە، بەڵام زۆر وڵاتی تریش لەسەر بنچینەی نیشتمانی دروست بون، بەشێکیش لە چەند نەتەوەو کەمایەتی ورەگەزی دروستبون لەسەرەتادا دوای بەهۆی پەیرەوی دیموکراسی تەوافوقی وەرچەرخا بۆ نیشتمانی وچەمکی (هاوڵاتی دەستوری)، لەوانە: لەنەمسا، بلجیکا، هولندا جاران[٧١]، بێجگە لە ئەزمونەکانی چیکۆسلۆڤاکیاو قوبرس ولبنان وعیراقی نوێ تا رادەیەك ئیماراتی عەرەبیش، یەکەم روو بەروو بونەوەی نەتەوایەتی(ناشیۆنالیزم) لەگەڵ نیشتمانی لە شۆرشی ئەمریکا ١٧٧٦دروست بوو، چونکە ئەو شۆرشە لەسەر بنچینەی نیشتمانی لێك جیا دروست بوو، ئەگینا شۆرشگێرانی ئەمەریکی و داگیرکەرانی بەریتانی یەك نەتەوە (ئینگلیز) بون، بەسەرکەوتنی ئەمریکاو دامەزراندنی دەوڵەت زیاتر بیرۆکەی دەوڵەتی نیشتمانی بەرجەستە کرد، بەرە بەرە لەگەڵ

[*]ـ ئەو رێکەوتنەیە موسولینی ـ پاپا بەناوبانگە، وەك دوویرا کەرێك کەوتن لەسەر بەشکردنی ماڵی و گەورە، کە بەبرا بچووکەی ووت خۆم دەغە وردەکەم لەبەر خاتری تۆ، باماڵەکە لەزەمینەوە تاسەریان بۆمن بێت و لەسەر بانیش تاناسمان بۆتۆ بێ هەڵبەتە لەنیوان عەلمانی و ئیسلامی کوردستانیش تارادیەکی زۆر بەرێکەوتنی مووسولینی پاپادەچێت.

[٧١]ـ بروانە: الديمقراطية التوافقية في المجتمع متعدد ـ ارنت ليبهارت ص١٢

ـكـتی تیۆرەکانی فاشی و نازی زیاتر ولاّتانی ئەوروپا دەولـەتی نیـشتمانیان پـەیڕەوکردو چەمکی (هاونیشتمان)ی گرتەوە لەدەسـتور و ئـەزمونێکی سـەرکەوتوتری دا بەدەسـت و جێگەی کەمایەتی جیاجیاش لە ولاّتا بوودوە، تـاوای لێهـات دەولـەت لەسـەر بنـچینەی ـەرژەوەندیّ هاوبەش ببیّ، هەرچەندە وەك باوە دەوتریّ ئەلّمانیا لەسەر بنچینەی ڕەچـەلّەك ـروست بووە، فەرەنسا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبـەش، ئیتالیـا لەسـەر بنـچینەی ـیشتمانی هاوبەش.

ـەدوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم ١٩١٤ ـ ١٩١٨ چـوار ئیمپراتۆریـەتی (ئـەلّمانیا، ـەمـسا، ڕوسیا، عوسمانی) وەرچەرخان بۆ کۆماری و دەولّەتی نەتـەوەیی نیـشتمانی، بـەو ـێوەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم هەمو ئەوروپا بونە دەولّەتی هاوچەرخ (نیشتمانی یـان ـەتەوەیی)، ئەوەی گرنگ بوو لە وەرچەرخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمـانی بـوو بـۆ تورکیـای ـوێ، دەولّەتی نیشتمانی لیّ دروست نەبوو، بەلّکو دەولّەتی نەتەوەیی لیّ دروست بوو، یان ووردو دروستتر بلّێین: لێی دروست کرا، ئەوەش بەشێکی تـری کاریگـەری گرنگـی بەسـەر ـەرهەلّدانی بیری نەتەوایەتی کوردە.

بیری نەتەوایەتی تورکی:

لە بنەچەدا عوسمانیەکان خەلّکی ناوەڕاستی ئاسیا بون لەدەست مەغۆلەکان هەلاّتن بۆ ناوچەکانی ئەنادۆلّ، لەویّ خۆیان قایم کردو کەمتر ڕووی شەڕیان لەلای جیهانی ئیـسلامی بوو، بەلّکو زیاتر ڕوو لە هێزەکانی ڕۆم بوو، بەو شـێوەیە سـەلّتەنەتی عوسمـانی دروسـت بوو، لە دوای ڕێکەوتنی شێخ ئیدریسی بـدلیس و سـولّتان سـەلیم لـە ١٥١٤بـووە هـۆی ئەوەی لە جەنگی چالّدێران سەرکەویّ و دوایش ناوچەکانی عەرەبیش گرتـەوە تـا قـاهیرە، (خەلیفە متوکل)ی عەباسی هەلاّتبووە ئـەویّ ، متوکـل بەیعـەتی بەسـولّتانی عوسمـانی (سـلیم) داو ئـیتر سـەلتەنەتی عوسمـانی گواسـترایەوە بۆخیلافـەت، عوسمـانیش وەك ئیمپراتۆریەکانی تر بۆ پارێزگاری لە دەسەلاّتەکەی خـۆی تونـد بـووە، جـار وابـووە بـرای خۆیان کوشتووە[٧٢]، چاکو خراپەیان هەبووە شەڕو شـۆڕیان هـەبووە، پـەلاماری دەسـەلاّتی

[٧٢] ـ قتل بايزيد الأول (١٣٨٩-١٤٠٣) أخاه الأصغر وابنه في سبيل ذلك، ومحمد الأول (١٤٠٣-١٤٢١) قتل أخوته الأربعة، ومراد الثاني (١٤٢١-١٤٥١) قتل أخاه وعمه، ومحمد الثاني (١٤٥٠-١٤١١) قتل أخاه الرضيع، وسليم باوز (١٥١٢-١٥٢٠) قتل خمسة من أولاد أخوانه

دەورو بەریان داوە، بنچینەو پێوە نەوە بووە کەس لەوان سەردارتر نەبێ، بۆیە هەروەك بەگژ ڕۆم وفارس داچووینە بەگژ کوردو عەرەب هەتا تورکیش چووینە، بەڵام ئەوەی نەگۆڕو ڕوونە عوسمانی لە سەرتاوە تا ئەو ڕۆژەی ڕووخان لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی و تورك تۆرانی کاری نەکردووە، بۆسەلماندن ودۆزینەوەی ئەوڕاستیەش چەند بەڵگەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنین، لەوانە:

١ چالاکیە سەربازیەکانیان ڕوو لە ئەوروپاو نێو وڵاتانی عەرەب بووە بەلای نەتەوەکەی خۆی دانەچووە، کە لە ناوەڕاستی ئاسیا بووەو بریتین لە مەغول وتەتەرو ئازەرو قرغیزوئۆزبەگ وتاجیك و.. بۆیە نەخشەی عوسمانی نەك هەر جووت نەدەبوو لەگەڵ نەخشەی توخمی تورك بەڵکو زۆر لێك دووربوون.، سەرەنجام وەك (B ــ ـ G ancyclobildia)گۆتەنی دەوڵەتی نەتەوەیی بریتییە لەجوتبونی سنوری نەتەوەی بە نیشتمانیەکەی، کەچی دەبینین سنوری وڵاتی عوسمانی نەك هەر جووت بە نیشتمانی تۆرك (تۆران) نەبوو بەڵکو زۆر لێی دوور بوو.

٢. ئائەو ساتەش هیچ بەڵگەنامەیەکی عوسمانی نەدۆزراتەوە لە باس وخواسی تورك و تورکمان و قیرغیزو ئۆزبەك و ئازەری پێچابێتەوە، یان لەبارەی تورکمانی کوردستانی کۆلیبێتەوە، خەڵکێکی زۆر وا تێگەیشتوە بونی تورکمان لە کوردستان و ئەو هەمو ناوە تورکمانیانەی کوردستان بۆعوسمانی دەگەڕێتەوە، کەچی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەلمەتەکانی تەتەرو مەغۆل و تورکمان و سەلجوق و ماوەی سالێکیش دەستیان بەسەر هەمو کوردستان و ناوچەکەداگرت، ئەو ناو و(بونی خودی تورکمانیش لە کوردستان) بۆ ئەو سەردەم دەگەڕێتەوە نەك عوسمانی.

٣. بە پێچەوانەی گومانی خالی ٣٢ تورك لەناو کورد تواینەوە، لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی ڕەگەز و نەتەوەی تر لەناو کورد دەتوایەوە، هەروەك (تۆماس بوا) لە ل١٩٧ کتێبی (تأریخ الأکراد) و ڕاپۆرتی لیژنەی (تەحکیمی موصڵ ص١٤٨) هاتوە:

وأخوين، وسليمان القانوني (١٥٢٠-١٥٦٦) قتل بعض أولاده وبعض أحفاده بدسيسة زوجته، ومراد الثالث (١٥٧٤-١٥٩٥) قتل اخوانه الخمسة، ومحمد الثالث (١٥٩٦-١٦٠٣) قتل (١٩) أخا له خنقا قبل دفن أبيه، وعثمان الثاني (١٦١٨-١٦٢٢) قتل أخاه.. وبعضهم خلع وقتل...(الدولة العلية العثمانية- ص٧٧٧)

تورك و عەرەب و ڕەگەزەكانی تر هاتوونە ئەناو كورد توانیەنەوە، هەروەهالـە ڕاپۆرتـەكانی بەریتانیش ئەوە دەردەخا، كە لەسەردەمی عوسمانی تورك لەناو كورد توانیەنەوە[٧٣]

٤. لە كاتی ململانێی سـەفەوی و عوسمانی توركمانی كوردسـتان وعێـراق و(جگـە لـە تەنەعفەر)زیاتر لای سـەفەوی گرت، ئەو دیاردەیە توركمـان و ئازەرەكـانی ئازدربێجـانیش دەگرێتەوە، باقی توركەكانی ناوەڕاستی ئاسیاش ئەگـەر زیـاتر بـەلای سـەفەوی نـەبووبن بێلایەن بون، ئەویش بەڵگـەی هەرەگـەورەی ئەوەیـە مـل ملانێـی ئەوسـەردەم (رەگـەزی ونەتەوەیی) نەبووە.

٥. لەو شەڕو شۆڕنەی دەكرا لە چوارچێوەی یەكەم یاخی بون لـە عوسمـانی بنەماڵـەی گیان پۆلایەكانی شام بون، دووەمیان توركی ئەنقەرە بە ئەمیرایـەتی (قەلەنـدەر ئۆغلـو)، ئینجا دروزو [٧٤]، لێرە دەردەكەوێ ئەو یـاخی بونانـە (یـان ڕاپەڕینـانـە) پەیوەنـدی بـە نەتەوەیی نەبوە، بەهەمان شێوەش لە بەرپا كردنی سیستەمی مەركەزیـەت لەناوەڕاسـتی سەدەی١٩چۆن میرنشینی كورد كۆتایی پێ هێنرا ئاواش میرنشینە توركەكان لە ئەنادۆل.

٦ لەدائیرەی ڕەگەزنامەی عوسمانی ناوی نەتـەوە نەدەنووسـرا، بـەڵكو نـاوی ئـایین و شوێن دەنوسرا، بۆیە كەس كەسی نەدەناسی لەسەر بنچینەی ڕەگەزی و نەتەوەیی، یەكـەم جارلە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئیتحـادولترقی بەرامبـەر هـەر ئەفـسەرێكی غـەیرە تـورك هیمایەكیان بەرامبەر دادەنا(ع) بۆ عەرەب، (ك)بۆ كورد..

٧. لەنێو دام و دەزگای عوسمانی ڕەگەزی تـورك جێـی شـانازی نـەبوو، زیـاتر مانـای گێلایەتی و بێ ئیدراكی دەدا (بڕوانە: محاضـرات في نـشوء القـو میـة ـ سـاطع العـصری، هەروەها دراسات فی الحركة الكوردیة المعاصرة – د.عثمان علي ")لە ڕاپـۆرتی ویلایـەتی موسڵیش باس لە ڕەچەلەكی تورك دەكا بە كرێگرتەی عەباسـیەكان وئـیتر ئـەوەی هـاتوە وەك جەرمانەكان بەكرێی گرتون، دەڵێت: بۆیە لە نێو عوسمانی كە ناوی تورك دەهات وەك

---

[٧٣]ـ تقرير المفتش العام الأول حول الأوضاع السياسـية الداخلية في ولاية دياربكر، بتليس، وان، هكاري، موش، و ماردين، و ورفة و سعرد - FO. ٣٧١/١٢٢٥٥ يمكن ان نستنتج بان سكان المنطقة تصنف الى صنفين. الصنف الأول هم الكرد ، و الصنف الثاني هم الأتراك الذين حسب المصادر و الوثائق التاريخية المتوفرة فقدوا هويتهم القومية و تكردوا.

رغم ان هذا التمييز هو مهم جدا في عملية بناء المشروع القومي و لكن ليس هناك بيانات محدودة عن نسبة الكرد و الترك المتأكردين ضمن ٧٦٥٠ انسان الذين عرفوا انفسهم كاكراد...و استنادا الى احصائيات نفوس عام ١٩٢٧ كان هناك ١٢٥٠٢٧٤ كردي في ٥٣ ولاية في تركية. ان اتراك الذين كانوا في السابق ينتقلون الى المناطق الداخلية في تركية و يعيشون هناك و(معروفين) كالترك يسجلون ككرد.

[٧٤]ـ بروانه: الدولة العثمانية-عوامل النهوض واسباب السقوط ص٢٧٧

گەمژەو غەشیم سەیر دەکرا تا ١٩٠ لەسەر دەستی (بزوتنەوەی عموم الترك[*]) بونە جێی شانازی[٧٥]، بۆیە کەمتر تورك لە پایەی دەوڵەتی عوسمانی بو زیاتر سەربازو فەرمانبەری سادە بووە، لەوەوە بزوتنەوەی تۆرانی و کەمالی سەری هەڵداو ووتیان تورك لە هاوکێشەی عوسمانی زۆر مەغدورە لە بەرامبەر کورد و چەرکەس و ئەرنائوت و عەرەب...، پاساوی بنچینەیی مستەفا ئەتاتورك لە گوتارەکانی ڕۆژی ١، ٢، ٣\٣\١٩٢٤[*] ئەنجومەنی باڵای تورکی ـ پە رلەمان ـ ئەوەبوو، بەوەش سەرکەوتن وخیلافەتیان هەڵوەشاندەوە ئەگینا دژایەتی لەناو پەرلەمان زۆر بوو.

٨. ئەو کات باوی نازناو بوو، نازناوی وەك: أسد الدولة، الأعز، ألأغا، أمین الدولة، تاج الملوك، شاهنشاه، الغازی، القاهر، المستنصربالله، ملك الأشراف، الناصر...بەڵام نازناوێك نادۆزیەوە بۆنی ڕەگەزی تورکایەتی لێبێت

٩.مادەی (٧١)ی دەستوری عوسمانی (مەشروتیە) هاتبوو: کە ئەندامانی پەرلەمان (مەبعوسان) نوێنەرایەتی ویلایەتێك و چینێك و ڕەگەزێك ناکەن بە لکو نوێنەرایەتی هەمو عو سمانی دەکەن، لە نێو دەستوری عوسمانی کە پێك هاتبوو لە ١١٩ مادە وشەیەکی تیا نەبوو چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ بۆنی ڕەگەزی لێبێت، بە پێچەوانەی دەستوری ئێستای تورکیا پڕە لە مادەی ڕەگەزپەرستی ـ لەگەڵ کۆمەڵێك خاڵی تر.

کەی تورکایەتی (نەتەوایەتی ـ تۆرانی) سەری هە ڵدا؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لە وەڵامی پرسیارێکی تردەست پێ دەکا، ئەویش ئەوەیە بۆچی ڕۆژئاوا هەوڵیدا بیری نەتەوایەتی بنێرێتە جیهانی ئیسلامی؟

ئەوەی شارەزای ڕووداو و پاڵنەری ڕۆژئاوای نوێ بێت لەپاش سیستەمی سەرمایەداری لەلایەك و لەلایەکی تر سروشتی ئاینی مەسیحی بەسانایی وەڵامی دەست دەکەوێ، ڕۆژئاوا لەسەدەکانی ١٦ ـ ١٧ لەگەڵ هەڵوەشانەوەی کنێسە هەوڵی یەکخستنی هەڵوێستی ئەوروپی داوە، لە سەدەی ١٧ لە کاتی جەنگی ٣٠ ساڵەکە ئەنجومەنێکی باڵای ئەوروپی

---

[*] عموم الترك نەبود ڕەنکە لەگەل ئیتحادوالترقی بێت

[٧٤]ـ تقریر ولایة الموصل١٢٧، ص١٢٩، ص١٣٢

[*] لەو ٣ ڕۆژە لە دانیشتنی پەرلمانی تورکیا مناقشە لەبارەی هەلوەشانەوەی خەلافەت کرا.

دروستکرد، له سالی ۱۷۱۳کۆنگرەی تریخت پێك هات بۆ دروستکردنی یەکیتی ئەوروپی، ئەو تەقەلایانە شانبەشانی پارچە پارچە کردنی جیهانی ئیسلامی بەردەوام بوو تائەوان بە یەکیتی ئەوروپی ئێستا گەیشتن وجیهانی ئیسلامیش بە پارچە پارچەیی گەیشت، هەوڵ بەردەوامە خەڵکی تر پارچە پارچە بکەن و سوود لەبنەمای (فرق تسد)(*) وەربگرن، تەنها بۆ دابەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نزیکەی ۱۰۰ کۆنگرە کرا، (دین کروسیة) لەکتێبی (وجە اسیا) دەڵێت:ئەو تەقەلایانەی دابەشی عوسمانی وجیهانی ئیسلامی لە(معاهدة کارلو فیجة ۱٦۹۹م)دەستی پێکرد،بەبەشداری (بریطانیا - فرنسا - روسیا - ایطالیا).

هەڵبەتە ئاینی ئیسلام وەك مەسیحی نیە، ئاینی مەسیحی کێشەی لەگەڵ مۆدێرن وسەردەم و عەولەمەو خودی زانست هەبو، فاکتەری گەشەی پێ نەما، هەرچی ئاینی ئیسلامە بە پێچەوانە نەك هەر لەگەڵ ئەوانە دەگونجا بەڵکو پێشڕەوبوو، ئینجا فاکتەری یەکێتی میللەتانیش بوو، بۆیە بە مانەوەی ئاینی ئیسلام وقورئان و خیلافەت (هەروەك گلادیستۆنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی ووتەنی) [٧٧] جیهانی ئیسلامی داگیرو دابەش نەدەکرا، نەدەبووە بازاڕێکی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاوا، دەوڵەتی ئیسرائیلیشی لێ شین نەدەبوو، ئەو جۆرە دەسەڵاتەی وەك ئێستای عەرەبیش دروست نەدەبوو.. کەواتە کۆمەڵێك پاڵنەرو فاکتەری جیاجیا، هێزی جیاجیا، بۆ ئەو مەبەستە کۆبونەوەو نەخشەی ناردنی بیری نەتەوەییان نارده نێو جیهانی ئیسلامی وەك دەروازەی پەرتەوازەیی بۆیان، زیاتریش دوو نەتەوە پێی کاریگەر بون، یەکەم تورك و دووەم عەرەب (ئەوانەش هەر یەکەیان بەپێی شوێنی سیاسی کاریگەریان لەسەر ڕابونی نەتەوایەتی کورد هەبووە، بەپێ ئیبن خەلدوون و د. علی وەردی و هەندێ توێژەری تر پەیوەستی تورك و عەرەب بە بیابان ونەریتی

(*) ـ نه و بنه ما یه ده گه ڕێته وه بۆ نه و نا مه یه ی (نه سکه نده ر مه کدۆنی) كه بۆنه ر ستۆی ما مۆستا ی نا ردو تیا یدا پر سیا ری نه وه ی کردبوو نا خۆنه و خا کی فا ر سی دا گیر کردووه، به لا م چۆ ن بتوانی به سه ر دڵ و ده روو نی میلله ته که ش زا ڵ بێت، له وه لا مدا نه ر ستۆ بۆی نووسی: په رش و بلاو یا ن بکه و به سه و یا ن دا زا ڵ به..: نامەی ئەسکەندەر: أنه شاهد بإيرانشهر رجالا ذوي أصالة في الرأي، وەڵامی ئەرستۆ ..أشير عليك برأي هو أبلغ ، فتتفرّق كلمتهم، ويجتمعوا على الطاعة لك، ولا يؤدّي بعضهم إلى بعض طاعة، ولا يتّفقوا على أمر راحد، ولا تجتمع كلمتهم.

[٧٦] ـ بروانە: د كمال مزهر –كوردستان في سنوات حرب..ص٣١٦

[٧٧] ـ بني مرجه –صحوة الرجل المريض ص٢٩٥

بەدەوی وای کردووە ئەو دەمارگیریەی ڕەگەزی خێراتر لەمیللەتانی تری ناوچەکە بووروژێ، بۆیە دەبینین تا ئەو ساتەش کەمتر میللەتانی تری جیهانی ئیسلامی بە بیری نەتەوەی و دەمارگیری کاریگەربووە، ئەو دوو میللەتە زیاتر کەوتنە ئەو داوەو بونە سەر ئێشە بۆخۆیان و بۆ میللەتانی دەورو بەریشیان، عەرەب لەژێر سایەیدا بونە ٢٢ پارچەی ڕیسواو تورکیش ئاوا بچووك بونەوە، ئەو دووەش هەریەکە بەدەوری خۆی کاریگەری هەبوو لەسەر ڕابونی نەتەوایەتی کوردیش.

سەرهەڵدان وگەشەکردنی: لەبەر ئەوەی بیری نەتەوایەتی لەناو زەمینەی عەلمانی چەکەرەدەکا، بۆیە پێویستە سەرەتایەك لەبارەی ڕەگ و ڕیشەی عەلمانی لەناو دەوڵەتی عوسمانی بزانین لە کەیەوەیە، هەندێ سەرچاوە زۆر قوڵی دەکەنەوە بۆ جم وجۆڵی ڕۆکسلانی*هاوسەری سوڵتان سلێمان، بەڵام بەڕوونی لەسەردەمی سوڵتان محمود کە ئینکشاریەی لە ١٨٢٦ هەڵوەشاندەوە، سوڵتان عبدالمجید لەساڵی ١٨٣٩ بە نیمچە دەستورێکی هاوبەش (لە بنەماکانی شۆرشی فەرەنسا و شریعەت) قایل بوو ـ ئیتر هەنگاوەکانی عەلمانی پتەوبوو، تاوای لێهات معارەزەیەکی پان و بەرین لە نێو ڕەوشەنبیرە (تەغریبیەکان) واپەیدابوو، توانیان وا پیشان بدەن کەچارەسەری دەردەکانی عوسمانی (کەبەپیاوە نەخۆشەکە ناوزەد دەکرا)** بریتیە لە لاسایکردنەوەی ڕۆژئاوا، نامق پاشا (کە لەدوایدا بوە سەرکردەی تورکیای لاو) دروشمی ئەوەبوو دەردەکانی عوسمانی بە چارەسەریەکانی ئەوروپا بەکۆتایی دێت، تا لە١٨٦٥ز بوە بزوتنەوەی عوسمانی لاو، هەتا ئەو وەختەش هێشتا معارەزەیەکی گشتی بوو، (مراد) پێش سوڵتانیەتی وەك یەکێ لە بنەماڵەی سوڵتان لەگەل ئەو بزوتنەوەیە بوو، لەوێرا بەرەبەرە وەرچەخا بۆ نەتەوەگەری، عوسمانی لاو گۆڕا بەتورکیای لاو(جوان تورك)، ئەو ناوەش هاوشێوەو لاسایی بەریتانیای لاو، ئیتاڵیای لاو، ئەڵمانیای لاو..هتد، بەو مانایەی دەوڵەتێکی تازە لەسەر بنچینەی تورکی دروست بکرێ، ئەو ڕێکخراوە لەناوەکەش وەك ئەوانە مانای دروست کردنی

---

* ـ ئافرەتێکی بلیمەتی ڕوسی ئاین یەهودی بوو.

** ـ یەکەم جار نیکولا قەیسەری ڕوسیا ناوی دەوڵەتە نەخۆشەکەی لە عوسمانی نا.

:دەوڵەتێکی مۆدیرنی(جوا ن ـ لاو ـ تازە)لەسەر بنچینەی تورکایەتی نەك عوسمانی، کەواتە عوسمانی لاو چاکسازی تەواوی عوسمانی بوو، بەڵام تورکیای لاو ئینقلاب بوو بەسەر عوسمانی بۆ تورکیایەکی نوێ هەروەك ڕوویدا لە ١٩٠٨، دوایش لە بزوتنەوەکەی ئەتاتورك، تورکیای لاو لەسەر ترازی بزوتنەوەی کاربوناری ئیتالی کە لە ساڵی١٨٠٧بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ نابۆلی ئیتالی سەری هەلدا، بە بەئەدەبیاتی شۆڕشی فرنساش کاریگەربوو، دوای بە بۆنەی یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی فەرەنسا لە١٨٩٩/٧/١٤ تورکیای لاو کرا بە (ئیتحاد الترقی) و لەساڵی ١٩٠٨ ئینقلابیان بەسەر عوسمانی کرد، لەوکاتیەوە دەسەڵاتی خیلافەت وەك مەلەکی دەستوری مایەوە، هەر سێ سەرکردەی ئیتحادی (انور پاشا، طلعت پاشا، جمال پاشا) دەرکەوتن وەدەستکاری مێژوو و پرۆگرامی خوێندن و هەمو بەشەکانی عوسمانییان کرد لەقازانجی ڕەگەزی تورك، ئیتر نیازی ئەو بزوتنەوەیە ئاشکراتر دەرکەوت کە تورکایەتیەو لەساڵانی ١٩١٢بەدواوە بە تەواوی بزوتنەوەی تۆرانی باڵی کێشا، یەکەم جار یەکێك بەناوی (نیکیتن ئەلب[٧٨] ـ پێنج بەرگی کتێبی نووسی بە ناوی تۆران)، وەك ئەدەبیاتی نازی و فاشی بەسەر تورکی هەڵدەگوت، ئیتر لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە دوو دەسەڵات دروست بووە، یەکیان بەسەرۆکایەتی ئەتاتورك ئەوەی تریش بەسەرۆکایەتی سوڵتان و دوایی ئەتاتورك زاڵ بوو (لەدوای تایبەت لەو دۆخە بەووردی دەکۆڵینەوە)، تورکیای نۆێی لێ هاتەدی. کە کۆمارێکە لەسەر بنچینەی تورکایەتی و عەلمانی[٧٩] دروست بووە هەروەك لە مادەی(٦٦)ی دەستوری تورکیا (ana yasa) واش تۆمارکرا.

لەو تەوەرە کاریگەریەکی زۆری کردە سەر کوردو عەرەب و نەتەوەکانی تر، هەریەکە لە (ساطع العصری) لە (محاضرات فی نشوء القومیة) و(محمدامین زگی بەگ ـ هەر لە پێشەکی کتێبی خولاسەی مێژووی کورد و کوردستان) باس لەوە دەکەن دەڵێن : هەتا

[٧٨] ئەوە ناوی نهینی بوە ناوە راستەقینەکەی (زیاو ئەلب کۆك)بوە .

[٧٩] ـ دروشمی بریتی بوو لە:(کۆماری ـ نەتەوەیی ـ میلی ـ عەلمانی ـ مۆدێرن ـ شۆڕشگێڕی) سەرچاوە: تاریخ الإسلامی ج١٧ص٤٩

ئنقلاكەی ئیتیحاد الترقی ساڵی ١٩٠٨ نەکراو بانگێشەی بۆ تورکایەتی نەکرد ئێمە هەستمان بەکورد بون و عەرەب بونی خۆمان نەدەکرد، بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر درێژەی ئەو کاریگەرییە بابزانین لای عەرەب چۆن بیری نەتەوایەتی سەری هەڵدا.

سەرهەڵدانی عروبە(نەتەوایەتی عەرەبی):

ئەوانەی لەسەر تەوەری تورکایەتی ئیشیان کرد لە نێودەوڵەتی عوسمانی بەشی هەرە زۆری لەوانە لە بنەچەدا یەهودی بون، کەچی ئەوانەی لەسەر تەوەری عروبی ئیشیان کرد بەشی هەرە زۆری مەسیحی بووینە لەوانە: محمد عزە دروزە، بنەماڵەی بستانی، سلیم یازچی، جۆرج ئونتۆنیۆس، نجیب عازوری، ناسیف یازجی، میشیل عفلق،شوبلی شمیل، سلامە موسی...ئیسماعیل مەزهەر، قاسم امین، لوتفی سید،

ئەوانە لەگەڵ جم وجۆڵی (تورکیای لاو) جولێنران، مەرج نیە هەمو ئەوجموجۆڵە بدرێتە پاڵ پیلانی ڕۆژئاوا، چونکە مەسیحیی و یەهودیەکان جیهانی ئیسلامی لەهاوکێشەی نەتەوایەتی بونیان بەهێزترە نەك لە هاوکێشەی ئیسلامی عوسمانی، بۆیە خۆشیان ئامادەبون، هەر بۆیەش یەکەم دەروازەی کرانەوە بۆڕۆژئاوا لەلای ئەوان بووەکە بوە هۆی پیك هێنانی بیری عروبی نەتەوەیش، یەکەم دەزگای چاپی لەساڵی ١٦١٠ هاتە لوبنان، یەکەم کۆمەڵەی عەرەبیش بەناوی (جمعیة السوریة العلمیة) لە ١٨٥٦، یەکەم کتێب کەناوی (امة العربیة) لەجیاتی(امة الاسلامیة) نوسرا لەساڵی ١٩٠٥ لایەن نجیب عازوری بە ناوی (یقظة الأمة العربیة) بو، ئینجا بتروس بستانیش کتێبێکی بەناوی(جامعة الوطن العربی) نوسی، هەرچەندە لە (معجم الشامل للمصطلحات الفلسفیة ص٦٦١)دەلی یەکەم کەس ئومەی عەرەبی لە تەرجەمەی (ناشنالی)ئەوروپی بەکارهێنا ساتیع الحوسەری بوو، لە پیش ئەو بەروارانە لە هیچ کتێبێك ناو و زاراوەی وەك (امة العربیة) (امتي العربیة والاسلامیة) (وطن العربي الکبیر) نادوزیەوە.

هەلس وکەوتی عەلمانی تۆرانی نێو دەزگاکانی عوسمانی لەلایەك لەلایەکی تریش نەزانی و خراپی و بێ توانایی دەسەڵاتی سوڵتان و دارو دەستەکەی کاردانەوەکی بۆ نەتەوەکانی تریش دروست کردبوو، عەرەب میللەتێکی زۆر بون کەچی دەسەڵاتیان زۆر

لاواز بوو، له نێو عوسمانی نەدەگەیشته ئاستی کوردو چەرکەس و ئەوانەی تر، ئینجا لـه نێو ویلایەتەکانی عەرەبیش کەمتر وەك کـورد خـاوەنی میرنـشین و دەسـەڵاتی خۆجێیی بووینه، چەندین سەدە بوو هەر ژێر دەسته بون، عبدالرحمن بەزاز له کتێبـی (العـراق مـن الاحتلال الی الاسـتقلال ص٣٠) دەڵێت لەوەتەی سالی ١٢٥٨ز وە عەرەب ژێر دەستەو بێ دەوڵەت ودەسەڵات بون، فۆرستەر دەڵێ: ٧ سەدە عـەرەب ژێـر دەسـتە بـون[٨٠]، لـه رۆژی ٣/تشرینی یەکەم/١٩٣٢ ی بە بۆنـەی وەرگیرانـی عـیراق لـە (عـصبة الامـم) سـکرتێری عوسبه (مسیۆ پۆلتس) وتی: ئەوە چەندین سەدەیه عەرەب ژێر دەسته بوە بۆ یەکەم جار بتوانن سەرودریەکانیان بەدەرخەنەوە.ئەو دۆخە ژێردەستیەیان لـەلای عـەرەب بـە گـشتی هەتا لەلای زانایانی ئـاینی عـەرەبیش کاردانـەوە هـەبوو، لەوانـە (شـیخ محمـد عبـدە)، (عبدارحمن کواکبی) باسی جۆرێك عروبە دەکرا، بە راسـتەوخۆ وەك کـورد ئـەوەی کـاری لێکردن ئینقلابەکەی ١٩٠٨ی نەتەوەگەری تۆرانی بوو، لە دوای ئـەوە جیـاوازی کـردن و نەتەوەی سەردەست پەیدابوو، هەر بەنمونە جاران لە رەگەزنامەی عوسمانی نـاوی نەتـەوەی هیچ لایەك نەدەنووسرا، کەچی لە دوای ئەو ئینقلابە لەبەرامبەر هەر ئەفسەرێکی عەرەب پیتی (ع)دەنووسرا، ئیتر ئەوە تورکەو ئەوە کوردەو ئەوە عەرەب بـووە ناسنامەی نـوێ و جموجۆڵی سیاسی و فیکری لەسەر دروست بوو، چەندین دەستەو تـاقمی سیاسـی عـەرەب دروست بوو، یەکەمیان الجمعیة السوریة لە ١٨٥٧ دروست بـوو، دوای جمعیـة العربیـة لـە ١٨٧٥، دوای ئەوانەی خوارەوەش دروست بون:

١ـ جمعیة العربیة، ١٨٧٥م لە دمشق وتەرابلس.

٢ـ جمعیه بیروت ـ سالی ١٨٨٠م.

٣ـ جمعیة حقوق المرأة، ١٨٨٠م.

٤ـ جمعیةالسوریة الفتاة ـ ١٨٨٩، سەرۆکەکەی جمیل معلوف

٥ـ جمعیة الوطن العربي دامەزرێنەری خیرالله خیرالله، ١٨٩٥م لەباریس.

٦ـ جمعیة رابطة (الوطن العربي)، نجیب عازوری دایمەزراند لە ١٩٠٤م لە باریس.

٧ـ جمعیة الشوری العثمانیة، مصر ـ ١٩٠٧ ـ ١٩٠٨م.

٨ـ جمعیة الأخاء العثماني ـ ١٩٠٨م لە استانة.

---

[٨٠]ـ بروانه: فورستر- نشأة الدولة العراقیة ص٤٩

٩ـ جمعية القحطانية، خليل حماده دایمەزراند لە ١٩٠٩م

١٠ـ جمعية العربية فتاة لەپاریس، ١٩١١م.

١١ـ حزب اللامركزية، ١٩١٢مم.

١٢ـ جمعية بيروت الإصلاحية، ١٩١٢م، لقەكانی چوە: دمشق، بيروت، حلب، بغداد، البصره، الموصل..

١٣ـ حزب العهد، ١٩١٢م لە نێو ئەفسەرانی عراقییەكان.

١٤ـ جمعية العلم الأخضر، د.فائق شاكر ـ ١٩١٣م.

١٥ـ جمعية العلم ـ ١٩١٤م[٨١]

دوای ساڵی ١٩١٣كۆنگرەیەكی عەرەبی لە پاریس بەستراو بۆسەربەخۆیی جودابونەوە لە عوسمانی، لە هەموی گرنگترو كاریگەرتر ڕێكەوتنامەكەی شریف بن حوسین (باوكی مەلیك فەیسەل و باپیرەی مەلیكی ئوردنی ئێستاش) بوو لەگەڵ بەریتانیا لەڕێی ماكماهون بەڕێوەبەری هەواڵگری بەریتانیا لە مەكتەبی قاهیرە، كە لە ١٩١٦ شۆڕشێكی لێ هەڵگیرسا ناویان ناوە (ثورة العربية الكبرى)، كە لە كاتی جەنگی جیهانی لە عوسمانی هەستان بەهۆی یارمەتی بەریتانی، بە ئامادەبونی (لورانس) ناوچەكانی جزیرەو شامیان لە عوسمانی ستاندو بەریتانیا و فرنساش بەڵێنیان بە (شریف بن حسین) دا، كە لە پاداشتی ئەو چاكە بیكەنە خەلیفە، دوایی لێی پەشیمان بونەوە هێنایانە ئاستی سەرداری هەمو عەرەب، دوای بۆ سەرۆكی دەوڵەتی عەرەب بەشی ئاسیا. ئەو كاتیش لەژێرەوە ڕێكەوتنی سایكس ـ بیكۆ لە ١٩١٦ ئەنجام درا بوو عەرەبیان پارچە پارچەكردبوو، دوایش بەڵێنی بەلفۆریان لە ١٩١٧ جاڕدا و فەلەستین و سنجاقی قودسیش درایە یەهودی، بەڵێنە مەزنەكان خووردبونەوە بۆ پرۆژەی ئیستعماری ناوچەكە و ئەو وڵاتە عەرەبیانەی لێ هاتەدی.

لەنیو عەرەب تاڕادەیەك هەندی ئاسەواری ڕەهەندی فقهی ئیسلامیش بەدی دەكرێ بۆزەمینەیەكی مێژوویی وئاینی سەرهەلدانی ناشیۆنالیزمی وعروبە،كە خۆی لەو تەقەلایانەی سەردەمی ئەمەوی وهەمو ئەو ئیمام وفەقیهانەی پەیڕەوی (فەزلی عەرەب)

[٨١]ـ لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە: أـ الموسوعة الميسرة.. ص٤٤٤-٤٤٥، ب- دراسات في الوطن العربي... ص٦٠-٦٤ ج ـ الصحوة.. ص٣١١ دـ الاسلام والعلمانية... ص٨١

دەکەن،تارادەیەکی باش یارمەتی بـوە بـۆ ئـەو پرۆژەیـەی بـیری نەتەوایـەتی ،واتـە هـەر مـسیحیەکان بەرپرس نین لەو سـەرهەلدانە بەشێکی ئیـسلامیش لیی بەرپرسیارە.

ئەوە زۆر بەکورتی باسی سەرهەڵدانی هەردوو تەیاری نەتەوەگـەری لـە نێـو تـورك و عەرەبمان باس کرد، بزانین سـەرجەم کاریگەریان چی دەبێ لەسەر سـەرهەڵدانی کوردایەتی.

بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی

لەوەو پێش بۆمان دەرکەوت کە سەرەتای نەتەوایـەتی لـە سـەدەی (١٨) لـە ئـەوروپا سـەری هەڵدا بەڵام لە کۆتایی سەدەی (١٩) بە ڕوونی خۆی لە دەوڵەت خـەم ڵانـد، هـەر لەوێشڕا بۆ جیهانی ئیسلامی هێنرا، یەکەم جاریش تورك و عەرەب وەریان گـرت لەسـەر دەستی خەڵکی تر، ئەوانەی ئەو بیرە نەتەوایەتیەیان هێنا ناو تورك و عـەرەب لـە خۆیـان نەبوو، پێشڕەوایەتی بۆ ئەو هەنگاوە گوزارش لە پێشکەوتوویی و شارستانی نـەکرد، یـان قازانجیان کردبێ، لە لایەکی تریش مەرج نیە ئەوانەی بە درەنگەوە هاتبنە سەر ئەو بـیر و ڕەوتە دواکەوتوو بن، لە ڕاستیدا میللەتانی فارس و چەرکەس و ئۆردۆ و پەشتۆو کـۆری و ژاپۆنی و مالیزی و... تا ئەو ساتەش (واکۆتاییە) ئەو بیرەیـان وەرنـەگرت، بـەڵام کـورد کێشەکەی درێژەی کێشا بۆیە ئەو بیرە نەتەوایەتیەی بە ناوی کوردایەتی بۆ دروسـت بـوو، ئەوەش لە نەشارەزایی و دواکەوتەیی نەبوە، ئەوەتا بەشێکی گرنگـی دامەزرێنـەری بـیری تورکایەتی تۆرانی کورد بووینە، (٢)لە (٤)دامەزرێنەرەکەی (اتحاد الترقی) کورد بوینە[٨٢] د.عبداللە جووت، د.ئیسحاق سکوتلی، زیا ئەلب کۆك، عصمت ئینینـۆ...زۆری تـریش، بە پێی هەندێك سەرچاوە ئەوەی بناغەی پەیوەنـدی نێـوان ئـەلمانیاو عوسمـانی ڕێکخـست ولەدوایدا پێکەوە کەوتنە بەرەیەکی جەنگ شریف پاشای کورد بوە، ئەوەی پیتـی لاتینـی هێنا ناو عوسمانی هەر کورد بوو (د.عبداللە جودت) بوو- لە ڕاستیدا ئەو پیاوە مونەزیری تورکیای نوێ بوە نەك مستەفا کمال، ڕەوشەنبیرانی تـورك و عـەرەب کـەمێك لـە پـێش سەدەی (٢٠) بیروباوەڕی نەتەوایەتیان لە نێو بلاوببۆوە، ئەوانە بـە هـۆی بـە هاونـەریتی بەدەوی و کەلتووی بیابانی هەردوو لایان جۆرێك لە دەمـارگیری خێڵـەکیان هـەر هـەبووە

[٨٢]ـ دامەزرینەرەکان بریتی بوون لە:دعبداللە جودت لە عربکیر لەدایك بوە، ئیسحاق سکوتلی لە دیاربەکر، ئیبراهیم تەمۆ ـ ئەرناتوتی، محمدرشید چەرکەسی.

ئەگەر بەهای ئایین ئامادە نەبووبێ وەك (ابن خلـدوون) و (د.علـی وەردی) گوتـەنی، لـەو سەرو بەریش ئایین زۆر لە پاشەکشە بوو، بۆیە دیـان فاکتـەرە شـاقوولیەکان بـە خێرایـی جێی فاکتەرە ئاسۆییەکانی گرتەوە، ئەو بیرە نەتەوەییەی تورکی و عەرەبی لـە داهێنـانی عوسمانی نەبوو، تەواو بە پێچەوانەی تێگەیشتنی بەشێك لە ڕەوشەنبیرانی کـورد، بـەڵکو ئەو بیرە دژ بە عوسمانی بوو، لە هەردوولا ئێی یاخی بـون و بـیری تورکایـەتی لـە سـاڵی ١٩٠٨ ئینقلابیان بەسەر عوسمانی کرد و لە دوای ئەو مێژووە هەر بـە نـاو (عوسمـانی) و (سوڵتان) مابون، ئەگینا دەسەڵات لە دەست ئەنوەر و جمال و تەلعت بوو کە هەرسـێکیان سەرکردەی ئیتحاد الترقی بون، ئەوانەش پێش تر بە ناوی تر بەشێك لە عەرەب و کـوردی عەلمانیان هەڵخەڵەتاند بوو لە گەڵیان بون، تا لە دوای ئینقلابەکە ئینجا دیـوی ناوەوەیـان دەرکەوت کە تورکایەتیە، محمدامین زەگی بەگ لە پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکی (کوردستان و کورد) دەڵێ ئێمە هەستمان بە خـۆ نـەدەکرد کـوردین هـەتا ئیتحادیـەکان بانگەشـەی تورکایەتیان نەکرد، ئنجا ئێمەش بە خۆ کەوتین، لە نێو کورد لە کاردانەوەی دا لـە لایـەن (شێخ عبدالقادر شمزینی، ذو الکفل، ئەمین عالی بەدرخان، ...)° حزبێکی هاوشێوەیان لـە ١٩٠٨/١٠/٢ دروستکرد بەناوی (تعالی وترقی کورد جمعیتلەر)°...، بـەڵام هێشـتا زۆر سەرەتا بوو، بەڵام دەتوانین ئەو مێژووە بکەینە بنچینە و هەمو لایەك لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی[٨٣]، عوسمانی، ئەرمەنی، ڕووسی، فرنسی...... هەروەها مێژوو نووسە کوردەکان هەر هەموی لایەنگری محمدامین زەگی بەگ دەکەن، کە سەرەتای بیری کوردایەتی لـە نێـو ڕۆشەنبیران لە دوای ساڵی ١٩٠٨ چەکەرەی کردووە، لە پێش ئەو مێژووە کێشەو نـاکۆکی و چەوسانەوەی پێچەوانە، داگیرکاری و داگیرکاری پێچەوانە......هەبووە، سـوڵتان و والی

°- لەبەلگەنامەی بریتانی ل٦٦ ی کتێبی(کوردوکوردستان لە بەلگەنامەی بریتانی)ئەوناوانەی تیـادا هـاتوە: مـستەفا بابـانزادەی کۆنـە والی حیجاز، دووکوڕی سـیدعبـدالقادر، حەمدی بەگی موتەسـەریف، میـجەر سلیمانی نووری بەگ، میجەر ئەمین بەگ، د. محمدشوکری بەگ، عەلیشان بەگ لە ئەشرافی قۆچگیریە، علی مستەفای بـەگزادە، مـەولانزادە رفعـت بـەگ، پرۆفیـسۆر محمدنوریـە فەنـدی، جنـرال حمـدی پاشـا، جنـرال مـستەفاپاشای یامۆلکی ـ سـەرۆکی ئەردادگایە بوو، کە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ کمال ئەتاتورك دەرکرد.

° لە سالی ١٩١٨ درێژدیان بە حزبێکی هاوشێوەی ئەو ناوە داوە.

٨٣- FO ١٩٥/٢٣١٧ ملحق في تقرير السـيد هيرد، ٣ كانون الثاني١٩٠٩ ...أن لهذا الاجتماع مغزى واضحا وهو ان النادي الكردي أقوى بكثير من فرع الاتحاد والترقي في ديار بكرالذي بدأ يفقد الكثير من اتباعها هنا.وفي الخامس من هذا الشهر غادر حاجي مقصود بيك دياربكر متوجها الى مكة، وحسب المعلومات الموجودة عند روجسيدشيان، هناك مؤتمر تعقد هناك لنقباء الاشراف في الامبراطورية العثمانية لمناقشة الاوضاع الجديدة في الدولة العثمانية. وحسب رأي روجسيدشيان دروغومان (مترجم-القنصل الرسمي) أن النمو الكبير للحركة الكردية مؤخرا يعود الى عدم تحمس الكرد للنظام الجديد(مەبەستی ئیتحادولتەرەقیەم ع).

خراپ هەبووە، چەوسانەوەی چینایەتی و دەسەلاتی زۆرداری و بگرە تالان و سووتان هەموی هەبووە، هەم کورد پێی کراوە هەم کوردیش لە گەڵ خەڵکی تر کردوویەتی و جاریش وابوەخۆبەخۆش کراوە، عەشیرەتەك لە گەڵ عەشیرەتەکی تر، جێنشینێك لە گەڵ یەکی تر، سەردەمەکە وابوو نەك هەر بۆ کورد بۆ هەمولایك، ئەوەی نەبوو داگیرکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوو، بە سەرباز و بەرپرسەکانی عوسمانی نەدەوترا تورك، ئەگەر زۆر رقیشیان لێ بونایە لە ناو کورد بە سەربازەکانیان دەووت (جل خوارەکان) یان (گورگە بۆرەکان)، بە فەرمانبەرە گەورەکانیشیان دەووت ئەفەندی، کۆمەڵێك خەڵك (ئەفەندیەکان) بە رۆژئاواو ئەزموونەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و شۆڕشی فەرەنسی کاریگەر بون، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش سیستەمی عوسمانیان لە ویلایاتەوە ودرچەرخاندە سیستەمی ناوەندی و زیاتر گرنگی بەو والیانە درا، کە باجی چاك کۆدەکەنەوە، بووە سەردەمی مادیایەتی و لەو دەمیش دەستکرا بە ململانێی ئەڵمانیا و بەریتانیا و فرنسا و روسیا لەسەر میراتی عوسمانی، قەیسەر ناوی لە عوسمانی نا (دەولەتە نەخۆشەکە)، دەوڵەت و دەسەلات لە سەر بنچینەی نەتەوەی سەر دەست و بن دەست نەبوو، بۆیەش لە بەرامبەردا هەست و خەیاڵی نەتەوایەتی و بیری نەتەوەدیەتی و... نەبووە، لە ناو کوردیش تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە شیعر و گۆرانی و نووسین و جموجۆڵی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو رەهەندە بەدی ناکەی، راپەرین و میرنشینەکانیش بە ناوی کوردایەتی نەبووە، نمونەیەکی یەك لاکەرەوە هەیە سەبارەت بە (شەریف پاشا) چونکە ئەو پیاوە هێمای کوردایەتی بووە، نوێنەری کورد بووە لە نێو دەوڵەتی، کە باسی شریف پاشا دەکرێ وەك وایە باسی مێژووی کودایەتی بکەی، ئەو پیاوە لەو کاتەی گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی (مشروتیە)[٨٤] لەو گۆڤارەدا باسی بابەتی گرنگی کۆمە لایەتی و سیاسی و مێژوویی تیادا کراوە، کەچی هەتا ژمارە (٤٧)ی ساڵی١٩٠٣ئینجا ئەو باسانەی کوردایەتی وکێشەی نەتەوایەتی کوردی هاتۆتە نێوگۆڤارەکە، بەشێکی زۆری ئەکادیمیای کوردی پێیان وایە شریف پاشا یەکەم دامەزرێنەری کوردایەتی دەوڵەتی

٨٤- مەشروتیە ئەو بزوتنەوەیە بوو کە داوای دەستوری بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکرد وەك ئەوریا.

سەرانسەری کوردستانە[٨٥]، گومان لەوە نیە یەکەم دامەزرێنەری بیری کوردایەتی شێخ عبید اللەی نهری بوە لە کۆتایی سەدەی ١٩ ـ کە خۆی لە داوای یەکخستنی سیاسی کوردستان دەنوێنێت (وەك بسمارك وئەلمانیا)، بۆدلنیایی بروانە ئەو بەڵگەنامەیەی بەریتانیا لە خواروو[٨٦]، هەرچی بەڵگەنامەکانی ئەرمەنیە بە جۆرێکی تر لایەنگری ئەو راستیە دەکات، تیایدا هاتوە کە(یەکێتی کورد) بە رابەرایەتی (شێخ عبیداللە نهری) لە سالی ١٨٨٠دروست بووە بۆ یەکخستنەوەی هەمو کوردستان[**]، لەلایەکی تریش لەسالی ١٩٠٧لەشاری دهۆك لەمالی شێخ محمد بریفکانی لەکۆبونەوەیەکی فراوان (پەیوەندی کورد) بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالسلام راگەیەتراو تیایدا خواستەکانی کوردی بەرجەستەکرا لە (٧)مادە[٨٧]، لەوەسیەتنامەکانی شێخ سعیدی نەورەسی (گەوهەری ٣) لەبارەی نەتەوایەتی هاتوە: (نەتەوایەتی کومەهندەك خسلەتێن تایبەت هەنە وهەروەسا ییێن بەری مەمال ئاڤاهی کرین هەردەم بیرهاتنێن وان وجا کی وقەنجیێت وان ماینە لدەڤ مە، دڤێت ئەم گیانێ نەتەوایەتیێ *بپارێزین هەتا گیانێ وان جانەمەرگان دگورێت وان دا دلخوش و کامەران بیت) [٨٨]، هەر هەموشیان داوای جێ بە جێ کردنی تەواوی شریعەتی ئیسلامیان دەکرد، ئەوانە مانیفیستی کوردایەتین بە هەمو پێوانەیەك.

---

[٨٥]ـ تەنانەت د فەرهاد پیربال توێژینەوەیەکی هەیە بەناوی(شەریف پاشا ١٨٦٥-١٩٥١) دەلێ: شەریف پاشا یەکەمین سیاسەتەداری کوردبروەکەداوای دەولەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد

[٨٦]ـ لقاء تأريخي فريد مع الشيخ عبيدالله النهري ٤٤١ \ ٦٠ FO تبريز١ \١٠\\١٨٨١ وزارة الخارجية، رقم الملف ٦٠\\٤٤١ رقم الوثيقة ٢٣، سري للغاية سيدي ايرل اوف كرانفلستق وان أشرت في المذكرة رقم ٢٧ إلى موضوع الشيخ عبيد الله...، ثم سألت الشيخ عن برنامجه فأجاب بأنه يريد إعادة تنظيم كردستان وتوحيده تحت حكمه كأمارة مستقلة. وقلت متسائلا وكيف يفكر الشيخ في تنفيذ هذه الفكرة فرد الشيخ قائلا" لن الحكومتين الايرانية والعثمانية أساءتا معاملة الكرد" أما بالنسبة للحكومة العثمانية فأنها لم تقدر حسن نواياه وأدعى الشيخ أيضا أن كردستان تحتاج إلى إدارة تحكمها بقبضة حديدية وليس هنالك شخص يفهم هذه الحقيقة اكثر منه....

[**] لە سالی ١٨٨٠ لەنەهری کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ سەرۆك عەشیرەت وکەسایەتیەکان کراو تیایدا شێخ گوتارێکی ئاینی وسیاسی خوێندەوە ووتی: پێش نزیکەی ٦سەدە عوسمانی دەسەلاتی گرتۆتە دەست بێ دەنگ بووین بەلام ئێستا بەرەو عەلمانیەت دەروا حەتمەن تێك دەچێت، کاتی یەککرتمان هاتوە، بەو شێوەیە کۆمەلەی کورد لەوێ راگەیەنرا، بۆ زیاتر بروانە: جلیلی جلیل ـ الإنتفاضة , خالفين ـ صراع على كوردستان و الكورد والدولة العثمانية.

[٨٧ ٨٧]ـ بروانە: (الكورد والدولة العثمانية ـد محمدزكي برواري) و (امارة بهدينان ـصديق الدملوجي) - هەر لەوێش نامەیەکی ٧ مادەی وەك داخوازیەکانی کورد بۆ ئەستەمبۆل دەنێرن وکۆپیەکیش بۆ شریف پاشا دەنێرن.

[*] تێبینیەکی گرنگ: مانای کوردایەتی هاوتای عروبەو تورکچیایەتی نیە، چونکە ئەوان کێشەی نەتەوەییان نیە نیشتمانیان پارچە پارچە کرابێت ورۆژانە زولمی نەتەوەیی ببینن، بۆیە ئەوەی ئەوان رەگەزپەرستیە ، ورۆژێك لە رۆژان کورد رزگار بێت وکوردایەتی بکا ئەوە دیمەنی ناشرینەو ئەو کاتی ئەو نوسینەی ئێمەو ئەو وەسیەتنامەی سعید نەورەسی ورۆری تر دەبنە پالپشت بۆ رەگەزپەرستی ئەگەر مێژوو نوسێکی زۆر وورد قۆناغی خۆی بۆ دیاری نەکا.

[٨٨] سێ گەوهەرن لە شێوەی ٣ وەسیەتنامەی شێخ سعیدی نەورەسی کەلە ژ:١ ی رۆژنامەی (تەعالی وتەرەقی) سالی ١٩٠٨ بلاوکرایەوە، هەر ئەو سالیش (یەکێتی محمد)ی دروست کرد.

دوای ئەوا بە سود وەرگرتن لەیاسای (الجمعیات)ی عوسمانی، کە لە ١٩٠٩/٨/٣ دەرچوو کۆمەڵێك ڕێکخراو دەستە و کۆمەڵەی سیاسی سەریان هەڵدالە کتێبی (ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان) تۆمارمان کردوون، هەروەها لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی وفرنسی ناوی دەستەیەك لە کۆمەلاّ و ڕێکخراوی سیاسی و نا سیاسی تر بەو شێوە هاتوە: کۆمەڵەی عەزم (دەڵێ لە سالی ١٩٠ز دروست بووە لە ئەستەمبوڵ بەسەرۆکایەتی ئەحمەد رامز، بەشێکی تردەلین لەقاهیرە دروست بوە بەسەرۆکایەتی فکری دیاربەکری، جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کورد لە١٩١٢\٧\١٧ئەستەمبۆل ـ عبد الرحمان بدرخان، کۆمەڵەی ئیرشاد لەئەرزەرۆم، کۆمەڵەی دیفاع لەهەژاران، کۆمەڵەی برسیان، کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد، جەمعیەتی هێڤی کورد، کوردستان محبی جمعیتلر ـ د نوری دەرسیمی، کۆمەڵەی جیهانزانی، کورد ئیستقلال قومیەتی، جەمعیەتی تەعالی کورد – لە ١٢\١٧\ ١٩١٨بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر دروست بوو لەگەل تەعالی وتردقی سەروو جیایە ئەگەر چی بە هەمان ناوو سەرکردەش بووە، لە بەڵگەنامەیەکی تر باسی کۆمەڵەیەکی تر بەناوی(هاوکاری)لەخوارەوە بەڵگەنامەکەیە[89]، لەگەل زۆری تر.

---

[89] ـ میثاق مقترح للجمعيات الكردية تم صياغة المشروع التالي في بيت اسماعيل افندي في رواندوز و بمساعدة الأشخاص التالية في صيف عام ١٩٢٦ سيد طه أمين افندي رواندوزي (الذي كان في اجازة)محمد أفندي، مدير المالية (رفضت وزارة الداخلية اعطاء الرخصة لفتح الجمعية على اساس الميثاق المقترح أدناه:

١ـ يسمى الجمعية "هاركاري - (Sociability - جمعية التضامن الأجتماعي) تسعى الجمعية لنشر الثقافة المتعلقة باللغة الكردية، و التأريخ الكردي و تطوير الشخصية الكردية و تمتنع من الخوض في السياسة.

٢ـ تكون مقر الجمعية حيثما تتواجد اكثرية الأعضاء و ان الأعضاء المتواجدين في المناطق الأخرى يتبعون توجيهات المقر.

٣ـ تكون الهيئة الأدارية في المقر و في مراكز الفروع من:

سەرەتا یەکی کوردایەتی (کوردو عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم)

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە عوسمانی لە سەرەتای سەدەی (١٩)دەستی کرد بە تەقەلای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمی و کۆنفیدراڵیە جیاجیاکانی سیستەمی ویلایات، ئەوەش لە چوارچێوەی ئەو ئەزموونە عەلمانیە ناوەندیەی لە ئەوروپا هێنایەوە، هەروەك بە راشکاوانەتر لە وەسیەتەکانی مدحت پاشا هاتبوو : لەو فەترەیەی١٨٥٠بە دواوە باری ئیداری وسیاسی دەوڵەتی عوسمانی بەپێی نەخشەی کاری نوێیان گۆڕا، لە ١٨٥٦دەوڵەتی عوسمانی چوەناو خانوادەی ئەوروپی ...لەگەل زۆر هونگاوی تر[٩٠] ئەگینا پێش تر لامرکزیەکی ڕاستەقینە هەبوو، سەرجەم ویلایەتەکانی عوسمانی گەیشتبوە ٣٢ ویلایەت، ویلایەتەکانی وان و بەدلیس و نامەد و....یەکخران و بە ناوی ئیالەتی کوردستان، دوا نەخشەی عوسمانی کە لە١٨٩٣دوایش لە سالی ١٨٩٦لە سەردەمی عبدالحمیددەرچووە لەسەر ویلایەتەکانی کوردستان چوار بە ئەندازەی عێراق دیایکراوە لە ژێر ناوی کوردستان، کەواتە لەسەردەمە هەرە خراپەکەی عوسمانی چ لەسەر نەخشە چ لەسەرزەمین کورد نامادەییەکی فراونی هەبووە، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت شێخ عبدالقادر شمزینی کورد بوو، پێش تریش شێخ عبیداللەی باوکی دووەمین کەسایەتی نێو عوسمانی بوو لە دوای سوڵتان، دووەمین دەوڵەمەندی عوسمانی ئیبراهیم میللی پاشای کورد بوو، وەزیری دەرەوەی سعید پاشای باوکی شریف پاشای خەندان بوو، جەنرال هارندی پاشا وەزیری جەنگی عوسمانی بوە[٩١]، داودپاشاحەیدەری ج وەزیری دەرەوە، حمدی بابان و ئیبراهیم حیدری وزۆربەی شیخ الإسلامەکانی عوسمانی لە بنەماڵەی حیدری وبەتلیسی

[?]ـ لەوەسیەتەکانی مدحت پاشا بۆ ئیتحاد تەرەقی بە جێ هیشتبووێلە وەسیەتنامەی ٢ و٥دا دەڵێ توندو تیژو میکافیلی بن لە سیاسەتا، لە ٧دەڵێ خۆ ئامادە بکەن بۆ ئینقلاب... دەقی ئەو وەسیتنامانە لە کتێبی (بنی مرجە ـ صحوة الرجل الریض ص٥٥ بخوێنەوە، مدحت پاشا بەو بیرو بۆچونە لە سالی ١٨٧٢دوە بوە سەدری ئەعزەمی عوسمانی.

[٩٠]ـ بروانە: الإسلام والعلمانیە.. ص٣٢

[٩١]ـ حرکة الشیخ سعید بیران:١٩٢٥ وزارة الخارجیة الأمیرکیة الوثائق الدبلوماسیة السریة المنشورة الشرق الأوسط العراق -منشورات الجامعة الأمیرکیة، القنصلیة الأمیرکیة ، أثینا، یونان ٢٤ -ایلول -١٩٢٥ الموضوع:تحرکات معادیة للترك في کردستان الی وزیر شؤون الخارجیة، واشنطن یشرفني ان ابعث الیکم المعلومات التي وصلتنا من الجنرال الکردي هارندي باشا، وزیر الحربیة السابق في الدولة العثمانیة الذي نفاه مصطفی کمال بعد استلام السلطة و ذلك لکونه خصما قویا،

[?] ئەو ئیبراهیم حەیدەریە ٣ جار هەلبژێردرایەوە بۆ پۆستی شیخ الإسلام..بروانە: القومیە الکوردیە و دعبداللە جودت ص٧٧

ونامێدی بووینه، حمدی پاشا ڕابەری گـشتی دەریـایی بـوو، داود پاشـا جێگـری بـەحری گشتی بوو، مستەفا زیهنـی والی حیجـاز بـوو حـسین فکـری پاشـا والی کۆسـۆڤا بـوو، ئەسەردەمی سولّتان سلیمانی قانونی ابـو سـعوده فەنـدی ۳۰سـال شـیخ لئیـسلام بـوو، ئەهەندی سـەرچاوە باس لەوە دەکا هەریەکە لە شیخ عبیداللە ونەورەسی و مـالی بـدرخان پالیوراوی جینشینی خیلافەت بون[۹۲]، پەیکەری عوسمانی کەمتر تورکی تێـدا بـوو، هـەتا ئیتحاد والترقی لە ۱۹۰۸ دەسەلآتیان گرتـە دەسـت ئنجـا تەقـەلای ئـەودیان کـرد ئـەو پەیکەرە بە تورك بکەن، لازاریف وکۆتلۆف زۆر بە ووردی باس لـەو فـشارانە دەکـەن کـە ئەلایەن ئیتحادی وتۆرانیەکان خرابوە سەر سولّتان عبدالحمید تا کـورد لـە عوسمـانی دوور خاتەوە[۹۳]، دەتوانین بلّێین لە بارە هەرە خراپەکانی عوسمانیش باری سیاسی کورد بـاش تـر بوو (بەبەراورد) لەگەل دوای نەمانی عوسمانی، زل هێزە جیهانیەکان وەك دڕنـدەی گۆشـت خۆر لە دەرەوەی عوسمانی وەستابون بۆ ئەوەی بکەوی و دەسـت بـە خـواردنی بکـەن(وەك سولّتان حەمید گۆتەنی)، بەلآم بەریتانیا زیاتر لـە هـەموان دەیویـست بـە تـاقی تـەنها دەست بەسـەر میراتەکەی دابگرێ و بە هەمو جۆرێـك دەسـتی خـستبووە نێـو عوسمـانی، ڕۆلێکی گرنگی بینی لە سەرکوتکردنی دەسەلآتی کوردی بە تایبەتی هێرشە هاوبەشەکەی میری سۆران ومحمد پاشای میسر بۆ سەر ئەستەمبۆل، لە هند ئـەو مەسـەلەیە لـە بـارەی بەریتانیا بە ناوبانگ بوو دەیانوت، ئەگەر دوو ماسی لە ناو دەریا بە شەڕ هـاتن دەسـتی بەریتانیای تێدایە، قونسولّەکانی دەسەلآتی زۆریـان پەیـداکردبوو، بەرپرسـانی ئیتحـاد و الترقی دەستیان کرد بە ویلایەت و زەوی فرۆشتن، ڕووباری دیجلـەیان بـە ۲۵۰۰۰۰لـیرە[۹٤] فرۆشتە (کۆمپانیـای لینجـی) بـەریتانیا، ویلایەتـەکانی ڕوملـی (ئـەوروپا) بـەرە بـەرە فرۆشران، ویلایەتی تەڕابلوس (لیبیای ئێستا)بە دوو بەلەمی جەنگی فرۆشرایە ئیتالیا[۹۵] و دوایش دوو بەلەمەکەشی نەدانێ ..لەو سـەردەمە کـڕین و فرۆشـتنی ولآت بـە تـەواوی هەبوو، ئەمریکا فلیپینی بە ۲۰ملیۆن دۆلار لە ئیسپانیا کـڕی، سـەرەتای ئـەمریکا ۱۳

[۹۲] ـ بروانە:مشاهیر کوردوکوردستان ئەمین زکی بەگ، معجم اعلام الکورد،
[۹۳] ـ بروانە: دراسات فی الحرکة الکردیة المعاصرة ..ص۱٤۸-۱٥۰
[۹٤] ـ لە چەند سەرچاوەیەك هاتوە دەلّێن : کاتێ کیشە دروست بوو لە نیوان بریتانیـاو عوسمانی ئاخۆ عوسمانیـەکان (ئیتحادیـەکان) دیجلـەیان فرۆشتوە یان فورات، لە تۆمارگەکەی خۆیان ئەیان دۆزیەوە، بەریتانیا ئەوەی قۆزتەوەو وتی هەردووکم کڕیە.
[۹٥] ـ بروانە: الإسلام والعلمانیة واثرهما فی نشأة الدولة العراقیة الحدیثة ص۷۷

ویلایەت بوو زۆربەی ئەو ویلایەتانەی ئێستا بە پـارە کڕیـەوە، یەهودیـەکانیش پـێش تـر هەوڵیان لە گەڵ سلطان عبدالحمید دابوو بۆ کڕینی فلستین بەڵام قایل نەبوو، یەهودیـەکان هەندە چاوترسێن ببون لەو جەنگەی سەلاح الدین ئاواش عوسمـانلی لاواز ببـوو نـەدەوێران دەست بۆ فلستین درێژ بکەن، بەڵکو دەیان ویست لە ڕێی کڕین وفرۆشـتن بگەنـە فلـستین، لەنامەیەکی[٩٦] سوڵتان عبدالحمید بۆشیخ محمود ئەبو شامە دەڵێ: یەهودیـەکان بـڕی ١٥٠ ملیۆن لیرەی[٩٧] ئینگلیزیان پێدام تا سنجاقی قودسیان پـێ بـدەم، دوای ئیتحادیـەکان بـە ٤٠٠،٠ لیرە قایل بون[٩٨]

لە ئەورووپاش شەڕە ملەیەکی زۆر بەهێز لە سەربازاڕ و موستەعمەرە دروست ببوو، لە گەڵ کۆمەڵێك هۆی تر ناکۆکیەکی خەست لە سەرەتای سەدەی (٢٠)دەستی پێکردبوو، تا لە ڕۆژی ١٩١٤/٦/٢٨ بە دەستی (پرانسیب)ی قوتابیەکی سربی کە سەر بـە ڕێکخـراوی (لەپ ڕەشەکان) بوو جێنشینی نەمسا (ئەرشـیدۆك فرنـسیس فردینانـد) وهاوسـەرەکەیان تیرۆر کرد و شەڕ هەڵگیرسا، ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەر و بولگاریا ودوایش عوسمانی لـە

---

[٩٦] ـ دەقی نامەکە: بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله رب العالمين وأفضل الصلاة وأتم التسليم على سيدنا محمد رسول رب العالمين وعلى آله وصحبه أجمعين والتابعين إلى يوم الدين.

أرفع عريضتي هذه إلى شيخ الطريقة العلية الشاذلية، إلى مفيض الروح والحياة، وإلى شيخ أهل عصره الشيخ محمود أفندي أبي الشامات، وأقبل يديه المباركتين راجيا دعواته الصالحة. بعد تقديم احترامي أعرض أني تلقيت كتابكم المؤرخ في ٢٢ مايس من السنة الحالية، وحمدت المولى وشكرته أنكم بصحة وسلامة دائمتين. سيدي: إنني بتوفيق الله تعالى مداوم على قراءة الأوراد الشاذلية ليلا ونهارا، وأعرض أنني مازلت محتاجا لدعواتكم القلبية بصورة دائمة. بعد هذه المقدمة أعرض لرشادتكم وإلى أمثالكم أصحاب السماحة والعقول السليمة المسألة المهمة الآتية كأمانة في ذمة التاريخ:

إنني لم أتخل عن الخلافة الإسلامية لسبب ما، سوى أنني _ بسبب المضايقة من رؤساء جمعية الاتحاد المعروفة باسم (جون تورك) وتهديدهم _ اضطررت وأجبرت على ترك الخلافة. إن هؤلاء الاتحاديين قد أصروا وأصروا علي بأن أصادق على تأسيس وطن قومي لليهود في الأرض المقدسة (فلسطين)، ورغم إصرارهم فلم أقبل بصورة قطعية هذا التكليف، وأخيرًا وعدوا بتقديم ١٥٠ مائة وخمسين مليون ليرة إنجليزية ذهبا، فرفضت هذا التكليف بصورة قطعية أيضا، وأجبتهم بهذا الجواب القطعي الآتي: (إنكم لو دفعتم ملء الأرض ذهبا - فضلا عن ١٥٠ مائة وخمسين مليون ليرة إنجليزية ذهبًا فلن أقبل بتكليفكم هذا بوجه قطعي، لقد خدمت الملة الإسلامية والمحمدية ما يزيد عن ثلاثين سنة فلم أسود صحائف المسلمين آبائي وأجدادي من السلاطين والخلفاء العثمانيين، لهذا لن أقبل تكليفكم بوجه قطعي أيضا). وبعد جوابي القطعي اتفقوا على خلعي، وأبلغوني أنهم سيبعدونني إلى (سلانيك) فقبلت بهذا التكليف الأخير. هذا وحمدت المولى وأحمده أنني لم أقبل بأن ألطخ الدولة العثمانية والعالم الإسلامي بهذا العار الأبدي الناشئ عن تكليفهم بإقامة دولة يهودية في الأراضي المقدسة فلسطين... وقد كان بعد ذلك ما كان، ولذا فإنني أكرر الحمد والثناء على الله المتعال، وأعتقد أن ما عرضته كاف في هذا الموضوع الهام، وبه أختم رسالتي هذه. ألثم يديكم المباركتين، وأرجو واسترحم أن تتفضلوا بقبول احترامي بسلامي على جميع الإخوان والأصدقاء.

يا أستاذي المعظم لقد أطلت عليكم التحية، ولكن دفعني لهذه الإطالة أن نحيط سماحتكم علما، ونحيط جماعتكم بذلك علما أيضا.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

في ٢٢ أيلول ١٣٢٩

خادم المسلمين

عبد الحميد بن عبد المجيد

[٩٧] ـ پاردی بریتانی ئەو کاتیش جونەیهی ئیسـتەرلینی بوو، لە دەقی نامەکەی تیۆدۆر هرتزل بۆ سوڵتان باس لە (جونەیە) دەکـاو دەڵـێ سـاڵانە یەك ملیۆنت دەدەینێ ئەگەر بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی سەربە خۆیی بدەیتە یەهودیەکانی فلـستین.

[٩٨] ـ لە کتێبی (اليهود والدولة العثمانية) دەڵێ: فلستین بە دوو سینیە لیرە فرۆشرا.

لایـەك بـون، ولاتـی تـەوەریان پـێ دەگـوتن، فرنـسا و بـەریتانیا و ڕوسـیا و... ولاتـی هاوپـەیمانیان پـێ دەگـوتن، دوای دوو دڵـیـەکی زۆر (ئـەنوەر پاشـا) بڕیـاری دا لـە ۱۹۱٤/۱۰/۲۹ بچێتە ناو جەنگ لە قازانجی ولاتی تەوەرە بێ ئەوەی پـرس بـە سـوڵتان بکات، یەکەم کاردانەوە بەریتانیا لە ویلایەتی بەسـرە هێرشـی هێنایـە سـەر عوسمـانی و هێزەکانی لە بەحرەین ڕا بـەرەو کەنـداو جولانـد، لـە ڕۆژی ۱۹۱٤/۱۱/۷ شـێخ الاسـلام خەیری فەندی و ۳۰زانای گەورە لەگەل محمدرەشاد فتوای جیهادی دا، لە هەر سێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرە وە لامی ئیجابی لەو شوێنانە درایەوە کە مەدرەسـەی ئـاینی لێ هەبوو، لەسەر ئەو بنچینەیە لە ناوچە بەدەویەکانی (سونەنشین) زۆر بە کەمی بە پیل ئەو بانگەوازەی شێخ الاسـلام هاتن، بەلام لە کوردسـتان و لە ناوچـەکانی سـامرا و کازمیـە و نەجەف و کەربەلا... زۆر بە گەرمی هاتن، هێزێکی مەزن بـە سـەرۆکایەتی شـێخ محمـود چووە خـواروو شـان بەشـانی هێزەکـانی زانایـانی نەجـەف وکەربـەلا، لـەوێ ڕووبـەڕووی هێزەکانی بەریتانیا بونەوەو خەریك بون شکستی پێ بهێنن جنرال تاوزندیان بەدیل گـرت، ئەو هۆسەیەی عەرەب لەو سەرکەوتنانە هات بەسەر شێخ (ثلثی الجنة لهادينا وثلث للشيخ احمد واكرادة)، ئەگەر خیانەتی عەشایرە عەرەب و ئەفسەرە عەرەبەکانی وەك نوری سـعید و مولود مخلص و علی جودت ئەیوبی وتالب پاشا (میری بەسـرە) و شـێخ خزعـل (مـیری محەمەرە) نەبوایە ئەوا خەریك بوو بەریتانیا دەربکەن لە (دارالاسلام ـ وای پـێ دەوتـرا)، ئەو خیانەتانە وای کرد (سلیمان عسکری پاشـا)ی سـەرکردەی عوسمـانی خـۆی بکـوژێ، ئینجا ئەو هاوپەیمانیەی شـیعە و کـورد و عوسمـانی هەڵوەشـایەوەو هێزەکـانی کـوردیش گەڕایەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەواڵی ئەوەیان پێگەیشت کـە هێزەکـانی ڕووسـی بـە سەرکردایەتی باراتۆف لە چەند لایەك نزیکی کوردستانی خوارووش بوویتەوە، لـەو کـاتی علی ئیحسان پاشا بە ناوی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژی ۱۹۱۷/۱۰/۳بروسکەیەکی فەرمی بۆ شێخ محمود نارد و لە میزۆپۆتامیا و کوردسـتان شـێخی کـردە میراتگـری عوسمـانی و مومتەلەکانی عوسمانی بووە موڵکی ئەو حکومەتیشی دروست کرد.

سەرەڕای ئەو سەلبیاتانەی عوسمانلی بـەلام وا دیـارە سـەرکردە کوردەکـان بـە وردی زانیویانە عوسمانلی بۆ کورد باشترە نەك تەیاری عەلمانی تـۆرانی (ئیتحادیـەکان و دوایـش کەمالیەکان)، بۆیە زۆر دیفاعیان لە عوسمانلی کردووە، شیخ سعیدی ئەوردەسی دوعای بـۆ

خەلیفە دەکرد، شریف پاشاش لە دواییەکان ستایشی سولتانی کردو لە ٢٣/٤/ ١٩٢٠ بروسکەی ڕێزی بۆ سولتان لێدا لە بەرامبەر هەلوێستی چاکی بەرامبەر کورد، هەر لە دوای ئینقلابی ئیتحادی دژ بە عوسمانی بە یەك هەفتە هەلسا بە شۆرش، دوای ئەو لە ١٩١٢ ـ ١٩١٣ ملا سلیم وشیخ شهاب الدین وشیخ عبدالسلام بارزانی لە ١٩١٤[٩٩]،

شۆرش و راپەرینیان کرد دژ بە ئیتحادیەکان وداوای گەرانەوەی خیلافەتیان کردوە، بە روونتر ئەوەبوو دژ بەو کارەی ئیتحادیەکان بوو کە ویلایەتیان دەفرۆشت و... زیاتر ئەوانە چارەنووسی کوردیان لە عوسمانلی دەدۆزیەوە نەك لە تۆرانیەت، ((شێخ عبدالقادر) لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئیقدام) تۆمارکردووە بەجوانی ئەوە ڕونکراوەتەوە کە شێخ عبدالقادر و ئاینیەکان چیان دەوێ[١٠٠]، پێیان وابوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی ئۆتۆنۆمی وەرگیرێ بۆ ماوەیەك وەری دەچەرخێننە سەربەخۆیی تەواوی کوردستان[١٠١]، بۆ زیاتریش بڕوانە دەقی نامەکەی شێخ عبدالقادر بۆ فەرەنسا، کە لە ٢٥/٦/١٩٢٠ نوسیتی[١٠٢] زیاتر شێخ عبدالقادر و (ئەوەی ناویان نرابوو کوردە ئەستەمبۆلیەکان) ڕۆلیان بینی هەم لە ڕێی هادی پاشا(نوێنەری سولتانی عوسمانی) هەم خۆشی ڕاستەوخۆ لە هەمو لایەك لە تەقەلادا بوو، ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە نامەکەی عبدالقادر –کە بەناوی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی ناردووە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە ١٨ ـ ٢١/١/١٩٢٠ دەبینین ناوەرۆکی مادەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی زۆر لێ نزیکە[١٠٣]، شیخ عبدالقادر پێی وابوە ئەوەی لەرێی

[٩٩] ـ لەکتێبەکەی مسعود بارزانی - البارزانی والحرکە الکوردیە.. وەك نوسەرە عەلمانیەکان بەهەلەداچودو دەلێ شیخ عبدالسلام لەگەل عوسمانی ڕووبەڕوو بونەوە، لەراستیدا بەپێچەوانەیە لەگەل ئیتحادوالترقی ڕووبەڕوو بوونەوە هەروەك لەو بەلگەنامەبریتانیە ڕوون تر باسی دەکا: نائب القنصلیة البریطانیة وان. ١٣/آذار١٩١٤/ ٢٤٤٨/١٩٥ REF: FO

اتخذ شیخ البارزان و باستمرار موقفا عدائیا من حکومة الاتحاد و الترقي و کانت منطقة نفوذه مرکز الأظطرابات، یقال بان عبد الرزاق بدرخان، الذي کان یخطط ضد الترك في العام الماضي قد انضم الی شیخ البارزان و لعل هذا هو السبب الذي دفع الحکومة باتخاذ قرار بقمعه...ئینجا ئەو والیەی کە دژایەتیشی کرد والی موسل بەناوی (سلیمان نەزیف- ئەندامی ئیتحادوتەرەقی بوو) کەواتە کرا دوژمنایەتی عوسمانی وشێخ عبد السلام

[١٠٠] ـ کۆمەڵە ڕێکخراوە کوردیەکان لەبەلگەنامەکانی بەریتانیاو فرنساله بەلگەنامەی ژ:٤٤ و ل١٥٩ بلاوکراوەتەوە

[١٠١] ـ بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: کورد لە بەلگەنامەی بەریتانیا ژمارە: ٤٠، ٥٠٦٨/٣٧١.f0 بۆ وەزارەتی دەرەوە: ٨/٤/١٩٢٠

[١٠٢] ـ کۆمەڵە ڕێکخراوە کوردیەکان لەبەلگەنامەکانی بەریتانیاو فرنساله بەلگەنامەی ژ:٤٤ول١٥٩ بلاوکراوەتەوە

[١٠٣] ـ دەقی نامەکە لەکتێبی(کۆمەلەو ڕیکخراوە کوردیەکان ١٩١٨-١٩٢٣له بەلگەنامەی بریتانی وفرنسی) - ل١٥٨-١٥٩ بەلگەنامەی ژ:٤٤ ، ئەو کاتی شریف پاشا بەپێی (کریس کۆچیرا) لە ڕقی ئەوەی بەشێکی کوردستان درابوە ئەرمەنەکان لە ٢٧/٤/١٩٢٠وە

عوسمانی دێت ڕاست ودروست تر: لە بەڵێنی بێ بنەمای ئەتاتورك وفروفێلی بەریتانیا(بروانە ئەوبەڵگەنامەی خواروو)[١٠٤]، ئەو پڕۆژەیە لەلایەن فرید پاشای سەرۆك ودزیرانی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبۆل ـ سوڵتان واحدالدین) بە فەرمی مۆرکراوە[١٠٥]، لەبەڵگەنامەیەکی تریی بەریتانی (FO.٣٧١/٥٠٦٧) هاتوە دەڵێ: فەرید پاشا لایەنگیری دروست بونی دەوڵەتی کوردی کردوە لەرێی ئۆتۆنۆمی ناوەخۆ، (دیڤید ماکدۆناڵد)یش هەر وای بۆچوەلە کتێبەکەی خۆی(مێژووی نوێی کورد ـ بە ئینگلیزیە) بۆیە لەنێو کوردیش بەوهۆیەوە بونە دوو بەش، هەریەکە لە شێخ عبدالقادر شەمزینی و شەریف پاشا و شێخ سەعید پیران و نەورەسی و هەندێ لە بەدرخانیەکان و هەندێ دەستەی تری کوردی و ئاپینیەکان[١٠٦] پێیان وابوو ئەوەی مستەفا ئەتاتورك دە یکا فروفێڵ و تاکتیکە و دەستکەوتەکانی کورد لە ئەستەمبۆل و پەیماننامەی سیڤەر هەڵدەوەشێنێتەوە[١٠٧]، بەشەکەی تریێیان وابوە لە دەوڵەتی تورکیای نوێ بە سەرکردایەتی ئەتاتورك باشترە، ودك لە بەڵگەنامەی بەریتانی لەلایەن جێگری مەندوبی سامی بەریتانی لە١٨/٣/١٩٢٠

نیستقالەی دابوو (القضیة الکردیة فی المؤتمرات الدولیة.هەروەها لە (کوردو کوردستان لە بەلگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بریتانی – د کمال مەزهەر)دا هەمان بەرواری ئیستقالەکەی دیاری کردوە.

[١٠٤] استنبول ١٨ نيسان / ١٩٢٠ برقية رقم/ ٤٠١

الى \ وزارة الخارجية

اشارة الى برقيتكم

..تعقد الموقف بالنسبة القضية الكردية وذلك لحصول الانشقاق داخل النادي الكردي الذي أشرت اليها في برقيتي رقم ٣٠٢....

يتهم البدرخانيين والاخرون من النخبة الكردية السيد عبدالقادر افندي بعدم كونه متعاطفا مع المشاعر القومية الكردية وذلك لما صدر منه بعض التصريحات. يدعي عبدالقادر بأنه يتف كليا مع توحيد كردستان أداريا ولكن يكن الكثير من الأحترام للخلافة ولا يرى اية فائدة في الاستقلال السياسي. يقول عبدالقادر أنه بحاجة الى الدعم البريطاني ويقدوه وأنه متى ما شاءت الحكومة البريطانية ودعمت استقلال كردستان فأنه مستعد آن يعلن الاستقلال ولكن في الظروف الحالية ليس هناك اية حاجة لأثارة كل هذا الضجيج حول الاستقلال الكامل. يبدو أن عبدالقادر رجل صادق وأنه بفضل مكانته الدينية أكثر الشخصيات الكردية شعبية وأن خصومه عبارة عن مزيج من القوميين الكرد الذين يحملون افكارا مثالية ودعاة القومية التركية من الذين يعملون للمصالح القومية.

[١٠٥] د عثمان علی ـ دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص٣٢٤، هەروەها بروانە: بەلگەنامەی بریتانی Air٤١٢ تەلەگرام لە ١٨/٤/١٩١٩.

[١٠٦] ـ دیڤید ماکدۆناڵ ناوی لەوانە نابوو کوردی ئەستەمبۆلی.

[١٠٧] ـ بۆ ووردتر بروانە: ئەو بەلگەنامەیەی بریتانی چۆن عبدالقادر شەمزینی ئامۆژگاری ئەفەندی وسەرۆك عەشیرەتەکان دەکا کە دوای ئەتاتورك نەکەون مذكرة حول السيد عبدالقادر الشمزيني وسمكو

من المندوب السامي البريطاني / القسطنطينية (٢٠ مايس ١٩٢٢)

واشتكى السيد عبدالقادر بأن كل المناشدات التي قدمها للحكومة صاحب الجلالة لم تلق آذاناً صاغية و أنه فشل في كسب ثقة جلالته. وكرّر، كما فعل ذلك عدة مرات، بأنه كان في موقع يساعده على السيطرة على الكرد في الولايات الشمالية الشرقية، لو أعطيت له الفرصة للتحرك. وأكد هذه المرة وبثقة على قدرته بإقناع سمكو للعمل وفق مصالحنا وأضاف أنه لا طائل من الاعتماد على أشخاص مثل مصطفى باشا وآخرين الذين يحومون هنا وهناك. هؤلاء ليس لهم تأثير حقيقي على الكرد.

ناردوه و دەڵێ (ناحەزانی سەید عەبدالقادر بریتین لە دەستەیەکی زۆر لەیەك نەچوو هی ئەوتۆیان تێدایە زۆر حەزیان لە سەربەخۆیی کورد نیە، زیاتر لەگەڵ ئەتاتورك ڕۆیشتون)[108][109]، بەشێك لە عەلمانیەکان وەك هەنوکە ناسا داوای بەرژەوەندی شەخسیان کردوە، لەگەرمەی شۆرش (وەك لازاریف)دەڵێت: هەندێك لە بنەماڵەی بدرخانیەکان خەریکی دانوستان بون لەگەڵ ئیتیحادیەکان داوای پارچە زەوی گەورەو ۲۰ لیرەی کردبوو[110]، ئەو بارو دۆخەی عەلمانی کورد لە کوردستانی خوارووش هەروابوە[111]، جگە لەوەش لە چەندین سەرچاوەی تریش وادەردەکەوێ کە عەلمانیە کوردە نیشتمان پەروەرەکانیش یەکرا نەبووینە، بەشێکیان بە فرنساو شۆرشەکەی سەرسام بوە، بەشێکی تر بە بەریتانیا، بەشەکی تر بە ئەزمونی ئیتالیاو ئەلمانیا، هەندێکیش بە بلشفی، لەهەموان ترسناك تر بەشێکیان بە کەمالی، دواى بە (نازی)[112]..، لە پێش تریش سیستەمی

---

[108] ـ دەقی ئەو بەلگەنامەی لە پێشوتر لەنیجابیەکانی سیڤەر بلاوکرایتەوە.

[109] ـ بروانە: بەلگەنامەی بریتانی ژ: ٦٢٠/م -١٧٤٢ لە ل٧٧ی کتێبی کوردو کوردستان لە بەلگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیادا بلاوکرایتەوە.

[110] ـ دراسات فی الحركة الكوردية المعاصرة ص٢٤٢

Orandale House FO ٣٧١/١٣٤٢٥٥ ــ

July- ١٨ -, ١٩٥٨ ٨ Eaton Castle

.... ما ذكر اعلاه كان ملخص الحديث الذي دار بيننا لمدة ١٤ دقائق حيث حاولت الكثير بأن ادفع بأن يقول شيئا قريبا من الحقيقة ولو مرة واحدة. رغم انه لم يكن مرتاحا من الكثير من الأسئلة الا أنه أجاب بمنتهى التهذيب. أن هذا الشخص وأمثاله الكثيرين اناس غير موثوقين بهم ومستعدون بأن يبيعوا أنفسهم لمن يقدم لهم العرض الأكبر. ان هؤلاء الانتهازيون من الكرد لم يستطيعوا ان يطوروا لحد الأن ولو خطوة واحدة نحو الاستقلال ولكنهم شوكة كبيرة في جسم السلطات الحكومية. يدعي هؤلاء بأن نفط كركوك هو نفطهم وطبعوا معايدة على شكل كارت لتجسيد هذا الأدعاء ، سبق ،ان أرسلت نسخ من الكارتات الى مستر سام ويقول هؤلاء بأن بأمكانهم أن يفجروا السدين الكبيرين في الشمال اذا اردوا....

[112] ـ العلاقة بين الكرد والمانيا النازية

FO ٣٧٠/٦٧١ - تقرير الاستخبارات البريطانية ـ فرع العراق للأسبوع المنتهي في ٢٧ـ٤ـ ١٩٣٩

...استنادا إلى المعلومات الواردة إلينا من مصادرنا الموثوق هناك نوع من التوتر في الأجواء في سليمانية وان حركات أنصار الإنكليز مراقب من قبل أعضاء الحزب النازي في المدينة. علما أن إبراهيم أحمد(أحد الناشطون في سليمانية) والمدعو رمزي المتصرف في المدينة وقائمقام جم جمال يعد من مؤيدي الحزب النازي في المدينة المؤيد لألمانيا وهؤلاء على صلة وثيقة بفائق طابو المؤيد للحزب النازي.

٥) أخبر الشيخ محمود أبنه الشيخ لطيف الذي كان يزوره في بغداد بأن أبنيه: الشيخ رؤوف والشيخ بابا علي قد خدعا إلى درجة بحيث بدا يعملان لصالح الحزب النازي في بغداد. ولكن طلب الشيخ محمود من الشيخ لطيف عدم الإفصاح بهذه الحقيقة لأحد لأنها تسوء إلى سمعة العائلة.

٦) استنادا إلى مصدر موثوق بأن الشيخ كريم من عبد ولان والشيخ حسام الدين النقشبندي يعملان لصالح المعسكر الألماني بين الكرد. ويعمل كريم كلاري الجاف أيضا لصالح المعسكر الألماني....

جامیعەی ئیسلامی کە لەلایەن سولتان عبدالحمید و شێخ سعیدی نەورەسی و جمال الدین ئەفغانی وئەبوهودا رفاعی، ئەسعەد قەیسەرلی لە مدینە، شێخ فەزلەلا لە ملیبار، شیخ محمد زاهیر لە ئەفریقا، حسێن بن علی لە مەکە..، بریتی بوو لە کۆمەڵە دەوڵەتێکی کوردستانی و عەرەبی و تورکی و چەرکەسی و ئەفغانی... لە چوار چێوەجامیعەی ئیسلامی (عوسمانلی)[*]، بەڵام دیسان ئیتحادیەکان هەڵیان وەشاندەوە، بۆیە کورد ترسی زیاتر لە ئیتحادیە عەلمانیەکان هەبوو...، وادیارە لە دوا ساتەکانی عوسمانی تا رادەیەك پابەند بوو بە (جامیعە)ی بۆیە قایل بوو حکومەتی کوردستان لە سلێمانی دابمەزرێ و دانی پیاهێنا، بەڵام شکستی عوسمانی لە جەنگی جیهانی و شکستیشی بەرامبەر عەلمانیە تۆرانیەکان هەمو ئەو ئومێدانە نێژران، جەنگی جیهانی بەرەبەرە لە قازانجی هاوپەیمانان تەواو بوو، ناوچەکەش کەوتە دەستی بەریتانیا و فرنسا و نەخشە تایبەتیەکە(لە سایکس پیکۆ را) جێبەجێکرا، نەخشەی جامیعەی ئیسلامی هەڵوەشایەوە و عوسمانی و کورد و ناوچەکە و جیهانیش کەوتە قۆناغێکی نوێ.

لەبەرامبەریشدا میلەتانی ناوچەکە وەك نەتەوایەتی بێدار بونەوەو دەتوانین ئەو قۆناغە بەسەردتای نەتەوایەتی بەگشتی وکوردایەتی بەتایبەتی پۆلین بکەین.

---

[*] ـ لەوکاتی کۆمەڵێك لەو جامیعانە هاتنە کایەوە، لەوانە: جامیعەی جەرمەنی، جامیعەی لاتینی...ئینجا جامیعەی ئیسلامیش.

بەشی دووەم

کوردایەتی ومەینەتی کورد

بەشێکی کاریگەر لە مێژوونووس و ڕەوشەنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد (بە تایبەتی نەوەی ئێستا) کە باسی سیاسەتی کورد دەکەن عادەتەن بەو فەرمایشتە دەست پێ دەکەن: (کورد هەزاران ساڵە دەچەوسێتەوە)، ئیتر باسی تەنها لای شکستەکانی کورد دەکەن، کەمتر باس لە دەسەڵات و لایەنە گەشەکانی کورد دەکەن، ئەوان وا دەزانن بەو ڕێگەیە مەزلومیەتی کورد پیشانی جیهان دەدرێ، هەڵبەتە هەمو میللەتانی جیهان و ناوچەکە هەمان بارودۆخی بەخۆوە بینیوە، ڕەنگە کورد لە عەرەب زۆر باشتر بوبێ، هەر تەنها ئەو بەغدایە زیاتر لە (٣٠)جار وا بە ئاسانی داگیر و وێران و تاڵانکراوە، ئیتر بۆ تەنها کورد، ئەوەی زۆر ترسناکە ئەو مێژوونووس و ڕەوشەنبیر و سیاسەتمەدارانە دەیکەن هەنگاوێکی زۆر زیان بەخش و چەوتیشە، ئەوەی کورد دەیکا زۆر سەرسوڕهێنەر و نالۆژیکیە، جۆرێکە لە لاسایی بەڵام چ لاساییەك، عەرەب و تورك لە چوارچێوەی (پێداچونەوەی زانستی مێژوویان) هەوڵیان داوە ڕەگ و ڕیشەی نەتەوایەتیان بە ساختە بۆ قوڵایی مێژوو ببەنەوە، سەرنج بدە کتێبی (الحضارة في العراق ص٣٢١) چ دەڵێت: بعد أن اتمت الجيوش العربية تحرير العراق من الحكم الفارسي أصبح العراق جزءا من الدولة العربية الكبرى، وكانت هذه الدولة قد اسسها الرسول(ص)... لە شوێنێکی تر لەبەشی (الشعورالقومي لدى البابلين ص٢٤٤) باس لە عروبەو ناشیۆنالیزمی دەکات لەو سەردەم، هاتوە: ((استخدم العراقين القدماء إسم نبوخذنصر كرمز القومي))، احمد سوسە ـ لەکتێبی(تاريخ حضارة وادي الرافدين) بەتەقەلای ناشیۆنالیستە عەرەبەکان نەوەستاوە، کە هەوڵیان داوە عروبە بگێڕنەوە بۆ سەر ئەمەوی، ئەو تەقەلای داوە تۆخمی عروبە لە سۆمەری و بابلیەکان بدۆزیتەوە، ئەو تەقەلایانە بۆ ئەوەی بیری نەتەوایەتی ڕەسەنایەتی وەرگرێ، چونکە زۆر دەست کورت و لاوازە و دەکرێ بڵێین هەر بیر و ئایدۆلۆژیا نیە، ئەگەریش ببێ ئەوا ڕەگەز پەرستیەکی وای لێ دەردەچێ لە سەر شێوەی شۆڤینی فرنسی،

فاشی ئیتالی، نازی ئەلمانی، ڤالانژیـــی ئیـــسپانی، تورانی تورکی، بەعسی عەرەبی...بۆیە بە ناچار پشتیوانی مێژوویی بۆ دەدۆزنەوە کە نیشە[113]، هەرچی کوردە تەقەلایەکی تـری هاوتەریبی ئەوانە دەدا، بەلاّم زۆر بە چەوتی، ئەو مەینەتیەکەی تەنسیل دەکـا، تـەیاری عەلمانی ئێستای کورد بە دووئارستەی ترسناك کاردەکا، یەکیان لە رووی سیاسی وکرداری دەیـەوێ ئایـدیۆلۆژیای نەتـەوەیی پیادەبکـا بـەفت کردنـی ئـاین ومێـژوو وسـومبلە سەرکردەکانی، ئەوانە دەڵێن : ئاین بۆ هەمولایەك بە سود بود تەنها بۆ کورد نەبێ، زیاتر لەوەش دەڵێن باکوردایەتی وئاین لێك جیا کەینەوە، لە جیاتی هاوئاینی بـا هـاو ولاّتـی پیادەبکـەین[114] نەتـەوەیی، ئـاین دوورکەوێتـەوە لـە کۆمەڵگـەو ببتـە کێـشەی تاکـە کەسی،...لەو لایەش هەوڵ دەدا مێژوو وا پیشان بدا کەمیللەتی کورد هـەر ژێـر دەسـتەو دوا کەوتەو داگیر کراو بوەو مێژووی کورد مێژووی گریان ونوزەو پاڕانەوە بوە...، سەرکردە روحیەکانی وەك سلاح الدین وشیخ ئیدریسی بدلیسی وشیخ عبیدالله وشیخ سـلام وشـیخ سعید وقازی تا مەلا مستەفا بە نەزان وخزمەتکاری ئەولاو ئەملای پۆلین بکـەن...، جـا کارە سەرسامیەکە لەودیە کەبەو کارەیان دەیانەوێ بینای ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی دابڕێژن، ئێ باشە هەمولایەك دەزانن کۆڵەگەکانی نەتەوەیی بریتیە لە: مێـژوو وئـاین وسـەرکردەو زمان و نیشتمان، ئەگەر سێ کۆڵەگە خۆت تەرتوویرانی بکەی چۆن بە دوو کۆڵەگە بینـای نەتەوایەتی ڕادەوەستێ، خۆ دلنیام ئەگەر ئەو دوو کۆلەگەیەی زمـان ونیـشتمان ئـاوا لـە قەپان بدرێ ئەویش ویرانکراوە، بەلاّم ئەودووە بۆ پسپۆری خۆی بە جێ دێلـین، دووەمیـان نەزەریەو سەرسام ترە لەوی تر هەوڵدەدا مێژووی داگیرکاری وژێر دەستەی قـوول بکاتـەوە بۆ هەزاران ساڵ یاخود بە لای کەم بۆ یەکەم فەتحی کوردستان لە لایەن ئاینی ئیـسلامەوە، ئەگەر بە ووردی سەرنج بـدەین دەبیـنین دیاردەکـانی وەك تـەعریب یـان داگیرکـاری یـان ئەنفال...ڕەگەکەی بۆ ئەو کاتی دەگێرنەوە... بریا هەروەك ئەوانە هەولّی ئەوەی بدابووایە

---

[113] ـ لە ڕاستیدا مێژووی شارستانی عەرەب لەگەورەترین قەیران دایە، چونکە شارستانی ئیسلامی وەك ئیبن خەلدوون دەلێ کەمی جێ پەنجەی عەرەبی تێدایە بۆیە عروبیەکان ویستویانە زانار ناودارانی ئیسلامی تەعریب بکەن ونەکرا، ئیتر ئەو مێژوە شارستانی ئیسلامە نەك عەرەب ، شارستانی عەرەبی بەتی وراستەقینە لەدوای سەدەی ۲۰ دەست پێ دەکا ئەویش جێی شانازی نیە لە هیچ روویەکی تکنۆلۆژی وسیاسی وفەرهەنگی وزانستی

[114] ـ ئەو تەقەلایە لەلایەن توێژینەوەیەکی گرنگی (بشتیوان سادق) بە سەرپەرشتی د محمد شریف بەناوی(موسوعە الإرهاب ج۳ الإرهاب فی کوردستان ص۲۳۵)هاتوەو دەڵێت: ((العمل علی إفهام الناس بأن العلاقة بین المواطنین هی المواطنة وحدها ولیست الدین)) ئەوەش بەدەق وکت ومت مادەی (۳)ی دەستوری حزبی بەعسە.

ڕەگ و ڕیشەی کوردایەتی و نەتەوایەتی قوڵ دایە بۆ مێژوو، تا کوردایەتی ڕەسەنایەتی وەرگرێ بە ناسنامەی مێژوویی و ئاینی...، بەڵام وا ناکەن، هەڵساون لە تەقەلایەکی بێ ووچاندان تا مەینەتی کورد قوڵ بکەنەوەو بە ڕەسەنی بکەن، ئەو دوو تەقەلایەی (ڕەوشەنبیرانی عەلمانی کورد) و(ناشیۆنالیزمانی داگیرکەر) لە شێوە یەکن، هەردوولاچەوت وساختەیە، بەڵام لە ناوەڕۆك و ئەنجام زۆر لێك جیان، بۆیە دەبێ جارێ ئەو هەڵەو چەوتیانە ڕاست بکەینەوە، لە پێش هەموانەدا ئەو فەرمایشتە ڕاستکەینەوە کەگوایە: کورد هەزارانساڵە دەچەوسێتەوە، هیچ میللەتێك لەو جیهانە لەوانەی ئێستاش ژێر دەستن وەك باسك و ئیرلەندو بەربەر و چیچانی و کشمیری و....... هەزاران ساڵ نیە بچەوسێنەوە، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە چەوسانەوە هەبوە بەڵام چەوسانەوەی نەتەوەیەتی لە دوو سەدە تێناپەڕێ، چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردیش خەریکە بگاتە سەدەیەك، ئەگەر ساڵی ١٩٠٨ بە سەرەتای سەرهەڵدانی کوردایەتی دابنێین، ئەگینا مێژووی سیاسی کوردستان زیاتر سەربەخۆیی بوە نەك داگیرکاری وەك لەکتێبی (الملل والنحل والاعراق)[١١٥] دەڵێت: کوردستان بۆ ماوەی ١٣ سەدە یەکپارچە بو تا لە ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ پارچە پارچە کرا، دوای بە درێژی باسی ئەو بابەتە دەکەین، لە ڕاستیدا مەینەتی کورد لە نێوان ١٩٠٨ ـ ١٩٢٤دروست بووە، بۆیە ئەو فەترەیە پڕە لە ڕووداوی وەك:

١ـ ١٩٠٨ ئنقلابەکە..

٢ـ ١٩٠٩ لادانی سوڵتان عبدالحمید.

٣ـ سەرهەڵدانی دەستە و کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردستانی زۆرو زنجیرە شۆرشەکانی کورد.

٤ـ ١٩١٤ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی.

٥ـ ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ١٩١٦

٦ـ لە ١٩١٨ کۆتای جەنگ و داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن هاوپەیمانەوە.

٧ـ کۆنگرەی پاریس

٨ـ کۆنگرەی سیڤەر ١٩٢٠

ـ سعدالدین ابراهیم ص٢١٣

٩ـ دابەش كردنی عوسمانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەكان لە ناوچەكە و دروست بونی (عصبە الامم)

١٠ـ ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتی عەلمانی لە ئەنقەرەو دەسەڵاتی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ و شكستی ئەستەمبۆڵ.

١١ـ لە دوای ١٩٢٠ ئەو دەوڵەتانەی وەك توركیاوعیراق و سوریا وئوردەن و..هتد دروست بون.

١٢ـ لە ١٩٢٤/٣/٣ بە یەكجاری خیلافەتی عوسمانی لە لایەن ئەتاتورك[١١٦] هەڵوەشایەوە.

لەو نێوانەش مەینەتی كورد دروست بوو، بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەكی وورد بۆ ئەو ماوە مێژووییە بكەین، شتێكمان تا كۆتایی جەنگی جیهانی باس كرد، ئەوەی زۆر پەیوەستە بە چارەنووسی كورد و دروست بونی مەینەتیەكەی سەرەنجامی ئەو ململانێیەی نێوان دەسەڵاتی عەلمانی كەمالی لە ئەنقەرە بوو لە گەڵ دەسەڵاتی سوڵتان لە ئەستەمبۆڵ و سەربردەی هەردوو ڕێكەوتنی سیڤەر ١٩٢٠ و لۆزان ١٩٢٣

كورد لە ململانێ ی (ئەنقەرەی عەلمانی) و (ئەستەمبۆڵی ئاینی):

هەڵبەتە ڕەگ و ڕیشەی ئەو ململانێ یە قوڵ دەبێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی (١٩)، بەراییەكەی لەوانە دەستی پێكرد كە كۆمەڵە خەڵكێك پێیان وابوو گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆژئاوا و شۆڕشی فرنسی بۆ ناو عوسمانی لە جیاتی شریعەتی ئیسلامی و ئەزموونی ڕۆژهەلاتی چارەسەرە بۆ كێشەكانی نێو عوسمانی، لە ١٨٦٥ ئەو بیر و بۆچوونانە لە بزوتنەوەی عوسمانی لاودا سەری هەڵدا، دوای كۆمەڵێك لە نێو ئەوانە بە پان عوسمانی (پان ئیسلام) قایل نەبون و بانگەشەی ئەوەیان كرد، كە تورك لە نێو هاوكێشەی عوسمانی مەغدورە، بۆیە عوسمانی لاویان بە لای توركیای لاو(جوان تورك) هەڵبڕی، لە ساڵی ١٨٩٩ز بەبۆنەی یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی فرنسی ئتحاد الترقیان لێ ڕاگەیاند.

---

[١١٦]ـ ئەمیل لۆدفیغ دەڵێ: ئەتاتورك لە ناپلیۆن بە هیزترە چونكە ناپلیۆن نەیتوانی خیلافەت بروخێنی بەڵام ئەتاتورك توانی- الصحوة.الرجل المرض بنی مرجة ص٢٦٨ سەرجەم سێ نازناوی درایێ (ئەتاتورك) باوكی تورك، (میلكیف)سەركردەی هەمیشەیی، (غازی)سەركەوتووی مەیدان.

له سالّی ۱۹۰۸ ئنقلابیان کرد، له ۱۹۱٤ هەر ئەوانە عوسمانیان پالّدا بۆ ناو ئەو جەنگە و لە سالّی ۱۹۱۸ شکستیان هێنا، ناوچەکانی عوسمانی و ئەنادۆڵیش داگیرکراو نۆرەی مستەفا کەمال هات، ئەو وا دەرکەوت بە بزوتنەوەیەکی ڕزگاری هەستا و ئەنادۆڵی لە یۆنانیەکان پاك کردەوە، پایتەختی خستە ئەنقەرە و پایتەختی عوسمانیش هەر لە ئەستەمبۆڵ بە لاوازی مابون، کەواتە ئێستا لە دەوروبەری سالّی ۱۹۲۰ ئێمە باس لە دوو حکومەت و دوو هەڵوێست و دوو ناوەندی زۆر لێکجیا دەکەین، حکومەتێك لە ئەنقەرە کە پێك هاتووە لە سەرۆکەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك و جێگرەکەی عصمت ئینینۆ ئەنجومەنێکی مەزنی تورکیاشیان پێك هێناوە، حکومەتەکەی عوسمانیش بەسەرۆکایەتی فرید پاشایە و سوڵتانیش (محمد واحدالدین)ە لەئەستەمبۆل، ئەو دوو حکومەتە هەڵوێست و ئامانجیان زۆر لێك جیایە بە شێوەیەك ئەنقەرە نوێنەرایەتی بالّی عەلمانی تورکچیایەتی دەکا، دەیەوێ دەوڵەتێك بۆ تورك لە سەر ترازی مۆدێرن بە دەستوری ڕۆژئاوایی سنورێکی دیایکراو و...دروست بکا، خۆی لەو بەرپرسیاریەتەی ئیسلامی بە تەواوی دەربکا، هەرچی ئەستەمبۆلیشە دەیەوێ درێژە بە دەسەلاتی کلاسیکی عوسمانی بدا، بابزانین ناوەرۆکی ئەو ناکۆکیە چیە؟ ڕەوتی بەچی دەگاو سەرئجامەکانی چیە؟ کام لایان لەقازانجی کوردە؟ کورد هەلویستی چی بوو؟ بەتایبەتی بالّی عەلمانی کورد وبالی زانایانی ئاینی؟...لەگەل زۆر پرسیاری تر.

هێشتا مستەفا کەمال لەسەرەتا بوو زۆری پەنای دەهێنایە بەر کوردەکان، بەپێی ڕای (تۆماس بوا) و (ڕۆبەرت ئۆلسن) و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەگەر کوردەکان ـ عەشایرو ئەفەندیەکان ـ یارمەتیان نەدابوایە ئەتاتورك بەسەر ئەستەمبۆڵ زال نە دەبوو[117]، لە کتێبی(دراسات فی الحرکە الکوردیە المعاصرە) هاتوە: ئەوسوپایەی ئەنقەرەی گرت زۆربەی هەرەزۆری کوردبون[118]، زیاتر لەوەش بەپێی بەلگەنامەیەکی بەریتانی دەگمەن باس لەوە دەکات، کە کوردەکانی ئەوروپا مانگانە یارمەتیان کۆکردۆتەوەو بۆ ئەتاتورکیان ناردوە[119]، تەنانەت خودی ئیحسان نوری پاشای سەرۆکی شۆرشی کوردی

---

[117] ـ رۆبەرت ئۆلسن ـ راپەرینی شیخ سعید ل٦٨
[118] ـ د. عثمان علی ص٣٢٠
[119] F.O رقم"٢١" سري ديترويت، مشيغان ١٨ نيسان ١٩٢٩
سيدي، أوستن شامبرلين، وزير الشؤون الخارجية بريطانية، لندن. يشرفني ان اعلمكم....

ـگری داخ ئەوکاتی سەرگوردی عەسکەری هەمو ئەستەمبۆل بوو ئەو ئەستەمبۆلی دا
ـەدەست ئەتاتورك، وای لێهات بەشێك لە شێخ و مەلای سادەش بەناوی(گوایە ئەتاتورك
ـژ بە ئینگلیز وئەرمەنەو ڕزگارکەری دار الإسلامەولە سەرکەوتنا بوخاری دەخوێنی) بونە
ـپشتی، هەر لە بنەچەشدا ئەتاتورك دوو کۆنگرەی خۆ دروستکردنی ئەنجامدا لەژێر
ـرێزگاری دەسەلاتی عەشایەرە کوردەکان*، یەکەمیان لە ئەرزەرۆم لە ١٩١٩/٧/٢٣ و
دووەمیان لە ٤ ـ ١٩١٩/٩/١١ لە سیواس، ڕێکەوتنی سیواس بنەمای زۆر ترسناکی
تیادا هاتبو، کە کوردستان بە تێکرایی بەشێکی جیا نەکراوەی تورکیای نوێ بێت،
ئەوەش خوردکردنەوەی بیری عەلمانیەتی کوردی ئەوسا بو بەتایبەتی دعبدالله جودت،
تەنها بەرامبەر بەلێنێکی زارەکی ئەتاتورك گوایە برانەو مافی جیای بۆچیە، خالید بەگ
یەکێك لەو سەرۆك عەشیرەتانە بو کە لەو مەجلیسە دانیشتبو گوی لەمستەفا ئەتاتورك
گرتوو هەر بەلینی دەداو لەولایەش لەپیلان بوو لە کورد[١٢٠]، بیریکی قوولی کردەوە بینی
دەسەلاتی ئەستەمبۆڵ زۆرشتی بۆ کورد کردووە تارادەی سەربەخۆ بۆچی ئێمە (حازر
بەقەرز) بگۆرینەوە*، ئینجا حازرەکەش لەقەرزەکە زیاتر بی، سەری لەبن گوێی (حسن
خەیری) ناو پێی ووت من وا دەبینم ئەو ئیشەی ئێمە و پشتیوانیمان لەئەتاتورك لەدژی
سولتان تیغە بۆ ملی خۆمان تیژ دەکەین، چونکە لەو کاتی سولتان لەگەل کورد ڕێکەوت
بۆ سەربەخۆیی پی دان و مۆرکرا لەنێوان هادی پاشا و شێخ عبدالقادر و شریف پاشا
دوای دوو وەفد پێك هات لە هەردوولا، نوێنەرانی کورد پێك هاتبوو لە: عبدالقادر
شمزینی (سەرۆك)، ئەمین عالی بدرخان، مراد بدرخان، مەولان زادە رفعت بەگ، لە لایەن
نوێنەرانی عوسمانیش پێك هاتبوو لە: دووەمین کەسایەتی نێو عوسمانی شێخ الإسلام
صبری زادە(سەرۆك)، ئەحمەد عبوق پاشا، عونی پاشا لە چوارچێوەی جامیعەی ئیسلامی
بەهۆی ئەو دوودلێیە و گومانانە بوو سەرۆك عەشیرەتەکانی لایەنگری ئەتاتورك لە

أن خويبون (جمعية أستقلال كردستان) هي التي بعثته بسورية بدرخان الى الولايات المتحدة الأميركية. أن الكرد في السابق كانوا يرسلون سنويا ٥٠ الى ٦٠ ألف دولار أميركي الى مصطفى كمال. و لكن سورية أقنعهم بأيقاف ذلك و أتفقوا بأنهم سيدخرون كل أسبوع دولا ر لهم بمجهود أستقلال...

دکمال مزهر لەوەلامی نوسەری ئازربیجانتی (ئالییف) شانازی بەوە دەکات کە بزرتنەوەی کوردایەتی ئەوکاتە پتەو بووکە بوە هۆی سەرکەوتنی شۆرشی ئیتحادیەکان.

[١٢٠] ـ ئیحسان نوری پاشا لە ل٢٠ی کتێبەکەی خۆی (شۆرشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا) دەلێ تورکەکان لە کاتی لێدانی ئەرمەنەکان دەیان گووت با لە (زۆ ـ ئەرمەن)تەواو بین ئۆرەی (لۆ ـ کورد) دێت.

١٩١٧/١١/١٥ کۆبونەوە بە ناوی (هاوپەیمانی هۆزەکان)[*]، نامەیەکی (٥) پرسیاریان بـۆ ئەتاتورك نووسی، تیایدا داوایان کردبوو بۆیان ڕوون بکاتـەوە ئـاخۆ ئـەویش وەك سـوڵتان ئامادەیە بەتەواوی دان بە سـەر بـەخۆیی کوردسـتان بنێـت[١٢١]، بۆیـە زۆربـەی سـەرکردە کوردەکان دژ بەهاوکاری ئەتاتورك بون، تەنانەت یەکێکی وەك مـستەفا پاشای یامۆلکیش لەنامەکەی بۆ کورەکەی کە لە بەڵگەنامەی بەریتانی بڵاوبویتەوە لەبەر کەمیك هاریکاری سمکۆ لەگەڵ کەمالی ئومێدی پیّ نامێنیّ وگومانی لێدەکا، کە مار شمعونیشی بە ڕینمای ئـەوان کوشـتبیّ[١٢٢]، لێـرەوە پیویـست دەکـا بـەراوردێك لـە نێـوان هەڵویـستی هەردوولایان(ئەنقەرەو ئەستەمبۆل) تۆمار بکەین بەرامبەر بەکێشەی کورد لەدوای سـاڵی ١٩٢٠، بەم شیوەی خوارەوە بوو:

یەکەم ـ هەڵوێستی عوسمانی بەرامبەر کورد: باسمان کرد لەسەرەتا بەپێی ڕێکەوتنی شیخ ئیدریس بەدلیسی وسوڵتان سەلیم لە١٥١٤ لەگەل (٢٣) میرنیشنی کوردی ڕیك کەوتن هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن، ئەو ڕێکەوتنە جار جار پێشێل کرابو، بەڵام دەتوانری بگوتری هەتا سەرەتا سەدەی (١٩) بەردەوام بوو، لەکتێبی (سیاسة البریطانیة العظمی تجاة مـستقبل کردستان ص٢٤) کە لە سەرچاوە جیهانیەکانی وەرگێراوەو دەڵێ: ئەو ڕێکەوتنە ٤ سەدەی خایاندو کوردیش زۆر قازانجیان لێکرد، لەراپۆرتی بەریتانی ـ کۆلۆنیل ئیفلینستۆن هاتووە ودەڵێ: ئەو ڕێکەوتنەی کوردو عوسمانی تا ساڵی ١٨٢٦ی خایاند وە بووە هۆی دروست بونی ١١ ئیمارەتی تر[١٢٣]

لەدوای ئەوە هەلویستی عوسمانی بەرە بەرە خراپ بوو، سەرە ڕای ئەوەش ئاخۆ بـزانین لەو کاتەی کەئێمە وەسفی بەخراپی دەکەین چۆن بووە:

---

[*] پەیمانی عەشیرەتەکان نەوەبرونەکەر سێریان کەرت بکردبایە وهەریەکە پارچەکی بخواردبایە ئەوە پەیان بوو.

[١٢١] هەر (٥) پرسیار لە کتیبەکانی: کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الأولی الی نهایة مشکلة الموصل ص٢٠٩، هەروەها لە کتێبی جلیلی جەلیل و لازاریف وبەیتار نوری دەرسیمی وزۆر سەرچاوەی تر هەیە.دەقی پرسیارەکان لە(خوێندوەیەکی تری سێڤەر بلاومان کردۆتەوە).

[١٢٢] رقم الوثیقة FO ٣٧١/٧٧٨١ سلیمانیة - ١٢/کانون الثاني/١٩٢١

ملاحظة: ابني العزیز إن هؤلاء الکرد الغیر المنظمین لا یستطیعون تحقیق التطور وبتعبیر آخر إن سمکو جاهل وأنه علی علاقة وطیدة بالقومیین الترك بسبب الأسلحة والعتاد التي یتلاقاه منهم باختصار إن مسالة سمکو أمر میؤوس منه.

[١٢٣] ـ کەمال مەزهەرـ کوردوکوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانی ل٢٢٢

١ـ سولّتان عبدالحميد قايل بوو به پرۆژەکـەی شـيخ سـعيد نەوورەسـی و جمـال الـدين ئەفغانی بۆ پيدانی مافی چارەنووسـی بـە هـەمو ميللـەتان لەچـوار چـيوەی (جاميعـەی ئيـسلامی)، هەرلەسـەر ئـەو بنـچينەيەش بـوو لـە٩/٢/ ١٩٠٢ کۆنگرەيـەك لـەپاريس کراکورد[١٢٤] و ئەرمەن وعەرەب و ئيتحاديەکانيش لەو گۆنگرە بەشداربون دانيان نا بەمافی کورد ئەرمەن و عەرەب[١٢٥]

٢ ـ پيش ئەوەی بنەماکانی مافی چارەنووسی بيتە نيـو رۆژ هـەلاتيش و بنـەماکانی (١٤ بنەماکەی) ويلسون لە ١٩١٨ دوايش ليدوانـە هاوبەشـە بـەناو بانگەکـەی فرنـساو بەريتانيا (French pederation ـ Anglo)لە ٧/١٠/١٩١٨، ئنجا جاری مافی گـەلان ئەشۆرشی ئۆکتۆبەری١٩١٧..، سولّتانی عوسمانی (هادی پاشای) بە نوينەری خۆی نـاردە لای سەرکردە کوردەکان و پی وتـن: مـادام ميللـەتان وا بـەرە بـەرە سـەربەخۆيی خۆيـان وەردەگرت و دەولّەتی سەربەخۆ دروست دەکەن (هيشتا لەو ناوە هـيچ دەولّـەتيك دروسـت نەببو، تەنها ريکەوتننامەی سايکس بيکۆ بە نـەهينی لـە ١٩١٦ گـری درابـوو) وەرن بـا ئيمە وەك عوسمانی ئەو مافە بەکورد بدەين، دوای ئـەوەك ميـژوو بەهەلـە لەسـەر ئيمـە بنووسی و بلّين: خيلافەت و ئيسلام زولّی لەکورد کردووە، بەو شيوە هـادی پاشـای نـارد لەگەل هەردوو سەرکردەی کورد (شيخ عبـدالقادر شمزينـی و شـريف پاشـا) مۆريـان کـرد کەسەزبەخۆيی بدەنە کورد.

٣ـ هەمان ئەو پرۆژە ريکەوتنەی نيوان هادی پاشـا (نوينـەری سـولّتان) و کوردەکـان بـردرا بـۆ کـۆنگرەی سـيڤەر١٩٢٠، بەشـيکی زۆر لەميـژوو نووسـی و سياسـەتەدار دەسکەوتەکانی پەيمانی سيڤەر دەدەنە پال بەزەيی و مرۆڤايەتی رۆژ ئـاوا، کەچـی ئەگـەر بەووردی سەرنجی بدەينە دەبينين ئەو کۆنگرەيە تاکانە بوو لـەنيوان کۆنگرەکـانی سـايکس بيکۆ ١٩١٦، پاريس ١٩١٩،... کۆنگرەی قاهيرە، ١٩٢١ تا دەگاتـە لـۆزانی ١٩٢٣ تەنها ئەو کۆنگرەيە زۆر خـالّی چـاکی تيـدابووە (کـە لـەدوايی زيـاتر باسـی دەکـەين)،

---

[١٢٤]ـ لە کتيبی: دراسات فی الحرکه الکورديه المعاصره ناوی ئەو کوردانەی بەشدار بوو لەو کۆنگرەيـە لـە ص١٤٧ بـريتين لـە:حکمـت بابـان ، عبدالرحمن بدر خان. لە سەرەتا زۆربەی کوردەکان لەو ئيتحادە بوون دوای کشانەوە

[١٢٥]ـ بە پيی (موسوعة السفير التاريخ الإسلامی): ((أول مؤتمر لتقـسيم الدولة العثمانيـة الذي شارك فيه معارضون للدولة العثمانيـة هومؤتمر باريس الذي عقد في ٤-٩/فبراير/ ١٩٠٢ وعلى رأس المشاركين: الإتحاد والترقي، ومن أهم قراراته كان تقـسيم الدولة العثمانية الى حكومات مستقلة على أساس عرقي وقومي)).

هەرچەندە هەندی لای لێلی تێدایە، بەلآم ئەوەی گرنگە سەرکردەکانی کورد پێشنیاریان کرد ئەو ڕێکەوتنەی عوسمانی و کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان مۆرکیکی نێودەوڵەتی هەبێ و سولّتانیش لاری نەبو، بۆیە هادی پاشا هەڵبژێردرا بەسەرۆکی وەفدی عوسمانی لەو کۆنگرەیە لەسەر ئەو مادانەی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی سیڤەر مۆر کرد بەسانایی[١٢٦]، بەپی ی هەندێك توێژەر قایل بونی هادی پاشا بۆ ولاتانی عەرەبی ئاوا بەئاسانی نەبوە.

دووەم ـ هەلویستی عەلمانی تورك بەرامبەر کورد بۆ زیاتر چەند بەراوردێکی خێرا لەنێوان باری سیاسی کورد لە سەردەمی خیلافەت و دوای هاتنی عەلمانیەت بەکورتی دەنووسینەوە:

أـ کورد وەك میللەتێکی ڕەسەن لەگەڵ کاروانی میللەتانی ناوچەکە بو، ئەگەر لەپێشتریش نەبوبێ، لەدوای خیلافەت وهاتنی عەلمانیەت لە کاروان بەجێما.

ب ـ بەدرێژایی خیلافەت خاوەن دەوڵەت و میرنشینی بەهێز و مەزن بووینە و جار جار حوکمیان پەڕیتەوە بەغدا و شام و هەتا لبنانیش، جگە لە ئەیوبیەکان کە میسر و شام و لیبیا و یەمەن و ناوچەکانی نێوانیشیان حوکم کردوە، کورد لەبەر لێهاتوویی و دەسەلآتیان بەپانتایی نیشتمانی ئیسلام لەجیهان سەرکردە و والییان لێ هەبوە، تا ئەو دواییەش لە سەردەمی حوکمی عبدالرحمن بابان والی بەغد لەلایەن خۆی دیاری دەکرا، بۆیە ئێستاش لە هەمو جیهانی ئیسلامی بنەماڵەکانیان ماون، هەتا لە دواساتی خیلافەتیش کەچی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت، سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیان، وەزیری دەرەوە، هەریەکە لە (سید عبدالقادر شەمزینی، شیخ عبیداللە، شەریف پاشا...) هەروەها شیخ الإسلام کە دووەم دەسەلآت بوە لەدوای خەلیفە بەزۆری لەدەست کورد بوە

کەچی لەدوای دارمانی خیلافەت و سەردەمی عەلمانیەت، کوردستان پارچەپارچە کراو ڕۆژی ڕەشی هات و هەر بەشی سوتان و وێران و... تا ئەنفال و کیمیایش.

ـ بڕوانە: دەقەکانی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر، وەرگێڕانی دەق: پ ی سەلام ناوخۆش ـ خوێندنەوەیەکی تر: مسعود عبدالخالق.

ج ـ بۆ یەکەمجار دیاردەی تەعریب، تەتریك[١٢٧] و ڕاگوازتنەوەی نەتەوەیی، جینۆسـاید، قەدەغەکردنی زمان، بەسەریدا سەپێنرا، ئەو کوردستانە فراوانەی سەردەمی خیلافەت کەمنە نزیك کەنداوی فارسی دەستی پێدەکرد بەخوار (جبل حمرین) ـ یان وەك ئیبن خەلـدون ـە جبل الاکراد ناوی بردووە ـ بەڕووباری فرات بەرەو دەریـای سـپی دەڕوا هـەتا ئـەنادۆڵ، ـەوێش بەرەو ئەرمینیا[١٢٨]، ئەو نەخشەیە هەتا لەدواساتی مەرگی کوردستانیش لە سیڤەر ـ دوایش لە لیژنەی (تەحکیمی موسڵ) هەروا بە فراوانی هاتبوو، کەچی لەدوای خیلافەت ـ هاتنی عەلمانیەت و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنسا و لـە سەرووشـی ـەلایەن ڕووسیا و دابەشکردنی میراتی خیلافەت و بێ بەش کردنی کـورد، ئـەوا سـنووری کوردستان[١٢٩] هەروا بچووك دەبێتەوە، ئێستا لەنیوەی ئەو کوردستانەی ئەوسـا بـچوکترە، تەنانەت لە بەشی عێراقی حکومەتی بەعس لە ساڵانی دوای هەشتاکان هەمو کوردستانی نە ٩٠کم[٢] کۆکردبۆوە، تا ئەو ساتەش هەروا بچوك بونەوە بەردەوامە.

ئەوپرۆسەیە لەهەر چوار پارچەی کوردستان بە ڕوونی بـەدی دەکـرێ، لـە ئەرشـیڤێکی شاری نانتی فەرەنسی ساڵی ١٩٣٥ زانیاری سەبارەت بە پێکهاتەو ژمارەی دانیشتوانی

- یەکەم پروسـەی باکتاری ڕەگەزی لە لایەن أنور باشای(اتحاد الترقی) کرا.

[١٢٨] - بۆ زیاتر لەو نەخشەیە بڕوانە (شەرەفنامە) ل١١٧- ١٢٨، هەروەها سەرنجی نەخشەی کوردستان لە (شەرەفنامە) ل١٢٨، هەروەها کتێبی (کوردو کوردستان- محمد أمین زەکی بەگ).هەروەها بەندی ٦٢ی سیڤەر.هەروەها بنوارەقاموس الأعلام، سیاحەتنامە، ابن بەتروتە، (معجم البلدان)ی یاقوت حموی...هەروەها بڕوانە: بەشی یەکەمی ڕێکەوتنی ئەرزەڕۆم، هەروەها دوا نەخشەی ئیدارەی عوسمانی بەشی ئاسیا ساڵی ١٨٩٣ تیایدا دەردەکەوێ کوردستان چەند جار لە عێراقی عەرەبی گەورەترە.

[١٢٩] - سنوری کوردستان ئەو کاتی دووقاتی ئێستا بوو لە زۆر سەرچاوە پیشانی دراوە بەڵام لەو دێڕە شیعرەی قانیع دەری دەبڕین:

بەڵێ سنوری بەبێ زیادو کەم
بۆت بەیان دەکەم بەبێ دەردوخەم
بە پێی نوسینی جوگرافیاکان
ئەردی غەربی بۆت ئەکەم بەیان
لە کێوی تۆرۆس تا ئەسکەندەروون
هەتا بەحری ڕەش بێ چەندو چوون
ئەردی شمال هەر لەبەحری ڕەش
هەتا ئەردەهان بەبێ غەل وغەش
لە ئاردەهان بۆ ناوی ئاراس
ئەمە شیمالە بە عیلمی قیاس
ئەردی شەرقی لە کێوی ئەلوەند
تا گۆلی وورمێ بەبێ چوون وچەند
لەکێوی ئەلوەند تا جەبەل حەمرین
ئەهواز وشەنگار پارچەی ئەمیین
ئەمە جنوبە چاکی بزانە
ناو ئەو سنورە خاکی کوردستانە

د ـ لە سەردەمی خیلافەت ڕەگەز و نەتەوەی تر لەناو کورد دەتوایەوە، هەروەك (تۆماس بوا) لە ل١٩٧ کتێبی (تأريخ الأكراد) و ڕاپۆرتی لیژنەی (تەحکیمی موصلّ ص١٤٨) هاتوە: تورك و عەرەب و ڕەگەزەکانی تر هاتونە لەناو کورد توانیەوە، هەروەها، لە ڕاپۆرتەکانی بەریتانیش ئەوە دەردەخا کە لەسەردەمی عوسمانی تورك لەناو کورد توانیەوە[130] سەرنج بدە (سەید) ڕەچەڵەك عەرەبن، لەنێو هەمو میللەتان بە ئیمتیازەوە ماون، بەڵام لەناو کورد توانیەوەو، تەنانەت زۆربەی سەرچاوەکان بنەماڵەی بەدرخانەکان دەدەونەوە سەر خالید کوڕی وەلید[131]، زۆر عەشیرەتی تری کوردی لەبنەچەدا عەرەب بووینە لە نێو کورد توانیەوە، باری سیاسی کورد وابوە شانازی بەخۆی کردووە ووەك لە (تقريرولايه الموصل ص١٤٨) هەروەها لەزۆر سەرچاوەی تریش د کمال مەزهەریش[132] نقلی کردوەبە پاڵپشت بەبەلگەنامەی بەریتانی ژ:٨٩/١٣٠١/٢٨٩٧ (W S)کە لە٢١/٤/١٩٤٧ نوسراوە بۆوەزارەتی دەرەوە هاتوە کورد جێی شانازی بووینەو پرۆسەی بەکورد بون هەبوە، خودی تورك لەسەردەمی عوسمانی لەناو کورد توانیەوە، لەسەر ئەو بنچینە قوولە قانیع دەڵێ:

بەدەستی خۆم نیە وەڵا لە دیوانی خوا کوردم
لە ناو شێخ وبەگ ومیرو مەلا وشاهو گەدا کوردم
تەماشای جەوهەری من کەی ئەزانی ئاشکرا کوردم

کەچی ئێستا هەم خاك و هەم تاکی کوردە دەتوێتەوە هەتا لەناوچەرگەی کوردستانیش، لەژێر سایەی فەرهەنگی شکست و (تقزم الثقافي)دا کورد توایتەوە، وا مەسیحیە کوردەکانیش بەرەو جیابونەوەی فەرهەنگ و ئینتما بەڕێوەن بۆ سەر فەرهەنگی

---

[130] ـ تقرير المفتش العام الأول حول الأوضاع السياسية الداخلية في ولاية دياربكر، بتليس، وان، هكاري، موش، وماردين، و ورفة و سعرد FO. ٣٧١/١٢٢٥٥ يمكن ان نستنتج من قانون الأستيطان الخاص بالمنطقة و تصريحات و آراء قادتنا و المسؤولين الذين زاروا المنطقة ولهم آراء حول الكرد، بان سكان المنطقة تصنف الى صنفين. الصنف الأول هم الكرد الذي لا نعرف و كيف و متى ضهروا. و الصنف الثاني هم الأتراك الذين حسب المصادر و الوثائق التاريخية المتوفرة فقدوا هويتهم القومية و تكردوا.

رغم ان هذا التمييز هو مهم جدا في عملية بناء المشروع القومي و لكن ليس هناك بيانات محدودة عن نسبة الكرد و الترك المتالكردين ضمن ٧٦٥٠٠ انسان الذين عرفوا انفسهم كاكراد...و استنادا الى احصائيات نفوس عام ١٩٢٧ كان هناك ١٢٥٠٢٧٤ كردي في ٥٣ ولاية في تركية. ان اتراك الذين كانوا في السابق ينتقلون الى المناطق الداخلية في تركية و يعيشون هناك و(معروفين) كالترك يسجلون كالكرد.

[131] ـ بۆ زیاتر بڕوانە: ڕۆژانەی(نۆبیل)، هەروەها کەمال مەزهەر –کوردو کوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانی ل١٠٣

[132] ـ کوردو کوردستان... ل٢٢٦

ترن، که جاران هەروەك لە ڕاپۆرتی لێژنەی (تحکیمی موصل ل٥٢) هـاتووە ((کەمایەتیـە ئاینیەکان لەنێو کوردان لە هەمو میللەتانی تر بە ئاسایی تردەژین و بەشێکن لێیان)).

هـ ـ دەسەڵاتی کورد لـە سـەردەمی خیلافـەت گـەلێ زۆر بـوە، جگـە لـەوەی والی و سـەرکردە و بەرپرسـان لـەوان بـوە، ئینجـا وەك میللـەتیش قورسـاییەکی زیاتریـان لـە میللەتانی تورك و عەرەب و ئـیتر هـەبووە، هـەتا لەدواسـاتەکانیش، سـەرنج بـدە: دوای ئەوەی لە کۆنگرەکانی (بەرلین) و (سان ستیڤانۆ) ١٨٧٨ز لە بەندەکانی ١٦ ـ ٦١) بەسەر عوسمانلی سەپێنرا، کە مافی سەربەخۆیی بدرێتە ئەرمەنی، ئـەوا سـەرکردەکانی ئەرمـەن گەڕانەوە بۆ کۆنگرە و پێیان ڕاگەیانـدن ئەگـەر سـەرانی کـوردیش قایـل نـەبێ، بەتـەنها عوسمانلی ناتوانێ سەربەخۆییمان بدەنێ، چونکە زیاتر کـورد لـەنێو دەسـەڵاتی خیلافـەت دەسەڵاتدارن، هەتا (معارەزە)ی عوسمانلیش هـەر زۆربـەی کـورد بوینـە، دامەزرێنـەرانی (ئیتحادالترقی) زۆربەی کورد بوینە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کـورد دەسـەڵاتدار بوینـە، بۆیە هەم لەناو عوسمانلی و هەم لە دەرەوەیان سەرکردە بوینە.

جا بڕوانە ئەوکاتی خەلکی تر داوای مـافی نەتەوایـەتی و سیاسـیان لـەکورد کـردوە، کەچی لە سەردەمی عەلمانی و فکری نەتەوەگەری هـەر کـوردە و مـافی خورایـە و هـەتا زمانیشی لێ قەدەغەکراوە و لێقەوماوە و بە (یتیم الامة الاسلامیة) نـاوبراون، لـەکاتێکا لە سەردەمی خەلافە لەبەر ڕێزی کورد بە (قورەیشی عەجەم)[١٣٣] بەناوبانگ بوو. کەی ئەو دوو دۆخە وەك یەکە.. (هل یستویان)؟

وـ ئەوکاتی لەبەر بە هێـزی دەسـەڵاتی کـوردی عەشـایرە عەرەبـەکانی وەك شـەمەر وعەنزەو..چەکیان بۆ کورد هەڵگرتوەو ناویان(سواریچە) بـوە، کەچـی لـەدوای خیلافـەت وهاتنی عەلمانی هەر خەلکی ترە بارێك چەکی جاشایەتی خستۆتە سەر پشتی کورد

---

[١٣٣] ـ شفاء العلیل ل٣، هەروەها شەرەفنامە ل١٣٢ پێشەکی.

خشتەی بەراوردعەلمانی تورك وعوسمانی سەبارەت بەكورد

دەسەڵاتی خیلافەت لە ئەستەمبۆل	دەسەڵاتی ئەنقەرە ی عەلمانی(ئەتاتورك)
١ـ بیرێكی ئیسلامی عوسمانی بەلاوازی.	١ ـ بیرێكی عەلمانی نەتەوەگەری تۆرانی.
٢ـ نەخشەی سیاسی كوردستان زۆر گەورەبوو	٢ ـ ناوی نەماوكوردستان نیوە ماوە
٣ ـ دژایەتی كوردی تیا نەبوو.	٣ ـ بنەماكانیان دژ بە ئیسلام و كورد بوو
٤ـ سیڤەرو مادەكانی ٦٢ و٦٣ و ٦٤مۆركرد	٤ ـ سیڤەری بە مەرگی توركیای نوێ ژمێركردوە
٥ـ ڕێكەوتنی دووبەدوو و نێودەوڵەتیشی مۆركردبوو بۆ سەربەخۆیی كوردستان	٥ـ هیچ ڕێكەوتنێكی مۆركراوی نەبوو لەگەڵ كورد، هەر بەڵێنی زارەكی بوو.
٦ـ چالاكی سیاسی و ڕەوشەنبیری حزبی هەمو لە ئەستامبۆل بوو	٦ـ بواری هیچ چالاكیەكی سیاسی و ڕەوشەنبیری كوردی نەدەدا.
٧ـ بەشداری لۆزان نەبوو تەنها لەسیڤەر بەشداری كرد	٧ـ لۆزانی هێنادی.
٨ـ حزب وكۆمەڵەوچالاكیە كوردیەكان لە ئەستەمبۆل بوو	٨ـ لەگەڵ كەوتنی ئەستەمبۆڵ هەمو ی قەدەغە كرد دوای قڕانەكوردی جاڕدا. ڕۆژنامە و ناوەندە كوردیەكانی لێ داخرا
٩ـ لەماوەی خیلافەت ٦٤دەوڵەت وحوكمداری كوردپەیابوو، ئەگەر خیلافەت سەركەوتبایا ئێستا كوردستان لەریزی میللەتان بوو.	٩ ـ سەرەنجام ئەنقەرە سەركەوت و میللەتی كورد كەوتە ئەو مەینەتیە تا ئێستایەك دەسەڵاتی بۆ دروست نەبوە.
١٠ ـ نەك ویلایەت هەتا ئیالەتیش بە ناوی كوردستان بووە[١٣٤]	١٠ ـ ناو وزمانی كوردو كوردستانی قەدەغە كرا
١١ـ دەستوری عوسمانی(مەشروتیە) جێی هەموانی تێدا بوو	١١ـ دەستوری توركیا(ئەنا یاسا) تەنها جێی توركی تێدایەو نكولی لە بونی كورد دەكا

---

[١٣٤]ـ بڕوانە: نەخشەی عوسمانی سالی ١٨٩٣ـ ویلایەتەكانی بەشی ئاسیا.

سەرەنجامی ململانێ ئەنقەرە و ئەستەمبۆل

ئـەوەی زۆر بـەوورد ی شـارەزای دیـوی نـاوەوەی ڕێکەوتنامـەکانی نێودەولـەتی و مەبەستەکانی ڕۆژ ئاوا لەجەنگی جیهانی و چالاکیەکانی لە) ڕۆژهەلات(نـەبێ بەسـادەیی شرۆڤەی سەرکەوتنی ئەتاتورك و عەلمانیەتی ئەنقەرە بەسەر سـولتان و ئەسـتەمبۆل دەکـا، نەراسـتێدا کۆمـەلێك سـیناریۆی زۆر ئـالۆز ڕوویـدا لەناوچـەکە بـەهاریکاری زۆر لای سەرەکی، لەوانـە: هیزەکـانی هاوپـەیمانان، ئاژانـسە ئـابووری و سیاسـیەکانی زایـۆنی، بەلشەفیەکان، دۆستەکانی ڕۆژئاوا لە ناشـیۆنایزم و عەلمانیـەکان، تیایـدا ئـەتاتورك وەك پالەوانێکی ڕزگارکەرو شۆرشگێر و ئاین پەروەر ناسێندرا، سی نازناوی پێدرا (غـازی ـ جەنگاوەر)، (میللی چیف ـ سـەرکردەی هەمیـشەیی)، (ئـەتاتورك ـ بـاوکی تـورك)، هەسـت پێدەکرا ئەوە کاریکی زۆر مەزنی پێدەکەن کەبریتیـە لەهەلوەشـانەوەی خیلافـەت لەئەستەمبۆل، ئەو سەردەمی بەریتانیا زۆر شارەزا بو(شەڕی دووماسی دەریا دەگێـردراوە بۆدەستی ئینگلیـز)، دەیزانـی ئەگـەر هاوپـەیمانان وئاژانـسەکانی زایـۆن خۆیـان کۆتـایی بەخیلافەت بهێنن زیندوو دەبیتەوە، بۆیـە زۆر وەسـتایانە لـەڕێی ئـەتاتورك خیلافـەتیان هەلوەشاندەوە، خودی ئەتاتورکیش زۆر داناو بوێر و شارەزا بـوو، لەسـەرەتا بـەگوتارێکی ئاینی هاتە مەیدان و لەگەلّ هەرسەرکەوتنێك بە خوێنـدنی (بوخـاری) دەسـتی پێـدەکرد، ئنجـا بانگێـشەی ئـەوەی کـرد کەخیلافـەت تێـك نـادا، ئـەو (شـەریعەتی ئیـسلامی) دەهێلیتەوە، لە ژێرەوەش دام و دەزگای بەدیلی دروست دەکرد، لە سـەر ئاسـتی ئیقلیمـی وجیهانیش ئەتاتورك دەستی کرد بە سەودا و ڕێکەوتن و چارەسـەری کێشەی سـنور، لـە ١٩٢١/٣/١٣ لەگەلّ ئیتالّیا ڕێکەوتن، لـە ١٩٢١/٣/١٦ قرمـی دا بـە ڕوسـیا، لەگـەلّ فەڕەنسا لە ٢٠/ ١٩٢١/١٠ ڕێکەوتن و کلیلکاشی دا بە فەڕەنسا، لە ١٩٢٠/٥/٣٠، لە هەمان کاتدا بە مادەی (٢٢)ی عوصبەالامم ومەرجەکانی ئینتدابی لەسـەر میراتـەکانی قایـل بـوو..، بـۆ بـە شـەرعی کردنـی هـەمو ئـەو هەنگاوانـە هەلـسا لـە نیسانی١٩٢٠ئەنجومەنی مەزنی تورکیا(بێوج تورك مجلـسی) دروسـتکرد، لـەو مەجلیسە (٧٢) کوردی تێدا بوو، لەسەر فەرمانی ئەتاتورك بەجل و بەرگی کوردی دەوامیان دەکـرد ، بەدوای ئەوانە ئەو هەنگاوانەی تری نا:

+ له ١/ ٧/١٩٢٠ یاسای باری کەسیتی و سنورەکانی شەریعەتی هەڵوەشاندەوە و یاسای تاوانی هینا جیٚ ی.

+ له ١٦/٣/ ١٩٢١ لەناوچەی (قرم) خۆش بوو لەقازانجی ڕووسیا، له ٢٠/١٠/١٩٢١ له ناوچەی (کلیکیا) خۆش بوو لەقازانجی فرنسی و... هتد

+ له ١/ ١١/ ١٩٢٢ سەلتەنەتی هەڵوەشاندوەوە و (سولتان محمد واحد الدین) یشی لادا.

+ له ٢٩ /١٠ / ١٩٢٣ خیلافەتی وەچەرخاندە کۆماری و خۆشی بووە سەرۆك کۆمار.

+ له ٣/ ٣ /١٩٢٤ خیلافەتی بەیەکجاری هەڵوەشاندەوە.

+ له ٢٨/ ٤ /١٩٢٤ داد گای شەرعی هەڵوەشاندەوە.

+ له ٤/١٠ /١٩٢٤ بریار درا یاسای مەدەنی سویسری پەیرەو بکریٚ.

+ له ١٠/ ٤/ ١٩٢٨ مادەی(ئاینی ڕەسمی دەوڵەت ئیسلامە) لەدەستور هەڵوەشاندەوە.

+ له ١/ ١٩٢٨/١١ هەمو پیتە ئیسلامیەکانی گۆری بەپیتی لاتینی...لەگەڵ زۆر هەنگاوی تر تا لەسالی١٩٣١ بەبیانوی ئەوەی تورکیا دەوڵەتی ئیسلام نیە ئامادە نەبو بچێتە کۆنگرەیەکی سەرانی ئیسلامی له قودس، لەگەل ئەو هەنگاوانەش لەبەلێنەکانی بۆ عەلمانی و عەشایرە کوردەکان پەشیمان دەبۆوە، تا تورکیای نویٚ بەو دەستوورو ڕەوتە لەدایك بوو لەجیاتی عوسمانی، زال بونی ئەنقەرە بەسەر ئەستەمبۆڵ بەرە بەرە مەینەتی کوردیش دروست بوو، تانیوەی ئەو هەنگاوانەی سەروش عەلمانیەتی کوردی لەگەڵ بووە، ناوەکانیان لەخوارەوە تۆمار دەکەین هەمو ئەوانەی چ بەهەڵە چ بەخیانەت هاریکاری خەتی عەلمانی ـ تۆرانی تورکیان کرد:

١ د. عبدالله جودت ـ یەکێکە لەو چوار کەسەی دامەزرینەری (اتحاد الترقی تورکی)، یەکەم کەسیش بوو پیتی لاتینی هێنا ناو عوسمانی، زۆربەی پیادەکردن وداهێنان لەتورکیای نویٚ بۆ ئەو ژیرە پیاوە (بیٚ کەلك بۆکورد) دەگەڕێتەوە.

٢. د. اسحاق سکوتلی، یەکیٚ له دامەزرێنەرانی ئیتحادولتەرەقی بوو.

٣. زیا ئەلب كۆك بەرپەرسی لقی اتحاد الترقی دیاربەكر بون، شاعری تورانی بـو، ئەوە وەك ئەو دوو زاتەی سەرەوە نەبوو كەزانیان ئـەو كارەیـان دەبیتـە هـۆی مەینەتی كوردی و بە خێرایی وازیان لەو ڕێبازە هێناو دانیان بەهەڵەی خۆیان هێنا هەرچـەندە كاریگـەری ئـەو هەڵانـەی بـوە هـۆی مەینەتیەكـە، هەڵـەو خیانەت لێك جیایە، بەڵام زیاكۆك وازی نەهێنا و تاكۆتایی.

٤. حسن خیری: سەرۆكی فراكسیونی كوردی بوو لەئەنجومەنی مەزن.

٥. عسمت ئینینۆ جێگری ئەتاتورك بوو دوای بوە سـەرۆكیش، سـەرۆكی وەفـدی توركیاش بوو لە لۆزان.

٦ برنجی زادە، زولفی بەگزادە ئەو دوە بەناوی كورد چونەكۆنگرەی لۆزان و وتیان سـیڤەرمان نـاوێ لۆزانـان دەوێ، ئەسـتەمبۆلمان نـاوێ ئەنقـەرەمان دەوێ، شریعەتی ئیسلامان ناوێ عەلمانیەتی ئەتاتوركیمان دەوێ.

٧. سـلیمان نـەزیفی والی موسـل كـە هەڵـسا بەشـەهید كردنـی (شـیخ عبدالسلام)بارزانی كورد، بە پێی (یاداشتی)[١٣٥] رەفیق حلمی (علی سـائیب)ی سەرۆكی دادگای بكوژی گەورە كوردەكانیش هەر كورد بوە..

٨. لـوتفی فكـری مونـەزیری تـۆرانی بـوو، هەرچـەندە دژی ئیتحادیـەكان بـو سەرۆكایەتی (حزبی ئیئتلاف الحریە)ی دەكرد، لازاریف دەڵێ: ئـەوە سـەرۆكی حزبی(نوێخواز)بو، داوای هەڵوەشانەوەی خیلافەتی دەكرد وزۆریەی رەوشەنبیرە كوردەكانی ئەستەمبۆلی لەگەل خۆی كۆكردبونـەوە..هـەروەها كەسـانی تـری وەك سەقیفە فەندی سەرۆكی دادگا وعبدالحق تۆفیق و.. لە دەورە بوە.

٩. كۆمەڵێك كەسایەتی سـەرۆك عەشـیرەتی وەك: دیـاب ئاغـە، مەچـۆ ئاغـە، مستەفا دەرسیمی، ئەحمەد رامز، مراد پاشا، رەهبەری برازای سیدرەزا...

١٠. ئەو كۆمەڵە سەرۆك عەشیرەتانەی بەهێزی خۆیان یارمەتی ئـەتاتوركیان دا زال بێ بەسەر ئەستەمبۆڵ، لەوانە: قاسـم بـك جـوبرانلی، حـاجی شـكری بەگ، مستەفازكی بەگ، رامزبەگ،

---

[١٣٥] ـ یاداشت ـ ب٣ ل١٥٠

١١ لەخوارووی کوردستانیش وەك: ئایبزادە نوری ئەفەندی، رفیق حلمی، سلیمان فهمی ئەفەندی، محمد نوری ئەفندی نەفتچی زادە، نازم بەگ، فتاح بەگ...ئەوانە رۆڵی گرنگیان پی بینرا بۆتەقەلای گێڕانەوەی ویلایەتی موسل بۆ سەر تورکیا.

تبینی بکە هەڵەو خیانەتی عەلمانی کورد چۆن تیکەل بوە، هەموویان هەرکورد بوینە، بەلاّم دەبێ ئەوەش بڵێین بەشێکیان لەدوایدا گەڕانەوە.

مناقەشەکەی هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت:

رۆژی ١ ـ ٣ ـ ١٩٢٤، شوێن ئەنقەرەیە، لە ئەنجومەنی گەورەی تورکیا (پەرلەمان) ئەو گفتوگۆیە دەستی پێکرد سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی خیلافەت، یەکەم جار ئەندامان سەریان سوڕما و ئۆپۆزسیۆن زۆرایەتی بو لەنیو پەرلەمان، بەلاّم کەمال ئەتاتورك زۆر لێزان وکاریزمی بو، (٣) رۆژ بەردەوام دمەتەقێ و گوتارو گوتاری پێچەوانەو گفتوگۆ بوو، تا لەکۆتایی گەلاّلەکەی ئەتاتورك سەرکەوتوو بو، لەوتارەکانی دەوەستا لەسەر دوو کۆلەگەی سەرەکی:

١ دەیوت: شریعەتی ئیسلامی چەسپاوە کۆمەڵگەش دەگۆری و بەرەو پێش دەچی، ئەو شەریعەتەش بۆ کۆمەڵگەیەکی بیابانی نەفام هاتوە لە رەگەزو زەمان و زەمینێکی جیا لەئێمە، ئەوشەریعەتە لەدوای ١٣ سەدە بۆکۆمەڵگەیەکی نەجیب زادە و پێشکەوتوی وەك تورك ناشیت، بۆیە مانەوەی ئەو شەریعەتە لەنێومانندا وامان لێدەکا لەوڵاتانی شارستانی ئەورووپی دامان کەلێنێ بەپاشمان بخا، بۆ ئەوەی پێشکەوین و ببینە ولاّتێکی پیشەسازو مەدەنی و مۆدیرن پیویستە ئەو شریعەتە لادەین و دەستورێکی عەلمانی، کۆمەڵگەو دەوڵەتێکی مۆدێرن دروست بکەین، ووتیشی بەڵێنتان پێدەدەم پەیرەوی بۆچونەکەم بکەن، خۆتان لەو ئاینە دوور خەنەوە بەماوەی٢٠ ساڵ تورکیا دەچێتە رێز فرنسا و بەریتانیاو ئیتالیاو ژاپۆن...، ئەو ئەورووپایەش بەهۆی دوور خستنەوەو جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت واپێشکەوتن.

٢ خاڵی دووەم لە پاساوو گوتارەکانی ئەتاتورك ئەوە بـو دەیـوت: خـوا تـوخمی تورکی بۆ دواکەوتوویی و ژێردەستەیی و پەراوێزی دروست نەکردووە، هەروەك لەناو عوسمانی وایە، بەڵکو تورك توخمێکە هەمو جیهان پیویـستی پێیـە بـۆ پێشرەوایەتی، وەك پیویستیەکی مێژوویی پیویستە لەدەوڵەتیکی سەبەرخۆیی تورکی بخرێتە ئەزموون، زۆری ئـەو فەرمایـشتە دووبـارە دەکـردەوە دەیـوت، تورك لەنیو عوسمانی زۆر مەغدور بو، زیاتر کـوردو چەرکەسـی و ئـەرنائووت دەسەڵاتدار بوو، وەبیری دەهینانەوەکە چۆن لە سەردەمی عوسمانی بـە(تـورك) دەگوترا بیّ ئیدراك، گێل، اعرابی تورك، ئەحمەق، .....) زیاتر لەوەش باسـی ئەوەی دەکرد ئەوەی خوێن دەرێژی تورکەو سودەکەش بۆ خەڵکی تـرە، باسـی لەوە دەکرد ئێمە چیتر خۆمان ناکەین بەراگێری خەڵکی تـر بـەناوی (ئومـەی ئیسلامی – یان میللەتی عوسمانی)، لێرە بـەولاوە تـەنها خزمـەتی خۆمـان دەکەین و تورکیا یەکی مۆدێرن و مەدەنی بنیات دەنێین. واتە دەیویست بلێت ئێمە لە ئاستی ئومەمی دادەبەزین بۆ ئاستی نیشتمانی[١٣٦]، وەك مەسـەلەی ریفۆرمخوازەکانی ئیرانی ئێستا.

بەوەو چەند تەورەیکی تری پاساوی وروژینـەر، تـوانی لـەدوای (٣) رۆژ دەمـە تـەقی رایەکانی خۆی بە (ترهیب) و (ترغیب) زاڵ بکـاو، قایـل بـون بـەدەنگ دان خیلافـەتیان لەرۆژی ٣ ـ ٣ ـ ١٩٢١ هەڵوەشاندەوە.

بەو شێوەیە تورکیای نویّ لەدایك بوو بەناسنامەیەکی نـویی تـورکی لەسـەر بنـەمای دەسـتورێك کـەناوی کـوردو کوردسـتان و نـاوی عـەرەب چـەرکەس..... هـیچ لایـەکی تێدانەما، لە مادەکانی ١ تا ٣ و لە ٦٤ تا ٦٨(بە تایبەتی مادەی ٦٦ لـە بـارەی تـورك ڤەتەنلەر) هەمو دانیشتوانی تورکیای بە تورك لەقەڵەمدا وەك مادەی ٤ی بەرنامەی نازی ئەڵمانی، بەوشێوەیە نکولی لەبونی کورد کراو مەینەت و رۆژی رەش چاوەروانی میللـەتی کورد بوو.

[١٣٦] ـ لەسەر ئەو بنچینەیە ئیتحادولتەرەقی دروست بوو، ئەو بیرەی دەوڵەتێکی ناشیۆنالیزمی لە جیاتی دەوڵەتێکی ئیمپراتـۆری ئیـسلامی لـە ووتارەکەی ئیمپراتۆر(ڤالهایم)ی ئەڵمانی دێت لەکاتی سەردانی بۆ ئەستەمبۆل و وتـی: ئیـوە ئـەو بەرپرسـیا بەتەی ئیسلام لـە خـۆ بکەنـەوەو دەوڵەتێکی تورکی دروست بکەن سنوری لەناوەراستی ئاسیا تا دەریای ناوەراست بیت.

کورد لەو وەچەرخانە زەرەری بوو یان قازانج؟

مەبەست لەوەیە ئاخۆ کورد قازانجی کرد یان زەرەر لە وەچەرخانی سیستەمی خیلافەت بۆ سیستەمی عەلمانی، هەرچەندە پرسیارەکە زۆر نامەنتیقیە بەلام بەشێکی زۆری رەوشەنبیرانی نوێ، بەتایبەتی ئەوانەی زانیاریەکانیان سەرچیخە، لەلایەکی تریش بەشێك بە هەنگاوەکانی ئەتاتورك وبلیمەتایەتیەکەی سەرسامن، هەربۆیەش لەسەرەتادا ئەتاتورك (بەناوی مستەفا کمال پاشا) ناوبانگی دەرکرد، دوای نیازەکانی ئاشکرابون، ئەو پیاوە بەرپرسە لەتێك دانی خیلافەت و مەینەتی کورد پێکەوە، سەرەرای ئەوەش هێشتا بەباش باسی دەکری تەنانەت لەلایەن کوردانیش، هەربەنمونە بە پێنوسی وەزیری رەوشەنبیری حکومەتی کوردستان (سلام عبداللە) لەگۆڤاری گولان ژ: ٢٦٨ بەسەردیرەکی مەزن هاتووە: ئەتاتورك تورکیای لەتاریکیەوە گواستەوە روناکی، کەواتە ئەو دوو رایە زۆر لێك جیان، بەرایەك بەرپرس بێت لەمەینەتی کوردو تاریکایی هینابی و بەرای بەشێکیش رووناکی بێت، کەواتە ئەو پرسیارە ئێستا لۆژیکیەو بابزانین کورد چ رووناکیەکی بەرکەوت وقازانجی کرد بە نەمانی خیلافەت و هاتنی عەلمانیەت یاخود پیچەوانە:

هەڵبەتە لەپێش ئەوەی وەلام بدەینەوە، ئەوە مانای وانیە لێرە دیفاع لەخراپە و خراپەکاری سوڵتان و والیەکان بکەین، بەڵکو بەراوردێکی گشتیە ئاخۆ بزانین باری سیاسی کورد لەکام لا باشتر بوو؟ لەسەروو هەندێ لایەنی گشتیمان لەوبارەیەوە باس کرد، لەوەی خوارەوە بە وردترو خاڵی نوێ تر باس دەکەین:

١ یەك بەدرێژایی خیلافەت نزیکەی ٦٤ میرنیشن و دەوڵەتی کوردی دروستبو، لەوانە: حسنوی، مەروانی، شەدادی، ئەردەلان، سۆران، بابان، بونان... هتد، کەچی بۆ هەمو عەرەب تەنها ٦٣ میرنیشین دروست بون[١٣٧]، بۆیە دەڵێین میرنیشن و دەوڵەتی کوردی چونکە هەندێکیان لەئاستی دەوڵەت بونە، خاوەنی سکەو ئاڵای تایبەتی بونە، لەنوێژی هەینی دوعا بۆ سوڵتان و خەلیفە نەکراوە بۆ (میر)ی کورد کراوە، هەریەکە لە (سکە) و (ئالا) و (دوعا) ی هەینی نیشانەی سەربەخۆیی تەواو و ئاستی دەوڵەتی بوە، جار وابو دەسەلاتی

[١٣٧]- بروانە سیارالجمیل - بقایا وجذور تکوینات العربیة ص٤١٧

ئەو دەوڵەتانە دەگەیشتە دەرەوەی کوردستانیش، بنەماڵەی گیان پۆلاکان (جونبلات)ی ئێستا لەشام و لوبنان و دروزو دەسەڵاتی بنەماڵەی محمد علی پاشاو. ـ جگە لەدەسەڵاتی صلاح الدین ـ ئەوە لەسەردەمی خیلافەتی ئەی کوا لەدوای ئەوەی لە (١٨٤٠)ەوە لاوازکرا و لە ١٩٢٤ ڕووخێنرا، کوا لەدوای ئەو مێژووە سەروەری کورد چیە؟ کوا دەسەڵاتیان؟ کوا میرنیشین و دەوڵەت؟ کوا کەسیەتی کورد... کوا.. کوا؟وەڵامەکەی مەینەت وسوتان وکیمیایی وئەنفال و وێران بوە.

٢. لەسەردەمی عەلمانی کوردستان دابەش وداگیر کرا لە ڕەورەوەی پێشکەوتنی میللەتان داکەلێندراو بێ بەشیان کرد لەبون بەدەوڵەت، لەسەردەمی خیلافەت لەمیللەتانی تر کەمتر نەبوو، تەنانەت زۆربەی جار لەعەرەب چاکتر بوو، دەسەڵاتی کوردی بەسەر عەرەب زاڵتر بووە، بۆیە بە جیا لەلایەن تۆماس بوا و ڕاپۆرتی لیژنەی (تەحکیمی موصڵ) هاتوە: تورك و عەرەب و ڕەگەزەکانی تر هاتوونە لەناو کورد توانیەوە[138]، ئەو بۆچوونە پیوانەیەکی گرنگە بۆ بەهیزی کەسیەتی کورد، هەر بۆ ئەو رایەی تۆماس بوا ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە مێژوو دەبینین لەکاتی راوەدونانی (بنەماڵەی پێغەمبەر د.خ) لەلایەن ئەمەویەکان، سەیدەکان لەجیهان پەرش و بڵاو بون، لەزۆربەی وڵاتان ئینتمای ڕەچەلەکیان پارستووە، لەهەندی شوێنی وەك ناوچەی فارسی بە ئیمتیازەوە پارستوویانە، تا ئەو ساتەش لەئێران کەسی یەکەم دەبێ لەرەچەلەکی سید بێ، مرجع و ولی ئەمر دەبێ سەید بێ، لەناو کورد ڕێزی سەید گیراوە بەڵام لەبەر بەهێزی کەسیەتی کورد سەید لەڕەچەلەك توانیەوە بووینە کورد، زیاتر لەوەش زۆربەی پێشڕەوانی کوردایەتی لەوان بووە، ئەوە لەڕووی کوردۆلۆجی و مرۆڤناسیەوە بەڵگەی چاکبونی باری سیاسی و کەلتوری فەرهەنگ و کۆمەلایەتی کوردە، کەچی ئەو دۆخە بە پێچەوانە دەبینین لەدوای هاتنی عەلمانیەت هەر کوردە لەنێو میللەتانی سەردەستە توایتەوە، تەنانەت لەناو کوردستانیش ئەو دۆخە بەدی دەکرێ، دەبینین شاری هەولێر لەسەرەتایی

---

[138] ـ تأریخ الاکراد ص١٩٧، هەروەها بروانە: ڕاپۆرتی لیژنەی نێوبژی ویلایەتی موسل

هــاتنی عەلمانیــەت (١٪) ی ناوشــار تورکمــان بونــە کەچــی تاگەیــشتینە پــەنجاکانی ســەدەی (٢٠) بــووە لــە ٤٠ ٪ تورکمــان، بەشــی هــەرە زۆری بەرەچەلەك کوردن... هەروەها کوردێکی زۆری تری ناوچەی موسل و بەغـداو حلەو[١٣٩] بووینە عەرەب.

٣. ئەگــەر بــەوردی ســەرنج بدەینــە نەخــشەکانی کوردســتان لەســەرەتاوە، لەوەسفەکانی شەرەفنامە، لەگەرانەکانی ئیبن بەتووتە لە کتیبی (تحفة النـضار فی غرائب الأمـصار) دەلی کە لەبەسرە بــەرەو شــیراز رۆیــشتم لەســەر رێگــا لامدا میوانی خێلە مەرلەوەرێنە کوردەکان بووم، ئیبن خەلدوون لە(تاریخ)باس لــە جبــل اکــراد دەکــا لــە نزیــك کەنــداوی فــارس[١٤٠] بەهــەمان شــێوەش ئەولیاچەلەبی سنوری کوردستان تا کەنداو دەبا[١٤١]، واتە ئەو نەخــشەیەی کــە لەسەر دەریای (کەنداو) دیایکراوە بۆسەر دەریای سپی ئەسلی خــۆی هەیــە و زیادەرەوی تێدا نیە، لە (معجم البلدان)ی یاقوت حموی، لە سیاحەتنامە، لــە شەرەفنامە، لە ئەنسیکلۆبیدیای عوسمانی بەناوی (قاموس الاعلام) هــەروەها لەنەخشەکانی جوگرافی ناسی ئیسلامی...، لەجوگرافی ناسەکانی بیــانی تــر نەخشەی کوردستان هەر مەزن بوە، جوت بوە لەگەل ئەو نەخــشەیەی لەســالی ١٨٩٣ و ١٨٩٦ی سەردەمی عبدالحمید کە کوردســتانی لەســەر دیــایکراوە، لەبەشــی یەکــەمی رێکەوتنامــەی ئــەرزەرۆمی ١٨٢٣/٧/٢٨، هــەروەها تــا مادەی (٦٢)ی سیڤەر کەسنوری کوردستانی لەرۆژهەلات فرات دەست نیــشان کردووە، هەمو ئەوانــە لەســەردەم وکۆتــایی خیلافــەت بــوە، واتــە نەخــشەی کوردستان لەسەردەمی خیلافەت زۆر مــەزن بــوو، دەگەیــشتە ســەرووی ٥٠٠٠٠ کم[٢]، لەدوای ئەوەی عەلمانیەت هات نەخشەی کوردســتان هــەم بــچووك

---

[١٣٩]- بروانە یاقوت حەمەوی وزۆربەی کتێبە ئیسلامیەکانی کەرێدە باس لە پێکهاتەی شاری (حلە)دەکەن و دەلێن دوو چینی لێ ژیاوە کوردو بەشێکی تر پێیان ووتراود نەهلی جامیعەو باس لە کەمێك ناکۆکیش کراوە لە نێوانیان... هەتا لە(تاریخ أبی الفداء ـ الملك المؤید إسماعیل بن أبي الفداء ج١ ص٤٧٣) لە سەردەمی سولتان محمودی عوسمانی وا باسی حلە دەکا:
وفیها سار الأمیر دبیس بن صدقة إلی الحلة باذن السلطان محمود وکان دبیس معتقلاً مع السلطان محمد من حین قتل أبوه صدقة إلی الان فلما أطلق توجه إلی الحلة واجتمعت علیه العرب والاکراد ...نەی کوا نیستا؟.
[١٤٠]- وفي شرفي بلاد خوزستان جبال الاکراد متصلة إلی نواحي أصبهان وبها مساکنهم ومجالاتهم وراءها في ارض فارس... تاریخ ابن خلدون ص٨١. لە(مقدمة ص٦٣) دووبارەی کردۆتەوە
١٤١ـ سیاحتنامە ج٤ص٧٥

بۆوە، هەم لەسەر نەخشەی نەتلەکانیتی نەما، تەنانەت ئێستا ڕووبەری کوردستان لەسەردەمی عەلمانی نیوەی ڕووبەری کوردستانە لەسەردەمی خیلافەت.

٤. هەڵبەتە بەڕوونی دەردەکەوێ کەکورد لە وەرچەرخانی خیلافەت بۆ عەلمانیەت زەرەرمەندی هەرە گەورەیە، زیاتر لەوەش تا ناوچەکە هەنگاوی زیاتر نا لە: مەلەکی بۆکۆماری، بۆمەدەنیەت، بۆ دەستوریەت، بۆ مۆدیرنیەت.. مەینەتی کورد زیارتر بوو، یان بەواتایەکی تر ئەو نەخشە نوێیەی عەلمانیەت لەناوچەکە جێ گیرتر دەبوو مەینەتی کورد تۆکمە تردەبوو،

هەربۆیەش دەبینین سەرکردە دلسۆزەکانی کورد لە (ملاسلیم، شیخ عبدالسلام بارزانی، شیخ سعید پیران، شیخ سعید نەورسی، ...)، هەمو ئەوانە خواستیان دروشمەکەی شێخ سعیدی پیران بولەشۆرشەکەی سالی ١٩٢٥ دا، کە بریتی بو لە: یان گەرانەوەی خیلافەتی یان کوردستانیکی سەربەخۆ، کەواتە خیلافەت بۆکورد باش تر بووە.

٥. لەپێشوتر لە چوار چێوەی ڕێکەوتنامەی سوڵتان و بەدلیسی ئەوا گەلێ جارکورد هاریکاری سوپای عوسمانیان کردو سەریان خستن، ئەگەرچی هەندێ جارهەلەش بوبن وەك گوزارشەکانی سوارەی حەمیدی، بەلاّم هەرگیز نەگەیشتە ئەوەی تاوان بکەن و جینۆساید بکەن وەك ئەوەی ڕوویدا بەرامبەر ئەرمەنیەکان لەسەر دەستی سوپای ئیتحادیەکان و کوردە کرێگرتەکانی ئەوان[١٤٢]، ئەوەش بەڕونی لە مادەی (١٤٢)ی سیڤەر ڕونکراوەتەوە لە ئەستۆی کورد نەبوە، هەروەك دوای لە ڕێکەوتنی تاشناقی ئەرمەنی وخۆیبونی کوردی ڕۆژی ١٩٢٧/١٠/٢٩زیاتر ڕوون کرایەوە[١٤٣]

٦ ئنجا ئەگەر بێین ساتە کۆتاییەکانی خیلافەت و سەرەتای عەلمانیەت بەراورد بکەین، ئەو سەردەمەیە کەفەترەی سەلبی عوسمانیەکانە بەرامبەر بەکورد،

---

[١٤٢] ـ یەکێ لەو کوردانەی تاوانبار بوون بەو جینۆسایدە (زولفی بەگزادە) بو، کە لەلایەن بەریتانیاوە فەرمانی دەستگیر کردنی هەبوو، لەسەرتاوانی ئەرمەنی کوشتن ئینگلیزەکان لەسالی ١٩١٩ لەکەمینێکا دەست بەسەریان کردبوو، هەر ئەویش بوو بە هاوەلی عیسمەت ئینینو چوو لۆزانی مۆر کرد بەناوی کورد، لە قازانجی تورکیاو مالی کوردی ڕێزان کرد

[١٤٣] ـ ئەو ڕێکەوتنە لە ١٩ مادە پێکهاتبو.

سەرەرای ئەوەش هێشتا چەندە لەفەترەی دوای خۆی عەلمانی چاكتر بووە، بەو نمونانەی خوارەوە:

أـ لەدەسەڵاتی عوسمانیدا كورد زۆر دەسەڵاتدار بووە، مەبەستمان میرنشین و دەسەڵات و كیانە كوردیەكانە نیە، مەبەستمان ناوبەیكەری عوسمانیە، شێخ عبداللە بەكەسێتی دووەمی نێو عوسمانی پۆلێن كراوە، گولە بەندەكەی شیخ عبیداللە لای سوڵتان عبدالحمید، دوای شیخ عبدالقادری شمزینی سەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەت بوو، سعید پاشای باوكی شریف وەزیری دەرەوە بووە، لەوەو پێش ناوی بەشێك لەو بەرپرسە مەزنانەمان تۆمار كرد، دووەمین دەوڵەمەندی نیو عوسمانی (ابراهیم ملی پاشا)ی كورد بووە، ... یەكێ لەو پینج دامەزرینەرەی جامیعەی ئیسلامی (شیخ سعیدی نەورەسی) كورد بووە.....، زۆربەی شێخە ئیسلامەكان لەكورد بووینە، هەروەك لەوەو پێش ناوەكانمان تۆمار كرد، دەسەڵاتی شیخ الاسلام دەگەیشتە ڕادەی لادانی خەلیفەش، هەروەك هەردوو سوڵتان عبدالحمید ومرادیان لادا، ئنجا لەبەرامبەریشدا چونكە شەخسیەتی كورد بەهێز بوو لەبەرەی كەسایەتیە كوردەكان زیاتر ئەوان بووینە، چوار كەس ئتحاد الترقیان دروست كرد لە ١٨٨٩ هیچیان تورك نەبون برتیی بون لە: د. عدباللە جودت، د. ئیسحاق سكوتلی، محمد رشید چەركەس، ئیبراهیم تەمۆ، دوانی پیشەوە كورد بون...، ئەی لەدوای هاتنی عەلمانی كوا كورد ڕۆڵی چی هەبوو، جگە لەوەی ئەگەر بوبێ لەخزمەت توركایەتی عەرەبایەتی بوە، كۆتاییەكەشی بە مەرگەساتی خۆیان ومیللەتەكەیان هاتوە، كاتێ كمال ئەتاتورك خۆی دروستكرد بەهۆی عەلمانی و عەشیرەتە كوردەكان سەركردە كوردەكانی لەسێدارە دا (كە لەدوای باسی دەكەین)، هەتا ئەوانەی دۆستی بون و یارمەتیان دا لەسەر كەوتنی.

ب ـ ئەستەمبۆڵ بەرەسمی دانی نابو بەمافی چارەی خونوسی كورد، تارادەی دەوڵەتی سەرەبەخۆ دروستكردن، هەر لەجامیعەی ئیسلامی و مافی میللەتانی عوسمانی و دوای ڕێكەوتنی سوڵتان و شیخ عبدالقادر شمزینی[١٤٤]

[١٤٤] ـ لە ڕێكەوتننامەكانی عوسمانی و كوردا لەسالآنی ١٩١٢ـ١٩٢٠ دووبارە مافی سەربەخۆیی كوردستان بەتەواوی هاتبوو لە ڕێكەوتنێكی نێوان نوێنەرانی كورد وعوسمانی لە چوارچێوەی جامیعەی ئیسلامی

ج ـ لەهەموی گرنگتر مۆر کردنی سیڤەر لەلایەن ئەستەمبۆڵ و عوسمانیەکانەوە دژایەتیکردنی لەلایەن ئەنقەرە و کەمالیەکان لەبەر گرنگی بە هەلوەستەیەك دەیکەنە سەردیریك.

لە سەردەمی خیلافە لەبەر ڕێزی کورد بە (قورەیشی عەجەم)[١٤٥] بەناوبانگ بوو..کەچی ئێستا لە سەردەمی عەلمانیەت. بە (یتیم الامە الاسلامیە) ناو دەبرێ هەڵ یستویان؟

لەخیلافەت بۆ عەلمانیەت لەسیڤەر بۆ لۆزان:

لەنێوان ئەو هەمو ڕێکەوتن و پەیماننامانەی بەسترا لەکاتی جەنگی جهانی یەکەم ١٩١٤ ـ ١٩١٨، وەك لیژنەی بنسن لە ١٩١٥، پەیماننامەکانی: سایکس بیکۆ لە ١٩١٦، فرسای لە ١٩١٩، سان ڕیمو لە ١٩٢٠، سیڤەر لە ١٩٢٠، قاهرە لە ١٩٢١، لۆزان لە ١٩٢٣ بۆچی تەنها سیڤەر بۆکورد چاك بوە؟ پرسیارێکە کەمتر هەڵوەستەی لەسەرکراوە، ئەو پەیماننامەیە تایبەمەندی خۆی هەیە وەك ئەوانی تر نەبوە، لەوەوە کۆمەڵێك نهێنی نوێمان بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەویش ئەوەیە لەو ڕێکەوتنە ڕەهەندی تری تیابوە، هەر ڕۆژئاوا بەتەنهانەبووە، بە پیچەوانەی ئەوەی زۆربەی ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارانی کورد واتێگە یشتون، کە چاکەی سیڤەر لەڕۆژ ئاواوە بۆ کورد هاتوە، کەچی وانیە، جاری لەپیشدا سیڤەریش سەلبیاتی خۆی هەیە، ئنجا سیڤەر زیاتر لەلای عوسمانی هاتوە[١٤٦]، دەوڵەتی عوسمان ئەستەمبۆڵ دروستیکردو دەوڵەتی کەمالی عەلمانی ئەنقەرەش لەدژی وەستا، ئەو ڕێکەوتنە یەکێك بوولەو(٧) ڕێکەوتنامەی لەگەڵ وڵاتانی دۆڕاو کرا بەو شێوەیە:

ڕێکەوتنی فرسای بۆ ئەلمانیا سازدرا لە ٢٨ـ٧ـ١٩١٩، سان جرمان بۆ نەمسا سازدرا لە١٠ـ٩ـ١٩١٩، (نەوی) بۆ بولگاریا سازدرا لە ٢٧ ـ تشرینی دووەم ـ ١٩١٩، تەریانۆ بۆ مەجەر سازدرا لە ٦ـ ٧ـ١٩١٩، (ڕابالۆ) لەنێوان یوکسلافیاو ئیتالیا لە ١٢ـ تشرینی دووەم ـ ١٩٢٠، ڕێك لەنێوان سۆڤیەت و پۆلۆنیا لە ١٨ـ ٣ـ ١٩٢١، ڕێکەوتنامەی

---

[١٤٥] ـ شفاء العلیل ل٣ هەروەها شەرەفنامە ل١٣٢ پێشەکی.

[١٤٦] ـ بڕوانە:دەقەکانی سیڤەر وخوێندنەوەیەکی تر...

سیڤەریش بۆعوسمانی لە ١٠ـ ٨ ١٩٢٠سازدرا، ڕێکەوتنی سیڤەر پێک هاتبوو لە ٤٣٣ مادە، تایبەت بوو بەو وڵاتانەی ژێر دەستی عوسمانی بون و سەربەخۆیی پێ دابون، ناوی کوردستان ومادەکانی٦٢، ٦٣، ٦٤ بەڕوونی لەدوای ئەرمینیا هاتبوو لە بەشی سێیەم، ناوی عێراق بەڕاستە و خۆ نەهاتبوو بەناوی (میزۆ بۆتومیای عەرەبی)[١٤٧] لەمادەی (٩٤)هاتبوو، سەرۆکی وەفدی عوسمانی (هادی پاشا) مۆری کردووە و، بناغەی بەهێزەکەی یاسای و سیاسی ئەو ڕێکەوتنە ئەوە دێت کە سوڵتان لەگەڵ کورد ڕێکەوت بۆ سەربەخۆیی پێدان و مۆرکرا لەنێوان هادی پاشا و شیخ عبدالقادر و شریف پاشا دوای دوو وەفد پێك هات لە هەردوولا، نوێنەرانی کورد پێك هاتبوو لە: عبدالقادر شەمزینی (سەرۆك)، ئەمین عالی بدرخان، مراد بدرخان، مەولان زادە رفعت بەگ، لە لایەن نوێنەرانی عوسمانیش پێك هاتبوو لە: دووەمین کەسایەتی نێو عوسمانی شیخ الإسلام صبری زادە(سەرۆك)، ئەحمەد عبوق پاشا، عونی پاشا لە چوارچێوەی جامیعەی ئیسلامی

لەسەر ڕەزامەندی هەردوولا سوڵتان قایل بو کە ئەو ڕێکەوتنە ببێتە بەڵگەنامەیەکی جهانی و بۆیە ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتنە لە١٠/٨/١٩٢٠ لەسیڤەریش بەرجەستەکرا، ئەگەر بەوردتریش بچینە نێو بابەتەکە دەبینین ئەو ناوەرۆکە یاسایی و سیاسیەی لە سیڤەر هاتووە، هەمان نەخشە و پلانی سەرکردە کوردەکانی ئەوسایە، بەتایبەتی شێخ عبدالقادری شەمزینی و ماڵی بەدرخانیەکان (ئەمین عالی بەدرخان)[١٤٨] کە بەداخەوە بەشێك بەشێوەیەکی تری لێ تێگەیشتوون، پێیان وایە ئەوە لە دەسکەوتی عەلمانیەتی کوردەو مانیعەکەی شیخ عبدالقادرو ئاینیەکانی تر بوە، ڕوونیان نەکردۆتەوە کە ئەو ڕێکەوتنە لە لایەن عوسمانی مۆرکراوە نەك کەمالیەکان، لەوانە مێژوونوسی کورد د.کەمال مەزهەر[١٤٩]، هەروەها بڕوانە نارازیەکانی تر لە (ل٧٦ی کتێبی مالیسانژ: القومیە الکوردیە ود. عبدالله جودت)، هەروەها کریس کۆچیراش وای بۆچوە...بەڵام هەر هەمان کتێبی (د.کەمال) دەقی گفتوگۆیەکەی (شێخ عبدالقادر) لەگەڵ ڕۆژنامەی

---

[١٤٧] ـ بەداخەوە مێژوو نوسی عەرەب فیلیان لەکورد کردوو، لەتەرجەمەی ئینگلیزیەکە میزۆ بۆتامیان کردووەتە (العراق) کەلێك جیان، بۆتەوەی رەسەنایەتیەك بەو عیراقەی ئیستا بدەن.

[١٤٨] ـ بڕوانە: (فایلی دوارۆژی کوردستان ـ بەریتانی) لە ل٨٢، (کوردوکوردستان لە بەلگەنامەی بەریتانی ـ کەمال مەزهەر)

[١٤٩] ـ بڕوانە: (د.کەمال ـ کورد و کوردستان...) ل٧٦

(نیقدام) تۆمارکردووە بەجوانی ئەوە ڕونکراوەتەوە کە شێخ عبدالقادر و ئاینیەکان چیان دەوێ، پێیان وابوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی ئۆتۆنۆمی وەرگیرێ بۆ ماوەیەك وەری دەچەرخێننە سەربەخۆیی تەواوی کوردستان[150]، بۆ زیاتریش بڕوانە دەقی نامەکەی شێخ عبدالقادر بۆ فەرەنسا کە لە ١٩٢٠/٦/٢٥ نوسیتی[151]، ئەو پڕۆژەیە لەلایەن فرید پاشای سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبۆل - سوڵتان واحدالدین) بە فەرمی مۆرکراوە[152]، دیڤید ماکدۆناڵدیش هەر وای بۆچوە لە کتێبەکەی خۆی و ئۆتۆنۆمی سەرەتای سەربەخۆیی بوە چ لە ڕێی ئینتداب چ لە ڕێی ئۆتۆنۆمی، لە میساقی (کۆمەڵەی نەتەوەکان - عصبة الامم)لە مادەی (٢٢)ش هەر واهاتبوو کە سیستەمی ئینتداب (گروپیA)* دەبێ لەدوای ئینتداب ئۆتۆنۆمی محەلی وەرگرن بۆئەوەی لە داهاتوەکی نزیك سەربەخۆ بن، هەروەهاش بۆ وەرگرتن و بون بە ئەندام لە (عصبة) سێ پۆلی وەردەگرت موستەعمەرە و دۆمینیۆ و ئەوانەی ئۆتۆنۆمیدارن[153]، ئەوەش دەقا و دەق خوردکراوەتەوە لە سیڤەر، لێرەوە چاکتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئیجابیەکانی سیڤەر بۆ کورد لەوە دێت، کە وەفدی عوسمانی بەشدار بووە نەك وەفدی تورکیا، وەفدی عوسمانی بریتی بوو لە (هادی پاشا ود.ڕەزا تۆفیق)، هادی پاشاش ئەو کەسەیە بە نوێنەرایەتی سوڵتان محەمەد واحدالدین وفرید پاشای سەدری ئەعزەمی عوسمانی ڕێکەوتنی سەربەخۆیی کوردستانیان بەو قۆناغانە لەگەڵ شێخ عبدالقادر شەمزینی و شەریف پاشاو ئەمین عالی بدرخان مۆرکرد، لەبەڵگەنامەیەکی تریی بەریتانی (FO.٣٧١/٥٠٦٧) کە لە ل٣٢٦ی هەمان سەرچاوە هاتوە دەڵێ: فەریدپاشا لایەنگیری دروست بونی دەوڵەتی کوردی کردوە لەڕێی ئۆتۆنۆمی ناوەخۆ، ئینجا دەبێ ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە(سوڵتانی عوسمانی وفرید پاشا) علی ئیحسان پاشایان ڕاسپارد بە بروسکەیەکی فەرمی لە ١٩١٩/١٠/٣٠ مومتەلەکاتی عوسمانیان تەسلیمی حکومەتی شێخ محمود کردو دانیشیان پێدا هێنا،

---

[150] - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە کورد لە بەڵگەنامەی بەریتانیا ژمارە: ٤٠، ٥٠٦٨/f٠,٣٧١ بۆ وەزارەتی دەرەوە ١٩٢٠/٤/٨

[151] - کۆمەڵەڕێکخراوەکوردیەکان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیاوفرنسالەبەلگەنامەی ژ:٤٤ و ل١٥٩ بلاوکراوەتەوە

[152] د عثمان علی - دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص٣٢٥، هەروەها بڕوانە: بە لگەنامەی بریتانی ٥١٢Air تەلەگرام لە ١٩١٩./٤/١٨

* سیستەمی ئینتداب کرابووە سێ کرووپ:A، B، C. ئەوەی عوسمانی گروپی A بوو چونکە ئاستی بە دەوڵەت بوونیان بەرز تر بوو لە کروپەکانی تر.

[153] - الأمم المتحدة فی نصف القرن ص٢٥

ئەوەش پەیڕەوکردنی ڕێکـەوتنێکی تـری عوسـمـانی و کـورد بـووە لـەبارەی سـەربەخۆیی کوردستان، لەلایەن عوسمانی وەفـدێك کـە پێـك هـاتبوو لـە شـیخ الإسـلام صـبری زادە (سەرۆك)، وەزیری کار ئەحمەد دەبوق، وەزیری دەریـایی عـەونی پاشـا، وەفـدی کـوردیش بەسەرۆکایەتی عبدالقادر شمزینی و مەولانە ڕەفعـەت بـەگ وئـەمین بـەگ، کەواتـە هـەر هەمان ڕێڕەوە لەسیڤەریش ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو ڕێکەوتنە بۆکورد وەك بەڵگەنامەیەکی دەگمەن مایتـەوە، لـەدوای تـەواو بـونی ئەورێکەوتنەوە دەست نیشانکردنی سنوری کوردستان بـەپێی مـادەی (٦٢) ڕۆژ هـەڵاتی فراتی دەگرتەوە.

دەسـەڵاتی عـەلمانی ئەنقەرە بە سـەرۆکایەتی ئـەتاتورك ئـەو ڕێکەوتنـەی بـە (مـەرگی تورکیا) زانی، دەستی بەکارو چالاکی هەمە لایەن کرد بۆ لەبار بردنی، بـووە هـۆی زیـاتر ناکۆکی لەنێوان ئەنقـەرە و ئەسـتەمبۆل، بەشـێوەیەك ئەسـتەمبۆڵ دانـی نـا لـەناوەخۆو لەدەروە بەسەربەخۆیی کوردستان و ئەنقەرەش لەدژ بـوو، لـەوەوە سـەرۆك عەشـیرەتەکان کۆبونەوە و بە ناوی (هاوپەیمانی هۆزەکان) لە ١٩١٧/١١/١٥ نامەیـەکی (٥) پرسـیاریان بۆ ئەتاتورك نووسی، تیایدا داوایان کردبوو بۆیان ڕوون بکاتەوە ئاخۆ ئەویش وەك سـوڵتان ئامادەیە بەتەواوی دان بە سەر بەخۆیی کوردستان بنێت؟

بەرە بەرە ئەنقەرە لەهەوڵ و تەقەلاکانی تاکتیکی و ستراتیژی خۆی لەهەمو بەرەکانی جەنگی و سیاسی و دبلوماسی دەست پێکـرد، کـوردێکی زۆری عـەلمانیش بـۆلای خـۆی ڕاکێشا، تاوای لێهات بەپـشتیوانی ئـەو کوردانـە وەك (ڕائـول ویلـسن) گۆتـەنی بەسـەر ئەستەمبۆڵ زال بوو، ئینجـا سـیڤەریش هەڵوەشـاندەوەو لـۆزانی ١٩٢٣ ی هینـا جێـی، کەلەنێوان١٤٣مـادە١٢٨ جـار نـاوی تـورکی تیـا هـاتبوو نـاوێکی کـوردو کوردسـتانی تێدانەبون.

هەلوێستی کورد

لەو وەچـەرخانە عـەلمانی کـوردیش ڕۆڵێکـی زۆریـان بینـی، لـەو بـاوەرە دابـون کـە چارەنووسی کورد بەعەلمانی چاتر دەبی نەك ئیسلامی، لایەنگری ئەتاتورکیان کرد لە دژی

سیڤەر و عوسمانی، بۆیە لەنێو کوردیش بەوهۆیەوە بونە دوو بەش، لە ڕاستێدا سەرچاوەی بەشبونیان لەوەوە دێت ئاینیەکان بانگێشەی برایەتی تورك و کوردیان لە چوارچێوەی جامیعەی ئیسلامی دەکرد، هەرچی ئەو بەشە عەلمانیە کوردە بوو بانگێشەی برایەتی کورد و تورکیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیا بە سەرکردایەتی ئەتاتورك دەکرد[١٥٤]، هەریەکە لە شێخ عبدالقادر شمزینی و شریف پاشا[١٥٥] و شێخ سەعید پیران و نەورەسي و هەندێ لە بەدرخانیەکان و هەندێ دەستەی تری کوردی و ئاینیەکان[١٥٦] پێیان وابوو ئەوەی مستەفا ئەتاتورك دە یکا فروفێڵ و تاکتیکە و دەستکەوتەکانی کورد لە ئەستەمبۆل و پەیماننامەی سیڤەر هەڵدەوەشێنێتەوە[١٥٧]، دوای ئەوەی عوسمانی بەرەو هەلوەشانەوە ڕۆیشت ئاینیەکان دروشمی سەربەخۆییان هەڵگرت، هەروەك لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی یاداشتی (یانەی ناوەندی کوردستان) تێدایە لە بەرواری ٢٠/٣/ ١٩٢٠ داوای سەربەخۆیی تەواوی کوردستان دەکا و نارەزایش دەردەبڕن دژ بە فراوان کردنی سنوری ئەرمەن لە سەر حیسابی کورد[١٥٨]، بە پێی بەڵگەنامە بەریتانیەکان کە لەسەر زاری(بیرترام دیکسۆن) وەرگیراوە لە سەرانسەری کوردستان لەتبەتلیس وجزیرەو وان و دیاربەکرو سەعەرتەوبادینان وسلێمانی وخۆی وماکۆو سەلماس وموکریان و.. لە هەلچوون بووینە دژ بە ئیتحادی و زالکردنی تورکایەتی ودابەشی کوردستان، بە

[١٥٤] ـ بۆ تێگەیشتن زیاتر بە ووردی مێژووی دعبدالله جودت بخوێنەوە لەکتێبی: (القومیە الکردیە ود عبدالله جودت) خۆی بە نازناوی کوردی- تورکی ناوزەد کردووە.

[١٥٥] ـ بەشێك لەکوردە نیشتمان پەروەرو بیر تیژەکان زوو تر هەستیان بەوە کرد کەئەوەی ئەتاتورك دەیکا ماڵ وێرانیە بۆ کورد زوو لێی هەلگەڕانەوە ، شریف پاشا لە سەرەتا زۆر بەلای برژەکانی ئاینی وئەستەمبۆل دا ئەبوو دوای ئەو هەلویستەی وەرگرت کە بینی هادی پاشای نوێنەری سولتان ئامادەیە بچێتە سیڤەر لەسەر مافی تەواوی کوردستان مۆری بکا ، ئینجا لە ٢٣/٤/ ١٩٢٠شەریف پاشا بروسکەی ڕێزی بۆ سولتان لێدا لە بەرامبەر هەلۆێستی چاکی بەرامبەر کورد.

[١٥٦] ـ دیڤید ماکدۆنال ناوی لەوانە نابوو کوردی ئەستەمبۆلی.

[١٥٧] ـ بۆ وورد تر بڕوانە ئەو بەلگەنامەیەی بریتانی چۆن عبدالقادر شەمزینی ئامۆژگاری ئەفەندی وسەرۆك عەشیرەتەکان دەکا کە دوای ئەتاتورك نەکەون: مذکرة حول السید عبدالقادر الشمزيني وسمكو

من المندوب السامي البريطاني / القسطنطينية (٢٠ مايس ١٩٢٢)

واشتكى السيد عبدالقادر بأن كل المناشدات التي قدمها للحكومة صاحب الجلالة لم تلق آذاناً صاغية و أنه فشل في كسب ثقة جلالته. وكرّر، كما فعل ذلك عدة مرات، بأنه كان في موقع يساعده على السيطرة على الكرد في الولايات الشمالية الشرقية، لو أعطيت له الفرصة للتحرك. وأكد هذه المرة وبثقة على قدرته بإقناع سمكو للعمل وفق مصالحنا وأضاف أنه لا طائل من الاعتماد على أشخاص مثل مصطفى باشا وآخرين الذين يحومون هنا وهناك. هؤلاء ليس لهم تأثير حقيقي على الكرد.

[١٥٨] ـ بڕوانە: کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا- د.کمال مەزهەر ل٨٢

سەرکردایەتی ئەو (٦) سەرکردە ئاینیە(مەلا سلیم بدلیس، رشید ئاغەی سلێڤانی، عبدالرحمن شرناخی، شێخ نوری بریفکانی، شێخ عبدالسلام بارزانی، شیخ سعید الحفید)[١٥٩]

بەشەکەی تر(لائیکیەکان) وەك لە بەڵگەنامەی بەریتانی لەلایەن جێگری مەندوبی سامی بەریتانی لە١٨/ مایس/١٩٢٠ ناردوە و دەڵێ (ناحەزانی سەید عبدالقادر) بریتین لە دەستەیەکی زۆر لەیەك نەچوو هی ئەوتۆیان تێدایە زۆر حەزیان لە سەربەخۆیی کورد نیە، زیاتر لەگەڵ ئەتاتورك رۆیشتون[١٦٠]، بەشێکی تریش سیخوریان دەکرد وەك ئەو کۆمەڵە رەوشەنبیرە کوردەی لەدەوری (مێجەر سۆن) لە هەوڵی ئەوە بون بەریتانیا لە شێخ محمود بڕەنجێنن بەناوی ئەوەی شێخ ئاینیە[١٦١]، (وەك لازاریف)دەڵێت: هەندێك لە بنەماڵەی بەدرخانیەکانیش (لائیکیەکانیان) خەریکی دانوستان بون لەگەل ئیتیحادیەکان داوای پارچە زەوی گەورەو ٢٠لیرەیان کردبوو[١٦٢]، رەفیق حلمی فەروەیەکی بەدیاری لەلایەن شێخ محمود بۆ سولتان لەئەستەمبوڵ بردبوو، لەرێگا رای گۆری و کردیە دیاری بۆ ئەتاتورکیەکان لەئەنقەرە[١٦٣]، ئەو دەردە گەیشتبوە کوردەکانی دەرەوەی ولات، لە بەلگەنامەی بەریتانی ژ:٢١ لە ١٩٢٩/٤/١٨ بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نوسراوە دەڵێ: مانگانە پارمەتی ٦٠,٠٠٠$ یان بۆ ئەتاتورك دەنارد تا بزوتنەوەی خۆیبون تێیانیگەیاند کە ئەتاتورك چیە و پارمەتیەکەی پێ وەستاندن، تەنانەت ئیحسان پاشاش کە لەدوایيدا لە ١٩٢٧بە شۆرشی ئاگریداغ هەڵسا، لایەنگیری ئەتاتورکی کرد و ئەفسەری بەرپرس بوو لە سەربازگەی ئەستەمبوڵ و تەسلیمی ئەتاتورکی کرد لە دژی سولتان[١٦٤]، بەو شێوەیە کوردە رۆشنبیر و لائیك (عەلمانی) و سەرۆك عەشیرەتەکان

---

[١٥٩] ـ دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص١٥٤

[١٦٠] ـ دەقی ئەوبەلگەنامەیە لە(ئیجابیەکانی سیڤەر- دەقەکانی سیڤەر وخوێندنەوەیەکی تر) بلاوکراوەتەوە.

[١٦١] ـ بروانە: احمد تەقی ـ خەباتی کورد ل٩٢ هەروەها (دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص٢٧٤)

[١٦٢] ـ دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص٢٥٢

[١٦٣] ـ بروانە: یاداشت سەربردەی دیاری فەروەکە.

[١٦٤] ـ بروانە: شۆرشی ئاگری داغ ـ نوسینی ئیحسان نوری باشا- ل٢٢

بەشداریی و پشت گیریان لە دام و دەزگا و حکومەت و پەرلەمانی ئەتاتورك کرد لەژێر ناوی (برایەتی کورد و تورك لە دەوڵەتی تورکیای نوێ).

حسن خەیری سەرۆکی فراکسیونی کورد بون لە ئەنجوومەنی مەزنی تورکیا لە ئەنقەرە کە ئەتاتورك دروستی کردبوو، ٧٢ ئەندامی کوردی تێدابو، ئەتاتورك وەفدێکی لێ ڕێکخستن بەسەرۆکایەتی عصمت ئینینۆ، دووکوردیشی بەگەردا (برنجی زادەو زولفی بەگزادە)، ئەوان لەوێ چوونە لۆزان بەناوی کورد قسەیان کرد، وتیان: ئێمە و تورك براین، دەمانەوێ پێکەوە بژین، نامانەوێ جیاببینەوە مادەکانی ٦٢ـ٦٤ دەبێ هەڵگیرێ، (حسن خەیری) لە ئەنجومەنی ئەنقەرە بروسکەی بەناوی هەمو کورد بۆکۆنگرەی لۆزان دەکرد، دەیان ووت: سیڤەر و سوڵتان و ئەستەمبۆڵمان ناوێ، شریف پاشامان ناوی، جیابونەوەمان ناوێ، بەڵکو لۆزان و ئەتاتورك و ئەنقەرەو برایەتی تورکمان دەوێ[١٦٥]، تاوای لێهات وەفدی ئەنقەرە بەشداری پی کراو وەفدی عوسمانی دەرکران لەو کۆنگرەیە، لەلای عیراقیش وەفدی لۆزان کورد بوە، بەریتانیا(بەسەرکردایەتی کیرزۆن) سەرپەرشتی دەکردن بەشداربوان جعفر عسکری(کوردە) وتوفیق سوێدی، بەوشێوەیە ڕێکەوتنی سیڤەر گۆڕا بەلۆزان کە پیك هاتبە لە ١٤٣ مادە ١٢٨جار ناوی تورکیای لێ هاتوە تاکە ناوێکی کوردی تێدا نەهات[*]

لەومیانەدا زانایانی ئاینی کوردستان لەوانە شیخ عبدالقادر، شیخ سعیدی نەورەسی، شیخ سعیدی پیران، شیخ محمود، ... زۆر ناقایل بون بەو هەنگاوە، بەڵام چینی عەلمانیەتی کورد داوایان لەوانە کرد ئەو هەنگاوەیان رزگاری کوردەو دەوڵەتێکی عەلمانی تورکی مافی کورد مسۆگەر دەکا، لەلای ئەو زانایانە لەسلێمانی و کوردستانی سەروو بەبەیانی ڕەسمی لە گەرمەی کێشەی ویلایەتی موسل لە سالی ١٩٢٤ دەرچوو، کۆپیشیان نارد بۆ (عصمه الامم)تیایدا هاتبوو کە کوردو تورك هیچ پەیوەندیەك یەکیان نابەستەوە جگە لەئاین، ئاینیش نەما لەسەردەستی ئەتاتورك ئیتر کوا برایەتی کورد و تورك،

- بەیتار دەرسیمی لە ل٢٢١ی کتێبەکەی خۆی(دەرسیم لە مێژووی کوردستان) دەڵێ حسن خەیری بە خۆی هەمو ئەو قسانەی بۆ کێڕامەوە کە چۆن بروسکەیان بۆ کۆنگرەی مەسەلەتی لۆزان لێداوە

*لە هەندێ سەرچاوەی وەك د.محمد شمزینی لە کتێبی (جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی) محمد شێرزاد لەکتێبی (نضال الاکراد)، سەلام ناوخۆش لە کتێبی (احتلال وتقسیم کوردستان)، د.قاسملو و چەندین کتێبی تر ئاماژەیان بە ماددەکانی (٣٨، ٣٩، ٤٠)ی لۆزان کردووە گوایە مافو ناوی کوردی تیاهاتووە، دوای ئەوەی بەوردی بەراوردمان کرد لەگەڵ دەقی ڕێکەوتننامەی لۆزان بە ئینگلیزیەکەی دەرکەوت ناوی کورد:ی تیا نەهاتوە. بەڵام لە کتێبی (الحرکة الکردية في العصر الحديث- لازاريف وجليلي -ص١١٧)، ماددەکانی ٣٨، ٣٩ یان وەك خۆی گواستۆتەوە بێ ناوی کورد.

بۆیــەزانایانی ئـاینی ڕەوشـەنبیر داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانیان کـرد، کۆمـەڵێك لـە ڕەوشەنبیران و نیشتمان پەروەرانیش لاگیری ئەو ڕایەی زانایانی ئاینی بوو، بەڵام ئەوانەی بەناوی مۆدێرنی و سیکولاری بانگێشەیان دەکردو سور بون لەسـەر ڕای خۆیـان، زانایـانی ئاینیش بواریان پی دان تا گەیشتنە بنبەست، بەڵام چ بنبەستێك؟ دوای ئەوەی ئـەتاتورك زاڵ بوو بەسەر ئەستەمبۆڵ و بەیەکجاری خیلافەتی هەڵوەشـاندەوە و کۆمـاریکی تـورکی عەلمانی لەسەر بنچینەی تورکایەتی دامەزراند لـە ١٩٢٣، لـە دەسـتور (ANA YASA) نکۆلی لە کورد کرا و دەستی بـە داخسـتن و قـەلا چـۆکردنی دام و دەزگـاو فەرهـەنگ و کەلتووری و سیاسی کرد، کە پێشتربەئازادانە لەئەستەمبۆڵ ئیشیان دەکـرد، محمـد زەکـی بەك دەڵێت(هەمو ئەو جەمعیەت وحزبە کوردیانەی کورد دروستی کردبون لە ژێـر سـایەی خیلافەت ئازاد بون، بـەڵام ..لەگـەل تـسلیم بـونی ئەسـتەمبۆل بـە حکومـەتی کمـالی هەموی داخـستن)[١٦٧]، بەرنامەیەکی ترسـناکیش دارشرا بـۆ قەدەغـەکردنی زمـان و جـل و بەرگی و تەوای فەرهەنگی کوردی... بەوانەش نەوەستا هەڵسا بەگرتنی هـەمو ئەوانـەی یارمەتیان دا، دادگایەکی ریك خست بەسـەرۆکایەتی (صـائب پاشـا) بـۆ لەسـێدارەدانی سەرکردە کوردەکان، ئەو دادگایە گەیـشتە هاریکارەکـانی ئـەتاتورکیش، لەوانـە (حـسن خەیری) بە تۆمەتی ئەوەی جلی کوردی لەبەر بووە لەنێو (ئەنجومـەنی تورکیـا) فـەرمانی سێدارەی دەرچوو، هەرچەندە هاواری کرد وتی بەفەرمانی ئەتاتورك ئێمـە جلـی کوردیمـان لەبەر دەکرد، صائب پاشا وتی ئەو جۆرە جلانەی چ کـورد چ عـەرەبی و چ چـەرکەس و چ فارس چ ئیسلامی هەموی قەدەغەیە، بەهەمان شیوە تیغەکە گەیشتە ملـی (برنجـی زادە و زولفـی بـەگزادە) و هـەتا خالیـد پاشـا کـە پیـشبینی کردبـوو، هـەمو ئەوانـەی بەشداربون لەمەینەتی کورد، هەریەکە وەسیەتی خۆش خۆشیان هەیە لەوەبارەیەوە، برنجـی زادە دەڵێت تەرمەکەم ببەنەوە سەر ڕێی دیار بـەکرو لـەوی بشارنەوە، لەسـەر کێلەکـەم بنووسن هەرکوردێك بێرەدارەت بـوو لـەپای ئـەو خیانەتـەی کـردم بابـەردێکم لەگۆرەکـە بدا[١٦٨]، ئەوانی تریش وەسیەتی وایان هەیە کە هەرگیز باوەر بەتورك نەکەن، وەسیەتیشیان کرد کەئێمە زوڵمان کرد لەزانایانی ئاینی کردو بەگوێی ئـەوانمان نـەکرد بـەدوای ئـەتاتورك

[١٦٧]ـ خولاسە.. ل٣١٤ لە ل٣١٥ باس لە داخستنی رۆژنامەکوردیەکانیش بە هەمان شیوە دەکا
ـ زانیاری لای د. جبار قادر زیاترە بەشێکی لە کەنالی (میدیا) باس کرد.

هەنخەلەتاین، لەدوای هەمو ئەو ڕوداوانە ئنجا زانایانی ئاینی بەخۆ کەوتن و خۆیان بۆ شۆرش ئامادەکرد، پێشتر بۆ تەبایی و هەڵنەگیرسانی برا کوژی مەیدانیان بۆ چینی عەلمانی کوردی بەجێ هێشت و ئەزمونەکەیان گەیشتە ئەوەی کورد لەنزیکی سەربەخۆییەوە دوور خستەوە بەرەو هەڵدێر.... ئنجا شیخ سعیدی جاری شۆری (١٩٢٥) دا، دروشمی یان گەڕانەوەی خیلافەت یان ئێمەش کوردستانیکی سەربەخۆمان دەوێ، لەو دروشمە دا زۆر ووردەکاری بەهێزی یاسایی و سیاسی و ئاینی لی بەدی دەکری، خەڵکێکی عاقل دایان ڕشتبوو، چونکە گەڕانەوەی خیلافەت مانای تۆماتیکیانە جێ بەجێکردنی سیڤەر بوو، هەروەهاش بەووردی بۆیان دەرکەوت ئەو قۆناغەی واهاتە پێش لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بریتیە لە گۆرنانی کورد، هەرچۆنیك بێت لەخراپ ترین دۆخی عوسمانی هەر باشترە لەوەی وادێتە پێش، بۆیە دروشم و داواکاریەکەی بوە مایەی ئەوەی زانایانی ئاینی سەرانسەری جهانی ئیسلامی پالپشتی بکەن، وڵاتانی ڕوسیاو بەریتانیاو فرنساش پالپشتی تورکیایان کرد، خەریك بو شێخ سعید سەرکەوی دوای شکستی هێناو بەیەکجاری مەینەتی کوردی بەرجەستە بوو.

بەو شێوەیە دەوڵەتی تورکیا لەبەشی باکووری کوردستان دروست بوو لەسەر بناغەی ڕەگەزی، بەشێکی فراوانی کوردو کوردستانیش بەگەر خۆداوە بی ئەوەی بونێکی سیاسی و فەرهەنگی بۆحساب بکری، خەلەلی هەرە مەزن ئەوەیە کورد لەو ناوچەیە کۆنترین میللەتن بەرەهایی کەچی ڕەگەزی تورك تەمەنیان لەتورکیای ئێستا لە (٧) سەدە تێناپەری [١٦٩]، کەچی ئەو نەتەوەی سەردەستەو کوردیش بن دەستە، لە ڕاپۆرتی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠بەناونیشانی (وڵاتێك بۆ کوردان)باسی لەو بەراوردەی دانیشمەندی کورد وتورك کردوە بۆ یەکەم جار، ئەو حسابە لەدەوڵەتی عوسمانی نایەتە گۆڕەپان بەڵام لەدەوڵەتی تورکیا کەلەسەر بنچینەی ڕەگەزیە دێتە گۆڕی، یەکێ لە خەلەلە کانی سەرهەلدانی دەوڵەتی هاوچەرخ ئەو کێشەیە، زۆربەی ئەوانەی کێشەیان هەیە و بونەتە نەتەوەی بن دەست لەنەتەوەی سەردەست ڕەسەن ترن لەناوچەکە، ئیرلەندیەکان لە ئینگلیزەکان رەسەن ترن لەئیرلەندا، گەلی باسك رەسەن ترن لە ئیسپان،

[١٦٩] ـ بروانە: ئیسماعیل بیشکجی-النظام فی اناضول الشرقیة ص ٣٤٢، تیایدا دەڵێ تورك لەسالی ١٢٠٨هاتنە ئەو ناوچەیە.

بەر بەر رەسەن ترن لەعەرەب، قیبتی(EGIPTY یانی قیبتی) ڕەسن ترن لە عەرەبی میسرو، بەو شێوەیەش تامیل و کشمیر تیبیت....، بەهەمان شێوەش کورد لەخاکی خۆیی نەك هەر لەمیللەتانی ناوچەکە؛ بەڵکو لەهەمو میللەتانی جهان ڕەسەن ترە مادام لانکی دووەمی مرۆڤایەتی لەجوودیە.

بەشی سێیەم

لەمەینەتیەکەوە بۆ مەینەتیەکی تر

باشوری کوردستان و دروست بونی دەوڵەتی عیراق

مێژووەکی بەخێرایی عیراق:

وا مەزەندە دەکری ئەوناوچەیەی ئێستا پێی دەووتری عیراق لەسەروڕا لەنێوان (دووزێ) ئاوەدان کرابێتەوە، کەواتە بابزانین ئەو وەسفانەی گوایە کۆنترین شارستانی لە عیراق سەری هەڵداوە چەندە ڕاستە؟ کێشەیەکی زۆر ئالۆز هەیە، زۆریش بەزەحمەت خوێنەرت پێ تێدەگەیەنرێ، با بزانین ئەو کێشەیە چیە؟ کێشەکە لەوە سەر هەڵدەدا بەشی زۆری خەلکی ئاسایی بەپێی واقعی ئێستا حوکم لەسەر مێژوو دەدا لەلایەکە تریشەوە دەسەڵاتی عیراق مێژووشی بە چەواشەیی لەسەر بنچینەی واقعی ئێستا نووسیوەتەوە، بەکورتی وسادەیی ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی بەو سنورە ناسروشتیە دروستکراون، هەڵساون لەچوار چیوەی (داڕشتنەوەی مێژوو) هەمو ئەو ڕوداوانەی لەسەر ئەو سنورە دەستکردە ڕویداوە لەتۆمارگای مێژوی سیاسی عێراقی دەنوسن، ئەوەش هەڵەیەکی ئەکادیمیە پێش سیاسیەکەی، لەسەر ئەو بنچینە بێ بنچینەیە شارستانی ئاشوری و کلدانی و سۆمەری و بابلی و هیلینستی و فارسی ئەمەوی و عەباسی... دەکەنە مولکی عیراق، لەوێشەوە بۆ مولکی عەرەبی عێراقی، کەچی ئەو عێراقە سیاسیەی ئێستا مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١ و بەس، لە پێشتر نەك ویلایەت تەنانەت جهانی ئیسلامی دابەشکرابو بۆ ٢٠ ئیقلیم، کوردستان وعیراق سەر بەیەك ئیقلیمیش نەبوینە[١٧٠]، حەنا بەتاتۆ دەڵێ:

---

[١٧٠]ـ لە (الموسوعه العربیه العالمیه مادە: علوم عندالعرب والمسلمین) لەکۆی ئەو وڵاتانەی هەبوینە لە کتێبە مێژوویەکانی ئیسلامی کۆی کردۆتەوەو هاتوە:

.. وقسم الأقاليم الإسلامية المعروفة على عهده إلى عشرين إقليمًا هي: ديار العرب" ويضم شبه الجزيرة العربية وبادية الشام. بحر فارس" ويضم الخليج العربي والبحر الأحمر. ديار المغرب" ويضم بلاد الأندلس وأقطار المغرب العربي والصحراء الكبرى. ديار مصر" وتضم مصر وبلاد البجة (شرق السودان). أرض الشام. بحر الروم" ويضم شرقي البحر الأبيض المتوسط وبحر مرمرة وجزره. أرض الجزيرة" ويضم منطقة الجزيرة في العراق وبعضًا من البادية الشمالية. العراق" ويمتد من تكريت إلى عبدان وما بين النهرين. خوزستان. بلاد فارس. بلاد كرمان ويضم القسم الجنوبي الشرقي من إيران وبلاد السند. أرمينيا والران وآذربيجان. إقليم الجبال ويضم بلاد كردستان. الديلم" ويضم البلاد الواقعة على سهول بحر الخزر

بەغدا مەڵبەندی ویلایەتی موسل وبەسرە نەبوە، بۆیە ئاماری ساتلی ١٩٠٨ی عوسمانی تەنها ویلایەتی بەغدای ژماردوە کەبریتی بوە لە ١٥٠کەس[١٧١]، کارەساتی گەورەتر ئەوەیە مێژوونووس و سیاسەتمەدارو پرۆگرامی ئەکادیمی باڵاو ناوەندی کوردستانیش کەوتوونە داوی ئەو هەڵە زانستیەوسەردیری وادەبینی: عیراق لەسەردەمی عوسمانی (٣) ویلایەت بووە، کۆنترین نەخشەی عێراق، عێراق لە سەردەمی عەباسی..... هەموو ئەو دەستەواژانە هەڵەن، وەك ئەوە وایە عێراقی سیاسی هەبووبێ ئینجا عوسمانی بۆ (٣) ویلایەتی بەسرە و بەغداو موسلی دابەشکردبێ، نەخێر لەسەر دەمی عوسمانی ٣٢ ویلایەت هەبووە دوایی بەریتانیا لەسالی ١٩٢١ عیراقی لەو ٣ ویلایەتە دروستکرد، ئەو دوو دەستە واژە زۆر جیاوازن، ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەی کورد هەیە، ئەو ناوچەیەی ئێستای عیراق زیاتر لەژێر دەستی فارس بووە، زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی وەك بابل و بەغداو سەلمان پاك و سامرا... لەلایەن ئەوانەوە دروستکراون، زۆربەی شارو ناوچەکانیش لەبنەچەدا ناوی فارسین دوای گۆڕاوون، خودی ناوی عیراق لە (ئەراك) ی فارس هاتووە بەمانای شاری شاهان[١٧٢]، بابل لە باڤیل هاتووە، بەغدا لە باخی داد هاتووە، یاقوت حموی لە (معجم البادان ج١ص٤٥٦) دەڵێ بەغدا هەرموڵکی عەجەم بوە، سامرا لە (سام – ری) هاتووە موصل لەبنەچەدا ناوی (نو ئەردشیر)، حدیسە (نۆدێ) [١٧٣] هتد، هەموشی لەلایەن عەجەم دروست کراون وەك ئیبن خەلدوون دەڵێ: عەرەب (مەبەستی عەرەبی ڕەسەن، بەدەوی) شارستانیان تێکداوەو عەجەمیش بینای کردووە[١٧٤]، لە کتێبە کۆنەکان عیراق لەسەر عەرەب پۆلین نەکراوە[١٧٥]، ئیبن بەتوتە

الجنوبية. بحر الخزر" ويضم منطقة بحر الخزر. مفازة خراسان" ويضم منطقة صحراء شرقي إيران. سجستان ويضم جزءًا من أفغانستان. خراسان" ويضم شمال غرب أفغانستان وشمال شرق إيران. ما وراء النهر" ويضم منطقة سهول نهري سيحون وجيحون.

[١٧١] ـ حنا بطاطو – العراق ج١ص٥٤

[١٧٢] ـ ئەلرازی ـ صحاح ب ـ معجم البلدان ـ یاقوت حموی ج ـ لسان العرب.... زۆر سەرچاوەی تر.

[١٧٣] ـ بڕوانە (توژینەوەی ماجستیری) بەندە: الاسلام و العلمانية واثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة ص ١٩٥ ـ٢٠٠ هەروەها بڕوانە: ابن بەتوتە، معجم البلدان،

[١٧٤] ـ بێجگە لە ساسانیەکان هەریەکە لە: ئەکەدی (٢٣٣٤-٢١٥٤ق.م)، ئۆر(٢١١٢-٢٠٠٤ ق.م)، بابلی کۆن(٢٠٠٤-١١٦٢ ق.م)، ئاشوری (٢٠-٦١٢ ق.م)، بابلی دواتر (٦٢٦-٥٣٩ ق.م)، ئەخینی (٥٣٩-٣٣٠ ق.م)، هیلنستی(٣٣١-١٢٦ ق.م)، فەرس(٢٢٧-١٢٦) ق.م داگیریان کردوە.

[١٧٥] ـ کتێبەکانی: (معجم البلدان) و (قاموس الأعلام)و (سیاحتنامە) و(شرفنامە) کە لەسەدەی (١٦)دەرچوە: (اشار الى بلاد الفارس، وجاء فيه انها تشمل: عراق العجم، آذربيجان، أرمينيا، عراق العرب) .

لە(الکتاب الروض المعطار فی خبرالأقطار ص١٦٣مادة: بلاد العرب) ناوی عیراق لـە بـلاد العرب تیا نەهاتوە، لەنامە وەڵامەکەی ئەرستۆش بۆ ئەسکەندەری مەقدۆنی ناوچەی بابل بە ئیرانشار وعەجەم دەبا[١٧٦]

ئەو ناوچەیە لەمێژوودا کۆمەڵێك ناوی جوگرافی شارستانی هـەڵگرتووە لەوانـە، بـلاد سومر(بروانە نەخشەی: هیکاتابۆس)، بلادکلد (بروانە نەخشەی هیرۆ دۆتس)، بلاد بابل و بلاد ئاشـوور (بروانـە: نەخـشەکانی ئیرانتینیـتس، هـەروەها نەخـشەی هیکاتاپۆسـی)، میزۆبۆتامیا بروانە: (نەخشەکانی یۆنانی کۆن و نەخشەکانی تر لە کتێبی: تـاریخ العـالم ـ dtv ـ هیرتمان) هـاتوە، بـلاد مـابین النهـرین، وادی الرافـدین، الـسواد، بەشـێکی لای رۆژئاواش بە (بادیةالـشام) نـاوزەدە بـووە، لـەخواروو رۆژ ئـاواش بـە (نەجـد) نـاودەبرا، لەخوارەوەش لەو دواییە پی دەوترا (منتفك) و جزیرە، بەشی سەرووش بە ئیقلـیم جبـال و بلاد الکورد و بلاد جزیرە و کوردستان ناوزەد دەکرا، هەموش لەچوار چـێوەی زاراوەیـەکی گشتگیرتر بە (هلال الخصیب) ناوزەد دەکرا. هەریەکە لەوانە سنورێك دەگرێتـەوە هیـچیان لەگەل ئەو عیراقە سیاسیەی ئێستاجوت نابێت، بلاد السومر، بلاد الأکد، بـلاد الأشـور، بلاد الکلد، میزوبوتامیا، وادی الرافدین، السواد، المنتفك، بادیە الـشام، الجزیـرە، أقلـیم الجبال، کوردستان، الهلال الخصیب، العراق العربی، العراق العجمی، بەو شێوەی خوارەوە:

١ ـ ناوی سۆمـەر وئەکەدوئاشورلە هەر سێ نەخـشەی(ئیرانتـویتنس ـ ١٩٦) پ ز.[١٧٧] (هیکاتابوسی ـ ٤٧٥ پ ز)، (هیرودوتس ـ ٤،٥قرن پ ز)[١٧٨]

٢ـ هەریەکە لەوانەش لە نەخشەی (هیرۆدتس) هاتوە لەیەك کاتدا لە شوێنی جیاجیای عیراقی ئێستا، فۆرستەر دەڵێ: کلد لە دەورو بەری بەسراو ئەو شوێنەی ئێستا شیعەی لێ نیشتەجێن و دوای ناونرا عیراقی عەرەبی[١٧٩]

---

[١٧٦] ـ ئەوە نامەی ئەسکەندەرە:... أنّە شاهد بایرانشهر رجالا ذوي أصالة في الرأي، وجمال في الوجوە، لهم مع ذلك صرامة وشجاعة ئەوەش نامە وەڵامی ئەرستۆیە بۆ ئەسکەندەر کە هەردووکیان لەکتێبی (ابن مسکویة -تجارب الامم ج١)وەرمانگرتوە:

فهمت کتابك في رجال فارس. فأما قتلهم فهو من الفساد في الأرض ولو قتلتهم لأنبت البلد أمثالهم لأنّ إقلیم بابل یولّد أمثال هؤلاء الرجال، من أهل العقول والسداد في الرأي، والاعتدال في الترکیب...

[١٧٧] هەمان سەرچاوە "خریطة رقم (٩).

[١٧٨] ـ بروانە: العراق في خوارط القدیمة ـ جمع وحققها ـ الدکتور احمد سوسة، مطبوعات الجمع العلمی العراقی ١٩٥٩ـ مطبعة معارف ـ بغداد " خریطة رقم (٦)

[١٧٩] ـ هـ س ـ خارطة رقم ـ ٣.

٣ـ هەر لە نێوانی(٤ ـ ٢)پ ز یۆنانی ورۆمانیەکان ناویان لە سەرووی بەغدا ناوە میزۆپۆتامیاو ئەو ناوە بۆ ئەو ناوچە بەکارهاتوە لە هەمو دونیا، بە خوار بەغداش ووتراوە میزۆپۆتامیای خواروو[١٨٠]

٤ـ بلاد مابین النهرین: زۆربەی وا تێگەیشتون کە ئەوە تەرجەمەی میزۆپۆتامیا، ڕاست نیە، یاقووت حەمەوی لە (معجم البلدان) ڕونی کردۆتەوە و دەڵێ: بلادمابین النهرین تەرجەمەی(میان ڕۆزان)ی فارسیە[١٨١]، هەرچی میزۆپۆتامیایە وا پێدەچی لە ناوی سوڕدراوی (جەزیرەو بۆتان) هاتبێ لەو کاتەی کە سوپاکەی زەینەفۆن بەو ناوچەیە ڕەت بوە.

٥ـ وادی الرافدین نزیکە لە بلاد مابین النهرین بەڵام کەمێك فراوانترە.

٦ـ عیراقی عەرەبی وعیراقی عەجەمی بە پێی: لسان العرب، وقاموس المحیط و سیاحتنامە ونەخشەی ئیبن الحوقل و نەخشەکانی عوسمانی وزۆری تر عیراقی عەرەبی دەورو بەری بەسرای[١٨٢] گرتۆتەوە تا نزیك کوفە، لەوێ تا نزیك هند عیراقی عەجەمی پێ ووتراوە

٧ـ لەو شوێنانەی کەناوی عێراق بەگشتی هاتوە وفراوانترین سنوری پێ دراوە، بریتیە لە سنوری بەغداو بەسرە، لەکاتی دروستکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیا و وەزارەتی هندی بەریتانی هەر لەزودوە تێبینی جیایی ویلایەتەکانی موسل و بەغداو بەسرەی لە(یاسای عوسمانی) کردبوو[١٨٣]، دەلیلی عێراقیشیان هەر بەغداو بەسرەی گرتبۆوە.

٨ـ بەو شێوەش ناوی تری وەك سەواد وبادیەونەجدومونتەفەك وجەزیرەو..زۆر ناوی تری هەڵگرتوە

ئەو ناوانەش بەزنجیرەی مێژووی یەك لەدوای یەك نایەت، هەروەك بەشێك لە مێژوو نووسە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان دەیانەوی وای پیشان بدەن، تا بیسەلمێنن ئەو عیراقە

---

[١٨٠] ـ فورستر... المصدر السابق ج١ ص١٣.

[١٨١] ـ یاقوت حموي ـ معجم بلدان... المصدر السابق ج٢ـ ص٢٧٢

[١٨٢] ـ لەزۆربەی کتێبە کۆنەکان ولە خودی نەخشەی ئیبن حوقل عیراق وبەسرە بە جیا ناویان هاتوە نموە(تارخ جرجانی)یە یەکێ لەو نمونانەیە...أبو عمرو أحمد بن عمر بن أحمد المطرز البكرآباذي كان قد كتب الكثير وأنفق مالا عظيما في الحديث وسافر إلى سجستان وبست وهراة ونيسابور وأصبهان والعراق والبصرة وبغداد واليمن كتب عن أبي عبد الله النقوي باليمن بصنعاء وحمل لي عنه إجازة مات يوم الأحد النصف من جمادى الأولى من سنة إحدى وأربعمائة - تاريخ جرجان{ ١٠١ }

[١٨٣] سياسة البريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ص٢٠١

سیاسیەی ئێستا ڕەسەنایەتی مێژوویی و جوکرافی و شارستانی هەیە، نەخێر لەهیچ سەردەمیك یەك (وحده ئیداری یان سیاسی یان جوگرافی یان رەگەزی یان ئاینی.... هتد)نەبووە، تەنها لە سەردەمی ئیداری عەباسی ویلایەتی عیراق هەبوە لەسەرِوی بەسرە تا سامەردو تکریت، بەدەگمەن لە کتێبی (العبر فی خبر من غبر ـ الإمام الذهبي ج١ ص٦٦٨) باس لە دەسەلاتی (قائم بأمر الله)دەكا بەو شێوەی خوارەوە: وأما دست السلطنة بالعراق فكان لجلال الدَّولة: بغداد وواسط والبطائح وبعض السَّواد وليس له من ذلك أيضًا إلا الخطبة فأما الأموال والأعمال فمنقسمة بين الأعراب والأكراد والأتراك مع ضعف ارتفاع الخراج والوزارة خالية من كبس والوقت هرج ومرج والناس بلا رأس.

لەو باسانەی عیراق بەگشتی بوە بێ ئەوەی عەجەمی وعەرەبیەکەی لێك بکەنەوە، جار جار کەگوێمان لێ دەبێ باس لەوالی عیراق یان اهل العراق یان... دەبێ ئەوا لەگەڵ کوفەیتی، چونکە لەدوای سەدەی (١٢) ناوی عیراق سەری هەلدا، هەربە مانا فارسیەکەی، سەرەتاعیراق هەمو ناوچەکانی ژێردەسەلاتی فارسی دەرگرتەوە، بۆیە ئەوکەسایەتیانەی لەقەبی (العراقی) هەڵگرتوە زیاتر کورد و عەجەم بووینە، دوای لە کۆتایی سەدەی ١١ کوفەو بەسرە بونە (العراقان)، بە شێوەیەك بەسرە (العراق العربی) پێ دەگوترا و (کوفە)ش العراق العجمی[١٨٤]، کەناوی عیراق لەمێژوهات نابێ ئەو سنورەی ئێستامان بیتە پیش چاو، پیویستە وەك خۆی لەرەوتی مێژوویی خۆی لامان بەرجەستەبێت.

سەرهەلدانی ناوی عیراق:

لەلای ئەهلی فیقە کەباسی زانایانی عیراقی کرابێ مەبەستی (اهل الرأی) یە، اهل العراقیش زیاتر مەبەستی خەڵکی کووفەیە، زۆر جار لەجیاتی والی کوفە وتراوە والی عراق لەبەرامبەر والی شام، کە لەکێشەی نێوان بنەماڵەی ئەبو سوفیان و بنەماڵەی محمد

[١٨٤] ـ بروانە: الصحاحی الرازی، (معجم البلدان)ی یاقوت حموی، لسان العربی فیروز ئابادی، هەروەها شەرەفنامەو سیاحەتنامەو..

(د.خ) ئەو دوو ناوو ناوچەیەی گرتەوە، بەشێوەیەك (شام) زیاتر بەلایەنگرانی ئومەوی، (کوفەو ـ عراق)یش بە (اهل البیت)، ڕەنگە ئەو فەرمودانەش کەدروستکراون لەبارەی مەدحی شام و زەمی عیراق لەچوارچیوەی ئەو مل ملانێیە سیاسیە هاتبێ، ئەگینا چۆن فەرمووده حوکم بەچاکەو خراپە لەسەر بنچینەی جوگرافی دەدا، لیرەدا وشەی عیراق لەبەرامبەر شام بەرە بەرە لەو مل ملانی یە سەری هەلدا، بەپی (هنری فورستر) ناوی عیراق لە سەدەی (٧) سەری هەلدا[١٨٤]، لە گەرمەی کێشەی ویلایەتی موسلیش ناوی عیراقیان بۆ سەدەی (١١) گیرایەوە، بەلآم مێژونوسە عروبیەکان عیراق دەگیرنەوە بۆ سەدەی ١٢ پ م، گوایە بەناوی (اریقا) ناوزەدکراوە[١٨٦]، بەلآم کەس ناتوانی نکۆلی لەوە بکا ناوی عیراقیش وەك ناوەکانی تر پانتاییەکی بچوکی لەخوارووی بەغدا گوزارش کردوە، نەخشەی ابن حوقل جوانتر ئەو ناوچەیەی دیایکردوەکە لەسەروی بەسرە بوە، تانەخشەی ١٨٩٣ی تیداری عوسمانیش هەرلەو ناوچەیە دیاریکراوە، ڕەنگە ناوەکانی تر بە جۆریك لە جۆرەکان مێژوەیەکی سیاسی وشارِاستانیان هەبێ، بەلآم عیراق نیەتی، تەنانەت لەسەردەمی عوسمانیش لەنێوان٣٢ویلایەت ویلایەتێك نەبوە بەناوی عیراق، زیاتر ئەو ناوچەیە بە میزۆپۆتۆمیا ناوبراوە، ئەو ناوەش یونانیە یەکەم جار پۆلیوس (٢ پ ـ ز) و دوایی سترابۆ (١ی پ ـ ز) بەکاریان هیناوە، تەرجەمەی ئەو ناوەش (بلاد مابین النهرین)ە، بۆ ئەو مەبەستەش پالپشت دەکەینە سەر (تەورات) کە بە (ارام النهرین) ناوی هێناوە[١٨٧]، بەلآم یاقوت حەمەوی جوانتر روونی کردۆتەوە کە وادی الرافدین و(بلاد مابین النهرین) ...لە میزۆپۆتامیانە هاتوە وەك واباوە، بەلکو (مابین النهرین) لە تەرجەمەی (میان رۆزان) ی عەجەمی هاتووە، زیاتر وا پی دەچێ میزۆپۆتۆمیا لە (جزیرە) و (بۆتان) هاتبێ، کە لەسەر دەمی سوپایەکەی (زەینفۆن) بەو ناوچە ڕەتبون ڕوبەڕوی کوردان لەو ناوچەیە بون و ناوەکەیان بە (میزرا بۆتۆنیا) و دوای بە (میزا بۆتۆمیا) وەچەرخابێ، لەو بارەیە کتیبێ (اکراد سوریا موعد من تاریخ) لەنوسینی د. ریزوان بادینی لایەنگری ئەو بۆچونەیە، ئەو ناوە یۆنانیەولەلایەن ڕوسیاو ئەوروپا و عوسمانی و هەمو لایەك بەکار

---

[١٨٤] ـ بروانە: سیاحتنامە ـ اولیا چەلەبی، شەرەفنامە ـ شەرەفخانی بدلیسی، معجم البلدان ـ یاقوت حموی، الصحاح ـ الرازی،
ـ نشاة الدولة العراقیة ـ ج١ ص ١٣.
[١٨٦] ـ حظارة العراق ج١ص١٤
[١٨٧] ـ کتاب المقدس ـ العهدالقدیم سفر التکوین ، اصحاح٢٤ـ ١٠

دەهات، تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش ناوی (عراق) یان نەبیستبو، لەکێشەی ویلایەتی موسل لیژنەکەی (عصبة الامم) لەخەڵکی خواروی موسلی پرسی بوو ئێوە عیراقین یان عوسمانی، لەوەڵامدا وتیان هەرگیز ناوی عیراقمان نەبیستوە[١٨٨]، بۆ گەران بەدوای ناوێك کە ئەو ناوچانەی عەرەبی سەر سنوری کوردستان چ ناوێکی هەڵگرتووە، تەنها لەکۆنەوە ناوێك هەبو بەناوی بلاد ئاشوور وەك لە راپۆرتی لیژنەی (عصبه الامم)بۆ ویلایەتی موسل هاتوە، ئەگینا لەسامرا هەتا سەر سنوری کوردستان هیچ ناوێکی نیشتمانی هەڵنەگرتووە، بەڵام میژوو نوسە عروبیەکان دیسان فێلێکی زانستی زۆر گەورەیان کردوە، هەڵساون لەتەرجەمەی مێژویی بەڵگە نامەکانی سەبارەت بەو ناوچەیە هەرچی (میزۆپۆتۆمیا) یە بە (عیراق) یان وەرگێراوە، با سەرنج بدەینە وەرگێراوی ماددەی (١)ی سایکس - بیکۆ* لە دەقە ئینگلیزیەکەی و عەرەبیەکەی چەندە جیاوازە بۆ خوێنەروو هەتا بۆ خەڵکێکی پسپۆریش دەشێوێ وچەواشە دەبێ:

١. That France and Great Britain are prepared to recognize and protect an independent Arab State or a Confederation of Arab States under the ‹in the areas (A) and (B) marked on the annexed map and in area (B) ‹suzerainty of an Arab chief. That in area (A) France shall have priority of right of enterprise and local loans. ‹Great Britain shall alone and in area (B) Great Britain‹That in area (A) France supply advisers or foreign functionaries at the request of the Arab State or Confederation of Arab States.

المادة الأولى: إن فرنسا وبريطانيا العظمى مستعدتان أن تعترفا وتحميا دولة عربية برئاسة رئيس عربي في المنطقتين "آ" (داخلية سوريا) و"ب" (داخلية العراق) المبينة في الخريطة الملحقة بهذا الاتفاق. يكون لفرنسا في منطقة (آ) ولإنكلترا في منطقة (ب) حق الأولوية في المشروعات والقروض الحلية، وتنفرد فرنسا في منطقة (آ) وإنكلترا في منطقة (ب) بتقديم المستشارين والموظفين الأجانب بناء على طلب الحكومة العربية أو حلف الحكومات العربية.

بێ هیچ بناغەیەك ناوی عیراقیان هێناوەتە ناوی، عیراقیان رەسەن کردووە، بە شێوەیەکی تر ویستراوە عیراق رەسەن بکرێت، با نمونەی تر وەرگرین، بابروانینە تویژینەوەی (العراق و الحركه الكماليه-ل٢٨) تیایدا هاتوە: عیراق(٣ نوێنەری لە

[١٨٨] ـ بروانه: تقرير لجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركى البريطانى حولة ولاية الموصل ص٢١٩

* دەقی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ لەل١٤٤ی ئەو کتێبە.

(مەبعوسـان ـ پەرلـەمان کـە لـە ١٨٧٧/٣/١٩ دامـەزراوە) هـەبوە، لـە مەبعوسـانی دووەمیش (٦) نوێنەری هەبوە، هەلبەتە ئەوە هەڵەیە، وادێنێتە پیش چاو کـە عیراقێکـی وەك ئێستا هەبوبێ، کەچی ئەو توێژەرە لەسـەر بنـچینەی واقیعـی ئێـستای عـیراق ئـەو حوکمەی داوەتە سەر مێژو، کـە ئـەو کـاتی نـەبووە، واتـە هەڵـساوە هەرسێ ویلایـەتی نوێنەرەکانی(بەسرەو بەغداو موسلی ـ کە عیراقی ئێـستای لـێ پیـك هـاتووە) کردوویـە بەمولکی عیراق، لەڕاستیدا نوێنەری عیراق و سوریاو ئوردەن... هەرنـەبوە، چـونکە ئـەو وڵاتانە بونیان نەبوە، ئینجا سەرەرای ئەوەش نوێنەر لە عوسمـانی بـەپێی مـادەی (٧١)ی دەستوری عوسمانی (مەشروتیە) هەر مەبعوسێك (پەرلـەمان تاریـك) نوێنەرایـەتی تـەنها ویلایەتەکەی نەدەکرد، بەلکو نوێنەری هەمو میللەتی عوسمانی بوو.

ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا سەبارەت بەناوچەی عیراقی ئێـستا بـەناوی میزۆپۆتۆمیـا بـوە، بەشی هـەرە زۆری کراوەتـە (عـیراق)، بۆنمونـە بروانـە راپۆرتـەکانی بـەریتانی کەبـەناوی (review of the civil admunstraion of mesopotam) دانەری کتیبی (احوال العراق فی المرحلة المشروطیة الثانیة) هـەمو میزۆپۆتۆمیاکـانی بەعیراق تەرجەمە کردووە، هەمو راپۆرتەکان و کۆنگرەکـان بـەناوی میزۆپۆتامیـا بـووە، کەچی لە تەرجەمەدا وشەی میزۆپۆتامیایان کردوە بـە عـیراق، هـەر لـەو ڕاپۆرتانـە بـەو عنوانە ئینگلیزیەی کردوویە بەکتێب، بەلاّم (جعفر خیاط) تەرجەمـەی عـەرەبی کـردووە بەو عنوانە: (فصول من تاریخ العـراق القریـب)، هـەروەها ناوبراولـە پـەراوێزی ل٢٥٣ی کتێبی (رسائل مس بیل) دان بەوە دەنێ، کە عیراقی لە جێی میزۆپۆتامیا داناوە، بەوەش نەوەستاون لەسەر نەخشەش میزۆپۆتۆمیاکانی وەرگێراوە بۆ عیراق، بۆنمونە ئەونەخـشەیەی کەبابلیەکان پێش ٤٠٠٠ سال لەمەوبەر (واتە ٢٣٠٠پ ز) دایان ناوە، تیایدا شوێنی بابلی و ئاشوریان دیاریکردووە، د.احمد سوسە هەلساوە کردوویە بەعینوانی (اقدم خارطـة للعـالم توضع فی العـراق)، هەروەها کتێبی (العراق فی التاریخ ص٩١)دەلێت: حمورابی دەیویـست عــراق یـەکبخا !!، بەهـەمان شـیوەش دەسـتکاری میزۆپۆتۆمیـا کـراوە لەڕێکـەوتن و دیکۆمینتەکان، دیسان بەنموونە لەرێکەوتنامەی سـیڤەر هـیچ نـاوێکی عیراقـی لەبەشـە

ئینگلیزەکەی نیە (کەچی سێ جار ناوی کوردستانی تیا هاتووە)، لەبەر نەبونی ناوی عیراق ئەو کاتی لەمادەی (٩٤) بەناوی (میزۆپۆتۆمیا العربیە) هاتوە، لەتەرجەمەدا کردوویانە بەعیراق، هەر بەهەمان شێوەش لەبەر نەبونی ناوی عیراق و ئەو ولاتە دەستکردانە لەرێکەوتنامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦ پیتی B، A ڕەنگەکانیان بۆ دابەشی ناوچەکە بەکار هینا، هەتا دروست بونی دەوڵەتی عیراقیش لە سالی ١٩٢١ هێشتا بەتەواوی ئەو ناوەی نەبووە، زۆر بەوردی لێ کۆلینەوەمان کرد نەگەیشتینە ئەنجامێکی بەرجەستە تابزانین ئەو پیشنیارە لەکام لا هات و ناوی ئەو دەوڵەتەی (کەبەریتانیا بریاری دروستکردنی دا) بووە عیراق و نەبووە میزۆپۆتۆمیا، دوای ئاماژەیەکی روونمان دۆزیەوە لە راپۆرتی (ویلایەتی موسل) دەڵێ: بەریتانیا ناوی عیراقی بۆ ئەو ناوچە نوێیە دانا، ئینگلیز زۆر بەمەبەست بوو ناوی ناوچەکە عربی بێت، هەر خۆی رۆژنامەیەکی بەناوی (العراق) و یەکێکیش بەناوی (العرب)[189] دامەزراند لەگەڵ داگیرکردنی بەغداو تیایدا هانی بلاوکردنەوەی بیری عروبی دەدا[190].

ناوی عیراق لە رێکەوتنامەکانیش نەدەهات تا کۆنگرەی لۆزانی ١٩٢٣ بۆ یەکەم جار دوو جار ناوی عیراق لە مادەی (٣) هاتوە، لە راپۆرتی (کێشەی ویلایەتی موسل)یش دەڵێ خەڵکی ناوچەی موسل ناوی عیراقیان نەبیستبوو، بەریتانیا ناوی عیراقی هەڵبژارد[191]، بەهەرحال ئێمەش لەونووسینە هەمو جار ناتوانین لەهەر ناوێکی مێژوویی عیراق روونکردنەوەکی لەپال بنوسین، ناچار بەهەڵە وەك باوە ناوی عیراق دەنووسین بێ گوێدانە زنجیرەی مێژوویی خۆی.

---

[189] ـ ئەورۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لە٤/٧/١٩١٧ دەرچوو دروشمەکەی خاکی عەرەب بۆعەرەبە، ئاین شتێکەو سیاسەتیش شتێکی ترە

[190] ـ لەکتێبی: العراق في دوري الإحتلال والإنتداب عبدالرزاق الحسني ج١ ص ٦٧ وا هاتوە: جاء في جريدة (العرب) عدد (١٤) مصادف ١٦/ ١٩١٨/: ((الحكومة البريطانية ترمي دائماً الى تنشيط الروح الوطنية-القومية- والإستقلال في حدود نفوذها)).

[191] ـ بروانە: تقرير ولاية موصل ص٦٦(ئەوە راپۆرتە ئەسلیەکەیە).

دەوڵەتی عیراقی لە پلانی نێو دەوڵەتی:

مەبەست لەنێودەوڵەتی لەوسەردەمی هێزە جهانیەکانی وەك رووسیاو بەریتانیا و فرنساو ئەمریکاو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئیاپانیاو پرتغال و... ئەو ولاتانەی لەدەوری عوسمانی دەسورانەوە بۆدابەشکردنی، ئەو تەقەلایانە لەوەوە هات، کەچۆن جهانی ئیسلامی پر لەسامان دابەش بکەن و یەکێتیەکەی نێوانیان (کەبەهۆی ئاین وەستاوە) نەهێلن، لە ئەوروپا ئەوکێشەیە بەناوی (مسألە الشرقیە)ناوزەد دەکرا، پلانی رێك وپێك و توێژراو لەسەدەی (١٨) رادەستی پێکردووە، کەلەناوچوونی خیلافەتی ئیسلامی بەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی بێت، ئیتر هەرچی کراوە لەشەرو شۆر چالاکی تری دبلۆماسی و پەیوەندی و.. لەپێناو ئەوە بووە، کەواتە ئێستا ئەو پرسیارانە روونتر وەلامی دەبێ: ئاخۆ ئەو ولاتە عەرەبیانەی وەك سوریا و عیراق و کویت و سعودیە و قەتەر و ئوردەن و... بەخواست و ئەرك و ماندوو بونی عەرەب دروست بوونە؟ یاخود لەچوارچێوەی پلانی ئیمپریالیزم و زایۆنی و بۆ دابەشکردن و زال بون؟ ئایا ئەو هەنگاوەی دروستکردنی عێراق و ئەوانی تریش پاداشە یان سزایە؟ وەلامی مێژوونووس و سیاسەتمەدارانی عروبی ئەوەیە کەئەو عێراقە بەهۆی خەباتی نیشتمانی و شۆرش دروستبووە، کەچی لێرە بەولاوە پێچەوانەییەکەمان بۆ دەردەکەوێ.

هەر لەو کاتەی عوسمانی کەوتە قۆناغی(دەوڵەتە نەخۆشەکە) بەرتانیا لە هەموان زیاتر هەوڵی دەدا ئەو نێچیرە گەورەیە بەتەنها بۆ ئەو بێت، ئەوە کارکەرێکی گەورە بو بۆ شکستی میری سۆران بەرامبەر نەخشەی کوردستانێك لە ناوەراستی ئیرانەوە تا سەر دەریای سپی* وبەغداو تاخۆزستانیش، ئەوەبوو بەریتانیا ئەو هاوپەیمانیەی نێوان محمد علی پاشا ومیری سۆرانی (بۆ دابەشی عوسمانی)لە ١٨٣٣ی کۆتاهیەوکۆنگرەی ١٨٤٠ی لەندەن تێك داو نەیهێشت عوسمانی شکست بهێنێ، لەو کاتیەوە بە ووردی کاری بۆ ئەو نەخشەیەی خۆی زیاتر چڕ کردەوە، (لورانس ـ دۆستی عەرەب)لەکتیبی(اعمدە الحکمە السبع7pillars of wisdom ـ) دەلی بەریتانیا لەسەدەی (١٨) وە خەریکە عوسمانی

---

* لە ل٢٩ی (رحلة طه الكردی البالیسانی فی العراق وبلاد الشام والأناضول ومصر وحجاز) باس لەحەلەب دەکا دەلی: دانیشتوانی هەموی کورد بوون

دابەش بکاو دەوڵەتی نەتەوەیی ـ وەك عیراق دروست بکاو بۆ ئەوەی جێی ئیسرائیلیش ببێتەوە، ئیشێکی زۆریشیان بەهەمەچەشن لەپێناو کردووە، لە ١٣/ ٦/ ١٨٥٣ (ولنسۆن) دۆسیەیەکی ووردی بۆ بەریتانیا ناردو تیایدا هاتبوو کەئێستا وەختی دابەش کردنی عوسمانی هاتوە و دەکری بەریتانیا هێرشی بۆ بکاو داگیری بکا لەدەریای سپیەوە تازابی خواروو[١٩٢]، لەسالی ١٩٠٥ لە لەندەن نوێنەرانی (بەریتانیا، فرنسا، بلجیکا، هۆلندا، پرتغال، ئیتالیا، ئیسپانیا،) کۆبونەوە بڕیاریان دا جهانی ئیسلامی (بەشی ئەفریقی و ئاسیایی) لێك جودا بکەنەوە بەهۆی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەفەلەستین[١٩٣]، لەسالی ١٩٠٧ ڕوسیاو بەریتانیا ڕێك کەوتن کە کوردستان و ویلایەتە تورکیەکان و سەرووی وڵاتی فارس بدرێتە ڕوسیا، شامیش بەویلایەتی موسلیشەوە بۆ فرنسا، لەوسەریشەوە تابەغدا بەجزیرەی عەرەبەوە بۆ بەریتانیا، چەند ڕێکەوتیکی تریش بەدوای داهات لە ١٩١٥/٣/١٨ لەنێوان فەرەنساو بەریتانیاو روسیا، ڕێکەوتنی قوستەنتینیە، ١٩١٥ لەندەن، ١٩١٥ سازانۆف ـ بالباخ لە ١٩١٦/٤/٢٦ تاگەیشتە سایکس بیکۆ ١٩١٦، یەکەم کۆنگرەی ڕەسمیش لەپیناو ئەوە و هاندانی گەلانی ناوچەکە لە پاریس لە (٤ ـ ٩)/ ٢ / ١٩٠٢ گرێدرا، بەشدار بوان بریتی بون لەمعارزەکانی نێو عوسمانی وەك: ئتحاد الترقی لەتورك، کورد، ئەرمەن، عەرەب، بۆ سەربەخۆیی بونیان، دوای لەسالی ١٩١٣ جارێکی تر عەرەب بەتەنها لەپاریس کۆکرانەوە بۆ هاندانیانی سەربەخۆیی، یەکەم ڕێکەوتنی فەرمی لیژنەی (بنسن) ی سالی ١٩١٥ بوو[١٩٤]، بەلاّم لەهەموان ترسناك تر ڕێکەوتنی (سایکس بیکۆ ـ سازانوف) ی ١٩١٦ بوو، لەولایەش لەدوای هەلگیرسانی جەنگی جهانی یەکەم لە ١٩١٤ دوای ماوەیەکی کورت لە دوودڵی (ئەنوەر پاشای) دەسەلاّتدار لەعوسمانی لە ٥/ ١١/ ١٩١٤ بڕیاری چوونە نیو جەنگی دا لەپاڵ ئەلمانیا، بەریتانیا هێزی ئامادەی هەبوو لە کەنداو بۆ ماوەیەکی کورت هێرش کردو فاوو ناوچەی بەسرەی گرت و سەرەتای جێبەجێ کردنی نەخشەکان لێرەوە دەست پێدەکاو عیراق لێ هاتە دی.

[١٩٢] ـ بروانە: التغلغل النفوذ البریطانی فی العراق.. ص ٦٢
[١٩٣] ـ بروانە: عبدالرزاق الحسنی ـ تاریخ الوزاد العراق ج ٢ ص ٢٤٩
[١٩٤] ـ بروانة: سیاسة البریطانیة...سعدبشیر اسکندر

مەبەستە شاردراوەکانی سایکس بیکۆ دروست کردنی ئەو دەوڵەتانە(عیراق بە نمونە):
بەریتانیا رابەری ئیستعمارو خاوەنی هەڵگری وەسفی هندی (ئەگەر دووماسی لەدەریا بەشەر هاتن دەستی ئینگلیزی لەگەڵە)، لەئەوروپا بێت (سالانەی جەنگەکەیان ٣٥ ملیۆن جونیەی تێبچێت) و خوێنێکی زۆر برێژێ (تەنها لەعیراق ١ کوژراوی هەبوو)[١٩٥]، بێت کۆمەڵە دەوڵەتێك دروست بکا ناوی بنی عیراق و ئوردەن و ....، خۆی مەسروفی وەزارەتەکان و سوپاو حکومەت دابین بکا.... و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی..، حەتمەن ئەو هەنگاوە دەیان مەبەستی شاردراوەی لەپشتە، بەتایبەتی، ئەگەر مەرج و پیشنیارەکانی رۆژئاوا بۆدروست کردنی تورکیا لەجیاتی عوسمانی بخوینینەوە لەمادەی (١١) ی (١٤) بنەماکانی ویلسون[١٩٦] و لۆزانی ١٩٢٣

بیرۆکەی دروست کردنی ئەو دەوڵەتۆکانە لەجیاتی (خیلافەت) کۆنە، بە پێی کتێبی لۆرانس(7 p of w) دو تەقەلایانە بۆ سەدەی ١٨ دەگەڕێتەوە[١٩٧]، بەلام نوێکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(کیشنەر) ی بەریتانی و یەکەم تەقەلایەکانی لەگەڵ شریف حسین لە ١٤/ ٢/ ١٩١٤، لەپێشتر لەکۆتایی سەدەی (١٩) بەقازانجی رۆژ ئاوابوو هەندێ میرنیشینی بۆ شێخەکانی عەرەبی کەنداوی وەك مەسقەت و عەمان و قەتەر و بەحرەین و عەدەن دروستکران، بەکورتی نەخشەی ستراتیژی رۆژ ئاوا ئەوەبوو چەند دەوڵەتۆکەیەکی عەلمانی نەتەوەگەری بۆجیهانی ئیسلامی دروست بکا، هەرکەمێك بیرکردنەوە لەوەی ئیستعمارێکی وەك بەریتانیا بێت ئەو هەمو کارە مەزنەت بۆ بکات هەمو کەس دەزانی سەد مەبەستی لە پشتە، کەواتە دەتوانین پوختەی نامانجی ئیمپریالیزم وئاژانسەکانی زایۆن لە سایکس بیکۆ[١٩٨] دروست کردنی ئەو دەوڵەتە عەلمانیانەی(وەك عیراق) لە و خالانەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

---

[١٩٥] ـ کۆتلۆف- ثورة عشرين ص١٧٧

[١٩٦] ـ دەقی ١٤ بنەماکانی ویلسۆنلە ل٢٦١

[١٩٧] ـ بروانە: اعمدە الحکمە السبعە –لورانس هەروەها: الاسلام والعلمانیە.. ص١٤٢

[١٩٨] ـ دەقی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆو:

المادة الأولى: إن فرنسا وبريطانيا العظمى مستعدتان أن تعترفا وتحميا دولة عربية برئاسة رئيس عربي في المنطقتين "آ" (داخلية سوريا) و"ب" (داخلية العراق) المبينة في الخريطة الملحقة بهذا الاتفاق. يكون لفرنسا في منطقة (آ) ولإنكلترا في منطقة (ب) حق الأولوية في المشروعات والقروض المحلية، وتنفرد فرنسا في منطقة (آ) وإنكلترا في منطقة (ب) بتقديم المستشارين والموظفين الأجانب بناء على طلب الحكومة العربية أو حلف الحكومات العربية.

المادة الثانية: يباح لفرنسا في المنطقة الزرقاء (سوريا الساحلية) ولإنكلترا في المنطقة الحمراء (منطقة البصرة) إنشاء ما ترغبان به من شكل الحكم مباشرة أو بالواسطة أو من المراقبة، بعد الاتفاق مع الحكومة أو حلف الحكومات العربية.

١- بۆ ئەوەی جیهانی ئیسلامی دابەش بیت و کۆتایی بەخیلافەتی ئیسلامی و زەمینە دووبارە بوودنەوەی نەمێنێت، ئیتر بەسانایی داگیرو دابەش دەکرێن و کێشەکانیشیان لە کێشەی ئیسلامی دادەبڕێ.

٢- بۆ ئەوەی عەرەب لە ئیسلام جیا بکرێتەوە، کێشەی فەلەستینی داهاتووش نەبێتە کێشەی هەمو ئیسلام، بۆ ئەم مەبەستەش زاراوەی وەك الامە العربیە یان (الأمتي العربية والإسلامية) بەکار هات بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەو لێك جیاکردنەوەیە، لە لێك جیاکردنەوەی عەرەب وئیسلام ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی عەردبیش[١٩٩]

المادة الثالثة: تنشأ إدارة دولية في المنطقة السمراء (فلسطين)، يعين شكلها بعد استشارة روسيا وبالاتفاق مع بقية الحلفاء وممثلي شريف مكة.

المادة الرابعة: تنال إنكلترا ما يلي: ١- ميناءي حيفا وعكا. ٢- يضمن مقدار محدود من مياه دجلة والفرات في المنطقة (آ) للمنطقة (ب)، وتتعهد حكومة جلالة الملك من جهتها بألا تتخلى في أي مفاوضات ما مع دولة أخرى للتنازل عن جزيرة قبرص إلا بعد موافقة الحكومة الفرنسية مقدما.

المادة الخامسة: تكون اسكندرونة ميناء حرا لتجارة الإمبراطورية البريطانية، ولا تنشأ معاملات مختلفة في رسوم الميناء، ولا تفرض تسهيلات خاصة للملاحة والبضائع البريطانية. وتباح حرية النقل للبضائع الإنكليزية عن طريق اسكندرونة وسكة الحديد في المنطقة الزرقاء، سواء كانت واردة إلى المنطقة الحمراء أو إلى المنطقتين (آ) و(ب) أو صادرة منهما. ولا تنشأ معاملات مختلفة مباشرة أو غير مباشرة على أي من سكك الحديد أو في أي ميناء من موانئ المناطق المذكورة تمس البضائع والبواخر البريطانية. تكون حيفا ميناء حرا لتجارة فرنسا ومستعمراتها والبلاد الواقعة تحت حمايتها، ولا يقع اختلاف في المعاملات ولا يرفض إعطاء تسهيلات للملاحة والبضائع الفرنسية، ويكون نقل البضائع حرا بطريق حيفا وعلى سكة الحديد الإنكليزية في المنطقة السمراء (فلسطين)، سواء كانت البضائع صادرة من المنطقة الزرقاء أو الحمراء، أو من المنطقتين (آ) و(ب) أو واردة إليها. ولا يجري أدنى اختلاف في المعاملة بطريق مباشر أو غير مباشر يمس البضائع أو البواخر الفرنسية في أي سكة من سكك الحديد ولا في ميناء من الموانئ المذكورة.

المادة السادسة: لا تمد سكة حديد بغداد في المنطقة (آ) إلى ما بعد الموصل جنوباً، ولا إلى المنطقة (ب) إلى ما بعد سامراء شمالاً، إلى أن يتم إنشاء خط حديدي يصل بغداد بحلب ماراً بوادي الفرات، ويكون ذلك بمساعدة الحكومتين.

المادة السابعة: يحق لبريطانيا العظمى أن تنشئ وتدير وتكون المالكة الوحيد لخط حديدي يصل حيفا بالمنطقة (ب)، ويكون لها ما عدا ذلك حق دائم بنقل الجنود في أي وقت كان على طول هذا الخط. ويجب أن يكون معلوماً لدى الحكومتين أن هذا الخط يجب أن يسهل اتصال حيفا ببغداد، وأنه إذا حالت دون إنشاء خط الاتصال في المنطقة السمراء مصاعب فنية أو نفقات وافرة لإدارته تجعل إنشاءه متعذراً، فإن الحكومة الفرنسية تسمح بمروره في طريق بربورة- أم قيس- ملقا- إيدار- غسطا- مغاير إلى أن يصل إلى المنطقة (ب).

المادة الثامنة: تبقى تعريفة الجمارك التركية نافذة عشرين سنة في جميع جهات المنطقتين الزرقاء والحمراء في المنطقتين (آ) و(ب)، فلا تضاف آية علاوة على الرسوم، ولا تبدل قاعدة التثمين في الرسوم بقاعدة أخذ العين، إلا أن يكون باتفاق بين الحكومتين. ولا تنشأ جمارك داخلية بين أي منطقة وأخرى في المناطق المذكورة أعلاه، وما يفرض من رسوم جمركية على البضائع المرسلة يدفع في الميناء ويعطى لإدارة المنطقة المرسلة إليها البضائع.

المادة التاسعة: من المتفق عليه أن الحكومة الفرنسية لا تجري مفاوضة في أي وقت للتنازل عن حقوقها، ولا تعطي ما لها من الحقوق في المنطقة الزرقاء لدولة أخرى سوى للدولة أو لحلف الدول العربية، بدون أن توافق على ذلك مقدما حكومة جلالة الملك التي تتعهد بمثل ذلك للحكومة الفرنسية في المنطقة الحمراء.

المادة العاشرة: تتفق الحكومتان الإنكليزية والفرنسية، بصفتهما حاميتين للدولة العربية، على أن لا تمتلكا ولا تسمحا لدولة ثالثة أن تمتلك أقطاراً في شبه جزيرة العرب، أو تنشئ قاعدة بحرية على ساحل البحر المتوسط الشرقي، على أن هذا لا يمنع تصحيحاً في حدود عدن قد يصبح ضروريا بسبب عداء الترك الأخير.

المادة الحادية عشرة: تستمر المفاوضات مع العرب باسم الحكومتين بالطرق السابقة نفسها لتعيين حدود الدولة أو حلف الدول العربية.

المادة الثانية عشرة: من المتفق عليه ما عدا ذكره أن تنظر الحكومتان في الوسائل اللازمة لمراقبة جلب السلاح إلى البلاد العربية.

[١٩٩] - بروانە: مەرجەکانی سەربەخۆیی لبنان کەلە (میثاق لبنان) هاتوە: بعد إتفاق بين (بشار الخوري المسيحي) و(رياض الصلح المسلم) في عام ١٩٣٤ وسمي ب(ميثاق لبنان) وجاء فيها:أن يكف المسلمون عن المطالبة بالوحدة مع سوريا أو آية وحدة عربية، وان هذا شرط

٣- بۆ ئەوەی تواناكان و توخمی گەشەسەندن لەجیهانی ئیسلامی پەك بخری و هەرچاویان لەبازاری ئەوان بێ، بۆ روونكردنەوە سەرنج بدەنە (لورانس) لەگفتۆگۆیەك لە (تایمس) لە ٢٣/٧/ ١٩٢٠ دەڵێت: من دلنیام دروست كردنی ئەو دەوڵەتۆكانە بۆ عەرەب دلسۆزی و ئەمەكمان بۆ مسۆگەر دەبێ و نرخی سەنتیكیشی لامان نیە) ([200])... ئەگەر سەرنج بدەین سەرەنجامەكەی راست دەرچوو، ئێستاش بەشی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی بە ئەمەكن بۆ رۆژ ئاواو لای ئەوانیش نرخیكی وایان نیە: زیاتر لەوەش سنوری ئەو وڵاتانە بوونە پەرژینێك بۆ پاراستنی سنوری ئیسرائیل[201]

ئامانجێكی تری ئەوە بوو كە جیهانی ئیسلامی هەر لەنائارامی بمێنێتەوە، بەجۆرێك رۆژهەلاتی ناوەراستیان دابەشكردوە ئەو كۆمەڵە دەوڵەتۆكانەیان ی دروستكرد، كە لەسەر هیچ بنچینەیەكی (سیاسی، ئیداری، جوگرافی، نەتەوەیی، تایفی، مێژوویی...) نەبووە، بەڵكو تاكە ستانداردو پێوە ئەوەبوو چۆن لە بەرژەوەندی رۆژ ئاواو ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیلی چاوەراونكراو دروست كرابوو، بۆیە لەهەر وڵاتێك لەو وڵاتە دەست كردانە كۆمەڵێك كێشەیان تێدا چاندووە، لەشێوەی بۆمب وەك لە (بروتوكولات حكماءالصهیون ژمارە: ١٠ هاتووە)، بەشێوەیەك كە بەشێكی توركمان خراوەتە سەر عەرەب، عەرەبیش خراوەتە سەر توركیا، فارس لەسەر عەرەب و پیچەوانەش، كوردستان كراوەتە (٥) بەش بەسەریان دابەشكراوە...

٤- ئیمپریالیزم بەگشتی ئەزمونێكی زۆر دەوڵەمەندی هەبوو لەبارەی بەرگری و بزوتنەوەكانی دژیان، بۆیان دەركەوتبوو ئەوان دەتوانن بۆ هەر پرۆژەو پلانێكیان بەسانایی بەسەر دەوڵەت زالبن، بەڵام ئەوەی كێشەی بۆ دەنانەوە بزوتنەوەی میللی بو، بۆیە ئەو دەوڵەتانە دروست كران كە رزگاریان بێت

للإستقلال. المصدر:سعدالدين ابراهيم -ملل والنحل والأعراق ص٤٩٥. عندما اعتلى فيصل عرش العراق عام (١٩٢١)م قيد بالشروط نفسها فورستر... نشأة العراق ص١٥٦

[200] - كوتلوف-ثورة العشرين ص٢١١

[201] - لە (الموسوعة السياسية عبدالوهاب كيالى - طبعة الثانية بيروت ١٩٩٢، ج ٢ ص٤٤٣) واهاتوە:((ان شرق الأردن لم يكن كياناً وفقا لمشروع التقسيم، إلا أن (تشرتشل) عقد صفقة مع الأمير (عبدالله بن الحسين) بواسطة لورنس، ليشمل المشروع إقامة إمارة له في شرق الاردن، مع إعانة مالية سنوية من بريطانيا مقابل تعهد (عبدالله إبن شريف مكة) بقبول السياسة البريطانية في فلسطين)) ، لە هەموان زوق تر لە هێرشە بە ناوبانكەكەی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە دژ بە حماس وولاتانی ئوردن ومیسر و سعودیەو ریكخراوی فتح بە ئاشكرا یارمەتی ئیسرائیلیان داو تا ئەو ساتەش ئابلوقەیان خستوتە سەر غەزە.

لەبەرگری میللی، لە ڕاستیدا ئەو تیڕوانینەیان زۆر ڕاست دەرچو، ئەگەر سەرنج بدەینە هەردوو جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەب لەسالی ١٩٦٧ و١٩٧٢ لەگەڵ ولاتانی عەرەب، تەنها بە (٦) ڕۆژ ئیسرائیل سەرکەوت، بەلام هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر حزب الله لە تەموزی (٢٠٠٦) وهێرشەکەی بۆسەر غەزە لە ٢٠٠٩هەریەکە زیاتر لەمانگی خایاندو بەتکنەلۆجیای زۆر بالاتریش بەشکستی گەڕایەوە.

٥- هەمو ئەو ئامانجانەش ولاتێکت بۆدروست دەکەن، دەسەلاتداری دکتاتۆری بێ، دوور لە دیموکراسی هەلدێنی، ئەگەر بەووردیش سەرەنج بدەین دکتاتۆرەکانی ولاتی عەرەب هەمیشەیی دۆستی ڕۆژ ئاواو ئیسرائیلن، لە جیهانیش تەنها ئەوان ماونەوە بە دیکتاتۆریەت.

٦- لەکۆتایشدا سەرهەلدانی ئەو جۆرە دەولەتانە لەسەر بنچینەی عەلمانی ڕەگەزی تۆماتیکیەن دەبێتە هۆی پەراوێزکردن و خانەنشین کردنی ناوەرۆکی ئاینی ئیسلام.

٧- دیسان لەکۆتاییدا سەرهەلدانی ئەو دەولەتە دەستکردو نامۆیانە دەبێتە هۆی ئاسایی بونی سەرهەلدانی دەولەتێکی ئیسرائیلی نامۆ لەناوچەکە.

کێ قازانجی کردو کێ زەرەر؟

ڕۆژ ئاوا لەسەر ئەو نەخشەو مەبەستانەی سەرو ڕۆیشت، تاگەیشتە جێبەجێ کردن و سەرەنجام کوردستان کرا (٥) پارچە ودابەشکرا بەسەر ولاتانی دەورو بەر، عەرەبیش کرا ٢٢ پارچە، تورکیاش لەو ئیمراتۆریەتە مەزنیەوە بووە ولاتێکی بچوکی وەك ئێستاکە تا ساتی ئەو نووسینەش هەر بەدوای مەرجەکانی ئەورووپیەوە تیایدا وەرناگیرێت، دەولەتی عیراق و سوریا و کوێت... زادەی ئەو زەمینە و پلانەن، ئەو دەولەتانە ودەولەتی ئیسرائیلیش لەهەمان کارگە دروستکراون، بەلام ئیسرائیل پیشکەوتوە و بۆ ناوەخۆی داد گەری دیموکراسی هەیە، هەرچی ولاتانی عەرەبی و داگیرکەرانی کوردستانن هەر لەشەڕو شۆڕو دیکتاتۆری و پاش کەوتویدان، بەواقیعی بەرجەستەی مەبەستەکانی سایکس

بیکۆیان کردوە، کەواتە میللەتانی عـەرەب و کـوردو تـورك... هـەموی زەرەری کـردووە (جگە لە دەسەلاتدارانی خۆپەرست)؛ بەلام ئەوەی زۆر زیان بەخش بوە سێ لای ترە:

١- کورد هەم دابەشکرا هەم بێ بەشکرا لەمافی چارەنوسی بەدەولەت بون.

٢- ئـاینی ئیـسلام، خیلافـەتی هەلوەشـایەوە وخانەنـشین کـرا، دەسـتورو دام و دەزگای عەلمانی و زەمینەیـەکی وا لەرۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت سـازکرا کـەبوار بەزیندوو بونەوەی نەدرێ.

٣- گەلی فەلەستینش هـەم دابەشـکران و هـەم بـی بـەش کـران مـافی چـارەی خۆنوسی و بەدەولەت بون، فەلەستینش کرا چوار بەش، بەشـیك کەوتـە ژێـر دەستی تائێستاش بە عەرەب ١٩٤٨ نـاودەبرین، بەشـی غـەزە درا میـسر، بەشی زیفەش[٢٠٢] درا ئوردەن وقودسیش ئەو کات خـرا سـەر پارێزگـاری نێـو دەولەتی.

ئەوەی زۆر قازانجی کرد

بریتین لە: دەسەلاتداری هەلپەرست، سیـستەمی عـەلمانی، یەهودیـەکان وئیمپریـالیزم بەگشتی، ئەو زانیاری و پۆلین کردنە یارمەتیمان دەدات بۆ دەست نیشان کردنی:

١- ستراتیژیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی.

٢- دۆست و ناحەزی.

٣- بنچینەو بنەماکانی دیالۆکی کوردی و عـەرەبی و تـورکی... هـەمو لەگـەل هەمو

٤- تێ گەیاندنی عەرەب بەگشتی کە دروست بون و بەردەوامی دەولەتی عیراقـی (بەنمونە) نە بۆ عەرەب نە بـۆ کـورد قـازانجی نیـە، بـەلکو بـەردەوامبونیان بەرجەستەو جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی سایکس بیکۆیـە... بۆیـە عـیراق هەم بەلایە بۆ کورد ئاواش بۆ عەرەب، هەر بۆیەش هەر بەنائارامی بینـراوەو

- بۆ یەکەم جار لەسالی ١٩٥٠ئوردەن ناوی لەو ناوچەیە نا (الضفة الغربیة)لەدوای ئەوەی لەگەل ئیسرائیل ڕێك کەوتن.

هـەرواش دەبینـرێ، یەکێکـە لـە کۆمەڵـە دەوڵەتـەکانی (فاشـیل ـ لـەڕوی یاسیەوە)

ئێستا بیرۆکەکمان پەیدا کرد لەسەر پلانی دروست کردنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو دەوڵەتۆکانەی لێی دروست کران، بابزانین لە میانیاندا عیراق چۆن دروست بو؟ کێ دروستیکرد؟ و ئامانجی چیە و سەرەنجامەکانی چی بو.

دروست بونی دەوڵەتی عیراقی:

لەدوای ئەوەی بریاری دروستکردنی ئەو دەوڵەتانە درا لـەڕۆژ ئـاواو بەنەخـشەو پلانـی بەریتانیاو فرنسا و ئاژانسەکانی یە هودی و... زۆر لای تـریش بەشـدارن، بەداخـەوە ئـەو زانیاریانە شاردرایتەوە کەمتر بەلایەن میژونوس و تەیاری عروبی باس کراوە، ئێستا ئێمە هەلی دەدەدینەوە بەپرسیارێکی سادە ئاخۆ کێ دروستکەری عیراقە، ئـەوەتا ئەسـکەندەری مەقدۆنی دروستکەری یۆنان بوە، شارلمان و فرانسۆی یەکەم دروسـتکەری فرنـسا بـووە، ج واشنتن دروستکەری ئەمریکایە، محمد علـی جەناح دروسـتکەری پاکـستانە، ئـەتاتورك دروستکەری تورکیایە، ئاخۆ کی دروسـت کـەری عیراقـە؟کوا جـەژنی نیـشتمانی؟.. باهـەنگاوەکانی دروسـت بـونی دەوڵـەتی عیراقـی بـاس بکـەین، هـەمو نهێنیـە سـەر سورهینەرەکان دەردەکەون، هەمو ئەوانەش بریتین لەبریارەکانی نێو دەوڵـەتی و کـۆنگرەی قـاهیرە و هـەنگاوەکانی دیـاریکردنی سـنوری عـیراق وهێنـانی مـەلیك دروسـتکردنی حکومەت و سوپاو پەرلەمان و دەستور.. لـەدوای ئەوهەنگاوانـەش لەلایـەن بـەریتانیاوە سپێردرا بە عەلمانی و ناشیونالیزمی عەرەبی لایـەنگیریان، بـۆ زال بـون بەسـەر هـەردوو شۆرشی ئاینی لەکوردستانی (١٩١٩) و خوارووش لـە (١٩٢٠)، ئـەوەش هـەنگاوەکانی دروست کردنی عیراق ودەوڵەتی عیراقیە:

١ـ لەرووی چالاکی دەرەکی بریاری نیو دەوڵەتی: یەکەم بریاری یاسایی بۆدروستکردنی دەوڵەتی عیراق لەمادەی (١)ی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ هاتوە بۆ هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە، کوردستان و ویلایەتی موسلی نەدەگرتەوە. دوای لەڕێکەوتنامەی (سانریمۆی١٩٢٠) لوید جۆرجی بەریتانیا توانی کلیمنسۆری فرنسی ئیقناع بکاو ویلایەتی موسلیشی لێ وەرگریتەوە، بیخاتە سەر پرۆژەکەی خۆی بۆدروستکرنی دەوڵەتی عیراقی،

لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بە فەرمی دۆسیەیەك كرایەوە بەناوی (دۆسیەی دروستكردنی دەوڵەتی عیراقی)، دوای لە ڕێكەوتنامەی سیڤەر كە بەسەر عوسمانی دا سەپینرا بەپێی مادەی (٩٤)عیراقی* لێ سەنداریەوە (تا ئەوساتیش ناوی عیراق نەبو بەناوی میزۆپۆتامیای عەرەبی ناوی هاتوە) [٢٠٣]، هەروەها بەپێی مادەی (٢٢) ی بەشی یەكەمی (عصبة الامم) بڕیاری دروست كردنی دەوڵەتی عیراقی درا، لەلایەن بەریتانیاوە تایبەت بۆ دروست كردنی دەوڵەتی عیراقی كۆنگرەیەكیان سازدا لە قاهیرە لە ١٢ ـ ١٩٢١/٣/٢٤ بە ئامادەبونی چەرچل خۆی و مەندوبەكانی لە عیراق(كەدوای بووە عیراق) و ٤٠ شارەزاشیان هێنا، لە عیراقیش تەنها دووكەس هێنران، یەكیان جعفر عسكری كورد بو تەنها بۆ ڕاوێژو پرسیار لەكاتی پێویست، ئەگینا بواریان پێنەدەدا بەشداری كۆنگرەكە بكا، كەسی دوەم بریتی بوو لە (ساسۆن عەسقیلی ـ یەهودی) ئەو ڕۆڵێكی زیاتری هەبوو لە دانیشتنەكان، بەو شێوەیە بەریتانیا و فرنسا و ئاژانسی زایۆنی و زۆر لای تری ڕۆژ ئاوایی بەشەڕو دبلۆماسیەت و بنچینەیەكی یاسایی نیو دەوڵەتیان بۆ دروستكردنی دەوڵەتی عیراق ئامادەكرد، ئەودەوڵەتە بە خواستی خەڵكی عیراق دروست نەكراوە وەك د.علی وەردی دەڵێ یەكێ لەو عیراقیانە هاتنە لای بەریتانیەكان و پێیان وتن: ئێمە سەدان سالە لێرە دەژین ئاگامان لە (ئیستقلال) نەبوە هەتا ئێوە خستتانە مێشكی ئێمە، ئەگینا هەرچی داگیری كردبین و دایكی ئێمەی لابیبێ ئەو باوكمان بوە [٢٠٤]، هەر لە سەر ئەو بنچینەیە كاتی ویلسۆن (لەگەل حزبی عهد)، بە ڕاپرسیەك هەڵسا ئاخۆ عیراقیەكان كێیان دەوێت سەرەنجامەكەی ئەوانە بون وەك د. علی وردی نەقلیكردوە: ١ـ ملك انكلیزی برسی كوكس بێت ٢ـ ملكەكی عرب ٣ـ ملكەكی فارسی لە خانەوادەی قاجاری ٤ـ لكاندنی عیراق بە ئیران ٥ـ هەرئەمیر ودەسەڵاتێكی ناعەرەبی ٦ـ دەسەڵاتی بەریتانی ڕاستەوخۆ٧ـ ئەمیرێكی عوسمانی٨ـ ملكی ٩ـ كۆماری... [٢٠٥]

هێشتا كوردستان جیا بوو لە عیراق، لە كاتێكا عیراق و ئیسرائیل بەیەك بەند(١٣٢) لە عوسمانی جیا بوونەوە كوردستان بەمادەی(٦٢-٦٤) لە عوسمانی جیا كرایەوە.

[٢٠٣] ـ دەقی ڕێكەوتنامەی سیڤەر لە كتێبی (دەقەكانی سیڤەر و خوێندنەوەیەكی ترــ دەق: ب ی سەلام ناوخۆش، خوێندنەوە: مسعود عبدالخالق)

[٢٠٤] وردی – لمحات.. ج٧ ص٣٠٨

[٢٠٤] ـ د.علی الوردی -لمحات ج٥ص٩١

٢ـ سنوری عیراق: ئەگەر سنور لەسەربنچینەی جیاکاری جوگرافی یان مێژویی یان کۆمەلآیەتی ونەتەوەیی یان ئاینی..نەبوو ئەوا پێی دەلین(سنوری دەستکرد)، باسەرنج بدینە دروست بونی سنووری عیراق بە ڕوونی دەرەکەوێ دەستکردە، بەریتانیا هەر خەریك بووسنووری بۆ(ئەو عێراقەپێشنیارکراوە) فراوان دەکرد، لە کاتی داگیرکردنی فاو لە ١٩١٤دەقی رێنمایی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بۆ سەرکردە مەیدانیەکانیان (جنرال دیلامین جنرال مۆد، برسی کۆکس، ویلسون، ...) ئەوەبو کە دەوڵەتیك بۆ عەرەب لەو ناوچەیە دروست بکەن هەر لە فاوەو تا ئەو خالەی لەشکری بەریتانی پێ دەگا [٢٠٦]، کەواتە سنوری دیار نەبوو ئەوەستا سەر سەرکەوتنەکانی بەریتانیا، هەروەك لەیەکەم تێڕوانینی بەریتانی ژ (٧٧٠١ ـ B) بۆ هەمو ناوچەکەکە لە١٩١٧/٣/٢٩ لەلایەن وەزیری هندی لە حکومەتی بەریتانی بۆ سکرتێرو نوێنەرە بەریتانیەکان لە عیراق تیایدا هاتبوو:

١ـ ئەوشوینانەی داگیرکراوە(لەفاوەوە) لەلایەن بەریتانیەوە بەڕێوە دەچێت نەك هند.

٢ـ بەسرەش لە ژێر حوکمی بەریتانیا دەبیت.

٣ ـ لە بەغدا مەملەکەتێکی عەرەبی دروست دەکرێت و لە ژێر پاریزگاری بەریتانی خۆیان فەرمانڕەوا دەبن.

٤ ـ ئەو حکومەتە عەرەبیەك لەسەروی دەبیت ولە ژێرەوە لە دەست بەریتانیا بێت وئەو پرۆژانە بگرێتە خۆی:

أـ بەسرە وەك خۆی دەمێنێتەوە تا عەرەبی بە تەواوی جێی عوسمانی دەگرێتەوە.

ب ـ ئەو کارانە هەردوو ئەنجومەنی جێبەجێ کردن ویاسا دانان، سیستەمی باج وهندیەکانیش بە شێوەیەکی زۆر لەو مەملەکەتە بەکار نەیەت.

٥ـ ئەگەر بەسرە نەکەوتە سەر بەغدا ئەوا ئیدارەی بەسراش بەند دەبێت بەو حاکمە بەریتانیەی لە بەغدا دەبیت.

٦ـ کوێت وولآتە عەرەبیەکانی تری کەنداو تا عەمان سەر بە بەسرا دەبن [٢٠٧]

٧ـ ناوچە پیرۆزەکانی شیعەش سەربەخۆ دەبن.

٨ـ هەرچی یەمەن وحەزرە مەوتە دەکەوێتە سەر وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی.

---

[٢٠٦] ـ الإسلام والعلمانية ..ص٢٣٨

[٢٠٧] ـ ئەو بەلگەنامەیە یەکێ لە پاسارە یاسایی ومێژووییەکانی حکومەتەکانی عیراقە بۆ داواکردنەوەی کوێت.

٩ـ ناوچەکانی خواروی ئیران وعەرەبستان وفارس دەکەویتە سەر هند[٢٠٨]

کەواتە تێڕوانینێکی ڕون نەبوە ئاخۆ سنوری چۆنە، چەند ولات لەو شوێنەی ئێستا عیراق دروست دەکرێ، چونکە تیروانینێی تریش هەبو کە عیراقی شمالی (بەغدا)و عیراقی جنوبی یەکێك لەوانە: لە١٩/١١/١٩١٨م (لورانس) پیشنیاری کرد، کە ناوچەکە بکرێتە ٣ هەرێم (میزۆپۆتامیای سەروو(بەغدا) ومیزۆپۆتامیای خواروو(بەسرە) وسوریا بۆ هەر سێ کوڕی شریف بن حسین (عبدالله وزید وفیصل)، وزارەتی هند لە ٧/١١/١٩١٨م لایەنگیری ئەو دابەشیەی کرد، بەلام ویلسۆن وکۆکس بروسکەیەکی بە پەلەیان لە ٢٢/١١/١٩١٩م نارد تیایدا ئەو عیراقەی ئێستایان بە کوردستانەوە وەك (چاك ترین چارەسەر)پێشنیار کرد و چەسپا[٢٠٩]

لەسەرەتای جەنگ بەنیاز بون ئەو دەوڵەتەی عیراق تەنها لەویلایەتی بەسرە بەسەرکرادایەتی (تالب پاشا) دابمەزرێنن بیخەنە سەر هند، دوای سەرکەوتنەکان بیرۆکەکە فراوان بوو بۆ هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا هەروەك لەسایکس بیکۆ دیایکرا، دوای زیاتر سەرکەوتن بیرۆکەکە ئەو سنورەی ئێستای گرتەوە، دوای ئەو سنورەی سەپاند بەرێکەوتن لەگەل ولاتانی دراوسی کە ئەوانیش تازە بەو شێوەیە دروست ببون، ئەگینا هیچ سنورێکی عیراق لە هیچ لایەك نەبوە، بە پێی مادەی (١٢)ی لائیحەی ئینتداب بەریتانیا خۆی کارەکانی دەرەوەی بۆ عیراق ڕادەپەڕاند، بەو شیوەی خوارەوە:

أ ـ سنوری لەگەل سوریا کەخۆشی سنوری نەبوو، بەپێی مادەی (٢٧) ی سیڤەر لیژنەیەکی فرنسی بەریتانی ئیتالی و تورکی هاوبەش دروست بوو لە ٥/ ٥/١٩٢٠کۆبونەوە لەگوندی (عەشار) و سنوریان دارشت [٢١٠]

ب ـ سنوری لەگەلی ئوردەن: لەبەرئەوەی ئوردەنیش تازە دروستکرابو. هەردوولاش بۆکوڕانی (شریف ـ حسین بن علی) دیایکرابون بەبی کێشە ئەوسنورە دیایکرا

---

[٢٠٨] ـ بروانە:أ- موسوعە العراق السیاس ص٩٣ ب- تاریخ الإسلامی -محمود شاکر ص٣٨-٣٩ ج- د.فباض هس ص١٨٩ ج- کورد وکوردستان في وثائق البریطانیة ص٨٦-٩١.

[٢٠٩] ـ لە(تاریخ امة العربیە ص٦١٠ـ٦١٦) هاتوە:فرنساو بریتانیاش ویستیان شام بۆ (٧) پارچە دابەش بکەن:١.جبال لبنان٢.دولة العلویین ٣.دولة انطاکیة في شمال سوریة.٤. دولة جبل دروز.٥. دولة سوریة.٦. فلسطین.٧. امارة شرقي الأردن. دوای هاتنە سەر ئەو ئەخشەیەی نیستا کەچاکترین خزمەت بە پلانەکە بکات

[٢١٠] ـ بروانە: الاسلام و العلمانیە.. ص ٢٣٣ ـ ٢٣٤، هەروەها: لمحات.. ـ د. علی الوردی ـ ج ٥ ص ١٤١

ج ـ لەگەڵ سعودیە: هەندی کێشە هەبو بۆ دیاریکردنی ئەو سنورە، لە کۆتاییدا لە ١٩٢٢/٥/٤ کۆکس بە تۆبزی بەو سنورەی ئێستای بە لایەنی سعودیەی مۆر کرد، ئەگینا بەپێی بۆ چونی سعودیە تافرات سنوری ئەو بوە.

د- سنوری لەگەڵ کویت: مس بیل لەکتێبی (العراق فی الرسائل مس بیل — ص ٣٧٣) دەڵێ: من ئەو سنورەم دیاریکردوە بێ کێشە

ع ـ سنوری لەگەل نیران: جۆرێك لەسنوری مێژویی وعەسکەری نێوان عوسمانی و سەفەوی هەبوو لەدوای شەری چالدیرانی ١٥١٤، دوایی چەند هەموارکردنێك كە لە رێکەتنەکانی زەهاوی ١٧/ مایسی/١٦٣٩، دوایی لە١٨٣١ و دوایی لە رێکەوتنی ئەرزەرۆم١٨٤٧، ئنجا پرۆتۆکۆلی ئوستانە لە١٩١٣/١١/٤ لەهەمو ئەو رێکەوتنانە عوسمانی بەشێك لەخاکی بۆفارس بەجی دەهیشت، بووە سنورێکی ئامادەکراویش بۆعیراق، هەرچەندە جاریکی تریش لە١٩٣٧و دوای لە ١٩٧٥دەستکاریکراوە.

ل ـ سنور لەگەل تورکیا: کێشەیەکی دوور و درێژ بوو، چونکە دەوڵەتی تورکیا وەك وڵاتانی عەرەبی دروست نەبوو، جۆریك لەسەربەخۆی و بەهیزی زاتی خۆی هەبوو لەلایەن ئەتاتورکەوە، بۆیە ئەو داوای تەواوی ویلایەتی موسلی دەکردەوە، لە ئەنجاما ئەو کێشەیە چووە (عصبة الأمم) بەپێی پەرەگرافی (٢) ی مادەی (٣) ی لۆزانی ١٩٢٣، (عصبة الأمم) یش لەکۆبۆنەوەی ژ: ٣٠ لەبەرواری ٢٠/ ٩/ ١٩٢٤ کردو لە ١٩٢٤/١١/٣١ لیژنەیەکی نیو دەوڵەتی پێك هینا بۆچارەسەری ئەو کێشەیە کەبریتی بون لە: کونت مول ـ مەجەری، ئۆ پاولیس ـ بلجیلی، مستر ئین فرسن ـ سویدی)، لەگەل هەندێ شارەزای تر هاتنە ویلایەتی موسل، دوای لەسەر ئەو سنورەی ئێستا رێکەوتن و ناویشیان نا (سنوری بروکسل) چونکە لەو شارە دانیشتنەکەکرا.

هـ ـ سنور لەگەل کوردستان: بەداخەوە تائێستا (نەم دیوە) کەسنوری عیراق دیاری دەکرێ ئاو (سنور لەگەل کوردستانیش) دیاری بکرێ، هەتا ئەکادیمیای کوردیش وەك ئەوانی تر بابەتی کوردستان بەگەر ناخەن، بەهۆی (٢) پاساوی هەلە ئەویش ئەوەیە:

١ـ گوایە کوردستان دەوڵەت نەبووە، وەڵامەکەش ئەوەیە وڵاتانی دەورو بەریشی وەك سوریاو ئوردەن و کویت... دەوڵەت نەبون. بۆ دووەمیش لەرەوتی ئەو نوسینەمان خۆی

وەلآمیەتی.بۆیە پیویستە لەبابەتی دیاریکردنی سنوری عیراق پرۆسەی دیاریکردنی سنوری لەگەل کوردستانی بەگەر بەدەین

سنوری خوارووی کوردستانی ئێستا بریتیە لەوسنورەی کە لەنەخشە کۆنەکان و گەریدەکان و هەروەها بەپێی نەخشەی دیمۆگرافی بە روونی هاتوە، هەروەك لە نەخشەی ویلایەتەکانی ئاسیای عوسمانی سالی ١٨٩٣ سەردەمی عبدالحمید دیایکراوە، هەروەها بە پێی بەندی یەکەمی ڕێکەوتنامەی ئەرزەرۆم[٢١١] باسی سنوری کوردستان تانزیك بەغدا دەکا، لە ئەنسیکلۆبیدیای عوسمانی مادەی کوردستان لە (قاموس الاعلامی ـ شمس الدين سامی) سنوری کوردستان بە ووردی دیایکراوە چەندە گەورەیە، هەروەها لە (مادەی ویلایەتی موسل) دەلێ: خەلکەکەی زۆری عەرەبن بەلآم هەرێمەکە پارچەیەکە لەکوردستان[٢١٢]، جوگرافی ناسی گەورەی ئیسلامی ئیبن حۆقل لەسەدەی ١٠ لە موسل بوە دەلێت: موسل ئاوو هەوایەکی خۆش وبازارەکی گەرمی هەیەو زۆریەشیان کوردن.

بێجگە لەفەرهەنگی ولآتانی تر خودی فەرهەنگی ئیداری وسیاسی عوسمانی کۆن ونوێ، دانیان بەکوردستان نابوو، سنوریشیان دیایکردبو، لەکۆنەوە لەلایەن ئۆلیا چەلەبی لە سیاحەتنامە هاتبو، لەنوێش لە هەردوو نەخشەی سیاسی ١٨٩٣ و ١٨٩٦ سنوری کوردستان زۆر بەگەورەیی هاتبوو، بۆیە ناوی کوردستان لە سیڤەر گوزارشی لە باکگراوندی بەهیزی سەردەمی عوسمانی دەکرد.

لەبروسکەی چەرچل بۆ مەلیك فەیسەل لە بارەی سنوری خواروی کوردستان دەلێ: ئێمە بەلێنی پێکهێنانی دەولەتۆکەکی عەرەبیمان پێدایت نەك ئیمپراتۆریەت بۆیە سنوری تۆ خواروی (جبل حمرين)ە لەوی بەسەرەوە کوردستانە، لە بەلگەنامەیەکی تری بەریتانیا (fo ٣٧١/١٦٣٦٧) تیلگرام ژ:٦١٦ هەمان ڕاستی دوبارە دەکاتەوە، هەر لە (قاموس الأعلام ـ ئەنسیکلۆبیدیای عوسمانی) باس لە کەرکوکیش دەکا دەلێ: شارێکی کوردستانیە و٣/٤ی کوردن، ئەوەی تریشی تورك و عەرەبن، ٧٦٠ ئیسرائیلی و٤٦٠کلدانی لێیە.

---

[٢١١] ـ ئەو ڕێکەوتنە لە نیوان عوسمانی وفارس لە٢٨/٧/١٨٢٣ کراو پێك هاتبوو لە ٧بەند، لەبەشی یەکەم باس لە کوردستان دەکات و دەلێ سنوری دەگاتە نزیك بەغدا.

[٢١٢] ـ بڕوانە: ل٣٠٧ی (کوردر کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای عوسمانی).

کردوە، سەرکردە سەربازیەکانی بەریتانی دیسان بەروونی سنوری خوارووی کوردستانیان دیاریکردەوە و دەڵێن لەسەرووی بەغداو خوارووی شاخی حەمرین بەو لاوە سنوری کوردستانە[٢١٣]، بەهەمان شیوەش ئەو سنورە لەمادەی (٦٣) ی سیڤەر دیاریکرا نەمادەی (١٦) ی لائیحەی ئینتداب و پەرەگرافی (٤) ی کۆنگرەی قاهیرە دووبارە کرایەوە، لەگەل زۆر بەڵگەنامەی تری میژوویی و جوگرافی و واقعی...کەلەدوای جارێکی تریش باسی (سنوری خوارووی کوردستان)بە شێوەیەکی تر دەکەین.

ئەی سنوری سەرووی عیراقی عەرەبی لە کێ بوە؟ وەڵامەکەی زۆر ڕونە، هەرگیزاو هەرگیز سنوری عیراقی عەرەبی لەنەخشەکۆن ونوێکانی تا پێش دروستکردنی عیراق نەگەیشتۆتە بەغداش[٢١٤]، تاکە یەك جارلە مێژودا ویلایەتی عیراق هەبوە لە سەردەمی ئیدارەی عەباسی (بێ ئەوەی دیاری بکرێ عیراقی عەرەبی یان عەجەمە) سنورەکەی تا سامرا هاتوە، بۆیە لە ڕاپۆرتی ویلایەتی موسل هاتبو، کە لە نێوان موسل تا سامرا کەس ناوی عیراقی نەبیستبو، بەڵام بەریتانیا بەهۆی سوپاو فرۆکە و دەبابە گوێی بەوسنورە نەداو بەشێکی کوردستانی خستە سەر دەوڵەتی عیراق بێ ڕێکەوتن لەگەل دەسەڵاتی کوردی، ئەوەش بنچینەیەکی یاسای و سیاسیە بۆ داوای مافی خۆ کردن، بەم شێوەیە سنوری عیراق دیایکرابێ ئەوەی عیراقیەك یان عەرەبێك بەشداری ئەو دیاریکردنە بکەن، بەڵکو هەموی بەریتانیا خۆی سەرپەرشتی کۆبونەوەو دیایکردنی سنورەکانی کردووە.

لەدوای ئەوە هەندێ لە شۆڤینی عەرەب بەدوای بەڵگەیەکی مێژویی گەڕاوە بیسەلمێنێ ڕۆژێك لەرۆژان کوردستانی خوارو بەجۆرێك لەگەڵ بەغدا یان لەگەل عەرەب سەین وبەینێکیان هەبوبێ، نەبوە، یەك بەڵگەی لاواز دۆزراوەتەوە کە تاکە پاساویتیان، ئەویش ئەوەیە گوایە لەرێکەوتنی شریف ـ ماکماهۆنی سالی١٩١٥ وارێکەوتون، کە دەسەڵاتی شریف تا ماردین ودیاربەکر بچێت هەروەك لە کتێبی (دور ملك فیصل..ص١٤) هاتوە: (ان ولایة موصل الی ماردین وکوردستان جنوبیة ضمن اتفاق ماکماهون ـ شریف)، دوای

---

[٢١٣] ـ الاسلام والعلمانیە.. ص ٢٣٦

[٢١٤] ـ سەرنج بدە ئەو نەخشانە: ئیبن حۆقل ، ئیستاخاری، ئەلبیرۆنی، مسعودی، بەلخی، ..تا دەگاتە دوا نەخشەی عوسمانی ١٨٩٢

ووردبونەوە دەرکەوت ئەوە لە ڕێکەوتنەکە نەهاتوە، بەلکوئەوە پێشنیاری هەردووحزبی (العهد والفتاة)ی عەرەبی بوو کەلەدیمەشق ڕێکیان خستبوو بەناوی (میثاق دمشق) ناوزەد دەکرێ، بەریتانیاش پێی قایل نەبوو، ڕاستی ڕێکەوتنامەکەی شریف ـ ماکماهۆن لە هەردوو کتێبی: (الملل والنحل والأعراق ص٢٢٦)و (فورستر ـ نشأه الدوله العراقیه ص٧٢) هاتوە، کە ئەوەی بەڵێن بە شریف دراوە دەقاودەق ئەوەی سایکس پیکۆیە، واتە: تاکەمێك سەرووی بەغداو کوردستانی نەدەگرتەوە

٤ـ حکومەت: شان بە شانی دروستکردنی حکومەتو هێنانی مەلیك ولەگەل داگیرکردنی بەسرەو بەغدا بەریتانیا هەلدەستا ئەنجومەنێکی ئیداری لێ دروست دەکرد، لەڕاستیدا دروستکردنی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ دوای شکستی شۆرش بیست، ئەو کاتەی برسی کۆکس لە ١٩٢٠/١٠/١١ گەڕایەوە بەغداو بڕیاری دا حکومەت دروست بکا، بە هوتاف و شیعر خویندنەوە پێشوازی لێکرا لەلایەن عەلمانی و ناشیونالیزمە لیبرالیەکانی عەرەب، دەیانوت: (عد للعراق وأصلح ما فسد*...الخ.)، لە (رسائل لمس بیل) وەسفی سەر سەرهێنەر دەدۆزیەوە، لە ٢٠٨ ئەو رستە بخوێنەوە: هەندێ لە عەشایرو ماستاوچیەکانی عەرەب وتویانە: أنت بمقامه النبي عیسی وکوکس بمقام الله[٢١٦]، لەسەرەتا ئەنجومەنێکی فەرمانڕەوای با لایان پێك هێنا لەبەریتانیاکان بریتی بون لە: (سیر یونام کارتەر، کۆلونیل هاول، میجر بۆلانە، مستر فیلبی، مسی بیل) [(٢١٧)]، لەدوایدا (عبدالرحمن نقیب) لە ١٩٢٠/١٠/٢٥ ئەرکی سەرۆکایەتی حکومەتی پێ سپێردرا، بەنامەیەك لەلایەن برسی کۆکسەوە[٢١٨] تیایدا ناوی وەزیرەکانیشی دیاریکردبوو، (نقیب) یش لەوەلامدا وتی من خزمەتکاریکی پاکی بەریتانیام، یەکەم کۆبونەوەی حکومەت لەمالی عبدالرحمن نقیب لە ٢ /١١/ ١٩٢٠ بەئامادەبونی کۆکس کرا، کەپیك هاتبوو لە (٨) وەزیرو (١٢) ش بێ وەزارەت، وەزارەتی دەرەوەی نەبوو تا کۆکس بەنوسراوێکی

---

* مەبەست لە (مافسد) کوایە ئەوەی شۆرش بیست تیکی داوە تۆ چاپیکەوە، بروانە: أ-تأریخ الوزارات... ج١ص١٦، ب-عبد الرحمن بزاز- العراق من الإحتلال الی إنتداب ص٩٦، ج-الحرکة الوطنیة... ص٤٦

[٢١٦] العراق في رسائل مس بیل... ص٢٩٣ (لە سەرچاوەی عربیش ئەو ڕاستیانە دەبینرێ لە کتێبی (مقتل لجمان..) هاتوە: أن مس بیل لقبت في العراق ب(آم المؤمنین)

[٢١٧] - العراق في الرسائل مس بیل.. ص ٢٠٨

[٢١٨] ـ دەقی نامەکە لەج١ کتێبی: عبدالرزاق الحسني –تاریخ الوزارات العراقیه.

فەرمی ژ: (ا، ب.. ٤٢) لە ٨ / ئایار/ ١٩٢٣ بۆی دانـان، دەسـەلاتی حکومەتەکـە زۆر لاوزبو هەروەك لە خالی (١٠)ی بەیانی دووەمـی برسـی کـۆکس دەردەکـەوی ئـەو کاتـە بریارەکانتان یاسایيە کەمن مۆری دەکـەم[٢١٩]، حکومەتەکـە پێـك هـاتبوو لـە١٠ لیـواو ٣٤قەزاو ٨٥ ناحیە

٥ ـ سوپا: یادی دامەزراندنی سوپای عێراق بۆ ٦/کانونی دووەمی ١٩٢١ دەگێرنەوە، بەلام راستیەکەی وانیە، هەر لەگەلّ داگیرکردنی ئەو ناوچەیە لە ١٩١٤ ـ ١٩١٨، بەریتانیا میلیشیای جاش بە ناوی (شەبانە) و (لیڤی) و... دروستکرد، لە سالّی ١٩١٩ (٩٠٠) کەس لەو شەبانەیە بە فەرمی تۆمارکران و چونە ناو لیڤی، بریاری دروستکردنی لە پەرەگرافی (٣٠) کۆنگرەی قاهیرەش هاتوە، بەلام بەشێوەی رەسمی یەکەم نوسراو بە ژ:٩٣١٤ لە ١٩٢١/٥/٢٦ لەلایەن (مەندوبی سامی بەریتانی) بۆ ئەنجومەنی وەزیران هاتوە فەرمان دەدا، کە سوپا دروست بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ بە چەك و تفاقی بەریتانی. لە مانگی تەموزی ١٩٢١ یەکەم گوردان (فەوج) بەناوی ئیمام کازم دروستکرا، دووەمین بەناوی کەتیبەی خاتون (واتە مس بیل) دووبارە لە مادەی ٧ی رێکەوتننامەی بەریتانی ـ عێراقی یەکەم ١٩٢٢ بریاردرا بەریتانیا ئەو سوپایە بەخێو بکاو پرچەکی بکاو بەکاریشی بهێنێ بۆ لێدانی هەر سەرهەلّدانێك، ئەو سوپایەش بە سەرۆکایەتی (ئەی ـ سی ـ دیلی) بەریتانی بو، تەرفیع و پایە بە ئەفسەرو پلەدارەکانیش لەژێر دەستی (ئەرشیبۆلدکلارك)بو[٢٢٠]، لەلایەن زانایانی ئایینی نارەزایی دەربرا لە دروستکردنی سوپا و وتیان ئەوە دەبێتە هۆی براکوژی.. راستیش دەرچو. هەر لەسەرەتاوە هێزەکانی سوپاو لیڤی لەگەلّ سوپای بەریتانی پەلاماری میللەتیان داوە لەدژی هەردوو شۆرشی کورد ١٩١٩، شۆرشی ئیسلامی ١٩٢٠ لە خوارو، یەکەم بەکارهێنانی رەسمی ئەو سوپایەش لەدژی عێراق لە ١٩٢١/٨/٣١ بوو بە فەرمانی برسی کۆکس، لەوکاتیەوە هەتا سالّی ٢٠٠٣ ئەو سوپایە هەر خەریکی کوشت و کوشتاری گەلانی عێراق بووە بۆ پاراستنی دیکتاتۆریەت و پاراستنی تایفی و رەگەزی هەروەك (حنا

---

[٢١٩] ـ العراق فی دوری الإحتلال والإستقلال ص١٩٨

[٢٢٠] ـ هەر بەنمونە دەقی بەلگەنامەیەکی بریتانی لە کتیبی(تأسیس الجیش العراقی وتطور دوره السیاسی ص٤٩٣) لـەوەلامی نوسـراوێکی بەژ:٩٣/١٤١٩/٧٧٩٥ باس لە تەرفیعی سـەرۆك ئەرکانی سوپای عیراق دەکا لەلایەن هەینەی ئەرکانی بەریتانی بەسـەرۆکایەتی کلارك .

پەتاتۆ)ش لە توێژینەکەی لەکتێبی (العراق) کەیشتۆتە ئەو ئەنجامە[٢٢١] کە تیایدابەهۆی ئەو سوپایە نادادگەری کراوە لە ئەرك و فەرمان، کوردوشیعە ئەرکیان زۆر بوو مافیان کەم بوو، لەوبارەیەوە مەلیك فەیسەڵ دەڵێ: باج لەسەر شیعەو پایەش بۆ سوننە.. لەدوایش رۆژنامەی (مردوم) لە ژ:٩ ی ساڵی ١٩٤٦ ئاماری بڵاوکردبۆوە تیایدا هاتووە: لە تێکڕای ٨٠ ئەفسەری باڵای (روکن) تەنهاسێیان شیعەن، کەچی ٩٠٪ی سەربازانی شیعەن..هەمو سەرۆکەکانیش لەسونەبووینە[٢٢٢]، لە یاداشتەکانی(گۆلمان)ی باڵوێزی ئەمریکا لەعیراق ساڵی ١٩٥٤دەڵێت: حکومەتی عیراق رەگەزپەرستانە کاری کردوە، پەرلەمانەکەیان لە١١٦عەرەب و١٩کورد پێك هاتوە، ٧٣یان سونیەو٥٦ی شیعەیە[٢٢٣] حنا بەتاتو لە کتێبی (العراق) دەڵێ: لە دوای پەراوێزکردنی شیعەو سوپا سێ رەوتی وەرگرت، یەکەمیان عروبی، دووەمیان کوردی، سێیەمیان عێراقی، لەدوای راپەرینەکەی بەکرصدقی لە ٢٩/تشرینی یەکەم/١٩٣٦ و تیرۆرکردنی لە١٤/٨/١٩٣٧رەوتی کوردیش نەما، لەدوای ١٩٥٨ رەوتی عروبیەکە بە تەواوی زاڵ بو و زیاتر بوە دەردەسەری.

٥- مەلیك:، چەندین هاوپەیمانی لەگەڵ شێخەکانی کەنداو بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەتۆکە بەپێی ستانداردی بەریتانیا هاتە مۆر کردن، لە پێش هەمویان رێکەوتنی قەتیف کە دەقەکەی لەخوارەوەیە[٢٢٤]، هەروەها رێکەوتنی تر لەگەڵ شێخەکانی کەنداو،

---

[٢٢١] - سوپای عێراق هەر بەرامبەر ژن ومندالی بێ دەسەڵاتی کورد درندە نەبوە ، بۆ گەلانی عێراقو خودی عەرەب وشیعەکانیش ناوابوو، لەکتێبی (الغزو العراقی للکویت) لە بەشی(الممارسات والوقائع من شاهد عیان ص١٤٧-)چۆن باسی دڕندیی وتالانچایەتی ئەو سوپایە دەکا.

[٢٢٢] - سەرۆکەکانی عێراق: مەلیك فەیسەل(٢٣تۆکست ١٩٢١- ٨سپتمبر١٩٣٣)، مەلیك غازی(٨ سپتمبر١٩٣٣- ٤نەپریل ١٩٣٩)، فەیسەلی دوەم(٤نەپریل ١٩٣٩- ١٤یۆلیۆ ١٩٥٨)، کۆماری:عبدالکریم قاسم(١٤یۆلیۆ ١٩٥٨- ٨فبرایر١٩٦٣)، عبدالسلام عارف(٨فبرایر١٩٦٣- ١٦نەبریل ١٩٦٦)، عبدالرحمن عارف(١٦نەبریل ١٩٦٦- ١٧یۆلیۆ ١٩٦٨)، احمدحسن البکر(١٧یۆلیۆ ١٩٦٨ - ٦یۆلیۆ ١٩٧٩)، صدام حسین(٦یۆلیۆ ١٩٧٩- ٩نەبریل ٢٠٠٣)، داگیرکاری...، غازی عجیل یاوەر(٢٨یۆنیۆ٢٠٠٤- ٦نەپریل- ٢٠٠٤)، جلال تالبانی(٦نەپریل- ٢٠٠٤ -

[٢٢٣] العراق فی مذکرات الدبلوماسیین الأجانب ص٢٢٩

١. بسم الله الرحمن الرحیم

أولا : تعترف الحکومة البریطانیة وتقر بأن نجد والحسا والقطیف والجبیل وتوابعها والتي سیبحث فیها، وتعین أقطارها فیما بعد ومراسیها علی خلیج فارس هي بلاد ابن سعود وآبائه من قبل. وبهذا تعترف بأن سعود المذکور حاکما علیها مستقلا، ورئیسا مطلقا علی قبائلها، وبأبنائه وخلفائه بالإرث من بعده، علی أن یکون ترشیح خلفه من قبله ومن قبل الحاکم بعده، وألا یکون هذا المرشح مناونا للحکومة البریطانیة بوجه من الوجوه، خاصة فیما یتعلق بهذه المعاهدة .

نموانە: بەریتانیاو (قواسمەکان) لە ٦/فبرایر/١٨٠٦، دووەم لە١١ /ینایر/١٨٢٠ لەگەل شیخەکانی (رأس الخیمە، ابوظبی، بحرین، عجمان، ام القیوین، ..)، دوای هاوپەیمانیکی تر لەگەل ئەبوزەبی لە١٨٩٢..، بەلینیان بە بەریتانیادا، کەئەوبراگەورەیان بێت لە هەمو نیش وکاریکی ناوەو دەرەوە بەتایبەتی کاری نەوتی[٢٢٤]، پیشوو تریش لەسالی ١٧٣٧ز بە سەرپەرشتی ڕێکەوتنامەیەکی نێوان (حمدی کوری ئال سعود و ئیمام محمد بن عبدالوهاب) کرد[٢٢٦]، لە میسرسش ڕێکەوتنی وا لە ١٩ ینایر و ١٠ یولیو/١٨٩٩گرێدرابوو، لە سالی ١٩١٥ش ڕێکەوتنی شریف لەگەڵ ماکماهۆنی بەریتانی مۆرکرا، بوە هۆی سەرکەوتنی گەورەی بەریتانیا بەسەر خیلافەتی عوسمانی، زۆربەی ئەو شیخانە لەژێر سایەی عوسمانی بون، بەلاّم موچەیان لە بەریتانیا هەبو، یەکەم جار گۆڤارێکی بە هێزی ئەو سەردەم بەناوی (شؤون خارجیة) کە لەندەن دەردەچو لەمانگی ١/١٩٢٧ز لە ژێر ناونیشانی (امراء العرب وداوتنغ بسکریت) لیستێکی موچەی مانگانەی ئەمیروشێخ وکەسایەتی

ثانياً إذا حدث اعتداء من قبل إحدى الدول الأجنبية على أراضي الأقطار التابعة لابن سعود وخلفائه بدون مراجعة الحكومة البريطانية وبدون إعطائها الفرصة للمخابرة مع ابن سعود وتسوية المسألة، فالحكومة البريطانية تعين ابن سعود بعد استشارته، إلى ذلك القدر، وعلى تلك الصورة اللذين تعتبرهما الحكومة البريطانية فعاليتين لحماية بلدانه ومصالحه .

ثالثا : يتفق ابن سعود ويعد بأن يتحاشى الدخول في مراسلة أو وفاق أو معاهدة مع أية أمة أجنبية أو دولة، وعلاوة على ذلك بأن يبلغ حالا إلى معتمدي السياسة من قبل الحكومة البريطانية كل محاولة من قبل أي دولة أخرى في أن تتدخل في الأقطار المذكورة سابقا .

رابعاً : يتعهد ابن سعود بألا يسلم ولا يبيع ولا يرهن ولا يؤجر الأقطار المذكورة ولا قسماً منها، ولا يتنازل عنها بطريقة ما، ولا يمنح امتيازا ضمن هذه الأقطار لدولة أجنبية بدون رضى الحكومة البريطانية، وبأن يتبع مشورتها دائما بدون استثناء على شرط أن لا يكون ذلك مجحفاً بمصالحه الخاصة .

خامساً : يتعهد ابن سعود بحرية المرور في أقطاره على السبل المؤدية إلى المواطن المباركة وأن يحمي الحجاج في مسيرهم إلى المواطن المباركة ورجوعهم منها

سادساً : يتعهد ابن سعود كما تعهد آباؤه من قبل، بأن يتحاشى الاعتداء على أقطار الكويت والبحرين ومشايخ قطر وسواحل عمان التي هي تحت حماية الحكومة البريطانية ولها صلات عهدية مع الحكومة المذكورة، وألا يتدخل في شؤونها. وتخوم الأقطار الخاصة بهؤلاء ستعين فيما بعد .

سابعاً : تتفق الحكومة البريطانية وابن سعود على عقد معاهدة أكثر تفصيلا من هذه على الأمور التي لها مساس بالفريقين .

كتب في ١٨ صفر عام ١٣٣٤هـ/الموافق ٢٦ ديسمبر ١٩١٥م.

[٢٢٤] ـ دەقی ڕێکەوتنەکان لەکتێبی ایران والخلیج العربی ص٤٢- زۆربەشیان بەپەنجە مۆریان کرد خوێندەواریان نەبوو.

[٢٢٦] ـ جرى في عام ١٧٣٧م إتفاق بين العالم الديني محمد بن عبدالوهاب مع حمد بن سعود على ان يتولى الأول الإمامة الدينية والثاني زعامة الدولة د.صالح العابد –حركة الأستقلال العربى، رسالة الماجستر –جامعة المستنصرية، بغداد١٩٨٨ ص١٢-١٣(هذه الأتفاقية مشهورة بتحالف الوهابى السعودى)

عەرەبی تێدا بلاوکرایەوە: (١ ـ ابن السعود ١٠ جنیە، ٢ ـ ملك حسین ـ شریف مكە ـ ١٠ جنیە، ٣ ـ فهد الهذال ١٤٠,٠٠٠ ربیە، السید الأدریسي ١٢,٠٠٠ لیرە..) بەرامبەر ئەو خزمەتە ستراتیژیەی بۆ بەریتانیا دەیکەن[٢٢٧]، زیاترو تایبەتی تریش ڕوی لە بنەماڵەی مەلیك فەیسەل بو، بە نهێنی لەدوای دروستکردنی ئەو دام و دەزگایانە بەریتانیا بڕیاری دا لە پاداشی ئەو هەمو چاکەیەی بنەماڵەی (الشریف حسین بن علی) بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان لەدژی عوسمانی کردیان، بەتایبەتی ئەو کارە دەگمەنەیان کەلە ١٩١٦ قودسیان لەدەست ئیسلام دەرهێناو کەوتە ژێر دەستی بەریتانی و لەوکاتیەوە قودس ڕۆیشت، لەو پاداشتەدا مەلەکی بەریتانی بە (وسام النصر) و (صلیب الحرب مع النجل) خەلات کرا[٢٢٨]، ئەوکاتی هەر ولاتێك بۆ سەرۆك یان مەلیکێکی عەرەبی دیاری بکرابایە دەبوایە پالپشتێك لەلای ڕێکخراوی زایۆنی بهێنێت، لەسەر ئەو بنچینەیە(شکری غنام)سەرۆکی وەفدی سوری لە١٩١٩لەبەرامبەر کۆمیتەی ئاشتی ڕێککەوت لەگەل نوێنەری ئاژانسی زایۆن بۆ ئەوەی یەهودیەکان بتوانن بێ ڕێگری بۆفلستین کۆچ بکەن تادەبنە زۆرایەتی حوکمیشی دەگرنە بەر، بەهەمان ئارستە مەلیك فەیسەل لە ١٩١٩/٥/٣ ڕێکەوتنێکی لەگەل (حایم وایزمان) مۆر کرد پێکهاتبو لە ٩مادە، دەقەکەی لەخوارەوە[٢٢٩]، دوای کۆمەلێك خەلك پالێوران بۆ مەلەکی عێراقی لەوانە: (عبدالرحمن

عبدالرزاق الحسنی - تأریخ الوزارات العراقیة -دارالشؤون الثقافة العامة -بغداد ١٩٨٨م ج١ص٩٢

[٢٢٨] هەمان س ص١٢٢ (یضیف فورستر ان بوانکاریة -رئیس وزراء فرنسا وملك بریطانیا عندما قلدا الوسام وإعتبره حلیفا لهم بما قدمه من الخدمات. ومن الجانب البریطانیا إستقبله ملك جورج الخامس ومنح وسام فکتوریا الملکی لخدماته الإضافیةوالدور المذکور فی هدم الخلافة وتسهیلاته لتنفیذ وعد بلفور وتوقیعه المعاهدة مع وایزمن حول منح فلسطین للیهود).

[٣]اتفاقیة فیصل-وایزمان: هي اتفاقیة وقعت في ٣ ینایر ,١٩١٩، بین الأمیر فیصل (ابن ملك الحجاز) و حاییم وایزمان (فیما بعد رئیس المنظمة الصهیونیة العالمیة)، کجزء من مؤتمر باریس للسلام، ١٩١٩ وهي تعطي للیهود تسهیلات في انشاء وطن في فلسطین والإقرار بوعد بلفور.

نص الإتفاقیة

إن صاحب السمو الملکي الأمیر فیصل ممثل المملکة العربیة الحجازیة والقائم بالعمل نیابة عنها والدکتور حاییم وایزمن ممثل المنظمة الصهیونیة والقائم بالعمل نیابة عنه یدرکان القرابة الجنسیة والصلات القدیمة القائمة بین العرب والشعب الیهودي ویتحقق أن أضمن الوسائل لبلوغ غایة أهدافهما الوطنیة هو في اتخاذ أقصى ما یمکن من التعاون سبیل تقدم الدولة العربیة وفلسطین ولکونهما یرغبان في زیادة توطید حسن التفاهم الذي بینهما فقد اتفقا على المواد التالیة:

١- یجب أن یسود جمیع علاقات والتزامات الدولة العربیة وفلسطین أقصى النوایا الحسنة والتفاهم المخلص وللوصول إلى هذه الغایة تؤسس ویحتفظ بوکالات عربیة ویهود معتمدة حسب الأصول في بلد کل منهما.

٢- تحدد بعد اتمام مشاورات مؤتمر السلام مباشرة الحدود النهائیة بین الدول العربیة وفلسطین من قبل لجنة یتفق على تعیینها من قبل الطرفین المتعاقدین.

٣-عند إنشاء دستور إدارة فلسطین تتخذ جمیع الإجراءات التي من شأنها تقدیم أوفى الضمانات لتنفیذ وعد الحکومة البریطانیة المؤرخ في الیوم الثاني من شهر نوفمبر سنة ١٩١٧

٤- یجب أن تتخذ جمیع الإجراءات لتشجیع الهجرة الیهودیة إلى فلسطین على مدى واسع والحث علیها وبأقصى مایمکن من السرعة لاستقرار المهاجرین في الأرض عن طریق الاسکان الواسع والزراعة الکثیفة. ولدى اتخاذ مثل هذه الإجراءات یجب أن تحفظ حقوق الفلاحین والمزارعین المستأجرین العرب ویجب أن یساعدوا في سیرهم نحو التقدم الاقتصادي.

نقیب، تاڵب نقیب، هادی العمری، خزعل بن الحسین، برهان الدینی کوڕی سوڵتان عبدالحمید، غولام ڕەزا والی پشتگوی ئێران، ئاغاخان ڕابەری ئیسماعیلیەکان...، لەگەڵ هەندێك پاڵێوراوی تر کە برسی کۆکس لە نامەیەکدا لە ڕۆژی ١٩٢١/٧/٦ بۆ بەریتانیای نارد[٢٣٠]، بەڵام بڕیاردرابو، لە پەرەگرافی (٢)ی .بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرەی ١٩٢١/٣/١٢ بەرەسمی مەلیك فەیسەڵ کرا شای عێراقی تازە، لە ڕۆژی ١٩٢١/٦/٢٣ بە پاپۆڕێکی بەریتانی بەناوی (نورس بوردك) گەیشتە بەسرە، دوای ڕاپرسییەکی ڕواڵەتی لە مانگی ١٩٢١/٧ و لە ڕۆژی ١٩٢١/٨/٢٣ بە فەرمی دەست بەکاربوو.

٦ـ پەرلەمان: یەکەم ئەزموونی پەرلەمانی (شورا) لەنێو فەرهەنگی حوکمی ئیسلامیدا بووە، دوای لە سەردەمی ئەمەوی بەدواوە کەمتر کاری پێکراوە، دوای بووە موڵکی ئەوروپا، تا لە کۆتایی سەدەی ١٩ جارێکی تر گەڕایەوە نێو حوکمی عوسمانی و یەکەم پەرلەمان لە ١٨٧٧/٣/١٧ بەناوی مەبعوسان کرایەوە.

سەربردەکەشی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیەکان و بڕیارەکانی سایکس ـ بیکۆ و چەکی ئینتداب و لە (مبایعەی مەلیك) و دوای تریش لەمادەی (١٨)ی پەیماننامەی یەکەمی بەریتانیاو عێراق هاتوە، بە فەرمیش لە ١٩٢٠/١١/١٠ مەولەتی تایبەتی لەلایەن حکومەتی بەریتانیا دەرچو بۆ پێکهێنانی پەرلەمان لە عێراق[٢٣١]، ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٥بۆ ڕاپرسی دیاریکراو یەکەم ئەنجومەنیش لە ١٩٢٤/٣/٢٧ کرایەوە[٢٣٢]

٧ ـ دەستور: وشەکە کوردی یان فارسیە، ئیسلامیەکان دەڵێن یەکەم ئەزموونی دەستوری لە (بنەماکانی سەحیفە)ی مەدینە دێت، هەرچی عەلمانیەکان پێیان وایە یەکەم

٥ـ يجب أن لا يسن نظام أو قانون يمنع أو يتدخل بأي طريقة ما في ممارسة الحرية الدينية ويجب أن يسمح على الدوام أيضا بحرية ممارسة العقيدة الدينية والقيام بالعبادات دون تمييز أو تفضيل ويجب أن لا يطالب قط بشروط دينية لممارسة الحقوق المدنية أو السياسية.

٦ـ إن الأماكن الإسلامية المقدسة يجب أن توضع تحت رقابة المسلمين.

٧ـ تقترح المنظمة الصهيونيةأن ترسل إلى فلسطين لجنة من الخبراء لتقوم بدراسة الإمكانيات الاقتصادية في البلاد وأن تقدم تقريرا عن أحسن الوسائل للنهوض بها وستضع المنظمة الصهيونية اللجنة المذكورة تحت تصرف الدولة العربية بقصد دراسة الإمكانيات الاقتصادية في الدولة العربية وأن تقدم تقريرا عن أحسن الوسائل للنهوض بها وستستخدم المنظمة الصهيونية أقصى جهودها لمساعدة الدولة العربية بتزويدها بالوسائل لاستثمار الموارد الطبيعية والامكانيات الاقتصادية في البلاد.

٨ ـ يوافق الفريقان المتعاقدان أن يعملا بالاتفاق والتفاهم التأمين في جميع الأمور التي شملتها هذه الاتفاقية لدى مؤتمر الصلح.

٩ـ كل نزاع قد يثار بين الفريقين المتنازعين يجب أن يحال إلى الحكومة البريطانية للتحكيم وقع في لندن، إنجلترا في اليوم الثالث من شهر يناير سنة ١٩١٩

[٢٣٠] ـ تاريخ الوزارات- ص٥٣

[٢٣١] العراق في الدوري.... ج٢ ص٦٨

[٢٣٢] عبدالرحمن بزاز... ص١١٨

ئەزموونی بریتیە لە ماگناکارنای بەریتانیا کە لەشێوەی بنەما لەلایەن جۆن سانتێر لەساڵی ١٢١٥ دەرچو، بەڵام لە سەردەمی نوێدا یەکەم ئەزموونی دەستوری بۆ ئەمریکاو فرنسا لەساڵی ١٨٨٧ ولە ١٧٩١، دوای وڵاتانی ئەوروپیش بەدواداهات، جارێکی تر لە کۆتای سەدەی ١٩ بەناوی مەشروتیە گەڕایەوە نێو حوکمی عوسمانی یەکەم ئەزموونی لەساڵی ١٨٧١ پیادەکرا، سەربردەکەشی لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیاکان بە پاڵپشت کردنە سەر مادەی (١)ی چەکی ئینتداب کە بە راشکاوانەتر ئەو ئەرکە لەلایەن (عصبة الأمم)دوە بە بەریتانیا سپێردرابوو ئەوا (ویلسۆن)ی مەندوبی سامی لیژنەیەکی پێکهێنالە: (بۆنهام کارتەر. سەرۆك، میجر یۆنگ، مسترئەدوار، مستر فیدرسۆن). ئەوانە دەستورێکیان بۆ دەوڵەتی عێراق نوسی و بە ئینگلیزی و تیایدا لەگەڵ گیانی ئینتداب دەهاتەوە، هەروەك لە شیعرێکی مەعروف رەسافی هاتووە:

أسماء ليس لنا سوى الفاظها
أما معانيها فليست تعرف
من يقرأ الدستور يعلم أنه
وفقا لصك الانتداب مصنف

دوای بەبێ دەستکاری وەرگێردرا بۆ زمانی عەرەبی بەناوی (قانون الأساسی ـ organic Lows) لە مانگی ١٩٢٤/٧ پەرلەمانی عێراقیش پێی قایل بوو، لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/١٧ بەفەرمی بلاوکرایەوە وەك دەستوری دەوڵەتی عێراقی.

ئەو دەستورە عەلمانی بو تیایدا ئایین و سیاسەت لێك جیاکرابۆوە، بەتایبەتی هەردوو مادەی (١٣) و (١٢٢) مادەکانی بەگشتی نزیك بوو لە دەستوری ئوسترالیا و نەمسا و فەرەنسا لە ناودرۆکدا.

بەو شێوەیە دام و دەزگا یاسایی و سیاسیەکانی دەوڵەتی عێراقی دەستکرد تەواو بوو، بەڵام پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کێ ئەو دام و دەزگایانەی دروستکرد، کێ سنوری بۆ عێراق دیایکرد؟ کێ مەلیکی بۆ هێنا؟ کێ حکومەت و پەرلەمان و دەستوری دیایکرد؟ کێ سوپای بۆ عێراق دروەست کرد؟ هەر هەموی بەریتانیا خۆی بوو؟

کەواتە کێ دروستکەری عێراقە؟ بەریتانیا یاخود مەلیك فەیسەڵ، یان بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقی.. وەڵامەکەی وەك مانگی چواردەیە... بەریتانیا، هەربۆیەش تا ئەو ساتە جەژنی نیشتمانی نیە.

بەوەندەش نەوەستا تا لەساڵی ١٩٣٢ تەقەلایەکی زۆری دا تەنانەت ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە ڕەوشی عێراق لە ماوەی ئەو دە ساڵەی بۆ عصبة الأمم بەریتانیا دەینوسی و ئەو بەڵێنەی بۆ بە ئەندام کردنی دەوڵەتی عێراق لە عصبة الأمم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩ و ئەو لێدوانەی بەریتانیا لە ڕۆژی ١٩١٩/٩/١٥ کە تیایدا هاتبوو: بەریتانیا عێراق ئامادە دەکا تا لەساڵی ١٩٣٢ پێی بگەیەنێت بۆ ئەندامیەتی عصبە الأمم[٢٣٣] ڕاستگۆش بو لەگەڵ هەمو بەڵێنەکانی و لە ڕۆژی ١٩٣٢/١٠/٣ دووشەمە سەعات ١١,٥ دەقیقە بو بە (٥٧)مین ئەندام، بەو شێوەیە عیراق بوە دەوڵەت بە پێی مەرجی ڕۆژئاوایی

ئیسرائیلی داهاتوو، هەر وڵاتێکی عەرەبی دروست دەکرا دوو مەرج هەبوو بۆ سەربەخۆیی، یەکیان دان پێهێنان بە ئیسرائیل وەك لەپێشووترنیشانماندا، دوەم تەقەلا نەدان بۆ یەکگرتنەوەی عەرەبی[٢٣٤]

مس بیل وەسفی ئەو بەئەندام بونە بە (بەریتانیا دروستکەر و عێراقیش دروستکراو) دەکا[٢٣٥]، د.علي ورديش لە کتێبی (لمحات.. ج٦ ص١٢٨ـ ١٢٩) عێراق بە کوڕی بەریتانیا وەسف دەکا. ئێمەش دەتوانین بڵێین: دەوڵەتی عێراق لەدایکی عەرەب و باوکێکی ئینگلیزی بەبێ مارە ئەو کوڕەیان بووە.

بۆ هەمو ئەو تەقەلایانە لایەنە عەلمانیەکان یارمەتی بەریتانیایان داو زانایانی ئاینی و جەماوەرەکەیان لەدژی بون، بۆیە مس بیل زانایانی ئایینی عێراق بە هەرە دوژمن پۆلین دەکا[٢٣٦] بەتایبەتی شیعە بۆیە مس بیل دەڵێ من سونیم[٢٣٧]، زانایانی ئایینیش دەوڵەتی عێراق بە مورتەد و خیانەت لەقەڵەم داوە[٢٣٨]

---

[٢٣٣] ـ العراق في الدوري... ج٢ ص٢٣٠

[٢٣٤] ـ لە(ملل والنحل والأعراق ـ ط٢ سعدالدين ابراهيم ص٤٩٥)هاتوە: بعد أن أصبحت (لبنان) إدارة مستقلة عقب جهود البطريارك (الإلياس) جاء شروط إستقلال (لبنان)عبر إتفاق غير مكتوب بين (بشار الخوري المسيحي) و(رياض الصلح المسلم) المشهورة بإتفاقية (خوری - صلح) ، في عام ١٩٣٤ وسمي ب(ميثاق لبنان) وجاء في نقطته الجوهرية: أن يكف المسلمون عن المطالبة بالوحدة مع سوريا أو أية وحدة عربية، وان هذا شرط للإستقلال.لە (نشأة الدولة العراقية- فورستر ص١٤٦) هاتوە: عندما اعتلى فيصل عرش العراق عام (١٩٢١)م قيد بالشروط نفسها

[٢٣٥] ـ العراق في رسائل مس بيل ص٩٠-٩١

[٢٣٦] ـ العراق في رسائل مس بيل ص٣٩

بۆ بیرهێنانەوە لەسەروو باسی هەنگاوەکانی دروست بونی دەوڵەتی تورکیامان کرد تابزانین چۆن مەینەتی کورد دروست بوو، لێرەش کە باسی هەنگاوەکانی دروست بونی عیراقمان کردوە بۆ ئەوەی بزانین چۆن مەینەتی کورد لەبەشی خواروو دروست بوو، هەردوولای سەروو وخواروش لەیەك کاتدا ڕویدا بۆیە مەینەتیەکەی تەواو کرد وەك ئێستا باسی دەکەین.

مەینەتی کورد لەدروستبونی دەوڵەتی عێراق

پەیوەندی کورد و عەرەبی دراوسێ: باشوری کوردستان مێژویەکی سەربەخۆی زۆر کۆنی هەیە هەرودك بەشەکانی تر، مەگەر هەندێ ماوە نەبێ وەبەر هەڵمەتە فراوانە جیهانیەکانی وەك پەلامارەکانی مەغۆل و تەتەر و هەندێ لایەنی تر.

سنوری خوارووی کوردستان تا ئەو ساتیش دووچاری تەعریب و بچوك بونەوە نەببوو، لەسەرورا یەکەم پرۆسەی بە تورك کردن لەساڵی ١٩٢٣ بە فەرمی کرا بەپێی نوسراوی

---

[٢٣٧] ـ کرتلوف لەکتێبی(الثورة العراقیة ص٢١٣) لە بارەی هەلوێستی ناوچە سونیەکان دەلێ: وفي بغداد إنطلقت مظاهرة وطنية في ١٩٢٠/٨/٦ مؤيدە للإنجليز ومعادية للثورة، أما مناطق الموصل وغربي بغداد- حيث يتركز نشاط القوميين فيها ـ فقد منعت من انتشار الثورة

[٢٣٨] ـ الثورة العراقية الكبرى ص٣٦... بۆ زیاتر زانیاریت لەبارەی دژایەتی ئاینیەکان بۆ دروست بوونی دەوڵەتی عیراقی ولاگیری عەلمانیەکان بۆ دروست بوونی، ئەوەی خوارەوە لەتوێژینەوەی خۆمان بەناوی (الإسلام والعلمانية واثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة)بخوێنەوە: اما من جهة الحركة الوطنية والعلمانية، فقد وقفت أكثريتها ضد ثورة عشرين وأيد البريطانيا، وقد عرض(نوری السعيد) خدماته للإنكليز ضد الثورة واوفدوا (ثابت عبد النور) نيابة عن جمعية العهد للأتصال بوزارة الخارجية البريطانية عارضاً عليها: ((ان جمعية العهد يمكن ان تقدم مساعدة قيمة للأنكليز في تهدئة الأوضاع ما بين النهرين)) ، وقد عرض كل من الملك فيصل وجعفرالعسكری أفكارهما عن طريق (مس بيل) لتأسيس حكومة وطنية مع الإعتراف بالأنتداب البريطاني ومقترحات أخرى معادية للثورة ، وقد وقف كل من طالب باشا وعبد الرحمن النقيب بلا تردد مع بريطانيا حيث أخذ (طالب باشا) على عاتقه مسؤولية تفريق الإجتماعات المعارضة لبريطانيا، بينما وصف (عبدالرحمن النقيب) الثوار - اوأي من يعارض بريطانيا- بأنهم مجانين و(لاشرف لهم)، و وصف الثوار بالشيعة والتقية والوثنية، وهكذا كانت هناك حملة أعلامية متبادلة بين أدباء الثورة والأدباء الموالين للإنكليز، والذين شكلت منهم الحكومة العراقية فيما بعد، فقد وصف الموالون لبريطانيا من قبل إعلام الثورة: بالمرتزقة و الحوشية وابو رغال وحفيز وشبانة الخونة والمرتدين..الخ، وقد منعوا دفن موتاهم على الطريقة الأسلامية، وكذلك وصف الشريف واولاده الملك فيصل وعبدالله...) بالمارقين، ووصف الشيخ (محمد رضا الشبيبي) الدولة الحديثة التي قامت في العراق بعد الثورة بانها: ((مستقلة ذات سيادة في الظاهر، ولكنها لم تكن كذلك في الواقع فالإستقلال كان إستقلالاً ملوثاً، واتضح لهذا الشعب الكريم ان هناك خطة استعمارية مرسومة اعتبرت الثورة العراقية الكبرى بموجبها جريمة))

ز:١٥٠٤ كە تیایدا دەست گیرا بە سەر زەوی و زاری دەرەبەگ و شێخە کوردەکان درا بە تورکە مهاجرەکانی کە لەلای یۆنان رایان کردبوو*، لەلای خواروش یەکەم تەقەلای تەعریب بەریتانیا کردی کاتێ لە نەخشەی رێکەوتنی سایکس بیکۆی ١٩١٦ ناوچەکانی کەرکوك و مەندەلی خستە سەر ناوچەی(B)، دوایی لەکێشەی ویلایەتی موسڵیش إستەوخۆدەستکاری ژمارە مێژووییەکانی کرد لە قازانجی عەرەب، لەوکاتیەوە بەرەبەرە تەعریب لە خوارو و تەتریکیش لە سەروو دەستی پێکرد، لە سەروو زۆری نەخایاند، بەڵام نە خواروو تا روخانی سەدام ٢٠٠٣ بە خەستی بەردەوام بو، سنوری کوردستانی خواروو(یان سنوری نێوان کوردو عەرەب) بەو شێوەیە بوو و پێش دەستکاری لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت:

پیشوتر لە زۆر سەرچاوە باسی سنوری کوردستان بەتایبەتی (باشوری کوردستان) کراوە، ئەوانە دووبارە ناکەینەوە، هەوڵ دەدەین سنوری کوردستانی خواروو لەنێو بەڵگەنامەو رێکەوتنەکان دیاری بکەین بنچینەیەکیش بێت بۆ ناوچە دابڕاوەکان[٢٣٩]:

١ـ سنوری خوارووی کوردستان بە پێی سنوری عیراقی عەرەبی: باسنوری عیراقی عەرەبی دیاری بکەین، هەرلە نەخشەی ئبن حوقل تا نەخشەکانی عوسمان[٢٤٠] مەعجەم وکتێبە مێژووییەکان هەموی خوارووی کوفە تا نزیك بەسرە بە عراق العربی دەناسن، بەڵام بابزانین فراوان ترین نەخشەی عراق العربی کەباس کرابێ لە (عجائب البلدان)

* زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن کە یەکەم پرۆسەی بەتورك کردنی کورد لەسەر دەستی ئەنوەر پاشا کراوە، بەڵام (ئەرشاك سافراستیان)لە کتێبەکەی (الکردوکردستان ص١١٢)دەڵێت: لەساڵی ١٩١٤-١٩١٦ کاتی سوپای روسی بەرەو سنوری تورکیا هات، ئیتجادیەکان(کە ئەو بە تورکیای لاو ناویان دەبات) تۆبزیان لە سولتان محمد رشاد دەکرد بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەو ناوچەیە کۆچ پێ بکا ولەنێو تورك بیان تاوێنێتەوە، بەرێژەی ١٠کورد لەنێو ١٠٠ تورك وزۆربشیان لێ بکرێ تا بەتورکی قسە بکەن تا ئەوەی داهاتویان کوردیان لەبیربچێتەوە وببنە تورك، لەسەر ئەو بنچینەیە ٧٠٠٠٠٠کورد کۆچیان پێ کرا.

[٢٣٩] ـ کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لە بنەچەدا لەوە دێت کە بریتانیاو فرنسا لە سایکس-پیکۆ(١٩١٦)هەڵسان ئەو ناوچەیان لەکوردستان جیا کردەوەو ناویان نا(B)، ئەیان خستە سەر ناوچەی عەرەبی بەڵام لەکوردستانیان جیا کردەوە، مێژوونوسە عەرەبەکان کە(داخلیە العراقیە)بە پاڵ ناوچەی(B) وەدەنێن وای دەردەخەن کە سایکس پیکۆ ئەو ناوچەی بە عیراق دابێت واست نیە ، لە ئینگلیزیەکە ناوی عیراقی تێدا نیە، لەو کاتیەوە حکومەتەکانی عیراقی کار لەسەر ئەو ناوچەدەکەن بۆ قرتاندنی لەکوردستان، ئەوەی گۆرانکی تری لێدا ئەوەبوو لە برپاری ناوچەی (ئارام) سەرووی هێلی٣٦ دیاری کرا، کە پێویست بوو سەرووی هێلی ٣٤بێت، بەو شێوەیە رادەردەکەوێ کە بریاری نێو دەولەتی ئەوە بێت ئەو ناوچەیە ساغ ئەبێتەوە بۆ کوردستان

[٢٤٠] ـ بروانە نەخشەی ئبن حوقل لە ساڵی ٩٧٧ز هەروەها نەخشەی عوسمانی ١٨٩٣ ونەخشەی ١٨٩٦ و

هاتوه، دەڵێ: بریتیە لە عەبادان تا تکریت، کەواتە لەخوار (جبل حمرین) سنوری عیراقە، ئەوە لەگەڵ (تەقویمە عوسمانی سالی ١٧٠٠وادیتەوە کەموسلی خستبوە سەر حکومەتی دیاربەکرو بەغداو بەسرەشی خستۆتە سەر میزۆپۆتامیای خواروو، یاقوت حموی لە معجم البلدان ص٢٩٠ لە زۆر شوێن باس لەو سنورە دەکا بە بۆنەی جیاجیا، لە باسی (حلوان و هەبونی شا هەنجیر لێی) دەڵێ: حەلوان دواسنورە لە سەواد و عێراق کەمێك سەروی بەغدایە کە بە هەرێمی شاخ ناودەبرێن، لەلایەن (فورستر) سنوری سەرووی عیراق بەو شێوەیە دیایکردوە: (تبدأ من السور المادی، شمال بغداد عند نهر دجلة یصل الی الصقلاویة قرب الفلوجة والی مدینة (اوفیس ـ جنوب سامراء) والی الرمادي علی نهر الفرات، عند درجة ٣٤ من خط العرض تقریباً حتی الخلیج العربي ومن الصحراء السوریة حتی الجبال الایرانیة)[٢٤١]، هەرچی کۆتلۆفە وای دیایکردوە: حوضي نهری دجلة والفرات من حوالی بغداد الی الجنوب من مدینة بغداد، اما شمال بغداد فهو منطقة کوردستان الجنوبیة[٢٤٢]، لەکتێبەکۆنەکان عیراق لەسەر عرب پۆلین نەکراوە، ئیبن بەتوتە لە(الکتاب الروض المعطار فی خبرالأقطار.. ص١٦٣مادة: بلاد العرب) ناوی عیراق لە بلاد العرب تیا نەهاتوە، هەموشیان لەگەڵ بروسکەکەی چەرچل تێك دەکاتەوە کەسوپای بەریتانی گەیشتە سەرووی بەغدا داوای لێکردن بوەستن و وتی خواروی جبل حەمرین بە سەرودوە سنوری کوردستانە، ئیتر باس لەوە، کەکوردستانی خواروو بەشێك بێت لە عێراق نەك هەر دەشێ و ناشێ بەڵکو ئیقلیمیشیان لێك جیا بوە[٢٤٣]

٢ـ سنوری خواروی کوردستان لە ڕێکەوتنامەکان: لە ڕێکەوتنی ئەرزەرۆم کە لە١٨٢٣/٧/٢٨بەسترا، پێکهاتوە لە (٧) بەش ـ لەبەشی یەکەم باس لە کوردستان دەکات و دەڵێ: سنوری دەگاتە نزیك بەغدا[٢٤٤]، ئەوەش هەر لەگەڵ خاڵی یەکەم لێك

---

[٢٤١] ـ فورستر ـ تکوین العراق ص١٣

[٢٤٢] ـ کوتلوف ـ ثورة عشرین ص٢٥

[٢٤٣] ـ (الموسوعه العربیه العالمیه مادە: علوم عندالعرب والمسلمین)لە ل١٣٠ی ئەو کتێبە ناوی ئیقلیمەکان و وڵاتانی تێدایە.

[٢٤٤] ـ جوگرافی ناسی گەورەی ئیسلامی ئیبن حوقل لەسەدەی١٠ لە موسل بوە دەڵێت: موسل ناوو هەوایەکی خۆش وبازارەکی گەرمی هەیەو زۆربەشیان کوردن. هەرچی قاموسی عوسمانیە لەمادەی کوردستان لە قاموس الاعلامی شمس الدین سامی، هەروەها لە (مادەی ویلایەتی موسل) دەڵێ: خەلکەکەی زۆری عەرەبن بەلام هەرێمەکە پارچەیەکە لەکوردستان. بۆ ئەو مەبەستەو زیاتر بڕوانە: ل٣٠٧ی (کوردو کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای عوسمانی).

نزیکن. سنوری خوارووی کوردستان لەمادەی ٦٢ی سیڤەر سنورەکە دیایکراوە و بریتیە لە ڕۆژهەڵاتی فورات[٢٤٥]

٣ـ سنوری خوارووی کوردستان لە نەخشەکان: نەخشەی ئیبن حۆقل لە سەدەی ١٠، ئەلبیرۆنی، خوارزمی، بنیامین بن حنا(١١٦٠ ـ ١١٧٣)زابو حسن بن سعید(١٢٧٤ز...زۆری تر سەرووی بەغدایان بە(جزیرە)ناوزەدکردوە، خوارووی بەغدایان بەعیراق تۆمارکردوە، لە هەردوو نەخشەی ئیداری عوسمانی سالی ١٨٩٣ و ١٨٩٦ کوردستان زۆر بەگەورەیی تۆمارکراوە، لەنەخشەی سایکس پیکۆش تەنها بەغداو بەسرەی بە میزۆپۆتامیای خواروو دیایکرد.

٤ ـ سنوری خواروی کوردستان لەبەڵگەنامەکان: لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی کە تیایدا بالوێزی لەبەغدا(کانسیری) زانیاری لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان دەنێری وسنوری باشوری بۆ نزیك(محەمەرە)دەست نیشان دەکاوزیاتر لەوەش ئەو زانیاریە لە بەرپرسێکی گەورەی حکومەتی عیراق دەگوازێتەوە[٢٤٦]، بە پێی بەڵگە نامەی ئەمریکی fo٣٧١/٣٧٨١ سنوری کوردستان ئەو ویلایەتانەی دەگرتەوە کە لەنەخشەی عوسمانی سالی ١٨٩٣ هاتوە

---

[٢٤٥]ـ کوردستان ماددەی (٦٢):
لیژنەیەکی سێ قۆلی پێك دێت بارەگاکەی لە ئەستەمبۆل دەبێت، ئەو لیژنەیە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و نوێنەری کورد دروست دەکرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکی دەڤەریی بۆ ناوچە کوردییەکان لەدوای شەش مانگ لە مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە، سنوری ئەو ناوچەیەش بریتییە لە ڕۆژهەڵاتی فورات، و باشوری ڕۆژئاوای سنوری ئەرمینیا کە لەدوای ئەوەش دیاری دەکرێ، لە سەروی سنوری تورکیا و سوریا و میزۆپۆتامیا کە لە پەرەگرافی (٢)ی ماددەی (٢٧) دەستنیشان کراوە، ئەگەر لەکاتێکیشا ئەو لیژنەیە لە هەر مەسەلەیەك نەگەیشتنە ئەنجامێك ئەوا هەریەکە ڕاپۆرتی خۆی لەو مەسەلەیە دەداتەوە حکومەتەکەی، لەو پرۆژەیەدا پێویستە ڕەچاوی تەواوی مافەکانی ڕەگەزی و ئایینی کلدان و ئاشور و کەمایەتییەکانی تری (ئەتەوەیی) و (مەزهەبی) بکرێت لەنێو ئەو سنورەی لە سەروو دیاریکرا، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تری پێکهاتوو لە بەریتانی و فەرەنسی و ئیتالی و فارسی و کوردی سەردانی مەیدانی دەکەن بۆ هەر دەستکارییەك ئەگەر پێویست بکات لە سنورەکانی تورکیا، لەبەر ئەوەی ئەو سنورە لەژێر مەرجەکانی ئەو پەیماننامەیە تا سنوری فارس.

[٢٤٦] من السفارة البريطانية – بغداد WO ٣٢٩/٢٨٦٩
الى الدائرة الشرقية – وزارة الخارجية البريطانية ٥/ شباط/١٩٤٩
و في اليوم الثالث من المحاكمة صرح مهداوي تصريحا مثيرا للغاية حول الكرد، قائلا و التي سبق و ان اشرنا اليه في الفقرة ٢ من البرقية رقم ١٠٢ بتاريخ ٢٧ كانون الثاني و التي يزعم فيه بانه لا يرى اي احراج من الأدعاء بان نفوس العراق سيصل عام ١٩٦٠ الى١٠مليون لأن الكرد الذين يسكنون في المنطقة الجبلية كبيرة بدا من اسكندرونة و انتهاءا بالحمرة، يعتبرون حماة الجمهورية العراقية الديموقراطية. ان هذا التصريح يصبو في الرئيسي للمحاكمة و التي هي محاولة لكسب الكرد...

٥ ـ سنوری خوارووی کوردستان له راپۆرتی (تقریرلجنة عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركی البریطانی حولةلاية الموصل) :لەل٢٢٣هاتوەودەڵێ سنوری کوردوعەردب له بەیەك گەیشتنی زاب و دیجلەبەرەو کفری دەڕوا، بەوشێوەیەو موسل لەعەرەب جیادەبیتەوە، هەرلەل٢١٩ دەڵێ عیراق هیچ مافێکی له وناوچەیە (ویلایەتی موسل)نیەو ناوی عیراقیان هەرنەبیستوە، لەل١٥٣ دەڵێ نێوان موسل و بەغدا هیچ ناوێکی دیایکراوی نەبوە، لەل٢١٨ ڕاستەوخۆ تردەڵێ: ویلایەتی موسل کوردیە، هەرلەو راپۆرتە له ل١٥٩ باس لەوە دەکا کەلەسەردەمی سوڵتان سلیمانی قانونی(١٥٣٤)ودواتریش بەغداوموسل وکەرکوك بە ولایەتی شارەزورناوزەد دەکرا.

٦ـ سنوری خوارووی کوردستان لەکتێب و مەوسوعە بەناوبانگەکان: ئیبن بەتوتە لە کتێبی (تحفة النضار في غرائب الامصار ـ ص٢٠٨) دەڵێ کاتێك له بەسرە بەرەو ئەسفەهان ڕۆیشتم، له رێگا لامدا ماڵه کوردەکان، ئیبن خەلدون و چەندین سەرچاوەی مێژوویی ئیسلامی باس له (جبل الأكراد) دەکەن لەو ناوچەیە[٢٤٧] ، لەدائیرەی معارفی فرنسی دەڵێ جەزیرەو موسل[٢٤٨] وکەرکوك و هەولێرو سلیمانی و رانیەوکفری یەك یەکە پێك دەهینن، هەریەکە لەگەڕیدە بەناوبانگەکانی وەك: ڕۆلف لەسەدەی ١٦ وجاکسۆن لەسەردانەکەی سالی ١٧٩٧ وملینگتۆن لە سەدەی ١٩ هەمان زانیاری و زیاتریش لەوە موسلیش بە کوردستان وەسف دەکەن، لە (موسوعەالعالمیه العربیه)[٢٤٩]له (مادە: جبل حمرین)دەڵێ (جبل حمرين) سنورێکی سروشتی نێوان کوردو عەرەبە.

وەك دەرکەوت لە پرۆسەی دروستبونی عێراق دەسەڵاتێکی عەرەبی لەو ناوچەیە نەبوە، ئیتر ئەو بانگێشەیەی (هەندێ ڕەوشەنبیری کورد)گوایە عەرەب هەر ئێمە دەچەوسێننەوە نەك هەر هەڵەیە بەڵکو پێچەوانەشە، زۆربەی جار دەسەڵاتی کوردی عەرەبی چەوساندۆتەوە، کەی عەرەب هاتون حوکمیان لەسەر هەولێر یان سلێمانی کردبێ، لەپێش

---

[٥] ئەو راپۆرتە لە کتێبی(ولايه الموصل) مراجعه وتحقيق عبدالرزاق القيسى بلاوکرایەوە.

[٢٤٧] وفي شرقي بلاد خوزستان جبال الأكراد متصلة إلى نواحي أصبهان وبها مساكنهم ومجالاتهم وراءها في ارض فارس... تاريخ ابن خلدون ص٨١. له(مقدمة ص٦٣) دووبارەی کردۆتەوە

[٢٤٨] أرض الجزيرة: وهي جزيرة ابن عمر، وتشتمل على ديار ربيعة ومضر، وتسمى ديار بكر، وهي ما بين دجلة والفرات وكلها تسمى بالجزيرة، وبها مدن وقرى عامرة. ومن مدنها المشهورة الموصل المصدر: عجائب البلدان- لسراج الدين ابن الوردي

[٢٤٩] ـ له هەمان مەوسوعە لەبارەی کرکوك: كركوك مدينة تقع في شمالي العراق، وهي عاصمة محافظة التأميم، ومركز حقول البترول الشمالية، حيث تم اكتشاف أول حقل للنفط في غربها وتُعدّ كركوك رابعة كبرى مدن العراق، حيث بلغ عدد سكانها ٩٠٠,٠ نسمة في عام ١٩٩٣م ، تعدّ كركوك عاصمة المجموعات الكردية في شمال العراق.

١٩٢١ بۆ هەشت سەدە بژمێردو بگەڕێ بزانە هیچ دۆخێکی وا هەبوە، دەتوانم بڵێم: بە درێژایی مێژوش وانەبووە، بەتایبەتی لەدوای ئیسلام بە ماوەیەکی کەم عەرەب لە سەردەمی ئەمەوی دەسەلاتیان هەبوە، ئەوناوزەدیەی وەك: ئەعرابی و نەفام و تینەگەیشتوو لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشد لەسەریان بوو لادرا، هەرچەندە ئەمەویەکانیش وەك ئیبن خەلدون دەڵێ دەمارگیرییان بۆ (قورەیشیزم) هەبو، نەك عروبە، چونکە لە بنەچەدا عەرەب نەتەوە نەبون، زیاتر بەو ناوچەیەی دەورویەری مەکەو مەدینە وتراوە عەرەب کە پێکهاتبون لە رەگەز و ئایینی جیاجیا کە بە زمانێکی هاوبەش دەئاخافتن.تەنانەت لە سەردەمی ئەمەویش عەرەبی ئیراقی دەسەلاتیان نەبوو، نەلەسەردەمی عەباسیش.

لەدوای ئەمەوی وعەباسیش زیاتر خەڵکی تر حوکمی عەرەبی کردوە بەتایبەتی لە عێراق، فارس و کورد و تورك و تورکمان و چەرکەس ومەغۆل ومەملوك، عوسمانی، تا دوایی بەریتانیا هات، کەس بە حوکمکردنی عێراق و بەغدا و بەسرە هەر قایل نەبوو، لەنێو عوسمانی بەغداو بەسرە ناوی (سیبیریای عوسمانی) بوو، لەماوەی (١٦٣٩ ـ ١٧٠٤م کەمتر لە(٦٠) ساڵ (٣٩) والی گۆڕا[٢٥٠]، لە نێوان ١٩٠٨م تا ١٩١٧م (١٥) والی گۆڕا، ئەوانەش ناوەکانیانە: (ابوبکر حازم بك ـ ١٩٠٧)، (نجم الدین ملا بك ـ ١٩٠٨)، (محمد شوکت باشا ـ ١٩٠٩)، (نازم باشا ـ ١٩١٠)، (یوسف اکاه باسا ١٩١٠)، (جمال بك ـ ١٩١١)، (محمد زکی باشا ـ ١٩١٢)، (جستو جلال بك ـ ١٩١٣)، (محمد فازل داغستانی ـ ١٩١٣)، (جاوید باشا ـ ١٩١٤)، (رشید بك ـ ١٩١٥)، (سلیمان نەزیف بك ـ ١٩١٥)، (نورالدین بك ـ ١٩١٥)، (خلیل بك ـ ١٩١٦)، دوا والی (ممدوح بك ـ ١٩١٧)، [٢٥١] هەندێکیان دووبارە دەبونەوە، جار وابوو والیایەتی دەکراو دەفرۆشرا، ئەفراسیاب بن أحمد ـ لە سالی ١٥٩٦م ولایەتی بەسرەی لە والی عوسمانی کڕی بە (٤٠٠٠٠٠٠قرش)، هەروەها بکر سوباشیش لە بەغدا، ئەو دەست گۆڕیەی دەسەلات بەسەر عەرەب دەکرا بێ ئەوەی خۆیان بەشداربن یاخود بەرگرییەك بکەن، لە دوای عەباسی وئەمەوی زیاتر لە٣٠جاربەغدا بە بێ بەرگری وەك داگیرکردنەکەی

---

[٢٥٠] ـ العراق فی التاریخ-بغداد ١٩٨٣م ص٥٨٦

[٢٥١] ـ الإسلام والعلمانیه....ب- بغداد الجدیده.. المصدرالسابق ص٢٦٥-٢٦٦

ئەمریکاگیراوە*، زۆر بەدەگمەن لە مێژوو دەسەڵاتێك یان میرنشینێك لەبەغداو عیراقی ئێستا دەدۆزیەوە حوكمی خۆی كردبێت، لە نێو هەمو مێژوو میرنشینێك لە بەسرە بەناوی (شیخ راشد مغامسی ـ شێخی عەشیرەتەكانی مونتەفەك)لەسەردەمی سوڵتان سلیمان قانونی(سەدەی ١٦) هەبوە تا ئەو ڕادەیە سكەو دوعای هەینی بەناوی ئەو بێت[٢٥٣]، هەرچی كوردستانەزۆر بەزەحمەت داگیركراوە، لەل٣٨ی شەرەفنامە دەڵێ: كوردستان داگیر نەدەكرا ئەگەر بەدەگمەن داگیریش كرابێ ئەواخوێنێكی ئەوەندە زۆر دەرژا داگیركەرەكە جارەكی تر ڕووی لە كوردستان نەدەكردەوە، دروشمی داگیر كەران ئەوە بوە كوردستان بەكەس داگیر ناكرێ، سەر بۆ كەس شۆڕ ناكەن[٢٥٤]، جگە لەئەیوبی هەر لە سەدەی ١٩ لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەكان عبدالرحمن بابان خۆی والی بەغدای دادنا، جارێكیان پێیان وت بۆچی خۆت نایەی بۆ بەغداو حوكم بكەی، وتی من ئاوو هەوای ساردی سلێمانی بە هەمو عەرەبستان نادەم..هەرگیز عەرەب كوردستانی داگیر نەكردوە وتەقەلاشی نەداوە وهەڕەشەش نەبووینە ـ بڕوانە ئەو بەڵگەنامەی بەریتانی[٢٥٥]، ئینجا عەشایرە عەرەبەكان دەبونە جاشی كورد و ناویشیان (ساریجە ـ سواریجە) بووە، لەڕاستێدا ئەوان زیاتر بەدەوی و مەڕ لەوەڕێن بون، بۆ ئەوەی بتوانن بێنە ناوچەكانی كوردستان و لە ڕوباری دیجلەو چیای حەمرین بپەڕنەوە گەلێ جار بەهۆی پەنا بردنە بەر تێكەڵی و ژنخوازی

---

*لە پێش تر ئەوانە حوكمیان كردوە: (الاكدیة ٢٣٣٤-٢١٥٤ق.م)، (أور٢١١٢-٢٠٠٤ ق.م)، (بابلي القدیم ٢٠٠٤-١١٦٢ ق.م)، (آشوریة ٢٠٠٠-٦١٢ ق.م)، بابلیة الحدیثة (٦٢٦-٥٣٩ ق.م)، (أخمیني ٥٣٩-٣٣٠ ق.م)، (هلینستی ٣٣١-١٢٦ ق.م)، (فرثي ٢٢٧-١٢٦ ق.م ، دوای ئیسلام ئەوانە: سەلجوقی(٤٤٩هـ)، هۆلاكۆ(١٢٥٨ز، ئیلخانی(١٢٥٩ق، جەلائیری(١٣٣٧ق)، مەغۆل-جەنكیزخان-تیمورلەنگ(١٣٩٣)ز، قرەیوسف(١٤٠٢)، محمد شا(قرەقۆینلو١٤١١ز، سلیمانی قانونی١٤٣٢ جهان شا(١٤٤٥ز))، حسن كوریل(١٤٦٨ز،)، (آق قوینلو ١٤٦٨٥-١٥٠٨)، (الصفویة ١٥٠٨-١٦٣٧) في هذه المدة استولى على بغداد الزعیم الكوردي ذوالفقارین على بك سنة ١٥٢٧م، لكن بعد ذلك عادوا فارس وطردوا في سنة ١٦٣٣، و(الدولة العثمانیة ١٦٣٨-١٩١٧)، (الأحتلال الأنكلیزی في سنة ١٩١٧).. ینظر: أ- درویش مقدادي- تأریخ الأمة العربیة-، ط٢ \١٩٣٢م، مطبعة معارف بغداد، ص٣٣٦ ب- العراق في التاریخ ص٥٦٩.

لە (١٥٣٤ز، شاعباس(١٦٢٣ز، مملوك(١٧٤٩، هەریەكەلە زولفیقارو عبالرحمن پاشا ومحمدپاشای كۆرەو چەند جاری تر لە لایەن كورد داگیر كراوە...، تەنانەت لەكتێبە مێژوویی ئیسلامیەكان باس لەوە دەكرێ جارێكیان كەلە دزێكی كورد بەغدایان داگیركردوە(العبر في خبر من غبر - الإمام الذهبي ج١) ، لەسالی ١٩١٧ بریتانیا داگیری كرد، لەسالی ٢٠٠٣ئەمریكا داگیری كرد.... بەوجۆرە سەرجەم ٣٠ جار داگیر كراوە، بەشێكیان چوارجار دووبارە داگیریان كردوە

[٢٥٣] ـ بڕوانە: احوال العراق فی مرحلة المشروطیةالثانیة ص١٥

[٢٥٤] ـ شەرەفنامە -ل سەت وحەفتار چار

[٢٥٥] ٢/١٦١ /٧٣٠ CO " التماس المقدم من شعب كردستان الجنوبیة -الان جزء من العراق ، كردستان هو وطن الكرد التاریخي: لم یكن كردستان حتی في عصور الخلافة الاولی وطنا للعرب ولم یخضع للحكم التعسفي العربي في عهد من العهود التاریخیة. ما عدا بعض التواجد القبلي العربي القلیل في اطراف كركوك واربیل ، لیس هناك في كردستان عرب او مناطق عربیة. ولم یقهر العرب كردستان في عصر من العصور الماضیة.

لم یكن الحاق كردستان في الكیان العراقي شیئا صحیحا او عادلا ولكن بما اننا لا نستطیع الان تصحیح الخطأ الا بتفكیك دولة ذات سیادة

دەهاتن، کچێکیان دەدا سەرۆك عەشیرەتێکی کورد و دەبونە خزم و دەهاتن وەك نمونەی برایم ئاغای مەخمور و ناوچەکانی حەویجە و زۆر شوێنی تر، یان بەشێوەیەکی تریش هاتوون، لەکاتی دوژمنایەتیەکی ناوەخۆیان بنەماڵەیەکی عەرەب پەنای بۆ لای عەشیرەتێکی کورد دەهێنا.. هەڵبەتە لەناو کوردانیش هەبو لە دەست دوژمنایەتی خەڵکێکی زۆر ئاوارە دەبون بۆ ناوچەکانی عەرەب، ئەوەی لە مێژوو باسکراوە یەك رووداوی شەڕێکە لە نزیك حەلەب تیایدا عەرەب کوردیان کوشتوە بە پێی ئەو بەڵگەنامەیەی خوارەوە[٢٥٦]، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە، عەرەبەکان لەنێو کوردەکان دەتوانەوە، کەچی کوردەکان لەناو عەرەبەکان هەر بە کوردی دەستوری کوردی دەمانەوە، ئەو پرۆسەیە تا سەرەتای سەدەی بیست هەروابوو، واتە زمانی عەرەبی و ئەدەبیاتی ئیسلامی عەرەبی کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر دەستوری کوردەواری نەبوە لە قازانجی عەرەبی، بەلاّم لەدوای ١٩٢١ و هاتنی عەلمانیەت و هێزەکانی هاوپەیمانان کورد بەکۆمەڵ تواوە لەناو عەرەب و هەتا لەناو کوردستان لە شارێکی وەك هەولێر و کەرکوك بە تورکمان بون سەری هەڵدا، هەر لەدوای ئەوەش سنوری کوردستان هەروا بچوك دەبێتەوە.

سەرەڕای هەمو ئەوانەی سەرووش پەیوەندی کوردو عەرەب دژ بەیەك نەبووینە وەك ئێستا، ئەوناحەزیە لە دوای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی بوە، لە ڕاستێدا کوردو عەرەب برابووینە بە درێژایی مێژوو لە چوارچێوەی (دارالإسلام)، ئەو برایەتیە کەوتە مەترسی لەوەتەی دەوڵەتی عیراقی دروست بوەو هەردوولا ناچار کراون لەو دەوڵەتە پێکەوە بژین بە ناهاوسەنگی وناتەبایی، هۆیەکەشی زۆر سادەیە پیشوو تر ئەوە گرنگ نەبوو کێ فەرمانڕەوایە، هەستیاری ئەوە کوردەو ئەوە عەرەبە نەبوو، هەمویان ئینتمایان بۆ ئاینێکی پان وبەرین هەبوو، بەلاّم لەدوای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی ئەو پەیوەندیە ئاینیە نەما بوە رەچەلەکی ونەتەوەیی، کەواتە برایەتیەکە نەما بوە کیشمە کیشی نەتەوەی سەردەست وبن دەست ومتمانەو برایەتی تێك رووخا.

---

[٢٥٦] ـ سافر الأمير ناصر الدين بن الحسني بعسكر من حلب لتسكين فتنة ببلد شيزر بين العرب والاكراد قتل فيها من الاكراد نحو خمسمانة نفس ونهبت أموال ودواب وفيها في المحرم عزمت الأرمن على نكبة لا بأس فأوقع بهم أمير إياس حسام الدين محمود بن داود الشيباني وقتل من الأرمن خلقا وأسر خلقا وأحضرت الرؤوس والأسرى إلى حلب في يوم مشهود فلله الحمد- تاريخ ابو الفداء

مەینەتی: چونی هێزێکی زۆری کورد بۆ ناوچەکانی شوعەیبە بەپێی فتوای زانایانی کوردبو، نیشانەی بونی دەسەڵاتی سیاسی کوردە لەپێش جاڕدانی حکومەتی شێخ محمود لە ١٩١٨، هۆیەکانی گەڕانەوەی ئەو هێزەش بریتی بوو لە:

١ـ خیانەتی عەشایر و ئەفسەر و عەرەبەکان بون لە بەرەکە.

٢ـ هێرشی روسیا و گەیشتنیان بە ناوچەکانی کوردستان و لەگەڵ خۆشیان جینۆساید و تاڵان و سوتان و وێرانیان دەکرد بەتایبەتی ئەو ئەرمەنیانەی چاوساغیان بون زۆر دڕندە بون.

٣ـ هەڵگیرسانی شۆڕشێك بەناوی (شۆڕشی مەزنی عەرەب) بە سەرکردایەتی (شریف حسین بن علی) و بە هاریکاری بەریتانیا توانیان جەزیرەی عەرەب و قودس و شام بگرن.

بەو شێوەیە ئەو بەرەیەی شوعێبە مانایەکی نەماو بەرگرییەکە تێکچوو، هێزەکانی شێخ محمود گەڕایەوەو بەریتانیاش بەرەبەرە سەرکەوت و لە ١٩١٧/٣/١١ بەغداش داگیرکردبەسەرکردایەتی (جنرال مۆد)، بەپێی ڕێنماییەکانی لەندەن روی لەلای کوردستان نەکرد، لەکاتی وەستانی جەنگ بە پێی (هودنەی مۆدرس لە٣١/١٠/ ١٩١٨)بەرەو لای موسڵ چوو لە سنوری عەشایرە عەرەبەکان نزیك شەرکات بوو، لەوکاتەدا (علی احسان پاشا) بەناوی سوڵتان لە ١٩١٨/١٠/٣٠ بروسکەیەکی بۆ شێخ محمود کردو هەمو مومتەلەکاتی عوسمانی ئەو ناوچەیەی بە سەربازگەکانی عوسمانیشەوە تەسلیمی دەسەڵاتی کوردستان کرد، بەو شێوەیە دەسەڵاتی شێخ محمود لە سلێمانی دان پیاهێنانی فەرمی و یاسایی پێکراو بە سنورێکی فراوان، لەسەر ئەو بنچینەیە حکومەتی پێکهێناو خۆشی ناونا مەلیك، دوای بەریتانیاش لە مانگی تشرینی ١٩١٨ دانی پیاهێناو سیفەتی (حوکمدار)ی پێ بەخشی[٢٥٧]، دەتوانرێ بگوترێ لەروی سیاسی و یاسایی (دان پیاهێنانێکی نێودەوڵەتی) بە حکومەتی کوردستان کرا پێش ئەوەی ئەو مادانە لە سیڤەر تۆمار بکرێ، لەوکاتەدا لە بەغدا هیچ حکومەت و ئیدارەیەك نەبوە، لەسەر داوای بەریتانیا خۆی و هەندێ خەڵکی لەناو ماڵان هێنا ناوی نان حکومەت.

[٢٥٧] ـ بەشێك وادەزانن ئەو سیفەتەی حوکمدار لەلایەن ئینگلیزەو بە شێخ محمود دراوە، لە ڕاستیدا زۆر پێش هاتنی ئینگلیز نامەکانی شێخ محمود بەناوی حوکمدار بوە، یەکەم جار، لەقەبی حوکمداری لە ڕێکەوتنامەکەی شێخ ئیدریس وسوڵتان سەلیم بە ٩ دەسەڵاتی کوردی ودرکیرا لە ١٥١٤

لەماوەی ١٩١٨ تا ١٩٢٠ لـە ئـەنجامی بـەرکری ١٩١٩ی کوردسـتان دژی ئینگلیـز و شۆڕشی ١٩٢٠ی ئیـسلامی خوارو و سەودای ناوەڕاستیش لەگەڵ ئینگلیز سێ حکومـەت سەری هەڵدا، دوو حکومەتی ئازاد لە سلێمانی و کەربەلا و حکومەتێکی کرێگرتـەش لـە بەغدا[٢٥٨]، هەریەکە لەو حکومەتانە ناسنامەو سـنور و ئامانجیـان جیـابوو، هاریکـاری و هاوتاییەکی زۆر هەبوو لەنێوان حکومەتی کوردستان و حکومـەتی کەربـەلا، حکومـەتی کوردستان سنوری کوردستانی بوو بە ناوەرۆکێکی ئیسلامی، حکومەتی کەربـەلا سـنوری عێراقیانەو عروبیانە و شتمانی نەبوو وەك مێژونوسە عروبیەکان وەسـفیان کـردوە، ئـەوان زیاتر مەبەستیان دەرکردنی ئینگلیـز بـوو لـەخاکی دار الاسـلام وەك محەمـەد رەزا شـبیب دەڵێت: ان الأحرار لمجاهدين ثابروا على التنكر لتلك الخطة الإستعمارية المرسومة، هـەروەها د فەیاز لەکتێبی(الثورة العراقية الكبرى) دەڵێت: لم تقتصرأهداف الثورة على الأمور التـى لها علاقة بالعراق بل كان تأثيرها فى الوضع العام فى مناطقَ متعددة من الشرق الاوسـط، هەروەها دەڵێت:((لم نعثر على اية فتوى او رأي شخص ذي أهمية من الشيعة يخصص او يـشير الى ضـرورة تأييـد الرجـل الـشيعي علـى الدولـة العراقيـة المقترحـة))[٢٥٩]، (مـس بیل)یش دەڵێت: إن هدف الثورة هو تأسيس حكومة اسلامية واعلنوا الجهـاد مـن اجلـها، لە دانوستانەکانیش(وەفدەکە: کوری محمد شيرازى ومحمد على شهرستانى واحمد خراسـانى) و لەچوارچێوەی خواستی شۆڕش ناوی عیراقی تێـدا نـەبوو، خواسـتەکان وەك دەق ئـەو ٣ خاڵەبو:

زۆر ناو لە شەڕوشۆڕەکانی ١٩١٩ی کورد دەنێن شۆڕش، بەڵام شۆڕش نەوەیە وڵاتـت داگیرکرابێـت و تـۆ هـیـچت نـەبێ لـەنێو میللـەت لـە خاروورا دەست بە جموجۆڵ بکرێ و بزوتنەوەیەکی چەکداری دروست بکەی وەك لە خاروو کرا، بەڵام لە کوردسـتان حکومـەت و سـەرکردایەتی هەبوو بەرگریان لە کوردستان کرد تا داگیر نەکرێت.

[٢٥٨]- بڕوانە: الاسلام والعلمانية وأثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة

[٢٥٩]- دفیاض-الثورة العراقيه الكبرى ص٢٨٣

١ـ جلاء القوات البريطانية. ٢ ـ عفو عام عن الثوار. ٣ ـ اعادة المنفيين[٢٦٠]

لەگفت وگۆیەكانی كیرزۆن وعیسمەت ئینینۆ دەردەكەوێ، كە بەریتانیا چەندە بە خەم دروستكردنی عیراق وپێك وەنوسانیەتی[٢٦١]، بە پێچەوانەی بۆچونی شۆرشی بیست وزانا ئاینیەكانی سەركردەی شۆرش كە پێك هاتبو لە ١٠ زانا[٢٦٢]، (میس بیلی)یش لەكتێبەكەی(رسائل مس بل)دەڵێت سەركردەكانی شۆرشی بیست دەمارگیری ئاینیان هەبو نەك نیشتمانی وعروبی، لە بەڵگەنامەیەكی وەزارەتی دەرەوەی هند بەژ: ٥٩٩٨ دەڵێ لەكاتی گەرانی برسی كۆكس بەلێواری فوراتا لە١٣/١٢/١٩١٧ بروسكەیەكی بۆ هات لە لایەن سێ زانای پایەبەرزی ناوچەكە (محمدیەزدی لەنەجەف، میرزا شیرازی ـ سەرۆكی شۆرشی بیست ـ سامرا، مازندەرانیش لە كەربەلا) دەركەوت ئەوانە نارازین بە رەفتاری بەریتانیا بەرامبەر ئیران[٢٦٣]، لەو بارەیەوە د فیاز دەڵێ: (لم نعثر على اية فتوى او رأي شخص ذي أهمية من الشيعة يخصص او يشير الى ضرورة تأييد الرجل الشيعي على الدولة العراقية المقترحة))[٢٦٤]،

لە دانوستانەكەش داوای بەشێك لە ناوچەكە یان سەربەخۆیی ودەوڵەتیان نەدەكرد وەك علي الوردي: إن شعار الثورة هو (لا مفاوضة قبل الجلاء وإذا أرادوا المفاوضة فعلى الإنكليز أن يذهبوا الى الفاو ومن هناك يرسلون إلينا مندوبهم للمفاوضة معنا)[٢٦٥]، هەرگیز داوای عێراقیانەیان نەبوە كەچی زۆربەی هەرە زۆری كتێبەكانی عەرەب باس لە دروست بونی دەوڵەتی عیراقی وشۆرشی بیست پیكەوە دەكەن، گوایە عیراق بە خەباتی نیشتمانی دروست بوە، لەو بارەیەوە با ئەو دەقەی د. وردی نەقل بكەین: جاء من جانب أكثرية المؤرخين العراقيين بأن الوفد المفاوض (من جانب قادة الثورة)طلب إستقلال العراق!، بينما في رواية(هيات ـ الضابط البريطاني المفاوض) لم يأت أي ذكر لهذا الإستقلال[٢٦٦]

---

[٢٦٠] ـ كوتلوف - ثورة عشرين ص١٨٧

[٢٦١] ـ بروانە: تقرير ولاية موصل ص٤٢

[٢٦٢] ـ بروانە: الإسلام والعلمانية..ص١٨٦

[٢٦٣] ـ د.فاضل البراك - دور اليهود..ص١٠٣

[٢٦٤] ـ د. فياض ص٢٨٣

[٢٦٥] ـ د.وردی... ج٥ص٣٣٣

[٢٦٦] ـ هەردوو ریوایەت لە: د وردی... ج٥ص٢٢٨-٢٣٠ بخوێنەوە.

سەرکردەکانیشیان بە دەگمەن عەرەبێکی لێ نادۆزیەوە، بە سەرکردایەتی شێخ شعلان نەبولجۆنیش نەبوە، بەڵکو بە سەرکردایەتی (أ.محمد شیرازی) بو، لەگەڵ سەرکردایەتیەك کە پێکهاتبوو لە: محمد تقی مرزا الشیرازی، دەورە مەرجەعی شیعەی عراق وئێران و هندو لبنان و کەنداو، بە ڕەچەلەك ئیرانیە[٢٦٧]، لە ١٧/٨/١٩٢٠ مردو شۆڕشیش بەردەوام بوو، بۆیە شۆڕشەکەی خستە ئەستۆی (شیخ فتح الله ئەسفهانی)[٢٦٨]، لە سەرکردەکانی تریش: محمد مهدی مەولەوی ـ خەڵکی هند بوو، مهدی الخالصی یەکێ لەسەرکردەیەکی بەهێزبو، (مس بیل دەڵێت: لە بنەچەدا(خوراسانین)[٢٦٩]، بە هەمان شێوەش هەریەکە لە: هبە الدین الشهرستانی وابو القاسم الکاشانی وعبدالکریم الجزائری[٢٧٠] مرزا احمد خراسانی، حسین قزوینی، عبدالحسن شیرازی[٢٧١]

لە ٢٥/٨/١٩٢٠ حکومەتی شۆڕش یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسیانەیان کرد، چەندین شاندو ئەنجومەنی ئیداری وسیاسیان دروست کرد، لەوانە:١ ـ ئەنجومەنی شارەوانی ٢ ـ ئەنجومەنی ئیدارەو جێبە جێکردن ٣ ـ ئەنجومەنی زانستی کە پێك هاتبوو لە(١٤) زانابە ڕابەرایەتی (شیخ الشریعە) بۆ چاودێری وسەرپەرشتی شۆڕش و حکومەت، شیرازیش ڕابەری گشتی بو تا مردن[٢٧٢]

دوای بەریتانیا بەسەر هەردوو حکومەتی کوردستان و کەربەلا زاڵ بوو و لەنێوی بردن، حکومەتی بەغداشی پتەوکرد، هەروەك لە ڕێکەوتنی سان ڕیمۆی ١٩٢٠ دەستکاری نەخشەی سایکس ـ بیکۆ کراو ویلایەتی موسڵ (بەکوردستانیشەوە) لە بەشی (B)ی پشکی فەرەنسی خرایە سەر بەشی (A)ی بەریتانی، دوای لەمادەی (٩٥)ی سیڤەر جێبەجێکرا، ئینجا ئەوەی پێی دەوترێ (کێشەی ویلایەتی موسل)لە١٦/١٠/١٩٢٥بە زەبری بەریتانی بەیەکجاری خرایە سەر عێراق و وەك لە (تقریر ولایە الموصل ص١٠) هاتوە دەڵێت: ولایەتی موسل لە چوارچێوەی سازشێك کرا کە ویلایەتی موسل ببتە مولکی عێراق و لە بەرامبەریشدا بەریتانیا واز لە بەڵێنەکانی سیڤەربێنێ وکوردستانی

---

[٢٦٧] ـ مذكرات محسن أبو الطبيخ ص٦٠

[٢٦٨] ـ وردی... ج٥ص٣٠٩

[٢٦٩] ـ مس بيل... ص٤٤١

[٢٧٠] ـ فياض... ص٢٧٥

[٢٧١] ـ وردی- ص٢٩٤

[٢٧٢] ـ أـ وردی... ج٥ص٢٩٢ ب- العراق... ج١ص١٦٦ـ١٦٧

سەروبۆ تورکیابە جێ بهێڵی، ئەو هەنگاوەڵە دیوی عیراق لەڕێکەوتنەوە بەهۆی ئامرازی سەربازی خستە سەر حکومەتی بەغداو برسی کۆکسی (حاکمی بەریتانیا لە عیراق) بەنوسراوی فەرمی ژ:٣٣٣٠/٤ی ٢٢/٢/ ١٩٢١ فەرمانی دابو بە حکومەتی تازەی عیراقی تا کوردستانی خواروو بخەنە سەر عیراق، بەو شێوەیە لە خوارووش هەوڵ و تەقەلای کورد ڕوبەڕوی پلانێکی نێودەوڵەتی مەزن بۆوەو لەگەڵ سەرکەوتنی بەریتانی و تەوەری عەلمانی بە سەر شۆڕشی ئیسلامی خوارو و کوردستان مەینەتی کورد بە یەکجاری دروست بو.

ئیتر کوردستان لەنێو نەخشەی سیاسی جیهانی ناوی کوژایەوە روبەروی دۆخێکی نوێی وابۆوە لەمێژوی خۆی نمونەی نەبو، زۆرجار داگیرکراوە بەڵام نەمجارە داگیر و دابەشکردن بو بەپێی (ڕێکەوتنی نێو دەوڵەتی) و (سەروەری دەوڵەتی هاوچەرخ)، واتە کوردستان بوە بەشێك لە مولك وسەروەری (یاسایی) دەوڵەتی داگیرکەر، بۆیەش زاراوەی مەینەتی هەڵدەگرێ، هەربۆیەش ئەو چارەسەری و بەڵێنانەی پێی درا شکستی دەهێنا، چونکە دەنگی تایبەتی خۆی لەنێو دەوڵەتی نەبوو، لەڕێی حکومەتی عێراقی بو کە ئەویش دۆست نەبوە، ئیتر لە باشترین دۆخیدا مافەکانی کەوتە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقی، لەو بەڵێنانەش لە کۆنگرەی قاهیرە (لیژنەیەکی ٤کەسی ـ کۆکس، مس بیل، لۆرانس، یۆنگ، بابکۆك، میجر نۆئیلیش وەك ئەندامێکی ڕاوێژ) بۆ مافی چارەنوس لە ژێر ڕۆشنایی سیڤەر دروستکرا)[٢٧٣]، ڕێدرا حکومەتی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراق هەبێ، ئەو واقعە قانونیە لە مادەی ١٦ی لانیحەی ئینتداب لەسەر عێراق دەقەکەی بەو شێوەیە هاتوە: المادة ١٦: لا شيء مما في هذا الانتداب، يمنع المنتدب من تأسيس حكومة مستقلة إدارياً، في المقاطعات الكردية، كما يلوح له ...[٢٧٤]

دوای (عصبة الأمم) لەوەڵامی سکاڵایەکی کۆمەڵێك سەرکردەی کورد لە ڕێنماییەکی تایبەتی بۆ بەریتانیای دەوڵەتی(ئینتداب) نارد کەبریتی بوو لە ٣ مادە تیایدا لەمادەی دووەم داواکرابوو حکومەتێك بۆ کورد پێك بهێنرێت وچیتر بە هەڵە لێکدانەوە بۆبڕیاری

[٢٧٣] بروانە: قضية الكردية فى صراع البريطانى العراقى ص١٩٤ لەو لیژنەیە تەنهایۆنگ ونۆئیل لای کورد بوون.

[٢٧٤] دەقی لانیحەی ئینتدابی عیراق لە پاشکۆی ژ:٢ لەکۆتایی ئەو نوسینە.

ڕۆژی١٦/١٠/١٩٢٥ نەکرێ[٢٧٥]، لەوەش زیاتر لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی زیاتری لێهاتووە دەڵێ بەردەوام (عصبة الأمم)داوای لە بەریتانیا کردوە کەولایەتی کوردستان سەربەخۆ بێت لە ژێر ئینتداب ـ بڕوانە ئەو بەڵگەنامەی خوارەوە[٢٧٦]، لەبەیانەدوقۆڵیەکەی بەریتانی عێراقی لە٢٨/تشرینی دوەم/١٩٢٢دیسان دان بەو مافە هێنرا[٢٧٧]، دوای تا ساڵی ١٩٣٢ چوار ڕێکەوتنی ئاوای دووقۆڵی کرا جارجار مافی کورد سوکتر دەبووو لە ڕێکەوتنەکان ناوی تە دەهات، بەتایبەتی ئەو ڕاپۆرتەی بەریتانی ساڵی ١٩٣٢بۆ ئەوەی عێراق ببتە ئەندام لەعوسبە[٢٧٨]، بە هۆی ناڕەزایی کورد وڕووداوەکانی بەردەرکی سەرابۆ

---

[٢٧٥] ـ دەقی بڕیارەکەی (عصبە الامم) لە ل٤٥٧ی (المشكلة الكردية فى الشرق الأوسط) بخوێننەوە.مەبەست لە بڕیاری ڕۆژی ١٦/١٠/١٩٢٥ئەو بڕیارەیە کە ولایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق بەپێی لیژنەکەی عوسبە.

[٢٧٦] الكتاب معنونة الى ر.جيب سليد ضابط الجناح دائرة استخبارات القوة الجوية الملكية البريطانية

مقر القيادة، ذوبيان الحركة القومية الكردية

رغم وجود بعض الأختلافات المحلية و الأجتهادات الشخصية، هناك قناعة راسخة و مشتركة بين جميع الفئات الكردية بأن الحكم الذاتي المفروض على الكرد بفضل قوات الجيش العربية امر غير ممكن و لا يمكن القبول به. و انهم لا يستطيعون التخلي من فكرة تراودهم دوما بأن عصبة الأمم طلبت بريطانيا ان تحكم الكرد ضمن نظام الأنتداب و ان يكون هناك "ولاية كوردستان المستقلة" ضمن العراق و تتعامل مع الحكومة بوجود المندوب السامي البريطاني الذي يكون كحلقة الوصل بين الكرد و الحكومة المركزية و تكونت ادارة كل الأمور الداخلية بيد الكرد.....

[٢٧٧] ـ ئەوەش دەقی دان پیاهێنانەکەیە: ((تعترف حكومة صاحب الجلالة البريطانية والحكومة العراقية بحق الكورد الذين يعيشون داخل حدود العراق فى اقامة حكومة كوردية ضمن هذة الحدود ، وتأمل الحكومتان ان العناصر الكوردية على اختلافها ستتوصل باسرع مايمكن الى اتفاق فيما بينها حول الشكل الذى ترغب ان تقوم تلك الحكومة وحول الحدود التى ترغب ان تمد الية وان يرسلوا مرفدين ذوى صلاحيات الى بغداد للتداول فى العلاقات الا قتصادية والسياسية مع حكومة صاحب الجلالة والحكومة العراقية)) سروة ..كوردستان ص٢٤٥.

[٢٧٨] ـ لەڕاپۆرتەکەی بریتانیا وای باسی عێراق کردبوو کەلە هەمبوارەکان چوویتە پێش وشایستەی ئەوەی هەیە بەرپرسیاریەتی دەوڵەتی عێراقی پێ بسپێردرێ، کەچی وانەبوو، ئەوەش بەڵگەکانی چەرتی ئەوڕاپۆرتەیە کەدەقەکەی لە (الاسلام والعلمانية واثرهما فى نشأة الدولة العراقية الحديثة)باسمان کردوە بەو شێوەی خوارەوە: هذا التقرير لا يعكس الصورة الحقيقية لوضع العراق، ولايلبى شروط القبول فى عصبة الأمم، وكذلك يحتوى على نواقص اساسيه كالآتى:

أـ عناصر الدولة فيه ناقصة، بخلاف شروطه، فأن الشعب متفكك والأقليم عبارة عن أوطان مختلفة، والحدود غير واضحة، والسيادتي الداخلية والخارجية ناقصة ومختلة، اما السلطة في أقليم ضعيفة ولا تملك مقومات الدولة، وكان رأي بريطانيا الحقيقية غير ذلك الذي كتبته في هذا التقرير الى عصبة الأمم، وخير دليل على ذلك التقرير الذي أرسله (هنرى دوبس) المندوب السامي البريطاني في العراق –الى حكومته–، حيث جاء فيه ((أني أعتقد عند أنسحاب بريطانيا من العراق تتلاشى الحكومة العراقية خلال أشهر، او تبقى بشكل بائس في شريط حدودي بين السامراء والكوت، بينما تنشق المناطق الأخرى)) ، وأيد (ملك فيصل) ذلك باكثر منه

ب ـ لم يشر التقرير الى محاولات فصل الجنوب وولاية البصرة وكوردستان من العراق المقترح. ومجموعه أخرى من مشاكل الداخلية.

ج ـ ولم يعطي التقرير المذكور أرقام وأحصائيات حقيقية حول تحريم الشيعة والكورد من الحكم، هكذا بقيت الدولة العراقية حتى عام (٢٠٠٣م) ولم يسلم اي كوردياً ولا شيعياً منصب رئيس الجمهورية، بينما يشكل الكورد والشيعة اكثر من ٧٥٪ من سكان العراق.

وبدورها تجاهلت عصبة الأمم توصيات لجنتها التي شكلت من أجل مشكلة ولاية الموصل عام ١٩٢٤ حيث أوصت ببقاء مدة الأنتداب ٢٥ سنة فيه ، بسبب عدم أهلية الدولة في العراق ، كذلك تجاهلت العصبة شروط العضوية (لاسيما الجانب القانوني) فيها.

ع ـ منذ تكوين هذه الدولة إنعدم الأستقرار فيها، ولم يتطرق التقرير البريطاني الى ذلك، والعصبة بدورها تجاهلت التعهدات العشر التي أخذتها من الدولة العراقية، حيث خرق معظم موادها من قبل العراق.

ومآخذ أخرى كثيرة من التقرير...

بە ئەندام بون لە (عصبە الامم) (١٠) بەڵێننامەی لێ وەرگیرا، بەڵێننامەی (٩ و ١٠) تایبەت بو بەکورد.. بەڵام بەو دۆخەی کە کوردستان وەك هەرێم بتوێتەوە لەناو عێراقدا بەو بەڵێنانە چارەسەر نەدەبوو وەك نەبوو، چاکترینیان ئەو پێشنیارەی لیژنەی نێوڕژی ویلایەتی موسلی (عصبة الأمم) بوو داوای کرد ئەگەر فاکتەری ڕەگەزی بنچینە بێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە ئەوا هەق وایە حکومەتێکی کوردی لێ دروست بکرێ[٢٧٩]، ئەگەر ئەوەش ناکەن دەوڵەتی عێراقی لەو تاستە نیە میللەتێکی تری بخرێتە ژێر بەرپرسیاری، بۆیە پێشنیاریان کرد کە عێراق بۆ ماوەی ٢٥ساڵ لەژێر ئینتدابی (عصبةالامم) بمێنێتەوە[٢٨٠] تا ئەو ساتەش لە چوارچێوەی عێراقدا ئەو پێشنیارە لە هەموی باشترە کە دەوڵەتێك بێت سەربەخۆیی تەواوی نەبێ سوپا و مەرکەزیەتی نەبێ مولکی(مەحمیە ـ لە ژێر ویسایە)ی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت.

کەواتە کوردستان چی بەسەرهات؟

لەروی سیاسی و یاساییەوە خاوەنی هەرێم و خاکی خۆی نەما، خرانە سەر عێراق (هەروەها نمونەی تورکیای نوێش هەروا) بە میللەتەوە کە توخمەکانی بون بە دەوڵەتی هەبووە، بێ ڕێکەوتن خرانە نێو زیندانی دەوڵەتێکی تر، نمونەی ئەو جۆرە دەگمەنانە کەم بو لە جهان، قوبرس ولبنان وەك میللەت (نەك وەك هەرێم) تارادەیەك.. بەڵام ئەوەی وەك کوردستان دوو هەرێم و دوو میللەت پێکەوە دەوڵەت پێك بهێنن (چیکۆسلۆفاکیا بوو(چیك و سلۆڤاکیا). یۆگسلافیاش کە پێکهاتبو لە: سربیا، کرواتیا، بۆسنەو هرسك، مۆنتیگرۆ(جبل الاسود)، کۆسۆڤا.. ئەوەی دوای شێوە مەرکەزی بێ ڕێکەوتن بوو لەدوای (تیتۆ) هەڵوەشایەوە، بەڵام نمونەی دروست چیکۆسلۆڤاکیا بو کە لە دوو میللەتی ٦٦٪ی چیك و٢٨٪سلۆڤاك، قوبرسیش بە پێی دەستوری ١٩٥٩ تەوافوقیانە رێك کەوتن لە سەر بنچینەی ڕێژەی پێکهاتەیی، بە جۆرێك ٦٠٪کورسی یۆنانی وباقیەکەی تر تورك وکەمایەتی ترن سەرۆك کۆمار یۆنانی جیگری تورك، ٣٥پەرلەمانتار بە ١٥، ٧ بە ٣ وەزیر، لبنان وئیماراتیش ئاوا دابەشکراوە.

[٢٧٩] ـ تقریر ولایة موصل ص١٠ بەڵام لەراپۆرتە ئەسلیەکەی ص١٤٤؛
[٢٨٠] ـ دوو جار ئەو پێشنیارە لەراپۆرتی ویلایەتی موسل هاتوە ـ تقریر ولایە موصل ص٢٢٠

هەنگاوی دروست لەپاش مەینەتی ئەوەیە: دەوڵەتیکی) کوردی ـ عەرەبی ـ یا خود باشتر لەوە لە هەر سێ پێکهاتە پێك بێت ومافی تورکمان وئاشوریو ئەوانی تر ڕەچاو بکرێت) لەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەوترێت: عیراق دروست بکری لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنی ئارەزوو مەندانە، تیایدا ناوی دەوڵەت وئالاکە وەك (چیکۆسلۆڤاکیا) گوزارش لە هەرسێ پێکهاتە بکا لەدابەشی دەسەڵات و دەستور... بۆ ئەوەی لایەك زاڵ نەبێ بەسەر لایەکی تر، ئەو ڕێکەوتنە لەدەستور زامن بکری و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لێی بەرپرسیار بن، ئەوە چارەسەریەکە ئەگینا چارەسەری بەڕاستی مافی چارەنوسە

کەواتە کەی مەینەتی کورد دروست بوو؟ بەرپرسیارەکان کێن؟

بەکورتی لەنێوان١٩٠٨ـ١٩٢٤مەینەتی کوردی تیا دروست بوو لەو ماوەیەشدا ئەوانە ڕویدا:

١- ئینقلابی اتحاد الترقی لە ١٩٠٨ ی عەلمانی تۆرانی بەسەر ڕەوتی عوسمانی.

٢- ڕێکەوتنامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦ و دابەشی ناوچەکەو کوردستان لەسەر دەستی هاوپەیمانان.

٣- هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤ ـ ١٩١٨ و سەرکەوتنی هاوپەیمانانی ڕۆژ ئاواو شکستی عوسمانی تیایدا و دابەشکرانی.

٤- سەرهەڵدانی دەوڵەتی تورکیای عەلمانی هاوچەرخ لە ١٩١٨ — ١٩٢٢ لەجێ ی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵوەشانەوەی بەیەکجاری لە ٣ ـ ٣ ـ ١٩٢٤، بەهەمان شیوەش سەرهەڵدانی دەوڵەتەتی عیراق و سوریا و... لەوئێوانە.

٥- هاتنی دام و دەزگای عەلمانی لەجیاتی ئیسلامی وەك دەستور و ئەنجومەن و پرۆگرامی فێرکردن، لەسەر ئاستی جهانیش پەیدابونی ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان ویاسای نێو دەوڵەتی و (عصبة الأمم) و پەیوەندی نیو دەوڵەتی و... هتد

کەواتە زۆر بەزەقی دەردەکەوی عەلمانیەت لەمەینەتی کورد بەرپرسیارە بەهەر سێ تەوەری جهانی و ئیقلیمی و ناوەکی بەشێوەیەك کە:

١- عەلمانیەتی جیهانی بەرپرسیارە بەهۆی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ١٩١٦ تالۆزانی ١٩٢٣ و دابەشی ناوچەکە و دوای داگیر کردنی و دابەش کردنی بەفەرمی وخستنە سەر عیراقی تازەو ئەوانی تر.

٢- عەلمانیەتی ئیقلیمی کە بریتیە لەبزوتنەوەی تورکیای لاو ١٨٦٥ بەسەرۆکایەتی مدحت پاشا تادەگاتە بزوتنەوەی کەمالی و دروست بونی تورکیای عەلمانی.

٣- عەلمانیەتی ناوەخۆ بریتین لە و سەرکردە کوردانەی کە هاریکاری ئتحاد الترقی و کەمالیان کرد.

بۆ ئەوەی کورد دۆست و دوژمنی خۆی بناسی دەتوانین هەمو ئەو کەسایەتی و لایەن و مدرسانەی دیاری بکەین کە ڕۆڵی سەلبی بینی لە کاتی دروست بونی مەینەتی کوردی و ئەوانەی ڕۆڵی ئیجابیشیان بینی:

باشەکان: میجر نوئیل، میجرروس، چەرچل، ئەدمۆند ئەلینی، ئەرسەر فرنج، کالسپۆرت، مسیولی، یۆنگ، عقید لۆرانس، کیرزۆن، ج رۆمبلید، فیتیفگیۆ، ریتشارددۆب، کالسرۆپ، سی سی ویل، کۆرنەوالیس، گۆلدسمیپس، لویدجۆرج، (چوار باشەکەی کۆنگرەی قاهیرە:چرچل، یۆنگ، نۆئیل، تی لۆرانس)، ئەدموندکلینی، مدرسەی ئەهلی قاهیرەی (بەریتانی)، لیژنەی (کینگ کراین)ی ئەمریکی [٢٨١]، بوغوس پاشای ئەرمەنی، سوڵتان محمد واحد الدین، فرید پاشای باب العالی، محمد شیرازی (سەرۆکی شۆرشی بیست) توینبی میژوو نوس، شۆرشەکانی سەنوسی ومەهدی وخەتابی مەهدیە وشازلیە وبادیسیە و شۆرشەکانی شیخ عبدالقادر وعمر المختار وعبدالکریم خەتابی لە ئەفریقیا و شۆرشی بیست لەخوارووی عیراق....

خراپەکان: ویلسون، برسی کۆکس، مس بیل، ئەوانە هەرسێك نوێنەری بەریتانیا بون لەبەغدا، هنری دۆپس، سیر ف همفری(سەرکردەی گشتی هیزە چەکدارەکانی عیراقبوو)، لچمان، تۆماس هۆهلەر، هنری دۆبز، شیپارد، دی رۆبیك، لورد کرزن، کلایتۆن، میجر سون، لونکرینك، میجر ئاهی، ماکماهون، میجر راندی،

[٢٨١]- ئەو لیژنەیە لەلایەن ویلسۆنی سەرۆکی ئەمریکا نێردرا ڕۆژهەلاتی ناوەراست پێك هاتبوو لە (هنری چەرال کینک لەگەل چارلز کراین ، لەسالی ١٩١٩ بۆ یەکەم جار جاریان بە سەرکردایەتی کورد کەوت وبەو نەخشە دابەشیەی کوردستان و سایکس پیکۆ قایل نەبوون

نوێنەرەکانی بەریتانیا لەئێران، مدرسەی بەغدای ئیمپرالی بەریتانی، اتحاد الترقی، تەیاری تۆرانی، ئەتاتورك، لینین، ستالین، بریجنیف، ملك فیصل، حزبی الفتاە العربی، تەیاری عروبی، لەکوردەکانیش مستەفا دەرسیمی، مراد پاشا، دیاب ئاغە، ڕەهبەری برازای سیدرەزا، قاسم بك جوبرانلی، حاجی شکری بەگ، حسن خەیری، مجۆ ئاغە، مستەفازکی بەگ، برنجی زادە، زولفی بەگزادە، رامزبەگ، جعفر عسکری، ئینینۆ، زیائەلب، لوتفی فکری، جاریش وابوە هەندێك لەوانە (کوردەکان وبەریتانیەکان) هەلوێستی باشیان هەبوە یان لە دوایی گۆڕاوە.

بەشی چوارەم

هۆی ڕاستەقینەی بە دەوڵەت نەبونی کورد

ئەو هۆکارانەی لە لایەن زانایان باسی کراوە

دیسان ئەوەی ئەو بابەتە دەشێوێنێ وهۆی ڕاستەقینەی پێ نادۆزرێتەوەلەسەر کۆمەڵێك چەمك ونەکزیۆمی هەلە بینای توێژینەوەکەی دەکا، لە هەمویان ترسناك تر دەستەواژەی: مێژووی کورد هەر چەوساندنەوە بووە...، هەرچی دەست دەداتە قەڵەم یەکسەر دەنووسێ: بەهەزاران ساڵە کورد دەچەوسێتەوە، یان دەڵێ بەدەیان هەزار ساڵە عەرەب ئێمەی داگیرکردووە یان فارس... ئەو چەمکانە بێگومان هەڵەن، جارێ لەمێژوودا تا لەسەردەمی هاتنی ئیسلامیش هیچ بەڵگەیەك نییە عەرەب هاتبێ کوردی چەوساندبێتەوە، یان عەرەب حوکمی لەسەر کورد کردبێت، تەنها لەسەردەمی عەباسی و ئەمەوی، ئەویشبەو شێوەیە نەبوە، پەرتووکی گەورەی ﴿الملل والنحل والاعراق﴾ زۆر بەوردی باسی ئەو دوو سەردەمە دەکا، دەڵێت: سەردەمێکی ناخۆشی هەمو میللەتان بو بەڵام میللەتی کورد وەزعی باش بوو، تەنها بەلێنێکی زارەکی یان نوسراویان بە(قاسدێك) دەنارد بۆ خەلیفە دەیان گووت: ئێمە لەگەل تۆین، بەڵگەیەکی بەهێزمان هەیە کە هێزی عەباسی و ئەمەوی نەگەیشتە کوردستان ئەویش ئەوکاتەی ئەمەوییەکان زۆر بەتووندی لەبنەماڵەی پێغەمبەریان(د- خ) دا، زۆربەی سەیدەکان لەهیچ شوێنك جێیان نەدەبۆوە، یان بە فراوانتر بڵێین معارەزەی دەسەلأت هەڵدەهاتن بۆ کوردستان نیشتەجێ بون، یان (هاتنی خەواریجەکان بۆ کوردستان کە لەکوردستانەوە هێرش دەکەنە سەر دەوڵەتی ئەومەوی وعەباسی)، کەواتە ئەو گۆتانەی دەووترێت کورد چەوساندراوەتەوە لەمێژوو ڕاست نین، جیاوازی حوکمی ئیسلامیان (لەگەل ئەو هەمو سەلبیاتەی هەشیبوە) لەگەڵ سیستەمەکانی تر لەوەیە کە مەرکەزیەت دەوری نەبووە، بۆنموونە لەڕۆم ئەوان

سەرۆك بون یان لە ساسانی فارسەکان بون یان لە فیرعەونییەکان...هتد، مەرکەزییەت هەبوە لەناوچەو جوگرافیاو دانیشتوان، بەلآم لەئیسلامدا وانەبوە، سەردەمێك پایتەخت لەمەدینە بووە، دوای چۆتە کوفە، دواتر چۆتە دیمەشق، بغدا، قاهیرە، ئەستەمبۆل، ئیران، ئەندلوس...هتد

ئینجا دەسەلآتی ئیسلامی لەناو میللەتێکیش قەتیس نەماوە، سەرەتا لەدەست عەرەب بووە دوای حوکم کەوتە دەست سەلجوقییەکان، دوای ئەیوبییە کوردەکان، دوای مەمالیکەکان و عوسمانی وسەفەوی و...هتد.

کوردیش لێرەوە دەوری خۆی دیوە، توانیویەتی نزیکەی (١٠٠)سال میراتی دەسەلآتی ئیسلامی بگرێتە دەست، جگە لەوەی دەوڵەت و میرنشینی کوردی فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردوە، کەواتە کورد شتێکی کەم نەبووە ئەگەر زیاتریش نەبوبێت، ئەو گەلآلەیەش وێنەیەکی وا نەدا کە هەرگیز کورد دەوڵەتی نەبوە، بەڵکو مەبەست دەوڵەتی مۆدیرنە.

مێژووی زوڵم لە کورد لەسەدەی ٢٠ ەوە دەست پێدەکات، لە هەمو مێژویدا بە ئەندازەی دوای سەدەی بیستەم نەچەوسایتەوەو داگیرنەکراوە، کەواتە ئەم بۆچونە ڕاست نیە و حوکم لەسەر مێژو دەکات بە پێی واقعی ئێستا، زۆریش باوی هەیە لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم بۆچونە ڕاست بێ کەواتە ئێمە ئەو ڕزگارییەی دەمانەوێت مانای نییە. ئەم داواییەی لە وڵاتانی دراوسێ تورکیاو عێراق و ئێران وسوریا دەیکەین نارەواییە، ئەگەر هەزاران ساڵ چەوسابیتەوە تازە داوا لە کێ دەکەیت.

ئینجا چۆن دەست نیشانی مافی خۆت دەکەی، بە پێی ئەو بۆچونە حەق بە بەغداو دیمەشق و تهران و ئەنقەرە دەدەی کە مافمان نەدەنێ بلێن: ئێوە تێك دەرن.

پێش سەدەی بیستەم چەوساندنەوە هەبوە، بەلآم چەوساندنەوەی نەتەوەی نەبوە، ڕەنگە کورد غەدری لێکرابێ تالآن کرابێ کوشتاری لێ کرابێت، کوردیش وای لەعەرەب و وخەڵکی تر کردووە، هەریەکە خۆبەخۆش وایان لێك کردوە، خەڵکی دیکەش وای بەسەر هاتووە،لەکتیبە مێژوویەکانی(طبری وابن کثیر ومقدسی..) باسی زوڵمی کورد کراوە لەخەڵکی تر،لە (وفیات الأعیان)دەڵی لەشقرێکدا کورد ٢٠٠٠ئافرەتیان لة عرب وفارس

نقنفال کرد، واهاتووه: وافتض الاکراد مائتي بکر من أهل البیوتات وحملوا معهم نحو ألفي امرأة إلی بلادهم

ئەگەر بێینە سەر نێوان کوردو عەرەب رەنگە نزیکەی (٣٠) جار بەغدا داگیرکرابێت، زۆربەی نەتەوەی تر داگیری کردوە کوردیش سێ تاچوار جار داگیری کردووە، نمونەیەك نییە لەمێژو عەرەب هاتبێ هەولێرو سلیمانی داگیر کردبێ، کەواتە لەپای چی ئەم سەروەرییە دەدەیتە عەرەب دەڵێی هەر ئێمەیان چەوساندۆتەوە، کەواتە بەو بۆچونە بێت باوك و باپیرانمان ترسنۆك بونە.

ئەگەر بێیتە سەر ڕاستی کە چەوسانەوەی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەمە هەقەکە دیارە، ئەو کات دەڵێ: ئەوە ئەوانە بەرپرس بون حەقە کەم لەلای ئەمەیە لە ڕوی وپاسای و شەریعەتی ڕونە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە سەرەتای دروست بونی مەینەتی کورد بۆ سەرەتای سەدەی (٢٠) دەگەڕێتەوە، کاتێك دەوڵەتی هاوچەرخ بەپێ یاسای نێودەوڵەتی دروست بون لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لەو کاتەوە مەینەتی کورد دروست بوە هەر بۆیە مێژوی جوڵانەوەی کوردیش ئەوکاتە دەستی پێکردووە، کەواتە ئێستا دەزانین کێ بەرپرسە وە مافەکانمان لەلای کێیە وە هۆیەکانی دروست نەبونی دەوڵەتی کوردی چیە، نابێتە نەزەری جودا جودا وەك لە خوارەوە بە پاڵپشت بەو بۆچونە لەنگەی سەروەوە بەکورتی هۆیەکانی دروست نەبونی دەوڵەتی کوردی باس دەکەین، دەڵێن چونکە:

١ـ کوردستان سنورەکانی داخراو بودو کەوتۆتە نێوان عوسمانی وسەفەوی واتە لایەکی لەسەر ئاو نەبووە بۆیە نەبویتە دەوڵەت[٢٨٢]

٢ـ لەکۆنەوە هەر چەوساوەتەوە وژێر دەستە بوە..

٣ـ زۆر عەشایرو دواکەوتوو بووە، میللەتەکەی ڕەوەند بووینە..

---

[٢٨٢]ـ ئەو ڕاپۆرتە لەنێوان ئەرمەنی وبەریتانی هۆیەکانی بەدەولەت نەبوونی کورد باس دەکا: جمهوریة أرمنیة السوفیتیة – یریفان
Foreign Office

...أعتقد بأن لیس للکرد مستقبل کشعب. أنهم یعیشون في منطقة فقیرة، موزعون بین ثلاثة أو اربعة قوی و ان نفوسها قلیل قیاسا الی جیرانهم و لیس لهم موقع علی الساحل و لهم میل الی القبیلة آکثر من میلهم الی القومیة و ان مصدر الدعوات القومیة الکردیة الحالیة یعود جزءا الی التصریح المشترك الأنجلو – الفرنسي تشرین الثاني عام ١٩١٨ و الذي نص علی تحریر الشعوب الخاضعة للدولة العثمانیة و أعطانهم حق تقریر المصیر و الذي کان جزءا من الأعلام الحربي للدول الحلفاء أثناء الحرب العالمیة الأولی.

توقیع W.J. Childs ١٩٢٩/٨/١٧

٤ـ شارێكی زۆر گەورەی بازرگانی نەبووە كە وەك مەركەزێك بێت.

٥ـ زاڵبونی هەستی ئاینی بەسەر نەتەوەیەتی دا سەركردەكانی كورد هاوكاریان لەگەڵ ڕۆژئاوا نەكرد، لەتۆلەی صلاح الدین ئەیوبی نەیان كردونەتە دەوڵەت.

٦ـ زەمینەی یاسای و سیاسی كەبریتییە لەهەرێم وگەل و دەسەلآتی سیاسی ئامادەنەبو.

٧ـ ناكۆكی وناوەخۆ لەنێو كوردان و كێشەو ناكۆكی سەركردەكان

٨ـ لیدانی ئەرمەن وچەوساندنەوەی نەسرانی ئەو كیشانە وای كرد كورد نەبیتە دەوڵەت.

٩ ـ زۆری سامانی ژێر زەوی كوردستان هۆی بە دەوڵەت نەبونی كوردە.

١٠ـ هەیە دەڵێ، چونكە پارچە پارچەكراین بۆیە نەبووینە دەوڵەت!.

١١ـ ڕایەكی تری نوێش لەنێو كوردستان ودەرەوە هەیە دەڵێ: توانای دەوڵەت بەڕێوەبردنیان نەبوەو نیە..

وەلآم و هەلسەنگاندنی ئەو بۆچونانە

یەكەیەكە بە ڕێز بەندی خۆی وەلآم دەدەینەوە

١ـ بەشی زۆری لە مێژوناسی كورد و غەیرەكورد و مونەزیرەكان هۆی نەبونی كورد بە دەوڵەت بۆ ئەو هۆكارانە دەگێڕنەوە دەڵێن كورد چواردەوری بە دوژمن دراوەو هیچ لایەك ناكەوێتە سەر دەریا، بۆ ئەوەی دەرگای كراوە بێت لێی...

خۆ ئەرمینیا و ئازربیجان و عێراقیش كەوتبوە نێوان ئەو دوو ئیمبراتۆریەتەوەو بونە دەوڵەتیش، بەپێچەوانەوە گەلێ جار میرنشین و دەوڵەتە كوردیەكان سودیان لەو جیۆپۆلیتیكە وەرگرتبوو.. لەپێش مەینەتیەكەی واتە لە سەرەتای سەدەی بیست چواردەوری دوژمن نەبوو، ئەگەر عوسمانی و فارسی بەدوژمن حساب بكەین خۆ عێراق و سوریا و ئوردن دروست نەببون، ئنجا ئەوكاتی كە ئەو دەوڵەتانە دروست بون و كورد لێی بێبەشكرا فارس و عوسمانی هەر دەسەلآتیان نەمابوو، میللەتی تریش هەبو نەداخراوبوینەوە كو (مونگۆلیاوسودان وچادو هەنگاریاو ..بەدەیانی تر) كەچی بووینە دەوڵەت..كەواتە ئەوە هۆی بنچینەیی نەبوە.

٢ـ هەرچەندە هەلەیە کورد وکوردستان هەر ژێر دەستەو چەوساوە نەبوینە[٢٨٣]، خۆ ئەگەر واش بێت جولەکە لەکۆنەوە چەوساوەتەوە یان ئەرمەنییەکان، یان عەرەب کەچی بووینە دەوڵەت.. بونی دەسەلاتی کوردی بەو فراوانیەی لە میرنشین و دەوڵەت و لە دەسەلاتی ئەیوبی و دوای دەسەلاتی کوردی بەسەر شام و بەغدا و زۆر شوێنی تر، دەسەلمێنێ کە کورد ئەزموونی دەسەلاتی سیاسی و پابەندی بە یاسا بە تایبەتی یاساکانی (شەریعەت) تا ئەو ڕادەیە پابەندی بەشەریعەت ببوە نەریت و رای گشتی، بەلاّم ڕاستە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیش بووە، دیسان ئەوانەی زۆر خێڵەکی (مەبەست لێرە ئەوانەی دەرەوەی شارە کوردیەکان) تاڕادەیەکی چاك توخمی مەدەنیان لێ بەدی دەکرێ بەهۆی ئاینەکەیان لە لێبوردەیی و بەهاناهاتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ژینگە و...هتد.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە کەمینەکان دەبینین جوو و گاور و دیان لە کوردستان نەك لە شارەکان لە گوندەکانیش ژیاون، موڵك و سامانیان پارێستراوە، بەپێی راپۆرتی (عصبة الأمم) ساڵی ١٩٢٥ی ویلایەتی موسڵ وا پیشان دەدا کە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی مەسیحی و کورد لە کوردستان نمونەییەو دەگمەنە، بەپێچەوانەوە ئەگەر عێراق بەنمونە وەرگرین و بووە دەوڵەتیش بەپێی توێژینەوەی کۆمەلاّیەتیەکانی(حەنابەتاتۆ)، (د.علی وەردی)، (فۆرستەر)...

دەبینین کۆمەڵگەکەی نەك هەر خێڵەکیە، بەڵکو بەدەویش بوە لەکاتی بونی بە دەوڵەت، وەك لەو ئامارە دەردەکەوێ: ٣٥٪ بەدەوی،٤١٪ دەشتەکی، ٢٤٪ شارستانی، شارستانیەکەش زۆربەی غەیرە عەرەب بون. خەڵکی ناو شاری بەغدا (بە نمونە) بەشی زۆری عەرەب نەبونە، لە سالی١٩٠٠ سێ نوێنەریان لە مەبعوسان (پەرلەمانی عوسمانی) بۆ هەڵبژێردرا تەنها یەکیان عەرەب بوو بەناوی (محمود ئالوس)، دووەمیان کورد بو بەناوی (اسماعیل حقی بابان)، سێیەمیان یەهودی بو بەناوی (ساسون حسقیل)، رێژەی بازرگانان لە ٩٥٪ یەهود بون، خەڵکی ناو بەغدا {بەپێی ئاماری ١٩٠٨} بریتی بو لە

[٢٨٣]ـ باسی ئەحواڵی وڵاتانی ئەمریکا بۆ دەکەی
باسی مازی و حاڵ و ئیستقبالی سۆرانی بلێ
چەند حوکمدارت لە بەدلیس و بۆتان بوود
گەر بەوە عیلمت نیە پاشای بابان بلێ

١٥٠,٠٠٠ كەس، ٥٣,٠٠٠ يەهودی بون، جگە لە كورد و فەيلی و مەسيحی، بۆيە شەمە پشووی بازارِ بو لە جياتی هەينی[٢٨٤]، ئنجا كۆمەڵگەيەك بون زۆر دژی ياسا و دسەلاّت كەچی بە بڕياری بەريتانی بون بە دەوڵەت، بەلاّی كەمی خەڵكی كوردستان مەدەنی تر بون لە عەرەبی عيراق، تاهاتنی مەليك فەيسەل، كە لەكۆنگرەكان بەشداری دەكرد بە حيساب رۆشنبيرترين كەس بوە ئينجا كە لە بەريتانيا ئيمزای كردبوو نەی زانی بوو ئينگليزيەكەی بخوێنێتەوە لۆرانس بۆی خوێندبوە، شيخەكانی كەنداو ئيمزای دەستيان نەبوە بە پەنجە مۆريان كردوە، بەڵگەيەكی بە هێزتر كاتی سيستەمی ئينتداب لەلايەن (عوسبە)دەرچوو بەپێی ريزبەندييەكانی خوارەوە پۆلين كران بە پێی دواكەوتوويی : گرووپی A: ژێر دەسەلاّتی عوسمانی (وەك عێراق و توركياو كورد...) ئەوە پێش كەوتوو بون، گرووپیB ئەفريقيا پلەی دووەمی هەبوو، گرووپی C ژێردەستەكانی ئەلمانيا پلەی سێيەمی هەبوو، كەچی پلە سێيەكانيش بونە دەوڵەت..كەواتە ئەوەش هۆی بنچينەيی نەبوە.

٣ـ هەرچەندە شاری گەورە كاريگەر بوە، كاتی خۆی شار دەبوە دەوڵەت وەك ئەفلاتون لە (جمهوری)ەكەی باسدەكات. كوردستان شاری گەورەی لێبووە وەكو هەولێر و سليمانی و دياربەكر، لەبەڵگەنامەی بەريتانی باس لەشارێكی تری گەورەی بازرگانی دەكا، كە ڕۆژهەلاّت ورۆژئاوای پێك بەستبۆوە[٢٨٥]، ولاّتی تر هەبوە هەر بيابان بوە وەكو (نوردەن و قەتەر...).

كەچی بووينە دەوڵەت.. كەواتە ئەوەش هۆی بنچينەيی نەبوە.

٥ـ ئاين زاڵبووە...خۆ ئەگەر وابوايە پێغەمبەر (د.خ) عەرەب بوە، كەوابو دەبێت يەك ولاّت بۆ عەرەبان دروست نەكرابايە يان دەوڵەتی توركيا.

---

[٢٨٤]ـ لە نێو هەندێ فەرموودە زەمی بەغداو ئەهلی عيراق كراوەو داواكراوە لێی دانەنيشن، لەص١ ج١{ تاريخ بغداد - الخطيب البغدادي} دەڵێ: بەغداد وخاكی سواد غەسبە ناكری ونافرۆشری لێشی دانەنيشی باشە، دەڵێن : ناوی بەغدا لە بتی عەجەمان هاتوە بۆيەناويان نا (دار السلام)

[٢٨٥] secret. Kurdish policy New Delhi .Lndia..File No .١٢/١٤ vol.v١١

وزارة الداخلية ١٦شباط١٩٣٠ مذكرة سري، رقم ٦٤٦ \سي.

... وكان كردستان مركز التجارة العالمية ومعبر المهم للتجارة بين الصين والهند. حيث كانت القوافل البرية تسير بين همدان وكابول ولاهور ودلهي والصين واسكندرية وكان الكرد حماة طرق القوافل. كان مدينة كرين الكردية مركزا تجاريا عالميا...

ئینجا لەدوای جەنگ هەموسەرکردەکوردەکان دەستیان بۆهاوپەیمانان درێژکرد بۆ ئەو مەبەستە، هەر لە شێخ عبیداللە وشیخ عبدالقادری شمزینی وشیخ محمودو قازی ومەلا مستەفا...هەرچی هێزی گەورەیەو کەسێکی کاریگەر بوە لەو جیهانە نامەیان بۆناردوەوگەلاڵەیان پێشکەش کردوە، هەم بۆ جیهانی ئیسلامیش، ئەگەر سەرکردەکوردەکان ئاینیش بووبن ئەوا لەگەل ئاینەکانی تر دۆست بون هەروەك لە راپۆرتی و یلایەتی موسل و بەلگەنامەی بەریتانی وزۆر سەرچاوەی ترهاتوە، لە حکومەتی شێخ محمود وەزیری دارایی کەریمی عەلەکەی مەسیحی بووشیخ سلام بە شیخ النصرانی بەناوبانگ بو، کاهینێکی گەڕیدە هاتبوە کوردستان وسەردانی ناوچەی بارزان وکوردستانی کردبو سەرسام بو بەوتەباییەی نێوان کوردستانیەکان لە ئاینە جیاجیاکان کتێبێکی نوسیبوو بەناوی(مهد البشريه ـ الحياه في شرق كوردستان) شيخ عبدالسلامی بە(برایان بۆرۆ)ی ئیرلەندای شوبهاندبوو، کە لە کوردستانیش لەژێر سایەی ئەخلاقی ئاینی وەقە زێڕەك لەدەرەوە بەجێ بهێلە کەس دەستی بۆ ناباو، مالی مەسیحی زیاتر پارێزراوبوە[٢٨٦]، کۆمەلێك خەلکی ئاین پەروەر بەخەگیری شێخ سعیدبون و داوایان لێکرد فهمیە فەندی دەربکا چونکە لەکافر کافرو مولحید ترە، شێخ سعید پێی وتبون خۆ کوردێکی چاکە لێیگەڕێن با بمێنێ[٢٨٧]، کەواتە جار وابوە نەتەوایەتیان بەسەر ئایدیۆلۆژیا خستوە، ئەگەر ئاڕستەی شۆرشەکانی کورد ئاینیش بوبێ خۆ لە عیراقیش شۆرش دژی بەریتانیا کرا...، ئەگەر تۆلەی سەلاح الدین بێت لەکورد بۆ تۆلە لە (محمد فاتیح)نەکراوە کەچی بوینە دەولەت..کەواتە ئەوەش هۆی بنچینەیی نەبوە.

ئەوەی دەلێت: ئاین ڕێگر بوە بۆ کورد ویاریدەدەر بوە بۆ عەرەب وتورك، دەلێن: ئەوان سودیان وەرگرتوە بەلام کورد سودی وەرنەگرتوە ..، ئەوانە لەوە بە هەلە داچووینە وا دەزانن ئەو ولاتانەی عەرەبی زادەی ئەمەوی وعەباسین وتورکیاش زادەی عوسمانیە...، نەخێر هەلەکە ئەلێرەیە، ولاتانی عەرەبی وتورکی لە لایەن ڕۆژئاوا دروست کراون نەك لەلایەن خیلافەتی ئیسلام.

---

[٢٨٦]ـ أيوب بارزاني —المقاومة الكردية للإحتلال ص٨ هەروەها بڕوانە ئەو ڕووداوەی یارمەتی ئەرمەنەکان لەلایەن سەرکردە ئاینیەکانی کورد لە ل٢٦٤ی مسعود بارزانی-بارزانی وبزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد

[٢٨٧]ـ الملامح السياسية لتأريخ الكردالحديث والمعاصر ـ صباح ارام ص١٤٢

٦ـ ناكۆكی ناوەخۆی هەبوە بەڵام هەمو میللەتێك ناكۆكی ناوەخۆی هەبوە تەنانەت دەوڵەتەگەورەكانی ئێستاش لەوانە: ئەمریكا یان بەریتانیا، ..لە كێ هەیە ناكۆكی ناوەخۆ نەبوبێت، كەچی بوینە دەوڵەت..كەواتە ئەوەش هۆی بنچینەیی نەبوە.

٧ـ زەمینەی یاسای وسیاسی كەلەهەموان گرینگترە بەڵام لەكوردستان لە هەموان زیاتر سازتربوە، هەر خودی بەكارهێنانی ووشەی كوردستان لەسەدەی (١٢) ەوە دەست پێدەكات لەساڵی ١٣٣٩ز كەوتە سەر نەخشەی ئیبن مستەوفی بۆ یەكەمجار وەك مێژووی جوگرافیای، مێژووی ئیداریەكەی لە دوای سەدەی ١٧ دەست پێ دەكا[٢٨٨]، كە بۆ ٥و یلایەت بەكارهات و ناوی كەوتە سەر نەخشەی ئیداری، مێژوی سیاسی لە كۆتایی سەدەی بیستەم دەست پێ دەكا، كاتێ شیخ عبیداللە داوای هەمو كوردستانی كرد، مێژووی سیاسی لەدوای ساڵی ١٩٠٨ خەستتر بۆوە، مێژووی یاسایی لە كۆنگرەی (سیفەری ١٩٢٠)ڕا دەست پێ دەكات چونكە لەژێر سەردێری یاسایی (بەشی سێیەم كوردستان) لە سیڤەر هات، كەواتە لە سەردەمی دروست بونی دەوڵەتی مۆدیرن كوردستان (واتە كوردستان وەك هەرێمێك) مقەوەماتی مێژوویی وجوگرافی وئیداری وسیاسی و یاسایی بڕیبوو بۆ بون بەدەوڵەت، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو هەرێمانەی لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست ئەو مقەوەماتانەی نەبوەو، بەراود لەگەڵ عیراق نەهەرێمێكی ئیداری نەسیاسی نەیاسایی بوە، تا ساڵی ١٩٢١ ئینجا لە كۆنگرەكان ناوی هاتوە.. كەچی بوینە دەوڵەت..كەواتە ئەوەش هۆی بنچینەیی نەبوە.

٨ـ لە ڕاستیدا رەفتاری هەندی سەركردەو عەشایەر دژ بە (غـەیرە دیـن) زۆر سـەلبی بوە، بەڵام بە دەیان بەڵگەنامەش لای هێزە گەورەكان هەیە كە كـورد لەگـەل كەمایـەتی ئاین باش بوینە، خۆ ئەگەر ئەو فاكتەرە گرنگ بوایە بـۆ دەوڵـەت دروسـت بـون دەبوایـە توركیای نوێ هەرگیز نەبوایە دەوڵەت، چونكە بە فەرمی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەسـتۆی ئیتحادولترەقی وكەمالیەكان بوو،هەر لە مادەی ((١٤٢)ی سیڤەر بەتیرۆر وەسفی دەكـاو ئاماژە بە حكومەتی ئیتحادوالترقی (كەبناغەی توركیای نوێیە) دەكا وەك بەرپرسیار لـەو

---

[٢٨٨] ـ جوگرافی ناسەكانی ئیسلامی لەو دوایە وەك ئیبن حوقل وئیستاخەری وتەلیعزنی وزۆری تر بۆ یەكەم جار هەولیاندا سنوری ئیقلیم لەسەر بنچینەی زمان دابڕێژن شان بەشانی دارشتنی هەندێكیشیان لەسەر بنچینەی جوگرافی وسروشتی ومێژوویی... كوردستان یەكێ لەوانە بوو زوو لەسەر بنچینەی زمان كەوتە ئیقلیمی جیبال.

تاوانە ـ بۆیە هەر هەوڵێك بە هەڵەیی بـۆ توشـکردنی کـورد یـان عوسمـانی بـەو تاوانـە هەڵەیەکی کوشندەی ستراتیژییە.

٩ـ ڕاستە کوردستان سامانی زۆرەو هەمو لایەك چاویان لەخێروبێری بوە، بەڵام سەردەمی دروستبونی دەوڵەتی هاوچەرخ لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم سیستەمێکی جیهانی نوێ دارژرا، سیستەمی ئیمپریالیزمی ڕاستەوخۆش گۆڕا بۆ ڕێکەوتننامەو ئینتداب و مۆرکردنی گرێبەستی کۆمپانیا...بەڵام ئەو هۆکارە بۆ دوای دابەشیەکە کاریگەری هەیە، وەك دەبینین چۆن کەرکوك تەعریب کرا بۆ ئەو مەبەستە، وەختێك گرنگی نەوت هاتە گۆڕەپان، کە سەردەمی سیستەمی نوێی جیهانی هاتە کایەوە، لەلایەن ئەلمانیا پێش سەدەی بیست گرنگی نەوت بەدی دەکرێ، هەر بۆ زانیاری یەکەمجار گرنگی نەوتی کوردستان (خانەقین) لەلایەن (معجم البلدان)ی یاقوت حموی لە سەدەی ١٠ باس کراوە نەك وەك هەندێ مێژونوس دەیدەنە پاڵ زانایانی ئەڵمان لەکۆتایی سەدەی ١٩، بەڵام بەریتانیا کە نفوزی لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بەهێز بوو ئەوکاتی ماکینەکانی بە خەڵوز ئیشی دەکرد دوایی لەسەرەتای سەدەی بیستەم بوو بە نەوت، لەکاتی دابەشیەکەی سایکس ـ بیکۆش ویلایەتی موسڵ کەوتە سەر بەشی فەرەنسا، هەر بەو هۆیەوە بەریتانیا تەقەلای لەگەڵ (کلیمنسور)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا دا لە کۆنگرەی (سان ریمۆ ١٩٢٠) تا ویلایەتی موسڵ بگێڕێتەوە سەر بەشی بەریتانیا بە مەرجی خۆی ڕێکەوتن، نیتر لەو سەودایە ئەو بۆچونە بەهێز دەکا، کە گوایە بەهۆی سامان کوردستان پارچەپارچە کرا، هەر لە کۆنگرەی قاهیرەی ١٩٢١ کە عێراقی لێ دروستکرا پاساوی هەرەبنچینەیی هەریەکە لە: مس بیل و برسی کۆکس لە بەرامبەر پێشنیارە چاکەکانی چەرچڵ ئەوەبو: ئەگەر داهاتی کوردستان نەخرێتە سەر عێراقە نوێیە ئەوا عێراق مقەوماتی ئابوری خۆی نابێ، بەڵام هەمو ئەو تاوتوێیە ئەوە ناگەیەنێ کە کوردستان پارچەپارچەکراو نەگیشتە دەوڵەت بەو هۆیە، خۆ هەمان سامان درا بەعێراق و بوش بە دەوڵەت، ئینجا وڵاتانی کەنداو هەموی لەسەر بنچینەی نەوت بونە دەوڵەتی سەربەخۆ، کەواتە هۆکارەکە پێچەوانەیە، دڵنیام ئەگەر کوردستان سامانی نەوتی نەبوایە مێژوونوسەکانی خۆمان بەلایەکی تردا دەچون و دەیانگوت: خوا کوردی لە سامان بێبەش کرد بۆیە وڵاتێکی زلهێز نەهات تەماحیمان تێ بکاو بمانکات بە دەوڵەت!، ئەوکاتی

نەبونی سامان دەبوە هۆیەکی مەعقولی نەبوغان بە دەوڵەت.. کەواتە ئەو خاڵەش نەك هۆکاری نەبونی دەوڵەتە بەڵکو بە پێچەوانەوە خاڵی یارمەتیدەرە.

١٠ـ بەشێکی تر پێیان وایە پارچەپارچەکردنی کوردستان و دابەشی بەسەر حکومەتەکانی دەوروبەر هۆی نەبونی دەوڵەتێکی کوردیە.

وەڵام/ دەبێ بەوردی زنجیرە روداوەکانی مێژوو رێزبکەین، لەکاتی بێبەشکردنی کورد هێشتا دابەش نەکرابوو(دابەشیەکە مانای مەینەتی و نەگەیشتنی کورد بە دەوڵەتە)، بۆیە دابەشیەکە پەیوەندی بە بەردەوامی مەینەتیەکە هەیە نەك بەرپاکردنی مەینەتیەکە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وڵات هەیە خراپتریش پارچەپارچە ببوور، لەوانە ئەڵمانیا لەپاش جەنگی سی ساڵەو رێکەوتنی ویستڤالیای ١٦٤٨ ببوە١٣٠٠میرنشینی جیاجیا کەچی بسمارك توانی لەساڵی ١٨٧١ کۆیان بکاتەوە دەوڵەتی ئەڵمانیا دروست بکا.

١١ـ سەبارەت بەکەم توانایی کوردی ئەوسا بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئێستا خەریکە ئەو بۆچوونە زۆر باو وەرگرێ بەتایبەتی لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردی ئێستا، ئەسلو ئەساسی نیە، چونکە:

أ ـ کورد لە نێو عوسمانی بە توانا تر بون وەك لە مناقشەکەی ئەتاتۆرك لە پەرلەمان لە رۆژانی ١و٢و٣/٣/١٩٢٤ دەردەکەوێ.

ب ـ لەسیڤەر ناوی کوردستان بەدەر لە سیستەمی (ئینتداب) هاتوە[٢٨٩]، ئەوەش بەڵگەیە کە نەك بەتوانا بوە بەڵکو لەمیلەتانی تری عوسمانی ئامادە تر بوە بۆ دەوڵەت.

د ـ زۆربەی دام ودەزگاو حزب ومونەسەساتی نوێی نێو عوسمانی لە داهێنانی کورد بوە هەتا لەعیراقیش.

ف ـ ئەو دەوڵەت ومیرنشینانەی کورد بە توانای خۆیان بەڕێوە چوەك ـ لە بەڵگەنامەی بەریتانی کە لەلایەن (موفەتیشی گشتی لیوای هولێر ـ سکینگ نێردراوە:...أما اذا لم تقدم الحكومة على أي شيء فأن الوضع ستتدهور تدهورا خطيرا.

[٢٨٩] ـ لە کتێبی (سیاسة البريطانية العظمى تجاة مستقبل كردستان ص٢٦٢ واهاتوە کە(یانگ) پێشنیاری کردوە کوردستان ببتە (مەحمی)ی بریتانی ، ئەگەر لەتەرجەمە (مەحمی) بەهەلە لەجیاتی ئینتداب وەرنەگێردرابێ ئەوە یەکەم ئاماژەی یاسایی وسیاسیە کەکورد ئاستی سیاسی وئابوری ویاسایی لەهەمومیلەتانی دەوروبەر پێش کەوتوتر بوە ، چونکە مەحمی بالآترە لە ئینتداب.

ان انطباعي عن الكرد انهم يحبون ة النظام ومطيعين للقانون وانهم اقلا ميلا من العرب للفوضى والتمرد...[٢٩٠]

ت ـ لەگەل زۆر بەلگەی تر وای کردبوو رۆژهەلاتناس وکۆنسۆلیەکان وەسفی توانای کورد بۆ دەولەت بەرێوەبردن وەك (میجەر نۆئیل) بکەن کە دەلێ:کورد لە هەمو میلەتانی عوسمانی لە عەرەب وتورك زۆر بە توانا ترن بۆ دەولەت بەرێوە بردن با هەمو کوردستانیان بۆ یەکخرێ لە دەولەتێك ـ راپۆرتی مانگانەی نۆئیل ١٩١٩/٧ ...، هەروەها(کۆتلۆف) لە توێژینەوەی سەبارەت بە عیراق لە بەشی (ثورة عشرین ص٢٢٥) دەلێت: بزوتنەوەی کوردی زۆر لە بزوتنەوەی عەرەب گەشە سەندووترە.هـ ـ لەبەلگەنامە بەریتانیەکانیش وا هاتوە، کە تادوا ساتەکانی عوسمانیش هەرکورد ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەشی بەرێوە بردوە[٢٩١] ...کەواتە ئەوەش هۆکارنیە بۆ بەدەولەت نەبونی کورد.

کەواتە مەینەتی کورد هەموی بەپیلان و رێکەوتنێکی مێژووی نەبوو، لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم دەست کرا بەدروست کردنی دەولەت لە سەر میراتی عوسمانی، هەرکەداگیرکەرێکی گەورەی جیهان چەندی لێ کەوتە ژێر دەستی دەولەتی لەبۆ دروست کرد بەپێی سیستەمی(انتیداب)و بەرژەوەندی خۆی، ئەوەی نەکەوتە ژێر دەستی زۆر پەیوەندی پێوە نەبوو..

کەواتە هۆکاری راستەقینەی بە دەولەت نەبونی کوردستان چیە؟

لەوەی سەروو بەرونی دەری دەخا مێژوو بەرپرسیار نیە لە مەینەتی کورد، واتە ئەو مێژووەی ئێستا لە پرۆگرامی خوێندن دەیخوێنین غەدر لە کورد دەکا نەك مێژوو غەدر لە

[٢٩٠] ـ (مکتب المفتش الاداري ـ أربيل مذكرة رقم: ١١\١٢ شباط \١٠٣٠١ الى: المستشار في وزارة الداخلية)

٢٩١ ٢/١٦١ /٧٣٠ CO " التماس المقدم من شعب كردستان الجنوبية "

...كان للكرد في العهد العثماني دورا مهما في ادارة ولاية بصرة وبغداد وموصل. هناك حاليا عدد كبير من الاداريين الكرد من العهد العثماني ومن ذوي الكفاءات الجيدة والذين يطالبون باستمرار من الحكومة العراقية توظيفهم ولكن دون جدوى. يمكن التأكيد من عدد الكرد الاداريين من أيام الحكم العثماني من مراجعة سجل وزارة الداخلية. ولكن سياسة الحكومة العربية الحالية هو التقليص التدريجي لعدد الكرد في تلك الوظائف. و الموظفون الكرد الكفوؤن و الباقون في الدوائر الحكومية لحد الان سيفقدون آجلا ام عاجلا وظائفهم لأن ليس لهم فرصة لتطوير مهاراتهم الفنية. وبعد فترة قصيرة تكون الحكومة العربية العراقية قد حققت هدفها في تطهير الادارة من الكرد وقريبا لن يكون هناك ولو مسؤول كردي رفيع المستوى في اي منصب مهم في الدولة.

کورد بکا، بەگشتی فاکتەری مێژوو ئەو رۆڵەی نە بە سلبی و نە بە ئیجابی بۆ کورد نەبینی، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نیە هەندێ لەو خاڵانەی سەروو کاریگەری خۆی هەبوە، یەکێك لەو خاڵانەی، تا ئێستا بەلای دا نەچووینە، فاکتەری فقهی ئیسلامی، دەتوانین بڵێین: بەسێك لەو فقهەکاریگەریەکی سەلبی هەبوە، ئەو بەشەی کە پێی وایە عەرەب فەزلی بەسەر عەجەم هەیەو خەلیفەو ئەمیریش دەبێ عەرەب بێت، ئەو فاکتەرە رێگربوە لە گەشەی دەوڵەت ئیمپراتۆریە کوردیەکان بۆ پلەی خیلافەت ودەسەڵاتی شەرعی، بەتایبەتی میللەتی کوردلەو رووەوە (سونی و شیعی)ەکەی لێ بوە بەڵا، مەزهەب شافعی بوینەکە یەکێکە لە خاوەن ئەو بۆچونە، بەشە کوردە مەزهەب شیعەکەشی لەبەر ئەوەی ئەوانیش پێیان وایە دەبێ ئەمیر لە ئالولبەیت بێت لەویش کورد بێ چارەنوسە، لەکاتێکا ئەسلی ئیسلام نەتەوەی سونە دەڵێ: وایە نەتەوەی شیعە، کەس فەزلی بەسەر کەس نیە تەنها بەتەقوا نەبێت، دەبینین تورك لەکورد بەهێز تر نەبون چونکە پەیڕەوی مەزهەب حەنەفی بووینەو ئەومەرجەی عەرەبی (ئەمەویانەی) تێدانیە بۆیە عوسمانی گەیشتنە خیلافەت، ئەو فاکتەرە وای کرد مێژووی کورد ئەوەندە وەك خۆی پرشنگدار نەبێ، بەڵام هۆیەکی گرنگ نیە بۆ بە دەوڵەت نەبون و مەینەتیەکەی، مەینەتی کورد لەساڵی ١٩٠٨ دەست پێدەکاو لەساڵانی ١٩١٦ خەست دەبێتەوە تا لە ساڵانی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٥ دروست دەبێ، لەو کاتە دەوڵەتەکان بۆ تورکو عەرەب وخەڵکی تر دروست دەکرێ لەوکاتەمەینەتی کوردیش دروستبوو لە ژێر ئەو گۆڕانکاریانەی خوارەوە:

١ـ لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم جێبەجێ کرا.

٢ـ لەوکاتە بوو کە هاوپەیمانان بەسەر وڵاتانی تەوەر (کە عوسمانی بەشێك بوو لێی) زاڵ بون.

٣ـ لەو کاتە بوو بیری عەلمانی جێی بیری ئیسلامی گرتەوە.

٤ـ لەوکاتە بوو کە بیری نەتەوەگەری بووە بنچینەی دروستکردنی دەوڵەتی هاوچەرخ لەجیاتی ئیمبراتۆریەتەکان.

٥ـ لەوکاتە بوو کە ئاشتی جیهانی و وفاق الدولی بەو نەخشەیە دروستکرا.

هۆکاری سەرەکی لەوە دێت، کە فەترەیەکی مێژوی وا ڕێکەوت پەیوەندی کورد ئەوەندە بەدەوروبەری باش نەبوە.

نەهاندەر بوو نە ڕێگریش بو، ولآتانی هاوپەیمانیش ماندو ببون لە شوێنی بە داهات وبێ گێچەل وبەرگری دەگەڕان، شام وئەو ناوچانە کەوتە ژێر دەستی فەرەنسا، تورکیا ئێستا کەوتە ژێر دەستی یۆنان، عێراق کەوتە ژێردەستی بەریتانیا، ناوچەی کوردستانی سەرو بەشی تورکیا بۆ روسیا دانرا بوو، وابەنیازبون تورکیاش نەبێتە دەوڵەت، یان ئەگەر بووە دەوڵەتیش بە پێی (ئینتێداب) بێ، بەلآم بەختی تورکیا ئەوەبو یۆنان بە هێز نەبوو بە ئاسانی مستەفا کمال یۆنان و ئیتالیای لەو ناوچانە دەرکرد، ئینجا توانی خیلافەتیش بڕووخێنی، واتە سەرووی ڕۆژئاوا کەوتە ژێر دەستی ئەتاتورک، لەسالی ١٩١٧ شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیا بە سەرکردایەتی (لینین) سەرکەوتو بو ئەویش لە ناوچەکانی کوردستانی سەرووی ڕۆژئاوا کشایەوە، زیاتر لەوەش لینین وڕوسیا یارمەتیدەری پێك هێنانی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی نەبون پێیان وابوکورد هەڵگری ئالآی جامیعەی ئیسلامیە[٢٩٢] ودیوارێکی ڕەجعیەتە کەلەلای ئینکلیزوئەمریکا دروست دەکرێ[٢٩٣]، ئەو ناوچەیە بە بۆشی مایەوە، شوێنێکی ترسناك بونەیان وێرا خۆی لێبدەن لە لایەك میللەتەکەی دڕ بوو ئینجا نزیکیش بو لە سنوری روسیای بەلشەفی، بۆ ئەمریکایان پشنیار کرد بێتە ئەو ناوچەیە دوای ئەوەی تێیگەیشت ئەو مەترسیانەی هەیە نەهات، لەلای باشوریش هاتنی بەریتانیا زۆر بەزەحمەت بوو بۆ لای کوردستان لەبەر هەمان هۆ وەك لە بروسکەکانی سەرکردەکانی بەریتانی بۆ بەرپرسانی سەربازیان ناردوە، داوایان لێکردون وریا بن زۆر نزیکی ناوچە کوردیەکان نەکەونەوە وەك بنجاپی هندی ناخۆشە[٢٩٤]، ئەوە لەلایەك سەروەریە کەکەس بە ئاسانی بوێری نەکا ناوچەکانت داگیر بکا، لێرەدا خەریکە ئەو سەروەریە دەبێتە دەردو هۆیەکە بۆ نەهاتنی هیچ هێزێك وبە بۆشایی مانەوەی، ئەگینا بەلای کەم دەکەوتە ژێر ئینتدابی یەکێك لە هاوپەیمانان وچارەنوسی باش دەبوو، لەلایەکی

---

[٢٩٢] ـ بروانە: دراسات فی الحرکە الکوردیە المعاصرە..

[٢٩٣] بروانە:دکمال مەزهەر-کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الأولی ص٢٥٤

[٢٩٤] ـ ئەسکویتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی هۆشیاری بە هێزەکانی بریتانیا دا تا نەچنە نێو کوردستان ئەو بەراوردەکی وردی نێوان کورد وخێڵە باتانیەکانی پنجابی هەبوو دعثمان علی ـ دراسات فی الحرکة الکوردیة ص٢٦٨

تر هەر لەسەرەتای سەدەی ١٩ەوە وا هەست پێ دەکرا کەلەلای بەریتانیاو فرنسا ئەوجۆش وخرۆشەی بۆ عەرەب ویەهودو ئەرمەن هەیە بۆ کورد وانیە، یەکەم گورزیان کۆنگرەی١٨٣٣ی کۆتاهیە و ١٨٤٠ی لەندەنی بوو کە تیایدا بەسەر محمد علی پاشای میسر سەپێنرا کە واز لە هاوپەیمانی میری سۆران بهێنێ وپرۆژەی هاوبەشیان بۆ جێگرتنەوەی خیلافەت کۆتایی پێ هات ومیریش شکستی پێهێنرا[*]، هەر لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژیەتە بەریتانیا ڕێگر بوو لەوەی شێخ عبدالقادر بە هاوکاری وەزیری عوسمانی لە ناوچەکانی ئەنادۆل هەلسن و پلانەکەی کەمالی تێك وپێك بدەن وچارەنوسێکی مەزن بۆ کوردو ئاین مسۆگەر بکەن[٢٩٤]، لەزۆربەی بەلگەنامەکانی بەریتانی وئەمریکی وفرنسی داکۆکی لەو نەخشە (ارث الإستعماری) ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکرێتەوە دژ بەکورد، لەکاتێکا سیڤەر مۆر دەکراو مافی کوردی تیابوو، هێشتا کێشەی ویلایەتی موسل ساغیش نەبۆوە، کەچی هەریەکە لە کۆکس ونیلسۆن (حاکمی بەریتانیا لە عیراق) بە نوسراوی فەرمی ژ:٣٣٣٠/٤ی ٢٢/٢/ ١٩٢١ فەرمانی دابوو بە حکومەتی تازەی عیراقی تا کوردستانی خواروو بخەنە سەر عیراقی عەرەبی تازە دروستکراو، هەر لە مادەی (٢٧)ی سیڤەر سنوری نێوان تورکیاو عێراق پێشنیار دەکرێ زۆر پێچەوانەی مادەی (٦٢)ی سیڤەرە کە سنوری کوردستانی دیایکردوە، هەر لەناو عێراقیش لە کاتێکا بەریتانیا لە٢٤/١٠/١٩٢٢دان بە دەسەلاتی شێخ محمود هێنرا وەك (حوکمدار)، کەچی لە ڕێکەوتننامەکانی بەریتانی عیراقی ناوی کوردی هەر تیا نەدەهات، لەڕاستێدا تێبینیەکی زۆر وورد لە کارنامە ستراتیژیەکانی بەریتانیا دەکرێت لەبارەی کورد، هەلوێستە چاکەکانی بەرپرسانی بەریتانی جێبەجێ نەدەکرا، بەلام ئەوانەی خراپ بون (پایەشیان بچوك تر بوو) جێبەجێ دەکرا، چەرچل، لوید جۆرج، کیرزن زۆر بالا دەست بون، پلانی باشیان(نسبیەن) هەبوو، لەوکاتی کیرزن لە کۆنگرە سێ قۆلیەکەی١٩١٩ی لەندەن ستراتیژیەکی باشی داڕشت کەبریتی بوو لە: ١ـ کورد خۆیان بڕیاری چارەنوسی خۆی بدا ٢ـ جارێ ئیدارەی تورکی لەکوردستان دوور کەوێتەوە٣ـ ئەو دەولەتەکوردیەی دروست

---

[*] ـ لەدەشتی هەولێر دەلێن کەر لە کێ کەوتیەو کورتان لە کێ دڕایە...جێگەی گالتەجاڕیە ئەو پیلانە نێودەولەتیەی دژ بە میری سۆران لە ئەستۆی مەلای خەتی دابێنن، یان ئەوەی شێخ محمودبەمشیری حەمەی مستەفاو ئەوەی شێخ عبدالسلام بە سۆفی ئیبراهیم و..لەو دوایەش دەیان ویست ئەوەی قازیش لەئەستۆی بارزانی بشەتێنن ..ئێستا بەلگەنامەکانی بریتانیاو ئەمریکا ورووسیا ڕاستیەکانیان ئاشکرا کردوە دوورە لەو تێڕوانینە سادانە.

[٢٩٤] ـ لەو بارەیەوە بڕوانە: دراسات فی الحرکە الکوردیە... ص٢٣٠

دەبێت زەمانی پێ بدرێ لە هەر هەرەشەیەکی تورکی ٤ـ سەردرای ئەوانەش خالێکی تێدا بوو کە نەهێلن هەمو کوردستان یەکگرێتەوە لەکۆتایدا تەنها ئەو خالەی دوای جێبەجێ کرا، سیاسەتێکی نەرم بۆ ئەتاتۆرك رەخسێنرا لەسەروش، ناوچەکە کەوتە ژێر رەحمەتی سەرەنجامی ململانێ لە نێوان کوردو تورك بە کمال ئەتاتورك پڕکایەوە، کە لە سەروو(ئەو کاتی ئەوێ مەلبەنی کوردستان بو) لە خوارووش کێشە دروست بو لەگەل بەریتانیا، ئەگەر بەریتانیاش وەك یۆنان بێ هێز بوایە ئەوا حکومەتی کوردستان پێش عیراق دروست دەبوو [٢٩٦]، بەلام وانەبو، بەریتانیا بە هێز بو چی ویست وای کرد وکوردستانی خواروشی خستە سەر عیراق، هەندێ هۆی تریش لەو دەمە یارمەتی بون بۆ نەنەگەیشتنی کورد بە دەولەت وجێبەجێ کردنی مادەکانی(٦٢، ٦٣، ٦٤)ی سیڤەر بەکورتی ئەوانە بوو:

١ـ جگە لە سەرکەوتنی بەسەر یۆنان سەرکەوتنی ئەتاتورك وئەنقەرە و مدرسەی عقلانی بەسەر سولتان و ئەستەمبۆل ومدرسەی ئیسلامیش بوە گورز لە بە دەولەت بونی کورد.

٢ـ گۆرانی حکومەتی بەریتانیا (چەرچل) بە محافزین، ئەتاتۆرك بە سولتان، لە ئیتالیا و فرنساش گۆران بوو.. هەمو ئەوانە لە قازانجی پێشهاتەکانی نوێی تورکیاو نەخشەی نوێی رۆژهەلاتی ناوەراست بوو.

٣ـ رێکەوتنەکانی ئەتاتورك لەگەلێ روسیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەلمانیا.

٤ـ چاوتیبرینی بەریتانیا لە ویلایەتی موسلێ و سازشکردن لەسەری.

٨ـ ئەمریکاو باقی وولانی تر زۆر سور نەبون لە سەر جێ بە جێ کردنی سیڤەر و دەیان گوت هەموی لە قازانجی بەریتانی دارێژراوە، تەنانەت ئەمریکا لە ١٤ بنەماکەی (ویلسۆن) یش پەشێمان بۆوە سەبارەت بە مافی چارەنووسی میللەتان، هەروەها فرنسا و بەریتانیاش لە لێدوانە هاوبەشە بەناوبانگەکەی رۆژی١٩١٨/١٠/٧ سەبارەت بە مافی

---

[٢٩٦] ـ چونکە حکومەتی کوردستانی سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەست هێنا وتەواوی سوپای بریتانی لەکوردستان دەرکردو دەسکەوت ودیلی لێکردن، هەندێ مێژووناس پێیان وایە لەدوای شکستی عوسمانی لەجەنگ لە جیهانی ئیسلامی یەکەم جار بوو بتوانن هەیبەتی هێزی بریتانیا بشکێنن.

چارەنووس پەشێمان بونەوە، فرنسا یەکەم وڵات بوو هەیبەتی سیڤەری شکاند و دانی بە تورکیای نویٚ هێنا، دوای ئەو ئیتالیا بوو، روسیای بەلشەفیش پشتی ئەتاتورکی گرت و یەکەم کۆبونەوەیان لە١٩١٩/٦/٢١ لە نێوان ئەتاتورك وسیمن بودێنی گرێدرا بۆ یارمەتی سەربازی تورکیا، ئەمریکاش لەدژی ئەو هەنگاوانەی بەریتانی وەستا و داوای (سیاسە الباب المفتوح)کرد و لیژنەی (کنگ ـ کراینی) بۆ ناوچەکە دروست کرد و داوای کرد هەمو ئەو ناوچانەی لە عوسمانی جیاکراوە بخرێتە سەر مومتەلەکاتی (عصبە الامم)، بەو شێوەیە لەسەر یەك ڕەئی نەبون و هێزی جێبەجێکردنی سیڤەریان لاواز کرد، دەرفەتەکەش کورت بوو کورد تیایدا بە جیٚ ماو نەبوە دەوڵەت

هۆیە یارمەتیدەر ویارمەتینەدەرەکان بۆ بە دەوڵەت نەبونی کورد

أ ـ یارمەتی نەدەر

زۆر بەکورتی ئەو هۆکارو فاکتەرانەی خوارەوە ڕێگری بە دەوڵەت بونی کورد بون و بونە هۆی مەینەتی:

١ ـ ڕۆژ ئاوا[٢٩٧] ٢ـ سەرکەوتنی هاوپەیمانان ٣ـ مدرسەی عەلمانی ٤ـ ئایدۆلوژیای ناشیونالیزمی ٥ـ سەرهەلدانی دەوڵەتانی هاوچەرخی وەك عیراق و تورکیاو سوریا ٦ـ شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسی ٧ـ بزوتنەوەی شەریفی مەکە ٨ـ پرۆژەی دەوڵەتی ئیسرائیل ٩ـ بزوتنەوەی کمالی ١٠ـ عشایرو عەلمانیەتی کورد١١ـ بزوتنەوەی پان ئەرمەنیزم (تارادەیەك) ١٢ـ ڕێکەوتنەکانی (سایکس بیکۆ، سان ریمۆ، فرسای،

---

[٢٩٧] ـ لەو سەردەمی یارمەتیە مادیەکانیشیان هەر بەشێك بوە لە پیلان بروانە ئەو بەلگەنامە ئەمریکیە: وزارة الخارجية الأميركية، الوثائق الدبلوماسية السرية المنشورة - الشرق الأوسط، منشورات الجامعة الأميركية.

القنصلية الأميركية، حلب ، سورية ٣ – آذار – ١٩٢٥ الموضوع – الأنتفاضة في كردستان

واشنطن سري الى: سعادة وزير الشؤون الخارجية

...يقر عدد من الدبلوماسيين الفرنسيون في جلساتهم الخاصة بأن لهم تعاون وثيق مع ضباط الأستخبارات العامة البريطانية بالنسبة للأوضاع في تركية، و بدأ يراقبون تحركات بعض الكرد العملاء لهم. و بدأت الشائعات تنتشر خلال ١٠ أيام الماضية عن تخصيص بريطانيا ٤٠ ألف باوند لتمويل حركة التمرد بين الكرد و الحاق منطقة التمرد في كردستان-تركية الى الأدارة البريطانية في العراق...

موريس دبليو ألتافر نائب القنصلية الأميركية

قاهیرە، لۆزان) ١٣ - پرۆژەی ناشیۆنالیزمی عروبی وتورانی ١٤- لکاندنی ویلایەتی موسل بە عیراقەوە ١٥- سەربەخۆیی لە جیاتی ئینتداب ١٦- هەرسێ ڕێکەوتنامەی بەریتانیاو عیراق ١٧- یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکەوتنەکان (تارادەیەك) ١٨- جامیعەی عربی وکۆنگرەی ئیسلامی

ب – یارمەتی دەر: ئەو هۆکارانەی یارمەتی دەری (بەدەوڵەت بون) بون:

١ - دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبۆڵ) ٢- پرۆژەی پان ناشیۆنالیزمی عەرەبی دژ بە ئیمپریالیزم(تارادەیەك) ٣- جامعەی ئیسلامی ٤- شۆرشی بیست [٢٩٨] ٥- بزوتنەوەی کوردی رەسەن ٦- بزوتنەوەی تاشناقی ئەرمەنی(تارادەیەك) ٧- بزوتنەوەی رزگار خوازەکان ٨- ڕێکەوتنامەی سیڤەر٩- لیژنەی کنگ کراین(تا رادەیەك) ١- عصبە الامم (تا رادەیەك)[٢٩٩] ١١- پرۆژە ئیسلامیەکان

ئەگەرەکان و چارەنوسی کورد :

کۆمەڵێك ئەگەری زۆر دەگمەنی بێ نەخشە کۆبونەوە وایان کرد کورد نەبیتە دەوڵەت و مەینەتی بۆ دروست بیت، بەتیکرا دەتوانین ئەو سەرنجامەی کورد پێ ی گەیشت بەنەخشەو پلان نەبوو زیاتر رەوتی ڕووداوەکان وای سوڕاند، بۆیە ئەگەر ئەو ئەگەرانەی خوارەوە بە جۆریکی تر ئارستەی وەربگرتایە ئەوا زنجیرەی ڕووداوەکان ئەو رەوتەی وەرنە

---

[٢٩٨] - کوتلوف لەکتیبی(الثورة العراقیة ص١٤٤)دەڵێت: ((أثناء ثورة العشرین طرحت مسألة تأسیس دولة کردستان لأول مرة في تأریخ تلك المنطقة))

[٢٩٩] - الکتاب معتونة الی ر.جیب سلید ضابط الجناح -دائرة استخبارات القوة الجویة الملکیة البریطانیة مقر القیادة ، ذوبیان

بأن عصبة الأمم طلبت دوما من بریطانیا ان تحکم الکرد ضمن نظام الأنتداب و ان یکون هناك "ولایة کوردستان المستقلة" ضمن العراق و تتعامل مع الحکومة بوجود المندوب السامي البریطاني الذي یکون کحلقة الوصل بین الکرد و الحکومة المرکزیة و تکونت ادارة کل الأمور الداخلیة بید الکرد. و ان الکرد ینظرون بعین الریبة و عدم الأحترام لکل الأوامر الصادرة من الحکومة المرکزیة التي تسیطر علیها العرب...

کەواتە لەلایەن زۆربەی کورد عوسبەتولئومەم بەخراپ ناوزەد کراوە پێداچوونەوەی دەویت، بۆ زیاتریش (عصبة الأمم) لەوەڵامی سکاڵایەکی کۆمەلێك سەرکردەی کورد لە ڕێنماییەکی تایبەتی بۆ بریتانیای دەولەتی(ئینتداب) نارد کەبریتی بوو لە ٣ مادە تیایدا لەمادەی دووەم داواکرابوو حکومەتێك بۆ کورد پێك بهێنرێت وچیتر بە هەلە لێکدانەوە بۆ بریاری رۆژی١٦/١٠/١٩٢٥ نەکرێ، دەقی بریارەکەی (عصبە الامم) لە ل٤٥٧ی (المشکلة الکردیة فی الشرق الأوسط) بخوێنەوە.مەبەست لە بریاری رۆژی ١٦/١٠/١٩٢٥ئەو بریارەیە کە ولایەتی موسل خرایە سەر عیراق بەپێی لیژنەکەی عوسبە.

دەگرت کە مەیینەتی بۆ کورد دروست بکا، رەنگە کوردیش بەمافی خۆی دەگەیشت. وا بەشیك لەو ئەگەرانە تۆمار دەکەین:

١ـ ئەگەر جەنگی جهانی یەکەم هەلنەگیرسابوایە، ئەگەریش هەلگیرسا ئەلمانیاو ولاّتانی تەوەر سەرکەوتووبونایە لەوانەش عوسمانی ئەوا کورد وای بەسەر نەدەهات

٢ـ ئەگەر بەریتانیا ئەو ناوچەی ئێستا پی دەوتریت عیراقی داگیر نەکردبایە، لەلای فاویش نەبوایە بەلکو بەلای کوردستان دابهاتبایە، بەرە و خوارەوە وەك فەتحی عوسمانی سالی ١٥٣٤ جۆرە سەرەنجامیکی جیای لەگەل ئێستا دەبوو.

٣ـ مادام بەریتانیا هەرهات وەك لە پیشدا بۆی دیایکرابوو تەنها بەسرای داگیر بکردبایە و لەسەر داوای حکومەتی مستعمرەی هندی بیخستبوایە سەر میلاکی حکومەتی هندی، بوەستابایە یاخود لەو وەختی جەنگی جهانی یەکەم بوەستابایە، یان مانگێکی تری بخایاندبایە هێزەکانی بەریتانی بگەیشتبانایە تەواوی ناوچەکە ..دیسان ئەو نەخشەیە بە جۆریکی تر دەگۆڕا دوور لەوەی ئێستا.

٤ـ ئەگەر ئەو بەرگریە هاوبەشەی عوسمانی ـ کورد – شیعە – لە شوعەیبەو ناوچەکانی تر سەرکەوتووبایە ئەو مەینەتیە بۆ کورد هەردروست نەدەبوو.

٥ـ تەنانەت ئەگەر دەقی رێکەوتن نامەی سایکس بیکۆش جیّ بەجیّ بکرابایە بە بیّ هەموار کردن هەرچەندە زۆر خراپیش بوو بەلاّم لەو دۆخە دەگمەنەی دوای کە لە سان ریمۆ و قاهیرە هاتەدی زۆر باشتر دەبوو، رەنگە ریگە چارەو رزگاری بەدەست بهینابایە لەناو دڕاستەکانی سەدەی بیست.

٦ـ ئەگەر شۆرشی بیست لەخوارەوە سەرکەوتوو بوایە بەریتانیا نەدەماو کورد بەسەربەخۆیی شاد دەبوو.

٧ـ ئەگەر حکومەتی ئەنقەرە بەسەر حکومەتی ئەستەمبۆلّ زال نەبوایە لەخوارەوش حکومەتی بەغدا بەسەر حکومەتی کەربەلا زال نەبوایە... ئەوا کوردستان وا پارچە پارچە نەدەبوو

٨ـ کۆنگرەی سان ریمۆ هەر نەکرابایە وسیڤەریش نەگۆڕابایە بە لۆزان دیسان بەدەست هینانی ئازادی ئاسان تر دەبوو وەکو گەلانی تر لەماوەیەکی کورت سەربەخۆیی بەدەست دەهات.

٩ـ ڕاپۆرتی ویلایەتی موسل ئەو بەشەی بە عیراق نەدابایە دووبارە سەربەخۆیی ئاسان تر دەبوو.

١٠ـ ئەگەر ئەتاتورك بەسەر سوڵتان زال نەبوایە عەلمانی و عەشایرە کوردەکان پشتی ئەتاتورکیان نەگرتبایە هەر لە مادەکانی (٦٢ ـ ٦٤) ی سیڤەر کورد بەمافی خۆی دەگەیشت.

١١ـ ئەگەر شۆرشی ئوکتوبەری ١٩١٧ هەر نەکرابایە ئەوا دیسان تورکیای ئێستا دەبوو بەشی رووسی و ئەو مەینەتیەی بەتەنها بۆکورد دروست نەدەبوو.

١٢ـ ئەگەر فکری عەلمانی و دەوڵەتی هاوچەرخ و میری نەتەوەگەری نەهاتبایە ئەو ناوچە جۆرە نەخشەیەکی سیاسی تر دەخەملی تیایدا کورد ژێر کەوتە نەدەبوو.

١٣ـ ئەگەر پرۆژەی ئیسرائیل لە رۆژهەلاتی ناوەڕست نەبوایە بچووبوایە ئەمریکای لاتین یان ئەفریقا ئەوا کورد دووچاری ئەو مەینەتیە نەدەبوو.

١٤ـ هەندی ئەگەری زۆر سادە هەیە بە جۆریکی تر بوایە لە زەمان و زەمینی خۆیدا جۆرە سەرەنجام و نەخشەو پلانیکی تر بۆ ناوچەکە دروست دەبوو هەر تەنها (د. عبداللە جودەت و ئیسحاق سکوتلی) ی کورد بیری عەلمانیان نەبوایە ئەوانە نەدەبونە هۆی دروست کردنی (اتحاد الترقی لە ١٨٨٩) ئەگەر ئەوەش نەبوایە ئنقلابەکەی ١٩٠٨ نەدەبوو ئیتر بالی تۆرانی زال نەدەبوو تورکیای نوی نەدەهاتە کایەوە و... سەرەنجام کوردستانیکی یەکگرتوومان بۆ دەمایەوە...

لەگەل زۆر وورده وردشته ئەگەری تری هەیە سەرەنجامی ناوچەکەیان پی دەگۆرا، ئەگەر بەووردی سەرنج بدەین دەبینین زۆربەی ئەو هەنگاوانەی بونە هۆی مەینەتی کورد وەك مەشروتیەت و مەبعوسان و سەربەستی حزبایەتی و مەدەنی و دەوڵەتی مودیرن و وەچەرخان و نەمانی ئیمپراتۆریەت و وەچەرخانی مەلەکی بۆ کۆماری و بەعەلمانی کردن.. هەمو ئەوانەش لەسەرەتادا بەشی زۆری کورد پی ی خۆشحال بووە دوای تیگەیشتین کە لەزەرەریەتی.

بەردەوامی مەینەتیەکەی (بەدەوڵەت نەبون) لەئەستۆی کێ یە:

تەمەنی مەینەتی کورد دوو قۆناغی سەرەکیە، دروست بونی وبەردەوامی، لە هەردوو قۆناغدا لایەنە بەرپرسیاریەتەکە وەك یەك نیە، وەك لەوەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ:

لە تویژینەوەکانی رابردوو بەروونی گەیشتین چەند ڕاستیەك لەبارەی کێشەی کورد، لەوانە:

١- کێشەو مەینەتی کورد تەمەنی هەزار سال و سەدان سال نیە، بەڵکوتەمەنی لە سەدەیەك تێپەڕ ناکات، لە نێوان ١٩٠٨ بۆ ١٩٢٤ سەری هەڵدا.

٢- ئەو لایەنانەی بەرپرسیاری بون لەدروست کردنی مەینەتی کورد بریتی بون لە عەلمانیەتی جهانی (بەریتانیا، فرنسا، رووسیا..) عەلمانیەتی ئیقلیمی (بزوتنەوەی ئتحاد الترقی و کمالی..) تارادەیەکیش بزوتنەوەی شریفی، ئینجا عەلمانیەتی کورد کە بەو دوولایە هەلخەلەتان.

٣- واتە گەلانی ناوچەکە لەعەرەب و تورك و... خودی دەوڵەتی عوسمانیش بەرپرسیارنین لە دروستبونی مەینەتی کورد، هەروەها ئەو کاتی حالەتی ئیسلامی بریتی بوو لە شۆرشەکانی خەتابی لە مەغریب، عمر مختار لە لیبیا سەنووسی و عبدالقادر جزائری لە جزائر، مهدی لە سودان، شۆرشی بیست لەعیراق و حکومەتی شیخ محمود شۆرشی شیخ سعید لەکوردستان... ئەوانە دژی ئەو تەوەرانەی سەروو بووینە، لەسەروو بزوتنەوەی شریفیشمان لەخانەی دژ پۆلین کردن، دەبی خوینەر لێ ی تیك نەچی میژوو نووسەعەرەبەکان ئەو بزوتنەوەیەی بە (الپوره العربیه الکبری ـ شۆرشی عەرەبی مەزن) ناوزەد دەکەن، کەچی ئەوە شۆرش نەبوو، جاشایەتیەکی مەزن بوو بۆ بەریتانیا، بونە ئامرازیك بۆ جی بەجی کردن و بەرجەستەکردنی ئەو نەخشەو پلانەی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دایڕشتبوو، هەر شریفیەکان بون بۆیەکەم جار لەدوای صلاح الدین[٣٠٠] قودسیان لەدەست عوسمانی دەرهێناو خستیانە بەردەستی ئینگلیز بە پێی ڕێکەوتنی (شریف ـ ماکماهۆن)، ئەویش پێش کەش بە یەهوودی کرد بە پێی بەلێنی

[٣٠٠] ـ ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢/١٠/١١٨٧ز لەلایەن صلاح الدین قدس رزگارکرایەوە

بەلفۆر، لەپاداشی ئەوهەنگاوانە عیراق دروست کرا بۆ فەیسەلی کوری، کەواتە بزوتنەوەی شریفی لەریزی شۆرشەکانی سەروو نین، بەڵکوبەرپرسە لەمەینەتی کورد.

هەمو ئەوانە لە دروستکردن و بناغەی دارشتنی مەینەتی کورد بەشدار بووینە، بابزانین قۆناغی دوەم ودریژە کیشانی لەئەستۆی کێیە؟

زۆر بەکورتی هەر لەئەستۆی لایەنەکانی سایکس بیکۆزادەیە، واتە رۆژ ئاواو یەکیتی سۆڤیەت و هەمو ئەوانەی لە خولگەی ئەوانە دەسورێنەوە، لەگەل فاکتەرێکی نوێی تریش، ئەویش بریتیە لە: ئەو ولاتانەی بە پیێ ی ئەو نەخشەیە دروست بون، وەك (عیراق و سوریا و تورکیا و ئیسرائیلیش - کە بووە پاریزگاری سایکس بیکۆ و بە لفور و دژی کورد)، ئەو ولاتانەی تر کەدروست کرا و ئیتر خالی (٣) ی سەرو وەرچەرخا، واتە میللەتانی ناوچەش بەرپرسیاریەتیان کەوتە ئەستۆ، ناکری بەچەند فەرمایشتیکی دبلۆماسی کە زۆر دووبارە دەکرێتەوەودەڵێن: کوردو عەرەب و تورك بران بەلام دەسەلاتەکان زولم لە کورد دەکەن، ئەوە تەواو نیە، راستیەکەی ئەوەیە بە پیێی ئەو ئەزمونە دەولەمەندەی لە ٨٠ سالی رابووردووی مەینەتی کورد بینیمان میللەتی تورك و عەرەبیش بەرپرسن لەبەردەوامی ئەو مەینەتیە، هەروەك میللەتی کوردیش خۆشی بەرپرسیارە، هەر بەنمونە لەشۆرشی نویێ ی کوردستان کە لە ١٩٧٦ ە وە دەستی پی دەکا دەبینین ژمارەی جاش و خۆفرۆش ٣٥٠ جار بە ئەندازەی ژمارەی پیشمەرگە بوە، بەشێکی زۆر لەو خۆفرۆشە دەسەلاتدارە کۆمەلایەتیانەی کورد وەك جەنەرالە عەسکەریەکانی داگیر کەر بەرژەوەندیان لەوەیە شۆرشی کورد نەسەرکەوێ نەکۆتایشی بێ، کەواتە دیسان میراتی رۆژ ئاوا و سۆڤیەت و میراتی کەمالی و میراتی عەلمانیەتی کوردو عەشایرەکانی کوردونەبونی ستراتیژیەکی زانستی لەلایەن سەرکردایەتی عەلمانی کورد... بەرپرسیاربوینە لە دریژە کیشانی مەینەتی کورد، هەمان ئەو نەخشە جهانیە رەنگی داوەتەوە ناو کوردستان و دەولەتەداگیرکەرەکانیش، ئەگەر بەوردی ئەو میژووە بپشکنین لەدوای مەینەتی (واتە لە سالی ١٩٢٤ تا ٢٠١٠) دەبینین لیبرال دیموکراس و عەلمانی ناشیونالیزمی لەنێو دەسەلاتی داگیر کەر (کە لە خولگەی رۆژ ئاوا دەسورینەوە) زیاتر دژی کوردن، ولاتەکانیش زیاتر ئەوانە بەرێوەی دەبەن، لەهەمان کاتدا شیوعی و چەپیەکانیش هەلویستیان بەو ئەندازەیەی روسیای کۆن خراپ بوینە، شیوعیەکان پێیان

وابو میللەتی کورد ئومە نیە بە پێی ئەو مەرج و بنەمایانەی، کە ستالین بۆ ئومەی دایناب‌و!، بۆیە گەلی جار لەلایەن شیوعیەکان بزوتنەوەی کورد بە تەقەلای نازی و فاشی و دەرەبەگی و رەجعی و لەخزمەت ئیستعمار پۆلین کراوە، هەربۆیەش عیراقچیەتیان بەسەر کوردستان چەسپاندوە، تا ئەو رادە بەشیك لەو چەپیانە لەدوای راپەرینیش لەسەر دیوارەکانی کوردستان دەیان نوسی (کوردایەتی شەرمەزاریە)، هەرچەندە ئێستا تارادەیەکی چاك ئەو دۆخە شازەیان چاکردۆتەوە بە پیری تۆبەیان کردو حزبی شیوعی کوردستانی دروستکرا، بەکورتی هەرلایەن و مەدرەسەو دام و دەزگایەك لەسەر بنەمای عەلمانی و بەهای سەرمایەداری و بنەمای بەرژەوەندی بیت، ئەوە زیاتر لەخزمەت بەرجەستە و پتەو کردنی سایکس بیکۆیە، کۆنکریتی زیندانی کورد تۆکمە و ئەستور تر دەکا، دەرگا داخراوەکان پۆلایین تر دەکا، پیچەوانەش بە پیچەوانەوەیە. ئەوەش کۆدی کۆمەلێك بابەتی گرنگمان بۆ دەکاتەوە، لەپیش هەموان دارشتنی ستراتیژیەتیك بۆ رزگاری کورد، بەهۆیەوە تێدەگەین لەو هەمو گۆرانکاریانە لەو هەمو مدرسە سیاسیانە، لەتەیارە فکریەکان... کامیان لە بەرژەوەندی کوردەو کامیان لەدژە کامیان نەرم ترە کامیان زۆر رەق...

کەواتە تەنها دروست بونی مەینەتی کورد لە ئەستۆی عەلمانی نیە، بەلکو بەردەوامیەکەشی هەر عەلمانیەتە ئەگەرچی ناسنامەی هۆی بەردەوامی تارادەیەك جیایە لەگەل لەدایکبونەکەی.بەرپرسیاریەتی ئەسلی هاوپەیمانان بەلام ئەوبەرپرسیاریەتەی ئێستا بریتین لە تەیاری عروبی[*] وتۆرانی وشۆڤێنی کە لە فەرهەنگی ئەوانە ناووزاراوەی کوردستان قەدەغەیە، ئەوانەش زالن بەسەر دەسەلاتە دروست بوەکانی ناوچەکە، ئەگەر ئیمپریالیزم ومەدرەسەی عەلمانیەتو پرۆژەی ئیسرائیل مەینەتی کوردیان دروست کردبێ بە دابەشی کوردستان بەسەر دەولەتە داگیرکەرەکان، ئەوا ئەوانەش بەرپرسیاری یەکەمن ئێستا بەنەگێرانەوەی ئەو مافە، زیاتر لەوەش لە جیاتی ئەوەی نازی ئەوەی کورد رابگرن کە زولمی لێکراوە ئەوانیش هەلساون بە پەیرەوی سیاسەتێکی رەگەزپەرست بەرامبەر کورد هەر لەسەرەتای کێشەکە، بەلکو زیاتریش هەولیان داوە بە دەستوریانە ویستویانە کورد و

---

[*] وەك چۆن معمر قەزافی لە کۆنگرەی سەرانی عەرەب لە بەغدا وتی: ئیستعمار سنوری لەنێوانمان دانا و (حوسنی)یش (اسلاك شائکە)ی بۆ زیاد کردوە..

کوردستان بتوێنەوە، بەو مادەیەی کە دەڵێت عێراق یان سوریا* (جزء من الأمة العربية)، لە دەستوری تورکیاش (ئەنایاسا) لە مادەی (٦٦) دەڵێ: هەرچی لە تورکیا دەژی تورکە، ئەوەش دەقەکەیەتی:

Türk vatandaşlığı
MADDE ٦٦. – Türk Devletine vatandaşlık bağı ile bağlı olan herkes Türktür. Türk babanın veya Türk ananın çocuğu Türktür. (Son cümle mülga: ٣.١٠.٢٠٠١ - ٤٧٠٩/٢٣ md Vatandaşlık. kanunun gösterdiği şartlarla kazanılır ve ancak kanunda belirtilen hallerde kaybedilir. Hiçbir Türk. vatana bağlılıkla bağdaşmayan bir eylemde bulunmadıkça vatandaşlıktan çıkarılamaz. Vatandaşlıktan çıkarma ile ilgili karar ve işlemlere karşı yargı yolu kapatılamaz.

لەسەر ئەو بنچینە زانایانی بەریتانی زانیویانە ئەو دۆخەی بەریتانیا بەرپای دەکا لەناوچەکە ناارامی وشۆرشی لێ بەرپادەبێت، تۆینبی دەڵێت: لکاندنی بەشێك لەکوردستان بە عێراق چواندنی عیراق وکوردستانە پێکەوە، شارەزایەکی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی لەو بەڵگەنامەیەی خوارەوە ئەوهەنگاوە ڕون دەکاتەوە[٣٠١]

ئەو پرۆژە ئایدیۆلوجیانەی تر کە لە ناوچەکە ئیشیان کردووەجگە لە چەپیەکان ئیسلامیەکانیش کەمێکیان بەر دەکەوێ، بەتایبەتی ئیسلامی عەرەب، ئەوانەشی بێ سەلبیات نەبووینە لەتێنەگەیشتن لە دۆزی ڕەوای کورد بەڵام بەو ڕاستەوخۆییە زیان بەخشی نەبووینە و بەرپرسیاریەتیان لە ئەستۆ نیە سەبارەت بە دروستبون و بەردەوامی مەینەتی کورد.

* - سەیری دەستوری عیراق ١٩٦٨ بکەو ودوایش هەردووبارە دەبۆوە: المادة الأولى: الجمهورية العراقية دولة ديمقراطية شعبية تستمد أصول ديمقراطيتها وشعبيتها من التراث العربي وروح الإسلام. الشعب العراقي جزء من الأمة العربية هدفه الوحدة العربية الشاملة وتلتزم الحكومة بالعمل على تحقيقها. دەستوری سوریاش١٩٧٠ و، ١٩٧٣: المادة الأولى ١- الجمهورية العربية السورية دولة ديمقراطية شعبية واشتراكية ذات سيادة لا يجوز التنازل عن أي جزء من أراضيها وهي عضو في دولة اتحاد الجمهوريات العربيه.٢- القطر العربي السوري جزء من الوطن العربي. ٣- الشعب في القطر العربي السوري جزء من الأمة العربية يعمل ويناضل لتحقيق وحدتها الشاملة.لەو دەستورە ٤٩جار وشەی عەرەبی لێهاتوە بۆ یەکجاریش ناوی کوردی تیا نەهاتوە.
ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیە ڕەگەزپەرستیەکانی شۆڤینی لەفرنسا وڤالانژیسی لە ئیسپانیاو نازی لە ئەڵمانیاو فاشی لە ئیتالیا و(شعب الله المختار)ی یەهودی و....، لەمادەی (٤)ی بەرنامەی(نازی)- حزبی سۆشیالیستی کریکاری ئەڵمانیا- هاتوە: (هاولاتی ئەڵمانیا ئەوانەن کە خوێنیان ئەڵمانە) بڕوانە مەوسوعەی جردی -مادەی: نازی.

[٣٠١] - رقم: ١٢\١١ شباط \١٠٣٠١ الى: المستشار في وزارة الداخلية
...لا اريد أن أعطي انطباعا بأنني خبير في التنبوء بحصول الثورات والتمرد ولكن ما أريد التأكيد عليه هنا ان خبرتي حول العشائر في الجنوب العراق يمكنني ان أتوقع بحصول انهيار وفوضى في كردستان اذا استمر الغلاة من القوميين العرب في مواقفهم وممارساتها الحالية ضد الكرد في المنطقة الجبلية وستكلف ذلك الحكومة العراقية جهودا اكثر لتهدئة الأوضاع من تلك التي كلفت الحكومة في الماضي من أجل السيطرة على الوضع .توقيع: سجينغ المفتش الإداري لواء اربيل

هۆیەکانی ئالۆز بونی کێشەی کورد

دوای هەردوو جەنگ میللەتانێکی زۆری جیهان رزگاریان نەبوو، ئەوانە دووبەش بون:

١ـ ئەو میلەتانەی کەوتنە ژێر دەستی ئیستعمار و ولاتە زل هێزە گەورەکانی وەك بەریتانیاو فرنسا وئیتالیا وپرتغال و.. وەك میلەتانی (جەزائیر، لیبیا، ئەنگۆلا، ڤیتنام، ....)ئەوا بە هۆی گەشەی یاسایی ومەدەنی جیهان لەلایەك وخەباتی ئەو میلەتانە بە ئاسانی رزگاریان بووو ئێستا دەوڵەتن.

٢ـ بەشەکەی تر ئەو میلەتانەی کەوتنەژێر دەستی دەوڵەت ومیلەتێکی بچوك و دەڤەری، کێشەکەیان زۆر قورس بوو[٣٠٢] ئەوانەش دووبەشن:

أـ ئەو میلەتانەی تەنها کەوتنە سەر یەك حکومەت وەك(ئەریتریا، تەیمور، خوارووی سودانی ئێستا، ...).

ب ـ ئەو میلەتانەی بە دابەشی کەوتنە سەر چەند حکومەتێك لە تەنیشت یەکتر ئەوا کێشەی ئەوانە زۆر ئالۆزو سەخت بوو، لەوانە (کوردستان، باسك، بەربەر، بلوش، فلستین ...)، بەشێکی زۆر لە برایانی عەرەب زۆر بە توندی دژی ئەوەن کێشەی کوردو فلستین پێك بچوێنی، بۆیە هەلوەستەیەکی خێرای لەسەر دەکەین، چونکە ئەوان دەڵێن فلستین دۆزێکی رەوایەو خاکی داگیرکراوە بەڵام کێشەی کوردلەو ئاستە نیەو لەگەل برای خۆیتی[٣٠٣]، بۆیە لایەنە لەیەکچوەکانی پیشان دەدەین:

١ـ هەردوولایان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ولە کۆنگرەی (سایکس پیکۆ) نەخشەی دابەشی ومەینەتیان بۆ دانرا.

٢ـ مەینەتی هەردوولا لەوە هات ناوچەکەیان دابەش کردو دەوڵەتیان بۆ دروست کردن کەچی کوردو فلستینیان بێ بەش کرد.

---

[٣٠٢] ـ لەو بارەیەوە تێبینی ئەوە بکە بریتانیا سەربەخۆی بە زۆربەی موستەعمەرەکانی خۆی دا کەچی لەگەل ئیرلەندای سەروو هەروا کێشەی هەیە ..ئەوە راستی ئەو تیۆرە دەسەلمێنێ کە لە پەرەگرافی(٢) هاتوە

[٣٠٣] بۆ وەڵامی ئەوە وا چاکە رای (نیمام نیبن تەیمیە بهێنینەوە کەتا رادەیەك لایەنگیری عروبیە) دەڵێ: داگیرکەر هەر داگیرکەرە ئەگەر مەسحەفیشی لەسەر سەری بوو.

٣ـ مەینەتی هەردوولا لەیەك كارخانە دروست بووە، داگیركەری هەردوولا بەیەك (بەشی ٧ی سیڤەر)دروست بون، عیراقی داگیركەری كوردستان بە پێی مادەی ٩٤ دروست بوو ئیسرائیلی داگیركەری فلستینیش بە مادەی ٩٥[٣٠٤]

٤ـ كوردستان بە پێی بڕیارەكانی سایكس پیكۆو سان ریمۆو لۆزان بۆ چوار بەشی سەرەكی دابەشكرا فلستینیش بە هەمان بڕیارو لەكۆتاییەكەی بە بڕیاری ١٨١ بۆ چوار پارچە دابەشكرا، بەو شێوەیە:

أـ ٥٥٪ی فلستین بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستاش عەرەبی ئەو ناوچەیە بە عەرەبی ١٩٤٨ ناودەبرێن.

ب ـ غەزە بۆ میسر.

ج ـ زیفە بۆ ئوردەن.

د ـ ناوچەی قودس بۆ نێودەوڵەتی

٥ ـ هەردوولا بە پێی (مادەی ٢٢ی بەشی یەكەمی عەهدی عوسبەتولئومەم)كەوتنە ژێر سیستەمی ئینتدابی دەوڵەتە داگیركەرەكەو لەوێش بۆ ژێر ئینتدابی بەریتانی[٣٠٥]

---

[٣٠٤]ـ ڕێكەوتنامەی سیڤەر ...بەشی (حەوتەم) سوریا و میزۆپۆتامیاو فەلەستین

مادەی (٩٤): هەریەكە لە سوریا و میزۆپۆتامیا(عیراقی ئیستاـ م ع) و بەشێوەیەكی كاتی دەبنە وڵاتی سەربەخۆ بە پێی مادەی (٢٢)ی بەشی یەكەمی (میساقی كۆمەڵەی كەلان) دەكەونە ژێر ڕاوێژی وڵاتانی ئینتداب كراو بەسەریان هەتا ئەوكاتەی دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن. بۆ ئەو مەبەستەش لەدوای ١٥ ڕۆژی تر لێژنەیەكی سێ قۆڵی (بەریتانی، فەرەنسی، ئیتالی) و ئەندامێكی عوسمانیش پێك دەهێنرێت، بۆ بەدواداچوونی ئەو سنورانەی لە مادەی (٢٧) هاتوون بەجۆرێك بۆ دەستنیشانكردنی سنوری سوریا نوێنەرێكی ئەوان بەشدار دەبێت بۆ سنوری میزۆپۆتامیاش نوێنەرێكیان ئامادە دەبێت، بڕیاردان لەسەر سنوری تری ئەو دەوڵەتانە و دیاركردنی و هەڵبژاردنی جۆری ئینتداب لە ئەستۆی هاوپەیمانە سەرەكیەكانی دەبێ.

مادەی (٩٥): لایەنەكانی ئەو ڕێكەوتنە قایلن بە جێبەجێ كردنی ناوەرۆكەكانی مادەی (٢٢) بۆ ئیدارەی فەلەستین بەوەی لەژێر ئینتداب بێ لە چوارچێوەی ئەو سنورەی هاوپەیمانان بۆی دیاری دەكەن، ئینتدابكەر بەرپرسە لە چالاك كردنی جاڕنامەی ١٩١٧/١١/٢(مەبەستی بەڵێنی بەلفۆرە-م ع) كە لەلایەن بەریتانیاوە دەرچووە و لایەنەكانی تری هاوپەیمانانیش گرتویانەتە بەر، بۆ ئەوەی قەوارەیەكی نیشتمانی بۆ گەلی جولەكە لە فەلەستین دابمەزرێ، دەبێ وونیش بێت هیچ شتێك ڕێگر نەبێ لە مافە ئاینی و مەدەنیەكانی غەیرە جو هەروەك جولەكەكان لە وڵاتی تر هەیانە.

لایەنی ئینتداب بەڵێن دەدا بەخێرایی لێژنەیەك پێك بهێنن لەگەڵ سەرۆكێك كە لەلایەن (كۆمەڵەی كەلان)ەوە دیاری بكرێ بۆ ئەوەی لەو بەندە بكۆڵێتەوەو چی پێویستە بۆ چین و توێژە جیاجیاكانی بكرێن.

[٣٠٥]ـ هەردوو لانیحەی ئینتداب لە كۆتایی ئەو نوسینە بخوێنەوە

٦ـ بە هۆی ڕێکەوتنی مەلیك فەیسەل وحایم وایزمان عیراق وفلستین دروست کران، تیایدا هەردوولا کەوتنە مەینەتی

٧ـ هەردوولا ئەو ڕێسایەیان بەسەر پیادەدەبێ کە جمال عبدالناسر بۆ (جۆن کەنەدی) نوسیویەتی لەوەڵامی ئەودروشمەی (هرتزل ـ نیشتمانێکی بێ خاوەن بۆ میلەتێکی بێ نیشتمان)دەڵێ: فلستین نیشتمانی بێ خاوەن نیە تا پێشکەشی میلەتێکی بێ نیشتمان بکرێت، کوردستانیش ئاوا نیشتمانێکی بێ خاوەن نیە ....، لەلایەکی تر دەڵێ:(لقد اعطى من لايملك، وعدا لمن لايستحق، ثم إستطاع اثنان (من لايملك ومن لايستحق)بالقوة والخديعة ان يسلباصاحب الحق الشرعي حقة فيما يملكة وفيما يستحقة)[٣٠٦]، ئەوە کت ومت کوردستانیشە

٨ ـ هەردوولا دووچاری داگیرکاریەکی دەوڵەتی تازە دروستکراوو نامۆ بون

٩ـ هەردوولا دووچاری چەوساندنەوە وپاکتاوی ڕەگەزی بوینە، لە فلستین (مستەوتنی یەهودی) لەکوردستانیش(مستەوتنی تەعریب)

١٠ـ شۆرشی هەردوولا بەتیرۆروتێکدەرو ناوونـاوتۆرەی تر وەسف دەکرێت، لە پرۆتۆکۆلی(ژ:١٩) شۆرش بە (سەگ بە فیل ڕەوین) وەسف دەکات

...لەگەل زۆر لای تری وێك چوو.

جیاوازیەکانی: هەندێ جیاوازیشی هەیە

١ـ کوردستان هەر دەسەلاتی کوردی تیا بوە لە فەلستین دەسەلاتی تایبەتی عەرەبی تیا هەلنەکەوتوە تەنها لە چوارچێوەی خیلافەتی ئیسلامی بوە

٢ـ لەسەردەمی عوسمانی قودس سنجاق بوو کەچی کوردستان لەسەرووی ویلایەت ولە ئاستی ئیالەت بوو.

٣ـ ناوەکەشی گوزارش لە پەیوەندیەکی مێژوویی وجوگرافی وکۆمەلایەتی و سیاسی ویاسایی خاکی کوردان دەکا، بەلام فلستین ناوێکە گوزارش لەو پەیوەندیە لەگەل عەرەب ناکا، لە بنەچەشدا ناوەکە یۆنانیە ودەگوترێ یەکەم جار هیرۆدۆتس بەکاری هێناوە.

---

[٣٠٦]ـ دەقی نامەی جمال عبدالناصرلەوەلامی نامەکەی١١/مایو/١٩٦١ی (ج کەنەدی) سەرۆکی ئەمریکالەکتێبی((فلسطين في رسائل عبدالناصر وكندي)

٣ـ شان بەشانی عەرەب گەلی یەهودیشی لێبوە ناویان (سابرا) بوە، لە کوردستان عەرەبی لێنەبودبەکۆمەل.

٤ـ ئەوان ئێستا ولاَتانی عەرەبیان لە پشتە بەلاَم کورد بێ پشتیوانە.

٥ـ دەولَەتی داگیرکەری فلستین لە چاو داگیرکەری کوردستان بە ویژدان ترو دیموکراسی ترە.

٦ـ داگیرکەری فلستین هەردوولا یەك رەگەزن هەرودك لە دیباجەی رێکەوتنامەی فیصل وایزمان هاتوەو لە ئەدەبیاتی نەوەی یەکەمی تەیاری عروبی وادەهات، کەچی داگیرکەری کورد (جگە لەفارس) ئەوانی تر لەگەل کورد یەك رەگەز نین. ...لەگەل زۆر وورده خالی تر.

بەو جۆرە کێشەی کورد بە ئەندازەی فلستین ئالۆزتریشە، بەلاَم ئەو چەند دەولَەتێکی عەرەبی لە پشتە وکورد بێ پشتیوانە، بۆ ئەوەی رزگاری تەواو بێتە دی، یان دەبێ چەند دەولَەتێکی کوردستانی دروست بێت، یاخود لەسەرەتادا پێویست بەوە دەکا کە هەنگاوی یەکەم کوردستان لە ژێر سایەی داگیرکەرێك کوردستان کۆکەیەوە، نەك لەژێر سایەی چەند داگیرکەرێك بن وهاریکاری یەك بکەن، بۆ ئەو مەبەستە لەبەلگەنامەی ئەمریکی ـ بروسکەی ژ:٩٤بالوێزخانەی ئەمریکی لەبەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١٩٦٢/٩/٢٠ هاتوە: کە بارزانی پیشنیاری بۆ شای ئێران کردوە کوردستانی دیوی عێراقیش بە ئێران بلکێندرێ و سەرجەم کوردستانێکی یەکگرتووی خودموختار دروست بێت[٣٠٧]

ئەوە پیشنیارێکی ستراتیژی بوە بۆ کردنەوەی ئەو گرێکوێرە ئالۆزانەی دوچاری کوردستان بوە، لەو جۆرە پێشنیارانە بەنا فەرمی دەووترێت کە مام جلالیش بۆ تۆرگوت ئۆزال وەها پیشنیارەکی کردوە، لەوانە بە روون تر بۆمان دەردەکەوێ کەستاندنی ویلایەتی موسل لەلایەن بەریتانیا لە فرنساو دوایش لە تورکیا بەشێکە لە ئالۆزبونی کێشەی کورد

[٣٠٧] ـ کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی ئەمریکی ل٧٧

لێرە بەولاوە باس لەوە دەکەین کەکێشەی کورد ئالۆزیەکەی ئەوەندە سەختە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت چی بەسەرهاتوە چی پێویستە، ئەوەش هەر بریتیە لە بەردەوامی گفت وگۆ لەبارەی هۆیەکانی ئالۆز بونی کێشەی کورد..

بەشی چوارەم

دەروازەكانی رزگاری كوردستان

بارودۆخی نێو دەوڵەتی: دوای خەملینی ئەو نەخشە سیاسیەی جهان و سەرهەڵدانی دەوڵەتان لەسەر بنچینەی ناشیونالیزمی عەلمانی، بستێك خاك نەما بێ سەرودری و تاپۆی یاسایی دەوڵەتیكی دیایكراو، ئیتر ئەو میللەتانەی نەبونە خاوەن دەوڵەت كەوتنە سەردەوڵەتیكی تر، بە پێی كتێبی بەناوبانگی (اقليات فى خطر)٢٣٣كەمایەتی چالاك لە٩٣ وڵات هەیە بۆیە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی جهانی لەفرە نەتەوەو فرە رەگەزو ئاین و چین و توێژ پیك هاتون، دەگۆترێ سەرجەم تەنها١٢وڵات هەیە نزیكە بتوانین بڵێین: لەیەك میللەت ویەك رِەگەز پێكهاتبێت، لەوانی تركێشەیەكی زۆرسەری نایەوە لەدابەشكردنی دەسەڵات و ئەرك ماف، هەندێكیان لەكاتی دروست بونی سنور پەرِینەوە لە شێوەی ئاڵ وگۆرِ وەك نێوان توركیاو یۆنان لە ١٩٢٠، لە نێوان ئەلمانیاو پۆلزانۆ لەسەرووی ئیتالیا لە١٩٣٠تا ١٩٤٥، لەو دواییەش پاكستان وهندستان ...، بە هۆی فرە لایەنی بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جهان تیزو سیستەمی سیاسی و دەستوری وڵاتیان گۆری لەدەوڵەتی ناشیولیزمی بۆ دەوڵەتی نیشتمانی، كەتیایدا نەتەوەو رِەگەزێك سەرودرو پلەیەك نەكرا، بەڵكو دەوڵەت وپاساسەرودر كرا، تاكەكانی ئەو دەوڵەتەش لەرِێ ی نەتەوایەتی وناشیولیزمی كۆنەكرانەوە، بەڵكو لەسەر بنچینەی بونیان لەو وڵاتە كۆكرانەوە، لەوەش زاراوەی هاوڵاتی وكۆمەڵگەی مەدەنی سەری هەڵداو جێ ی هاونەتەوەیی گرتەوە، بەمەش زۆربەی كێشەكان چارەسەر كرا، ئیتر بنەمای (كەفائە ـ تواناو خەڵكی شایستە لەشوێنی شایستە) كەوتە نێو پرۆسەی دەوڵەت، جیاوازیەك نەما لەنێوان تاكەكانی ئەو دەوڵەتە، دەرفەت بۆ هەمو لایەك وەك یەك رِەخسێنرا، بەپێی توانا ئەركیشی بە یەكسانی دابەشكرا، ئیتر سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیش بەدیمكراسیانە بەرِێوە چوون، بەو شێوەیە تارادەیەكی چاك كێشەی جیایی پێكهاتەو بونی فرەنەتەوە و رەگەز و ئاین لەیەك وڵاتی ئاوادا چارەسەر كرا.

هەرچی بەشێکی تر لەو وڵاتانە هەر پەیوەست بون بە دەوڵەتی ناشیونالیزمی و سیستەمی توتالیتاری و سەربازی و دیکتاتۆری، تیایدا رەگەزسالاری حوکم ڕان بون، وەکو وڵاتانی عەرەبی و تورکیاوسربیاو هەندی وڵاتی ئەفەریقی و ئاسیایی تر، لەو وڵاتانە نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بن دەستی لێ سەرهەڵدا، سەرەنجامەکەشی ئەوەیە، ئەگەر ئەو نەتەوانە ڕەسەن و بەربەرگری بن ئەوا وەردەچەرخێنە شۆرش و بەرگری و رزگار بون، ئەگەر میللەتێکی لە رزۆك (بەرگەی - مقەوەماتی) نەتەوەییان نەبێ ئەوا بەرەبەرە دەتوینتەوە لەنیو نەتەوەی سەردەست، لە عیراق و تورکیا و سوریا نمونەی زۆر زیندووی ئەو بابەتەن، عەرەب لە تورکیا توایتەوە، تورکمانیش لەهەمو ناوچەکانی عیراق هەبون تواینەوە تەنها لە کوردستان ماون، ئەویش بەهۆی بەرگری کورد لەو وڵاتانە، ئەو ڕەوتەی وڵاتانی عەرەب و تورکیا وسربیا سەرەنجامەکەی ئەوەیە:عەرەب لەگەل هەمو نەتەوە دراوسێکانیان لە (بەربەر، مسیحی، دارفۆری، قبتی، کورد، حوسی، شیعە، تورکمان) ناکۆکن، بەهەمان شێوەش تورکیا لەگەڵ هەموان ناکۆکەو پیش ناکەوێ، سربیاش پارچە پارچە بوو

لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی ویستراوە چارەسەریەکی ئەو کێشەیە بکرێت، میساقێك بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان دارڕژاوە پێکهاتوە لە١٩ بەش و (١١١) مادە)، بەشی یەکەم تایبەتەبە (مەبەستەکانی) دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە یەکەم مادە باس لەوە دەکا بۆ ئەوە دروستبون تامیللەتان بەمافی چارەنووسی خۆیان بگەن، کەچی تا ئەو ساتەش بە دەیان کێشەی وەك کورد لەجهان ماوەتەوە لە ئاسیا لە ئەفریقا و هەتالە ئەورووپاش، هەردوو ئەمریکاش، وەك مادەی یاسایی دەقی لەسەرە پشتگیری میللەتانی ژێر دەستە دەکا لە پەرەگرافی (٢)ی مادەی (١) و مادەی (٥٥)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها لەبڕگەی(٣)ی مادەی (٢٩) و بڕگەی(٢)ی مادەی(٢٦)ی جاڕی مافی مرۆڤ[٣٠٨]، لە بنەچەدا بەو پاساوە یاساییانە ئەو مافەی چارەنووس هاتووە:

١ـ پاراستنی ئاشتی

٢ـ قە لاچۆی چەوساندنەوە.

---

[٣٠٨] - میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ١٩ بەندو١١١مادە پێکهاتوە، جاڕنامەی مافی مرۆڤیش لە ٣٠ مادە پێك هاتوە، بەپێی بڕیاری ٢١٧ لقی (أ) (خولی-٣) لە ١٠ /دیسمبر/ ١٩٤٨ئەو جاڕنامەیە لەلایەن نەتەوەیەکگرتەوەکان کەواهی کرا.

٣ـ پێکەوە نەژیانی چەند پێکهاتەیەك پێکەوە.
٤ـ مافی مێژوویيان لە سەر خاکی خۆیان.
٥ـ نەبونی راپرسی کەپیشانی بدا بە پێکەوە ژیان قایلن.
٦ـ یان پیٚ شێل کردنی رێکەوتنێکی نێوانیان ...بۆیە بەردەوام برێاری تر لەو بارەیەوە دەرچوە، لەوانە: چەندین بریاری تریش دەرچوو لەوانە:

١ـ لە سالّی١٤/دیسمبر/١٩٦٠ بریارێکی تری (مافی چارەنووسی) درا بە ژمارە ١٥١٤ خولی(١٥)بەسەردێری: (إعلان منح الأستقلال للبلدان والشعوب المستعمره) تیایدا هاتوە: (إن الجمعية العامة تعلن لجميع الشعوب حق في تقرير مصيرها، ولها بمقتضى هذا الحق أن تحدد بحرية مركزها السياسي، وتسعى بحرية الى تحقيق نمائها الأقتصادي والاجتماعى والثقافي).

٢ـ بڕیارِ ژ:٢١٠٥ خولی ٢٠ ـ ١٩٦٥

٣ـ مافی بەرگری لە پێناو چارەنوس ـ بریاری ژ:٢٦٢٥ خولی ٢٥ لە٢٤/ئۆکتۆبەر/١٩٧٠

٤ـ مافی بەکارهێنانی چەك لە پێناو چارەنوس ـ بریاری ژ:٣٠٧٠ خولی٢٨لە ١٩٧٥

٥ـ بریاری ٣٣١٤سالی ١٩٧٤

بەلاّم لەلایەکی تر ئەو میللەتانەی بی دەولّەتن و دەنگی یاساییان نیە نازانن چۆن ئەو مافە بەرجەستە بکەن، چۆن لەو جهانە نوێیە گوزارش لە بونی خۆیان بکەن، چۆن بە ئاشتیانە ئەو بڕیارانە بیان گرێتەوە، ئینجا بون بەئەندام لە (un) شمولی میللەتان ناکا جگە لەدەولّەت هەروەك لە بەشی دوەم لەمادەی (٣) تا (مادەی (٦) میثاق الامم المتحدة) باسی بەئەندام بون دەکا، بۆ نمونە لەپەرگرافی (١) ی مادەی (٤) وا دەلی: ((العضوية فى الامم المتحدة مباحة لجميع الدول الاخرى المحبة للسلام والتى تاخذ نفسها بالالتزامات التى يتضمنها هذا الميثاق والتى ترى الهيئة انها قادرة على تنفيذ الالتزامات وراغبة فية)) لەمادەی (٥) ی بەلێلی شتیکی بە جیٚ هێشتوە، لە کۆتایداتەنها دەولّەت دەناسی نەك میللەتان، کەواتە ناوەکەش هەلّەیە، کە دەلّێن: (أمم المتحدة) بە لکو ڕاستیەکەی ئەودیەدەولّەتە یەکگرتوەکانە، بۆیە ئەو بریارو مادانەی جیٚ بەجیٚ ناکریٚ ئەگەر میللەتەکە خۆی پشێویەکی گەورە دروست نەکاو نەیکاتە دیفاکتۆ (ئەمری واقع)،

بۆیەش دەنگی میللەتانی ژێر دەستە لەخنكان دایە، لەهەموی سەیرتر ئەو دەنگە ئەو كاتە یاسایی دەبێ، كە لەری ی ئەو دەوڵەتەی داگیری كردوون ئینجا وەردەگیری، ئەوەش ئەستەمە و نەشیاوە، چونكە خۆی داگیركەرە ئەو جۆرە دەوڵەتانە دەنگی ئەوانە بەسەلامەتی و دروستی ناگەیەنێ بەو شێوەیە زۆربەی میللەتانی ژێر دەستە لەسەرەتایی سەدەی بیستەم دووگرفتی مەزنیان بۆ دروست بو، یەكەمیان خودی داگیر كەرەكە، دووەمیان سازنەبونی باری نیو دەوڵەتی، ناچار بەشیكی زۆر لەو میللەتانە سوودیان لەناكۆكیە جهانیەكان وەرگرت و دەرباز بون، وەك سوود وەرگرتن لە: هەردوو جەنگی جیهانی، ناكۆكی رۆژ هەلاتی و رۆژ ئاوایی كە لەسیەكانی سەدەی(٢٠) دەستی پێكرد تاكۆتایی سەدەكە، یان ناكۆكی ئیقلیمی وەك جەزائیر و بەرەی پۆلیساریۆ لەدژی مغرب، پاكستان و كشمیر لەدژی هند، بەشی زۆری میللەتان ڕزگاریان بوو، بەڵام كوردو هەندێ میلەتی تریش مایەوە... بابزانین هۆیەكەی چیە؟ ئاخۆ ڕەسەن نیە؟ شۆرش و بەرگریان نەكردووە؟ ئاتەبان؟ بێ سەركردەن؟

نەخێر ئەوانە هۆی سەرەكی نیە، ئێستا ئەو هۆیە دیاری دەكەین كە بووە هۆی درێژەكیشانی شۆرش كورد لەسالی(١٩٢٥)ەوە تا ئەو ساتەو نەگەیشتووە بە ئامانج، هەلبەتە لەسەرەتادا نەبونە دەوڵەتمان باس كردو گفتوگۆمان لەسەر فاكتەرەكان كرد، ئەوە جیایە لەگەل ئەو باسەی ئێستا، ئەو هۆی بەدەوڵەت نەبون بوو، لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە كاروان بە جی ماو بووە میللەتێكی ژێر دەستە، بەڵام دیسان ئەو میللەتە ژێر دەستانەی وەك كوردیش رزگار بون بۆ چی شۆرشەكانی كوردی یەك لەدوای یەك بی ئاكام بون هۆیەكەی بەگشتی ئەوەی خوارەوەیە: وەك لەسەروو باسمان كرد میللەتان دووگرفتیان هەبوو كەچی بۆ كورد سێ یە:

لەڕاستیدا كۆمەڵێك هۆكارو كەم و كوری لە پلان و ستراتیژیەت و پەرتەوازەیی هەبووە، كە: بەشێكی زۆر لە سەرۆك عەشیرەت و بەرژەوەند پەرستانی كورد لە لایەك وبازرگانانی شەڕ لە دەوڵەتە داگیركەرەكان لێرە بەرژەوەندیان یەك دەگرێتەوە كە شۆرش ونائارامی نەكۆتایی بێت و نەسەریش كەوێ

بەڵام سەرەکیەی ئەوانە نیە، بەڵکو ئەوەیە کە میللەتانی ترلە قۆناغی رزگاریدا ڕوبەڕوی دووگرفت دەبونەوە یەکەمیان: خودی داگیر کەرەکە.

دووەم: ئەرەخسانی بارو دۆخی دەولی، کەکەمتر هاریکاری بزوتنەوەی رزگاری و میللەتانی ژێردەستەیان داوە، زیاتر بەرژەوەندیان لەگەڵ دەوڵەتەکە بووە، سەرەڕای ئەوەش (ویفاق)و ئاشتی لە فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاشتی نێوان دەوڵەتەکان بوە، نەك میلەتان، وایکردوە میلەتی بێ دەوڵەت گرفتێکی گەورەی لەگەڵ یاسای نێو دەوڵەتی هەبێ، هەرچی کێشەی کوردە ڕوبەڕوی سێ گرفتی ترسناك بویتەوە.

یەکەم: کێشە لەگەل داگیرکەرەکە.

دووەم کێشەی جهانی وهاوبەشە لەگەڵ میلەتانی ژێردەستەی تر.

سێیەم کێشەی ئیقلیمی ئەوکێشەو گرفتە سەربارو تایبەتە بەکورد وچەند میلەتێکی تر، بەدەگمەن هەندی کێشەی تری ئاوا هەیە وەك بەربەرەکان لە ئەفریقا کەدابەش بووینەوە (٢٢ ـ ٢٥)٪ کەوتۆتەجەزائر بەشێکی نادیار لەمەغریب و مۆریتانیایە، تارادەیەك کێشەی باسك کە (٣) هەرێمی کەوتۆتە دیوی فرنساو (٤) هەرێمیش کەوتۆتە دیوی ئیسپانیا[٣٠٩] ...، ئەو جۆرە دابەشیە گورزیکی کوشندەیە لەو میللەتانە، چونکە داگیرکەرەکان کە دراوسێ ی یەکترن هاریکاری دەکەن لە دژی بزوتنەوەی رزگاری خواز، کەلێنێك ناهێڵنەوە بۆ یارمەتی وەك باقی بزوتنەوە رزگاری خوازەکانی تر.

دوای ئەوەی کوردستانیش لە سایکس بیکۆ دابەشکرا و بە تەواوی لە لۆزانی ١٩٢٣ جی بەجی کرا ئەوا کوردستان بوە چوار پارچەی سەرەکی (عێراق و سوریا و تورکیا و ئیران)، لەو کاتیەوە هەر چواریان هاریکاری یەکتریان کردوە دژ بە جولانەوەی رزگاری کورد، یەکەم هەنگاوی ئەتاتورك قایل کردنی هاوپەیانان بەوو بە هۆی ڕێککەوتن وازهێنان لە مافی تورکیایی نوێ بەسەر زۆر لە ئاو خاك درا بە ڕوسیا ویۆنان ودەورو‌بەری تر، کە لە ژێر دەستی بەریتانیاو فرنسا بون، یەکێك لەوانەش ویلایەتی موسل بوو، زۆربەی ڕێکەوتنامەکانی جێبەجێ کرد، تەنانەت گوایە دژ بە سیڤەر بوو بە مەرگی تورکیای وەسف دەکرد بەتایبەتی مادەی (١٣٢) دوای هەموشی جێبەجێ کرد ئەوەی کوردو ئەرمەن نەبێ، مستەفا کمال دوو ڕێکەوتنی لەگەل ڕوسیای (لینینی)کرد،

---

[٣٠٩] ـ بۆیە دروشمی بزوتنەوەی رزگاری ئیستای باسك بریتیە لە ٣+٤=١

یەکەمیان لە٣٠/١/١٩٢٠، دووەم لە ١٦/٣/١٩٢١ تیایدا بە ڕوونی پشتگیری لە ئەتاتورك کردو دژی سیڤەر وەستاو بیری کوردستانی سەربەخۆی بە گەڵاڵەی ئیمپریالیزم وەسف کرد، لە سالی ١٩١٩ تا١٩٢٠بری١٠٠ملیۆن ڕۆبلی وەك یارمەتی لەلایەن روسیا بە ئەتاتورك درا[٣١٠]، لە بەرامبەردا هەرێمی (قرم)ی عوسمانی بۆ روسیا لە١٦/٣/١٩٢١ بە یەکجاری بە جێهێشت، لە٢٠/ ١٠/ ١٩٢١ناوچەی کلیرکیای بۆ فرنسا بە جێهێشت، بوە هۆی ئەوەی یەکەم هاریکاری دژ بەکورد لەوە بێت وکاتێ هێزی شۆرشگێرانی کورد دیاربەکریان گەمارۆ دابو بەسەر ناوچەکە زاڵببون، لەو کاتە هێزەکانی فرنسا ڕێیان بۆ سوپای تورکیا کردەوە بەناو خاکی سوریابێت گورزی کوشندە لە دواوەی کورد بوەشێنێ بوە هۆی تێکشکانی شۆرش لە نیسانی ١٩٢٥، لەو کاتە شیخ عبدالقادر لەمانگی ١٩٢٥/٧نامەیەکی بۆ مەندوبی بەریتانیای نارد لەعیراق، تیایدا داوای هاریکاری کرد، بەڵام بەریتانیا داواکەی ڕەتکردەوەو داوای لە تورکیا کرد، کە هاریکاری یەکتر بکەن دژ بە کورد[٣١١]، بۆیەش کاتی براکەی شێخ سعیدی پیران پەنای بۆ سنوری عیراق برد وایزانی بەریتانیەکان هاریکاری دەکەن بەڵام پێچەوانە دەرچوو هەمو چالاکیەکیان خستە ژێر چاودێری و وەستاندیان، لە دیوی عیراقیش چەندین ڕێکەوتنامە ئەنجامدرا یەکەم جار لەگەڵ بەریتانیا لە ١٩٢٢، ئینجا ڕێکەوتنی دووقۆلی وسێ قۆلی داگیرکەرانی کوردستان دەستی پێکرد، لە ڕێکەوتنامەی٥/٦/ ١٩٢٦ی دیایکردنی سنوری نێوان تورکیاو عیراق (کە بە سنوری برۆکسل ناوزەد دەکرێ) لە بەشی دودم مادەی (٦) هەردوولا ڕێکدەکەون کە چەکدارانی یاخی بدەنەو یەکترو هاریکاری ئاسایشی سنور جێبەجێ بکەن[٣١٢]، لە ٢٢/٤/١٩٢٦ ڕێکەوتنی دووقۆلی تورکیاو ئیران مۆرکرا پێك هاتبوو لە(١١)بەند لە بەندی پێنجەم و شەشەم دژ بەکوردبوو، لەسالی ١٩٢٦ یەکەم ڕێکەوتنی سێ قۆلی تورکی عیراقی ئێرانی (بەناوی دراوسێی) مۆرکرا و کورد تیایدا گەمارۆ درا، لە گەرمەی شۆرشی ئاگری لە١/٩/١٩٣٠ تورکیاداوای لە عیراق (نوری سعید)کرد کە ڕێی پێ بدرێ هێزدکانی بەناو خاکی عیراق بسورێنیتەوە بۆ لەناوبردنی شۆرشەکە، بەڵام عیراق نەیتوانی

---

[٣١٠] - بروانە: قضیة الکوردیة فی المؤتمرات الدولیة ص٧٤-٧٥

[٣١١] - المقاومة الکردیة للإحتلال ص٥٩-٦٠ ایوب بارزانی

[٣١٢] - ئەو ڕێکەوتنە لە ئەنقەرە لەلایەن نوری سعید (عیراق) و رشدی پاشا(تورکیا) وبەناماەدبوونی ئندسی بریتانی مۆر کرا، پێك هاتبوو لە١٨ مادە

بەوئەندازەیە یارمەتی تورکیا بدات [٣١٣]، چەندین ڕێکەوتن وپرۆتۆکۆلی تر مۆرکرا، لە هەموان زەقترو بە نێو دەوڵەتی کردنی لەپەیماننامەی سعد ئاباددی٨/٧/ ١٩٣٧ * دەست پێدەکات، ئینجاپەیمانی بەغدای** ١٩٥٥، چەندین ڕێکەوتنی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و چوار قۆڵی تر...، لە هەندێکیشیان ڕێکەوتنی سەربازیشی تێدایە، لە ١٩٤٦/٣/٢٤ تورکیاو عیراق یەکەم ڕێکەتنی سەربازیان مۆر کرد دژ بە هۆزە کوردە یاخی بوەکان [٣١٤]، لە ساڵی ١٩٦٣ش کە شۆرشی ئەیلول دەستی پێکرد هاریکاری سێ قۆڵی سەربازی زیندوو بۆوە و، بە پێی بروسکەیەك کەلەلایەن هەوالگری کورد لە٢/٧/١٩٦٣ ڕاوکراوە ودەڵێت: بۆ فق١ + فق٢ لە (حرکاتەوە) ژ:٣٤٧٨س ڕێ بە فرۆکەی تورکی وئێرانی بدەن لەسەرووی هێلی ٣٦ تالەخراپەکاران بدەن [٣١٥]، هەر لەساڵی ١٩٦٣ پسپۆرانی شەڕی پارتی زانی جەزائیری وفرۆکەوانانی یەمەن* و هێزی سوریا بە فەرمی هات یارمەتی عیراقی دا بەپێی مادەی(٢)ی (معاهده الدفاع المشترك بين دول الجامعه العربيه)کە لە ١٣/٤/١٩٥٠، لەوێشەوە بۆ هاوپەیمانیەکی سەربازی نێوان سوریا وعێراق کە لە ٨/١٠/١٩٦٣بەسترا بوو، دەقەکەی لەخوارەوەدیە [٣١٦]، بەو هۆیەوە یەکێتی سۆڤیەت سکاڵایەکی بەرزکردەوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکانو تیایدا ئەو پەلامارە عربیەی بۆ سەر کوردستان بە جینۆساید لە قەڵەم دا ـ ئەوەی خوارەوە دەقی سکاڵاکەیە [٣١٧]، (دەقی

---

[٣١٣] ـ دراسات فى الحركة الكردية المعاصرة ص٤٤٩ دعثمان على

* ـ لەمادەی(٧)ی ئەو ڕێکەوتنامەیە بە ڕاشکاوانە باس لە هاریکاری دژ بە یاخی بوان ورێکخراوی سیاسی دەکات ، ئەوش دەقەکەیەتی:كل طرف من الأطراف السامية الموقعة يأخذ على نفسه عهداً باتخاذ التدابير الإحتياطية ضمن منطقته الخاصة ضدتشكيل ونشاطالجماعات المسلحة والجمعيات والمنظمات التى تهدف الى إسقاط المؤسسات القائمةحالياًوالمسؤلة عن ضمان الأمن والنظام فى اى جزء من حدودالطرف المقابل- كردستان تركيا د مجيد جعفر

** ئەو ڕێکەوتنە لە ٢٣/٢/١٩٥٥لە نێوان تورکیاوعیراق کرا ، دوای بریتانیاوئێران وپاکستانیش هاتنە ناوی بوە (حلف بغداد)

[٣١٤] ـ بروانە:کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی برتانی ـد کمال مزهر ل٢٨٢

[٣١٥] ـ تەواوی ئەو زانیاریە لە ل١٢٣ی کتێبی (مسعود بارزانی- بارزانی وبزوتنەوەی رزگاری کورد)

* ـ لە کتێبی (ڕۆژانی لە مێژووی شۆرشی ئەیلول ل١٦٨) باس لەوانەو باس لە هێزی هندی وپاکستانیش دەکاکە یارمەتی عیراقیان دابێت، لە بەرامبەریشدا هێزەکانی حزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران بە(احمد توفیق)ی سکرتێرشیەوە هاتن یارمەتی شۆرشی ئەیلولیان دا.

[٣١٦] ـ میثاق الوحدة العسكرية بين سوريا والعراق بغداد - دمشق ٨/١٠/١٩٦٣.... ثانيا: تشكيل مجلس دفاع اعلى مؤلف من القائد العام للقوات المسلحة للجيش الموحد، وثلاثة أعضاء من كل قطر يعينهم المجلس الوطني لقيادة الثورة. دەقی ئەو ڕێکەوتنە لە پاشکۆی ژ:٣ لە کۆتایی ئەو نوسینە بخوێنەوە

[٣١٧] ـ رقم E/٣٨٠٩ ٩تموز ١٩٦٣ الجلسة ٣٦، المادة رقم١ في جدول الاعمال.

وەلامی عیراقی و بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پاشکۆی ژ:٤ لەکۆتایی ئەو نوسینە بخوێنەوە)، لە سالی ١٩٧٥ بەفەرمی ڕێکەوتنی عیراقی ئیرانی مۆر کرا خاك وئاوی عیراق بەرامبەر تواندنەوەی شۆرشی کوردلەلایەن ئیران، لەسالی ١٩٨٤ ڕێکەوتنێکی سەربازی لەنێوان عیراق و تورکیا مۆرکرا بۆ هەردوولا مۆلەت درا هەریەکە بتوانن ٢٠کم سنوری یەکتر ببەزێنن بۆ لێدانی شۆرشی کورد.

ئەوانە ڕێکەوتنی ڕاستەقینەی دژبەکوردن زۆر جیایە لەگەل ڕێکەوتنە کۆنەکانی عوسمانی وسەفەوی کە ئەو مەبەستەی تێدانەبوو، بەداخەوە لەلای پرۆگرامی هاوچەرخی کورد تێکەل کراوە، لەو سەردەمی ئەو ڕێکەوتنانەی خوارەوە مۆر کراون لە نێوان عوسمانیو سەفەوی: پەیماننامەی سالی ١٥٣٥، پەیماننامەی ئەماسیەی١٥٥٥، پەیماننامەی١٥٦٨، پەیماننامەی١٥٨٩ی ئەستەمبۆل، پەیماننامەی دوەمی ئەستەمبۆلی ١٦١٣، پەیماننامەی سەراوی ١٦١٨، پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩، پەیماننامەی١٦١٣، پەیماننامەی ئەرزەرۆمی یەکەم١ ٨٢٣، پەیماننامەی ئەرزەرۆمی دووی ١٨٤٧، پەیماننامەی ستاتوکوی١٨٧٠، پرۆتۆکۆلی تارانی١٩١١، پرۆتۆکۆلی ئەستەمبۆلی١٩١٣...زیاتر هودنە بوە، نەك ڕێککەوتن، بەووردتر لە کتێبی (بەشێك لە پەیماننامەکانی دژی کورد) وەك لەناو کورد باوە گوایە هەمو ئەوانە دژ بەکوردن، بەلگەیان ئەو مادانەن کە داوای گەڕانەوەی هەلاتوەکان دەکا، وەك لەنمونەی فەسلی پێنجەمی ڕێکەوتنامەی دوەمی ئەرزەرۆم داوای گێڕانەوەی هەلاتوەکان دەکاتەوە، بەلام کە لێی وورد دەبیەوە دەبینی داوای هەلاتوی ئەو سەردەمی کە زۆربەی هەرە زۆری لە بنەمالەی دەسەلات بوە، داوای گێڕانەوەی ئەوان دەکەن، نەك کورد، ئەو کاتی کەی کورد

" سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل الحكومة العراقية" طلب اضافة فقرة جديدة الى جدول الاعمال - رسالة رئيس بعثة الاتحاد السوفيتي الى الامم المتحدة الى رئيس المجلس الاقتصادي والاجتماعي

سعادة مستر ا. باتينو الرئيس ، جلسة السادس والثلاثون من أجتماع المجلس الاقتصادي والاجتماعي " استنادا الى بنود المادة٦٢ من ميثاق الامم المتحدة وقرار الجمعية العمومية رقم ٩٦(١) والصادر في ١١كانون الأول ١٩٤٦ الخاص بجريمة حرب ابادة الجنس البشري ، تطالب ممثلية الاتحاد السوفيتي من المجلس اضافة فقرة مهمة وعاجلة في بنود الجلسة الحالية بعنوان " سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل الحكومة العراقية"

نلحق بهذا الرسالة مذكرة توضيحية ومسودة قرار ستقدم للأمم المتحدة حول المسألة.

أكون شاكرا لكم لو قمتم بنشر هذه الرسالة وملحقاتها لتكون ضمن الوثائق الرسمية المنشورة للجلسة رقم ٣٦ للمجلس الاقتصادي والاجتماعي للامم المتحدة.

ايس .بورسيف رئيس البعثة السوفيتية الى الجلسة رقم ٣٦ للمجلس

هەڵدەهات و بۆ هەڵدەهات، ئەو لێکدانەوەیە بە پێی واقعی ئێستایە کە زۆر جیایە لەگەڵ ئەو سەردەم، هەرچی ئەو ڕێکەوتنانەی ئێستا جیایە وبە ڕوونی دژ بە جموجۆلی کوردایەتی و بەرزەوتکردنی سنورە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی دەوڵەتە داگیرکردنەکانە.

فاکتەری ئیقلیمی وای کردووە ئاستی شۆڕشی کورد لە سەقفێکی دیاری کراو بداو لێی ڕەت نەبێ، بۆیە شۆڕشەکانی کورد لەسالی ١٩٢٧ تا ١٩٧٩ هەر لە خولگەیەکی داخراو دەخولایەوە کە بریتی بو لە: جموجۆڵ ـ ڕێکخستن ـ شۆڕش ـ مەینەتی و ئاوارەیی و مال ویرانی ـ ڕێکەوتنێکی (وفاقی ئیقلیمی) ـ ڕووخانی شۆڕش وچاوەڕێی لێبوردنی حکومەتی داگیرکەر.

ئەزمونەکان سەلماندوویانە لە چوارچێوەی بنەمای (بەرژەوەندی) و مەدرەسەی عەلمانیەت ئەو فاکتەرە چارەسەری نیە، بۆیەش تا وولآنی داگیرکەر بە عەلمانی مانەوە ئەوا ئەو فاکتەرە ناوە ناوە گورزی خۆی لەکورد وەشاندوە، تا ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) شۆڕشی کرد ویەکەم نمونەی لە (ئەنتی عەلمانی) لەناوچەکە دروست کرد، بۆ یەکەم جار ئەو فاکتەرە تا رادەیەك خاو بۆوە، چونکە بۆ یەکەم جار سیستەمێکی سیاسی و یاسایی پەیرەو کراله ئیران تیایدا بە پێی بەرژەوەندی کارنەکرا بەڵکو بەپێی ئایدۆلۆژیا کارکرا

بەدرێژی لە ئاسایشی نەتەوەیی ومافی چارەنوسی دەگەرێینەوە سەری، ئەوەی جێی سەرنجە لەتوێژینەوە ستراتیژیەکانی کورد ئەو فاکتەرە بەو شێوەیە دیاری نەکراوە، بۆیە لە بنەچەدا نە ئیش بۆ سیستەمێکی وا کراوە نە کە هاتە کایەوە ڕەچاوی ئەو دەستکەوتە کرا[٣١٨]، بەڵکو بە پێچەوانەوە کورد لە سەردەمی شا بەلای بێ دەنگی لار ببۆوە کە بەشێك بوو لە (وفاق ئیقلیمی) لەسەر حیسابی کورد، چەندین گورزی جەرگ بڕی لەکورد دابوو، بەڵام کەشا گۆرا سیستەمێکی (ئەنتی عەلمانی) هاتەکایەوە کوردچەکیان هەڵگرت و بەهاریکاری دەوڵەتی عیراق درووشمی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان هەڵگرت، تەنانەت بەشێك لە بزوتنەوەی کوردایەتی ئێراقیش بەگەر ئەو ڕەوتە چەوتە کەوت.

---

[٣١٨] ـ لەنامەیەکی (ئەحمەدتۆفیق) بۆ بارزانی لە ١٩٦٤/٢/١٨لە خالی (٢)ی نامەکە هەولی دا باسی وەها ستراتیژیەك لەسەر پێکوەنەگونجانی مەدرەسەو حوکمەکان دەکا، لەنامەکە پێشنیار دەکا دەلێ با پشتی ناسریەکان بگرین لە عیراق چونکە ئەگەر لەعیراق ناسری دەسەڵاتدار بن ئەوا (ویفاق اقلیمی) تێك دەچێت وئەو سێ لایە(تاران، ئەنقەرە، قاهیرە) ئیستدام دەکەن و سودی بۆ کورد دەبێت دەقی نامەکە لە:مسعود بارزانی-بارزانی وبزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ل٤٤٤

هەر لە درێژەی کێشە ئیقلیمیەکەی کورد کرفتێکی تری سەرباری بۆ دروست بوە، ئەویش ئەوەیە کاتی ڕۆژئاوا جیهانی دابەش کرد بەو شێوەیە یەکێ لە مەبەستەکانی ئەوەبوو کە ناوچەیەکی پڕ ئاژاوەی هەمیشەی پێك بهێنێت و جیهانی ئیسلامی یەك نەگرنەوە، لەو میانەدا کورد بووە قوربانیەکی زۆر گەورە، لە لایەك رای گشتی جیهانی ئیسلامی بەلای مافی چارەنووسی داناچێت گوایە جیابونەوە زیاتر برینەکان قوڵ دەکاتەوە و (تجزئه الجزئه)یە یاخود (تقسیم المقسم)ە، لەلایەکی تریش ڕۆژئاوا خۆی نەندازیاری ئەو دابەشیە بوو، جیهانی ئیسلامی و زانایانی ئاینیش زیاتر هاوسۆزیان لەگەڵ میللەتە موسلمانەکانی ژێر دەستە (غەیرە ئیسلامین) هەیە وەکو: فلستین،کشمیر، چیچان، مۆرۆ هتد

بەڵام لەگەڵ کورد کەمتر و تەنانەت نەکورد توانیویەتی بەچاکی پێناسەی کێشەکەیانی بۆ بکا نەخۆشیان ئەوەندە خولیای تێگەیشتنی ئەو کێشەیە بووینە، بۆیە گەلێ جار بە دیمەنێکی وەرگەڕاویش پیشان دراون، مەزلومە بە زالم پێشان دراوە، لەکاتێکدا ئیمپریالیزم و ئاژانسەکانی یەهود کوردستانیان وا دابەش کرد کەچی، کە بەرگریەك دەکا زۆر بەسانایی بەکرێگرتەی ئەوانە لە قەلەم دەدرێن، کاریگەری ئەوەش چی لە بەو فاکتەرەی سەروو کەم تر نیە

ئاسایشی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی

تا ئەو ساتە ئەو بابەتە وەك كۆمەڵێك بنەما و مادە (لائیحە) نەنوسرایتەوە بەفەرمی، تا هەمو لایەك لەسەری رێككەون [٣١٩]، بونی لائیحەكی وا ئەو پانتاییە دیاری دەكا كە بریتیە لە سەوابتەكانی كوردستان لەلایەكی تریش دەبێتە هێڵی سور بۆ نەبەزاندنی نەبونی ئەو لائیحە زیاتر دەگەرێتەوە بۆ كاریگەری مدرسە ئایدلۆژیەكانی جیهان لە كوردستان، چونكە دیاری كردنی ئەو لائیحە بەپێی مدرسەی شیوعیەت یاخود سۆشیالیست زۆر جیایە لەگەڵ مدرسەی لیبرالی، هەر دووكیشیان لەگەڵ ئاینی جیان، بەگشتی لەلای ئیسلامی و عەلمانی جیایە، بەڵام ئێستا ئەو مدرسانە كاڵ بووینەوە، رەنگە بتوانین لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی كوردستان ئەو لائیحە دیاری بكەین و هەمو لایەكیشی پێی قایل بین

چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی:

لە كۆنەوە رۆلی هەبووە و ئیشیشی پێ كراوە بەڵام بەدەقی ئەو ناوە نەبووە، بەپێی هەندێ سەرچاوە یەكەم جار بەو ناوە لەلایەن (لویسی چواردەمی)ی فەرەنسی بەكار هات، كاتێ لەدەورو بەری وڵاتەكەی جمو جۆڵی داگیركاری و گۆرانی هاوسەنگی هێز بەرێوە دەچوو، پێی وابوو ئەوە هەرەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، بەو جۆرە ئەو چەمكە سەری هەڵداو بەكورتیش مانای دابینكردنی ئاسایشی سیاسی و سەربازی و ئابووری و كۆمەڵایەتی بۆ كیان و دەوڵەتەكەت، یان هەندێ ئینسیكلۆبیدیا بەسادەتر گوزارەش دەكەن و دەڵێن: پاراستنی دەوڵەت لە هەرەشەكانی دەرەكی و ناوەكی بریتیە لە بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی.

لێرە مانای زیاتر پاراستنی دەوڵەت دێت، بەو مانایەی دەوڵەت قاوغە فراوان و گشتیەكەیە كە موڵكی میللەتە، نەك حكومەت كە حزبێك یان (ئیئتیلافێك)

---

[٣١٩] ـ وەك سەردتایەك لە موسوعەی جودی وهەندێ سەرچاوەی تر نوسرایتەوە

فەرمانڕەوایی دەکا، لیرەوە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕەهەندی جیهانی وەردەگرێت، جیایە لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتێکی وەك کویت، هەر دووکیان جیان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل کە دەوڵەتێکی نامۆیە لە ناوچەکە پێویستی بە بنەمای زۆر تایبەتی هەیە، ئاسایشی هەر هەمویان جیایە لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك ئیران، لەولاشەوە ئاسایشی نەتەوەیی وەك یابان لەهەر هەمویان جیایە کە بریتیە لە ئاسایشێکی فەراهەم بکرێت بۆ بازار دوور لە عەسکەرتاری، بەو شێویە ئاسایشی نەتەوەیی جۆراوجۆر هەیە، بوار نیە بەدرێژی پۆلینیان بکەین، بەڵام بەگشتی دوو جۆر هەیە کە لەگەڵ ڕەوشی توێژینەوەکەمان دەگونجێ، ئەویش بریتیە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتداران و میللەتانی بێ دەوڵەت. کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی میللەتانی بێ دەوڵەت چۆنە؟ هەیە یاخود نیە؟ چی جیایە لەگەڵ ئەوانی تر؟

هەڵبەتە بەپێی دابەش و جیایی بەرژەوەندی ئەو بنەمایانەش لێك جیادەبن، لە بنەچەدا وا پێویست بو سەرجەم مرۆڤایەتی برا و هاریکاربن، هەر وەك ئیمامی عەلی ئەو بنەمایەی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلام داناوە لەنێوان هەمو مرۆڤی جیهانەوە دەڵێ: اما اخ لك في دين او نظير لك في خلق، واتە: ئەگەر هیچ پەیوەندیەك نەبێ لەنێوان دوو مرۆڤی سەر ئەو زەوی یە یەك ڕەگەز نەبن خزم نەبن، هاوڵاتی نەبن، هاوچین و هاوباوەڕ نەبن، هیچی یەکتر نەبن ئەوە هاوتان لەبون، واتە لە خزمیش نزیك ترن

لەو سەردەمە سیستەمی عەلمانی سەرمایەداری زاڵە بەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، ئەوەش وای کردووە کۆمەڵگەی نێو دەولێتی و بەشەریەت دابەش بن، هەر کۆمەڵە دەست بە بەرژەوەندی خۆی بگرێ و گەلێ جار لەسەر حیسابی خەڵکی تر، یان لەسەر بنچینەی (گەیشتنی دوو بەرژەوەندی لەسەر حیسابی سێیەم)، گەلێ جاری ترلە جیاتی برایەتی بنەمای (مصائب قوم عند القوم فوائد) پەیرەو کراوە، واتە بەرژەوەندیەکان تێك دەگیرێن و شینی هەندێکیان دەبێتە شایی بۆ بەشێکی تر، کەباسی عەولەمە و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ڕایگشتی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێ وەك یەك میللەت و یەکسانیەك دێتە پێش چاو، زۆرجار ڕۆشەنبیری کورد بە خێرایی بەسەر ئەو گفتوگۆیە تێدەپەڕێ و وەسفی عەولەمە بەوە دەکا و دەڵێ جیهان بوێتە گوندێکی بچوك ...، ناوەستێ لەسەر ئەوە ئاخۆ ئەو گوندە هەمو وەك یەکن، یاخود

جیاوازی تێدایە، دابەش بوینە بەسەر: ڕەش و سپی، سەروخوارو، تێر و برسی، دەوڵەمەند و هژار، نەتەوەی سەردەست و بن دەست، شارستانی و فەرهەنگی جیاجیا... بەئاسایی لە هەمو شوێنێکی ئەو گوندە جێت دەبێتەوە، ئەگەر بە نەشارەزایی وبێ چاوساغ دەرگای ئەو گوندە بکەیەوە، دەچیتە گەرەکێك بە خزمەتکار وەرتدەگرن، بۆیە دەبێ ناسنامە و شوێنی خۆت لەو گوندە دیاری بکەیت، ڕەنگە هەبێ قایل نەبی و بڵی جیهان یەکە و ئەوروپا و ئاسیا نەماوە، سەروو و خواروو نەماوە....هتد، باشترین بەڵگە تورکیایە، خۆ ئێمەی کورد لە تورکیا پێشکەوتوترین لەساڵی (١٩٢٢) و (١٩٢٤) بەڕەسمی عەلمانیەتی ڕاگەیاندووە، تەنانەت جل و دیاردەی ئیسلامی و ئاینی قەلاچۆکرد، پیتی ئیسلامیشی کردە لاتینی، لەساڵی (١٩٣١) بۆ کۆنگرەیەکی ئیسلامی لە قودس بانگێشت کرا نەچو و وەلامیشی ئەوەبو: خۆ ئێمە دەوڵەتی ئیسلامی نینە...، لەوکاتیەوە هەتا ئێستا لەتەقەلای چونە نێو یەکێتی ئەوروپایەو وەرنەگیراوە، کەچی بەشێك لەخاکەکەشی کەوتۆتە ئەوروپا، شکستی ئەو تەقەلایە یارمەتی دەرێکی مەزن بو پارتی دادوگەشە بەناسنامەیەکی ئیسلامی ئاوا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوە ئەزمونێکی زۆر دەوڵەمەندە و پێویست ناکا ماندومان بکەن بەتاقی (تاقیکراوە)، هەر لەئێستاوە ناسنامەو شوێنی خۆمان لەو گوندە عەولەمیە دیاری بکەین، ئەگینا خزمەتکارین و خزمەت کاریش بەمرۆڤی تەواو پۆلین نەکراوە وناکرێ،

کەواتەڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو عەولەمەیەی ئێستا پێکهاتوە لە سەروخوارو، هەبودونەبوە، پێش کەوتو وپاشکەوتو، سپی و ڕەش، داگیرکەر و داگیرکراو، خاوەن ڤیتۆ و بێ ڤیتۆ، ئەوروپی و ئاسیایی، لیبرالی و مەبادئی، عەلمانی و ئاینی... هتد،دۆزینەوەی بونی خۆت ودیاری کردنی ناسنامە و ئینتما لەو جیهانە نوێیە ئاسان نیە، بۆ بناغە دانانی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیمان پێویستمان بە دیاری کردنی ناسنامەی کورد و کوردستانە لە عەولەمەی نوێدا ...بەو شێوەی خوارەوە:

١ بەشێکین لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی لەڕوی جەمسەری جوگرافیەوە

٢ ئێمە سەر بە فەرهەنگی ئیسلامین لەرووی ئاینەوە

٣. ئینتمای نەتەوەییشمان کوردەنە رووی رەچەلەکیەوە،کوردستانیش لەرووی نیشتیمانیەوە

٤. سەر بەرزگاری ـ نیشتیمانین لەرووی ئایدیۆلۆژیەوە

٥. سەر بە وولاّنی جیهانی سێ یەمی تازە پێ گەیشتووەکانین لەروووی شارستانیەوە (٣٢٠)

لێرەوە دەردەکەوێت ئێمە کێین و شوێن و (کۆ ئۆردینەیتمان) لەکوێی عەولەمەیە، هەر لەوەشەوە دەچینە ناو دەروازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وزۆر لای تر. ئەگەر بەبێ رێنوێنی و چاوساغی و بێ ناسنامەی تایبەتیمان خۆمان خستە نێو ئەو گوندەی عەولەمە ئەوە لە باشترین دۆخدا بەپێی بنەمای (هاولاّتی بون) و رەگەزی کۆمەلّگای مەدەنی هەلس و کەوتمان لەگەلّ دەکرێ و جێ ی داواکردنی مافی نەتەوەییمان نابێ، جا ئەگەر ئەو داوایە نەکەین لە ولاّتانی عیراق و تورکیا و ئیرانیش مافی هاولاّتیمان پێ دەدرێت ....، بۆیە فەرهەنگی عەولەمی رۆژئاوایی زامنکردنی مافی کوردومافی چارەنووسی تێدانیە، بەتایبەتی بنەمای (تاکبژیانە)کەی، کەواتە لە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەییمان پێویستە تۆمار بکرێ ئێمە بەشێك نین لەفەرهەنگی رۆژئاوایی وسەرخانەکانی، هەر تەقەلایەکی واش دژی بنەماکانی ئاسایشی کوردە ...(١)

کێشەی کورد بەو مانایەی وەك دۆزێکی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پەیدابونی نەتەوەی سەردەست و بن دەست مێژوی راستەقینەی دەگەرێتەوە بۆ سەرهەلّدانی دەولّەتی نەتەوەیی تورکیا و عیراق و سوریا ...، ئەوانەش لە دەوروبەری ١٩٢٠ دروست بون، ئەوەش لەو کاتەبوو کە:

١ جەنگی جیهانی یەکەم تەواو بوو

٢. وولاّنی رۆژئاوا بەسەر وولاّنی تەودر (بەعوسمانیشیەوە) زالّبون

٣. زالّبونی مدرسەی عەلمانی بەسەر ئاینی

[٣٢٠] ـ بروانە: مەورسەعەی جودی ل١١

٤. زاڵبونی واقعی بیری نەتەوەییان و چەمکی هەرێمایەتی بەسەر بیری ئیسلامی و چەمکی ئومە و (دار الاسلام)

٥.داڕوخانی خیلافەتی ئیسلامی وسەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخی عەلمانی

لەو ئەنجامە ئەوسنورو دەوڵەتانەی لێهاتە دی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەواتە بونی ئەودەوڵەتانەو پاراستنی یەك پارچەییان، ئاسایشی نەتەوەییان، پێچەوەدانەی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە ...(٢)

لەدوای دروست بونی ئەو دەوڵەتانە بنەمایەك سەری هەڵدا بەناوی (وفاقی الاقلیمی ـ تەبایی هەرێمایەتی) واتە: هاریکاری یەکترکردن لە چوارچێوەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی ئابوری و سیاسی و ئاسایش یەکێ لەو بەرژەوەندیانە ئاسایشی نەتەوەیی هاوبەشیان بریتیە لە پاراستنی سنور و باری ئاسایشی ناوخۆ، ئەوەش وادەکا هاریکاری بکەن لەدژی بزوتنەوەی کوردایەتی، زەق ترین هەنگاوی فەرمیان ڕێکەوتنی سنوری نێوان تورکیاو عیراق تا سعد ئاباد بوو لە ١٩٣٧، لەو کاتیەوە بزوتنەوەی کورد گەشە دەکا بە هۆی خەباتی سیاسی و شۆڕش تادەگاتە سەقفی ئەو وفاقە وتێك دەشکێ، ئەو سەقفە تا ئەو ساتە بە تەقەلای کورد ناشکێ، بەو شێوەیە شۆڕشی شێخ سعید ١٩٢٥، ئاگریداخ احسان پاشا١٩٢٧ـ ١٩٣٢، شیخ محمود ١٩١٩ـ ١٩٣٢، کۆماری مهاباد ١٩٤٥ـ ١٩٤٦، شۆڕش مەلا مستەفا ١٩٦٢ـ١٩٧٥بەو دەردەچوون، ئەو دیمەنە تراجیدیایە دووبارە دەبۆوە تا شۆڕشی ئیرانی لەسالی ١٩٧٩ بە ئاراستەیەکی ئیسلامی سەرکەوت ئەو سەقفە و فاقیەی تێك شکاند، مەرج نیە بۆ ئێمەی تێك شکاندبێ، بەشێك لە دروشم و ڕێبازی وا دەخوازی، بەو شێوەیە گەورەترین لەمپەر لەبەردەم ئاسایشی نەتەوەیی کورد هێور بۆوە، ئەوەش مانای ئەوە دەدا کە هەر تەیار و مەدرەسەیەك لە دەوروبەری کوردستان سەر هەڵبدا و لەمپەربێت لەبەردەم و فاقی ئیقلیمی ئەوا تۆماتیکی لەقازانجی ستراتیژیەتی کوردستانیەولەخزمەتی ستراتیژی کوردستانە(٣)

ئەوەش قەتیس نامینێ لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی رادیکاڵ، بەڵکۆ هەر تەیارێکی (بەمەبادیئی) خاوەن پەیامی وەك شیوعیەتیش ئەو کاریگەریەی هەبووە، بەڵام لەو سەردەمەدا دەبینین بنەماکانی شیوعیەت و باقی مەدرەسەکانی عەلمانی وا کاڵ و بچووك بوویتەوە کەوتۆتەوە ژێر بەرژەوەندی تایبەتی و بەرژەوەندی باڵای

دەوڵەت، کەوا داخوازی ئەویش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی وڵات بنەماو ئایدولوژیا و مەبادینەکانی بداتەلا، ئەویش بنەمایەکانی وفاقی دەولی و هەرێمایەتیەکە ڕەچاو دەکا، تیایدا ڕەهەندی کورد دۆڕاوە، بۆیە لەو سەردەمەدا زیاتر بزوتنەوە ئیسلامیەکان و دەوڵەتی ئیسلامی رادیکاڵی ئەو خزمەتە بەستەراتیژیەتی کورد دەکا، واتە تا لەدەوروبەرمان ئەو بزوتنەوە ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی دروست بێت و بزوتنەوە دەوڵەتە عەلمانیەکان لاوازترین بواری (وفاقی اقلیمی و جیهانی) کەمتر دەبێتەوە، بواری گۆران و مەودای جموجۆڵ فراوان تر دەکا، واتە تەنینەوە و فراوان بونی ئیسلامی و لاواز بونی عەلمانیەت لەسەر ئاستی جیهانیش لەخزمەتی ئاسایشی نەتەوەی کوردستانە...(٤)

ئەگەر ئەو هاوکێشە سیاسی و سیتراتیژیە سەروو فراوان تر بکەین بۆ نێو دەوڵەتی، دەبینین ئارامی جیهان و هەماهەنگیەکەی دووبارە دەبێتەوە لەمپەر لەپێش ستراتیژیەتی کورد و ئەو گۆرانکاریانەی چاوەروانیەتی، لەژێر سایەی ئەو ڕێسایانەی یاسای نێودەوڵەتی کە بناغە کۆنکریتیەکان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی دروست بوە، بەدەگمەنیش زەحمەتە دەرفەتێك بۆ کورد بڕەخسێ تا لە ژێردەست ڕزگاربێت بەپێی بنەمای بەرژەوەندی، واتە بۆ میللەتی کورد واچاکە توخمی ئەخلاقی سیاسی، یاسایی ویژدانی، مافی مرۆڤایەتی بکەوێتە نێو ڕێساکانی یاسای جیهانی و پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئەوەش لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەی جیهانی ئێستا بەدی ناکرێ و چەندین جارە ئەزمونەکان دەیسەلمێنێتەوە، کە رزگاری کوردستان، مافی چارەی خۆنوسی لە بەرنامەو ئەجندای ئەوانە نیە، ئەگەر بەووردی یان درشتی سەرنج بدەینە پرۆژەکانی چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەبریتین لە:

١- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی (step by step)ی کیسنجر ١٩٧٥

٢- ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە ١٩٩١ ج - بۆشی باوك (سیستەمی نوێی جهانی)

٣- پرۆژەی ئەوروپی بۆ چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (کۆنگرەی برشلۆنە ١٩٩٥)

٤- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە ٢٠٠٤ز - ج بۆشی کوڕ

٥- ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی فراوان ئەلمانیا و فرنسا - ٢٠٠٤ز

٦- پرۆژەی ئیسرائیل (شمعون پیرس)

٧ـ پرۆژەی جامیعەی عربی(دیکۆمینتی نەسکەندەریە) [٣٢١] هەمو ئەوانە لە چوارچێوەی سایکس بیکۆ و بنەما تەواوکاریەکانی دەرناچێت، کە بریتیە لە: عدم المساس بالحدود الاستعماریە المورویە، بنەمای ئایزنهاور، پرۆژەی دابەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بچووك و گەورە.... هتد، ئەوانەش بریتیە لەپتەوکردنی مەینەتی کورد، بۆیە بۆکورد واباشە پرۆژەیەك بێت نەخشەی سیاسی سایکس بیکۆ تێك بدات، باوەری بەو سنورە دەستکردانە نەبێت کە لەسەر بنچینەی سایکس بیکۆ دروست بوە، تەوەش لەو سەردەمە بەدی ناکرێ جگە لە بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەو دەوڵەتانەی پەیامی ئیسلامی پێیە، با لەپرۆژەکانیشیان بە راشکاوانە باسیان لەمافی چارەنووسی کورد نەکردیتەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەخشە سیاسیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مەینەتی کورد پێ دروست بو) بەرەو ئاراستەیەکی تەریبی رزگاری کوردستانە، بەکورتی هەر بنەمایەکت بینی ناتەبابێت لەگەڵ نەخشەی سیاسی سایکس بیکۆ ئەوا لەخزمەتی ستراتیژی بزوتنەوەی کوردستان دایەو پانتایی ئاسایشی نەتەوەی کوردستان فراوان و جێگیردەکا ....(٥)

بابزانین ئەوهاوکێشانەی سەروچەندە بۆ ناو کوردستانیش گونجاوە، کۆمەڵگەیەکی خاوەن دۆز لە قۆناغی وەرچەرخان (قۆناغی رزگاری نیشتیمانی) وەك میللەتانی ترنیە، قۆناغێکی وەرچەرخانی هەستیارودوورە، لەشێوەی پزیشك و نەشتەرگەری دڵە، هەر هەڵەیەکی بچوکیش بیکەیت سەرەنجامەکی ترسناکی لە ئاستی ئەنفال وکیمیاویت روبەڕو دەبێتەوە، بۆیە پێویست بەوەدەکا هەنگاوەکانت هەموی لەژێر سایەی توێژینەوە و نەخشە و پلانی وردبێت، پێویست بەوە دەکا ژێرخانی سیستەمی ئابووری و سیاسی و فکری و فەرهەنگی بە (مەرجەعیەتی) رزگاری نیشتیمانی دیاری بکرێت، لەو ڕودوەش ئەزمونی کوردستان تاقانە و دەگمەنە، بۆیە لاسایی و کۆپی هەر شوێنێك بەتایبەتی ئەوروپی وێرانت دەکا، بەڵکو پێویستی بە داهێنان و مونەزیری تایبەتی خۆت هەیە، پێویستت بەوە هەیە کۆمەڵگەیەك ئامادەبکەی بە خێرایی پێشوازی لە هەر رێنماییەکی سیاسی هەبێت لەلایەن سەرکردایەتیەکەی، ئەوەش ئەوە دەخوازێ: لەسەرەوە راڕەوێکی بە رەوشت پڕ مەبادینو بەبیروبڕوا پەیڕەو بکەی، دوور لە راڕەوەی سیاسی میکافیلی و

---

[٣٢١] ـ بروانە: رسالة ماجستیر للطالب ابراهیم محمد عزیز-اشکالیة الإصلاح السیاسی فی الشرق الأوسط ص٥٥-

تیۆرەکانی سیاسی وەك: سیاسـەت بەرژەوەندی و (فن الممكنه) و ئەوانه ئەو بنەمایانه وێراندەکەن، لەلای خوارەوەش پێویستت بەوە هەیە کۆمەڵگەیەکی بەرەوشت و بە ئەمەك و ڕاستگۆ و هاریکار و دڵسۆز و بەبەزەیی و لێبوردەو بوێرو کوردپەروەر دروست بکەی، دوور لە نەفامی و هەڵەشەیی و بەرژەوەندی پەرستی و خۆویستی و بیگانە پەرست و درۆزن و گەندەڵی، ئەو ئەرکەش لەهەردوو باری سەروخوارو لەو سەردەمەدا بە مەدرەسکانی عەلمانیەت ناکرێت، کە بەراشکاوانە پەیرەوی بنەمای بەرژەوەندی تایبەت دەکا، پەیرەوی سیاسەتی میکافیلی و بنەمای پراگماتیکی دەکا، بۆیە بەدیلی ترمان نیە جگە لەوەی لە ناوەخۆش پەیڕەوی بنەماکانی ئاینی بکەین، بۆ ئەوەی بەو مواسەفاتانەی سەروو سەرکردەو کۆمەڵگەیەکی ئاوامان هەبێت ئامادەبێ بۆ رزگاری و قەبوول نەکردنی داگیرکاری، دەبێ خۆ دوورخەینەوە لە مەدرەسە و تەیارەکانی عەلمانی بەهەرسێ باڵی (سۆشیالیسی، شیوعی، لیبرالی)، تەنانەت ئایدۆلۆژیای نەتەوایەتیش لەبەردەم بەرژەوەندی تایبەتی شکستی هێناوە، بۆیەش دەبینین زۆربەی بزوتنەوە رزگار خوازەکانی ئێستا ئاینین لەوانە: خواروی لبنان، فلستین، چیچان، خواروی فلیپین، کشمیر...) بە پێچەوانەوە دیمەنی عەلمانیەت ناشیرینتر بوە، زیاتر خەریکی دەسەڵاتبازی و خۆویستیە، بۆیە گەلێ جار لەسەر هیچ هێلی سور و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ناودستیێ، سەودا لەگەڵ دووژمنی ژمارە یەکیش دەکەن، هەروەك بینیمان لە فلستین لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بە سەر غەزە لە سەرەتای ۲۰۰۹ رێکخراوی فتح یەکێ لەو چوارلایە [٣٢٢] بو کە لایەنگیری ئیسرائیلیان کردن، هەروەها ئەو دۆخە لەنێو حزبە کوردستانیەکانیش بە ئاشکرا بینرا

بۆ هەمو ئەوانە لەناوەخۆ لەسەر ئاستی سیاسی و فەرهەنگی، لەئاستی خوارو سەرو بۆ پاراستن و بەرجەستەکردنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان ناوەرۆکی بزوتنەوەی کوردستان ئاینی بێت، یاخود بە ووردتر نابێت کوردایەتی و ئاین جیا بکرێتەوە، ئەوەش کۆڵەگەیەکی تری ئاسایشی نەتەوەییمان بۆ فەراهەم دەکا ....(٦)

عیراق پێکهاتوە لە ٣ پێکهاتەی سەرەکی و چەند کەمایەتیەکی تر، هەر لایەی درێژکراوەی ئیقلیمی هەیە، بەجۆرێك سوننەی عەرەب کە لە ١٩٢١ وە دەسەڵاتدار لە

---

[٣٢٢] - میسر و سعودیة و فتح و ئوردن

نێو ئەوان بووە تا ۲۰۰۳ و گورزی بێ ویژدانەیان نە کورد وەشاندوە، ئەوانە کەمایەتین، بەڵام جامیعەی عەرەبی و ڕۆژئاواش پشتگیریان بوە، ئیسرائیلیش لێیان ڕازی بوە، ئەوانە درێژکراوەی هاوپەیمانی عەرەبن، شیعەش زۆرایەتین و بێ دەسەڵات بوینە و زیانیان بۆ کورد نەبوە، ئەوانەش درێژکراوەی شیعەی ئێرانن بەلایەنی کەمەوە لەو دەمە، تورکمانیش کەمایەتیەکی زۆر کەمن و هەرچەندە لە بنەچەدا ڕەگەزیان لەگەڵ تورکیا جیایە، ئەوانە لەناوەڕاستی ئاسیا لەگەڵ شەپۆلەکانی مەغۆل و تەتەر و تورکمانیا هاتون، لەسەردەمی عوسمانی زیاتر لایەنگیری سەفەوی بون (جگە لەناوچەی تلەعفەر نەبێت)، هەرچی کوردیشە درێژکراوەی کوردستانیە...، ئەوەش بەڕونی دەریدەخا کە دروستکردنی دەوڵەتس عیراق لەو پێکهاتانە هەڵەیەکی گەورە بوە، کەواتە نەك دەوڵەتی عیراقی یاخود حکومەت و دەستور، بەڵکو خودی عیراق هەڵەیە، مەینەتی کورد و پیناسی بزوتنەوەی کوردایەتیش لەو هەڵەیە سەرچاوە دەگرێ، کەواتە وردەکاریەکی زانستی و سیاسی زۆر بەستاندەری دەوێ بۆ چارەکردنی ئەو هەڵەیە، چونکە لەژێر سایەی ئەو جۆرە عیراقە بنەمای (مصائب قوم عند القوم فوائد) پەیرەوکراوە بە پێچەوانەوە بنەمای مرۆڤایەتی و ئاینی (مثل المؤمنین ...)، بۆیە هەر تەبابیەکی هەردوو پێکهاتە لەسەر بنچینەی (عروبی ـ إثم) دەبێتە گورز بۆ ئاسایشی کورد، یان بەکورتی بێ چارەسەری دادگەریانە دوزی کورد هەر تەبابیەك لەنێوان پێکهاتەکانی عیراقی مەرگی کوردە، پێچەوانەش بە پێچەوانەیە، ئەو فاکتەرانەی پێکهاتەی شیعە و سوننە یەك دەخاتەوە بریتییە لە چەمکی عروبی نیشتیمانی، یاخود عەلمانی عروبی کە سورشتێکی شۆفینی هەیە، بە پێچەوانەوەش هەر خودی فاکتەری ئاینی لەگەڵ هەڵەی عیراق یەکناگرێتەوە و دەبێتە سەنگەرێکی بەرگری بۆ کورد بەربەرەکانی چەمکی عیراقی عروبی دەکا، ئەو کاتی دەبێتە لێك ترازانێك لە نێوان شیعە و سوننە، ئیسلامی و عەلمانی، تەیاری شعوبی و عروبی... ئەوەش خزمەتێکی مەزن بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکا، هەر ئەو فاکتەرەی ڕابونی ئاینی کە لە دوای ۱۹۷۹ جێی ڕابونی نەتەوەیی گرتەوە بوە هۆی گۆرینی نەخشەی کۆمەڵایەتی عیراق لە (۷۵٪عەرەب و۲۲٪ کورد)بۆ (٥٥٪ شیعە

و٢٢٪ كورد و٢٠٪ سونه[٣٢٣] ٣٪ كەمیەتی). تیایدا كورد لە خنكە خنكی كەمایەتی رزگاری بوو یەكەم جارلەودۆخەسەرۆككۆماروفیدرالی وهەرێمی بۆدیایكرا، كەواتەوەرچەرخانی فاكتەری نەتەوەگەری بۆ ئاینی گەورەترین خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی كوردستانی كرد.... (٧)

بە ئەزمون بۆمان دەركەوتوە لەو بارودۆخەی عیراق بینیومانە چەندە سەروەری لاواز بێت قازانجی كوردە، تا بەغداش بەهێزبوو بێت هەڕەشە بوە لەسەر بزوتنەوەی كوردایەتی، هەمونەو دەسكەوتانەی ئێستاش لەسایەی بێ دەسەلاتی عیراق هاتوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەفەرمی بەپێی بڕیاری ٦٦١ی ١٩٩٠ی نەتەوە یەكگرتوەكان عیراق خرایە بەندی حەوتەمی میساق، سەرجەم ٦٥ بڕیاری لەسەر دەرچوە، وای كردوە سەروەری لاواز بێت و ئاستی بزوتنەوەی كورد بۆ یەكەم جار بگاتە بەڕێوە بردنی حكومەتودروست بونی پەیوەندی نێودەوڵەتی وبەرپا بونی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زل هێز لەكوردستان...(٨)

كەواتە ئێستادەتوانین (بە كۆكردنەوەی زانیاری سەروو)بنەماكانی ئاسایشی نەتەوەیی كوردستانی لە قۆناغی رزگاری بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری بكەین:

١ پاراستنی بەهاونەریت ئاین ورەسەنایەتی كوردستان وهەمونەو دەروازانەی دەرژێتەوە سەری

٢. پاراستنی یەك ریزی میللەت و پابەند بە رێنمایی سەركردایەتی كۆلەگەی ئاسایشی نەتەوەیی كوردستانیە

٣. ئارام نەبونی ناوچەكە و گۆرانكاری لە شێوەی جەنگی جیهانی یا خود هەر گۆرانێك تیایدا سەروەری سنور وئارامی نێو دەوڵەتی لەسەر بنچینەی ئەو نەخشەیە هەلوەشێنیتەوە، یاخود هەرگۆرانێك لەو یاسای نێو دەوڵەتی بەو ئاڕستەیە

---

[٣٢٣] ـ لە زۆربەی سەرچاوە مێژوویەكان ئەگەر باسی سونەو كوردكرابێ ئەوە ووتویەتی كورد زیاتر بوە ، بۆ ئەو مەبەستە با بەلگەنامەیەكی بریتانی بەكار بهێنین چونكە لای سونیشیان گرتوە:

١٦١/٢ /٧٣٠ CO سكان كردستان: ینكر الكرد بكونهم اقلیة في العراق لأن عدد السنة العرب لیس اكثر من الكرد ولكن اعتبارهم مع الشیعة فقط كعرب یعطي لهم الاكثریة. واذا اجریت احصاء دقیق ولم یحسب الكرد ضمن عرب السنة یكون عدد الكرد والعرب متساویا.فمثلا تم تجاهل عدد الكرد في لواء دیالی ذات الاغلبیة الكردیة والاقضیة الكردیة في كوت في الاحصاءات السابقة.

٤. تەنینەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی یەکان لەناوچەکە

٥. تەبا نەبونی ولاتانی داگیرکەر لەگەل وفاقی هەرێمایەتی و جیهانی واتە بەرپا نەبونی هاوپەیمانی وهاریکاری ئیقلیمی بەرپا نەبونی گونجان لەنێوان ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی.

٦ دارشتنی سیستەمەکانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دەسەڵاتی کوردی لەسەر بنچینەی قۆناغی رزگاری نیشتیمانی، زال بونی ئایدیۆلۆژیا بە سەر بەرژەوەندی

٧. تەبا نەبونی پێکهاتەکانی عیراق لەسەر بنچینەی عروبی و شۆفینی و عیراقی چەوت بەگشتی سەرنەکەوتنی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەش کردووە ولە کۆتایدا لە رووی یاسایی بە (دول الفاشلە)پۆلین بکرێن چاکە، جا ئەوەش زۆر لا دەگرێتەوە وەك نائارامی ولآت و پێك نەهاتنی پێکهاتەکان و گیرو گرفتی لە گەل دەوروبەر و نەبونی مەرکەزی

٨. هاندانی هەر ماکینەیەك کە بەپێچەوانەی بینای سایکس بیکۆ و نەخشەی سیاسی رۆژهە لآتی ناوەراست بێت، کە بنەماکانی ئایزنهاوەر و(عدم المس بالأرث الإستعمار)یش دەگرێتەوە، لە سەرخانیش هەمو ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە دروست بووینە بە ئیسرائیلیشەوە، یاخود زیاتر میکافیلیانە هەرگۆرانێك لە دژی مەیین(جمود) خێرە.

٩. دروست نەبونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی مادی پێگەیشتنی عەقلیەتی چینەکانی خەڵکی کوردستان و وەرگرتنی زانیاری سەردەم و پێش خستنی تەکنەلۆژیا و هان دانی عەقلیەتی داهێنان و پەروەردە کردنی تاکی کورد بە بەهای مرۆڤ دۆستی و یەکتر قەبوول کردن و بەردەوامی رێزگرتن لە پێکهاتەکانی تری کوردستانی بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە

بە کورتی چی لە بەرژەوەندی یەکێتی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وولآنە بێ پێچەوانەی بنەماکانی مافی چارەی خۆووسی کوردە کە بیەوێ تەواو خۆی ساغ کردبێتەوە بۆ گەیشتن بە دەوڵەت

بە پێچەوانەوەش ئەو بنەمایانەی خواردود هەرەشەکانن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد:

أ ـ یەکپارچەیی و ناوەندیەتی وڵاتە داگیرکەردکان

ب ـ تەبایی و هاریکاری نێوانیان

ج ـ هاریکاری پێکهاتەکانی عیراق لەژێر سایەی دەوڵەتی عیراقی عروبی

د ـ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و نەریتی پەیوەندی نێودوڵەتی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی

ه ـ تەنینەوەی بەهای عەلمانیەت و هەمو ئەو بینایانەی لەسەر ئەو چەمکە دەکرێتەوە وەك: ئایدۆلۆژیای نەتەوایی عروبی و تۆرانی و شۆفینەکانی تر، دەوڵەتی نەتەوەیی، بنەمای بەرژەوەندی، ڕاڕەوی سیاسەتی میکافیلی

ع ـ تەنینەوەی بەهاکانی عەلمانیەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری و دەسەڵاتی دا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بینای کۆمەڵگەکە و داروخانی کەسێتی کورد لەجیاتی نەریت و بەهاکانی خۆویستی و بێ بەڵێنی و هەڵەشە و خیانەت و قۆڵبڕی و دەروون ناسکی و.. ئەوەش دەبێتە هۆی داگیرکردنی تاك و خاك پێکەوە، چونکە عادەتەن کە خاك داگیردەکرێ دەروونی تاك داگیرناکرێ بۆیە بەرگری نیشتیمانی لێ سەر هەڵدەدا، هەروەك لەنامەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ئەرستۆی ناردبوو لەکاتی داگیرکردنی وو لاتی فارسی ووتبووی: ئەوا خاکم داگیر کردوون بەڵام تاکم داگیر نەکردوون چی بکەم، لە وە لام دا ئەرستۆ ووتبووی: بەهاو نەریت و رەسەنایەتیان بڕووخێنە لەرێ ی پەرتکەوزال بە ...بەو هۆیەش ئەسکەندەر زاڵ بوو(ئەوەی خواردوە دەقی نامەی ئەسکەندەر ووەلامی ئەرستۆیە)[٢٢٤]، کەواتە هەر مدرسەو ئایدۆلۆژیاو چا لاکیەکی

---

[٢٢٤]: نامەی ئەسکەندەر: أنّه شاهد بايرانشهر رجالا ذوي أصالة في الرأي، وجمال في الوجوه، لهم مع ذلك صرامة وشجاعة، وأنه رأي لهم هيأت وخلقا، لو كان عرف حقيقتها، لما غزاهم، وأنّه إنّما ملكهم بحسن الاتفاق والبخت، وأنّه لا يأمن - إن ظعن عنهم - وثوبهم، ولا تسكن نفسه إلّا ببوارهم. وەلامی ئەرستۆ: « فهمت كتابك في رجال فارس. فأما قتلهم فهو من الفساد في الأرض ولو قتلتهم لأنبت البلد أمثالهم لأنّ إقليم بابل يولّد أمثال هؤلاء الرجال، من أهل العقول والسداد في الرأي، والاعتدال في التركيب، فصاروا أعداءك وأعداء عقبك بالطبع، لأنّك تكون قد وترت القيم، وكثرت الأحقاد على أرض الروم منهم وممن بعدهم، وإخراجك إياهم في عسكرك مخاطرة بنفسك وأصحابك. ولكنى أشير

سیاسی حزبی و دەسەڵاتی کوردی بێ یان داگیرکەر ببێتە هۆی داروخانی بینای کۆمەڵگە و تاکی کورد هەڕەشەی هەرەمەزنە لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کوردستان

ف ـ سیستەمەکانی خویندن و ئابووری و سیاسی کۆمە لایەتی و فەرهەنگی لائیکی دەبێتە هۆی ئەو داروخانە لەخاڵی (٥) باس کرا، بۆیە بزوتنەوەو حزبی عەلمانی و لائیکی زیانی هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد

ك ـ پەرتەوازەیی و سەرهەڵدانی کێشە ناوخۆیی و هەمو ئەو هۆکارانەی دەبنە ئەو هۆیە پشت شکێنی ئاسایشی نەتەوەییە

م ـ بەهێز بونی وولاّنی داگیرکەر بەتایبەتی لەژێرسایەی دەوڵەتی ناوەندی

ه ـ پاش کەوتوویی و هۆشیار نەبونی خەڵکی کوردستان

کەواتە سەرجەم بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد پێك دێت لە پاراستن و ڕێ گرتن لەو هەڕەشانەی بەشی دوەم وکارکردن لەسەر بەرجەستەکردنی بەشی یەکەم،...دەبا بزانین ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و عیراق کەی تێك دەکاتەوە و کەی دژن؟واتە دەتوانین ئەو پەیوەندیە دژوارەی(مصائب قوم عند قوم فوائد)ی٨٠سالی رابووردووکەبالی کێشا بوو بەسەر پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی عیراقی ودرچەرخێتە (مثل المؤمنین فی توادهم ...)، وەپەیوەندیان چیە بەمافی چارەنووسی و دەروازەکانی رزگاری کوردستان

ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی عیراق:

لەڕاستێدا لەگەڵ دروست کردنی عیراق بەو هەڵەیەی کە لەپێشوو باسمان کرد ئاسایشی نەتەوەیی عیراق نەك هەر دژی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردە، بەڵکو دژی پێکهاتەکانی تر و تەنانەت دژی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیشە لەسەر بنچینەی پان

عليك برأي هو أبلغ لك في كلّ ما تريد من القتل، وهو أن تستدعي أولاد الملوك منهم، ومن يستصلح للملك ويترشح له، فتقلّدهم البلدان، وتوليهم الولايات، ليصير كل واحد منهم ملكا برأسه، فتتفرّق كلمتهم، ويجتمعوا على الطاعة لك، ولا يؤدّي بعضهم إلى بعض طاعة، ولا يتّفقوا على أمر واحد، ولا تجتمع كلمتهم. » سەرچاوە: تجارب الأمم‌لمسکویه الجلد الأول

عەرەب، بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەكا زۆر بەكورتی مەبەستەكانی سایكس بیكۆ و دروست كردنی ئەو (دەوڵەتە بێژیانە)ی ناوچەكە روون بكەینەوە سەرجەم ژمارەی كۆنگرەو تەقەلاكانی دابەشی رۆژهەلاتی ناوەراست گەیشتە ١دانیشتن[٣٢٥]، هەڵبەتە هەر رێكەوتننامەیەك دەكرێ چەند مادەیەكی ئاشكرای هەیە مۆری لەسەر دەكرێ، بۆ تێگەیشتنی تەواو لە مەبەست و دیوە نهێنیەكانی پێویستت بەبەراییەكانی ئەو رێكەوتنەكە هەیە، رێكەوتنی سایكس بیكۆ لە ١٦ \ ٥ \ ١٩١٦ بەستراو پێك هاتبوو لە (١٢) مادەی [٣٢٦]، ئەو رێكەوتنە لەنێوان بەریتانیاو فرنسا و روسیا كراوە، لە لایەن (مارك سایكس)ی بەریتانی و (جۆج بیكۆ)ی فرنسی و (سازانۆف)ی رووسی مۆركراوە، ناوبراوە بە (سایكس بیكۆ)، بۆ دابەش كردنی میراتی عوسمانی بە زیندیەتی چاوان، زۆر بە نهێنیش كراوە چونكە پریەتی لە مادەی وا كە لەگەڵ رێكەوتن و بەڵێنەكانی تری رۆژ ئاوا لێك جیابوو، لەوانە: رێكەوتنی ماكماهۆن ـ شریف،هەروەها بنەماكانی مافی چارەنوس كەلە لێدوانی مافی چارەنووسی گەلان لەلایەن بەریتانیا و فرنسای ١٨\١١\١٩١٨[٣٢٧]، هەروەها لەگەڵ ١٤ بنەماكەی ویلسۆن[٣٢٨] وبەیانەكانی بەریتانیا لە بەسرە و بەغدا... لەهەمو تەوانە بەڵێن بە میللەتان درابوو بۆ مافی چارەنووسی و رزگاری ئارەزوومەندانە، كەچی لەسایكس بیكۆ هەموی پەرش و ب لاو كردبون، بۆیە بە نهێنی

---

[٣٢٤] كردستان فی سنوات الحرب العالمية الأولى ص٣١٦

[٣٢٦] دەقی رێكەوتنەكەلە ل١٢٣ی ئەو كتێبە بخوێنەوە

[٣٢٧] دەقی لێدوانەكە:((ان الغاية التي ترمي اليها كل من فرنسا وبريطانيا العظمى في خوض غمار الحرب في الشرق من جراء اطماع ألمانيا، وهي تحرير الشعوب التي طالما أرزحت تحت أعباء استبداد الأتراك تحريرا تاما ونهانيا وتأسيس حكومات وادارات وطنية وتستمد سلطانها من رغبة نفس السكان الوطنيين، ومحض أختيارهم))

[٣٢٨] دەقەكەی (بە پوختیی): المبادئ الأربعة عشر

١. تقوم العلاقات الدولية على مواثيق سلام عامة، وتكون المعاهدات الدولية علنية وغير سرية.
٢. تامين حرية الملاحة في البحار خارج المياه الإقليمية في السلم والحرب، إلا ما ينص عليه الاتفاق الدولي خلافا لذلك.
٣. إلغاء الحواجز الاقتصادية بقدر الإمكان وإيجاد مساواة بين الدول المتعاونة في المحافظة على السلام.
٤. تخفيض التسلح إلى الحد الذي يكفل الأمن الداخلي.
٥. وضع إدارة عادلة للمستعمرات تنفذ ما يحقق مصالح سكانها.
٦. الجلاء عن الأراضي الروسية كلها والتعاون مع أي حكومة روسية يختارها الشعب.
٧. الجلاء عن أراضي بلجيكا وتعميرها.
٨. الجلاء عن فرنسا ورد الألزاس واللورين وتعمير ما خرب منها بسبب الحرب.
٩. إعادة النظر في حدود إيطاليا بحيث تضم جميع الجنس الإيطالي.
١٠. منح القوميات الخاضعة للإمبراطورية النمساوية حق تقرير مصيرها.
١١. الجلاء عن صربيا ورومانيا والجبل الأسود، وإعطاء صربيا منفذا إلى البحر وإقامة علاقات جديدة بين دول البلقان كافة مبنية على أسس قومية وتاريخية، وضمان حريتها السياسية والاقتصادية.
١٢ ضمان سيادة الأجزاء التركية وإعطاء الشعوب الأخرى غير التركية التي تخضع لها حق تقرير المصير، وحرية المرور في المضانق لجميع السفن بضمان دولي.
١٣. بعث الدول البولندية بحيث تضم جميع العنصر البولندي، وإعطائها منفذا إلى البحر، وضمان استقلالها السياسي والاقتصادي دوليا.
١٤ إنشاء عصبة الأمم.

لەگەرمەی جەنگی جیهانیش (١٩١٤– ١٩١٨) بوو، بە کورتی مەبەستەکانی ئەو ڕێکەوتنە و دواییش ڕێکەوتننامەکانی تری ئاشتی پاریس و سان ڕیمۆ ١٩١٩ – ١٩٢٠، سیڤەر ١٩٢١، لۆزان ١٩٢٣...دروست کردنی ئەو دەوڵەتۆکانەبوو بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١ دابەشی ئوممەتی ئیسلامی بۆ نەتەوەی جیاواز و نەتەوەش بۆ عەشیرەت و تایفە

٢ دابەشی (دار الاسلام) بۆ نیشتیمان و لەوێش بۆ پارچەی تر

٣. دابەشی خیلافەت و یەکنەگرتنەوەی بۆ هەتاهەتایە

٤. بۆ ئەوەی ناوچەکە ئارام نەبێت وو لاتی دەستکرد و نا سروشتی لێ دروست کرد

٥. بۆ ئەوەی ناوچەکە پێش نەکەوێ وهەر بازاری ساغ کردنەوەی ئەوان بێت

٦ ئەو وو لاتە ناوخۆییانە وەك عیراق و سوریا و ئوردن ...بە نامۆیی دروست کرد تا جێ ی وو لاتێکی نامۆێ وەك ئیسرائیلیش ببێتەوە لەناوچەکە

٧. بۆ ئەوەی هەردەم نائارام بن سنوری ئەو وو لاتە دەستکردانەشیان بەپێی ستاندەری نێو دەوڵەتی و سنوری سروشتی نێو دەوڵەتی پیادە نەکرد، کەسنوری سروشتی بریتیە لە سنوری جوگرافی و یان کۆمە لایەتی یان نەتەوەیی بەڵکو سنورێکی دەستکردیان بۆ دروست کردن بەشێوەیەك بەشێکی فارس خرا سەر عەرەب، عەرەبیان خستە سەر فارس و تورکیا، کوردستانیان بەسەر هەر چوار لا دابەش کرد،،، بەو شێوەیە تا هەر نائارامی بێت هەروەك نا ئارامیە

ئەو وولانە لەسەر ئەو بنچینەو بەو گیانە دروست کراون، هەر لەسەرەتاشەوە ناوەرۆکێکیان بۆ چێنرا لەگەڵ ئەو مەبەستانەوە بێتەوە، ئەوە بوو لە دەستووردکان و لەبناغەی ئەو دەوڵەتانەش ئەو مەبەستانە چینراون، بۆیەش ریفۆرم لەو دەوڵەتانە ئەستەمە، هەر لە یەکەم دەستوری عیراقی سالی (١٩٢٥) بنەماکانی لائیحەی ئینتدابی (٣٢٩) وورد کرابۆوە، دەستوری تورکیاش بنەماکانی لۆزان و مەبەسەتەکانی سایکس بیکۆی لێ ی بەرجەستە کرابوو، ئەگەر بەووردیش سەرنج بدەینە مێژووی ئەو دەوڵەتانە

[٣٢٩] لائیحەی ئینتیداب لە (٢٠) مادە پێك هاتبوو ، دەقەکەی لەکۆتای ئەو کتێبە بخوێننەوە.

ڕێك و پێك ئەو مەبەستانەی لە سایکس بیکۆ بۆی چێنرابوو پەیرەوی دەکەن ' کەواتە هەر وو لاتێك لەوانە کێشەیەکە بۆ ناوچەکە و میللەتانی عەرەب و کورد و تورك و فارس و ئەوانی تریش، پێویستی بەچاکسازی هەیە، جێگەی داخە ئەو پڕۆژە چاکسازیانەی گە لاڵە کراوە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەچووە بەلای ئەو دەردە ریشەییەوە، کە ئەو دەوڵەتانەی لیّ ی دروست بووینە دەستکردن بە ئارەزووی میللەتانی ناوچەکە دروست نەبوو، بەڵکو بەئارەزووی دەرەکی و لەسەر دوو بەرژەوەندی ستاندەری ڕۆژئاوای و بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دروست بووە[٣٣٠]

کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە نە ستاندەر دەبێت ونەپێکەوەش دەگونجێن، مەگەم لەسەر (زولم)یەکبگرن، بۆیەش لەسەرەتا تا ئەو ساتە جەنگی ئاسایشی نەتەوەیە لە ناوچەکە، تەنانەت لەنێو خودی ئەو دەوڵەتانەش.

شەڕە ئاسایش:

توێژینەوەی ئەو بابەتە بەدەرە لە ئاخافتنی دبلوماسی و ڕەچاوی پەیوەندی برایەتی پێکهاتەکانی عیراق، بەڵکو پێویست بەوە دەکا بابەتیانە لەسەر بنچینەی مافی چارەنووسی لێکی بدەیتەوە، لەڕاستیدا ئەزموونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهە لات تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووبووە، دەبینین ئینتمای هاولاتی بە پلە یەك بۆ وو لاتەکەیە و ئینتمای ستوونی نەتەوەیی وتایفی و بنەماڵەیی لەنێو توایتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە دەستوور و سروشتی وو لاتەکە چاکساز بووە، لەوو لاتێکی نەتەوەیی وەرچەخاوە بۆ وو لاتێکی نیشتیمانی مەدەنی، ڕاستە لەسەرەتادا وولاتی ڕۆژئاوا لەسەر بنچینەی نەتەوەیی دروست بوو لەدوای ڕێکەوتنی ویستیڤالیای ١٦٤٨[٣٣١] دەوڵەتەکانی بەریتانیا و فرنسا و هۆڵەندا و ئیسپانیا بەتەواوی خەملین، بەلام یەکەم وەرچەرخانی دەوڵەتی نەتەوەی بۆ دەوڵەتی نیشتیمانی ئەمریکا بوو لەدوای شۆرشی ١٧٨٠، لەو ئەزموونەوە مۆدێلی دەوڵەتی نیشتیمانی تەنیەوە بەئەورووپا و دواتریش بەهەمو جهان، بەتایبەتی لەدوای

---

[٣٣٠] لە کتێبی (سیاسةالبریطانیة العطمی تجاة مستقبل کردستان ص١٥٥ گفت وگۆیەکی بەریتانیەکانی گواستۆتەوە (ویلسۆن)کۆتایی پێ دێنیّ وەدەلیّ ئەو عێراقە بەو سنورەو لکاندنی کوردستانی خواروو پێی تاکە پێوەرە کەلەخزمەت بەرژەوەندیە دوورو نزیکەکانمان بێت.

[٣٣١] ئەو ڕێکەوتنە لەدوای شەڕی ٣٠ ساڵەی تایفی ورەگەزی بوو لەسەر خاکی ئێستای المانیا بەسترا

شکستی ئەزموونەکانی دەوڵەتی نازی لەئەلمانیا فاشی لە ئیتالیا ڤالانژیسی لە ئیسپانیا.. ئەزموونێکی (نسبیەن) سەرکەوتووە، تیایدا لەجیاتی هاونەتەوەیی چەمکی یاسایی و سیاسی هاوڵاتی دێتە جێ ی، ئەوەش مانای بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی دەدا، لەوو لاتی وادا وو لاتی سەروەری دەستوور و خەڵکی شایستە لە شوێنی شایستە دەبێ، بەگشتی تاك لە وو لاتی وادا ئنتیما ستوونیەکانی رەگەزی عەشایەری و بنەماڵەیی و نەتەوەیی هەڵدەوەشێتەوە بۆ ئنتیمایە ئاسۆییەکانی حزبی و یاسایی و مەدرەسی ونیشتمانی.. یاخود هەرتەواو بۆ ژیان و پیشەی وەردەچەرخێ کەپێی دەوترێ: (مرۆڤی یەك رەهەند ـ انسان ذو بعد الواحد)، لەو وولاتە مانایەك بۆ کەمایەتی و زۆرایەتی، نەتەوەی (س) و (ص) نامێنێت، زۆر ئاسایە عبدالسلام ئاین موسڵمانە ببێتە سەرۆکی دەوڵەتی هیند، علی خامەنئی بەرەگەز ئازارەریە و ببێتە (مرشد الاعلی)ی ئێران،کارلۆس مونعیمی ڕەچەلەك شامی ببتە سەرۆکی بەرازیل، ئۆباما سەرۆکی ئەمریکایە بە رەگەز کینی ....هتد، هەندێ ولاتی تر ماون کەمێك کێشەی ئاینی ماوە کە لەدەستورەکان تۆمار کرابێت، لەوانە:لە مادەی (٤)ی دەستوری سوێد واتۆمارکراوە کەدەبێ سەرۆك مەسیحی بێت، بەهەمان شێوەش لە مادەی(٩)ی دەستوری ئیسپانیا، مادەی(١) و(٤٧)ی دەستوری یۆنانی ومادەی(١، ٢)ی دەستوری دانیمارکی ومادەی (٥٤) کۆلۆمبیاو (٦٦)ی کۆرسیکا(١٢)ی سلڤادۆرو(٢٤)پورتوگال (٣) پاراگوای و(٢)ی ئەرجەنتین و[٣٣٢] بەلابەلا ئاماژە بەوەها مەرجێك دەکا، ئەگینا کۆت وبەند لەسەر ئینتمایە ستونیەکان نەماوە، ئەوانەش وایکردووە وو لاتی ئارام و پێکەوەژیانی تەبایی بێت، بەدەگمەنی هەندێ کێشە ماوە لە ئێرلەندای سەروو لە نێوان (ئێرلەندا و بەریتانیانی)، لە ئیسپانیا لەنێوان باسك و ئیسپان...، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو پاشماوەیە جیاوازی ئاینی و فەرهەنگیەی لەسەروو باسمان کرد، بەلام بەگشتی روو لە چارەسەریە،تەنانەت بەشێك بە ئارەزووی خۆی جیابونەوەی ناوێت، ئەوە بوو لە ١٩٩٨ هەڵبژاردنێکی ئارەزوومەندانە بۆکیبیکیە فرنسی زمانەکان کرا ئاخۆ لەگەڵ کەنەدی (ئینگلیزی زمان) دەژین یاخود جیا بونەوەیان دەوێ، دەرکەوت لە ٥١٪ دەنگیان بە ژیانی هاوبەشی دا

[٣٣٢] الإسلام والعلمانية..ص٢١

هەرچی وولاّنی عەرەبیە هێشتا وو لاّتی نەتەوەیین، هەریەکە شانازی بە ناسنامەی عروبی بۆ وو لاّتەکەی دەکا و لە دەستووریش وا تۆمار کراوە، لەدەستووری عیراقی پێشوو لەمادەی (١) عیراق بەشێکە لە ئومەی عەرەب، سوریا، میسر، لبنان[٢٣٣] تەنانەت لە مادەی(١)ی دەستوری فلستینیش ئەوە هاتوە، مادەی ٦٦ی دەستوری تورکیاش هەمان رەگەزپەرستی تێدایە[٢٣٤]، بۆیە زۆر سەرەنجامێکی لۆژیکیە کە کێشەی نەتەوەیی و تائیفی و رەگەزی لەسەرانسەری وولاّنی عەرەبی سەرهەلّبدا لە میسر لەگەلّ قیبتیەکان، لە جەزائر و مەغریب لەگەلّ بەربەرەکان، لەلبنان لەگەلّ مەسیحی، لەسودان لەگەلّ مەسیحی و دارفۆری، لەبەحرەین لەگەلّ شیعە، لەیەمەن لەگەلّ زەیدی و حوسیەکان، لەعیراقیش لەگەلّ کورد و شیعە و تورکمان ...، ئەو تێروانینە رەگەزپەرستیە هەر لەناو ولاّت نەبوو، بەلّکو لە چالاکیە دیپلۆماسی پەیوەندیە نێو دەولّەتی پرۆژەکانی (وحدە العربیە)ش بە ئاشکرا گوزارش دەکرا، لە پرۆژەی یەکگرتنەوەی میسرو سوریا وعیراقی ١٧ / ٤ / ١٩٦٣ لەدیباجەی بەیانەکە دەلّێت: ..فالوفود الثلاثة تعلن باسم الشعب العربي في مصر وسوريا والعراق ارادة هذا الشعب في قيام الوحدة الاتحادية[٢٣٥] ...، هیچ حیسابێك بۆ بونی کورد لە عیراق وسوریاو قیبتی لە میسر نەکراوە، ئەوە لە عیراق زیاتر کاریگەر بوە، تەنانەت ئێستاش لەدوای ٢٠٠٣ دەولّەتی عیراق لەژێر ئەو فەرهەنگە ستوونیە دەرنەچووە، هەرچەندە هەمو لایەك بەشدارن لەدەسەلاّت و سەرۆك کۆمار کوردە بەلاّم لەمادەی (٣) دەستوور وا تۆمارکراوە: عیراق ئەندامێکی دامەزرێنەری کارای کۆمکاری

[٢٣٣] سەیری دەستوری عیراق ١٩٦٨ بکەو ودوایش هەردووبارە دەبێوە: المادة الأولى: الجمهورية العراقية دولة ديمقراطية شعبية تستمد أصول ديمقراطيتها وشعبيتها من التراث العربي وروح الإسلام.
الشعب العراقي جزء من الأمة العربية هدفه الوحدة العربية الشاملة وتلتزم الحكومة بالعمل على تحقيقها. دەستوری سوریاش ١٩٧٠و١٩٧٣،:
المادة الأولى ١- الجمهورية العربية السورية دولة ديمقراطية شعبية واشتراكية ذات سيادة لا يجوز التنازل عن أي جزء من أراضيها وهي عضو في دولة اتحاد الجمهوريات العربيه.٢- القطر العربي السوري جزء من الوطن العربي.
٣- الشعب في القطر العربي السوري جزء من الأمة العربية يعمل ويناضل لتحقيق وحدتها الشاملة .لەو دەستورە ٤٩جار ووشەی عەرەبی لێهاتوە بۆ یەکجاریش ناوی کوردی تیا نەهاتوە
ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیە رەگەزپەرستیەکانی شۆڤینی لەفرنسا وڤالانژیسی لە ئیسپانیاو نازی لە ئەلمانیاو فاشی لە ئیتالیا و(شعب الله المختار)ی یەهودی و... ، لەمادەی (٤)ی بەرنامەی(نازی)- حزبی سوشیالستی کریکاری ئەلمانیا- هاتوە: (هاولاتی ئەلمانیا ئەوانەن کە خوێنیان ئەلمانە) بروانە مەوسوعەی جردی –مادەی: نازی
تەنانەت فلستین ژێردەستیشە کەچی لە مادەی (١)دەستوریان تۆماریان کردوە کە فلستین بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی !! المادة ١: فلسطين جزء من الوطن العربي الكبير، والشعب العربي الفلسطيني جزء من الامة العربية والوحدة العربية هدف يعمل الشعب الفلسطيني من اجل تحقيقه.
[٢٣٤] لە مادەی ٦٦ هەمان شێوەی وەرگرتوە دەلێ ئەوەی لەتورکیا بێت تورکە
[٢٣٥] بيان اتفاق الوحدة الثلاثية بين مصرسوريا والعراق-القاهرة - ١٧ / ٤ / ١٩٦٣

عەرەبیەوپابەندی میساقەکەیەتی، هەر بۆ زانین لە مادە(١)ی میساقی جامیعەی عربی ناسنامەی ئەندام بون بە مەرجی عەرەبیە هیچ پێگەیەك بۆ غەیرە عەرەبی تیا نیە دەقەکەی لەخوارەوەیە[٢٣٦]، واتە بەلایەکی تردوە دانت نا کە عیراق بەشێکە لە (ئومەی عربی)، ئەوەش هەمان مادەی دەستوری لبنانیە کە لەدیباجەکەی بەو شێوەیە هاتوە: لبنان عربي الهوية والإنتماء، وهو عضو مؤسس وعامل في جامعة الدول العربية وملتزم مواثيقها، كما هو عضو مؤسس وعامل في منظمة الامم المتحدة وملتزم مواثيقها والاعلان العالمي لحقوق الانسان. وتجسد الدولة هذه المبادئ في جميع الحقول والمجالات دون استثناء[*]، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەلە ڕێکەوتنی تائیفی ٢٣/١٠/١٩٨٩ داکۆکیەکی توند لەسەر ناسنامەی عروبی لبنان لە برگەی (ب) مادەی (١)کراوە، ولاتانی عەرەبی و لایەنە سونیەکان هێشتا قایل نین لەبارەی عیراق، داوای ناسنامەیەکی روونی عروبی بۆ عیراق دەکەن و ناسنامەی کورد و تورکمان و پێکهاتەی تر تێك بشکێنن، ئەوەش سەرچاوەی کێشەکانە لە وو لاتی عەرەبی، نەك وەك گۆتە دووبارە بوودکەیان گوایە ئەوە دەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیە !!

لەسەر ئەو رەوتەی عیراق، بەو ناسنامەیە عروبی و ناوندیەتی هەردەم هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بەجۆرێك بەهێز بون و سەلامەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی عیراق لاواز بونی ئاسایشی نەتەودیی کوردستانیە، پێچەوانەش بە پێچەوانەیە، لەودش زیاتر هەردشەکانی سەر ئاسایشی نەتەودیی عیراق بە ئۆتۆماتیکی فاکتەری بەهێزی ئاسایشی نەتەوەیی کوردە، تا ئەو رادیە هەرزیانێك بەریەکیان کەوێ دەبێتە قازانج بەوی تر ئیتر بە سانایی بنەمای(مصائب القوم عند القوم فوائد..)جێی (مثل

---

[٢٣٦] مادة ١: تتألف جامعة الدول العربية من الدول العربية المستقلة الموقعة على هذا الميثاق و لكل دولة عربية مستقلة الحق فى آن تنضم الى الجامعة، فإذا رغبت فى الانضمام ، قدمت طلباً بذلك يودع لدى الأمانة العامة الدائمة، و يعرض على المجلس فى أول اجتماع يعقد بعد تقديم الطلب. میساقی جامعەی عربی لە ٢٠ مادە پێك هاتوە لە ١٩٤٥/٣/٢٢ نوسراوە

[*] دەبوایە کورد بەو جۆرە دارشتنەی دەستور قایل نەبوایە ، دەشلێن ئەو دەستەواژە لەلایەن مام جلالەوە پێشکەش کراو تۆمارکرا ، لەوە راست تر ئەو پێشنیارە دەستورەی مەلا مستەفای بارزان بوایە کە لە ١٩٦٥/٣/١٢ بۆ بەغدای نارد ، پێك هاتبور لە١٣ بەند ، لەبەندی(٣)دەلیت:گەلی عەرەب لە عیراقدابەشێکە لەمیللەتی عارەب...

المؤمنون..)دەگرێتەوە هەروەك گرتیتیەوە [٣٣٧]، هەڵبەتە ئەوە دۆخێکی دروست نیە بەلاّم ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەوڵەتی عیراقی ئەو مەبەستانەی پێی دروست کراوە لە سایکس بیکۆ بەدواوە ورەفتاری دەسەلاّتدارانی عیراقیش، ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان کە تۆمارمان کرد بەسروشتی خۆی دژ بەئاسایشی عیراقە، بەدەگمەن بەندێك نادۆزیەوە هاوبەش بێت، بەهەمان شێوەش ئەگەر بنەماکانی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی عیراق لەژێر ئەو ڕەوشە عروبیە (هەروەك لە ئەدەبیاتی حزبی بەعس لە بارەی ـ امن القومی)دیاری بکەین دەگەینەوە هەمان ئەنجام، کە ئەوانەی خوارەوەیە:

١ عیراقێکی توند و تۆڵی و مەرکەزیانە خاوەنی هێزو و سوپاو ئاسایشی بەهێزبێ بتوانێ ڕۆل وئەرکی عروبی ببینی

٢ پاراستنی یەك پارچەیی ویەکێتی خاك و گەلی عیراق دوور لەجیاوازی و پارچەپارچەبون و دابرین

٣. گەشەی دەوڵەتی عیراق لەرووی ئابووری و کۆمە لاّیەتی و بەرەو دەوڵەتێکی تەکنەلۆجیدار و ....وبەکورتی چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەتی عیراقی مۆدرێن

٤. ئارامی و ئاسایشی ناوخۆ

٥. پاراستنی پەیوەندی و هاریکاری (وفاق اقلیمی و عربی و جیهانی)

٦ توند و تۆلکردنی پەیوەندیەکانی عیراق بەولاّتانی عەرەبی بەجۆرێك کە ئاسایشی نەتەوەیی عیراق ببێتە بەشێك لەئاسایشی نەتەوەیی عەرەب ([٣٣٨])

---

[٣٣٧] لە بەلگەنامەیەکی بریتانی باس لە فلسەفەی ناشیۆنالیزمی دەکار دەڵێ بورن وهێزی یەکەمیان لەسەر توانەوەو لاوازی دوەم دەوەستێت وبەو فلسەفەیەش تورکیاو عیراق و.. ئەوانە دروست بوونـە: Foreign Office .... و یعتقد أنه في حالة عدم قيام الترك بصهر الشعوب الأخرى ، بطريقة القوة أو بالطرق الأخرى ، فأن الشعب التركي ستنقرض. توقیع W.J. Childs - ١٩٢٩/٨/١٧

[٣٣٨] بروانە دەقی (تعريفات ببعض المصطلحات.. مادە: امن القومی). لە ڕێکەوتنی میسر سوری وعیراقی سالی ١٩٦٣ هەرچەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ودوژمنیان نیشتمان پەروەرانی کوردو لایەنی تر ئەوانە بوە کە لەدەقی بەیانەکەی جاڕدانی هاتووە:

اتفاق الوحدة الثلاثية بين مصر ,سورياوالعراق القاهرة ١٧/٤/ ١٩٦٣ وتشمل فئة اعداء الشعب العناصر التالية: ا- المعزولون سياسيا بمقتضى القوانين المقررة لذلك.

ب - كل من حكم ثوريا وأدين بانه انفصالي او متآمر او مستغل.

ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە ئەو بنەمایانە دەبینین بە سروشتی خۆی هەرەشەن لەسەر ئاسایشی کوردستان وتەعریب وتوانەوەی کوردە، ...چارەسەری زانراو تا ئێستا لە لایەن بەغداوە ئەوە بوە ئاسایشی نەتەوەیی کورد تێك وپێك بشکێنی تا ڕادەی قڕ کردنی میللەتی کورد، ئالێرەدا پرسیارە ئالۆزەکە دەست پێ دەکا: ئاخۆ چۆن ئەو دوو جۆرە ئاسایشە پێکەوە دەحەوێنەوە، ئایا چارەسەر مانای چ دەگەیەنێ، ڕاشکاوانەتر بیلێن هیچ بوارێك ماوە بۆ ئەوەی ئەو دوو بنەما ئاسایشە بەیەك بگەن و ئاسایشێکی نەتەوەیی هاوبەش دروست بێت؟ هەر چەندە زەحمەتە بەڵام ئەستەم نیە، لەوبڕگەی خوارەوە زیاتر وەڵامەکە وەرگرە.

سروشتی کوردایەتی و پیلان دژبە عەرەب

شۆڤینی عەرەب لەدوای دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ودروستکردنی وڵاتانی عەرەبی نزیکەی سەدەیەکە بانگێشەی ئەوە دەکەن کە: ١ ـ پیلانیان لەسەرە لەلایەن ئیمپریالیزم وزایۆنی٢ ـ پیلانی دووبارەدابەشی وڵاتانی عەرەبی(دابەشکراو ـ تقسیم المقسم او تجزئە الجزأ) لە ئارادایە ٣ ـ پیلانی یاخی وجیاخوازی ٤ ـ پیلانی دژبەیەکگرتنەوەی ئومەی عەرەب...لەگەل چەندین بانگێشەی تر، ئەوەی پەیوەندی بەبابەتەکەو کوردستان هەیە ئەو چوار پیلانەیە گوایە بزوتنەوەی کورد بەشێکە لەو پیلانە، لەچوارچێوەی پیلانی زایۆنی وڕۆژئاوا کە کەمایەتیەکانی جهانی عەرەبی هان دەدەن تا ئەو وڵاتەڕۆڵی عەرەبیەکەی پەك کەوێ...بۆ ئەوەی خوێنەری کوردو عەرەب وخەڵکی تریش لای ڕوون بێت ئەو ڕاستیانەی خوارەوە زۆر بەکورتی دەخەینە ڕوو:

١ ـ بە ڕاستی سایکس پیکۆو دابەشی ناوچەکە عەقلی میلەتانی کوردو عەرەبی تێك داوە، ئەگینا ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو وڵاتانەی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێکە لە نیعمەتی ئیمپریالیزم وزایۆنی بۆ عەرەب(ئەگەر ئەو وەزعە نیعمەت بێت)، واتە ئەو نەخشەیەی وڵاتانی عەرەبی وناوچەکە بەشێکە لە پرۆژەی زایۆنی ئیتر بۆچی پیلانی دژ بکا بە پێچەوانەوە دەیپارێزی هەروەك وا دەبینین ئەو پاراستیتی.

٢ ـ شۆڤینی عەرەب دڵنیا دەکەینەوە کە ئیمپریالیزم وزایۆنی نەویستویەتی ونەددیەوێ وڵاتانی عەرەب دابەش بکا، چونکە خۆی وای دابەش کردوەو بە (ستاندەرو عەیارێکی) وورد دابەشی کردوە کە دەقاودەق لە بەرژەوەندی خۆی بێت،
زۆرسیناریۆی دابەشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کرا، لە ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ عەرەبی(ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کرا ٦بەش وکوردیش کرا٥بەش، واتە سەرجەم ناوچەکەکرا(١١)بەش، بێجگەلەدابەشیەکانی کەنداو، دوای داگیرکردن فرنسا و بەریتانیا ویستیان عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٧ بەشەوە بکەنە ٩ بەش: لە ١٩١٨/١١/١٩م (لورانس)پیشنیاری کرد(ئەوەی ئێستاناوی نراوەخوارووی عیراق)بکرێتە٢هەرێم(میزۆپۆتامیای سەروو(بەغدا) ومیزۆپۆتامیای خواروو(بەسره) وسوریاش بۆ هەر سێ کوری شریف بن حسین(عبدالله وزید وفیصل)، وزارەتی هند لە ١٩١٨/١١/٧م لایەنگیری ئەو دابەشیەی کرد، لای شامیش بۆ (٧) پارچە دابەش بکەن:١ ـ جبال لبنان٢ ـ دولة العلويين ٣ ـ دولة انتاكية في شمال سورية٤ ـ دولة جبل دروز ٥ ـ دولة سورية.٦ ـ فلستين.٧ ـ امارة شرقي الأردن[٣٣٩]، بەڵام ویلسۆن وکۆکس بروسکەیەکی بە پەلەیان لە ١٩١٩/١١/٢٢ نارد تیایدا ئەو عیراقەی ئێستایان بە کوردستانەوە وەك (چاك ترین چارەسەر)پێشنیار کرد و چەسپا، لە کتێبی (سیاسةالبريطانية العظمى تجاة مستقبل كردستان)گفت وگۆیەکی بەریتانیەکانی گواستۆتەوەسەبارەت بەچۆنیەتی دابەشی ناوچەکە، (ویلسۆن)کۆتایی بەو تاوتوێیە دێنێ ودەڵێ ئەو عێراقە بەو سنورەو لکاندنی کوردستانی خوارووتاکەپێوەە کەلەخزمەت بەرژەوەندیە دوورو نزیکەکانمان بێت[٣٤٠]، فۆرستەریش دەڵێ: جاء فی التقرير لجنة كنج –كراين: ((ان حكمة قيام بلد موحد لاتحتاج الى نقاش بنسبة الى قضية العراقية)) هكذا جميع الأطراف ترى حكمة فی نشوءهذه الدويلات غنى عن النقاش[٣٤١] لەکۆتایدا هەموی هاتنە سەر ئەو نەخشەیەی ئێستا کەچاکترین خزمەت بە پلانەکە بکات، کەواتە ئەوسنورو دابەشیە بە ئیرادەی کوردو

---

[٣٣٩] بروانە: تاريخ امه العربيه ص٥١٠-٥١٦.

[٣٤٠] سعد بشير اسكندر- سياسةالبريطانية العظمى تجاة مستقبل كردستان ص١٥٥

نشأة الدولة العراقية -ص١٤٩

عەرەب ویان بە پێی پێوەێکی نێودەوڵەتی نەبوە، بەپێی بەرژەوەندی ئیستعمارو (ئاسایشی نەتەوەیی) ئیسرائیل دارژراون.

لێرەوە تێدەگەین کە (لۆرانس)وتی ئەو دەوڵەتانە وادروست دەکەین نرخی سەنتێکیان نەبێ لەکی هاتوە، لە پرۆتۆکۆلەکانی زایۆنیش هەروا دەڵێت، واش دەرچوو، هەرلەسەروەسفی سعد زەغلول کەجامیعەی عربی دروست بوو ووتیان جامیعە مانای کۆی (٢٢سفر)[٣٤٢]، لەوەش خراتر (م قەزافی) لەکۆنگرەی بەغدا وتی بڕیارەکانی لەنێوان (٠، ـ ١ سفرو ناقس یەکە)[٣٤٣]، بۆیە بە پێچەوانەوە ڕۆژئاواو ئیسرائیل دژ بە هەر دەستکاریەك دەبێت لەناوچەکە ڕوربدا، ئەوە وایکردوە بزوتنەوەی کورد ئاوا بکەوێتە مەینەت، هەر ئەوەش بوە وای کرد ڕۆژئاواو ئیسرائیل لای عیراق وعەرەب بگرن دژ بە ئیران، هەر ئەوەشەدژایەتی (حماس)و لایەنگری فتح بکەن، وڵاتانی عەرەبی پڕە لە بنکەی سەربازی ئەمریکی ومەکتەبی ئیسرائیلی، هەر ئەوانن ڕژێمەکان دەپارێزن ودژ بەمعارەزەی نیشتمانی وئاینی ودلسۆزانی عەرەبی ڕاستەقینە دەوەستن..لەگەل دەیان بەڵگەی تر.

٣ ـ تائێستا ئەو هەرایەدەکەن لە بارەی(مؤامرة التقسیم) هیچ رووی نەداوە، بە پێچەوانەوە ئەوەتا ئەمریکا وا عیراقی ڕاگرتوە تا تەقسیم نەبێ، زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتی(فاشیلن)شایستەی گۆڕینن یان هەڵوەشاندنەوەن ڕۆژئاواو ئیسرائیل ڕایگرتوون.

٤ ـ کێ ڕێی لە عەرەب گرتوە ڕۆڵی عەرەبی نەبینن جگە لەخۆیان، کێ ڕێی لێگرتوون یەکبگرن، ئەوەنیە بوویتەقسەی نەستەق:إتفق العرب علی ان لایتفقوا، ئیتر میلەتانی هەژاری وەك کوردوبەربەرو دارفۆروحوسی وقیبتی وهەتا میلەتی عەرەبی بێ دەسەڵاتیش چ بکەن.

٥ ـ ئیترچۆن دەبێ بزوتنەوەی کوردی ڕەوا بەفیتی ئیستعمارو زایۆنی وەسف بکەن، دژ بەکێ، ئەی ئێوە[٣٤٤]خۆتان دروست کراوی ئەوان نین، (مزاحم باجه جی)وکۆمەڵێك لە

[٣٤٢] من قضایا الثورة والانسان العربي... ص٢٩.

[٣٤٣]) لە کتێبی(حتمیة التغیر ـفی الشرق الأوسط ص٢٢-٢٣) هاتوە: منذ إستقلال العرب الشیء الوحید الذی قدمه هو ١-الحروب ٢-التوتر بین العالم العربی والعالم المتحضر ٣-مشاکل الداخلیة ٤-عدم وجود الحریة ٥-حکم قبلی ٦-الطریق الوحید للتغیر هی إما الإنقلابات أو الإغتیالات ٧- سیاسة فیها یساوی عنف

[٣٤٤] مەبەست دەسەڵاتدارانی عەرەب وشۆڤینیەکانی بەرهەمیان هێناوە نەك میلەتی عەرەب

عەرەبی بەرز بەرامبەر (کوکس) وەستان وپێیان ووت (لاتعتبروا الثورة الحالية التی قامت بها بعض القبائل الرحالة ثورة وطنيه، ولا يمثلون العراقيين)[٢٤٥]، (مس بيل) دەڵێ عەرەبەکان دەهاتنە لامان دەیان ووت: أنت بمقامة النبی عيسی وکوکس بمقام الله[٢٤٦]!!، ئەگەر ئێوە باش بن لەگەڵ ئەومیلەتانە هەزارئیسرائیل وئەمریکاهەوڵ بدات ناتوانی، ئینجابۆ بەدەوڵەت بونی کوردبە ئیسرائیلی دوەم ناوزەد دەکەن، ڕاستە لە پرۆژەکانی جامیعەی ئیسلامی وسەڵتەنەتی عوسمانی وشۆرشی ئیسلامی بیست کوردستان پێشنیارکرا بۆ بەدەوڵەت بون، بەڵام کوا لەکام پرۆژەی ئیسرائیل یان ڕۆژ ئاوابەدەوڵەت بونی کوردستانی تیایە، کەچی وڵاتانی عربی تیایە، ئەوەتە کە کوردستان دابەش دەکرێ بەهەمان پرۆژە سوریاو عیراق ووڵاتانی عەرەبی دروست دەکرێ، شام وعیراق لەگەڵ ئیسرائیل بەیەك(فەسل–فەسلی٧لەمادەی٩٤تا٩٧)دروست بووینە، ئیسرائیل وناژانسەکانی یەهود ڕۆڵی گرنگیان بینیە لەدروست کردنی عیراق، ئەوە بوو ڕێکەوتنەکانی سەرانی عەرەب لەگەڵ وایزمان وهرتزل نیشانمان دان، کوا یەك ڕێکەوتنی سەرانی کورد لەگەڵ ئەوانە، ئینجا ئەوەی یەکەمی ناشیۆنالیستە عەرەبەکان یەهودیەکانیان پێ نزیك تر بوە لە میلەتانی موسلمانی (نا سامی)، ئەوتێڕوانینە وای کرد ئەوەی ناوی نراوە(ثورة العربية الكبرى ـ بەسەرۆکایەتی شريف حسين بن علی) سنجاقی قودس لە عوسمانی وەرگرتەوەولەڕێی بەریتانیا درا یەهودیەکان، لە دیباجەی ڕێکەوتنامەکەی عەرەب ویەهودیش لە١٩١٩ ئەو(قرابه الجنسيه)عەرەب ویەهود رەنگی داوەتەوە کە ئیسرائیل وشام وعیراقی پێ دروست کرا[٢٤٧]، کەواتە بۆچی سوریاو عیراق و ئوردن ئیسرائیلی دوەم وسێیەمو ..دەیەم نەبن نەك کوردستانی سەربەخۆ، ئەگەر کوردستان ئیسرائیلی دوەم بوایە ئەوا ئێستا ئێوە وەك ئیسرائیل دانتان پێ دەهێناوئالای

---

[٢٤٥] د فياض -ثورة العراقية الكبرى ص٣٦٢

[٢٤٦] العراق فی رسائل مس بيل ص٢٩٣ (وقدأيدت ذلك مصادر أخرى، فقد جاء فی كتاب (مقتل الجمان..) أن مس بيل لقبت فی العراق ب(أم المؤمنين).

[٢٤٧] اتفاقية فيصل-وايزمان: إن صاحب السمو الملكي الأمير فيصل ممثل المملكة العربية الحجازية والقائم بالعمل نيابة عنها والدكتور حاييم وايزمن ممثل المنظمة الصهيونية والقائم بالعمل نيابة عنه يدركان القرابة الجنسية ،الصلات القديمة القائمة بين العرب والشعب اليهودي ويتحقق أن أضمن الوسائل لبلوغ غاية أهدافهما الوطنية هو في اتخاذ أقصى ما يمكن من التعاون سبيل تقدم الدولة العربية ،فلسطين ولكونهما يرغبان في زيادة توطيد حسن التفاهم..

کوردستان لەسەرولاٚتانی عەرەب دەشەکایەونەشتان دەتوانی ناوا ئەنفال وکیمیا بارانی بکەن.

٦ ـ دەمێکە سەرکردەی ژیری کورد تێگەیشتوە کە ئیسرائیل ورۆژئاوا مەیل ولایەنگیری عەرەبیان بەسەردا زالە نەك کوردستان، ئەو بەڵگەنامەی خوارەوە بەسە بۆ تێگەیشتن[٢٤٨]

٦ ـ برایەتی ڕاستەقینە بەو جۆرە گووتارو تێڕوانینانەی برایانی عەرەب دروست نابێت، لەلای کوردیش ئەگەر وابزانن لەوەتەی مێژوە هەرعەرەب کوردی چەوساندۆتەوەو ئەوان بەرپرسن لە مەینەتی و وابزانن ئیسرائیل ورۆژئاوا رزگارکەری کوردەو ناکۆکی کوردو عەرەب ئوسیلێکە لە ئوسولەکانی کوردایەتی.. ئەواتێك گەیشتن و برایەتی دروست نابێت، ناوەرۆکی بزوتنەوەی کورد بەسروشتی خۆی ناتەبانیە لەگەل پرۆژەی یەکخستنەوەی عەرەب وکێشەکانیان، هەروەك لەخالەهاوبەشەکانی فلستین وکوردستان نیشانمان دا، ناتەبایی بزوتنەوەی کوردو عەرەب لەو کاتانەیە کە یەکێکیان یان هەردوو لا لەسەر عەیار نەبێت

٧ ـ ئەوەش بەشێکە لەپرۆژەی چاکسازی رۆژ هەلاٚتی ناوەڕاست، دەبێ لەسەر بنچینەی بڕیاری چارەنوس بێت، یان وەك دروشمەکەی شێخ سعیدی پیران: گەڕانەوەی خیلافەت ئەگەر ئەوەش نەبێ هەریەکە دەوڵەتی خۆمان هەبێ، ئەوە پرۆژەی چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، بۆ ئێمە چاوەڕوانی ڕۆژئاوا بکەین پرۆژەی چاکسازی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستمان بۆ گەلاٚڵە بکەن.

کەواتە لەو دەمە چارەسەری دروست کردنی برایەتی کەوتۆتە دەست برایانی عەرەب، بەتایبەتی دەسەلاٚتداران، سێ دۆخی لەپێشە:

---

[٢٤٨] FO ٦٢٤/٦٣ الکرد وحرکة مایس ١٩٤١ تقریر رقم ب.س ١٧٧- ١٧\تموز\١٩٤١ س ج. ادمونذ ، المستشار في وزارة الداخلية في العراق

..هناك الوافعيون الذين وصلوا الى قناعة مفاداها بأن مصالح السياسة الاستعمارية البريطانية لا تتفق مع الاهداف القومية الكردية و تخدم المصالح العربية القومية وليس من المعقول أن نتوقع ان تقوم الحكومة البريطانية بأنتهاج سياسة تثيرمشاعر العرب من أجل إرضاء الكرد. س.ج. أدموندز٢٧-٧-١٩٤١

١ بەهۆی ئاگر و ئاسن ئاسایشی نەتەوەیی عێراق عروبی بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بسەپێنی هەر وەك لە (٨٠) ساڵەی تەمەنی عێراق وای کردووە سەرکەوتوو نەبووە

٢ دەوڵەتێکی لامرکزی و فیدراڵی دروست بکرێت هەر لایەیەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزی لەوەش چاکتر بنەما دەولیەکان (مافی چارەنووسی) پەیرەو بکرێت و هەرلایە ئازاد بێت لەدیاری کردنی ئەو چارەنووسە

٣. دان بنێی وەك خۆی عێراق چۆنەو چۆن دروست بوە کەبریتیە لە: دەوڵەتێکی دەستکردی ئیستعمار، دەوڵەتێکی (مرکبە ـ ئاوێتەیە)، دەوڵەتێکی نا عەرەبیە، دەوڵەتێکی (دووهەرێمی کوردی وعەرەبی)وخەڵکی تریش، دەوڵەتی پێکهاتەیە لە سونەو شیعەو کوردو خەڵکی تریش، بە هۆی ئەوەی دان بەو ڕاستیانە نەنراوەو بەتایبەتی لەلای سونەی عەرەوب و تەیاری عروبی بەگشتی، باشترینەکەیان کە وەسفی کوردو عەرەب بە باشەدەکەن، دەڵێن إخواننا الأكراد جاؤو وإستوطنو في شمال العراق منذ آلاف سنين وأصبحوا إخواننا، پیشوو تر باسمان کردوە کە ئەو دەستەواژە هەمووی هەڵەیە، بۆیەش عێراق بوویتە دەوڵەتێکی فاشیل ...، کەواتە پێویستە چارەی بکرێ واتە خودی عێراق کێشەیە نەك کورد، چارەکردنی بە پێی وەسفی ڕاستەقینەی خۆی، بەو شێوەیە:

١ ـ مادام دەوڵەتێکی عەرەبی نیە با ئەو برگە دەستوریانە هەڵگرێ کە پێچەوانەی ئەو ڕاستیەن، کۆتاییش بە ڕۆڵی عەرەبیانەی (ماڵ وێرانی) ببینی بەڵام ڕۆڵی ئیسلامیانە بابینی لە کێشەکانی فلستین وچی هەق بوو

٢ ـ دەوڵەتێکی دوو هەرێمیە وەك چیکۆسلۆڤاکیا باناوی هەردوو هەرێم هەڵگرێ دەسەڵاتیش بە هاوبەشی(مبدأ الشراكە) بێت.

٣ ـ مادام سێ پێکهاتەی ڕاستەقینەن ئەوا سێ فیدراڵی چارەسەرەوحکومەتی ناوەندیش بە پێی شێوازی (دیموکراسی تەوافوقی) دروست بکرێ.

٤ ـ بۆ ئەوەی هیچ لایەك هەڕەشە نەبێت بۆسەر هیچ لایەك ئەوا لەسەرەتا بە میساقێکی نیشتمانی ولەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو دەوڵەتە بەڕێوە بچێت، وا چاکێشە ئەو دەوڵەتە سوپای نەبێت.

٥ ـ لەکۆتایدا ئەگەر ئەوانە چارەسەر نەبون وهەر نا ئارامی وناتەبایی لەو وڵاتە بەردەوام بوو ئەوا مادام ئیستعمار ئەو دەوڵەتەی بە دەستکردانە دروست کردوە ئەوا هیچ شوێنێکی پیرۆز نیەو زۆر ئاسایە شریکەکان لێك ببنەوەبە دادگەرانە وەك چیکۆ سلۆڤاکیا.

ئەگەر ئەو هەنگاوانە کران ئەو کاتی بەرە بەرە وەرچەرخانی دەوڵەتی عیراق لەو دۆخە ستوونیەی، لەناسنامەی ستونی (عروبی) بۆ دەوڵەتێکی نیشتیمانی مەدەنی دەچێت، یان بۆ دەوڵەتێکی ئاسۆیی و دادگەری ئاینی، بەرەبەرە جیاوازیەکانی هەردوو ئاسایش دەتوێتەوە، لەجیٚ ی دا بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی هاوبەش دەخەملێ، تیایدا ئینتمایە ستونیەکان و کاردانەوە و سەرئەنجامەکانیان کاڵ دەبێتەوە تا تێکەل دەبن، ئەوەش لەلایەن بەغداوە دەست پێشخەری دەویٚ و بتوانی متمانە دروست بکا کە تا ئەو ساتەش نەیکردوەو بە نیازیش نیە.

دەرباز و مافی چارەنووسی:

مافی چارەنوسی میللەتان لەدەوروبەری جەنگی جیهانی بەتەواوی سەری هەڵدا، هەر لایەی میللەتانی ژێر دەستەی هان دەدا بۆ سەربەخۆیی تاگەیشتنە ئەو رادەیەی لێدوانی فەرمی بەریتانی و فرنسی لە ١٩١٨ دەرچێت، هەروەها چواردە بنەماکانی ودرۆ ویلسۆن لە ١٩١٨ دەرچوو، هەروەها لەبنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ رووسیاش ئەو مافە پەیرەو کرا

دوای لەمادەی(٢٢)ی (عهد عصبە الامم) تارادەیەك وبەجۆرێکی ترمافی چارەنوسی لەشێوەی ئینتداب رەنگی دابۆوە،بەلاّم لەمیساقی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ئاشکراتر لە پەرەگرافی (٢، ٣) ی مادەی (١) و لەمادەی (٥٥) هاتووە، بەشێکی زۆری تر مافی چارەنوسی بۆ پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەگێرنەوە، هەردوو شۆڕشی ئەمریکی

١٧٧٦و فرنسی لە ١٧٨٩ بەیەکەم بەرجەستەی ئەو جارنامەیە دەزانن، بەشێکی تر بۆ ڕێکەوتننامەی ویستڤالیای (١٦٤٨) دەگێرنەوە، لەگەڵ زۆر رای تریش لەڕاستێدا مافی چارەی خۆنووس لەگەڵ دروست بونی مێژووی سیاسی نەتەوەکان دەست پێ دەکا، لەرووی یاسابیەوە دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی پەیوەندی سیاسی و یاسایی نێوان هەرێم و گەل و دەسەڵاتی سیاسی دەست پێ دەکا، بەشێوەیەك هەرێم بۆ نیشتیمان و گەل بووە نەتەوەودەسەڵاتی سیاسیش بووە ئیرادەی نەتەوەی نیشتیمانیك بۆ خۆ بەڕێوەبردن

بەو پێ یە مێژوودکەی کۆن ترە لە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ – ١٩١٨)، رەنگە پرۆژەی جامیعەی ئیسلامی کەلەسەر دەستی شێخ سعیدی نەورەسی و جمال الدینی ئەفغانی و لەگەڵ سوڵتانی عبدالحمید یەکەم تەقەلای مافی چارەنووس بێت لەجیهانی ئیسلامی، دوای ئینقلاب بەسەر ئەو پرۆژەیە کرا لە ١٩٠٨ و لە ١٩٠٩ سوڵتان عبدالحمید دەرکرا و بەرەبەرە بیری تۆرانێکی تورکی هاتەنێو عوسمانی و زیاتر نەتەوەکانی تری وەك کورد و عەرەب و جەرکەس و ئەرنائووت و هەست و خواستی نەتەوایەتیان بۆ دروست بوو، بەو شێوەیە جیهانی ئیسلامیش وەك جیهان کەوتە سەرەی دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کەدوا هەنگاوی مافی چارەنوس بوو بۆ میللەتان، بەو شێوەیە نەخشەی سیاسی نوێی جیهان دروست بوو، شەرعیەت درا بەهەر نەتەوەیەك کە خاوەنی هەرێم و نەتەوە و مێژوو و فەرهەنگی سەربەخۆ بێت وبەرگەی (مقەوماتی) دەوڵەتی هەبێت بەجۆرێك: لە (هەرێم)دا مقەوماتی جوگرافی و ئابوری هەبێ، لە(گەل)دا مقوماتی کۆمە لایەتی و گەشەی تێدابێت، لە(دەسەلات)ی سیاسیش مقوماتی سیاسی و یاسایی و بەرێوەبردنی تێدابێت، ئەوە بۆیان هەیە دەوڵەت دروست بکەن و بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو مافە دەیانگرێتەوە، سەرەرای ئەوەی لەکوردستان پایەکانی دەوڵەت هەبوو، کەچی بەدەوڵەت نەگەیشتن مەینەتی کوردی لێ دروست بوو، ئەوەی زیاتر ئالۆزی کرد ئەوەیە لەدوای دروست بونی ئەو دەوڵەتانە و دروست بونی (عصبە الامم ١٩١٩) ودواییش (نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٦) تا ئێستا ١٩٣ وڵات ئەندامن لێ ی، بستە خاکێك لەو جیهانە نەماوە بێ سەروەری، هەموی موڵکی دەوڵەتێکە لەو دەوڵەتانە، هەرچی ڕێکەوتن و بنەمای یاسایی نێو دەوڵەتیە لەنێوانیان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی ئەو وولاّنە خۆیتیان، واتە ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وولاّنە رەچاو دەکرێ کە بریتیە لە:

پاراستنی یەك پارچەیی خاکیان (هەرێم) و دەست تێوەرنەدان لەئیش و کاری ناوخۆ، کەواتە هەتا بنەماکانی نێو دەوڵەتی بە ئاشتی و ئارامی وپێك گەیشتن و هاریکاری (وفاق الدولی) لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش بێت، ئەوا بواری جم و جۆل وتەکان بەردو رزگاری میللەتی ژێر دەستە تەنگ دەبێتەوە، ئەو کاتە میللەتی بێ دەوڵەت ناخوێنرێتەوە، هەرچەندە ناوی (امم متحدە) بەلاَم لەراستیدا (دول المتحدە)یە، سزا بۆ میلەتان هەیە بۆ دەوڵەتان نیە، سزای هەردتوندی (UN) بۆ دەوڵەتان لەبەندی حەوتە کە لەمادەی ٣٩ را دەست پێ دەکا تامادەی ٥١، هەروەك عیراق پێ سزادرا لەدوای بریاری ٦٦١ ی ١٩٩٠، ئەو بەندە سزایەش بۆ ئەو دەوڵەتانەیە کە دەبنە مایەی هەردشە لەسەر ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی، بەو شێوەیە هەرەشە لەسەر میللەتانی ژێر دەستە وبێ دەستە نابێتە هۆی دەرچوونی بریارێك بەپێی بەندی ٧، هەروەك بینیمان ئەو هەمو سەرکێش و تاوانانەی عیراق (هەتا ئەنفال و کیمیاویش) نەگەیشتنە ئەو سزایە، بەلاَم داگیرکردنی کویت گەیاندیە ئەو سزایە، تەنانەت بریاری ٦٨٨یش بۆ کورد دەرنەدەچوو ئەگەر نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران و تورکیا نەبوایە ، لێرەوە میللەتانی ژێر دەستە ـ بەتایبەتی کوردستان ـ دووچاری بنەمایەکی زۆردەگمەن دەبێت، ئەویش دروشمی (باکونین)ە کە دەڵێ (تحطیم کل ماهو قائم خیر) ([٣٤٩])، هەرچەندە باکوین مەبەستی لەو بنەمایە بۆ شۆرشی کرێکارانە لە دژی سەرمایەداری، کە بەدروشمێکی و بێ سەروبەر (فەوزەوی) بەناو بانگە، بەلاَم بۆ کوردستان گونجاوە، دەبینین مافی چارەنووسی کوردستان لەو دەروازانەوە دێت کە دژ بە واقیعە، دژ بەنەخشە رۆژهە لاَتی ناوەراستە، دژ بە (وفاق)ە، دژ بەرێساکانی یاسای نێودەوڵەتیە، هتد، سوودمەندە لە هەلەی ستراتیژی وولاَتی داگیرکەر یاخود هەر ستراتیژیەکی نێودەولەتی، ئەزموونی ١٠٢ ساڵەی رابوردووی تەمەنی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەوەی سەرووی سەلماندووە، ئەو (ئەنجام)ە رێ خۆش دەکا بۆ دیاری کردنی دەروازەکانی رزگاری کوردستان،بزانین لەکام پرۆژەو مەدرەسەی جیهانی رزگاری کوردستان دێتە دی؟

---

[٣٤٩] بروانە: باکونین _ مبادئ الثورة

پرۆژە و ئامرازەکانی رزگاری کوردستان

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەومیللەتانەی دووچاری مەینەتی هاتوون زۆربەیان میللەتی ڕەسەنن:

+ هەزاران ساڵە گەلی ئێرلەندا لە خاك و وو ڵاتی خۆیان بووینە، لە ساڵی ١٦٤١ ز (کرۆمۆل) ی بەریتانی گورزێکی کوشندەی لێ وەشاندن ئینجا دەستیش بە پاکتاوی ڕەگەزی کرد و ئینگلیزی بردە ئیرلەندا...

+ گەلی فلستین ڕەسەن ترن لە یەهوودیەکانی ئێستا حکومەتن ـ جگە لە یەهودیەکانی سابرا کە دانیشتوی ڕەسەنی فلستینن.

+ گەلی کورسیکا کە لەبن دەستی فرنسایە گەلێ کونن لە ساڵی ١٧٩٦ ناپلیون[٣٥٠] داگیرکرد.

+ گەلی باسك کە ئێستا ژێر دەستی ئیسپانیاییە بەشێکیش لە فرنسی کۆن ترین میللەتی ئەورووپین.

+ گەلی بەربەریش کەلەژێر دەستی جەزائیر و مەغریب و مۆریتانیا.... ئەوا کۆن ترین میللەتن نەك هەر لەناوچەکە لەسەرانسەری ئەفریقا.... بەهەمان شێوە گەلانی کشمیر، تبت، چاچان، تامیلیەکان، مۆرۆلە خوارووی فلیپین، کورد، کەچی ژێر دەست کراوون.

ئێستاش وەلامی پرسیارەکەی سەروو دەدەینەوە وپرۆژەکان باس دەکەین

یەکەم ـ پرۆژەوئامرازی چەپیەکان:

لەسەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لینین کۆمەڵێك بنەمای جاردا بۆ مافی چارەی خۆنووس و وڵاتانی وەك فنلندا و پۆلۆندا.. سەربەخۆییان پێ وەرگرت، بەڵام لەگەل خەفە بونەوەی ئەو هەلچوونە هاتنەوە سەربنەمای مارکسیزم لەو باردیەوەو دەستیان بەسەر چارەنووسی میللەتانی تریش گرتو یەکێتی سۆڤیەتیان لەو ١٥کۆمارە بە تۆبزی پێك هێنا: (روسیا، ئوکرانیا، کازاخستان، ئوزبەکستان، روسیای سپی، جورجیا، لیتوانیە، ئازەربیجان، مالدیڤیا، تاجیکستان، لاتڤیا، ئەرمینیا، تورکمانستان، ئستوانیە، قیرغیستان))، بۆیە پرۆژەی چەپی کوردیش هەروا ڕوون نەبووە ئاخۆ مافی

---

[٣٥٠] نابلیۆن خۆشی بەنەسل کورسیکیە.

[٥] ٤هەریمی وەبەر ئیسپانیا کەوتووە و ٣ شی وەبەر فرنسا، بۆیە دروشمی ویکخراوی(ئیتا)ی باسك بریتیە لە: ٣+ ٤=١

چارەنووسی کورد مانای چیە، لەو بارودۆخانەی کەلەنێو شۆرشی کورد بونایە ئەوا ئەو نەدەبیاتەی مارکس و ئەنجلسی سەبارەت بە ئیرلەندا و جارنامەکەی لینین لە سەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەر بەکاردەهات، ئەگەر لەگەل حکۆمەتەکانی ناوەندی بونایە ئەوا جۆرە گوتارە سیاسیەکانی کرێکاری دە هات کە ئەو پرۆژەی رەسەنی چەپی بوود بۆ مافی چارەی خۆنووسی.

لە بیری چەپی ڕاستەقینەدا توخمی نەتەوەیی و نەژادی تیانیە، بەلکو ئنتمای چینایەتی بە پلە یەك و بنچینە وەردەگیرێ، باقی ئینتماکانی تر سانەوین[٣٥١] بۆیە لەو پرۆژەیە پێیان وایە بەرزگاری چینی کرێکار هەمو کێشە نەتەوەیی ونیشتمانی و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و... چارەسەر دەبیێ، ئیتر کێشەیەکی وەك کورد، بەشە(جزء) کێشەی کریکار گشتە(کل)، ڕێبازی ئەقلی لوجیکیش ئەوەیە کێشەی (کل) چارەسەر بکرێ نەك (جزء)، بەوشێوەیە گەلێ جار خەباتی کوردایەتی و پرۆژەی سەربەخۆی کوردستان بەداوایەکی رەجعی و برجوازی وهەندێ جاریش بە فاشیانە لەقەلەم دراوە، بۆیە دروشمی چەپیەکان لە ولاتانی داگیرکەری کوردستان ناوەندیانە بوو وەك دروشمی(حشع) (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار)، مەبەستی نیشتمان عیراقە، گەلەکەش گەلی عیراق، زیاتر لەوەش گەلێ جار لەسەر دیوار دەنووسرا (کوردایەتی شەرمەزاریە) ! هەربەو تەرازووەش لینین پشتی(ئەتاتورکی) گرت لە دژی شۆرشەکانی کورد ١٩٢٠ ـ ١٩٢٨[٣٥٢] دوایش تێك دانی کۆماری مهاباد ١٩٤٦، پشت گرتنی سۆڤیەت بۆ بەعسی عیراق لە ١٩٧٢ بەدواوە چەك هەلگرتنی چەپی و شیوعیەکان بۆ عیراق لە دژی شۆرشی کوردی زۆر نموونەی تر[٥]، لە ڕاستێدا ناکرێ ئەوە بکرێتە پرۆژەی هەمو چەپی، چونکە بەشێکی تر پێیان وابوو کوردستانیش شایستەی سەربەخۆیە، بەپشت بەستن بە پرۆژەی جیهانی و ئەزموونی رزگاری گەلان لەژێر دەستی ئیمپریالیزمی جهانی دەست کاری یەکێ لە یاسا و پرۆژە بنچینەییەکانی مارکس کراو گۆرا بۆ: دەشێت لەهەندێ بارو دۆخی تایبەتی ناکۆکیە سانەوییەکان وەختیانە جیگەی ناکۆکی پلەیەك بگرنەوە، لەوانە:

---

[٣٥١] بۆزیاتر بروانە: بیان الشیوعی(مانیفیست)- مارکس وأنجلس

[٣٥٢] مستەفا کمال دوو ڕێکەوتنی لەگەل رووسیا کرد بە سەرکردایەتی لینین ، یەکەمیان لە ٣٠/کانون دووەم /١٩٢٠، دووەم لە١٦/٣/١٩٢١ تیایدا بە روونی پشت گیری لە ئەتاتورك کردو دژی سیڤەر وەستاو بیری کوردستانی سەربەخۆی بە کەلالەی ئیمپریالیزم وەسف کرد

[٥] گەلی جار سەدام دووبارەی دەکردەوە گوایە کاتی کە بریاری ئۆتۆنۆمی درا نوێنەری شیوعی ووتویەتی ((سیدی لماذا حکم الذاتی))، ئەو کاتی پێکەوە لە بەرە بوون وتا ئەو ساتەش حزبی شیوعی نەفی ئەو گۆتەیەی سەدامی نەکردۆتەوە

خەباتی رزگاری نیشتمانی (لە قۆناغی خۆی) جێگەی پلەیەکی خەباتی کریکاران لە دژی سەرمایە داری بگرێتەوە، بەو شێوەیە میللەتانێکی زۆر بەو هۆکارە لەئەفریقا و ئەمریکای لاتینی و ئاسیا بون بە دەولوت و ئەندام لە(un)، بەو ئایدۆلۆژیایە بەهێزەی چەپ میللەت دە ووروژاو توانای بەرگری و رزگاری دروست دەبوو، بەلاّم ئەو پرۆژەیە لە خزمەتی جەنگی ساردو جەنگی ستراتیژی سۆڤیەت دژ بە ئەمریکا دابوو، واتە تەنها ئەو جۆرە خەبات و پرۆژەیان بەڕەوا دەزانی کە لە دژی ڕاستەخۆی رۆژئاوا بوو نەك گەلانی سەردەست، هەر بۆیە بینیمان دروشمی چەپیەکانی کوردستانی زیاتر ڕوو لە ئیمپریالیزمی جیهان بوو، بۆیە لایەنە چەپیەکانی کوردستان لە (ی. ن. ك) و(حسك)، (حزبی زەحمەت کێشان)، (حشك)، (حدکا)، (پەکەکە)، هەتا (پ دك)یش دروشمی بنچینەییان خەبات بوو لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و سەرمایەداری و دیموکراسیەکە و بازاری نازاد.... گوایە بە داروخانی سەرمایەداری مافەکانی کورد دەگێرنەوە بۆیە زۆر جار لە کوردستانیانە وەردەگەران بۆ عیراقیانە یان ئیرانیانە......، ئیتر چارەسەری کێشەی کوردیان لە چوارچێوەی ئەو دیڤاکتۆیەی کەلە دوای سایکس پیکۆ بووە هۆی دروست بونی عێراق و سوریا و تورکیا و ئیران و.... واتە پرۆژەکانیان رزگاری تەواوی کوردستان و یەکخستنەوەی تیانەبوو، ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە پرۆژەکانی رزگاری کە بریتی بون لە:

١ ـ پێك هێنانی حزبی پێشرەو لە کریکاران(واتە لە کریکارانی عیراقی نەك هەمو کورد)

٢ ـ خۆبەستنەوە بە جەمسەری سۆشیالیستی لە دژی ئیمپریالیزمی جهانی

٣ ـ جەنگی رەوا و ناکۆکی پلەیەك لەگەل برجوازی ناوەکی و ئیپمریالیزمی جهانە، ناکۆکی نەتەوەی ژێر دەستی کورد نەتەوەی سەردەست و رژێمی عیراق سانەویە.

٤ ـ بانگێشەی برایەتی کورد وعەرەب لە چوارچێوەی عیراق

بەو شێوەیە ئەو پرۆژەیە نەبووە نموونە بۆ کێشەکانی نەتەوەیی لە ولاتانی سۆشیالیستی و چەپی

دوودم ـ پرۆژەو ئامرازی لیبرالی بۆ رزگاری کوردستان:

ئەو پرۆژەیە لەسەرەتای سەدەی(٢٠) لەگەل سەرهەلدانی عەلمانی لە کوردستان باوی هەبووە، پشتی بەست بە سەروەریەکانی ئەزموونی تەکنیکی و زانستی ڕۆژئاوا بەداهێنان

و تەنینەوەی فکری ناسیونالیزمی ودوای دەوڵەتی نەتەوەیی و هەڵمەتی ئیمپریالیزمی، کە لە کۆتاییدا مەینەتی کوردی لێ دروست بوو، بۆیە لەدوای دروست بونی دەوڵەتەکانی عیراق وتورکیاوسوریاو..کەمتربوە جێی ئومێدی کورد، لەسالی١٩٤٢ راپۆرتێکی بەریتانی لەبەغدا باس لەوە دەکا کە سەرکردایەتی کوردی واقیع بین ئومێدی بەئینگلیز نەماوە، بەشێك نەبێت[٣٥٣]، بۆیە تا پێش رووخانی شیوعیەت و سۆڤیەت و سەروبەری راپەرینی ١٩٩١ کەمتر حزبە کوردستانیەکان خۆیان بەخاوەنی لیبرالی و پرۆژەکەی دەزانی، بە پێچەوانەوە زۆر بە توندی دژی ئەو پرۆژەیە بووینە بە هەمو ئارستەیەك، وە بگرە ناو هێنانی تۆمەت و سزا بوو، نەك هەر لەبەر رزگاری نیشتمانی بەڵکو بەهۆی تەوەری ررزگاری _کۆمەلآیەتیش، بۆیە دروشمیان رووخاندنی ئیمپریالیزم ولیبرالی بوو، بەلآم ئێستا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد چاوی بریوەتە ئەو پرۆژەیە، کە بریتی نیە لە کۆمەڵە بنەما و ستراتیژ و نەخشە و پلان، بەڵکو بریتیە لە (یانصیب) (بەخت) چونکە بنەماکانی لەسەر بەرژەوەندی دارژاوە، ئەو بەرژوەندیە جاروایە دژت دەوەستێ وەك زۆربەی جار لە دژی کورد وەستاوە دوایەکەیان ١٩٧٥و١٩٩١، جاریش وایە دەبتە پالپشت وەك ئێستا، هیچیان هەمیشەیی نیە، بۆیە حزبە لیبرالیەکانی کوردستانیش ستراتیژیەتی(ببینەو دایرێژە) پەیرەودەکەن، هەربۆیەش بە دەگمەن ولآت ونەتەوەیەك نادۆزیەوە لە مێژووی کۆن وسەردەمی دووجەمسەری بەو پرۆژەیە رزگاری بوبێت جگە لە (ئیسرائیل) و تایوان(خەریکە کۆسۆڤاش)، ئەو دووەش لێکدانەوەی تایبەتی هەڵدەگرێ، ئینجا حزب و لایەنەکانی لیبرالی (بە کوردسیتانیەکانیشەوە) بەهۆی ئەو پرۆژەو مدرسە لاوازە ناتوانی جەماوەر بووروژێنێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی رزگاری کوردستان، بەپێچەوانەوە بنەماکانی بێ ئایدۆلۆژی ئەو پرۆژەیە کۆمەڵگەیەکی مادی و بەرژوەند پەرستی وات بۆ دروست دەکا توانای بەرگری و رزگاری نابێ، بۆیە هەمو هەوڵ و تێ

[٣٥٣] FO ٦٢٤/٦٥ P.S. No ٤٥١/ BA/ ٢

العراق وزارة الداخلية – بغداد\نيسان\ ١٩٤٢

الى\ السير كورن والس سعادة سفير حكومة بريطانيا العظمى\ بغداد

مكن تصنيف الحركة القومية الكردية بصورة عامة الى صنفين: أ) هناك البعض ورغم التحارب المريرة السابقة يعتقدون بأن حكومة بريطانيا يمكن ان يفعل شيء ما للكرد. ب) هناك الواقعيون الذين وصلوا الى قناعة مفادها بأن مصالح السياسة الاستعمارية البريطانية لا تتفق مع الاهداف القومية الكردية و تخدم المصالح العربية القومية وليس من المعقول أن نتوقع ان تقوم الحكومة البريطانية بأنتهاج سياسة تثيرمشاعر العرب من أجل إرضاء الكرد. رغم أن الصنف الأخير ليس بالضرورة عدو لبريطانيا ، الا انه مستعد ان ينضم تحت راية أي سياسة تقوم بها أي طرف ، سواء معاد لنا ام لا ، طالما يضمن لهم تحقيق المصالح القومية الكردية.

کۆشانت دەبێ بکەوێتە سەر رەحم و بەزەیی کەورە ولاتانی جهان، لەسەردەمی نوێی تاك جەمسەری خەریکە هەندێ نمونە دروست دەبێ، تەیموری خۆرهە لات، تاردەدیەکیش کۆسۆفۆ، وا هەریەکە لە دارفور و کوردستانیش لە قۆناغی هەلپەساردنن، لە هەمان کوردستانی سەروو زمانی کوردیش قەدەغەیە کەچی رەحمی ئەو پرۆژەیە نایگرێتەوە، ئەگینا بەپێی(سیستەمی نوێی جهانی) و(مل ملانێی شارستانی) کەمتر بزوتنەوەی رزگاری خوازی لەفەرهەنگی ئەو پرۆژەیە جێی دەبێتەوە، بۆیە بەزۆری دان بە دیڤاکتۆی بارە سیاسیەکان دەهێنێ، تاکە پرۆژەیەکی واقعی لەو مدرسەیە بەکاربێت لەلایەن کورد(یان هەر میللەتێکی تر) ئەوەیە بانگێشەی دیموکراسی بکەی بۆ وو لاتە داگیر کەرەکەت تا دوۆستت بۆ پەیدابێ ئەوەش لە دوا پرۆسە دا نەبە هێزی دیموکراسی و سیاسی نەبە هێزی یاسایی ناتوانێ کوردستانێکی سەربەخۆت پێش کەش بکا، لە باشترین دۆخیدا لە دۆزەخ دەرت دەکا بەلاَم ناتخاتە بەهەشت، بەلکو هەر بیناکەی (سایکس بیکۆ) موکوم دەکەی کە کوردستانی لەت لەت کردووە.

سێیەم ـ پرۆژەو ئامرازی سۆشیال دیموکراسەکان:

ئەوبەشەش کەمتر لە کوردستان پرۆژە بووە، لە دیوی کوردستانی ئێران لە سالانی ١٩٨٠ بە دواوە جار جار باسی لێوە دەکرا لەلایەن(حدکا)، ئینجا لە دوای راپەرینیش ماوەیەکی کورت نەبێ ئەگینا رۆلی ئەمریکا زیاتر لە سۆشیال دیموکراسیەکانی ئەوروپا هاتووە. هەندێ جۆرە سۆشیالیستی نیشتمانی هەیە کۆمەلێك بنەمای نەتەوەیی و وسەروەری نیشتمانی و رەچەلەکی تیایە، ئەویش لەبەر شکست هێنانی ئەزموونەکان شوڤینی لە فرنسا، فاشی لە ئیتالیا، نازی لە ئەلمانیا، فالانژیش لە ئیسپانیا، تۆرانی لە تورکیا، بەعسیەت لە عیراق، سست بونەوە، بەکورتی لە کوردستان پرۆژەیەکی سۆسیالیستی واتە تیرۆتەسەل گەلالە نەبووە تا ئێستا.

چواردم ـ پرۆژەو ئامرازی نەتەوەییەکان:

بیری نەتەوەیی بەرپرسە لەو مەینەتیەی کورد، لە کوردستان پرۆژەی ناشیونالیزمی لەماوەی کورت سەری هەلداوە و نقوم بوویتەوە، ئەو پرۆژەیە بەزدق تر و راشکاوەنە تر بانگێشەی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا بەلاَم هێزو رێکخستن و بەرنامە و نەخشە و پلانی بێ ستراتیژیەتە و لە کاروانی سەردەمیش تەواو بەجێ ماوە.

پێنجەم ـ پرۆژەو ئامرازی ئاینی بۆ رزگاری کوردستان:

ئەو پڕۆژەیە زۆر کۆن نیە، ڕاستە لەسەرە تای مەینەتی کوردەوە هەتا سالی ١٩٧٥یش هەر زانای ئاینی سەرپەرشتی جولانەوەکانی کوردی کردووە، بەلاّم کەمتر خاوەن پڕۆژەی دارشتراوبوونە، جگە لە سەرەتای تەقەلاکانی شێخ سەعیدی پیران و هەندێ سەرکردەی تری ئەو ساتی کێشەی کوردیان بەستەوە بە پڕۆژەی ئیسلامی بە دروشمی(یان گەرانەوەی خیلافەتی ئیسلام یان کوردستانێکی ئیسلامی سەربەخۆ) بەلاّم نەبووە زانستێك وەك (فقهی رزگاری کوردستان) و بناغە و گەشەی پێ بدرێ، بۆیە پڕۆژەکان زیاتر عەلمانی بووە، واتە کوردایەتیەك بەناوەرۆکی لیبرالی، یان مارکسی، یان سۆشیالیستی...... هەتا تەقینەوەی رابونی ئیسلامی لە جهان لە دوای هەشتاکانی سەدەی رابووردوو ئیدی ئیسلامی سیاسیش بووە رەهەندێکی جهانی، لەوکاتیەوە ئەو پڕۆژەیە سەری هەلدا: مانای ئەو پڕۆژەیە ئەوەیە کە:

١ ـ چارەنووسی جولانەوەی کورد بەچارەنووسی رابونی ئیسلامی ببەستیەوە، ئەویش لە هەلوەشانەوەی ئاسەوار میراتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە کە کوردستان وجیهانی ئیسلامی پێ دابەش کردووە

٢ ـ ناوەرۆکی ئەو کوردایەتیە بە بنەماکانی شەریعەت پربکەیەوە، لە جیاتی بنەما عەلمانیەکان.

٣ ـ پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی لە نێوان(رزگاری ـ نیشتمانی) و(رزگاری ـ کۆمەلاّیەتی) بە ئیسلامیانە دابرێژی، یاخود بەسادەتر پەیوەندی ئایدۆلۆجیا بە کوردایەتی(تێکەل کردنی سەنگەری ئاینی وکوردایەنی)

٤ ـ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی خەباتی(جهاد) لە پێناو کوردستان رەوایی وەرگرێ

٥ ـ بتوانری لە رێی گوتاری سیاسی وشەرعی دۆست لەجهانی ئیسلامی بۆکێشە رەواکەی کوردستانی دروست بکا، سەرەڕای پەیدا کردنی دۆست لەسەر ئاستی جیهانی

٦ ـ لەکۆتایدا بتوانری فتوای شەرعی لەلایەن زانایانی ئاینی دەربکری لەسەرتا سەری جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی لە خودی ولاّتە داگیرکەرەکان، تا ئێستا لە کوردستانیش فتوایەکی روون بۆ ئەو کێشە نیە

بۆ ئەوەی وردتر دەست لەسەر رزگار کەر دابنێین پێویستمان بەوە هەیە لە توێژینەوە فکریەکە بپەرینەوە بۆ سیاسی لەپرۆژە فکریەکان بپەرینەوە بۆ بەرنامەی سیاسی و ئەو حزبانەی زادەی ئەو پرۆژە فکریانەن، ئەو پرۆژانەی لەسەروو باسمان کردن لە فەترەی

مەینەتی کورد دا دوو مدرسە بەرێژەی جیاجیا دەگرێتەوە کە دەشێ رزگاری کوردی لێ بەدی ببوایە یان بێت، یەکیان لەماوەی رابوردوو بەکار بوو ئێستا لاواز بوە (شیوعی)، ئەوەی تر ئەو کاتی لاواز بوو ئێستا لە گەشەدایە بریتین لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان ،هەرچی مەدرەسەی لیبرالیزم ودنیای رۆژاوایە ئەوانە پێناس وبۆچوونیان لە بارەی شۆرش وبزوتنەوە رزگاریخوازەکان تەواو جیایە،زیاتر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی(یان لە باشترین دۆخیدا)بەروانگەی یاسای دەولی سەیری ئەوبابەتانە دەکەن ،بەلاَم لەوسەردەمە ناکرێ ئەوانیش فەرامۆش بکەی ،چونکە بینیمان ئەوان بوون بوونە هۆی سەربەخۆیی کۆسۆڤا وئەو دۆخە یاساییەی بۆسنەو هرسك،هەروەها تارادەیەکی زۆر بۆ تەیورو خوارووی سودان،ناشبێ واتێبگەین کە ئەوان تەنها یارمەتی مەسیحی دەدەن دژ بە ئیسلام ،ئەوەی بۆسنەو کۆسۆڤا پێچەوانەی ئەو تیۆرەیە،بۆیە لە توێژینەوەیەکی زیاتر پەیوەست باسیان دەکەین،ئیستا دەگەرێینەوە سەر هەردوو تەوەری ئیسلامی وشیوعی:

یەکەم ـ بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە شیوعیەکان:

کریکاران نیشتیمانیان نیەو بەرژەوەندی ئەوان لەسەرووی هەمو بەرژەوەندیەکی ترە[٣٥٤]، بەوەش مانای شەرعیەت ستاندنەوەیە لە خەباتی رزگاری نەتەوەیی، لەهەمان کاتدا مارکس و ئەنجلس لێدوانیان هەبوو لەبارەی کێشەی ئێرلەندا، بەلاَم بە بەشێك لەکێشەی کرێکار و رمایەداری دەبەستەوە، لەسەر ئەو بنچینەیەش دروشمی (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن)[٣٥٥] لەوبارەیەوە کەمتر کورد توانی سوود لەشیوعیەت وەرگرێت، جا هۆیەکەی بۆ لایەنی کورد دەگەرێتەوە یان بۆ شیوعیەکانی کورد یان بۆ لایەنی شیوعیەکانی جیهان، یان بۆ هەموویان، ئەوانەش بابەتن و درێژەی هەیە، بەهیواین توێژینەوەی لەسەربکرێ، یان ئەو پرسیارانەی سەروو بەشێوازێکی تر گوزارش دەکرێ بەبێ مەنهەج، ئێستا کاتی هاتووە مەنهەجیانە گە لاَلە بکرێت و لەگەلّ پرۆژەکانی رزگاریش (کە لەوەو پێشوو باسمان کرد) پێکی بەستینەوە، ئێستا پرسیارێکی زۆر دەکرێ لەلایەن

[٣٥٤] مارکس وانجلس بیان الحزب الشیوعی ص٦٣ لە سالی ١٨٩٣ دەرچوو

[٣٥٥] لە بنەرەتدا ئەو دروشمە لە دروشمی(ئەی موسولمانانی جهان یەکگرن)هاتووە کە لەجامیعەی ئیسلامی کرایەوە لە بلاوکراوەی (عروة الوثقی)ی جمال الدینی ئەفغانی بلاو دەکایەوە

تەیارە جیاجیاکانی عەلمانیەتی کوردی و دەڵێن سەرکردەکانمان، میللەتی کورد، نەیتوانیوە وەك خەڵکی تر سوود لە ئیسلام وەرگری بۆ رزگاری؟ دوای کەمێك یەکسەر تاوانی بەدەوڵەت نەبونی کورد دەخەنە ئەستۆی زانایانی ئاینی و ساویلکەیی کورد و جارواشە دەیخەنە ئەستۆی خودی ئاینی ئیسلام، ئەگەر بە مەنهەجیانە پرسیارەکە دارێژینەوە جارێ لە پێشدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کورد و ئیسلام سوودیان لەیەك وەرنەگرت ئەدی بۆچی سوود لەمدرسەی عەلمانی وەرنەگیراوە،سوودلەلیبرالی و دیموکراسی سیستەمی سەرمایەداری و سۆشیالیستی و شیوعیەت وەرنەگیراوە، بۆچی سوود لە رابونی نەتەوەیی وەرنەگیراوە ....، کەواتە ئەو پرسیارەی سەروو لۆژیکی نیە، باشتر وایە بۆ وە لامی پرسیارەکان ماوە مێژووییەکان وەرگرین، تەمەنی حوکمی ئیسلامی تا سەرەتای سەدەی ١٩ نزیکی ٢٠، تەمەنی مدرسەی علمانیەکانیش نزیکە ٢ سەدەیە لەناوچەکە و کوردستان (ئەگەر چاکسازیەکانی سەرەتای سەدەی١٩مدحت پاشا بکەینە سەرەتا)، تەمەنی لیبرالی دیموکراسی وسۆشیالیست نزیکەی سەدە و نیوێکە، تەمەنی مدرسەی نەتەوایە تیش سەدەیەکە، تەمەنی شیوعیەتیش ٩٢ ساڵە، کە ئێستا بەپێی ئەو مەنهەجە دزەکە دەگیرێ، هەر لایەك دەزانن کە باری سیاسی کورد تا سەرەتا ١٩ باش بوو سەرجەم خاوەنی ٦٤ دەوڵەت و میرنشین و قەوارەی سیاسی بوو، لەکاتێکا میللەتانی تر لەدوای ئەو بەروارە بونە دەوڵەت خاوەنی ئەو سەروەریە سیاسیە نەبووینە، کوردیش لەدوای سالانی ١٩٠٨ ەوە مەینەتی و ژێر دەستی بۆ دروست بوو، پێشتر ژێر دەست و بەجێ ماو نەبووە، یان ووردتر بڵێن ئەو کێشەو مەینەتیەی بۆی دروست بوو دەگەرێتەوە بۆ ماوەی نێوان ١٩٠٨ _ ١٩٢٤ ([٣٥٦])، کەواتە بەسانایی دەتوانین تاوانبار و بێ تاوان لەو پرسیارە دادگاییانە لێك بکەینەوە، کە بریتین لە ئیسلام و شیوعیەت، تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی مەدرەسەکان لیبرالی و سۆشیالیستی و ناشیۆنالیزم یان بەکورتی عەلمانی جۆری رۆژ ئاوایی بەرپرسیارە لەو مەینەتیە و بەپلە یەك تەیاری ناشیۆنالیزمی

[٣٥٦] لەو ماوەیەدا: ئیقلابی ئیتحادیە تورانیەکان لە ١٩٠٨ ، لە ١٩٠٩ سولتان عبدالحمید لادرا ، لە ١٩١٤ جەنگی جیهانی یەکەم ، لە ١٩١٦ رێکەوتن نامەی سایکس بیکۆ ، لە ١٩١٧ بەڵێنی بلفۆر لە ١٩١٨ کۆتایی جەنگ ، لە ١٩١٧ شۆرشی شیوعیەت ، لە ١٩١٩ فرسای ، لە ١٩٢٠ سان ریمۆ ، لە ١٩٢١ دروست بوونی دەوڵەتی عیراق و تورکیا و سوریا ، لە ١٩٢٣ لوزان ، لە ١٩٢٤ هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری خەلافەتی عوسمانی

ناوچەکە (تورك و عەرەب)، ئینجا بەشێکی بەر خودی کورد و بەشێکیش بەر شیوعیەت دەکەوێ بەو شێوەیەی خوارەوە:

هەرخودی بنەماکانی شیوعیەت کە لە سەروو باسمان کرد زۆر هاندەری ئەو رەوتە نیە، بۆیە شیوعیەکان کوردستانیان بە نیشتمانی خۆیان نەزانیوە، بۆیە پاشگری ناوی حزبەکەیان عیراقی بوو نەك کوردستانی، تەنانەت لە نێو کۆمەڵەی رەنجدەرانیش ئەو ئارستەیە بەسەرۆکایەتی مەلابەختیارو عماد احمدو سەرکردەی تر سەری هەلداو عیراقیانەیان بەسەر کوردستان چەسپاند، لەدیوی کوردستانی رۆژهەڵاتیش هەمان سیناریۆ دووبارە بۆوە، لەو رەوشە ئەو کوردانەی عەلمانیەتەکەی زۆر غەرب زادە بوایە ئەویش ئینتمای نیشتمانی لاواز دەبوو، وەك لەوگفت وگۆیەی لەگەل (دعبداللە جودت)لەوەڵامی پرسیاریکا دەڵێ:نیشتمانی من ئەو شوێنەی سودی بۆ من هەیە، هەر شوێنێك گریانی لێبێت ولاتمە[٣٥٧]، لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی بەرژەوەندی پەرست وچینە رێگرەکان وردەوەندو بەدەویەکان(وەك ئیبن خەلدوون)دەڵێت ئەوانە بێ نیشتمانن و لە کێ دزی ورێگری لێبێت ئەو نیشتمانیەتی، سەرەرای ئەوهەلوێستەیان بەرامبەر نیشتمان ئەو گرفتانەشیان لێ بەدی دەکرێت سەبارەت بەکورد:

١ ـ هەر خودی شۆرشی ئۆکتۆبەر ودوای ئەوانیش هەلوێستیان بەهۆی جۆراو جۆر خراپ بوو، زیاتر لەوەش لینین وروسیا یارمەتیدەری پێك هێنانی دەوڵەتی کوردی وسەربەخۆیی نەبون پێیان وابووکوردهەلگری ئالآی جامیعەی ئیسلامیە[٣٥٨]

٢- شیوعیەکان وخودی قەلآی شیوعیەت (سۆڤیەت)رێکەوتنی لەگەل ئەتاتورك کردبۆ یارمەتیدان وبووە هۆی سەرکەوتنی کمالی و شکستی دۆست و لایەنگرانی کورد و شۆرشەکانی

٣- دوای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی و تورکی شیوعیەت هاتە نێو ئەو دەوڵەتانە، زیاتر لە دەروازەی چینایەتی هات، هەرچەندە لە دوو رێگەش هات یەکەمیان، (لە ویلایەتی بەسرەو ناسریەلەرێگەی بیتەرڤاسیلینی و هەریەکە لە یوسف سلمان(فهد)و عبدولحمید خەتیب لە سالانی ١٩٢٧ ـ

[٣٥٧] القومية الكردية ودعبدالله جودت ـماليمانس ص٨٧

[٣٥٨] دراسات فی الحركة الكوردية المعاصرة ص٢٥٦

١٩٢٨جم وجوّليان هەبووە، لەویلایەتی بەغداش لە ١٩٢٩وە عاسم فلەیح کارا بووە[٣٥٩]، لەکوردستانیش بە جیا حزبی شیوعی هاتوە وئامانج وپێکهاتەکەی جیا بوە لەگەل بەغداو خواروو، دەبوایە دوودڵ نەبونایە لەدروست کردنی (ح ش کوردستان)بە جیا لەوەی عیراق، بۆیە چەند جار ناوەکەی ئالوّگوّری پیّ کرا لە حزبی شیوعی کوردستانەوە بۆ حزبی شیوعی عیراق لەکۆتاییدالەدوای سا لانی ١٩٦٧تەنها (لیژنەی ئیقلیمی کوردستان) دیاری کرا لەناو حزبی شیوعی عیراق و بەو شێوەیە عیراقیەکە زاڵ بوو بەسەر کوردستانیە، ئەوە سەرچاوەی دەردەکانی ترە

٤- ئەو هەنگاوە ترسناکەی خالّی (٢) وای کرد شیوعیەکان بۆ پاساوی عیراقیانە کۆمەڵێك تۆمەتیش بدەنە پاڵ بزوتنەوەی کوردایەتی وەك: فاشیەتی، رەگەز پەرستی، سەر بە ئیمپریالیزم و زایۆنی، بزوتنەوەیەکی دەرەبەگی عەشایەریە، دژ بەپرۆلیتاریایە، تا ئەو رادەیەی بارزانی تازە گەڕابۆوەلەسۆڤیەت مالی لەبەغدابوو، لەلایەن خوێندکارە شیوعیەکان لەسەر دەرگەی مالی بارزانی نوسیبویان خاوەنی ئەو مالە بە سەیارە ڕادەکێشریّ[٣٦٠]، لەوەش ترسناك ترلە١٩٧٣\٧\١٧ بەرەیەکی هاوبەشیان لەگەل حزبی بەعس کردەوەو تا سالی ١٩٧٨ شان بەشانی حزبی بەعس چەکیان هەلگرت لەدژی شۆرش بە سەرۆکایەتی بارزانی، کە ئەو کاتی کورد زۆر پێویستی بە هەلوێستی چاکی (ح ش ع)هەبوو، دوایش شۆرشی نوێشیان بەرەجعی و گومان لێکراو وەسف کرد[٣٦١]،

العراق – حنا بطاطو ص٦٦- بۆیە جەند مێژووەکی جیای دروست بونی (ح ش ع)باس دەکری، (الموسوعه السوفیتیه) لەج١٨ ل٥٦، ٢٢٢، ٣٩١دەڵێ سالی ١٩٣٢ دروست بووە نەك وەك باوە ١٩٣٤

٣٦٠ ئەو زانیاریە لەو بەلگە نامەبریتانیە وەرگیراوە:

أحداث كركوك ١٩٥٩التصور الاميركي والبريطاني سري

السفارة البريطانية ـ بغداد

٣١/تموز ١٩٥٩ ١٠١٢/٣٢١/٥٩

إلى وزارة الخارجية / الدائرة الشرقية

"سأعرض لكم خرائط معدة من قبل اتحاد الطلبة موزعة بغداد إلى عدة مناطق حيث البيوت التي يتم سحل أبنائها مثلاً مكتوبة عليها: إن الرجال الموجودين في بيوت فلان وفلان يتم سحلهم. و بيوت مؤشرة عليها بعبارة "مشبوهة" ووجدنا في الخريطة مجموعة من البيوت في حي واحد مكتوب عليها "السحل" ومن ضمنها بيت كامل الجادرجي وبيت ملا مصطفى البارزاني في الكرخ. هل هذه الأعمال من النوع التي يجب ان تقوم بها اتحاد الطلبة؟

[٣٦١] کێشەی هەرە گەورەی (ح ش ع) ئەوە بوو زوو زوو بزوتنەوەی کوردی بە رەجعی وەسف دەکرد کەچی حزبی بەعسی پێ پێشکەوتنخواز بوو، هەربەنمونە: بروانە ئەو نامەیەی عزیزمحمد سکرتێری حشع بۆ بارزانی ناردوە لە٢/کانونی یەکەمی/١٩٧٣ چۆن ئەو وەسفەی بەعس دەکات.

ئەو ئەزمونە بە روون تر لە(ح ش تۆنس) یەکەم جار سەری هەلدا، لەبەر خاتری (ح ش فرنسا) شیوعی تۆنس دژی فرنسای ئیستعمار نەدەوەستا کە تۆنسی داگیر کردبوو

٥- پاساوی عیراقانەیان بەوە دەهێناوە گوایە میللەتی کورد مەرجەکانی (میللەت و ئومەت)ی تێانەسەزاوە بەپێی ئەو مەرجانەی (ستالین) دیاری کردبوو کە بریتی بوو لە: مێژوو و زمان و خاك و بەرژەوەندی هاوبەش، بۆیە هەندێ جار ئۆتۆنۆمیشیان پێ زیاد بوو، وەك گەلێ جار (صدام حسین)لەکاتی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان لە١٩٧٤ دووبارەی دەکردەوە لەبەر چاوی (حشع) دەیوت سەرکردەیەکی شیوعی پێی ووتم: سيدي لماذا حكم الذاتي؟ واتە بۆچی حوکمی زاتی بە کورد دەدەی و پێویست نیە، کەچی کوردستان هەردەم پەناگەی شیوعیەکان بوو، تەنانەت لە بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی کە لەلایەن (پ کرۆك) نێردراوە لە ١٩٦٣/٢/٢٣هاتوە کە گفت وگۆ هەیە لە نێوان شۆڕشی کوردو بەغدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە (تاهیر یەحیان)ووتوە ئەوان بێ ئەوەی زیندانەکانی(حشع)یش وەك کوردەکان ئازاد نەکرێ دانوستانەکە دەوەستێنن[٣٦٢]

٦- بەشی هەرە زۆری حزبە شیوعی و ووڵاتی سۆشیالیستی هەڵوێستیان بەرامبەر بە مەینەتی کورد لەدوای ١٩٧٢ هەتا کۆتایی هەر سەلبی بوو، زیاتر پاڵپشتی عیراق بون لەتاوانەکانی ئەنفال وکیمیایی و وێرانیش ...، لە ١٩٧٢/٤/٩ ڕێکەوتنامەیەکی ٢٠سالی عیراقی وسۆڤیەتی بەسترا، بە پێی مادەی (٢ و٨)ی ئەو ڕێکەوتنامەیە سۆڤیەت لە دژی شۆڕشی کورد هاریکاری بەعسی کرد.

٧- لە ئەزموونی کۆماری کوردستانی (مهاباد) ستالین وسۆڤێت پشتیان لەکورد کرد و سەودایان لەسەر کرد کۆمارەکە تێك چوو

ئەوانە سلبیاتیەکانی حزبی شیوعی بوو، ئیجابیاتیەکانیشیان ئەوانەی خوارەوە بوو:

[٣٦٢] کوردو کوردستان لە بەلگە نهێنیەکانی بریتانی ل٣٩٦

١ لەسەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەر١٩١٧جاڕی مافی چارەنووسی میللەتان درا، زۆر میللەت رزگاری بوولە پێش هەموان فنلەندا ئینجا ئاسیا و ئەفریقیا کەپێشتر ناومان هێنان

٢ خودی بنەمای شیوعیەت هاندانی میللەتانی تێدابوو بۆ شۆرش و ڕاپەڕین و قایل نەبون بە چەوساندنەوەو ژێردەستی دژ بە داگیرکاری و خوێن خۆری و دژ بە جاشایەتی و عەشایەرگەری و... بون

٣. لەهەموی گرنگترقایل نەبون بەو نەخشەیەی ئیمپریالیزمی کە لەجیهان و لەرۆژهە لاتی ناوەڕاست بەپێی نەخشەکانی سایکس بیکۆ و بەلفۆر و لۆزان دایان رشتبوو، حزبە شیوعیەکان دژ بەو سنورە دەستکردانە بون، کرێکارانی سەرانسەری جیهانیان لا یەکسان بوو، بەو شێوەیە هاوپەیمانەتیەکی سەرتاسەری دژ بە شیوعیەکان هەبوو لەلایەك لەلایەکیش هاوپەیمانەتیەکی شیوعی هەبوو، بواری گرنگ بۆ کورد رەخسا، تا ستراتیژیەتی بەو گۆرانانە ببەستێتەوە، کە لە ئەنجامی هەلوەشاندنەوەی ئەو سنورانە دەهاتەدی، لەسەردەمی شیوعیەت بەتایبەتی لەماوەی نێوان ١٩٧٦ _ ١٩٨١ ڕاستەوخۆ هێزە هاوبەشەکانی سۆڤێتی –کوبی ـ المانی بەجیهاندا دەگەران و دەچوونە نێو دەوڵەتان، بەشێوەیەك کە سنور و سەروەری وولأن ئەوەندە هێز و پیرۆزی نەمابوو، ئەوەش دەرفەتی زێرین بوو بۆ کورد کاری لەسەر بکار بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو سنورانەی کە بەسەریدا داخراون وەك زیندانی

یەکێتی سۆفێت ووولأتانی سۆشیالیستی ناوەناوە یارمەتیدەری شۆرشی کورد بووینە بەتایبەتی لەنێوان ١٩٦٣ تا ١٩٧٠، یەکەم سکالأی جینۆساید سۆڤیەت پێش کەشی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد ـ (وثیقة رقم E/٣٨٠٩ ٩تموز ١٩٦٣ الجلسة ٣٦، المادة رقم١ في جدول الاعمال، سیاسة حرب الابادة ضد الکرد من قبل الحکومة العراقیة" طلب اضافة فقرة جدیدة الی جدول الاعمال ـ رسالة رئیس بعثة الاتحاد السوفیتي الی الامم المتحدة)

٤. لەو سەرەوەش حزبی شیوعی عیراقی لەژێر دروشمی (الدیمقراطیة والتجدید) کۆنگرەی (٥)ی لەڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٣٠بەست، ناوی خۆی گۆری بووە حزبی شیوعی کوردستان

سەرەنجام لەنێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستان و شیوعیە کوردەکان و حزبە شیوعیەکانی جیهان وناوچەکە سوود لە بزوتنەوەی شیوعیەت وەرنەگیرا، لەو بە هێزیەی شیوعیەکان کوردستان نەبوە بەشێك لە پڕۆژەیان، کوردستان سودێکی وای لێ نەبینین، زەرەریش زۆر بوو، تاکورد ئیشی پێیان بوو ئامادە نەبون ئێستا باش بووینە بەڵام ئەو ئیشەی ئەوکاتیان پێ ناکرێ، بەو لاوازیەی زۆر زەحمەتە سودی وایان هەبێ تا ڕادەی ڕزگاری.

دووەم ـ بزوتنەوەی کوردایەتی و لایەنە ئیسلامیەکان:

بنەماکانای ئاینی ئیسلام جیهانی و ئاسۆییە، دوورە لە ڕەچەڵەك و ڕەگەز و فاکتەرە ستونیەکان، لەنێویدا جیاوازی لە نێوان: ڕەش و سپی، ئەورووپی و ئاسیایی، عەرەب و عەجەم، هەژار و دەوڵەمەند، نێر و مێ... نیە[٣٦٣]، ئەو بنەمایانە لەسەردەمێك پەیڕەو دەکرا لەنێو عەرەب و جیهان بنەمای (انصر اخاك ظالما او مظلوما) هەبوو، بۆیە عەرەب و زۆردارانی ئەوسا زۆر بەتوندی بەگژ ئەو بنەمایانەی ئاینی ئیسلام دادەچوونەوە، لەدوایيدا ئەو بنەما مرۆییانە سەرکەوتوو بوو، لەسەردەمی ئەمەوی (بەشە خراپەکەی ئەمەوی) جارێکی تر ئەو بنەما ڕەگەزپەرستیانە هاتنەوە کایەوە و مەدرەسەی (جعلناکم....)یان تەرت و وێران کرد، بنەما مرۆییەکانی ئاینی و سەرکردە و هەتا بنەماڵەی پێغەمبەریشیان ئەنفال کرد(جگە لەوانەی هەڵاتنو ئاوا بەجیهان پەرش وبلاوبوون)، زاراوە و چەمکی (موالي و شعوبي) و (علوج)ی لێ هاتەدی، ئەو دوو زاراوە ڕەگەزپەرستە وەك زارەاوەکانی تری (بەربەری لەنێو ڕۆم)و(ئەسنی لەنێو مەسیحی) و(جویم و ئومەمی لەنێو یەهودی) و (شودراومەنبوز لەنێو هندۆسی) و(مۆر لەناو لاتینیەکان)...و(بێگانە لەنێو خێلەکیەکان) مانای دەدا، بەشێوەیەك ئەوەی لەڕۆم نەبوایە پێیان دەوت بەربەر، ئەوەی یەهودی نەبوایە پێیان دەوت (جویم)، ئیتر جویم لەلای یەهودی هاوڵاتی پلە دوو بوو ژن و ژنخوازی لەگەڵ نەدەکرا... بەکورتی بە (مرۆڤی تەواو)

---

[٣٦٣] جعلناكم شعوبا و قبائلا لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم.

هەژمارنەدەکرا، لەنێو ئەمەویش (غەیرە عەرەب)[٣٦٤] ئەو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، هەتا لەسەر ئاستی زانایانیش پرسی فەزلی عەرەب گەیشتەفتواومەزهەبیش، لە سونە فەزلی عەرەب[٣٦٥] بەسەر گەلانی ترو لە شیعەش فەزلی سەید بەسەرخەڵکی تر،فەزلی عەرەب لەوروانگە فاشیەکەی فەزلی یەهود وفەزلی لاتین ورۆم وفەزلی فارس و..زۆرلەو جۆرەتیۆرە ڕەگەزپەرستیە دوور لە ئاین هاتۆتەکایەوەکەسەرەنجامەکەی تەوژمی نازیەتی ئەڵمان وفاشیەتی ئیتالیاوشۆڤینیەتی فرنسی وڤالانژیسی ئیسپانی تۆرانی تورکی وزایۆنی یەهودی وبەعسیەتی عربی لێ پەیدابوو،فەزلی عەرەب دژە لەگەل قورئان وفەرمودە،لەکاتێکا لە ١١شوینی قورئان باسی (اعراب)ی کردوە.. تا دەگاتە [الأَعْرَاب أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً وَأَجْدَرُ أَلاَّ يعْلَمُواْ حدودَ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى رسولِهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)[٣٦٦]،لە عەرەبیش باسی(..لعلكم تعقلون) ی کردوە،کەچی ئەو جۆرە مەزهەب وئیمام وزاناوموفتیانە بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی قورئان لەیەك شوێن بە(ئەعراب) ناوزەدیان نەکردوون[٣٦٧]، بەلام نوسینەکانیان پڕە لە(اكراد واتراك واعاجم) ،تا ئەوڕادەیە قەدەغەی پێدانی ژنی عەرەب بە عەجەم(بە بیانۆی کەفائە) لە بەشێکی زۆری کتێبەکانی فقهی ئیسلامی بەدی دەکرێ، لە هەندێکیان دەبینرێ ئەو ژنانە تەلاقیان پێ داون کەدراونە عەجەمی وەك ئەودی خوارەوە چۆن ژنێکی عەرەبیان بە(بن سيرين)ی کورد تەلاق داوە[٣٦٨]، لە کتێبی(تأريخ التعريب الدينى - د عرفات ابى شوينكار)ناوی ئیمامان(شافیعی واحمد بن حنبل وماليك بن انس و وابن تيميه وسەعالبی وکرمانی و..زۆری تری تیایە[٣٦٩]، هەرچەندە ئەو زانایانەی ناویان براوە خزمەتی مەزنیان بە ئاین کردوە،

---

[٣٦٤] بە پێی ئیبن خەلدوون ئەمەویەکان زیاتر دەمارگیری و رەگەز پەرستی بەهای قورەیشیان هەبوو نەك عەرەبی وەك دەڵێت: بەمپێ ی نەدەبیاتیان ئەوا قورەیش پێش ئیسلام جاهل نەبورنە تا ئاین چاکی کردبن، بەلکو پیاو وخاوەن شکۆمەند بوونە.

[٣٦٥] بروانە: شيخ الأسلام ابن تيميه-اقتضاء الصراط المستقيم ج١ص٤١٩

[٣٦٦] التوبة- ئایەتی ٩٧

[٣٦٧] بۆ ئەو مەبەستە بروانە:مقدمه ابن خلدون .

[٣٦٨] المعرفه والتاريخ - أبو يُوسُف يعقوب بن سُفيان الفسوى، المحقق: د أكرم ضياء العُمَري ج٢ ص٦٣.. حَدَّثَنَا سَعِيد بن أسد ، حَدَّثَنَا ضمرة عن ابن شوذب قال: تزوج بن سيرين عربية وكره الموالي لما يدخلهم من السبي. قال: فذهب بن عون يتشبه به فلم يحمل له العرب ذلك ، فرفعوه إلى بلال بن أبي بردة بن أبي موسى الأشعري فضربه وفرق بينهما ، قال له: طلقها . قَال: هي طالق. قَال: ثلاثا قَال: واحدة تبتها. قَال: أقول له ثلاثا وهو يبتها. وقال له: طلقها . قَال: هي طالق ثلاثا . قَال: واحدة. قَال: أقول له ثلاثا وهو يفتيني بطلاقها.

[٣٦٩] بێجگە لەو کتێبەی ناوبراو لە زۆر کتێب وسەرچاوەی گرنگی ترم بینیوە بە ڕوونی دەری دەخا کە ئەهلی سونە وجەماعە پێیان وایە عەرەب فەزلی بەسەر عەجەم هەیە ، لە کتێبی(مسبوك الذهب في فضل العرب- بە فەرموودە یاساغی هاوسەری نێوان عەرەب وعەجەم دەکا) هەروەها(المعرفه والتاريخ - أبو يُوسُف يعقوب بن سُفيان الفسوى)ئەو سەربردەی تەلاقەکە باس دەکا، شيخ الإسلام ابن تيمية - لـة (اقتضاء

ئەزیەتیان بینیوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی (بەناو خەلیفە) ،بەڵام توشی هەڵەش بووینە،وادیارە هەر زانایەکی ئاینی ئایەتە ڕاستەقینەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی جێ بەجێ بکردبایە و عەرەبی بەسەر عەجەم فەزل نەکردبایە ئەوە پێیان دەوت شعوبی، بەشێك لە فقهی مەزهەبەکان و ئاوا لێکجیاییان لەژێر گوشاری ئەوانە دارشتراوە، بۆیە پڕە لەخلَت و خاری ئەوانە، تا ئەو ساتەش ئاسەواری ماوەو لەوکاتەی کورد خراوەتە ژێر دەستی عەرەب کاریگەری نیشتمانیشی زیاد کردوە.

هەرچەندە تەیاری عروبی هاوچەرخ لەبنەرەتا لەلایەن ڕۆژئاوا دروست کرا لەدژی عوسمانی بەڵام دوای بووبە ئایدۆلۆژیایەك ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی ئەمەوی [370] و لەوێشەوە بۆ نەفامی پێش ئیسلام، ئەو شەپۆڵەش زۆر بەهێز و ڕەگ پتەوە، بۆیە عروبیەت کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامیەکانی عرەبی هەیە بەهەرسێ تەیاری میانڕەو و توندەکانیش، زۆربەی سەلبیاتەکانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان سەبارەت بە کێشەی کورد لەوە سەرچاوەوە دێت.

ئەوەی سەروو سەلبیاتەکانی موسلمانە نەك ئیسلام بۆ گشتیشە نەك تەنها بۆ کورد، لێرەوە دێینە سەر ئەوەی کە بنەماکانی ئاینی ئیسلام چەندە گونجاوە لەگەڵ پرۆژەی ڕزگاری نیشتیمانی و دەوڵەت دروست کردن، چەندە هانی میللەت دەدا بۆ ڕاپەڕین لەدژی زۆرداری و داگیرکەران، ئەوەی روونە لە ئاینی ئیسلام ئەو بنەمایانە هەیە، مدرسەی

الصراط المستقیم) ج١ص١٩، دێلی: (فإن الذي عليه أهل السنة والجماعة: اعتقاد أن جنس العرب أفضل من جنس العجم، عبرانيهم وسريانيهم، روميهم وفرسيهم وغيرهم) ، دەڵێن عەرەب عاقل ترن وکوردو عەجەم دەبێ لە خزمەتیان دابێ. بەکەم جار گومانی زۆرم لەوە هەبوو کەئەو عیبارانەی (فەزلی عەرەب بەسەر عەجەم) لەدوای نووسینەوەی مێژوو(لە سەدەی ١٩ و٢٠) لە سەر دەستی عەلمانی عروبی ئەو دەستکاریە کرابێ ، هەروەك چۆن کۆمەڵێك لەو فەرموودانە لە سەردەمی ئەمەوی دەستکاری کران، چونکە لەکتێبی (فقه اللغه وسر اللغه)لە ص٢٥ نوسخە ئەسڵیەکە ئەو (فەزل)ی تێدا نیە کەچی لە نوسخەکانی دوای تێیدایە، بەڵام دوای بینیم ئەو کێشەیە لە مێژوو هەبوە،تا ئەو ڕادەیە لەکتێبی (العروبه بين الشعوبيه و الاستعمار)هاتوە خودی ئیسلام پێویستی بە ئەخلاقی عەرەب بوە !!، بۆیە کورد زۆر ڕەحمی بە عەرەب کردوە، زۆریش لە بنەماڵە کوردەکان بەو هۆیەوە خۆیان بردۆتەوە سەر ڕەچەڵەکی عەرەب ، لەوانە: بنەماڵەی شێخ عبیداللە دەڵێن ئێمە لە نەوەی خالیدین ، لە شیعرێکی شێخ ڕەزا روو لە عەرەب دەکاو دەڵێ ئێوە ئەفزەل ترن لە ئێمە، بەو شێوە زۆربەی میلەتانی لاواز لە شام وسەرووی ئەفریقا لە نێو عەرەب توانەوە وەك لەو بەڵگەنامە بریتانیە دەردەکەوێ: CO ٧٣٠/ ١٦١/٢...ينطق الكرد باللغة الكردية التي تعود الى اللغات الارية ولا تربطها شيء بالعربية ذات الاصل السامي. بينما استطاع العرب ان يفرضوا لغتهم على الشعوب الغير العربية في سوريا ومصر ومناطق اخرى فلم يستطيعوا ذللك في كردستان حيث لا زال الكرد يتكلم بلغته الاصلية... ، بە کورتی دەبێ زانایانی بەپێز لەو بارەیەوە بە جوانی روونی بکەنەوە (نەك داپۆشن) ئاخۆ ئەو پرسە چۆنە تا چیتر کوردو ئاینی ئیسلامیش لێی زەرەر مەند نەبێ.

[370] لە (بدایە و نهایە) باس لە بڕیارێکی جینۆسایدی دەکا لەسەردەمی ئەمەوی دەرچوە دژ بەکورد: وفيها استعمل الحجاج على فارس محمد بن القاسم الثقفي، وأمره بقتل الاكراد.
بداية والنهاية ج١٦

لانیکی لەجیهانی ئیسلامی و لەکوردستان ئەهەوڵ و تەقەلایەکی بێ ووچان دایە تا واپیشان بدا کە ئاینی ئیسلام هۆکاری دواکەوتن و بەدەوڵەت نەبونی کوردە، دەیەوێ بسەلمێنێ کە ئیسلام دژ بەخەباتی رزگاری و پرۆژەی نەتەوەیی و شۆرش و....، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی داوە ئەگەر بەزۆریش بێت ئیسلام و سیاسەت لێك جیا بکاتەوە، ئیسلام وەك ئاینی تاکە کەس ([371]) و مردوو پۆلین بکا، دەیانەوێ بنەماکانی رێکەوتنامەی (پاپا و مۆسۆلینی ـ سەرۆکی کۆماری ئیتالیای سەردەمی فاشی) سالی ١٩٢٩ پەیرەوبکەن، کە بەوشێوەیەی خوارەوەیە:

١ ـ مرۆڤ پێش لەدایك بون بۆ پاپا(ئاین) بێت تا لەدایك دەبێت.

٢ ـ لەدوای لە دایك بون بۆ مۆسۆلینی(دەولەت) بێت تا دەمرێت.

٣ ـ لەدوای مردن دەبێتەوە مولکی پاپا...

ئەگەر بەووردی سەرنج بدەینە جکومەت و دەسەلاتە عەلمانیەکانی جهانی ئیسلامی وکوردیش دەیانەوێت هەمان رێکەوتنامەکە لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی پەیرەو بکەن، بەشێوەیەك مرۆڤ کە لە رەحمی دایکیەتی ئەوا دوعای (قریب الفرج) بۆ مەلای ئاینیە و تەواو، دوای لەدایك بونی ئەو مرڤە تامردن دەکەوێتە باوەشی یاسا و حزبی سیاسی ودەسەلات... لە مردن نۆرەی مامۆستای ئاینی دێت یاسین وتەلقینی بدات، لەماتەمینیەکەی فاتیحە بخوێنی، لەسەر گۆری قورئان بخوێنی.... بەو شێوەیە رۆڵی ئاین لەسەر دونیا بێ کاردەبێ جگە لە ئومێدی دوارۆژ بەلێن، ئەوکاتی بەتوومەت بەوئاینانە دەلێن (افیون الشعوب) ([372])، ئەگەر هاتە مەیدانیش ئەوە بەتیرۆر و ئسولی و... تۆمەت باری دەکا، لەکۆتاییشدا دەڵێ ئەوەتا ئیسلام بۆ هەمو میللەتان باش بووە تەنها بۆ کورد خێری نەبووە !

وە لامی ئەوە دراوە بەلام تا ئێستا بەووردی وزانستیانە چارەسەری دیاردەی دەوڵەتی مۆدرێن نەکراوە کە لەجیهان باوی وەرگرتووە، چونکە لەدوای شکستی ئەزموونی سیاسی ئیسلام دروست بووە (واتە لەدوای روخانی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی)، ئەو دەوڵەتانە

---

[371] لەورووەوە رێبازێك لەناو زانایانی ئاینی سەری هەڵداوە دەڵێت ئاینی ئیسلام دەوڵەت و حوکم و سیاسەت نیە، یەکەم کتێب لەو بارەیەوە (الاسلام و اصول الحکم)ی شێخ علی عبدالرزاق ئێستا هەندێ تەیاری سەلەفی لاجماعی و زانایانی سەربەوەزارەتی ئەوقاف حکومەتە عەلمانیەکانیش هەمان بانگێشە دەکەن.

[372] مارکس ئەو ناوەی لەئاین ناوە.

لەسەر پایە و چەمك و مەبەستی عەلمانی درووست بووینە، دوور لەچەمەك و یاسایە کولەگە ئاینیەکان، لەسەر بنچینەی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دروست بووە، ئاینی ئیسلام تەبا نیە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نەتەوایەتی و سەرەنجامەکانی[٢٧٣]، هەروەها پایەکانی دەوڵەتیش کە پێك هاتووە لە:

١ هەرێم (نیشتیمان) ٢ گەل (نەتەوە) ٣. دەسەلاّتی سیاسی (عەلمانی)... زۆر روونە ئاینی ئیسلام دان بەنیشتیمانی نەتەوە و دەسەلاّتی سیاسی عەلمانی نانێ، بۆیە لەگەڵ تەواوی واقعی جیهانی نوێ کێشەی هەیە، کێشەی ئیسلامی و زانایانی ئاین و بزوتنەوەی ئیسلامیەکان لێرەوە دێت، لەو سەردەمە خۆیان ئیش و کاریان لەجیهانێکە ناتەبایە لەگەڵ ئاین، گەلێ جار ئەوانە لەهەمو ئەو واقیعەی جیهانی بێ دەنگ دەبن وروو لە میللەتێکی کوردی لێ قەوماو دەکەن و ئاین پەروەریەك بەسەر ئەوان پیادە دەکەن وکوردایەتی و پرۆژەی رزگاریان لێ قەدەغە دەکەن، ئەوەش سەرچاوەی کۆمەڵێك سەلبیاتی ترە..

بەوجۆرە لە پێشدا دێینە سەر سەلبیاتەکانی ئیسلامی و زانایانی ئایینی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان ئینجا دێینە سەر پرسیارەکانی تری ئیجابی وچۆن ئایینی ئیسلام دەبێتە ماکینەی پرۆژەی رزگاری نیشتمانی؟ یاخود بەجۆرێکی تر، ئایا شەریعەتی ئیسلامی رێ بە کورد دەدات لەپێناوی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کاربکەن؟

سەلبیاتەکانیان سەبارەت بە دۆزی کورد:

١ ئەوەی زۆر زەقە ئەوەیە وەك پێویست ئەو لایەنانە بەهانای میللەتی کورد نەهاتوون، هەر چەندە خۆیان بەشدار نەبووینە لەوتاوانانە، زیاتر حزبێکی عەلمانی وەك بەعس و دامو دەزگای سیاسی تری عەرەبی شۆڤێنی پالپشتیان کردوون، بەلاّم لەچاو دادگەری ئیسلام هەڵوێستی بزوتنەوە ئیسلامی وزانایانی ئاینی (بەتایبەتی عەرەب) لاواز بوو.

[٢٧٣] لێرەدا بابەتێکی گرنگ قووت دەبێتەوە، کە دەگوترێ ئاین لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی تێك ناکەنەوە یەکسەر تاکی کوردەواری وای دێتە پێش چاو ئاین رێگر بێت لە مافی چارەنووی کورد، لەراستیدا وانیە بەڵکو رێگر بووە لە داگیر و دابەشکردنی کوردستان لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی، رێگر بووە لەچەوساندنەوەی نەتەوەیی میلەتێك بەسەر میلەتێکی تر، کە کورد دووچاری بووە، بەلاّم جیهان دابەش بووە بۆ تێزی نەتەوەیی ئەو نەهاتووە رێگری لەکورد بکات بە تەنها بڵی تۆش نەیکەی، لە ڕاستیدا هەندێ لە ئاینیە دژەکان بەتێنەگەیشتن وهەندێك پیاوی ئاینی ناحەزو تێگەیشتیش نەوەی قوزتیتەوە دژ بەکورد.

٢ بەشی هەرەزۆری زانایان و بانگخواز و کەسایەتیە ئیسلامیەکانی عەرەب بەهۆی ئینتمای عروبیان لایەنگری کێشەی فلستینن، لایەنگری کێشە عەرەبیەکانن، شەرعیەتی هەبێ یان نەبێ، لایەنگری دروست بون وپاراستنی دەولەتی عەرەبین، بەناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق... کەچی ئەو سنورانەش ئیمپریالیزم دروستی کردووە، ئەوانە بەدوو تەرازوو (بانێك دووهەوا) لەبارەی دۆزی کورد دەدوێن، کاتێ دێنە سەر پارچەپارچەبونی وولاتی عەرەبی دەڵێن ئەو سنورانە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دروستی کردووە دەبێ لابەرێ، کاتێ دێنە سەر کێشەی کورد دەڵێن نابێ یەکێتی خاکی عیراق تێك بدرێ، واتە سنورەکە بپارێزرێ...! لەلایەکی تر ئەو بەشە ئیسلامیە باوەڕیان بەو مافە چارەنوسە نیە کەلە ئاین ویاسا نێو دەولەتی وبڕیارەکان وڕێکەوتنەکان هاتوە(بە تایبەتی مادەی ١ی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان)بە بیانۆی ئەوەی با چیتر وولاتی ئیسلامی پارچە پارچە نەبێ،لەکاتیکا کوردستانیش وولاتێکی ئیسلامیەو پارچە پارچەو ژێر دەستەش بوە

٣. دەبوایە هەڵوێستی بزوتنەوەی ئیسلامیەکان ئەوەندە بەهێز بوایە کورد پێویستی بەوە نەبوایە ڕوو لە ئەوروپا و جیهانی تر بکات...چ لەوە تاڵ تر هەیە کە لە بەڵگەنامەی ئەمریکی (دۆسیەی پەیوەندی دەرەوە ج E٤ ١٩٦٩ ـ ١٩٧٢/٧/٥دەڵێ یەکەم جار کریسمیس دانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد هێنا کەچی نمونەیەکی وا لە نێو دەزگایەکی ئیسلامی سەردەم نادۆزیەوە)، تاو ئەوساتەش لەنێو ئەدەبیاتی بزوتنەوەی ئیسلامیە عەرەبەکان کەمتر باس لە شێخ سعید وشێخ محمود و قازی و ملامستەفا دەکرێ، کەمتر باس لەوچاکەیەی بارزانی دەکرێ کە لە گەرمەی جەنگی حوزیرانی١٩٦٧ شەری نێوان عەرەب و ئیسرائیل... شەرِی یەك لایەنە راگرت بۆ ئەوەی سوپای عیراق بچێت رۆڵی خۆی لەو جەنگە ببینی*، یان وەکو زاناو سەرکردەیەکی ئاینی یەکەم سەرکردەی شۆرش بوو بانگیشە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بکات.

---

* کەلێ جار باس لەوە دەکرێ کە مەلا مستەفا بە جۆرێك پەیوەندی هەبووبێ لەگەل ئیسرائیل...هەلبەتە ئیسرائیلو وولاتانی عەرەب پەیوەندیان هەیەو وولاتانی عربی وجامعەکەشیان ڕۆلی هەبوە لەدروست بونی ئیسرائیل ، ڕەنگە مەلا مستەفا لەرێی کەنالی جیا جیا لەگەل خەلکی یەهودی دەسەلاتداری رۆژئاوا یان هەتا ئیسرائیلیش دانیشتبێ ، بەلام ئەوەی گرنگە هەر پەیوەندیەك هەبوبێت بۆ کاتی تەنگانە بوە، نێ چ کاتەك بۆ ئیسرائیل لە جەنگی سالی ١٩٦٧ تەنگاوترنەبوە ، لەبەلگەنامەی ئەمریکی-تیلیگرام:١٨٣ لەبەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە ١٩٦٦/٨/١٩ دەلێت وەفدێکی ئیسرائیلی سەردانی بارزانی کردوە بۆ ئەوەی لەکاتی شەر هەلگیرسان پێش مەرگەکان بتوانن چالاکی دژ بە عیراق بکەن تا نەتوانن بەشداری شەری ئیسرائیل بکەن ، کەچی ئەوەی بینیمان تەودبوو مەلا مستەفا لەگەرمەی شەری ئیسرائیل وعەرەب

٤. له پرۆژەکانی چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وراپۆرتە سیاسی وپەیرەو پرۆگرامیان بە ڕوونی باس لە مافی کورد ناکرێت لەگەل ئەو زولمە گەورەیەی لێکراوە، هەروا بە چاوی موالی وکەمایەتیەکی پەککەوتە تەماشای کورد دەکەن ولەکاتی لێقەومان دەڵێن (خطیة کورد..)

٥. زۆر بە زەحمەت ناوی کوردستان دەبەن، هەندێکیشیان لەوانە(هیئة العلماء السنة ـ بەسەرکردایەتی حارس زاری) دەڵێن ما یسمی اقلیم کوردستان

٦- تا ئەمریکا کوردی بە یەتیمی نێو دەوڵەتی وەسف کرد لە ١٩٧٩ەوە، لەراپۆرتێك بۆ کۆنگریسی ئەمریکی لە ١٩٧٩/١١/٢٩ لە ژێر سەردێری (کوردی هەتیوی نێو دەوڵەتی)، ئینجا ئیسلامیەکانیش لە ١٩٩١هاتنە سەر ئەو وەسفەوئەو کتێبەی دفهمی شناوی کە لە ١٩٩١ دەرچوە بەناوی (الاکراد یتامی المسلمین)

٧- لەناو کوردستانیش بزوتنەوە ئیسلامیەکان بەدرەنگەوە ڕوویان لە ئەرکی نیشتمانی وکوردستانیان کرد، دوایش هەلوێستیان لێڵە بەرامبەر چارەنوسی کوردستان وتا ڕادەیەکی زۆر هێشتاهەلوێستەکانیان لە ژێر کاریگەری ئیسلامیە عروبیەکان دادەرێژرێ، بۆیە گەلێ جار هەلوێستیان وەرگرتوە بۆ خۆیان ومیلەتەکەو خودی ئاینیش قازانجی لێ نەکردوە، هەر بە نمونە: بزوتنەوەی ئیسلامیەکانی کوردستان لە دەورو بەری داگیری عیراق زانیاری بە چەواشەیان لە ئیسلامیە عروبیەکان وەرگرتبوو گوایە ئەمریکا دێت یەکەم گورز لە ئیسلامیەکان دەدات، بوە هۆی ئەوەی دژ بە هاتنی ئەمریکا بۆ عیراق سەنگەر بگرن و هەندێکیشیان پەیوەندیش پەیدا بکەن لەگەل ئەو دڕندە بەعسە، کەچی لە بەلگەنامەی ئەمریکی(بڕیاری ژ:١٣ ـ ٩٩ی سەرۆك لە١٩٩٩/٢/٤بزوتنەوەی ئیسلامی لە سێیەمین حزبەکاریگەریەکانی(٧حزبەکە: ویفاق ـ موئتەمەر ـ

یەکلایەنی شەڕی ڕاگرت وداوای لە سوپای عیراقی کرد بچێت ئەرکی ئیسلامی خۆی ببینی وبچێتە یارمەتی عەرەب، ئەوەی جێی سەرنجەلەو کاتەی کە عەرەب دەڵێن سەر بە ئیسرائیلە وەك بوختان لەلای رۆژئاواش بوختانی شیوعیایەتی ونزیك لە سۆڤیەت دەدرا پاڵ مەلا مستەفا ، لە بەلگەنامەیەکی بریتانی ژ:١٠١١٤/٢٢٩/٦٣ لە بالوێزخانەی بەریتانیاوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە سالی ١٩٦٣باس لەوە دەکا کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا(مستەر دالاس) پێی وایە بارزانی دالدەدەری شیوعیەو نزیکە لە سۆڤیەت ، تەنانەت لە هەندێ سەرچاوەی رۆژئاوای بارزانیان بە (مەلای سوور-Red mulla) ـبڕوانە: د کمال مزهر (کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی بەریتانی ل٣٧٣-٣٧٤)

بزوتنەوە ـ پارتی ـ ملکی ـ یەکێتی ـ مجلس ئەعلا) نێو عێراق پۆلین کرابوو،ئەمریکا دەیویست ئەوانیش بەشداری پێ بکا، کەچی هەڵخەڵەتێنرا دوای ئیسلامیە عروبیەکانیش بە هاناشیان نەهاتن زیاتر لەوەش ناوو ناتۆرەی ترسناکیان دەدانە پالیان.

ئیجابیاتەکانیان:

یەکەم ـ ئەو ماوە دوور و درێژەی دەسەڵاتی سیاسی کورد و ئەیوبی و... کە لەدوای فەتحی ئیسلامی باس کرا خەزێنەی ئیجابیاتە هەر تەواونابێت.

دوەم ـ هەروەها هەلوێستەکانی و بەراوردی نێوان ئەستەمبۆل و ئەنقەرە کە لەوەپێش کرا...ئەویش ئیجابیاتی لە بن نەهاتوە.

سێیەم ـ لەسەردەمی نوێش: لەگەڵ پشکنینی وورد بەدوای ئەو دەست و لایەنانەی بەدوور و نزیك بەرپرسن لەمەینەتی کورد نەلایەنێکی ئیسلامی نەزانایەکی ئاینی ونەفتوایەکی لایەنگری بەئاست دەبینیەوە.

چوارەم ـ تا ساڵی ۱۹۸۰ بەدواوە کەمتر نرخ بۆ ئەو هەلۆێستانە هەژمارکراوە، چونکە زانای ئاینی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان ئەو سەنگەیان نەبووە یان هەر بونیان نەبووە تا هەلۆێستیان بە ئیجابی و سەلبی هەڵسەنگێنین، لەدوای ئەو بەروارەی سەرووش بەتایبەتی لەکارو ساتە مەزنەکانی ئەنفال و کیمیایی ئەو هەلۆێستە جوامێرانەی خوارەوە لەنارەزایی تۆمار دەکەین لەلایەن بزوتنەوە ئیسلامیەکان:

١ ـ ئەو رۆلەی ئیران بینی لەو کات کەلەلایەن هەمو لایەکەوە باس کراوە، خمینی فتوای شەهادەتی بۆ ئەنفالەکان دا.

٢ ـ راشید غەنوشی سەرۆکی بزوتنەوەی نەهزەی تۆنس

٣ ـ مستەفا مەشهور رابەری ئیخوانی جهان.

٤ ـ دحسن ترابی خۆی هاوسەری سەرۆکی حزبی کۆنگرە.

٥ ـ نوسەرە ناودارەکانی وەك فەهمی هوەیدی ودفهمی شناوی، ئەوەی دوای ووتبووی: جێی سەرسوڕمانە عەرەب دان بە دەوڵەتی ئیسرائیل دەنێن بەلام دان بەدەوڵەتی کوردی نانێن.

٦ ـ هەریەکەلە مەحفوز نەحناح وعبدالله جاب الله سەرۆکی ئیخوانی جزائیر.

٧ ـ شیخ حافز سەلامەی سەرۆکی کۆمەڵەی هیدایەی میسر.

٨ ـ عبدالعزیز بن باز موفتی سعودیە — داوای زەکات کۆکردنەوەی بۆکردن.

٩ ـ نجم الدین ئەربەکانی سەرۆکی حزبی رەفاهی تورکیا.

١٠ ـ قازی حسینی سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان.

١١ ـ زەینەب غەزالی پارچە پەخشانێکیشی هەیە بەسەر ئەو زولمەی لەکورد کراوە لەسەر دەستی عەرەبی شۆڤینی.

١٢ ـ هەریەکە لە ئەحمەد شا مسعود ورەبانی وحکمتیاری سەرکردەی ئیسلامیانی ئەفغان.

١٣ ـ حزباللەی لبنان وبزوتنەوەی جیهادی فلستین ود سعید رمزان بوتی موفتی سوریا.ود یوسف قەرزاوی سەرۆکی زانایانی جهان.ومحمد حسین فەزلوللە، شیخ عمر عبدالرحمن، زۆر لای تر[٣٧٤]

١٤ ـ لەناو عیراقیش هەریەکە لە مجلس ئەعلا وحزبی دەعوەو زانایانی تریان ...وزۆری تر دەنگی دژ بە زوڵم لەکوردیان بەرز کردەوە.

کەواتە ئێستا دەروازەی رزگاری لەکام فەزا دێت؟

دەربازێکی بەهێزوناموازێکی لاواز

بۆمان دەرکەوت لەچوارچێوەی بنەماکانی سایکس بیکۆ و عەلمانیەت رزگاری کوردی لێ بەدی ناکرێ، زیاتر لەمەدرەسە مەبادیئەکان بەدی کرا، ئەویش دوان بون، مدرسەی شیوعیەت کە ئێستا لاواز بووە، کەواتە ئەوەی ماوە مدرسەی ئاینیە، کە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین بزانین چۆن و بۆچی دەروازەن بۆ رزگاری کورد؟ وە ئایا هیچ رێگەی تر نیە؟ بەتایبەتی گۆرانە ناکاوەکان؟

مەبەست لە دەروازە ئەوەیە کە بەسروشتی خۆی ناوەرۆکی بزوتنەوەی کوردایەتی بەلای کەمی لەو قۆناغەدا رێك دەکەوێ لەگەڵ ئامانجەکانی بزوتنەوە ئاینیەکان، ئیتر ئەوە

[٣٧٤] ئەو زانیاریانە لە: ١-هەڵویستی ئیسلامیەکانی جیهان لەمەر کورد ومەرگەساتەکانی –م راگەیاندنی یەککرتوو(ژ:١٠) ، ٢ - جمال نەبەز –نیستەو پاشەرۆژی نەتەوەی کورد وەرگیراوە.

مانای ئەوە نیە ئەو بزووتنەوانە لەکورد کوردتر بن، یان حسابی وایان بۆ بکرێ، ئەوە باسی ستراتیجیەت و نەخشە و پلانی قوول و زانستیە، مانای باس کردنی هەڵوێستێکی چاکی ئیسلامی لێرەو یەکی خراپ لە شوێنێکی تر نیە، رێکلام و سەلماندنیش نیە، بەڵکو رەوتی توێژینەوەکە وای ئاشکرا دەکا کە چۆن عەلمانی لە (مەینەتی کورد) بەرپرسیارە ئاواش لەبەردەوامیەکەی. کەواتە دەروازەی رزگاریش لەوێ نیە، بۆیە دەبێ بەدوای بەدیل بگەرێین و ئەوانەمان دۆزیەوە، ئێستاش بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان شی دەکەینەوە زیاتر ئەو ئەلقەی نێوان رابووردوو و داهاتووی ئەو دەروازەمان بۆ یەکلا دەکاتەوە.

بارودۆخی سیاسی ئێستای کورد لەبەرهەمی کێ یە؟

مەبەست لەوەیە ئێستا بارو دۆخی کورد گەیشتۆتە ئاستێك لە ٩٠سالی رابووردووغونەی نەبوە ..بزانین ئەوە چیەو لە کێ هاتوە؟ نامانەوێ وە لاّمێکی عاتفیانەمان دەست کەوێ و بڵێین ئەوە بەرهەمی خوێنی شەهید و ئارەقەی پێشمەرگە و فرمێسکی مندالە کوردە، ڕاستە ئەوە فاکتەری بنچینەبوە، بەڵاّم فاکتەری سەربار ئاشکراو دیارە، چونکە پێشوتر بەهەمان خوێن و ئارەقە و فرمێسك تەنها دەگەیشتنە ئاستی سەقفێك و نوشستی بەکورد دەهات، ئەو جارە (لەو سەقفە تێپەریووە)، بابزانین لەنێوان ئەو کۆمەڵە گۆرانکاری و هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ناوچەکە هەیە کەبریتین لە: ١ جەنگەکانی ناوچەکە ٢ هاتنی ئەمریکا ٣. شۆرشی ئیران ١٩٧٩ و بزوتنەوە ئیسلامیەکان ٤. لەناو عیراقیش ئەو هێزانەی خواروو هەن بزانین کامیان کاریگەر بووە لەسەر دروست بونی مادەی ١٤٠، رێژەی ١٧٪ی داهات، بونی سەرۆك کۆماری کورد، بەفەرمی ناسینی حکومەتی هەریم و فیدرالیەت.... ئینجا لەناو عیراقیش بزانین کام لەو هێزانەن کاریگەری ئیجابی وکامیشیان سەلبی هەبوە ئەو هێزانەش بریتین لە:

هێزە ئیسلامیەکان مجلس الاعلی و دعوە و ئیسلامی، هێزە عەلمانیەکان لیستی ئەلعراقیە و حزبی شیوعی، هێزە عروبیەکان لیستی حەدبا (نجێفی)، دیالۆك (صالح موتلەگ)، تجمعی عەرەب، هێزە نیشتیمانیە عیراقیەکان: تەیاری سەدری، هەیئەی عولەمای سوننە، تەیاری چاکسازی، بەوشێوەیە هێزە کاریگەریەکان شی دەکەینەوە

بەسانایی ئەو تیۆرو بۆچوونە ساغ دەبێتەوە کە ئاخۆ کێ لەخزمەتی ئەو بارو دۆخە سیاسیەی ئێستای کوردە.

یەکەم لە نێو ئێران: لەپێش شۆرشی ئێرانی ١٩٧٩ئەو شۆرشە چواردەوری کوردستان بەکۆمەڵێك دوژمنی سەرسەخت درابوو، بەپێی رێکەوتنە ئیقلیمی و جیهانیەکان هاریکاریان هەبوو لەدژی بزوتنەوەی کورد، هەر لەپەیماننامەی سعد ئابادی ١٩٣٧، ..جزائیر١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٨٣ تورکیا و عێراق رێکەوتن هەریەکە بۆی هەبێت ٢٠کم بچێتە ناو خاکی یەکتر*

هەرشۆرشێکی کورد (بەتایبەتی لەباشووری کوردستان) سەری هەڵدەدا تا سەقفێك گەشەی دەکرد و بەهۆی (وفاق اقلیمی) و رێکەوتنێك تێك دەرووخا، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، چونکە بەرژەوەندی وڵاتی داگیرکەر بۆمانەوەب کوردستان لەژێر دەستیان بالاتر بوو لەهەر کێشەیەکی تری ناوخۆ، بەو شێوەیە ئەزموونی شۆرشەکانی کورد لە ١٩٢٥ ەوە تا ١٩٧٩ بەو ئەزمونە تێدەپەری وئەوەش فاکتەری بە ئاڵۆزبونی کێشەی کورد بوە.

سروشت و بنەماکانی ئەو شۆرشە: ئەو شۆرشە نە نەتەوەیی بوو نە نیشتیمانی، بەڵکو شۆرشێکی ئاینی ئیسلامی بوو، زۆر بەخێرایی سروشت و رەهەندە ئیقلیمی و جیهانیەکەی دەرکەوت، زاراوەی (شۆرش ناردن _ تصدیر الپورە)ی لەگەڵ ب لاو بۆوە، پشێویەکی بێ هاوتای خستە نێو وڵاتی دیکتاتۆر و داگیرکەرانی ناوچەکە، بووە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامیە شۆرشگێرەکان لەناوچەکە، هەرچەندە وڵاتی عەرەبی و ئیسرائیل و رۆژئاوا توانیان بەهۆی جەنگی عیراقی _ ئێرانی لە ١٩٨٠ _ ١٩٨٨ تا رادەیەك بەری لێبگرن، ئەوەی پەیوەستە بە ستراتیژیەتی کورد لەوشۆرشە و سەرئجامەکەی ئەوەیە:

١. باوەرِو کارنامەی ئێران وبزوتنەوە ئیسلامیەکان بەو سنورە دەستکردانەی ناوچەکە نیە.

٢. ئەو (وفاق اقلیم)یە و سێ کوچکە خنکێنەرەی سەر کوردیان تێك وپێك شکاند و هەمو ئەو رێکەوتنانە کۆنە لە (سعد ئاباد) و (سەنتۆ)و(بەغدا)..... تا (جزائری ١٩٧٥)

---

* ئەو جۆرە رێکەوتنە یەکەم جار لە نێوان کوردوئەرمەن کرا، لە مادەی (٢)ی رێکەوتنی پارتی شۆرشگێری ئەرمەن (تاشناق) لەگەڵ کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد (خۆیبوون)لە ٢٩\١٠\١٩٢٧ مۆر کرا، لە ١٩ مادە پێك هاتبوو.

یان هەڵوەشاندەوە، دەوڵەتێك دروست بوو لەناوچەکە، فاکتەری تێکدانی ئەو(سەقفە هاریکاری)ەی دژ بەکورد بوو.

٣. لەگەڵ (وفاق الدولی)یش ناتەبایە.

٤. تارادەیەك کۆتایان بەوە هێنا کە: تەنهادەوڵەت بناسرێ نەك میللەت، پیرۆزی سنور، پیرۆزی ڕێکەوتنامە و ریسا دوەلیەکان... هتد، ئیتر کۆمەڵێك گۆرانکاری زۆر مەزنی لەناوچەکە هێنادی، خۆی لەخۆیدا بووە تەکانێکی وا گەورە بەشۆرشی کوردستانی نەدەکرا، تائەو ساتەش تەوژمەکەی خەفە نەبوویتەوە، ئەوە مانای ئەوە نیە ئامانجی ئەو شۆرشە رزگاری کوردستان بێت، یاخود سەرکردەکانی ئەو شۆرشە (کوردستانی تر) بن لەکورد، نەخێر، ئەوە مەبەست نیە، مەبەستمان سروشتی شۆرشەکە و بزوتنەوە ئیسلامیەکان وایە کە زیاتر میللەتانی بێ کەس وبن دەست لێ ی سوودمەند دەبن، بەپێچەوانەی وولآنی عەلمانی شۆفینی ناوچەکە و سیستەمی رۆژ ئاوا بۆ ناوچەکە کەبریتیە لە:

أ. بنەمای (عدم المس بالأرث الأستعماري) + بنەماکانی ئایزنهاور.

ب. ناسینی دەوڵەت وەك نوێنەری میللەتان.

ت. ئارامی وپابەند بون بە ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان...

هەڵبەتە لەو بنەمایانە ماڵی کورد و میللەتانی ژێر دەستە ویران دەبێ، چونکە: نەکورد دەوڵەتی هەیە و نە ئارامی و تەبایی ناوچەکەش لەبەرژەوەندی ئەوە، هەر میراتی ئیستعماریشە کوردستانی وادابەش کردووە، بەپێچەوانەوە هەمو بنەماکانی پرۆژەی ئیسلامی (کەلەسەروو باسکرا) لەقازانجی ستراتیژیەتی کوردە.

بەرهەمە ڕاستەوخۆکانی ئیسلامی بۆ کورد: ئەوەی سەروو باسمان کرد بنەمای گشتی ونیجابیاتی گشتیە بۆ میللەتانی ژێر دەستەی وەك فەلستین و کوردو خوارووی لبنان و.... زۆر شوێنی تر، ڕاستەوخۆتر شۆرشی ئێران و سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان بووە هۆی ئەوەی:

١ ئەو هاریکاریە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەی دژ بەکورد درزی گەورەی تێبکەوێ.

٢. شۆرش و بزوتنەوەکانی کورد تەکانی مەزنی پێدرا تا ئەو ساتەش بەردەوامە.

٣. یەکەم هەنگاوی ڕاستەوخۆ ئەوەبوو (أخیمنی) لەوە لآمی کۆمەڵێك بروسکە بەبۆنەی یادی سەرکەوتنی شۆرش لەلایەن (احمد حسن البکر، ملا مستەفا، جلال تالەبانی، مسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، محمد باقر الصدر، لەچوارچێوەی عیراق) تەنها وە لآمی بروسکی ملا مستەفا و محمد باقر الصدری داوە بەئیجابی، وە لآمی بروسکەکەی (احمد حسن البکر _ کۆماری عیراق) بە (السلام علی من اتبع الهدی) دایەوە، لەبروسکەکەی بۆ بارزانی داواشی لێ کرد بگەرێتەوە ئیران، چونکە لەوکاتی بارزانی و خانەوادەی لە ئەمریکا بون لەدوای شکستی شۆرشی ١٩٧٥ بەدەستی ئیرانی شا و ئەمریکا، بەلآم بارزانی پێ رانەگەیشت بگەرێتەوە وەفاتی کرد، هەربۆیەش مسعود بارزانی لە ١٩٧٩\٣\٣ لەکاتی بە خاك سپاردنی بارزانی لەشنۆ ووتی: بارزانی نەمرد بەڵکو سیای ئەمریکی و ساواکی ئیران بەدەرمان خۆر شەهیدیان کرد، ...بەشێك لەسەرکردە کوردەکان هەرچوار پارچە(زیاتر عەلمانیە توندەکان) بەو هەنگاوەی خومەینی دەرهەق بەبارزانی خۆشحال نەبون، لەوکاتیەوە وەسفی سیستەمی نوێ ی ئیران بە رەجعی و ئاخوند و مەلالی و... کرا، بەشێکیش پێیان وابوو ئەوە هەنگاوێکی مەزنە لەناوچەکە و جیهان وەك دەرفەت بۆ کورد هاتە پێش پێویستە بەووردی و زانستیانە بقۆزرێتەوە، دۆخێکە وێچووی ئەو دابەشیەی لە نێو ریزی بزوتنەوەیی کورد سەری هەڵدا کە بەشێك پێیان وابوو لەگەڵ ئەستەنبول و عوسمانی مافی کورد دێتە دی، بەشە عەلمانیەکەش پێیان وابوو لەگەل کەمالی، دوای لەگەل سەرکەوتنی عەلمانی و کمالی مالی کوردیان وێران کرد، ب لەناو ئیران عەلامە احمد مفتی زادە و هەندێ لە پەیرەوانی لەهەموان ووردتر لەوهەنگاوە ئیجابیە گەیشتوون، لەدوای ئەو شەهید د. عبدالرحمن قاسملۆش رەچاوی ئەو هەنگاوە و مانای دەوڵەتی نوێ ئیرانی زانی چیە، بەلآم باقیەکەی تر لە کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عزالدین حسینی و هەندێ شیخی ترو بنکەکانی تری حزبی دیموکرات و زۆر لای تر لەو مانایە نەگەیشتن، زیاتر کەوتنە ژێر کاریگەری پلانی بەعس و جامیعەی عەرەبی و ڕۆژئاوا، دوای حزبی دیموکراتیش بەتەواوی تێوە گلآ، لە کورستانی عیراقیش هەریەکە لە ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی و رسول مامند، لەنێو یەکێتی د. فوئاد معصوم پێچەوانەی رای مام جلال و د. محمود کۆمەڵەی رەنجدەران....بوو، تالەدوای بووە شەڕی نێوخۆ بەجۆرێك سۆشیالیست و پارتی کەوتنە لای ئیران و یەکێتی و حزبی

دیموکراتی ئیران کەوتنە لای حکومەتی عیراق، شەر لەنێوانیان دەستی پێکرد و مفاوەزاتی ١٩٨٣ ی نێوان (ی ن ك)و بەعسی لێ هاتەدی وبزوتنەوەی کوردی دووچاری هەلدێرێکی مەترسی کردو بوە هۆی ئەنفال وکیمیایی وهەمو کوردستانی عیراق لە ٨٠ تا ٩٠کلم[٢] کۆکرایەوە.

مانەوەی دەوڵەتی ئیران بەو سروشتە یارمەتی هەمیشەیە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی، بەلاّم هەرکاتێ هاتەسەر رای (ریفۆرمخوازەکان) و بەرژەوەندی دەوڵەت و میللەتی ئیرانی خرا سەرووی بەرژەوەندیەکانی تر وەك (باقی دەوڵەتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی تر) ئەوا کۆتایی بەو ئیجابیاتەی دێت بۆ ستراتیژیەتی کورد، واتە لەنێو ئیرانیش دا باڵەکان جیا جیان، هەر هەموی بەیەك رادەو تەوژم پۆلین ناکرێن، نابێ لەبیر بکەین ئەو توێژنەوەیە هەڵسەنگاندنی کۆماری ئیسلامی ئیران نیە تا چاك و خراپەکانی باس بکەین، توێژینەوەیەکی ستراتیژیە پەیوەست بە کاریگەریەکانە لەسەر کوردە، ئەگینا ئەویش سەلبیاتی گەلێ زۆرە لە هەموی نزیك تر تا ئەو ساتە نەیتوانیوە مادەی(١٥) دەستورەکەی خۆی جێبەجێ بکات کە بریتیە لە خوێندن بە زمانی خۆیان[٣٧٥]

ئەوانەو زۆر دیوی تر هەیە ڕاستەقینەن، توێژینەوەکەی ئێمە ئەوە نیە بەڵکو پانتایی ستراتیژی وەرگرتوە، واتە تێکرای بەراوردەکان وەردەگیرێن، کە لەسەر ئاستی نێوخۆ و ناوچەکانی جیهان زۆر لەسەردەمی (شا) باشترە، لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان روونە و کەمتر کێشەی لەسەرە، بەلاّم بۆ باری ناوخۆ هەندێ معارەزە هەیە دەڵێن ئەویش مافی کوردی نەداوە، تا ئەوساتەش بەرپرسانی غەیرە کورد فەرمانرەوای کوردستان دەکا، بەتایبەتی تورکمان (عەجەم) ئینجا خوێندن بەزمانی کوردی نیە.... لەگەڵ زۆر مافی تر..

[٣٧٥] دەستوری کۆماری ئیسلامی ئیران لەسالی ١٩٧٩ بەپێی راپرسیەك لە٩٨٪ی رازی هاتە کایەوە، پێك هاتوە لە١٧٦ مادە ، دەقی مادەی ١٥: اللغة والكتابة الرسمية والمشتركة" هي الفارسية لشعب إيران، فيجب أن تكون الوثائق والمراسلات والنصوص الرسمية والكتب الدراسية بهذه اللغة والكتابة. ولكن يجوز استعمال اللغات المحلية والقومية الأخرى في مجال الصحافة ووسائل الإعلام العامة، وتدريس آدابها في المدارس إلى جنب اللغة الفارسية.

بەشێك لەوانە ڕاستە بەڵام بۆکورد ناشێت لاسایی ئەمریکا و بەریتانیا بکاتەوە، پێویستی بە عەقلانیەت و دانایی هەیە مادام نەتەوەی سەردەست نیە، مادام جۆرێك لە هەبژاردن و دیموکراسی و سەروەری دەستوور مافی هاوڵاتی بون هەیە، مادام نوستانێك بەناوی کوردستان هەیە، کەناڵی ئاسمانی بەکوردی هەیە... هتد، مانای جێ ی دەست خۆشیە و خەبات و تێکۆشانی ئاشتیانەی پێویشتە تا زۆری تر بەدەست بهێنرێ.

دوەم لە نێو تورکیا: لەدوای سەدەی ١٧ەمەوە(٥)ویلایەت لە ئیدارەی عوسمانی بە(کوردستان) ناوز زەد دەکرێت، لەهەمو بەشەکان ئالۆزتر کوردستانی تورکیایە، لە ٢٩٪ ی خاکی تورکیا پێك دەهێنێ کوردیش لە٢٥٪ی دانیشتوانە[٣٧٦]، کە بەخوارووی ڕۆژهە ڵات ناو دەبرێ نەك کوردستان، بۆ یەکەم جار لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیتحادولتەرەقی ناوی کوردستانی (کە فەرمیەتی ئیداری وسیاسی ویاسایی وەرگرتبوو)لە پرۆگرامی خوێندن کوژایەوە[٣٧٧]، تا دوا نەخشەی عوسمانی ١٨٩٣ و ١٨٩٦ئیداری ناوی کوردستان هەر بەگەورەیی مابوو، ویلایەتەکانی خوارووشی دەگرتەوە ئەگەر چی لە ئیداری هەر ٥ ویلایەتەکەی (محمودیە، العزیز، دیاربکر، بدلیس، وان)[٣٧٨] دەگرتەوە.

لەدوای شکستی هەردوو شۆڕشی شێخ سعید ١٩٢٥ و شۆڕشی ئیحسان نوری پاشا لە ١٩٢٧تا١٩٣٠ کوردستانی تورکیا (باکوور) کەوتە مەینەت و زیندانیەکی داخراو، بە کتابێکی فەرمی ژ:١٥٠٥ی سالی ١٩٢٣مولك وماڵێکی زۆری کوردان دەستی بەسەرداگیراو دووپاتی فەرمانەکانی سەردەمی ئیتحاولترەقی کرایەوەو ناوی کوردو کوردستان وزمانەکەی قەدەغە کرا، لەسەر نەخشەش ناوی کوردستان بە یەکجار هەڵگیرا، لەدەستووری تورکیا دا نکۆلی لەبونی کورد کرا، هەرچەندە لەدروست کردنی تورکیای نوێ

---

[٣٧٦] ئەوە لە بەڵگەنامەی بریتانی وئەمریکی وەرگیراوە نزیکە لە ڕاستی وتورکیا ئاماری نیە لەو بارەوە.

-[٣٧٧] مالیـــازد - القومیة الکردیة ودعبداللة جودت ص٦٢، یەکەم جار ئیتحادوالترقی لە ڕۆژنامەی (تەنین) لـە جیـاتی کوردســـتان ویلایـەتی شرقی بەکارهێنا.

[٣٧٨] ئەوە لە بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی بە ٥ ویلایەت هاتوە، ئەوەش دەقی بەڵگەنامەکەیە:

وزارة الخارجیة الأمیرکیة، الوثائق الدبلوماسـیة السـریة المنشورة

الشرق الأوسط، منشورات الجامعة الأمیرکیة. واشنطن سـري

القنصلیة الأمیرکیة، حلب، سـوریة ٣ – آذار – ١٩٢٥ الموضوع – الأنتفاضة في کردسـتان

الی: سـعادة وزیر الشؤون الخارجیة

...و لکن ذلك لم تقضي علی التمرد، حیث هناك العدید من المدن و القری الخاضعة للسـیطرة المطلقة لقادة التمرد. یقال بان حرکة التمـرد شملت کل من الولایات التالیة: محمودیة، العزیز، و دیاربکر، بدلیس، وان، وأن هذە المنطقة مجتمعة تشکل ما یعرف بکردستان.

(ئەگەر هەڵەش) بێت کورد بەشدار بووە لە پەرلەمانی تورکیا (بویج ماجلیس) لە مادەی (١)ی میساقی نەتەوەیی تورکیا ئەوە مافە سەرەتایانەی تێدایە، لە دەوروبەری ١٩٢٢/١/١٦پەرلەمانی تورکیا پرۆژەیەکی ئەتاتورکی گفت وگۆ کرد سەبارەت بە فیدرالی بۆ کوردستان، پێك هاتبوو لە ١٨ مادە ـ ئەوەی خوارەوە دەقی ١٨ مادەکەیە لە بەڵگەنامەی بەریتانی هاتوە[٣٧٩]، هەروها لە مادەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) ی سیڤەر

---

[٣٧٩] مشروع مصطفى كمال للحكم الذاتي
وزارة الخارجية البريطانية دائرة الشرق الأدنى-تركية {٣٥٤٣/٩٦/٦٥ E} سري للغاية
من سير ايج رامبولد الى:ماركيس كوزون كيدلستون رقم التقرير ٣,٨
سيدي: أشارة الى كتابي رقم ٥٣ المؤرخ في ١٩٢٢/١/١٦ و مراسلاتي السابقة بصدد المسألة الكردية.... كان بنود المشروع المقترح لمعالجة المسألة الكردية كالآتي:

١. أنطلاقا من الحرص على ضمان تقدم الشعب التركي و نهضته و أستنادا الى المباديء الحضارية التي نؤمن بها، يقترح المجلس الوطني تشكيل أدارة للحكم الذاتي للشعب الكردي بما يلازم عاداتهم و تقاليدهم.

٢. قد يعيين الحاكم العام في المناطق ذات الأكثرية الكردية من قبل الأعيان الكرد و يساعده في أدارة الحكم مساعد الحاكم العام الذي قد يكون كرديا أو تركيا و يعيين من قبل المجلس الوطني التركي

٣. يقوم المجلس الوطني بالموافقة على الحاكم العام للمنطقة و الذي يجب أن يكون اداريا جيدا و مجربا و ذات سمعة جيدة و يحضى بتقدير و احترام جميع الكرد.

٤. يعيين الحاكم العام لمدة ٣ سنوات و في حال انتهاء تلك الفترة يقوم المجلس الوطني كردستاني المحلي بترشيح أسم شخص جديد للمنصب و لكن في حالة موافقة أكثرية الكرد يمكن تمديد الحكم للحاكم العسكري لفترة أخرى.

٥. رغم أنه من صلاحية المجلس الوطني أن يقرر فيما اذا يكون نائب الحاكم العام الكرديا او تركيا، ألا النائب العام يجب ان يكون منتخبا مباشرة من المجلس الوطني كردستاني. يجب ان توافق حكومة أنقرة على أسماء المرشحة لمنصب الحاكم العام و نائب الحاكم العام و منصب المفتش

٦. تنتخب المجلس الوطني كردستاني من قبل سكان الولايات الشرقية عن طريق الأنتخابات العام المباشر و تكون ولايته لمدة ٣ سنوات. تبدأ أجتماعات المجلس في الأول من آذار من كل عام و ان مدة عقد الأجتماعات تكون لفترة ٤ أشهر. و اذا لم تكن هذه الفترة كافية لأنهاء أعمالها يمكن تمديد الفترة و ذلك من خلال طلب يقدم المجلس الوطني كردستاني و يجب ان يحضى الطلب بموافقة صوت الأكثرية من الأعضاء و تصديق حكومة أنقرة لذلك.

٧. يحق لمجلس الوطني ان يدقق في الموارد و ميزانية و مصروفات الولايات الشرقية او النظر للمظالم الذي قد يتعرض احد موظفي الدولة. يحق للمجلس الوطني المحلي أن يتخذ اي قرار من اجل تطور و ازدهار المنطقة، و لكن يجب ان يعلم سلطات أنقرة بالقرار و قد يكون المجلسل الوطني على علم مسبق بالقرار.

٨. يبت المجلس الوطني في جميع المسائل الخلافية بين الحاكم العام و المجلس الوطني كردستاني و على الطرفين القبول بقراره.

٩. لحين يتم تحديد حدود المنطقة الكردية من قبل لجنة مشتركة من الكرد و الترك يكون المجلس الوطني كردستاني ممثلا للولايات التالية: وان، بدليس، دياربكر، درسيم، و بعض الأقضية و النواحي الأخرى.

١٠. يتم تأسيس نظام قضاني خا ص للمنطقة الكردية و يكون هذا النظام منسجما مع العادات و العرف المتبع في المنطقة. ففي الظروف الحالية يتم تعيين اداريين أكفاء، نصفهم من الكرد و النصف الآخر من الترك لأدارة الشؤون القضائية. و في حالة أحالة الموظفين الترك الى التقاعد يمكن ان يعيين محلهم اداريين من الكرد.

١١ أبتدأ من تأريخ بدأ العمل بهذا القرار {مشروع الحكم الذاتي} لا يمكن ان يفرض في المنطقة أي ضريبة كمساهمة للمجهود الحزبي او اي ذريعة مماثلة. و يلغى العمل بكل الضرائب المالية المفروضة حاليا اذا رأى الحاكم العام ذلك و يعطي الضرائب العادية مرة كل سنة. ان كمية الموارد المالية التي سترسل الى الخزينة المركزية في أنقرة تحدد من قبل لجنة مشتركة ·يكون اعضانها من المجلس الوطني كردستاني و المجلس الوطني تركى.

١٢. تشكل قوة جندرمة خاصة في الولايات الشرقية و تشرع المجلس الوطني الكردستاني قانونا خاصا لتنضيم عملها و لكن ستظل المناصب العليا في الجندرمة بيد الضباط الترك الى وقت يتم اعفائهم من المنصب.

١٣. يبقى الجنود و الضباط من الكرد يخدمون في مواقعهم الحالية لحين عقد معاهدة السلام (المقصود إتفاقية للشلام بين تركية و دول الحلفاء-المؤلف) و بعد عقد اتفاقية السلام يحق لهؤلاء العودة الى الولايات الشرقية.

١٤. بعد عقد اتفاقية السلام تقوم الحكومة بتقرير قيمة الأموال و الحيوانات التي اخذت من الناس في الولايات الشرقية و تعوض الحكومة الكرد بذلك في فترة لا تتجاوز سنة.

باسی لەدەوڵەتیك كوردستانی كردووە بەدانانی یاسایی لەدوای سالیك، لە لۆزانیش لەمادەكانی (٣٨، ٣٩، ٤٠) داكۆكی لەمافە كەمەنەتەوەكانی توركیا كردووە [٣٨٠]، بەڵام دوای سەركەوتنی ئەتاتورك لەهەموی پشیمان بوەوە، بەو شێوەیە پڕۆژەی عەلمانیەتی كورد شكستی هینا، كەپێیان وابوو دەتوانی لەچوار چیوەی دەوڵەتیكی نەتەوەیی مۆدیرن مافی تەواویان هەبی، بە پیچەوانەی لای دووەم كە ئاینیەكان بون [٣٨١] پێیان وابوو لەچوار چیوەی عوسمانی دەشی وەك بینرا دەوڵەت و میرنیشینی مەزنی لیهاتە دی، بەڵام لەچوار چیوەی دەوڵەتی توركیای نوی ئەستەمە، پڕۆژەی ئاینیەكان لەدەرەوەی توركیاو كەمالی بوو، بوە شۆرش و شكستی هینا، هەرچی عەلمانیەتی كوردی بوو لەگەڵ كەمالیەكان توانەوەو شەرمەزاریان هینا، لە كۆتایدا نكۆلی لەهەمو كورد كرا دەستوریك دارژرا جیا لە دەستورەكانی جهان یان پتەو یان نەرم، دەستوری توركیا هەردوو لایە، بەشێوەیەك ئەو مادانەی ئاماژەیە بۆ پیكهاتەی توركیا بە(پتەو) تۆمار كراون، لەمادەی (١، ٣)و، (٦٤ ـ ٦٨) بەتایبەتی مادەی ٦٦، واتا ئەوانە نابی دەست كاری بكری، بەوشێوەیە فەرمانڕەوای توركیا دەرگای لەسەر زیندانی كورد داخست، ناوە ناوە تەكانیك بووە لەچوار چیوەی ئەو بنەمایەی لە پیشووتر باسمان كرد، لەكۆنگرەی(٤)ی ٣١/١٠/١٩٧٠حزبی كاری توركی بۆ یەكەم جار دانی بە بونی كورد هێنا لە نێو توركیا، بەڵام كایگەری نەبوو چونكە ئەو هەلویستەی بوە هۆی ئەوەی دادگای توركیا لە٢٠/٣/١٩٧١ چالاكی یاسایی

---

١٥ يستعمل اللغة التركية فقط في داخل المجلس الوطني كردستاني و مكتب الحاكم العام و دوائر الدولة. و لكن يمكن ان يدرس اللغة الكردية في المدارس و الحكومة قد تشجع ذلك بشرط لا يكون ذلك خطوة تمهيدية بالمطالبة من أجل جعل اللغة الكردية هي اللغة الرسمية للحكومة في الولايات الشرقية.

١٦ يكون الهدف الأساسي للمجلس الوطني الكردستاني هو تأسيس جامعة في المنطقة و تكون فيها كليات القانون و الطب.

١٧. لا يمكن للمجلس الوطني الكردستاني ان يفرض أية ضريبة قبل موافقة الحاكم العام و أعلام المجلس الوطني بالأمر.

١٨. ليس من حق المجلس الوطني الكردستاني أن يعطي أية امتيازات (المقصود هنا امتيازات أجنبية-المؤلف) بدون موافقة المجلس الوطني.ن

هذا العرض الموجز لقانون الحكم الذاتي المقترح يبين لنا عارضة النواب الكرد بشدة.

لي الشرف

هوراس رامبولد

تێبینی: ئەو بەندانە لەژێر بارو دۆخی خەلافەتی ئەستەمبۆل وكۆنگرەی سیڤەروجەنگی توركیا لەگەل یۆنان وكیشەی ویلایەتی موسل و هیزی كورد لەر كیشانە هات، لەنیو پەرلەمان گفتو كۆی لەسەر كرا بەڵام كوردی نێو پەرلەمان پیی قایل نەبورن.

[٣٨٠] بروانە دەقی ڕێكەوتنی (لوزان –تەنها بە ئینگلیزیەكەی هەیە) [٣٨٠] لە هەندێ سەرچاوەی وەك د.محمد ئەزینی لە كتێبی (جولانەوەی رزگاری نیشتمانی) محمد شێرزاد لەكتێبی (رجال الاكراد)، د.قاسملو و چەندین كتێبی تر ئاماژەیان بە مادەكانی (٣٨، ٣٩، ٤٠)ی لۆزان كردووە گوایە مافو ناوی كوردی تیاهاتووە، دوای ئەوەی بەوردی بەراوودمان كرد لەگەڵ دەقی ڕێكەوتننامەی لۆزان بە ئینگلیزیەكەی دەركەوت ناوی كوردی تیا نەهاتوە. بەڵام لە كتێبی (الحركة الكردية في العصر الحديث- لازاريف وجليلي -ص١١٧)، مادەكانی ٣٨، ٣٩ یان وەك خۆی گواستۆتەوە بیِ ناوی كورد.

[٣٨١] - لەلایەن (فۆرستەرەوە) بەئەستەمبولیەكان ناودەبران.

وەستێنرا هەروەك حزبی رەفاهیش بە هەمان دەرد چوو، تارادەیەك چەپیەکان ویستیان دەرگای ئەو زیندانیە بکەنەوە.

بەڵام کاریگەریەکی وای نەبووە، تاسەرهەڵدانی ئیسلامیەکان لە تورکیا، لەسەرەتادا لەیەکەم هەڵبژاردن نجم الدین ئەربەکانی سەرۆکی حزبی رەفا توانی حکومەت پیك بهێنیت و بەهۆی هەلویستە چاکەکانی بەرامبەر کورد سوپای تورکیا لەدەسەڵات نەیانهێشتن، دوای لە زنجیرە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای سەدەی (٢١)پارتی دادو گەشە بەرابەرایەتی ئەردوگان وعبدالله گول لە٤٢٪ی دەنگەکانیان هیناو زۆرایەتی کورسیەکانی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد: دوای سەرۆك وەزیرانیش و لە هەرە دوایش سەرۆکایەتی کۆماریشیان مسۆگەر کردو وا هێرش بەرەو دەستوورودادگاشە.

ئەوگۆڕانکاریەی تورکیابەرە بەرە دەرگا داخراوەکانی شل کردەوەوبوە تەکانێکی تربە بزوتنەوەی کوردایەتی، لەگەل بەردەوامی ئەوانە داهاتی ستراتیجی زیاتر دەبیٚ، لەوەش زۆر زیاتر دەبیٚ ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ئاستی تێگەیشتنی ئەو گۆڕانکاریانە بن، کە گومان هەیە وابن.

سێیەم ـ لەنێو عیراق: پرسیارە بنچینەیەکە لێرەش ئەوەیە لەسەرەتای مەینەتی کورد لەو بەشە هۆیەکانی کام لابووینە؟ عەلمانی یان ئیسلامی ئینجا هۆیەکانی بەردەوام بونی؟ لەکاملاش بواری دەربازی کوردی تیایە، یاخود بەروون تر بلین لەنیو ئەو پیکهاتانەی عیراق: شیعە سونە، عەلمانی ئیسلامی، عروبی نەتەوەیی یان عروبی نیشتمانی... لەکامیان بەختەوەری و سەلامەتی بۆ کوردستان هەیە؟ لەکامیشیان سەرچاوەی هەرەشەی تەعریب و ئەنفال و کیمیایی و ویرانی بووە..

دروست بونی عێراق.. ماڵ وێرانی: لەبەر ئەوەی زۆر بە زیادەڕەویەوە باس لە تیۆری پیلان دەکری، ئەوا گەلیٚ جار لای خوێنەرراستیەکانیش دەشێوێنن، ئەگیناتیۆری پیلان گێڕی سەرتاسەری هۆنینەوە نیە، بەتایبەتی لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی و کۆنگرەکانی ئەو سەردەمی، بەپێی هەندیٚ سەرچاوە نزیکەی١٠٠ کۆنگرەی ئاشکراو نهێنی لەو پێناوەکراوە، دەتوانین بلێین زۆربەی ئەونەخشە سیاسی و مدرسە فکری و

سیاسیانەی لەناوچەکە دروست بونە بەرهەمی ئەو کۆنگرانەن، نەك بەرهەمی ڕەوتی سروشتی ناوچەکە بێت، لەوانەش سەرهەڵدانی فکری عەلمانی و فکری نەتەوایەتی و زاراوەی وەك (امە العربیە) و (امتی العربیە والاسلامیە) زیاتر لە وەش زەق کردنەوەی ناوی وەك سوریا و عیراق و ئوردن و کویت، دروست کردنی دەوڵەتی عیراق و سنور و دام و دەزگاکانی هیچی (بەموتلەقی) لەبەرهەمی خەڵکی ئێستای عیراق و ناوچەکەش نیە، هەر هەموی بەرهەمی ڕۆژ ئاواییە، ئەوەی بووە بەلای زیاتر لەدروست کردنی عیراق ئەوە بوو ئەو دەوڵەتە لەسەر بنچینەیەکی لوجیکی ئیمپریالیزمیش دروست نەبووە، کە پێوەکانیان بریتی بوو لەدەوڵەت دروست کردن لەسەر بنچینەی ڤاکتەریکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی یان ئاینی و مێژووی دیایکراو، کە چی عیراق لەسەر ئەو بنچینانەنەبوو: لەسەر بنچینەی بەرەنجامی دیفاکتۆی هیزی سەربازی بەریتانی بوو، (فقد جاء في برقية من الحكومة البريطانية الى المندوب السامي في بغداد يبلغه بأن يؤسس دولة عربية في مناطق التي تصلها نفوذ بريطانيا باسم العراق)[٣٨٢]، بە پی ی بروسکەی (چەرچل) بۆ سەرکردە سەربازیەکان و بۆ خودی شا فەیسەلیش خوارووی چیای حەمرین بە سنوری سەرووی (عێراقی دروستکراو)دیاری دەکا[٣٨٣] ودەڵێت: اننا وعدناك بتأسيس دولة عربية وليست امبراطورية، لذلك ان حدودك لن تتجاوز جبل حمرين الى ما ورائه فهو كوردستان))[٣٨٤]..، بە سەرکردە سەربازیەکان دەلی دەوڵەتیك دروست بکەن سنوری خوارەوەی (فاو) بیت سنوری سەرووش لەژێر پای دوا سەربازی بەریتانی بیت، ئەوەش گوزارش لەمەبەستە نهینیەکانی سایکس بیکۆ و کۆنگرەکانی تر دەکرد، کە بەکورتی مەبەستیان لەناوچەکە ئەوە بوو خیلافەتی عوسمانی بروخینن و ئەو دەوڵەتوکانە دروست بکەن بۆ ئەوەی: جهانی ئیسلامی دابەش بیت، ناوچەکە هەردەم نائارام بیت، هەمیشە

---

[٣٨٢] الإسلام والعلمانية ..ص٢٣٨

[٣٨٣] دەقی بروسکەکە دەلی: ئێمە بەلێنی پێك هێنانی دەولەتۆکەکی عەرەبیمان پێدایت نەك ئیمپراتۆریەت بۆیە سنوری تۆ(جبل حمرين)ە لەوی بەسەرەوە کوردستانە.لە بەلگەنامەیەکی تری بەریتانیا (٣٧١/١٦٣٦٧ fo)تیلگرام ژ:٦١٦ هەمان ڕاستی دوبارە دەکاتەوە.

[٣٨٤] حدود كوردستان الجنوبية... ص٢١٧

لە دوا کەوتن دابیت، لەچوار چیوەی ئەو ناکۆکی و نامۆییە جێ ی دەوڵەتیکی نامۆی وەك ئیسرائیلیش لەناوچەکە ببیتەوە.. لەگەل زۆر مەبەستی تر زۆر بەش هاتۆتە دی.

لەسەر ئەو بنچینە گشتیانەو ستاندەرەکانی ئیمپریالیزم و ئاژانسی زایۆن عیراق دروست کراوە، سەرەرای ئەوەش دەوڵەتی عیراقی بەتایبەت تر و لەسەر بنچینەی سزاو پاداشت بە زەبری تانك و فرۆکە دروست کراوە، سزا بۆ ئەوانەی بەرگری نیشتمانیان کرد دژی پیلانی دروستکردنی دەوڵەتی عیراقی، کەزیاتر پیك هاتبوو لە هیزە ئاینیەکان وهیزە دلسۆزە نیشتمانیەکان، لە عێراقی ئێستا میراتگرەکانیان بریتین لە هێزە ئاینیەکان

لەکوردستانیش سەرکردەو زانایانی ئاینی و جەماوەرە فراوانەکەیان بەشدار بون، هەرچی لەناوچەعەرەبە سونیەکان هۆشیاری ئاینی ئەوەندە گەشەی نەکردبوو، زیاتر ناوچەیەك بوو بەهاو نەریتی رەوەندی زال بوو[٣٨٥]، بۆیە مامۆستا ئاینیەکانیان خەلکیان نەبوو، هەر خۆیان لەرێ ی گوتاری هەینی و وەعزەکانی تر لایەنگریان لەبەرگری و شۆرش کرد.

ئەوانە(ئەو چینانەی لەنێو هەرسێ لای شیعەوسونەو کورد) لەشۆرش و بەرگری لەدژی هێزی بەریتانی سەرکەوتوونەبون وسزادران، ئەوانی تریش پاداش کران لەلایەن بەریتانیا و دەسەلاتی دەوڵەتی عیراقیان پی بەخشرا، ئەوانەی پاداش کران لەدوای دروست کردنی دەوڵەتی عیراقی بریتی بون لە: بنەمەمالەی شریفی مەکە([٣٨٦]) باوکی مەلیك فەیسەلی عیراق، عەلمانی وبەکرێگیراوانی بەریتانیا، بەشیکی فراوان لە تەیاری عروبی، عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە، لەکوردستانیش بەشیك لەتەیاری عەلمانی ولیبرالیەنەتەوەییەکان..، ئەوانەش لەپاداشی هاریکاریان بۆ هێزەکانی بەریتانی وهاوپەیمانی لەناوچەکەو بۆرووخانی عوسمانی ودابەشی ناوچەکە ودەرهینانی قودس لەژێردەستی هێزی عوسمانی پێدانی بە یەهودیەکان... بۆ هەمو ئەوانە عیراق درایە

---

[٣٨٥] بۆ زیاتر لەوبارەیەوەبڕوانە: أ-الاسلام والعلمانیه..ب-زۆربەی کتێبەکانی د علی وردی..ج-الشیعه والدوله العراقیه حسن العلوی .

[٣٨٦] چەند بنەمالەیەك لە نیو عەرەب موچەی مانگانەشیان بۆ برا بەوە لەلایەن بەریتانیا لەوانە (١- ابن السعود ١٠٠,٠٠٠ جنیە، ٢- ملك حسین- شریف مکة- ١٠٠,٠٠٠ جنیە، ٣- فهد المذال ١٤٠,٠٠٠ ربیة ٤- السید الأدریسي ١٢,٠٠٠ لیرة..) بەلام بنەمالە ئاینیەکان ئەو پارەو زیرەیان رەت کردەوە.

ئەوانە، کوردو شیعە و لایەنە ئاینیەکان بی بەش کران و سزا دران، تانك و تۆپیان لەدژ بەکار هات، بەو شێوەیە دروست بونی عیراق پیش ئەوەی بەلا بیت بۆکورد بۆ عەربیش بەلایە، بوە بەشیك لەدابەشی عەرەب و داوکەوتەیی و نامۆیی و دەستکردەیی و نا ئارامی...، بوویتە بەشیك لەپاساوی بونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەناوچەکە، هەمو ئەوانە بوویتە هۆی مال ویرانی بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و هەمو لایەك

لەگەڵ دروست بونی دەوڵەتی عیراقی مەینەتی کوردیش دروست بوو، لەوکاتیەوە هاریکاری و هەڵوێستی مەردانەی زانایانی ئاینی لە عیراق بەدی دەکرێ بەوشێوەیەی خوارەوە:

أ. لەکاتی هێرشی بەریتانیا بۆ سەر ناوچەکە بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی نەخشە و پلانی دابەشی کوردستان و جیهانی ئیسلامی لە ١٩١٤ ئەوا هێزەکانی شێخ محمود و هێزە ئیسلامیەکان بەسەرۆکایەتی زانایانی ئاینی نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامرا پێکەوە جەنگان، لەوزانا ئاینیانەی سەرکردەی بەرەکانیان کردووە،: محمد سعید الحبوبی، باقر الحیدری، محسن الحکیم، مهدی الخالصی، عمر خالصی، جعفر الشیخ الرازی، عبدالکریم الجزائری، عیسی کمال الدین، مهدی حیدری، شیخ الشریعە، مصطفی کاشانی، علی الداماد وعبدالرزاق الحلو..، لەلای عەلمانیەکانیش کۆبونەوە دەکرا بۆ هاریکاری کردنی بەریتانی، هەریەکە لە: (موسی کاظم باجەجی، عبدالرحمن جمیل، یوسف سویدی، یوسف باجەجی، عبدالرحمن النقیب، عبداللطیف تیتان، رشید الهاشمی..)کۆبونەوەو نامەیەکیان بۆ بەریتانیا نارد بۆ پەیوەندی ژێر بە ژێر، بەشێکیشیان لەگەرمەی جیهاد چوونە ریزی بەریتانیەکان لەوانە::مولود مخلص، علی جودت أیوبی، عبدالله دلیمی.. هتد[٣٨٧]

لەماوەی سا ڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٠ سێ حکومەت لەوخاکەی ئێستا پێی دەڵێن عیراق دروست ببوو حکومەتێك ئیسلامی لە فوراتی ناوەڕاست بە سەرۆکایەتی (ا. شیرزای)[٣٨٨]

---

[٣٨٧] أنورعلی الجبوری- دورالمثقفین فی الثورة العشرین ص ٣٣-٣٥

[٣٨٨] وچەند نەنجومەنیکی بالاًی سەرپەرشتی کە لە ١٩٢٠/٨/٢٥ دامەزران بەوشێوەیە: ١ نەنجومەنی شاردوانی ٢. نەنجومەنی کارگێری ٣. نەنجومەنی جێبەجێکردن(حکومەت) ٤.نەنجومەنێکی زانستیش پێك هاتبور لە (١٤) زانا بە سەرکردایەتی (شیخ الشریعە)بۆ سەرپەرشتی وچاودێری حکومەت وشۆرش بکەن بروانە: أ-وردی... لمحات ج٤ص٢٩٢ ب- العراق... ج١ص١٦٦-١٦٧

حکومەتی دوەم عەلمانی عروبی لە بەغدا و حکومەتێکی نیمچە ئیسلامیش لە سلێمانی، حکومەتی ئیسلامی کەربەلا دانی بەو حکومەتەی سلیمانی هێنابوو، نامەی ئالوگۆریش لەنێوانیان هەبوویە تایبەتی لە نێوان شیخ محمودو مهدی خالصی[٣٨٩]

ب. دوای شکستی هەردوو حکومەتی خواروو و سەروو و سەرکەوتنی حکومەتی بەغدا، ئەو هاریکاریەی بەردەوام بوو، لەسالی ١٩٣٥ لەنێوان بکر صدقی کورد و أ. کاشف الغطاء....، لە چوارچێوەی بەردەوامی ئەو پەیوەندیە لەسا لآنی ١٩٦٣ دیسان لە نێوان بارزانی و محسن الحکیم بووە هۆی ئەوفتوایە بەناوبانگەی حکیم سەبارەت بەشۆرشی کورد کە تا ئەو ساتەش کاریگەری ماوە.

ت. لەدوای ئەوەش هەلوێستی زانایانی ئاینی تریان لە محمد باقر الصدر، محمد باقر الحکیم، علی سیستانی، ..باشتر بوە لە عەلمانیەك عروبیەکان.

ئەو بارو دۆخە نا ئاساییە لە عیراق بەردەوام بوە بێ چارەسەریەکی ڕاستەقینە، هەربۆیەش ولاتێکی نا ئارامو پڕ لە پشێوی لێ دروست بوە، سەرجەم زیاتر(٣٦) ئینقلاب و ڕاپەرینی ئاشکراکراوە[٣٩٠]، شۆرش راپەرین تاگەیشتە رادەی بەکار هینانی چەکی کیمیایی و ئەنفال و وێران کردن، ئینجا دەرچوونی سزای نیو دەولەتی لەدژی دەولەتی عیراقی و قۆلبەستکردنی لە بەندی (٧)ەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەرچوونی (٦٥) بریار لەدژی، دواییکەش لەسێدارەدانی سەرۆك کۆماری، ئەوەش کۆتایی زۆربەی سەرۆك و بەرپرسیەکان بووە لە عیراق، جگە لەوەی یارمەتی نەبووە لەسەر ئاستی عەرەب و بۆ کێشەی فلستین بەلکو بەشیك بووە لەپیلان و داگیر کاری کویت و جەنگەکانی تری لەگەل ئیران و... زۆر مەرگە ساتی تر..، بەڕاستی ئەو پێشبینیەی بۆ ئەو دەولەتانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هاتە دی کە لە:١ ـ مەبەستەکانی سایکس پیکۆ دارژرابوو ٢ ـ پرۆتۆکۆلی ژ:٧ کە دەلێ دروست کردنی

[٣٨٩] لەکاتی هێرشی شێخ محمودبۆ کەرکوك ئاگاداری شیخ خالصی کردۆتەوە وەك لە کتێبی (کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الأولى الى نهایة مشکلة الموصل –سروة اسعد صابر ص٢٤٧ههاتوە.

[٣٩٠] بروانە: ١-کتێبی (انقلابات فی العراق) ٢- کتێبی: العراق ج٢ص١٢١ حنا بەتاتۆ - تیایدا ئەو ئینقلاب وراپەرین و یاخی بوونانەی سەر ژمێر کردوە

ئەو دەوڵەتانە وەك بۆمب وایە لەناوچەکە هەردەمەك بمانەوێت دەیتەقێنینەوە٣ ـ ئەوەی لۆرانس وتی ئەو دەوڵەتانە دروست دەکەین بە قازانجی خۆمان نایەلین نرخی سەنتێکیشیان هەبێ تەواو وادەرچوو.. کەواتە چۆن عێراق بەلا بووە بۆ کورد ئاواش بەلا بووە بۆ عەرەب، بۆیەش لەدوای یەکسەدە لەتەمەنی دەوڵەتی عێراقی ئینجا شێخێکی عەرەب بە پۆل بریمەری ووت تکاتان لێ دەکەین عێراق بکەنە ویلایەتی ٥٣یەمینی ئەمریکا[391]، لەسەر ئەو بنچینەیە لەسەر ئاستی بەریتانی وعەرەبی وزۆر لای تر ئامۆژگاری بەریتانیان کردوە کە عێراق سەرکەوتو نابێ وبادروست نەکرێ، هەندێك لەو ئامۆژگاریانە تۆماردەکەین:

١ ـ زانای بەریتانی تۆینبی وتی دروست کردنی عێراق بەو سنورەو لکاندنی بەشێك لەکوردستان بە عێراق دەبێتە هۆی تێچوونی کوردستان وعێراق پێکەوە.

٢ ـ شای سعودیە لەرۆژی١٨/مایس/١٩٢١لەسکالایەکی فەرمی بۆ برسی کۆکس دەڵێت سەرکەوتنی دەوڵەتێکی عەرەبی لە عێراق مەحالە، داوات لێدەکەم دروستی مەکەن.

٣ ـ لەبەڵگەنامەکانی بەریتانی پریەتی لەوەها ئامۆژگاری، لەهەموان روونتر راویژکاری‌وەزارەتی‌ناوەخۆراپۆرتێکبەرزدەکاتەوەبەژ:١١\١٢\١شوبات \١٠٣٠دەڵێ ئەوەی من دەیبینم لەدروست کردنی ئەوعێراقەهەموی دەبێتە ناکۆکی وشۆرشی کوردو نا ئارامی وشکستی ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەن

٤ ـ لەناو عێراقیش لەسەرەتا دلسۆزانی عەرەب وتەیاری ئاینی پێی ڕازی نەبون، گەیشتە ئاستی هونەر وشیعر، ئەوانەی خوارەوە هەندێ لەو شیعرانەی:

*الشاعر محمد صالح بحر العلوم:

سياسه شرعهاالأنتداب فقام فى تنفيذها الخائنون

فغيبت الشمس وراء الضباب لعله يعرفها المخلصون[392]

*الشاعر طيرى الهنداوى:

ياقوم لاتتكلمو أن الكلام محرم

---

[391] عام قضية فى العراق ص٧٦

[392] موسوعه العراق المصدرالسابق ص٤١٢

ناموا ولا تستيقظوا   مافاز الا النوم

*الشاعر عبود الكرخي:

يانقيب يانقيب عجيب ماعندك صحيب

من عفت جدك (محمد) صارا اليك (الكوكس)حبيب[٣٩٣]

وقدأعترف(نقيب) نفسه وقال أنني خنت الإسلام

چارەسەریەكانی: لەوە بۆمان دەردەكەوی كەدەوڵەتی عیراق بەو سنورو قەبارەیە سروشتی نیە، بە ئیرادەو ڕێكەوتنی میللەتانی عیراق دروست نەبووە، بەڵكو بە تۆبز و زەبرو زەنگ بووە، مانەوەی ئەو دەوڵەتەش بە هۆی داپڵۆسینی و سوپاو هەواڵگری ماوە، واتە بەرگەی(مقەوەماتی) سروشتی و بەشەری و سیاسی زۆر لاوازە تا ئەو ساتەش، لەوەش دەوڵەتی نیشتمانی وخۆشگوزەرانی و دادگەری دروست نابیت، هەردەم پیكهاتەو لایەنیك بەسەر پیكهاتەكانی تر زاڵ دەبێت، لەنیو ئەو پیكهاتەش لایەن و حزبیك، لەنیو ئەو لایەنەش تاقمیك، لەنیو ئەو تاقمەش كەسیك زال بووە، ئەوەش وەك وەسفی اتحادو الترقی كە بونە مایەی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی (علی فوئاد)گۆتەنی هەمو عوسمانیان خستبووە ژیر دەستی اتحادو الترقی، ئەویشیان خستبووە ژیر دەستی (مركز العام)، ئەویش لەژیر دەستی انور پاشا بوو[٣٩٤]،   سەرەنجامەكەش نەك بۆعوسمانی بونە بەلا و مەینەت بەڵكو بۆ هەمو جهانی ئیسلامی.

كەواتە چارەسەری بۆ عیراقی ئێستا هەنگاوەكانی پیچەوانەی دروست بون و هۆكارەكانی بە بەلا بونە، چاكترین چارەسەر ئەوەیە تەواوی سەرخانی سایكس پیكۆ و كۆنگرەكانی سان ریمۆ وسیڤەرو لۆزان وبەلینی بەلفۆر هەلوەشێتەوە، دەوڵەتی سروشتی بنیات نریتەوە، بنەمای مافی چارەنووس پیادەبكری، یاخود دروشمە بەناو بانگەكەی شیخ سعید پیادە بكرێ: یان هیچ میللەتێكی ئیسلامی دەوڵەتی تایبەتی نەبی هەمومان خیلافەت دروست بكەینەوە یان كوردستانیش با دەوڵەتیكی هەبێ، ئەگەر هەمو ئەوانە ناستەم بیت، ئەوا: بۆ ئەوەی لەدەوڵەتیكی وەك عیراقی دروست كراو جاریكی تر دام و دەزگاكان لەسەر بنچینەی ڕێكەوتن لەنێوان پیكهاتەكان دروست بكریتەوە، هەرلایەی ئەرك و مافی خۆی لەدەستور بۆ دیاری بكری، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە ببتە زەمانەتێك بۆ

---

[٣٩٣] موسوعه العراق   ص٤١٢

[٣٩٤] بروانە: الإسلام والعلمانیە.. ص٧٢

هەمو لایەك تا دەسەڵات نەبتە تیغ بۆ سەرملی لایەك یان دوولابەدەست لای سێیەم، ئەوا پێویست بە(میساق)و(تەعەهودات)ێك دەكالەنێوان پێكهاتەكانی عێراق، پاساودیاسایی وسیاسی وكۆمەڵایەتی ونیشتمانیەكانیش ئەوانەی خوارەوەن:

١ ـ بۆ ئەوەی بەڕاستی بناغەی دەوڵەتێكی عێراقی هاوچەرخ وئارام ودیموكراس دروست بێت، دەبێ پێگا یاسایە سەرەتاییەكانی تەواو بكا كە بریتیە لە أ ـ یەكێتی گەل (ئەویش بە یەكێتی پێكهاتەكانی نێو عێراق بە هۆی میساقێكی ئاوا دەبێ ببەسترێتەوە بە یاسای نێو دەوڵەتی. ب – یەكێتی هەرێم ئەویش بە پێك هێنان وكۆكردنەوەی هەردوو هەرێمی كوردستان وعێراقی عەرەبی بە هەمان شێوەی (أ) .ج ـ ئینجا دەسەڵاتی سیاسی لەسەر دروست دەكرێ

٢ ـ ئەو(١٠)تەعەهودەی عێراق بە (عصبە)دابووی لە١٩٣٢[٣٩٥] دەبتە هەمان پاساوی یاسایی سەرباری تر وەك لەخاڵەكانی خوارەوە زیاتر دەردەكەوێ

٣ ـ هەروەك چۆن لەگەل سەرهەڵدانی مەینەتی كورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ یەكەم جار دووچاری پاكتاوی رەگەزی وهاولاتی پلە دوویی وزۆری تر بوو، ئەوا بۆ یەكەم جاریش دووچاری جینۆساید بوویەوە، لە ١٩٦٣ یەكێتی سۆڤیەت بە سكالایەكی فەرمی داوای لە نەتەوە یەكگرتوەكان كرد كە ئەو جەنگەی ولاتانی عەرەبیو عێراق دژ بەكورد دەیكەن بریتیە لە جینۆساید (رقم E/٣٨٠٩ ٩تموز ١٩٦٣ الجلسة ٣٦، المادة رقم١ في جدول الاعمال، " سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل الحكومة العراقية" رسالة رئيس بعثة الاتحاد السوفيتي الى الامم المتحدة)، وبەردەوامی جینۆساید[٣٩٦] هەتا لەدوای ڕووخانی بەعسیش بە هۆی تەقینەوەی كۆمەڵ كوژی، بە تایبەتی دژ بە شیعەو كورد و كەمایەتیەكانی تر

٤ ـ واقعی ئێستای عێراق بە تایبەتی لە نێو تەیاری عروبی شۆفینیست زیاتر ئەوپرۆژەیە پێویست دەكا

٥ ـ ئەگەر بە (فەرەزیش)دامانا ئێستا باشە، ئەگەری بونی ئینقلاب هەیە یان سەركەوتنی لایەك لە توندڕەوان ئەوانی تر دوور دەخاتەوە لەدەسەڵات (هەروەك لیستی

---

[٣٩٥] تەعەهودەكان ژمارەیان ١٠ بوو، لەلایەن لیژنەیەك نوسرایەوە پێك هاتبوو لە: ١- داود حەیدەری - سەرۆك (كورد) ٢-غەیاسەدین نەقشبەندی –جێگر(كورد) ٣-عبدالجبار نەلتەكەرلی –بریارەدەر، سەبارەت بە وەرگیرانی عیراق بوو لە عصبە الامم
لە تەعەهودی ژمارە (٩) باسی كوردی تێدایە، لە مادەی (١٠)ش باس پێشێل نەكردنی دەكا ، ئەوتەعەهودانەش لە ١٩/مایس/١٩٣٢ نوسرابنەوە.

[٣٩٦] جینۆساید كە بەبەبریاری ژ:٢٦ی ١٠/٩/ ٢٠٠٨ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆماری عیراق وپەرلەمانیش بریاریاندا: ئەوەی بەسەر كورد هات جینۆساید بوو بەهەمور پێوانەیەك .

حدبا بەرامبەر کورد کردوویەتی) دیسان عیراق دەکەوێتەوە ژێر یاساو حوکمی (تاریخ العراق الدموی).

٦ ـ بە ئەزمون سەلمێنراوە لەنێو هەمو پێکهاتەکان لایەنی توندڕەو بکوژی تێدایە، بۆیە پێویستە میکانیزمێك دابنرێ تا هیچ لایەك وازاڵ نەبێ بەسەر لاکانی تر، هەمو لایەك چاویان لەوە بێت نە زۆردار بن نەزۆرداریشیان لێ بکرێت

٧ ـ لە ڕاستیدا کەم وزۆر حوکمی هەمو لایەك بەسەر هەمو لایەك بینرا، حوکمی سونی بەسەر هەردوولا و وێرانی بوە، حوکمی شیعەش لە دوای ٢٠٠٣ بینرا چاك یان خراپ سونیەکان پێی رازی نەبون، حوکمی کوردیش بینرا بەسەر عەرەب لە کەرکوك وموسل ئەوانیش پێی رازی نەبون...کەواتە هیچ پێکهاتەك بەوی ترڕازی نیە، ئەوەی نکولی لەو ڕاستیە بکا ئەوە دەیەوێ حوکمێکی دیکتاتۆری تاك ڕەو ی سەدامی پەیرەوە بکا

٨ ـ بۆ ئەوەی جارێکی تر دەسەڵاتی تاك ڕەوی وشەڕانی لە عێراق دروست نەبێت ببتە هەڕەشە لەسەر ئاشتی نێوخۆو دەرەوە، جارێکی ترعیراق نەکەوێتەوە ژێر باری بەندی (٧).

کێ ئەو چارەسەریانەی پێ دەکری؟

ئەو چارەسەریە تەنها بۆ کورد نیە، لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکە لە چارەسەر وریفۆرمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە قازانجی هەمو لایەکیشدایە، ماوەیەکی دوورو درێژ تەقەلای چارەی تر لەلایەن بەغدا و کوردستان دراوە چارە نەبووە، لەلای بەغدا هەوڵ دراوە شان بەشانی بەکارهێنانی سوپاو تانك و تەیارە گوتاریکی ساویلکانە بەناوی برایەتی کوردو عەرەب و ئێمە هەمو عیراقین هەمو هاولاتیەك مافی یەکسانە... هتدبەکاربهێنێ، ئەو دروشمانە سوایتەوە و خەڵکی کورد زەندەقی لیچووە، چونکە (صدام حسین) زیاتری لەوە دەووت، دەیووت عەرەب یەك مافی هەیە کورد دووجار مافی هەیە!! چونکە جارێك دەنگ بە بەرپرسایەتی عیراقی دەداو جارێکیش دەنگ بە بەرپرسی کوردستانی دەدا، کەچی لەوکاتە بوو کەهەمو کوردستان کۆکرابووە لە ٨٠ – ٩٠ کم و هەموی وێران کرابوو، بۆیە ئەوەی ئێستا ئەو گەلالانە پێش کەش دەکاتەوە و باس لە برایەتی دەکا،

گەلالەكانیش پڕە لەقین و ڕەگەز پەرستی، نكولی لەهەمو مافێكی كورد دەكا، تەنانەت فیدرالیش بەجیاوازی خوازی و دابەش دەزانی، بەشێكی تركە تارادەیەك میان ڕەون لە نێو عەرەبەكان، باس لەوەدەكەن كە عیراق لەسەر بنچینەی (امه العراقیه) و (چەمكی هاولاتی)و... دوور لە تایفی ورەگەزی دروست بكەینەوە، ئەوە واقیعی نیە چونكە: ١ ـ دابەش سیاسی هەر لەمەر حزب و لایەنەكان نیە، بەڵكو كۆمەڵگەكەش دابەش بووە لەئەنجامی ئەو ٨٠ ـ ٩٠ ساڵەی حوكمی عیراقی سەقەت و تایفی و رەگەزی ٢ ـ حكومەتی عیراق و زۆربەی حوكمەتە عەرەبەكان ناشیونالیزمن بەهۆی بونیان بەئەندام لە جامعەی عربی كە لەمادەی (١)ی میساقی جامعەكە داكۆكی لە ناسنامەی عرب بۆ ئەو وڵاتانە كراوەتەوە، هەرچەندە ئەو ناسنامەیەش نەبوویتە ئەوەی ئەو وڵاتانە ڕۆڵی نەتەوەیی ببینن، بەڵكو بە پیچەوانە دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان دەرد بووینە بۆ كێشەی فلستین و دۆزەكانی تری عەرەب، دروست تر بلێن ئەو وڵاتانە لە بنەچە بۆ دژی یەكێتی عەرەب وبۆ پاریزگاری ئیسرائیل دروست بووینە، لەدوا هیرش ئیسرائیلیش بۆ سەر غزە لە (٢٠٠٩) وڵاتانی ئوردن و میسرو سعودیە و دەسەڵاتی فلستین لایەنگیری ئیسرائیلیان كرد، تائەو ساتەش ئابلوقە خراوەتە سەر فلستین لەلایەن عەرەب خۆی... واتە عروبیەكەی عێراق خزمەتی دۆزی عەرەبی پێ نەكراوەو بوویتە كێشەش بۆ ناوەخۆی عیراق ٣ ـ ئەو بانگیشەیەی (ئینتمای عیراقیانە بخریتە سەرووی هەمو ئینتمایەكانی تر) بریتی یە لەمانای بون بەدەوڵەتی نیشتمانی مۆدیرن، ئەوەش بە بریارو دروشم نابیت، متمانەو پرۆسەو گەشەیەكی سروشت و دروستی كۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و دەستوری پیویستە، ئەوانە نمونە بەوڵاتانی ئەورویی دەهینەوە ! عیراق و وڵاتانی عەرەبی زۆر دوورن لە ولاتانی ئەرووپا، جگە لەوەی نەتەوەیین ئینجا لەدەستوریش تۆماریان كردووە كە ئەو وڵاتە بەشێكە. لە امه العربیه، بۆنمونە عیراق (لەمادەی یەكەمی دەستورەكانی تۆماردەكرا، لەدەستورەكانی میسر، لەسوریا، لبنان، موریتانیا، هەتا لە دەستوری فلستینیش..بەو شێوەیە دەوڵەت وەرناچەرخێتە دەوڵەتی نیشتمانی و بنەمای

هاولاتی بونی دەستوری، ڕاستە زۆربەی دەوڵەتانی هاوچەرخ لەسەرەتادا دەوڵەتی نەتەوەیی بون، ئەوانە و (لەئەوروپاش) دوو ڕێبازیان گرتە بەر، یەکەمیان بەرەو زیاتر ناشیونالیزمی و مەرکەزیانە رۆیشتن و دەوڵەتی نازی لەئەلمانیا و فاشی لە ئیتالیاو ڤالانژیس لە ئیسپانیای لی دروست بوو، هەرچی دەوڵەتەکانی ترە بەرە و فیدرالی و لا مەرکەزی رۆیشتن وەرچەخانە دەوڵەتی نیشتمانی مۆدیرن[٢٩٧]، ئەو هەنگاوانەش بە ئەزموونیك تیپەرین کەتیایدا نەتەوەی سەردەست دەسەڵاتی قورخ نەکرد، بە کاریشی نەهینا لەدژی نەتەوەو پیکهاتەکانی تر، بۆیە بەرە بەرە بە سروشتی گەشەی خۆی خەڵکی ئینتما ستونیەکانی کال بوویەوە ئینتمای ئاسۆیی و هاولاتی بون و بەرژەوەندی هاوبەش هاتە جێ، لەرۆژ هەلاتی ناوەڕاست و(ولاتانی عەرەبی بەتایبەتی) بەو ئاڕاستەیە نەبوە، بەڵکو برەو بە ئینتمای عەرەبی و ناسنامەی دەوڵەت دراوە، عروبەیی سەرمەشق بوە، یان وورد تر ئەو عروبیەیان بەرامبەر ئیسرائیل نەکردوە، بەلام بەرامبەر میلەتێکی هەژاری وەك کورد یان میللەتە دۆستەکان بە قڕ کردنەوە کردوە، لەوەشەوە هەرکێشە سەرهەلدەدا لەمەغریب و جزائر لەگەل ئەمازیغەکان، لەسودان لەگەل مسیحی و دارفۆریەکان، لەمیسر لەگەل قبتی، لەکەنداو لەگەل کەمایەتی شیعە، لە یەمەن لەگەل حوسی، لە لبنان لەگەل مسیحی، لەسوریا و عیراق لەگەل کورد، جگە لەوەی ولاتانی عەرەبی لەگەل دراوسێکانیان ناتەبان، لەتورکیاش هەمان کێشە هەست پی دەکری، لەدەستوری تورکیا (ئەنایاسا) لەمادەکانی (٦٤ – ٦٨) سەروەری بەرەگەزی تورك دراوە و بەس، هەرچەندە تارادەیەك دیمکراسیش پەیرەو کراوە، بەلام نەبوویتە چارەسەر مادام رەگەزپەرستی لەنێو هاوکێشەکانی دەسەلات هەبی، تارادەیەك ئیران لەو رووەوە چاکترە، وەك تۆماس بواش دەلێ لە دوای رووخانی خیلافەت باری کورد لە ئیران چاکتر بوە لە وانی تر[٢٩٨]، توانیویەتی دەوڵەتەکەی بەرەو نیشتمانی بروا هەرناوی دەوڵەتەکەش(ئیران)ەهەمو

---

[٢٩٧] یەکەم هەنگاوی وەچەرخانی نەتەوەیی بەرە و نیشتمانی لەشۆرشی ئەمریکای ١٧٧٦ بەدی دەکری.

[٢٩٨] تأریخ الاکراد ص٢٠١

پێکهاتەکان دەگرێتەوە، لەدەستوریش سەروەری بەرەگەزی فارس نەدراوە[٣٩٩]، پێکهاتەکانی غەیرە فارسیش دەگرێتەوە،... لەو بارەیەوە با دەستوری ئەفغانستانیش وەك نمونە وەرگرین دەبینین ناوی هەمو پێکهاتەکان بەیەکسانی هاتوە(مادە٤:ملت افغانستان عبارت است ازتمام افرادی کەتابعیت افغانستان را دارا باشند، ملت افغانستان متشکل از اقوام پشتون، تاجك، هزارە، ازبك، ترکمن، بلوچ، پشەای، نورستانی، ایماق، عرب، قرغیز، قزلباش، گوجر، براهوی و سایر اقوام میباشد)، تەنانەت لە ولاتێکی وەك مەنگۆلیا(پێکهاتوە لە: ٩٠٪مەنگول، ٤٪کازاخ، ٢٪هان، ٢٪روس، ئاینیش: ٩٠٪ بوزی، ٨٪ مسیحی، ٢٪ موسلمان) کە بە دواکەوتوو ودابڕاوترین ولاتی جیهان دەژمێررێت، کەچی لەگەل ئەو کەمایەتیانەی لەنێویان دەژین کێشە نیە، چونکە رەگەزپەرستی نەتەوەییان نیە، لە زۆربەی دەستورەکانی جهان وایە، لەدەستوری ئەمریکا نەنوسراوە گەلی ئەمریکا بەشێکە لە میللەتی مەزنی ئەنگلۆ سەکسۆنی...، هەرچی ولاتانی عەرەبی وتورکیایە دوو ولاتی دەگمەنن لەو سەردەمە رەگەزو تایفەیان بەدەستورو یاساو سیاسەتیش کردوە.

لەو سەرەنجامانەوە مەنتیقیە کێشەی نەتەوەیی و تایفی و ئاینی سەرهەلبدا، کەچی ئەگەر بەرگریش لەخۆت بکەیت دەلێن ئەوە پیلانی زایۆنی و ئیمپریالیزمە، جوداخوازیە، تێکدانە، پیلانی دابەشیە...، نالێن لە بەرامبەر ئەو زولمانەی داگیرکەر پشێوی و نائارامی و شۆرش سەری هەلداوە، چارەسەری ئەوانیش یەکسەر تانك و تۆپ بەکار هاتووە...، لەلای کورد وێرانی و لەلای دەسەلاتیش ئنقلاب و دادگایی و سێدارەی سەرۆکەکانیان کراوە...، کەواتە ئەوە چارەسەر نیە، لەلای کورد بەشیك لەناشیونالیزم ولیبرالی کورد هەر لەژێرخانەوە بەهەلە لە سەرچاوەکانی مەینەتی کورد گەیشتووە، دەستپیکی گوتارەکانی وەك لە پێشوو باسمان کرد ئەوەیە: میللەتی کورد هەزاران سالە

---

[٣٩٩] ئەگەر چی دەستورەکەیان تەنها دان بەکەمایەتی ئاینی دەنێ نەك کەمایەتی رەگەزی، بەلام هیچ جۆرە سەروەریەك بە رەگەزی فارس نادا، تەنها لە مادەی ١٥ و١٦ باسی فارسی تێدایە ئەویش لەبارەی زمانی فەرمی ولاتە، کە لەپال ئەو زمانە رێدراوە بۆ خوێندن ونوسین وراگەیاندن بۆزمانەکانی تریش.

دەچەوسێتەوە، لەشەری چالدیرانی ١٥١٤ ی کوردستان دابەشکراوە، هەر عەرەب زوڵمی لەئێمە کردووە... هتد، ئەو گۆتانە هەرهەڵەی سادە نین، بەڵکو بە پێی ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵێك چارەسەری بەهەڵەشی دارشتووە، وەك لە خوارەوە باسیان دەکەین:

١- دیموکراسی بۆ عیراق ئۆتۆنۆمی دوایش بووە فیدرالی بۆ کوردستان، زیاتر لەنیو سەدەیە ئەوە دروشمی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووە، لەناکاو لەدوای سالی ٢٠٠٣ (دروشمەکەی کورد) دیمکراسی هاتەدی، دەرکەوت مالی کورد ویران دەبی لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە (وەك خەلەلیکی دیمکراسی) زۆرایەتی کەمایەتی دەبا، با لەسەر هەقیش بن، هەلبەتە کوردیش کەمایەتیە لەنیو پەرلەمان، بەو شێوەیە لەناکاو ئەو دروشمە گۆرا، دروشمی تەوافقی سەری هەلدا، کەکەس پیشووتر گویێ ی لی نەببوو، ئیتر ئەو دروشمە دیرینەی کورد هەلە دەرچوو، هەلەکەش لەوە دیت (دروشمی دیمکراسی بۆ عیراق) زامنکەری نەتەوەیی نیە، چونکە ئەو ئەزمونە لەولاتانی وەك بەریتانیا و ئیسپانیاو فرنساوتورکیا و هند و ئیسرائیل پەیرەو کرابوو، کەچی هەریەکە کێشەی نەتەوەییان لەگەل ئیرلەندا و باسك و کۆرسیکاو کوردستان و کشمیر و فلستین هەیە، جا ئەوە لەولاتانیکی نیشتمانیە، چۆن لە ولاتێکی ستونی وەك عیراق کەپەیرەوەی سیستەمی ناشیونالیزمی دەکرێ دەنگ دان لەسەر بنچینەی ئینتمای ستونی بیت ئەوە مافەکانت دەخوری و دیمکراسیش نابیتە دەرمانی هەمو دەردان وەك لە راپۆرتی سیاسی هەردوو کۆنگرەی (١)، (٢)ی (ی، ن، ك) هاتووە.

٢ ـ پۆلینی دۆست و ناحەزانی بزوتنەوەی کورد: لەسەرەتای سەرەهەلدانی بزوتنەوەی کوردایەتی بالی ئاینی و بالی عەلمانی لێك جیا بووینە لەدەست نیشان کردنی دۆست و ناحەز، بالی عەلمانی زۆر خراپ تیایدا بەهەلەدا چووبوو، ئەوە بوو باسی ئەو کێشەمان کرد لە ئەستەمبۆل و ئەنقەرە و هەلویستی هەردوولا و سەرەنجامەکانیشی، دوایی وتا ئەو ساتەش ئەو دوو هەلویستەهەرلێك جیابووە، لەراستێدا عەلمانیەتی کورد تا سالی ١٩٧٦ بەدواوە ئینجا دەسەلاتی شۆرش کوردیان

کەوتە دەست[٥]، لەگەل ئەوەی قارەمان بووینە لە هەلگیرسانەوەی شۆرش وجانفیدایی ونەبەزیان دیارە، بەلام سەلبیاتی ترسناکیشیان داهێناوە، ئەو سەلبیاتانە هەلدەبژێرین کەلەگەل رەوتی بابەتەکەو وەلامی پرسیارەکانی سەروو بێت، لەوانە:

أ ـ پەرتەوازەیی و شەری برا کوژی ب ـ ئنشقاقی زۆر ج ـ خوویستی و گیرفان پرکردن د ـ پەیدابونی مەلەفداری هـ ـ داروخانی کۆملگەی کوردەواری ع ـ زیاد بونی قەبارەی جاشی بە ١٠٠ هێندە ق ـ بی متمانەی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەر ك ـ خۆبەستنەوە بە عەلمانیە توندرەوەکانی وەك مارکسیەت و دوایش تەغریبیەکی سەخت، لەسەر ئەو بنچینەیە تیراوانینی عەلمانی کورد بۆ جهان کە خۆی زیاتر لەبەیانی دامەزراندنی (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) دەنوینیت بەو شیوەی خوارەوەبوو:

أ ـ دۆستەکانی کورد بریتی بون لەیەکیتی سۆڤیت ولاتانی سۆسیالیستی و بزوتنەوەی برولیتاریا و هیزە عەرەبیە پیش کەوتووەکان عەلمانیەکان

ب ـ ناحەزەکانی کورد بریتین لە سیستەمی سەرمایەداری و ولاتانی کۆلۆنیازمی رۆژ ئاوایی، لەسەرووی هەمویان ئەمریکا و هیزە کۆنە پەرستەکانی عەرەبی و ئیسرائیل و چینی بەرجوازی و بالی سەرکردایەتی عەشایری ئاینی کورد کەخۆی لەمەلا مستەفا بارزانی دەنوینیت[٤٠]

ج ـ ئەو تیّ روانینانە ئەوەندە بەتەوژم بون هەمو لایەنەکانی سەرگۆرەپانی بزوتنەوەی کوردایەتی گرتەوە، هەتا (پارتی دیکوراتی کوردستان) کە لە مادەی (٥) (٦) ی بەرنامەی کۆنگرەی (٩)ی سالی ١٩٧٩ هەمان ناوەرۆکی سەرووی تۆمار کرد، هەروەها pkk و حسك و کۆمەلەو، حزبی دیکراتی ئیرانیش لەدروشمی کردنەوەی رادیۆکەیان بەوە بوو: تیّ دەکۆشین لە پیناوی هینانەدی کۆمەلگەیەکی سوشیالیستی و رووخانی قەلای سەرمایەداری بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا.

د ـ لەچوار چێوەی بەرجەستەکردنی ئەو بیرو رایانە هەریەکە لە (ی، ن، ك) و (پ، د، ك) هاوپەیمانیان لەگەل هیزە ناشیونالیزم و عەلمانیە عەرەبی و فارس و تورکیەکان دەکرد،

---

[٥] سەرەتای شۆرشەکان کە لەکۆتایی سەدەی ١٩ دەست پیّ دەکا هەم سەرکردەو پەیرەو جەماوەرەکەی ئاینی بوو، دوای سەرکردە ئاینی بوو بەلام پەیرەوو حزبەکە عەلمانی بوو، تاڕووخانی شۆرشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ بەدواوە هەم سەرکردەو هەم شۆرش وحزب هەمووی عەلمانی بوون.

[٤٠] بروانە دقی بەیانی یەکەمی دامەزراندنی (ی ن ك)کە لە ١٩٧٥/٦/١ دەرچووە.

لەباشــور دوو بــەرە لەســالی ١٩٨٠ هاتــە کایــەوە بــەرەی نیــشتمانی نەتــەوەی دیموکراسی(جوقد) کەلە ١٩٨٠/١١/٢ لە دیمەشق دروست بوو، پێك هاتبوو لە: یەکێتی - حسك - شیوعی - بەعسی سەر بە سوریا، یەکێتی لێی بنچینە بوو، بـەرەی دوەم بـەناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراسی (جود)یش پێك هاتبوو لە: حسك - پ.د.ك - شـیوعی لێـی بنچینە بون، ...ئەگـەر پێدابـچین هەرچـەوتی ولـەنگی لـە ستراتیژیەتی بـالی عـەلمانی کوردستان هەر تەواو نابێت، بەشێك پێیان وایە ئەسلەن هەر ستراتیژیەتی نەبوەو نیە.

هەرچی بالی ئاینیە هەتا دوا قۆناغ دەبینین مەلا مستەفاش (کەسەر بەمەدرەسەی ئاینیە) لەدەست نیشان کردنی دۆست و ناحەز زۆر وورد بووە و زانیویەتی سروشتی دۆستەکانی کورد بریتیە لە دژەکانی: أ - سایکس بیکۆ ب - وفاقی ئیقلیمی و جهانی ج - یاساوپەیوەندی نێودەوڵەتی د - ولاتانی سەر بە ڕۆژ ئاواو ڕۆژ هەلات ف - بالی عەلمانی و ناشیونالیزمی ناوچەکە.. هەرچەندە ئەویش وەك سەرکردەکانی پیشوو هەرتەقەلای لەگەل هێزە گەورەکان داوە بۆ پشتگیری کردن، بەلام لێیان دلنیانەبووە، لەبەرامبەردا پێ ی وابووە هێزە ئاینی و زانایانی ئاینی و پاریزگاران و هەمو ئەو هیزانەی تەبانین لەگەل لائیکی و نەخشەی سیاسی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست دۆستن بەلام ئەو کاتی ئەو هێزانە وەك ئێستا کاریگەر نەبون، لەسەر ئەو بنچینەیە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەل زانایانی ئاینی نەجەف و کەربەلا و کازمیە هەبوو، لەنێوانیشاین دا لەگەل محسن الحکیم و اخمینی، هەرئەو پەیوەندیەیە تا ئێستاش کورد سودی لی وەر دەگری، ئەو پەیوەندیەی بارزانی هەر لەگەل زانایانی ئاینی شیعە نەبووە، لەگەل سونیە عەرەبەکانیش هەبووە، نامەی بۆ جمال عبدالناسر نووسی بۆ ئەوەی (سید قوتب) لەسێدارە نەدرێ، ئەو تێڕوانینە وای کردبووڕوولەزانایانی ئاینی کوردستانی بکا تا ئەو ڕادەیە داوای لێ کردون شۆڕشەکە بکرێتە ئیسلامی، بەلام زیاتر لەگەل زانایانی شیعە گەرم و گورتر بووە، ئەوەش لەبەر ئەوەی:

أ ـ پەیوەندیەکی میژووی کۆن لەنێوان زانایانی ئاینی کوردو شیعە هەر هەبووە لەنێوان شیخ محمود و ا. شیرازی و مهدی خالسی..، دوای لەکەربەلا لەنێوان بکر سدقی و (ا کاشف الغطاء) [٤٠١] ئینجالەنێوان بارزانی و محسن الحکیم

ب ـ عەلمانیەت و عروبیەت لەنیو ئەوانە کەمترجیٚ ی دەبودوە

ج ـ ئەوانە زیاتر پابەند بون بەرەگ و ریشەی ئاین بەریٚگەی خۆیان ،دوور بون لە دەمارگیری عروبی و(محیط العربی،حاضنة العربیة..)هاوپەیانە عربیەکانی تری وەك جامیعەی عربی

د ـ لەوەتەی کورد دووچاری مەینەت بووینە بۆ تۆزقالیکیش لەسەردەستی ئەوان زیان نەهاتوە، بە پیٚچەوانە وە زیاتر ئەو مەینەتیە لەو ناوچانە بۆ کورد هاتووەکە(بەسوننە ناوزەد دەکرین)، سەرەرای ئەوەش بەشیکی زۆر لەزانایانی ئاینی و بزوتنەوە ئیسلامیەکانی سوننە تارادەیەك کەوتونەتە ژیر کاریگەری تەیاری عروبی، کە بۆ کورد مال ویرانی بووە، تائەو ساتەش لەلایەن حزبە ئیسلامیە شیعەکان و زانایانی ئاینی ئەوان تیگەیشتن بۆ دۆزی کورد و کوردستانیش هەیە، بەلاّم بەشی زۆری سوننە ئەو تیگەیشتنەیان نیەو وادەزانن (یان وابریاریان داوە)دۆزی کورددروست کراوی ئیسرائیل وئەمریکایەیان جیاخوازیە ونەوەی سەدام بەسەر کوردی هێنا پاساوی هەیە، بەشیٚکی زۆر لەوان هیٚشتا بە چاویٚکی سوکی موالیانە تەماشای کوردو هەتا زانایانی ئاینی کوردیش دەکاو خۆی بە ئەفزەل وشایستە تر بۆ سەرکردایەتی دەزانی وکوردیش بۆ پلە دوو و تەنها گوێراگرتن، چەندین جاریش لە نێو ئەوانە فتوادژ بەومیلەتە هەژارە دراوە هەرەدوایەکەی ئەو زنجیرە فتوایانەی مانگی ٢٠١١/١ هتد، لەبەر ئەو هۆیانە پەیوەندی بارزانی لەگەل لایەنی شیعە زەق تر بووە، بەگشتی لەنیو ئیسلامی و زانایانی ئاینی عەرەب و غەیرە عەرەب یان چاکەیان هەبووە بۆ کورد یان بی زیان بووینە، بەپیٚچەوانەوە هەرچی بەسەر کورد هاتووە لەسەردستی عەلمانی و عروبی و تۆرانی بووە کە مدرسەی دژ بەئیسلامن.

[٤٠١] بروانە:العراق فی مذکرات الدیبلوماسین الأجانب –بەتایبەتی بەشی:مذکرات (فریتز غروبا)یمەندوبی ئەلمانیا لە عیراق ص٩٢-

کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێن بارزانی و سەرکردە ئاینیەکان بزوتنەوەی ئیسلامی ومەرجەع وقوتب ومدرسە ئاینیەکانیان بەدۆست پۆلین کردووە، هەرچەندە بەردەوامیش بووینە لەتاقی کردنەوەی لایەکانی ترلەسەر ئاستی ناوەکی و ئیقلیمی و جهانیش، وەنەبێ ئەوتێڕوانینەیان وای کردبێ هەردەم لەدەرگای وڵاتانی زلهێزانیان نەدابێ، بەردەوام گەلالەونامەی ئەوسەرکردانە بەرەو ڕۆژ ئاواو ڕۆژهەلات ووڵاتی ناوچەکە چووە[٤٠٢]، بەڵام بەشی زۆری سەرکەوتوو نەبووە

لەوەی سەروو توانیمان پرسەکە لە بزری ومێژوویی‌یەوە بهێنینەوە پێش چاو، کەواتە ئێستا وەڵامی پرسیارەکەی سەروو بەسانایی دەدرێتەوە بەو پرسیارە واقعیەی بارودۆخی ئێستا، بابزانین ئەو دەستکەوتانەی ئێستا لەبونی فیدرالی لەدەستورو مادەی ١٤٠ و سەرۆك کۆماری کوردو بودجەی لە ١٧٪... لەکام لای ئەو لایەنانەی خوارەوەیە: دانایی و زانایی سەرکردایەتی کورد، ئەمریکاو ڕۆژ ئاوا، هیزە عەلمانی و پیش کەوتن خوازەکانی وەك ئەیاد علاوی سالح موتلەگ ئوسامە نجیفی احمد چلبی و.... یاخودلە هیزە ئیسلامیەکان مجلس الاعلی حزبی دعوە حزبی ئیسلامی...، وەلەنیو پیکهاتە کانیش لەکامە هاتووە: شیعە سوننە تورکمان.... وەڵامی ئەو پرسیارە دەروازەی دارشتنی ستراتیژیك دەنوینیت کە بزرە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە، بۆیە لەسەر هەریەکەیان هەلوەستەیەکی یەك بەیەکە دەکەین تا بەجوانی روون بیتەوە:

یەکەم ـ دانایی و زانایی سەرکردایەتی کورد: بێ گومان سەرکردایەتی شۆرش قارەمان ونەبەزبووینە، پیش مەرگە بووینە لەو شاخە، بەڵام ئەوە ڕێ نابێ لەوە بگرێ هەلسەنگاندنی کارودانایی‌یەکانیان بکەین، لەوەوپێشوویاسمان کرد کە سەرکردایەتی تازەی کورد زیاتر تێڕوانینەکانی عەلمانیە، هەرلەسەر ئەو بنچینەیەش هەڵس وکەوت نەخشەو پلان وستراتیجیەکانیان دارشتوە، بەکورتی ئەو خاڵانەی خوارەوە دەری دەخا کە سەرکردایەتی کورد دانا نەبوەلە هێنانەدی ئامانجە ستراتیژیەکان وئەو بەرەنجامە چاکەی بۆ کوردستان هاتەوە:

[٤٠٢] هەمو سەرکردەکان هەر لەشێخ عبیداللە تامەلا مستەفاو سەرکردەکانی نیستا هیچ هێزو کاربەدەستێکی جیهانی نەبوە سکالای خۆیان بۆ نەبردبێ، لەو ڕوەوە کەمترشێخ سعیدی پیران ئەو ناڕستەیەی گرتۆتە بەر

١ ـ له هەڵبژاردنی دۆست ودوژمـن، ئـەمریکای بەسـەرسـەخت تـرین دوژمـن پـۆلین کرابوو، کەچی ئێستا له سایەی ئەو دەڵێن ئەو بارە چاکه بـۆ کـورد هـاتوە، بـه هـەمان شێوە له رووی لایەنە عربی وچینایەتی ومەدرەسەی فکریشەوە زۆربەی نەك بە هەڵە دا چووینە بەڵکو پێچەوانە بوە، ئەوەی خوارەوە لیستێکە لەو هەلوێستە پـێچەوانەکانیان[٤٠٣]

٢ ـ له گەرمەی جەنگی عیراق ئێران دانوستان لەگەڵ عیراق کرا ویارمەتی ئەو درا لەو جەنگە سەرکەوتوو بێت وسەریشکەوت یەکسەر ئەنفال وکیمیایی پێشکەش کردن.

٣ ـ لەگەرمەی نارەزایی جیهانی دژ به بەعس له ١٩٩١ دیسان دانوستانیان لەگەڵی ئەنجام دا، لەسەر ئەو بنچینەیەی گوایە کێشەی کورد لەجیهان بە کێشەیەکی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت نەك سیاسی(بەتایبەتی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو بانگێشەیەی دەکرد)،

---

[٤٠٣] ئەوە لیستی هەڵوێستەکانی حزبەکوردستانیەکانە کە پێچەوانە دەرچوە ئێستا

پێش ڕووخانی شیوعیەت- ١٩٩٠	دوای ڕووخانی شیوعیەت
١- دژی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادی، هەڵبژاردن بوون بە ئاشکرا و لە نووسینەکانیاندا.	١- زۆر جەخت لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی و هەڵبژاردنن لە نووسین و ئاخافتندا.
٢- ئیسلام ئاینی میسالی یە و گەڕانەوە بوو بۆ (قرون الوسطی)	٢- بە گفتە بانگێشەی ئیسلامی دەکەن، ئابێت لە سەنگەری کوردایەتی جیابێتەوە، زیاتر گۆتمیە نەك کردەوە.
٣- لایەنگری شیوعیەت، دیکتاتۆریەت، بەرەی ڕزگاری و سۆشیالیستی جیهانی بوون.	٣- دژی دیکتاتۆرین، دژی شیوعیەت و هەتا بەرەی ڕزگاریشن.
٤- نەتەوایەتی، رەسەنایەتی، بەهاو نەریت بە ڕەجعیەت حساب بوو (کوردایەتی شەرمەزاریە) دروشم بوو لەسەر دیوارەکان دەنوسرا.سرودی (ئەی رەقیب)یش گۆڕا بۆ سرودی ئنتر ناشیونال	٤- زیاد لەپێویست نەتەوەیین و کوردایەتی شەرەفە.
٥- لایەنگیری مافی گەلان بوون.	٥- تووتیانەدەڵێنەوەبە تیرۆر و ئاپاسایی باسیان دەکەن.
٦- دژی ڕۆژئاواو ئەمریکا بوون بە هەموو ئاڕاستەیەك.	٦- بەو خەستیە پێچەوانەییە لایەنگیری ڕۆژئاوان سەرمەشقی ئەزموونەکانیشیانە.
٧- ئاغە و شێخ و دەرەبەگ و سەرۆك خێڵ بەرەی ڕەجعیەت بوون.	٧- بەبنەماڵەی نەجیب زادە(پیاو ماقوول)حسابن دەسەڵاتیان دراوەتێ.
٨- هەر زانایانی ئاینی هۆی شکست بووینە بۆکورد	٨- هەموو حزبێك لقێکی(یەکێتی زانایان)ی هەیە.
٩- مواسەفاتی پێشمەرگە:دەست و دەم و داوێن پاك، مەبدەئی، (چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە)یان پەیڕەو دەکرد	٩- مواسەفاتی ئێستای پێچەوانەیە.
١٠- حزبایەتی ئامرازە، ئامانجیش سۆشیالیزمە.	١٠- حزبایەتی ئامانجەوئامرازیش کوردایەتیشە.
١١- له گەرمەی چەپ گەری لایەنە سەلبیەکانی شیوعیەتیان بۆ دەهێنایەن نەك ئیجابیەکانی.	١١- ئێستاش لەجیاتی لاسایی دیموکراسی ڕۆژئاوا و تەکنەلۆجیاکەی تەنها لیبرالیەتی کۆمەڵایەتیەکەی ڕۆژئاوامان بۆ دێنن کە لایەنە سلبیاتیانە.
١٢- زۆر ئایدیۆلۆجیایی بوون نەك مادیانە.	١٢- زۆر مادیانەن و بێ ئایدیۆلۆجیا و بنەمان.
١٣- بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی بەرژەوەندی تایبەتی بوو.	١٣- بەرژەوەندی تایبەتی لە سەرووی گشتیە بە هەموو ئاڕاستەیەك.
١٤- ئەندام و لایەنگریان رشیار و لەخۆبوردوو پلەی بەرگری بەهێز بوو، وڵات پەروەر و پارێز بوو.	١٤- ئەندام و لایەنگرانی ئاوشیار و لەرزۆك و خۆویستن بێبڕوادە و بێ‌ووە و بێ ئیستمان.

کەچی دەبینین لە هەمان کات بوە بڕیاری ٦٨٨ی یاسایی بۆکوردستان دەرچوو، لە ١٩٩١/٣/٢٠ ئەنجومەنی نوێنەران بەناوی (وڵاتێك بۆ کوردان)تاوتوێ دەکرا[٤٠٤] چ لەوانە یاسایی و سیاسی تر هەیە

٤ ـ تێڕوانی ستراتیژیەتی عەلمانی نیشتمانپەروەری کورد لە سەرەتادا هەر لەنگ بوە، لەگەل ئەتاتورك وسولتان، لەگەل ڕۆژ هەلات وڕۆژئاوا، لەگەل ئاینیەکان وناشیۆنالیزمەکان، ...تەنانەت دەتوانین بلێین لە عێراق لەو کاتە بەیەکجاری ناشیۆنالیزمی عەرەبی سونی عێراق دەستیان بەسەر دەولەت داگرت کە سەرۆك ئەرکان(بکر صدقی)ی کورد لە پێش ١٩٣٦ئەو هەلەیەی کرد چوو زۆر بە توندی لە ئاسوری دا، ئینجالای سونی وعەلمانیە عروبیەکانی گرت وگورزی کوشندەی لە بەرگری شیعەکان لە ناوچەی فورات وەشاند

٤ـ زۆربەی ئەو دروشم وداخوازی وپلانانەی سەرکردایەتی کورد هەلیدەگرێ ئەگەر بهاتبایەدی مالی کورد وێران دەبوو، وەك سەرکەوتنی سشیالیستی ودیکتاتۆری پرۆلیتاری و هێزە پیشکەوتوو ولائیکیە عەرەب وتورك وفارس ...کە ئێستا دەیان بینین دژی خواستی کوردن، بەنمونە(پ د ك) داوای دەکرد عیراق لەهاوپەیمانیەکانی لەگەل ڕۆژئاوا بێتەدەر هەروەك لەبەیانی١٤/٧/١٩٥٨بلاوی کردبۆوە، هەر لەوبەیانی خۆشحالبوو بەگۆڕینی مەلەکیەت بۆ کۆماری، پشتی حزبی بەعسی گرت لە ئینقلابەکەی دژ بە عبدالکریم قاسم، هەمو ئەوانە لەڕووی ستراتیج هەلەن، یەکەم کەس کە هەستی بەو هەلە ستراتیژیانە کرد مەلا مستەفا بوو ووتی هەلەمان کرد ئێمە عبدالکریمان ماندوو کردو بەعسیش بە ئاسانی ڕاوی کرد.

٥ ـ سەبارەت بە خالی (٤) ئەگەر بەووردتر بۆی بچین دەبینین ئەوەی لە قازانجی کوردە، لەدەرەوەی نەخشەو پلانی کورد بوە، ئەوەی چاکەشی بۆ کورد کردوەو بەشێك لەو واقیعە ئیجابیەی بۆ هێنانیە دی بەدەر بوە لە نەخشەی هاوپەیمانی لەگەل سەرکردایەتی کورد، یان لە ئەرشیفیان بە پیاو خراپ تۆمار کرابوو، نمونەیەکی لەسەروو دەهێنینەوە:لەکاتێکا زۆربەی تەعمیرەکانی کوردستانی سەروو لەسەر دەستی

---

[٤٠٤] کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی ئەمریکی ل٣٦٨

ئیسلامیەکان بوەو بەهۆی پەیرەوی میانرەوانە سەبارەت بەکورد حزبی رەفاە لەناوەڕاستی نەوەتەکان خسترا لەلایەن سوپا، کەچی یەکرِاییەکی سەرکردایەتی کوردی سەروو وخواروو هەبوو تا دەنگ بدەنە مسعود یەلماس وحزبەکەی نەك ئەربکان، ئێستا هەلەی ئەو هەنگاوە ستراتیژیە ڕوون تر دەرکەوتوە کە بەراورد لەنێوان ئیسلامی تورك ولائیکی تۆرانی تورك سەبارەت بەکورد دەبینرێ.

٦ ـ پێشوو تریش باسمان کرد ئەوانەی لەعێراقیش بەدۆست هەژمار کران وبەرەیان لەگەل کردنەوە، دۆست دەرنەچوون ئەوانەی لە لیستی ڕەشی کوردی بوو چاکتر دەرچوو، هەر بە نمونە: لەزانیارە نهێنیەکانی پۆل بریمەرکە دوای بەناوی (ئەوەی بریمەر یاداشتی نەکردوە لە کتێبەك لە لایەن سکرتێرەکەی نوسراوە) لە ل١٢٦ هاتوە: بارزانی ڕقی لە چەلەبی وئال الحکیم، محسن عبدالحمید، جەعفەری دەبوەوە، دلٚخۆشیش بوو بەعەلاوی، پاچەچی، جادرچی* ...کەچی دەرکەوت ئەوەی جێی ڕق لێبونەوە بوو ئەوان چاکترن لەوانەی پێیان دلٚخۆشن!.

٧ ـ لە دوای ١٩٩٠ و سیستەمی نوێی جیهانی وفۆرمات بونەوەی جیهان لەدوای هەلوەشانەوەی سۆڤیەت میلەتانێکی زۆر رزگاریان بوو، دوای چوار میلەتی تر کەوتنە ڕێ بۆ ڕزگاری (کورد، فلستین، تەیمور، کۆسۆڤا) ئەو دوەی یەکەم لەبەر گەندەلی وخەریك نەبون بە ئەسلی کێشە ڕەواکە بە جێمان دوەکەی دوای بونە دەولەت، هەر بەنمونە لەو کاتەی کەپێشنیاری (ولاتێك بۆکورد) لە٢٠/٣/١٩٩١ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا تاوتوێ دەکرا، زۆربەی سەرکردایەتی کورد بە ئاودیو کردنی کەل وپەل وبەمنافسەویەکتر نەخوێندنەوە سەرقال بوو.

٨ ـ لایەنی عەلمانی کورد لەسەرەتادا بناغەیەکی چەوتی بۆ کوردایەتی وێنە کرد، کورد گیرۆدەی دەستی عەلمانی وئیتحادولتەرەقی وکەمالی بون، کەچی ئەوان سەرسام بون بەمەدرەسەکانی ئەوان، ئەوەتە سەرچاوەی هەمو حزبە کوردستانیەکانی(عەلمانی) بۆ (پ د ك)دەگەڕێتەوە، ئەویش بۆ (هیوا)، هیواش بۆ(حزبی دارکەر) بە سەرۆکایەتی رفیق

---

* عدنان پاچەچی لەشەستەکان وەزیری دەرەو بوو دژ بەکورد بوو ورۆلێکی گرنگی بینی لە هێنانی سوپای سوریا بۆ سەر کوردستان - بڕوانە پاشکۆی ژ: ٤ سکالای سۆڤیەت، بەلام دەتوانین بلێین (کامیل جادرچی) هەلوێستی بەرامبەر کورد باش بوو ، پێش شۆرشی ١٩٥٨یەکەم حزب (پارتی نیشتمانی دیموکراس- بەسەرۆکایەتی کامیل جادرچی) دانی هێنابوو بە شریکایەتی کوردو عەرەب لەو عیراقە .

حلمی، با بزانین ناسنامەی ئەو حزبە لە کێ ساغ دەبتەوە؟ دارکەر کت ومت کۆپی (کاربۆناری) ئیتالیایە کە (ئیتحادولتەرەقی) دژ بەکوردی لەتورکیا هێنا ئارایەوە، چ لەوە چەوت تر هەلسیت موعجیب بیت بە دوژمنت ولاسایی داگیرکەرت بکەیتەوە.

٨ ـ زۆر خالی تر هەیە لەبارەی ناوەخۆو شەری برا کوژی[٤٠٥] وپیادەکردنی عەلمانیەت وتا دەگاتە دەرەوەو پرسی دەستور ورێکەوتنامەکە لەگەل ئەمریکا ودەرچوون لەبەندی ٧و ناکۆکیەکانی سونە وشیعەو ستراتیجیان لە رۆژهەلاتی ناوەراست ...زۆربەی هەرە زۆری لایەنگری ئەو بۆچوونە دەکا کە ئەو دەسکەوتانەی بۆ کوردستان هاتە دی لە دانایی وزانایی سەرکردایەتی کورد نیە

دوەم ـ ئەمریکاو رۆژ ئاوا: لەراستێدا ئەمریکا بەپێی بنەمای مۆنرو(١٨١٧ ـ ١٨٢٥)[٥] کەمترخۆی لەکێشەکانی جهان دەگلاند، لەدوای سالانی١٩١٧راستەوخۆ تر هاتە نێو کێشەکان، پێش ئەو بەروارە تائێستا بەلگەنامەیەکی روونمان نەدۆزیتەوە تیایدا جۆرێك لە پەیوەندی کورد و ئەمریکا گوزارش بکا.

لەپیشتر باسمان کرد کە رۆژهەلاتی ناوەراست بە کوردستانیشەوە بەپێی هەردوو بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی و ئیسرائیلی دابەشکراوە، سنوری ئەودەولەتانەی وەك عیراق وئوردەن وسوریاش ..بەوتەرازوە هەستیارە دانراوە، بۆیە دەست کاری کردنی زۆر سەختە هەروەك لە هەردوو بنەمای ئایزنهاوەری١٩٥٧وبنەمای (عدم المس بالإرث الاستعماری) دەردەکەوی، ئەوانە نەبونە یارمەتیدەری دۆزی کورد، بەلام بنەمایەکی تر هەیە رەنگە ئارادیەك ببێتە یارمەتی، ئەویش ئەوەیە خودی ئەمریکا لەرێکەوتنەکانی سایکس بیکۆ و سەرەنجامەکانی لەدابەش کردنی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئینتدابا بەشدارنەبووە، بەریتانیا و فرنسا هەولیان دا چاوی بنوسێنن و ئەرمینیای پی بدەن وەك ئینتداب، بەلام دوای ئەمریکا بۆی دەرکەوت ئەوە فێلی لێ دەکەن، دەیانەوێ بیکەنە سەنگەر لەپیش بزوتنەوەی بەلشەفی شیوعی لەسەردەمی لینین و روسیا، ئەمریکا لەدژی ئەوهەنگاوانەی

---

[٤٠٥] لە بەلگەنامەی ئەمریکی –گفت وگۆ لەگەل دیڤید وێلشی جیگری وەزیری دەرەوە لە١٥/١٠/١٩٩٨ دەلیت:ئەشەری براکوژی پارتی ویەکیتی وهاوپەیمانی کردنیان لەگەل عیراق وئیران خەریك بوو ئەزموونی کوردستان تێك بداو ئەتەوە یەکگرتووەکان وخودی ئەمریکاش دەستیان لێ هەلکرێ –کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی ئەمریکی ل٧٦٤

[٥] ئاماژە بەو نامەیەی جیمس مۆنرۆی چوارەمین سەر کۆماری ئەمریکا بۆ کۆنگریسی ئارد داوای کرد کە ئەوەندە ئەمریکا لەکیشەر کۆنەندەکانی ئەوروپا ئەگلینی.

بەریتانی وهاوپەیمانان وەستا، لەسالی١٩١٨لەلایەن ویلسۆنی سەرۆکیەوە ١٤بنەماکەی بۆ ئەو مەبەستە بلاوکردەوە، لەدوای سالی ١٩١٩لیژنەی (کنگ ـ کراینی) بۆ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست نارد وداوای (سیاسە الباب المفتوح)کرد، پێشنیاریشی کرد هەمو ئەو ناوچانەی لە عوسمانی جیاکراوە بخرێتە سەر مومتەلەکاتی (عصبە الامم)، یەکەم پەیوەندی کوردو ئەمریکالەو لیژنەیە بەدی دەکرێ کە هاتبون لەکوردستان لەگەل نوێنەرانی کورد دانیشتبون، لەو کاتیەوە تا نیوەی سەدەی بیستەم ڕۆلێکی وای لەناوچەکە نەبوەو لەگەل کوردیش بەو شێوەیە نەبوە، لەو کاتیەوە دەتوانین بلێین بوە میراتگری بەریتانیا لەناوچەکە، تاکۆتایی سەدەی بیستەم و رووخانی یەکێتی سۆڤیەت(واتە لە نێوان جەنگی سارد) هەلوێستی ئەمریکا (وەك لەبەلگەنامەنهێنی وئاشکراکان دەردەکەوێ)نەیویستوەخۆ لەکێشەی کورد بگلێنی وزیاتر بنەماکانی ئیستعماری وسایکس پیکۆی لەناوچەکە پیادەکردوە، لەهەمو بەلگەنامەو چالاکیە دیپلۆماسیە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆکان دەرکەوتوە: هەرگیز نەگەیشتە ئەو رادەیەی قەناعەتی ئەمریکا بێت کە میللەتی کورد شایستەی مافی چارەنوسە، بەلام کەدەکەوێتە لێواری دۆزەخ بەهانات دێت، دەرت دێنێت لە دۆزەخ بەلام ناتخاتە بەهەشت، ئەو جۆرە سیاسەتەو تێنەگەیشتنی کورد لێی شکستی ١٩٧٥ی لێ هاتە دی، یەکەم گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەکورد لەدوای سالی ١٩٧٩ لەدوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیران بەسەرۆکایەتی أ خمینی دێت، کەشا رووخا تارادەیەك کوردکەوتە نێو حیساباتی ستراتیژی، دوای ئەوەی ئیسلامیەکان لە تورکیاش سەرکەوتن ولەسالی ٢٠٠٣نەبونە یارمەتیدەری هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی هێرشیان بۆسەر عێراق جارێکی تر تەکانێك بە پەیوەندی کوردو ئەمریکا درابۆ ئاستێکی بەرز، لەگەل ڕووخانی بەعس لە عێراق وگەیشتنە دەسەلاتی ئیسلامیەکان لەعێراق دووبارە تەکانێکی گەورەتربەوپەیوەندیە درا، کەواتە ئەو پەیوەندیە بۆ کورد لە دۆڕاندنی دۆستی فەرمی ئەمریکا هاتوە، واتە دەست بەکاربونی مەدرەسەیەکی ناتەبا لەگەل ئەمریکا وای کردوە ئەو پەیوەندیە دروست بێت، لە ٢٠٠٢ەوە دروشمی جەنگی (یان لەگەلمی یان دژمی)لەلایەن ج بۆشەوە جاڕدرا، شکستیەکانی لە ئەفغانستان و لە عیراق و مانەوەی دەولەتی ئیران وەك خۆی بوە هۆی شکستی ئەمریکاوهاتنی ئۆباما، ئیتر واز لەو هەنگاوە هینرا، ئەگینابەردەوامی لەو

سیاسەتە چەوتەی ئەمریکا لەقازانجی کورد بوو، مادام تێکدانی نەخشەی سیاسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو .، واتە: ١ ـ پەیوەندی کوردو ئەمریکا سروشتی نیە، لەو کاتانە سوودمەند دەبێ کە دۆخی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ناسروشتیە، ستاندەر بونەوەی مەترسێدارەبۆکورد، رەنگە هەتا سەری نەبێ ٢ ـ بونی ئەو هێزە ئیسلامیانە بوویتە هۆی ئەو پەیوەندیەو جەژنی بزوتنەوەی کوردایەتیە ٣ ـ ئەمریکا چاکەی لەگەل کورد کردوە بە رووخاندنی بەعس ولادان لەو ستراتیژەی نزیکەی سەدەیەك بوو رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەستبۆوە.

لەوەی سەروو دەردەکەوێ ئەمریکا نایەت کوردستانت بۆ رزگار بکا، سێبەرێکی گشتیت بۆ دروست دەکا ئەگەر بەرنامەت ووردو زانستی بێت ئەوا سودمەند دەبی، ئەگینا پێچەوانە دەبێت، لەسەر ئەو بنچینەیە سەرەنجامێکی مەنتیقیە کە ئەمریکابگەرێتەوە سەر پەیوەندی خۆیی و ولاتانی ناوچەکە، ئەوەش زیاتر بەوە دەبێ ئەگەر (عیراق وتورکیا وئیران) لەو بنەما ئیسلامیانەیان هەلگەرێنەوە یان بدۆرێنن

هەروەك بینیمان لەرووخانی بەعس ئەمریکا چاکەی پێشکەشی هەمولایەك کرد(میلەتانی عیراق، کویت، تەنانەت بۆ ئیران وقاعیدەش سودیان لە رووخانی صدام بینی)، بەلام چاکەکەی تەواو نەکرد لەگەل کورد، هەربۆیەش لەو فەترەیەی کە ڕاستەوخۆ خۆی حوکمی عیراقی کرد(گارنەر وبریمەر)، یاخود لەرێ ی دۆستەکانی، کەیەکەم سەرۆك کۆمار غازی یارودر و سەرۆك وەزیران ئەیاد علاوی کێشەکانی کوردی چارەسەر دەکرد، بەپیچەوانەوە هیچ دەستکەوتیك لەوانەی سەروو بۆکورد لەو دوو فەترەیە نەهاتەدی، بەلکو لەدواتر هاتەدی، لەڕاستیدا بنەچەی کێشەی مادەی١٤٠لە بریارِی دژە فرینی سەرووی هێلی٣٦ دێت، هەرچەندە ئەوکاتی پیاوەتیەکی گەورە بوو لەگەل کوردستانیان کرا، بەلام ڕاستیەکەی سەرووی هێلی ٣٤بوایە ئەو کێشەیە ئێستا نەدەبوو، بۆیە ئەمریکاو رۆژ ئاوا خاوەنی ئەو دەستکەوتانەی ئێستا نین بۆ کورد.

سێیەم ـ هیزە عەلمانی و پیش کەوتن خوازەکان: پیش تر لەسەر هەرسێ ئاستی ناوەکی وئیقلیمی و جهانی باسی رەوت و هەلسوکەوتی عەلمانیمان کرد، لەگەل هەلوێستەکانیان سەبارەت بە کوردستان، دەرکەوت سەرکردە ئاینیەکانی کورد لەو بابەتە باش تێگەیشتبون، بۆیە کەمتر روویان لەو هیزە بووە، بەلام لە قوناغی نوێ ی

بزوتنەوەی کورد کە لەدوای ١٩٧٦ دەست پی دەکا ئەو تێگە یشتنانە پیچەوانە بووینەوە، سەرکردایەتی عەلمانی کوردی هاوچەرخ پاگندەی ئەوەی دەکرد کە هێزە عەلمانی و پیش کەوتن خوازەکان دۆستی کوردن، هەروەك لەبەیانی دامەزرندنی (ی — ن — ك) و ئەدەبیاتی هەمولایەك بەردەوام دووبارە بوویتەوە، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش ئەو (بەرەنیشتمانیانە)ی ڕادەگەیەنرا لەگەل هێزە عەلمانیەکان بووینە، کەچی ئەگەر بەووردی سەرنج بدەین دەبینین جگە لەوەی چی بەسەر کورد هێنرا عەلمانی بەرپرسیار بوو ئەوا بەردەوامی مەینەتیەکەش هەرلە ئەستۆی ئەو دایە، ئەوەتا: داگیر و دابەش کورد، سەرکوتی شۆرشەکان، ڤاکتەردکانی مانەوەی داگیر کەرو پالپشتی داگیر کەر، ئینجا پرۆسەکانی تەعریب ئەنفال کیمیایی ویرانی... هەر هەموی لەئەستۆی ئەوانەیە، تەنانەت ئەو هیزە عەلمانی و مەدەنی و پێش کەوتن خوازانەی دووریش بووینە ئەوا بە ڕاگەیانراو نووسین لایەنگیری ئەو زولمەیان کردووە دژ بە کورد، لەدوای ڕووخانی حزبی بەعسی لە ٢٠٠٣ و دامەزراندنەوەی حکومەتێکی نوێ لە عیراق ئەو پرۆسەیە بە زەق تر کەوتە بەرچاوی میللەتی کورد، دەرکەوت چەندە سەرکردایەتی هاوچەرخی کورد لەو تێڕوانین و پۆلین کردنە بەهەلەدا چووە، هەروەك چۆن (ڤۆلتێر) شانۆگەریەکی پێچەوانەی (باو)ی کرد تیایدا پیاوە ئاینیەکانی مسیحی چوونە دۆزەخ ئەوانی تر چوونە بەهەشت، لە عیراقیش رێك وا پیچەوانە دەرچوو، هەرچی سەرکردایەتی کورد بە دۆستی پۆلین کردبوو دژ دەرچوو، ئەوەی فەرامۆشیش کرابوو هیزە ئیسلامیەکان بوو کەچی ئەوانە دۆست دەرچوو، باش ترین بەلگەی ژمێریاری تریش بریتیە لە هەلبژاردنی مام جلال بەسەرۆك کۆمار وەك یەکەم جار لەمێژووی عیراقی لە١٢/٤/٢٠٠٥ڕێك ئەو نەخشەیە دەردەخا، کە بەو شێوەیە بوو: بەهۆی ئەو هاوپەیمانیەتیەی کورد لەگەل لایەنە ئیسلامیەکانی عیراقی (حزبی دەعوە و مجلس الاعلی..)بە کۆی٢٢٧ دەنگ بەرامبەر ٣٠ دەنگی دژو ١٧دەنگیش غائب مام جلال بوە سەرۆك کۆمار، زۆری ئیسلامیەکانی عەرەب دەنگی (بەلێ)یان دا مام جلال، ئەو ٣٠ دەنگە دژەش زۆربەی عەلمانیە عەرەبەکان بوو، هەلبەتە لەژێر سایەی عروبی عەلمانی وئەمریکی هەرگیز سەرکۆماری کوردت نەدەبینی بۆ عیراق هەروەك لە ناڕەزاییە بەناوبانگەکەی تاریق هاشمی ئەو ڕاستیە گوزارش کراو وتی: عێراق دەولەتێکی عەرەبیە نابێ سەرکۆماری کورد بێت، هەر بەو پالنەرەش (بکر

سدقی)له۱۱/۸/ ۱۹۳۷تیرۆر کرا له ژێر دروشمی عیراقی عەرەبی نابێت کورد حوکمی بکا[٤٠٦].دوایش بەروون تر دەرکەوت هێزە عەلمانی و مەدەنی و ناشیونالیزمی عەرەبی و تورکمانی نەك هەر دۆست نین، بەڵکو تەنها بەوە قایلن کە کوردستان ژێر دەستە بێت و خەڵکیش لێ ی پلە دوو بیت، بە پێچەوانەی خراپەکەی هێزە ئیسلامیەکان لەو پیکهاتانە زۆر نەرم ترن، ئەوەی ئێستا مەترسیە بۆ ئەزموتی کوردستان بریتین لە: بەرەی دیالۆك بەسەرۆکایەتی سالح موتلەگ، لیستی حەدبا بەسەرۆکایەتی ئوسامە نجیفی، لیستی عیراقیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد علاوی، بەرەی تورکمانی.. ئەوانەش بریتین لە هێزە عەلمانی و پیش کەوتن خوازەو مەدەنیەکان بە پێ ی ئەو وەسفەی کەسەرکردایەتی کورد پیشانی دابوو.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە لە بنەچەدا شۆرشەکانی کوردچۆن دژ بە داگیرو دابەشی کوردستان بوە ئاواش دژ بە عەلمانی بوە، چونکە زانیویانە مەینەتی کورد لە ئەستۆی عەلمانی دایە، مەلا سلیم وشیخ عبدالسلام وئەوەی شێخ سعیدی پیران بە ڕوونتر لە دادگاییەکەی دەردەکەوێ کەلە گۆڤاری (گێرشەم)بڵاوکرایەتەوەو دەڵێت: ئێمە دژی داگیرکەروعەلمانیەت شۆرشمان کردوە، بەتایبەتی کەبینیم لە جریدەی(سبیل الرشاد)عبداللەجودت واحمدناوێك نوسیبویان:موسابەلەخۆبایی و عیسابەناوبانگی و محمد بەئەمینی ..هەریەکە ئاینێکیان هێناوە، ئێمەش دەتوانین ئاینێك بهێنین، ئەو جۆرە بانگێشانە لەڕۆژنامەکان تەنیبۆوە ئێمەش شۆرشمان دژ بەوانیش کرد[٤٠٧].کەواتە سەرکردەکانی کورد لە هەوڵی ئەپساوە بووینە تاتاین لە کوردایەتی جیا نەکرێتەوە، داگیرکەران بەردەوام لە هەوڵی لێکجیا کردنەوەی ئاین لە کوردایەتی بووینە، (ئاین شتێکەو سیاسەتیش شتێکی تر) دروشمی ڕۆژنامەی بەریتانی(تێگەیشتنی نوێ) بوو[٤٠٨]، تا میلەتی کورد پەرتەوازە بێت و توانای بەرگری نەمێنێت وبە ئاسانی داگیر بکرێت، لێك جیاکردنەوەی ئاین وسیاسەت وئاین وکوردایەتی لە ئوسولی بەرنامەی داگیرکەربوە تا ئەو

---

[٤٠٦] العراق فی مذکرات الدبلوماسین الأجانب ص۱۲۹

[٤٠٧] دەقی گفت وگۆی دادگاییەکە لە: دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص۵۱۲-۵۲۳

لە ژمارەی ڕۆژی ۱۲/کانونی یەکەم/۱۹۱۸ بە مانشێتەگەورەکەی وا هاتبوو — سەرچاوە:کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الأولی ص۱۸۹

ساتەش، لەو لایەش خۆ پاراستن لە عەلمانیەت یەکێکە لە ئوسولەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانی

چارەم ـ لە پێکهاتەکانی عیراق (شیعە و سوننە)[409]: لەدوای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی ئەو زاراوانەی وەك: کورد و عەرەب شیعە و سوننە بەچەوتی سەری هەلداوە، هەر لەسەرەتادا و لە نیو کۆنگرەی قاهیرە ١٢ ـ ١٩٢١/٣/٢٤ کە عیراقی پی دروست کرا، یەکێك لە پاساوەکانی بەرەی دژ بەکورد مس بیل، برسی کۆکس، ویلسون، بەرامبەر گەلالەکەی چەرچل ئەوەبوو کە ئەگەر کوردستانی خواروو نەخرێتە سەر عیراقی تازە ئەوا ناهاوسەنگیەکی فراوان لەنێوان سوننەو شیعە دروست دەبی، بەتایبەتی تازە شۆرشی (٢٠)کپ کرابۆوە، کە لە لایەن زانایانی شیعەوە سەرپەرشتی کرابوو، بەو شێوە دروست کردنی عیراق و دابەشی کوردستان چۆن گورز بووە لە کوردستان ئاواش لە شیعە، سەرەرای ئەوەش مانای ئەوە نیە هەمو شیعەیەك باش بووبیت و هەمو سونیەکیش خراپ بووبیت، ئینجا پیویستە ئەوەش روون بکریتەوە کە مەبەست لەعەرەبی سوننەی عەقیدە نیە بەڵکو سوننەی کۆمەلآیەتی، ئەگینا ئەو گوزرانەی لە کوردستان دراوە لەسەر دەستی ئەو پیکهاتەیە لە لایەن ئیسلامی سوننە نەبووە، بەڵکو حزبی عەلمانی و ناشیونالیزمی بووینە، هەر بەنمونە حزبی بەعس کە بە سونە دەژمێررێت ئەوە باوەرپەتی: ئاینیان پێ رێگر و تێکدەر و رەجعی بوو، لە وەسیەتەکانی کۆنگرەی (٤)ی حزبی بەعس ١٩٦٠ هاتووە: (يعتبر المؤتمر الرجعية الدينية أحدى المخاطر الأساسية أمام التقدم)

، بەلآم بەشێ لە توێژەرەوان پێیان وایە سەرەرای ئەو هەلوێستە ترسناکەی حزبی بەعس بەرامبەر ئاین هەر سونیەکان(وەك زۆرایەتی لایەنگیری بووینە)، بەگشتی ئەو بەراوردانەی خوارەوە هەیە لە نێوان شیعە و سوننە سەبارەت بەکێشەی کورد:

---

[409] ئەو دەستەواژەیە بە هەلەیی هاتوە ، دەبێ ئەوە روون کەینەوە کە مەرج نیە هەمور شیعەو سونەیەك وابن ، بەلکو ئەوە باس لە زورایەتی دێت .واتە دەسەلآتدار لە نێو ئەوانە تا ئیستا وابوە

١- هەمو ئەو پرۆسانەی دژ بە کورد کراو ن لەسەرەتای دابەشی کوردستان و لکاندنی بە عیراق و لەسەردەمی یەکەم راپەرینی شیخ محمود هەتا ئەنفال و کیمیایی ئەوا ئەو گوزرانە لەلای سوننەی عەرەب هاتووە نەك شیعە.

٢- سوننەی عەرەب لە عیراق زیاتر نوێنەرایەتی سەرخانی سایکس پیکۆو بۆ چوونی جامیعەی عربی و رەهەندی عەرەبی لە عیراق دەکا، کە تەیارێکی شۆڤینی و رەگەز پەرستە بەرامبەر کورد، کەچی شیعە کەمتر ئەو دریژکراوەی هەیە، ئەگەر هەشیبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئیران و هند، کە خانەوادەی ئارین ئەوەندە رەگەز پەرست و دەمارگیرنین، لە جهانی ئێستای ئیسلام لەنێو دوو میللەت رەگەز پەرستی ماوە، کە بۆ خۆشیان بوویتە سەر ئێشەو ماندوو بون، ئەو دوانەش عەرەب و تورکن، هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەك (ابن خلدون و د علي وردی) وەسفیان دەکا و هەردوولایان لە بەهای بیابانی جزیرەی عەرەبی و جزیرەی مەنگۆلیا دەرپەریون، خاوەنی بەهاو نەریتی دەمارگیری رەوەندین، لەسەر ئەو بنچینە قوڵە سونە زیان بەخش بووینە وشیعەش سەلامەت بەرامبەر کورد

٣- هەرلەگەل جەنگی جهانی یەکەم ودەرچوونی فتوای جهادلە١٩١٤/١١/٧ لەلایەن شیخ الاسلامی عوسمانی (سەبری ئەفەندی و٣٠ زانای گەورە) دژ بە پەلاماری بەریتانیا بۆ ناوچەکانی بەسرە، ئەوا یەکسەر زانایانی شیعە و زانایانی کوردستان هاتنەدەست، لەسالانی١٩١٤-١٩١٦بەسوپایەکی هاوبەش لەناوچەکانی شوعەیبە رووبەرووی سوپای بەریتانیا بونەوە، بەڵام دوای لەبەر خیانەتی عەشایرو ئەفسەرەکانی وەك نوری سعیدوعلی جودت ئەیوبی ومولود مخلص وحکمت سلیمان و..کۆمەڵێکیش خۆیان بەدیل کردن دابوو، لەوانە:جعفر عسکری، نوری سعید، یاسین هاشمی، ناجی شوکت، صبیح نجیب، تەها هاشمی، جمیل الراوی، عارف فقطان، عبدالرزاق حلی، سامي الأرفلي، محمد أمین زکی، رشید خوجە.. کە دوای لە پاداشا بونە دەسەڵاتدار، ئەو سوپایە هاوبەشەی کوردو شیعەو عوسمانی شکستی هێنا، سەرکردەی سەربازی عوسمانی (سلیمان عسکری بەگ)خۆی کوشت لەڕکان، لەو کاتیەوە هاریکاری زاناو سەرکردەکانی کورد لەگەل زانایانی نەجەف و کەربەلا هەر هەبووە، لەدەوری سالانی بیست لەگەل (ا. محمد شیرازی) دوای ئەو لەسالانی ١٩٣٠ لەگەل (ا. محمد کاشف الغطاء)، دوای لەچلەکان لەگەل (ا. محسن الحکیم)، دوای ئەوانە لەگەل محمد باقر الصدر و نەوەی ئال الحەکیم، دوای ئەوانەش

که ۲۰۰۳ بەدواوە بۆ یەکەم جار (ا. علی سیستانی) بەفتوایەك لاری نەبونی لە فیدرالی دەربری، ئەو جۆرە پەیوەندیە کەمتر بووە لەگەل زانایانی ئاینی ئەهلی سوننە، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەلبیات وهەلس وکەوتی هەراجخانەی عەلمانی کورد، کە گەلێ جار خۆی وکورد تاوان باردەکا بێ ئەوەی کاردکەشی ئەنجام دابێ یان لێی سودمەند بووبێ، بەشە گرنگەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆلای زانایانی سونەی عەرەب، هەرچەندە ئەوزانایانە بەشدار نینە لەو مەینەتیەی بەسەر کورد هاتووە، بەڵکو هەلوێستیان بەراورد ناکرێ لەگەل لایەنە عەلمانی و ناشیونالیزمیە سونیەکانی عەرەب، بەلام گلەییەکە لەچاو ئیدیعای ئیسلامیان خەست دەبێتەوە، بەکورتی هاوکێشەیەك هەیە هەمو لایەکی پێ لە قەپان دەدرێ، ئەویش ئەوەیە هەتا فکری عروبی نەفامی زال تر بێت بەسەر هەر لایەن و پیکهاتەیەك ئەواهەلویستی بەرامبەرکوردخراپترەپیچەوانەشی بە پیچەوانەوە.

٤ ـ زۆر خالی بەراوردی تر کە لە ڕەوتی ئەو نوسینەمان باسمان کردوە

ڕێگای دەرباز

بۆ ئەوەی کورد بە مافی چارەنووسی بگات دەبێ:

١ ـ سنوری چوار وڵاتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێك بدات

٢ ـ بناماکانی سایکس پیکۆ، (عدم المس بالأرث الإستعماری) وبنەماکانی ئایزنهاور ..کە بە نەگۆڕ هاتوە هەمو تێك بدەی

٣ ـ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دەستکاری بکەی وتێکی بدەی

٤ ـ تێك دانی ئەونەخشەیەی وڵاتان کەدەقی پێوە گرتودو چەندین ڕێکەوتنی ئیقلیمی ودەوڵەتی نوێی لەسەر بینا کراوە. ئەوهەمو بەرژەوەندیە گەورە ئابووری وسیاسیبانەی لەسەر ئەو سەرخانە دروست بوە هەموی تێك بدەی

تێکدانی ئەو بنەما نێودەوڵەتیە گەورانە لە ئاستی هێزی کورددا نیە، هیچ چارەی نیە دەبێ هێزێکی ئیقلیمی و جیهانی وا بدۆزرێتەوە کە لە سروشتدا دژ بە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژێرخانی سایکس ـ بیکۆ (میراتی ئیستعماری و ئاسایشی نەتەوەی ئیسرائیل) بێت، بە کورتیەکەی ویفاقی ئیقلیمی و ویفاقی جیهانی لە قازانجی بزوتنەوەی کورد نیە، هەلەی ستراتیژی خەلکی ترلە قازانجی کوردە

کەواتە پرسیارێکی ستراتیژی لێرەوە سەر هەڵدەدا: ئاخۆ کورد سود لە ڕۆژئاوا وەرناگرێت؟ بەڵێ سود وەردەگرێت، بەڵام لەو کاتانە سود وەردەگرێت کە هەڵەی ستراتیژی دەکەن و پابەند نابن بەو بنەمایانەی: سایکس بیکۆ، (عدم المس بالأرث الاستعمار)، بنەماکانی ئایزنهاوەر، ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، مە بەستەکانی دروستبونی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست..واتە لە باری ئاسایی خۆی کورد سودی سیاسی لە ڕۆژئاوا وەرناگرێ، لەو کاتانە زیاتر لەکاتی مەینەت دەستی مرۆڤایەتی بۆ درێژ دەکرێ کەلەلایەن وڵاتانی بەناو موسوڵمان ئەوەندەش ناکرێ.

لەو بارەیەشەوە ئیسرائیل کەمتر ئەو هەڵانە دەکا، ئەگەر لەلای ئەمریکا هەیە هەروەك داگیرکردنی عێراق، کە بووە سود بۆ کورد و میللەتانی زۆرایەتی عێراق و بزوتنەوە ئیسلامیەکان و ئێرانی و... لێرەوە چەند کێشەیەکی زۆر گەورە ساغ دەبێتەوە:

١ ـ بۆ عەرەب ـ هەمو ئەو تۆمەتانەی برایانی عەرەب بۆ بزوتنەوەی کورد دایانتاشی گوایە ئەو بزوتنەوەیە دروستکراو و پاڵپشتکراوی ئیسرائیل و ڕۆژئاوایە، بوختانێکی زوڵم و پێچەوانەیە.

٢ ـ هەموئەوگرێکوێرەوبەربەستانەی پێش دەربازی کوردستان لەمەدرەسەکانی عەلمانی سەرچاوە دەگرێ

٣ ـ پێویستە بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەسەر ئەو ڕاستییە ستراتیژیانە پڕ بکەینەوە.

٤ ـ بۆ کورد ـ دۆست وناحەزی بزوتنەوەی کوردستان لەسەر ئەو بنەما زەبەلاحانە دروست دەکرێ، ئیسرائیل وڕۆژئاوا دۆستی ستراتیژی نین، ئەگینا تێنەگەیشتن ونەبونی نەخشەوپلانی ستراتیجە، بەڵکو سروشتی بزوتنەوەی کوردایەتی نزیکە لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان سەرەڕای سەلبیاتەکانیشیان، ئەوە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی ستراتیژیە پەیوەندی بە بیرو ڕاو بۆچوون نیە، ئەوە لەلایەك لەلایەکی تر مانای ئەوە نیە سەرکردایەتی دانای کورددەرگای ڕۆژئاوالەسەرخۆی داخا، با زانیاریە ستراتیژیانەی لابێ ئینجا هەڵس وکەوت لەگەڵ هەمو لایەك بکا

لەوەی سەروو بە بێ دوودڵی بۆمان دەردەکەوێ کە رزگاری یەکجاری کورد زۆر زەحمەتە، بەڵام مەحال نیە، رێگەی دەربازیشی لە رێی پرۆژە گەورەکانی جیهانی — ئاینیە.

هیزە ئاینیەکان ودەرباز:

ئێستا وەڵامی پرسیارەکەش لەگەل ئەوبەشە دەدەینەوە ئاخۆ ئەو دەستکەوتانەی بۆ کورد فەراهەم کراوە، لە فیدرالی و ١٧ ٪ ی داهاتی عیراقی و مادەی ١٤٠ و بونی یەکەم سەرۆك کۆماری کورد زۆری تر، زیاتر لەکام لاهات، لەو کورتە هەلسەنگاندنە دەرکەوت لەدانایی و زانایی کوردو لەلای ئەمریکا ولەلای هێزە عەلمانیەکان نەهاتووە، راستە هەریەکە لەوانە بەریژەی جیا کاریگەربووینە چ بە یارمەتیدەر چ بە پێچەوانە، ئەوەی لێی دلنیاین ئەو بارودۆخە ئیجابیەی ئێستا بۆ کورد هاتووە لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانیەی نێوان هەردوو حزبی کوردستانی (پ دك) و (ی ن ك) لەگەل لایەنە ئیسلامیەکانی عیراقی کردوویانە، هەرچەندە ئەو دوو حزبە لەپیش تریش و تا ئەو ساتە شەرمی بەو راستیانە هەیە، چونکە لەلایەك لە میژووی خۆی وایان را نەدەبینی کە لایەنی ئیسلامی خێر بێت بۆ کوردستان، بۆیە ئەوان ئامادە نەبون نەك بەرە هەر هاریکاری و پەیوەندی دیپلۆماسیش لەگەل لایەنە ئیسلامیەکان بکەن، لیرەدا دەردەکەوی کەلایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان چەندە بی ستراتیژیەتن هەتا ئەو ساتەش، دەبوایە ئەوان خاوەنی ئەو رێکەوتنانە بونایە، یاخود بەلای کەم ئەوان پردو نێوبژی نێوان هەردوو حزبی دەسەلاتی کوردی و لایەنە ئیسلامیەکانی عیراق بونایە، شانازیان بەوە بکردبایە هاوتای حزبە دەسەلاتدارە کوردیەکان لە عەلمانی و ناشیونالیزمی عیراقی ئامادە نیە دان بەهیچ مافیکی کورد بهینی، کەچی ئەوە لایەنە ئیسلامیەکانی عیراقیە بووینە هۆی بەدی هینانی مادەی ١٤٠ دەستور فیدرالی بوودجەی کوردستان بونی مام جلال بەسەرۆك کۆمار... هتد. ئەگەر بەووردی بەراوردی نێوان ئیسلامی و عەلمانی ئیران و تورکیاش بکەین بۆ بارودۆخی ئێستای کورد و رابوردوو هەمان سەرەنجامان دەست دەکەوی، هەلبەتە ئەوە مانای ئەوەنیە ئیسلامیەکانی ئەو ولاتانە بی عەیب بن، نەخیر، ئەوە بابەتمان نیە، بەلکو ئەوە تویژینەوەیەکی ستراتیژیی بەراوردیە لەنێوان چەمکەکانی چاك و

چاکتر خراپ و خراپتر ناحەزو ناحەزتر زۆر چاك و هەرەچاك... لەچوارچیوەی ستراتیژیەتی (ترتیب الاولویات - یان بەزمانی فقهی پێی دەڵێن فقه الموازنات)

ئەگەر ئەو دەسکەوتانە لەرێی ئەوانە هاتبێ ئەوە بەهەمان شێوەش لەگەل گرتنە بەری ئەو ستراتیژیە دەسکەوتی زیاتر بەدەست دێت تا دەگەیە چارەنوس.

مافی چارەنوسی بە دەولەت بوون :ئەگەر ئەو برایەتیە لە نێو عیراق نەهاتەدی هەمولایەك کۆکن لەسەر مافی چارەنوس بە پێی شەریعەتی ئیسلامی ویاسای نێو دەوڵەتی وسیاسەی دەولیش، لەڕاستیدا هەر سێ پای یاسای نێو دەوڵەتی دیارە کە کوردستان خاوەنی(هەرێم و گەل و دەسەلاتی سیاسی)ە، مەرجەکانی ئەندامیەتی لە بەشی دووی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان لەمادەکانی (٣-٦) هاتوە،ئەوەیان ڕوونە، کەچی ئەوەی دەگۆڕێ (سیاسەی دەولیە)،ئەوەیان کاریگەر ترە لە (یاسای دەولی)، سیاسەی دەولیش وەك (یاسای دەولی) چەسپاو نیە دەگۆڕێت، لەم دەموو دەستە دەتوانین بلێین مەبادینەکانی سیاسەی دەولی بۆ بەدەوڵەت بوونی کوردستان لەو هەنگاوانە خۆی دەنوێنێ:

- دروست کردنی نمونەیەکی جوان لە دەسەلاتی کوردی لە سەروەری یاسا و پیادەی دەستورو پرۆسەی دیموکراسی، هەلبژاردنی ئازادوڕاستەقینەو دەست گۆڕی دەسەلات، پاکی تۆمارگای مافەکانی (مرۆڤ و ئافرەت و ڕۆژنامە نوسی)، پێکەوە ژیانی لەگەڵ کەمایەتیەکان.
- پاراستنی سنورەکانی نیودەوڵەتی لەگەڵ دەوروبەر، وەك کیانێك نەبێتە هەڕەشە بۆسەر دەوروبەر کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکانی (بەندی حەوت)ی بۆ تەرخانکراوە وەك سزاو (مقاصدەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش) لەسەر بنیات نراوە.
- بتوانێ (مقوماتی) ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و تعلیمی و کۆمەلایەتی و...بسازانی بۆ دەوڵەت، لەدوای سەربەخۆ بوونی نەبێتە بار قورسی بۆ

(کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی) لە برسیایەتی و هەژاری و پیس کردنی ژینگە و پێ شێلی یاساو ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان.

- لەسەر ئەو بنچینانە بتوانی بەرژەوەندی تەوەرو بارستە نێو دەوڵەتیەکان لەگەڵ بەدەوڵەت بوون هاوتەریب بکەی.

ئەوە بەکورتی هەنگاوە گشتیەکانە، بەلاّم بۆ کوردستانی باشور هەنگاوی تایبەتیش هەیە، مادام باری سیاسی زۆر تایبەت و مەینەتیەکەی زۆر ئاڵۆز ترە لە میللەتانی ژێردەستەی تر.

کۆتایی

پوختەو دەرەنجام و پیشنیار

هەمو ئەو میژووەی نووسرایتەوە و لە توێژینەوە ئەکادیمیەکان و زانکۆکان دەخویندرین ووردو دروست نین، هەندێ ڕاستی تیایە بەلاّم وای لێ هەڵبژارداوە کە دیوە روناکەکانی فەرامۆش کراوە، کوردیش هەزاران سال نیە داگیر و دابەشکراو بیت، وەك لەو خالاّنەی خوارەوەی دەرەنجام بۆمان دەردەکەوێ:

١- هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان کەمێکی نەبی بەشەر نەبووە، کەمە شەڕەکانیش لەدەوروبەر بوە نەك لەناوجەرگەی کوردستان.

٢- میژووی ڕاستەقینەی کورد لە دوای شارستانی ئیسلام دەست پی دەکا.

٣- ئەو میژووە زیاتر رزگاری و سەربەخۆیی بووە، بەبەراورد لەگەل عەرەب زیاتر کورد سەربەخۆ بووینە.

٤- بەشیکی زۆر پیکەوە ژیانی کورد لەگەل ئیمپراتوریەکانی ناوچەکە لە چوار چیوەی ڕێکەوتنامە بووە.

٥- کوردیش نۆرەی خۆی بەزیادەوە لە دەسەلاّتی ئیسلامی کرد، بونی دەست گۆری دەسەلاّت لە چوار چیوەی نەژاد و نەتەوەکانی ئیسلامی وای کرد دەوڵەتی ئەیوبی بۆ کورد

دروست ببیت، ئەگەر ڕاست بیت ئەمەوی بۆ عەرەب و عوسمانی بۆ تورك و سەفەوی بۆ فارس بیت.

٦- لەوەتەی کورد هەیە نەچەوسایتەوە وەك دەگۆتری، یەکەم دابەش و داگیری کوردستانیش لە جەنگی چالدیرانی ١٥١٤ نەبووە، ئەو گوتارە سیاسیە دەبیتە هۆی ماف بزر کردن لە جەنگەلستەکانی میژوو، ڕاستیەکەی ئەوەیە سەرەتای مەینەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەترەی ١٩٠٨ ولەگەل جەنگی جهانی یەکەم (١٩١٤ — ١٩١٦) و دابەش کردنی میراتی خیلافەتی عوسمانی کەلە پەیاننامەی سایکس بیکۆی ١٩١٦ دەست پی دەکات تا پەیاننامەی لۆزانی ١٩٢٣ وبەکورتی و راشکاوی لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت و هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمی و نەخشەی مەزنی دەوڵەتی ئیسرائیل ئەو کێشەیە دروست بوو.

٧- بیری نەتەوەیی و کارکردن بۆ نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی لە لایەن تورك و عەرەب و کوردو هەمولایەك لەدوای ١٩٠٨ دەست پیٚ دەكا.

٨- بۆ ئەوەی مافی میللەتی کورد بزر نەبی پیویستە لایەنە کانی بەرپرس بەووردی دیاری بکەین ئەوە پیویست دەکا ئەو فەترەیە و خەسلەتەکانی دیاری بکەین، بەئاسانی لایەنەکان دیاری دەکریت، مەینەتی کورد لە و باروتۆخانەی خوارەوە دروست بوو:

أ- لەکۆتایی جەنگی جهانی یەکەم و لەگەل سەرکەوتنی هاوپەیانان بەسەرکردایەتی بەریتانیا و فرنسا بەسەر ولاٚتانی تەوەر کە سەرەکیەکەی ئەلمانیاو عوسمانی بوو .ب — سەرکەوتنی ئەتاتورك و ئەنقەرە بەسەر سوڵتان و ئەستەمبۆڵ.ج ـ سەرکەوتنی فکری نەتەوەیی و دەوڵەتی هاوچەرخ بەسەر فکری ئاینی و دەوڵەتی ئیمپراتۆری. د ـ سەرکەوتنی عەلمانیەت بەسەر شریعەتی ئیسلامی. ل — سەرکەوتنی پەیاننامەکان هاوپەیانان بەسەر شۆرشەکانی خەتابی مەهدیو مختارو شۆرشی شیخ محمود و بیستی خوارووی عیراق و... م — سەرکەوتنی نەخشەی دابەش جهانی ئیسلام بەسەرنەخشەی دارالاسلام و بیری جامعەی ئیسلامی.ل — سەرکەوتنی لۆزان بەسەر سیڤەر..... سەرکەوتنی نەخشە ریگەی عەلمانیەتی کورد بەسەر نەخشەی ریگەی زانایانی ئاینی کورد...

٩- ئەو بارو دۆخانە لەفەترەی ١٩٠٨ بۆ ١٩١٤ و بۆ ١٩١٦ و ١٩١٨ و بۆ ١٩٢٤ هاتنە کایەوە و ئەو وەرچەرخانانە روویدا، ئیتر دیایکردنی لایەنی بەرپرسیار مەدرەسەی بەرپرسیار.... بەسانایی دەردەکەوی.

١٠- هیزە هاوپەیانەکان و ئاژانسە بە تواناکانی یەهود ناوچەکەیان دابەش کرد بە کوردستانیشەوە، بە پی ی دوو ستاندەر: ا ـ بەرژەوەندی بالای ئیمپریالیزمی ب ـ بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی ئیسرائیلی داهاتوو. بۆیە دەستکاری ناوچەکە زۆر بەزەحمەت دەکری و یەکگرتنەوەی کوردستان لەو پەری زەحمەتیدایە، هەم لەبەر ئەوەی دابەشکراوە بەسەر چەند وڵاتێکی هاوسی هەم لەبەر ئەوەی یەکگرتنەوەی کوردستان و مافی چارە نووسی کورد دەبیتە هۆی دەست کاری نەخشەی سایکس بیکۆ و بەرژەوەندیە بالاکانی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل وکۆمەڵێك بەرژەوەندی ئالۆز..، کەواتە ئەگەر بەرپرسیاریەتی سەرهەلدانی مەینەتی کورد دەگەریتەوە بۆ بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئەوا بەردەوامیەکەی دەکەویتە سەر بەرژەوەندیەکانی رۆژ ئاوا و ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەکەش و فکری عروبی و رەگەزی وتۆرانی...

١١- بەپێی روون کردنەوەی خالی (٩) هەمو دەستەواژانەی ماوەیەکی دوور دریژە وەك توومەت دەدریتە پال کورد لەوانە: بزوتنەوەی کورد بە فیتی ئیمپریالیزم و زایۆنی یە، بەشێکە لە پیلانی دابەش، یاخی بون و جیاواز خوازیە... هەمو ئەوانە نەك هەلەو توومەتە بەلکو تەواو پیچەوانەیە.

١٢ ـ دەروازەکانی سەرکەوتن و رزگاربونی کورد ئەو هەنگاوەو پێچەوانانەیە کە لەو فەترەیە روویان دا.

١٣ ـ بەپی ی ئەو دەرەنجامانەی سەروو بزوتنەوەی کوردایەتی لەناوە رۆکدا بەسروشتی خۆی بەشیکە لە بزوتنەوەی رزگاری ناوچە(بەتایبەتی بزوتنەوە رزگاری خوازە راستەقینەکان لەوانەش بزوتنەوەی ئیسلامی)کەدژ بەو وڵاتۆکانەی دروست کراوان، دژ بە پیلانی دابەش ناوچەکەو ئەو سنورە دەستکردانەی کە ئیمپریالیزم و ئیسرائیل دروستیان کردوون.

چارەسەریەکانی:

بەپێی ی ئەو توێژینەوە، کێشەکانی دیایکران، دەرکەوت ئەو گەلالەی شیخ سعیدی پیران و سەرکردە ئاینیەکان هەتا ئەو ساتەش باش ترین گوزارشە لە و هەقە، هەم بنەمایەکی لوجیکێشە بۆ تیگەیاندنی میللەتانی تر بۆ ئەو کێشەیە، کە بریتیە لە: یان گێرانەوەی خیلافەت یان بۆکوردستانیش دەولەت، ماناکەی زۆر سادەو ماقولیشە واتە: یان ئەوەتە هەمو لایەك لە میللەتانی موسلمان تورك و عەرەب و فارس و... نیشتمانمان (دار الاسلام) بیت، نەتەوەکانمان ئوممەی ئیسلامی بیت، کەس خاوەنی دەولەتی نەتەوەیی و نیشتمانی تایبەتی نەبیت، ئەوا ئەو کاتی ئێمەی کوردیش داوای دەولەت و فیدرالی و مافی چارەنووس ناکەین، بەلام تۆ بلی ی من دەولەتم دەوێ وەك عەرەب و تورك و... بەلام نابی بۆ تۆ بیت، ئەوا زولمە، کێشەکە لیرە سەرهەلدەدا، واتە ئەو دەولەتانە کێشەن نەك کورد، ئەگەر تۆ دروشمی عروبی وتورکایەتی سەروەر بکەی، من لەنیوتان چی بکەم چ پەیوەندی بەمن هەیە...، ئەو کۆمەلە بنەمایەی سەرووی راڤەی ڕاستەقینەی دۆزی کوردە، هەم توخمی بنچینەی هەر پرۆژەیەکی کوردە بۆ چاکسازی رۆژ هەلاتی ناوەڕاست، لەژیر رۆشانایی ئەو بنەمایانە چارەسەریەکانی ئەوانەی خوارەوەیە:

١- چارەسەری ولاتانی داگیر کەر ـ لەسەرەتای دروست بونی ئەو دەولەتانە لەنیوان دوو دۆخدان لەگەل کورد: یان نکۆلیان لەبونی ئەو میللەتە مەزنە بەو میژووە دوورو دریژەو نەخشە سیاسی و جوگرافیەکەی کوردستانی کردووە، یاخود بە ئۆینبازانە لەژیردروشمی (برایەتی، جیاوازی نیە، هەمو هاولاتیان یەکسانن، ..) چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردیان کردووە.. بۆیە ئەو چارسەری و گەلالانەی داگیر کەران سەرکەوتوو نەبووە.

٢- لەبەر ئەوەی ئەو ولاتانە بە زۆری و لەژیر فەرمانی ئیمپریالیزم داگیر کراوە ئەوا پیویست بەوە دەکا جاریکی تر ئەو دەولەتانە بە ئارەزومەندانە دروست بکەینەوە بەشریکایەتی، ئەگینا ئەزموونی ئەو ٨٢ سالەی دەسەلاتی عیراقی بریتی بووە لە: نائارامی کوشتارو هیرش بۆ سەر کوردستان و ئەنفال و کیمیایی و لە کۆتایشدا

لەسێدارەدانی سەرۆك کۆمار.. ئەو دیمەنە دیسان دووبارە دەبێتەوە داهات و ماندووبونی خەڵکی عیراق بەفیرۆ دەروات، ئاواش بۆ تورکیاو ئێران وسوریاو..

٣- ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی پیکهاتەن، پێویستە هەمو لایەك دان بە ڕاستی و واقعی عیراق چۆنە ئاوا دانی پێ بهێنن، کە بریتیە لە:دەوڵەتێکی ناعەرەبی، دەوڵەتێکە ستونیەو پێکهاتوە لە ٣پیکهاتە، لە رووی هەرێم وگەلیشەوە پێك هاتوە لەدوو هەرێم ودوو میلەتی جیا بە سەرەکی، دەوڵەتی عیراق دروست کراوەو بەو شێوەیەی سەروو ئەوەش وا دەخوازی بەلایەن کەمەوە لەسەرەتای دارشتنەوە بەشیوەی (دیموکراسی تەوافوق) پێك بێن، وەك زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپا لەدوای سەرکەوتن و یەکتر قەبوول کردن ئینجا دەبیتە دەوڵەتی کەفائەی نیشتمانی، ئەگینا وەك ئەو ٨٠ ساڵەی رابووردوو لە گۆماوی توندو تیژی هەمو لەگەل هەمو نقوم دەبێتەوە

٤- یەکسەرپیادەی بنەمای هاولاتی بون (لەعیراقێك بەنمونە) سەرکەوتونیە، چونکە کۆمەڵگەیەکی ستونی و دەستورو ناسنامەی رەگەزی و بون بە ئەندام لە جامیعەی عربی و بونی مادەی دەستوری وەك عیراق بەشیکە لە ئومەی عربی، یاخود عیراق دامەزرینەری جامیعەی عربی یە.. ئەوا مانای وایە هاولاتی غەیرە عرب لەو ولاتە میوانە، پلە دووە، بنچینەیی نیە پاشکۆیە... هتد، تا ئێستا زیاتر ئەوە کێشە بووە، واتە لەولاتێکی وەك عیراق نەهاتووە (ناز)ی میللەتی کورد ڕاگری، کە دابەشکراوە و بەشیکی خراوەتە سەر عیراق، بەڵکو هەلساوە بە پیچەوانەی (ناز) هەوڵی داوە ناسنامەی بکوژێنتەوە و تەعریبی کردووە، هەروەها لەتورکیا ولاتانی تریش، ئیترلەو ٩٠ساڵەی ئەزمونی کوردستان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دووچاری: أ ـ لەونەخشەگەورەیەی کوردستان ئێستا بچوك بوتەوە بۆ نیوە ب ـ میلەتی کورد بە قورەیش العجم ناوزەد دەکرا ئێستا بە (یتاما المسلمین ناوزەد دەکرێ ج ـ پیشو ترین خەلکی کوردستان دەولەمەند ترینیان بون ئێستا کاریان حەمبالیی وهەژاریە د ـ لەروەکانی زانستی وئابوری وکۆمەلایەتی ودەروونی وفەرهەنگی..دواکەوتوە، خەریکە بلێین داگیرکاری عەقلی گشتیش تێك دەدا بەزەحمەت ستاندەر دەبێ، بۆیە پێش ئەوەی بنەمای(هاولاتی بون) بەچارەسەردابنرێتدەبێ بەقۆناغی(تطبیع)تێبپەرێ کەبریتیەلەلادان وناسایکردنەوەی ئەو هەمو زیانانەی کەباسمان کردن وبنەمای متمانەپەیرەو بکرێ

٥ ـ باش ترین و دادگەری ترین چارەسەر بە پێ ی واقیعی ئێستا مافی چارەنووسی میللەتی کوردستان بەدەستی خۆی کە لەمادەی (١) و مادەی (٥٥) ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان تۆمار کراوە، هەروەها بڕیارەکانی: ژمارە ١٥١٤ خولی(١٥)لە١٤/دیسمبر/١٩٦٠، بڕیاری ژ:٢١٠٥ خولی (٢٠) لە١٩٦٥ز، بڕیاری ژ:٢٦٢٥ خولی ٢٥ لە٢٤/ئۆکتۆبەر/١٩٧٠، بڕیاری ژ:٣٠٧٠ خولی٢٨لە ١٩٧٥، هەروەهابڕیاری ٣٣١٤سالی ١٩٧٤

لەهەمان ئەنجوومەن دەرچووە، ئینجا پێشوو تریش ئەو مافە لە جامعەی ئیسلامی و لە ١٤ خالەکەی ویلسون و لە بنەماکانی شۆرشی ئۆکتۆبەرو شۆرشەکانی پێشوی ئەمریکی ١٧٧٦[٤١٠] و فرنسا ١٧٨٩ هاتووە، میللەتی کورد و نیشتمانی کوردستانیش بەروونی دەکەویتە چوار چیوەی یاسایی ئەو مافە، مادام پەیوندەیەکی میژوویی و یاسایی و سیاسی لەنێوان (کوردستان، هەریم، نیشتمان) لەگەل (کورد، گەل، نەتەوە) هەیە، هەروەها دەسەلاتەکانی سیاسی کۆن و شۆرش و حکومەتی هەریمی ئێستاش چاکترین بەرجەستەی دەسەلاتی سیاسیە لەسەر ئەو هەریمە، بەوەش هەرسێ پای یاسایی نیو دەوڵەتی بۆ بەدەوڵەت بونیکی سەربەخۆی کوردستن پیشان دەدا.

[٤١٠]ـ لە دەقی جاری سەربەخۆیی ئەمریکا ئەو دوو مادەیەی تیا هاتبوو- إعلان الاستقلال امریکا ٤ یولیو عام ١٧٧٦م: نحن نعتبر هذه الحقائق بدیهیة:١- إن الناس جمیعًا خلقوا متساوین، وإن خالقهم حباهم بحقوق لایجوز الافتئات علیها، وإن من هذه الحقوق حق الحیاة، والحریة، والسعي وراء السعادة. ٢-وإنّه تأمینًا لهذه الحقوق، فقد أنشأت الحکومات مستمدة سلطاتها العادلة من موافقة المحکومین.

پاشكۆكان

پاشكۆی ژ: ١ (بەشێك)لە لائیحەی ئینتدابی بەریتانیا بەسەر فەلەستین

أعلن مشروعه من قبل عصبة الأمم المتحدة بتاريخ ٦ يوليو ١٩٢١ وصودق عليه في ٢٤ يوليو سنة ١٩٢٢ ووضع موضع التنفيذ في ٢٩ سبتمبر

مجلس عصبة الأمم

ولما كانت دول الحلفاء قد وافقت على أن تكون الدولة المنتدبة مسؤولة عن تنفيذ التصريح الذي أصدرته في الأصل حكومة صاحب الجلالة البريطانية في اليوم الثاني من شهر تشرين الثاني قد وافقت أيضا على أن تكون الدول المنتدبة مسؤولة عن تنفيذ التصريح الذي أصدرته في الأصل حكومة صاحب الجلالة البريطانية في اليوم الثاني من شهر تشرين الثاني سنة ١٩١٧ وأقرته الدول المذكورة لصالح إنشاء وطن قومي لليهود في فلسطين

لذلك فان مجلس عصبة الأمم بعد تأييده الانتداب المذكور يحدد شروطه ونصوصه بما يلي:

المادة الثانية: تكون الدولة المنتدبة مسؤولة عن وضع البلاد في أحوال سياسية وإدارية واقتصادية تضمن إنشاء الوطن القومي اليهودي وفقا لما جاء بيانه في ديباجة هذا الصك وترقية مؤسسات الحكم الذاتي وتكون مسؤولة أيضا عن صيانة الحقوق المدنية والدينية لجميع سكان فلسطين بقطع النظر عن الجنس والدين.

المادة الرابعة: يعترف بوكالة يهودية ملائمة كهيئة عمومية لإسداء المشورة إلى إدارة فلسطين والتعاون معها في الشؤون الاقتصادية والاجتماعية وغير ذلك من الأمور التي قد تؤثر في إنشاء الوطن القومي اليهودي ومصالح السكان اليهود في فلسطين ولتساعد وتشارك في ترقية البلاد على أن يكون ذلك خاضعا دوما لمراقبة الإدارة.

يعترف بالجمعية الصهيونية كوكالة ملائمة ما دامت الدولة المنتدبة ترى أن تأليفها ودستورها يجعلانها صالحة ولائقة لهذا الغرض ويترتب على الجمعية الصهيونية أن تتخذ ما يلزم من التدابير بعد استشارة حكومة صاحب الجلالة البريطانية للحصول على معونة جمع اليهود الذين يبغون المساعدة في إنشاء الوطن اليهودي.

المادة الثامنة والعشرون:في حالة انتهاء الانتداب الممنوح للدولة المنتدبة بموجب هذا الصك يتخذ مجلس عصبة الأمم ما يراه ضروريا من التدابير لصون استمرار الحقوق المؤمنة بموجب المادتين ١٣، ١٤ على الدوام بضمان العصبة ويستعمل نفوذه لان يكفل بضمان الجمعية احترام حكومة فلسطين للالتزامات المالية التي تحملتها إدارة فلسطين بصورة مشروعة في عهد الانتداب احتراما تاما وفي جملة ذلك حقوق الموظفين في رواتب التقاعد والمكافآت.

لەسان ریمۆ ۲۵/٤/۹۲۰ بریاری لەسەردرا عێراقیش لە۳/٥/۹۲۰ پێی قایل بوو

صك الانتداب البريطاني على العراق

بناء على نص المادة (١٣٢) من معاهدة الصلح، الموقع عليها في (سيفر)، في اليوم العاشر من شهر أغسطس سنة ١٩٢٠، التي بموجبها تنازلت تركية عن كل حقوقها وتملكها في العراق، إلى الدول المتحالفة الرئيسية" وبناء على المادة (٩٤) من تلك المعاهدة، التي بموجبها قررت هذه الدول الكبرى، وفقاً للفقرة الرابعة من المادة (٢٢)، من الفصل الأول (عهد جمعية الأمم)، بأن تعترف بالعراق دولة مستقلة، يشترط عليها قبول المشورة الإدارية والمساعدة من قبل منتدب، إلى أن تصبح قادرة على القيام بنفسها وحدها" وإن تحديد تخوم العراق، سوى ما هو مقرر في المعاهدة المذكورة، واختيار المنتدب، تتفق عليه الدول الرئيسية المتحالفة" وبما أن الدول المتحالفة الرئيسية قد اختارت صاحب الجلالة البريطانية، منتدباً من قبلها على العراق، وبما أن شروط الانتداب الآتي ذكرها، رفعت إلى مجلس جمعية الأمم، للمصادقة عليها، وبما أن صاحب الجلالة البريطانية، قد قبل أن يكون منتدباً على البلاد المذكورة، وتعهد بذلك، بالنيابة عن جمعية الأمم، طبقاً للمواد الآتية لجمعية الأمم ـ توافق على شروط هذا الانتداب، كما يلي:

المادة الأولى: للمنتدب أن يضع، في أقرب وقت، لا يتجاوز ثلاث سنين من تاريخ تنفيذ الانتداب، قانوناً أساسياً للعراق، يعرض على مجلس جمعية الأمم، للمصادقة" فينشره سريعاً. وهذا القانون، يسن بمشورة الحكومة الوطنية، ويبين حقوق الأهالي الساكنين ضمن البلاد ومنافعهم ورغائبهم، ويحتوي على مواد تسهل تدرج العراق وترقيته، كدولة مستقلة. وفي الفترة، قبل العمل بالقانون الأساسي، تجري إدارة العراق طبقاً لروح الانتداب.

المادة الثانية: يحق للمنتدب أن يحفظ قوة عسكرية في البلاد، الواقعة ضمن هذا الانتداب، لأجل الدفاع عنها. وإلى أن ينفذ القانون الأساسي، ويوطد الأمن العام، له أن يؤلف جيشاً محلياً، لتأييد الأمن والدفاع عن البلاد، يجنده من الأهالي القاطنين في البلاد. ويكون هذا الجيش مسؤولاً لدى الحكومة المحلية، وخاضعاً دائماً للمشارفة (للسلطة)، التي يتولاها المنتدب على هذا الجيش. ولا يجوز للحكومة العراقية، أن تستخدم هذا الجيش في سبيل آخر، غير ما ذكر سابقاً، إلاّ بموافقة المنتدب. ولا يحول شيء بما هو مذكور في هذه المادة ومن اشتراك الحكومة المحلية في مصرف أي جيش كان يقيمه المنتدب على العراق. ويحق للمنتدب، في كل وقت، استعمال الطرق والسكك الحديدية والمراسي في العراق، لتحريك القوات المسلحة، ونقل الوقود والأرزاق.

المادة الثالثة: يفوض المنتدب بإدارة علائق العراق الخارجية، وبالحق بإصدار التفويض للقناصل، الذين تعينهم الدول الأجنبية فيه. وكذلك، يكون له الحق بفرض الحماية، السياسية والقنصلية، على رعايا العراق في البلدان الأجنبية.

المادة الرابعةعلى المنتدب تبعة الاحتفاظ بالأراضي العراقية. فلا يتنازل عنها، ولا تؤجر، ولا توضع تحت سلطة دولة أجنبية.

المادة الخامسة: يلغى بتاتاً، في العراق، إعفاء الأجانب وامتيازاتهم في المصالح الناتجة عن المحاكم، القنصلية والجنائية، التي كانوا يتمتعون بها، نظاماً أو عرفاً، في السلطنة العثمانية.

المادة السادسة: تكون الدولة المنتدبة مسؤولة عن إيجاد نظام قضائي في العراق، يضمن: ١ مصالح الأجانب. ٢ والقوانين ـ ولحد ما يرى أنه من المناسب ـ الاختصاص القضائي القائم الآن فعلاً في العراق، فيما يتعلق ببعض المعتقدات الدينية، كأحكام الوقف والأحوال الشخصية. وتوافق الدولة المنتدبة، على الأخص، بأن تكون السيطرة على الأوقاف وإدارتها جارية طبقاً للشريعة وإرادة الواقفين.

المادة السابعة: ريثما تعقد معاهدات خاصة مع الدول الأجنبية، فيما يمس العراق، من تسليم المجرمين الفارين إليه، يعمل بالمعاهدات الحاضرة بين المنتدبين والدول الأجنبية.

المادة الثامنة: يؤمن المنتدب للجميع حرية الوجدان التامة، وحرية العبادات، في كل هيئاتها وأشكالها، بشروط ألاّ يخل ذلك بالأمن العام والآداب. ولا تميز فئة على أخرى في العراق، بسبب جنسية أو دين أو لغة. والمنتدب يسجل التعليم بلغات العراق الوطنية، ولا ينكر على فئة حقها، ولا تضار في تأييد مدارسها الخاصة بتعليم أبنائها لغتها الخاصة، على شرط انطباق ذلك على مقتضيات التعليم، التي ترسمها الحكومة.

المادة التاسعة: لا يجوز أن يؤول شئ بما ذكر في هذا الانتداب، لأنه يمنح المنتدب حق التدخل في مباني أو إدارة العتبات المقدسة، التي تبقى صيانتها مكفولة.

المادة العاشرة: على المنتدب أن يراقب أعمال المبشرين في العراق، حسبما تقتضيه الحالة، لتوطيد الأمن العام، وحسن إدارة الحكومة. وفيما سوى ذلك، لا تؤخذ وسيلة ما من الوسائل، لمعارضة تلك الأمور والمداخلة فيه" ولا تميز فرقة على أخرى، بسبب مذهب أو جنسية.

المادة الحادية عشرة: على المنتدب أن يمنع، في العراق، التمييز بين رعايا أية دولة أخرى، في كل ما هو متعلق بالضرائب والتجارة والصناعة والفنون، أو في معاملة السفن التجارية والطيران الملكي. وكذلك، لا يكون تمييز، في العراق، بين البضائع الصادرة عنه إلى أية دولة، أو الواردة إليه منها. وتكون حرية النقل تامة في كل البلاد، بشروط عادلة. وفيما سوى هذا، فللحكومة العراقية الحق ـ بعد استشارة المنتدب، أن تضرب الضرائب والرسوم الجمركية، كما تقتضي، وأن تتخذ أحسن الوسائل لاستثمار موارد البلاد الطبيعية، وتأمين منافع الأهالي. ولا يحول شيء بما في هذه المادة، دون حق الحكومة العراقية، بعد مشورة المنتدب، بعقد وفاق جمركي مع أية دولة، كانت كلها، في سنة ١٩١٤ ميلادية، داخلة في تركيا الآسيوية، أو جزيرة العرب.

المادة الثانية عشرة: يوافق المنتدب، بالنيابة عن العراق، على المعاهدات الأممية، المتبعة الآن، أو التي يصير عقدها فيما بعد، بمصادقة جمعية الأمم، في كل ما هو متعلق بالنخاسة، أو تجارة الأسلحة، أو العقاقير المخدرة، أو للمساواة التجارية، أو حرية النقل للملاحة الجوية والسكك الحديدية والبريد والبرق واللاسلكي، والملكيات الفنية والأدبية والصناعية.

المادة الثالثة عشرة: يضمن المنتدب موازرة الحكومة العراقية، ما سمحت له الأحوال، الدينية والاجتماعية، على تنفيذ السياسة العامة، التي تتخذها جمعية الأمم، لمنع الأمراض ومحاربتها، شاملاً ذلك أمراض النبات والحيوان.

المادة الرابعة عشرة: يضمن المنتدب، في أثناء اثني عشر شهراً من تاريخ العمل بهذا الانتداب، أن يسن نظاماً للآثار العتيقة، ويجري بموجبه، طبقاً على ما في المادة (٤٢١) من الفصل الثالث عشر، من المعاهدة التركية، عوضاً عن نظام الأثريات التركي. ويكفل المساواة في كل ما له مساس بالتحريات الأثرية، بين كل رعايا الدول، التي هي أعضاء في جمعية الأمم.

المادة الخامسة عشرة: بعدما ينفذ القانون الأساسي، يعقد اتفاق بين المنتدب والحكومة العراقية، على الشروط، التي بموجبها تتسلم الأخيرة الأعمال العمومية، والأشغال الدائمة، التي يرجع منافعها إلى الحكومة العراقية. ويعرض هذا الاتفاق على مجلس جمعية الأمم.

المادة السادسة عشرة: لا شيء مما في هذا الانتداب، يمنع المنتدب من تأسيس حكومة مستقلة إدارياً، في المقاطعات الكردية، كما يلوح له

المادة السابعة عشرة: يرفع المنتدب، كل سنة، إلى مجلس جمعية الأمم، بياناً بالأعمال المتخذة في تلك السنة، لتنفيذ الانتداب، ويرفقه بنسخ من كل الأنظمة والأوامر، الصادرة في تلك المدة.

المادة الثامنة عشرة: يقتضي رضا مجلس جمعية الأمم، لتعديل شروط هذا الانتداب، على شرط أنه إذا اقترح المنتدب تحويراً، يكفي للعمل به، أن ينال رضا أكثرية المجلس.

المادة التاسعة عشرة: إذا وقع اختلاف بين أعضاء جمعية الأمم، على تأويل أو إجراء مواد هذا الانتداب، ولم يمكن تسويته بالمفاوضات، فيرفع إلى محكمة العدل الدولية الدائمة، المذكورة في المادة (١٤) من عهد جمعية الأمم.

المادة العشرون: عندما ينتهي الانتداب الممنوح بهذا التصريح، يتخذ مجلس جمعية الأمم التدابير اللازمة، لجعل الحكومة العراقية، بكفالة الجمعية، تدفع كل المصاريف القانونية، التي صرفها المنتدب، مع حقوق الموظفين بالمكافأة ومعاش التقاعد.

تحفظ هذه النسخة في خزانة جمعية الأمم. ويرسل كاتب سر الجمعية نسخة رسمية إلى كلٍ من الدول، الموقعة في معاهدة الصلح مع تركيا.

پاشكۆی ژ:٣

ميثاق الوحدة العسكرية بين سوريا والعراق بغداد - دمشق ١٩٦٣/١٠/٨

لما كانت الوحدة العربية هدفا أساسيا من اهداف ثورتي الرابع عشر من رمضان والثامن من اذار، ولما كانت وحدة المنطلق والمشينة والمصير بين الثورتين التي جعلت منهما في الحقيقة ثورة واحدة قومية عربية اشتراكية شعبية تلقي عليهما مسؤولية المبادرة في اتخاذ الخطوات العملية لارساء قواعدة الوحدة المنشودة، وبما ان التهديدات الاستعمارية والصهيونية آخذة بالازدياد نتيجة لاندحار الرجعية العربية، وانتصار الاتجاه الثوري الشعبي في كل من سوريا والعراق، وبما ان ثورتي الرابع عشر من رمضان والثامن من اذار مسؤوليتان ليس فقط عن الدفاع عن المكتسبات الثورية في كل من القطرين، بل ان هويتهما الوحدوية التحررية تفرض عليهما ايضا الدفاع عن كافة اجزاء الوطن العربي في وجه الاخطار المحيطة به، ولما كانت وحدة الجيش حلقة هامة في طريقة الوحدة الكاملة، وبناء على ما ورد في البيان المشترك الصادر في دمشق عن وفدي الجمهورية العراقية والجمهورية العربية السورية في الثامن من ايلول ١٩٦٣، وبناء على الاتصالات التي جرت في دمشق وبغداد، ونتيجة للزيارة التي قام بها الوفد العسكري العراقي برئاسة وزير الدفاع الى دمشق بتاريخ الثامن والعشرين من ايلول عام ١٩٦٣. فقد تم الاتفاق على ما يلي:

اولا: اعلان الوحدة العسكرية بين القطرين العراقي والسوري، وتشمل كافة القوات المسلحة للجمهورية العربية السورية، والجمهورية العراقية.

ثانيا: تشكيل مجلس دفاع اعلى مؤلف من القائد العام للقوات المسلحة للجيش الموحد، وثلاثة أعضاء من كل قطر يعينهم المجلس الوطني لقيادة الثورة.

ثالثا: تعيين الفريق الركن صالح مهدي عماش وزير الدفاع العراقي قائدا عاما للقوات المسلحة.

رابعا: تكون دمشق مقرا للقيادة العامة. والمجلسان الوطنيان لقيادة الثورة في العراق وسوريا اذ يعلنان للشعب العربي قيام الوحدة العسكرية بين القطرين يدعوان الدول العربية الشقيقة الاخرى للانضمام اليها، ويؤكدان تصميمهما على العمل من اجل تحقيق الوحدة العربية الشاملة مبتدئة بالاقطار العربية المتحررة.

پاشكۆی ژ:٤

سكالاكەی سۆڤیەت وبرپارەكەو وەلامی عێراق١٩٦٣

-١-

مذكرة مقدمة من البعثة السوفيتية حول سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل حكومة الجمهورية العراقية

ترتكب الحكومة العراقية في هذه الايام جريمة حرب ابادة الجنس الشري ضد الشعب الكردي في العراق.

تقوم الحكومة العراقية بارتكاب جريمة حرب الابادة الشاملة ضد الشعب الكردي.في ٦ حزيران ١٩٦٣ بدأت الحكومة العراقية حملة عسكرية مكثفة ضد الكرد الذين يشكلون ربع سكان البلاد. تشمل حرب الابادة التي تشنها الحكومة العراقية ضد الكرد اراضي شاسعة من المنطقة الشمالية حيث تقوم الطائرات العسكرية والدبابات ووحدات من الدروع والمدافع بقصف عشوائي وشامل للمدنيين الابرياء في القرى الكردية. ترتكب القوات الحكومية في حربها هذا المذابح

الجماعية وسياسات قمعية ضد الكرد. كانت حصيلة الايام الاولى من القصف الجوي هي تدمير ٢١ قرية وقتل ١٥٠ من الاطفال والنساء.

تتعرض الشعب الكردي لهذه الأعمال البربرية لا لذنب الا لنضالهم المتواني من اجل تحقيق حقوقهم القومية المشروعة. تستند المطالب الكردية العادلة الى مبدأ حق تقرير المصير للشعوب وحق جميع الشعوب بأن تحترم حقوقهم وامانيهم القومية وتعترف بها.

حاول الشعب الكردي ولا يزال تحقيق اهدافه القومية بطرق سلمية وأجرت لهذا الغرض مفاوضات مع الحكومة العراقية. اضافة الى ذلك، لا تشكل المطالب الكردية مطالب انفصالية وانهم يريدون فقط الحكم الذاتي ضمن الجمهورية العراقية.

وقف الشعب الكردي في السابق ولا تزال مع الشعب العربي في الكفاح ضد السياسات الامبريالية القمعية لتحقيق الاستقلال الوطني. بعد أن ربط الكرد مستقبلهم بالعرب شاركوا مشاركة فعالة في ثورة تموز ١٩٥٨ لأسقاط النظام الرجعي في بغداد.

ولكن رغم ذلك، ففي سعيه لتثبيت دكتاتوريته قام عبدالكريم قاسم خلال ١٨ الأشهر الماضية بشن حملة عسكرية لقمع الحركة الكردية بقوة السلاح. وكنتيجة للقصف الجوي التي تقوم بها القوات الحكومية للقرى الكردية قتل لحد الان ٣٠٠٠ شخص ونزوح ١٢٠ ألف من قراهم المدمرة. وفي نفس الفترة دمرت القوات الحكومية ١٥٠ قرية ومدنيتين صغيرتين كأجراءات عقابية ضد الكرد.

تسير الحكومة الحالية على خطى الحكومة السابقة. رغم أن الحكومة الحالية ادانت سياسة الحكومة السابقة تجاه الكرد وتعهدت بحل المسألة بطرق سلمية و الأعتراف بالحقوق القومية للكرد، الا أنها عادت بعد فترة من المفاوضات مع قيادة الحركة الكردية لرفض ابسط الحقوق القومية الكردية. يبدو ان الحكومة الحالية لم تدخل المفاوضات بحسن النية استعملت الحومة المفاوضات مع قادة الحركة الكردية لكسب الوقت لتعزيز سلطته وارسال المزيد من القوات الى المنطقة الكردية.

ان هذه السياسة الخادعة هي نموذج للسياسات التي تتبعها الحكومة تجاه الكرد. ان المذابح الدموية التي ترتكبها الحكومة حاليا ضد الكرد هي سياسة حرب ابادة الجنس البشري: فهي سياسة تهدف على القضاء الكامل و المنظم على فصيلة اثنية من الشعب العراقي. لهذا السبب يلفت بعثة الاتحاد السوفيتي نظر المجلس الى بنود المادة٦٢ من ميثاق الامم المتحدة وقرار الجمعية العمومية رقم ٩٦(١) والصادر في ١١كانون الأول ١٩٤٦ الخاص بجريمة حرب ابادة الجنس البشري. تشكل السياسة الحكومية تجاه الكرد حرب ابادة للجنس البشري وخرقا للقانون الدولي وروح ميثاق الامم المتحدة ويجب أن تحظ بأهتمام دولي. كما نلفت نظر المجلس الى قرار الجمعية العمومية الصادر في عام ١٩٤٨ والخاص باتفاقية حضر ابادة العنصر البشري واعتبارها جريمة تستوجب العقوبة لمرتكبيها. فبما أن الحكومة العراقية وقعت مع ٧٣ دولة اخرى على الاتفاقية المذكورة، فانها في اختراق واضح لبنود هذه الاتفاقية بارتكابها حرب ابادة ضد الكرد.

"تنص الاتفاقية لحضر حرب الابادة على حق الدول الموقعة عليها ان تطالب المنظمات المعنية التابعة للامم المتحدة لأتخاذ الاجراء المناسب لوقف ومعاقبة جريمة حرب ضد الطرف الذي يقوم بخرق بنود الاتفاقية" علما ان الجمعية العمومية هي الطرف الراعي للاتفاقية المذكورة والتي تبنتها المجلس الاقتصادي والاجتماعي داخل الامم المتحدة.

كما تلفت بعثة الاتحاد السوفيتي نظركم الى كون احد أهداف المجلس الاقتصادي والاجتماعي في الامم المتحدة واستنادا الى ميثاق الامم المتحدة هو تقديم التوصيات الخاصة بتحسين واحترام حقوق الانسان والحريات الاساسية.

لهذا لا تستطيع المجلس الاقتصادي والاجتماعي تجاهل ما تجري في كردستان العراق. ان المجلس مدعوة الى ادانة اعمال الحكومية العراقية وتطالبها بوقف حرب الابادة الشنيعة الجارية هناك.

تؤكد البعثة السوفيتية بأن القضية لم تعد مسألة داخلية عراقية وانما قضية دولية تحكمها مجموعة من الاتفاقيات الدولية التي وافقت عليها الامم المتحدة. لذلك تلح البعثة السوفيتية بأن حرب الابادة الشاملة ضد الكرد مسألة يجب أن تدرج في جدول أعمال المجلس الاقتصادي والاجتماعي.

لذلك تقدم البعثة السوفيتية مسودة قرار ملحق بهذه المذكرة للنظر اليه بهذا الصدد.

-٢-

المجلس الاقتصادي والاجتماعي للأمم المتحدة　　　الجلسة السادسة والثلاثون

مسودة قرار مقدمة من البعثة السوفيتية حول سياسة حرب الابادة ضد الكرد من قبل حكومة الجمهورية العراقية

المجلس الاقتصادي والاجتماعي –الامم المتحدة

تنظر الحكومة السوفيتية بقلق بالغ الى قيام حكومة الجمهورية العراقية بشن حملة عسكرية ضد الكرد في شمال العراق .وبما ان هذا الحرب حرب شاملة وتستهدف وجود الكرد وانه بطبيعته حرب الابادة

انها تدين وبشدة هذه الاجراءات التي تقوم بها الحكومة العراقية والتي تعد خرقا واضحا بنود المادة٦٢ من ميثاق الامم المتحدة وقرار الجمعية العمومية رقم ٩٦(١) والصادر في ١١كانون الأول ١٩٤٦ الخاص بجريمة حرب ابادة الجنس البشري والمباديء الانسانية العامة والاعراف الدولية ،

وبما أن العمليات العسكرية الجارية ضد الكرد تعتبر خرقا لقرار الجمعية العمومية الصادر في عام ١٩٤٨ والخاص باتفاقية حضر ابادة العنصر البشري واعتبارها جريمة تستوجب العقوبة وان العراق من أحد الدول الموقعة على تلك الاتفاقية ،

تطلب و بالحاح من حكومة الجمهورية العراقية الوقف الفوري لجميع العمليات العسكرية ضد الشعب الكردي.

-٣-

مجلس الامن –الامم المتحدة

التداول العام　S/٥٣٤٦　١٠-تموز-١٩٦٣　النسخة الاصلية

رسالة من مندوب العراق الدائم في الامم المتحدة الى رئيس مجلس الامن ،١٠تموز ١٩٦٣

اشارة الى الوثيقة رقم S/ ٥٣٤٥ المؤرخ ٩ تموز والتي تحتوي على رسالة معنونة الى رئيس مجلس الامن الدولي من المندوب الدائم للاتحاد السوفيتي في المجلس ، يشرفني ،وبتوجيهات من حكومتي ، ان أدلي التصريحات التالية حول المسالة :

ان حكومة الجمهورية العراقية تستنكر وبكل شدة التدخل السافر للحكومة السوفيتية في الشؤون الداخلية العراقية. في الحقيقة ان التصريحات الاخيرة الصادرة من الحكومة السوفيتية تعتبر خرقا صريحا لمبدأ مهم من ميثاق الامم وهو عدم التدخل في الشؤون الداخلية للدول الاعضاء ، والتي سبق وان وعد الاتحاد السوفيتي بأحترامه وتشدق به في عدة مناسبات.

ان الادعاء بوجود حرب ابادة ضد الكرد في الشمال لا اساس لها على الاطلاق.تشن العمليات العسكرية في منطقة محدودة وموجهة اساسا ضد زمرة من الخونة من الخارجين على القانون والمدعومين من الخارج لتمزيق وحدة العراق ارضا وشعبا.

كما ان الأدعاء السوفيتي بأشتراك قوات غير عراقية في العمليات العسكرية ضد الكرد في شمال العراق لا أساس لها من الصحة اطلاقا ولذلك نرفض الادعاء السوفيتي بأشتراك القوات والطائرات السورية في شمال العراق. ان التدخل الاجنبي الوحيد في الشؤون العراقية هو التدخل الروسي ممثلة بجلبها مسألة داخلية عراقية بحتة امام منظمات الامم المتحدة. اضافة الى ذلك نرى في الاونة الاخيرة قيام وسائل الاعلام السوفيتية والدول الاشتراكية الحليفة بتحريض المتمردين الخونة بحمل السلاح ضد الحكومة التي سبق وأن أعترفت بها.

ان التدخل السوفيتي في الشؤون العراقية كما يجسده رسالة مندوبه الدائم للأمم المتحدة هو تهديد صريح لأستقلال ووحدة اراضي العراق .وان استمرار التدخل السوفيتي هذا رغم تعبير العراق عن رغبتها لتمتين اواصر الصداقة مع الاتحاد السوفيتي يسبب الكثير من القلق والاستهجان في الاوساط العربية التي تلقت نبأ هذا الموقف العدائي بكثير من الاستغراب .كما يشكل هذا التدخل تهديدا خطيرا للسلام والأمن الدوليين. لذلك نأمل ان تقوم الاتحاد السوفيتي بالوقف الفوري لهذا التدخل في الشؤون العراقية ويحترم بنود ميثاق الامم المتحدة التي تنص الحفاظ على وحدة اراضي و السيادة الداخلية للدول الأعضاء.

المخلص　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　　ترقيع: عدنان الباججي

پاشكۆی ژ:٥

ئەو نەخشەیەی لە سەردەمی بابلیەكان كێشراوە ئەناوی عێراقی تیایە نە پەیوەندی بە عێراق هەیە.

ناوەرۆك

ژ	سەرەباس	لا
١	هەولێر ٢٠١٢ پێشەكی سەنتەر(١)	٤
٢	چاپی دووەم: بەناوی خودا	٦
٢	پێشەكی پێداچوونەوە(٢)	٧
٤	پێشەكی نوسەر (٣)	١١
٥	دەروازەی كوردۆلۆژی	١٢
٦	بەشی یەكەم: مێژووی سیاسی كورد	٢٠
٧	دەسەڵاتی كورد لە پێش ئیسلام:	٢٢
٨	لە سەردەمی ئیسلام:	٢٨
٩	بەشی كورد لەشارستانی ئیسلام:	٣٣
١٠	دەسەڵاتی كوردی و عوسمانی:	٣٥
١١	دەسەڵاتی كوردی و عوسمانی:	٣٨
١٣	سەرەتای كێشەی كورد:	٤٢
١٤	بیری نەتەوایەتی و كوردایەتی	٥٧
١٥	سەرەتا یەكی كوردایەتی (كوردو عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەكەم)	٦٢
١٦	بەشی دووەم: كوردایەتی ومەینەتی كورد	٧٠
١٧	كورد لە ململانێ ی (ئەنقەرەی عەلمانی) و (ئەستەمبوڵی ئاینی):	٧٣
١٨	خشتەی بەراوردعەلمانی تورك وعوسمانی سەبارەت بەكورد	٨٢
١٩	سەرە نجامی ململانێ ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ	٨٣
٢٠	مناقەشەكەی هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت:	٨٦
٢١	كورد لەو وەچەرخانە زەرەری بوو یان قازانج؟	٨٨
٢٢	لەخیلافەت بۆ عەلمانیەت لەسێڤەر بۆ لۆزان:	٩٣
٢٣	هەڵوێستی كورد	٩٦
٢٤	بەشی سێیەم: لەمەینەتیەكەوە بۆ مەینەتیەكی تر	١٠٣
٢٥	دەوڵەتی عێراقی لە پلانی نێو دەوڵەتی:	١١٣
٢٦	دروست بونی دەوڵەتی عیراقی:	١١٩
٢٧	مەینەتی كورد لەدروستبونی دەوڵەتی عێراق	١٢٤
٢٨	كەواتە كوردستان چی بەسەرهات؟	١٤٨
٢٩	بەشی چوارەم: هۆی راستەقینەی بە دەوڵەت نەبونی كورد	١٥٢

٢٠	هۆیە یارمەتیدەر ویارمەتینەدەرەكان بۆ بە دەوڵەت نەبونی كورد	١٦٧
٣١	نەگەرەكان و چارەنوسی كورد :	١٦٨
٣٢	بەردەوامی مەینەتیەكەی (بەدەوڵەت نەبون) لەئەستۆی كێ یە :	١٧١
٣٣	هۆیەكانی ئالۆز بونی كێشەی كورد	١٧٥
٣٤	بەشی چوارەم : دەروازەكانی رزگاری كوردستان	١٨٠
٣٥	ئاسایشی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی	١٩٠
٣٦	ئاسایشی نەتەوەیی كوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی عیراق :	٢٠٣
٣٧	سروشتی كوردایەتی و پیلان دژبە عەرەب	٢١٠
٣٨	دەرباز و مافی چارەنووسی :	٢١٦
٣٩	پرۆژە و ئامرازەكانی رزگاری كوردستان	٢١٩
٤٠	یەكەم ـ بزوتنەوەی كوردایەتی و حزبە شیوعیەكان :	٢٢٥
٤١	دووەم ـ بزوتنەوەی كوردایەتی و لایەنە ئیسلامیەكان :	٢٢١
٤٢	دەربازێكی بەهێزوئامرازێكی لاواز	٢٢٩
٤٣	بارودۆخی سیاسی ئێستای كورد لەبەرهەمی كێ یە ؟	٢٤٠
٤٤	رێگای دەرباز	٢٧٥
٤٥	هێزە ئاینیەكان ودەرباز :	٢٧٧
٤٦	كۆتایی : پوختەو دەرەنجام و پێشنیار	٢٧٩
٤٧	چارەسەریەكانی :	٢٨٢
٤٨	پاشكۆكان	٢٨٥
٤٩	بەرهەمە بلاوكراوەكانی / كتێبخانەی حاجی قادری كۆیی	٢٩٢
٥٠	ناوەڕۆك	٢٩٧

لەم کتێبەدا

شێوەی لەدایك بوونی هەر بیردۆز
و بیرۆکە و ڕێبازێك گرنکە بۆ گەشە و
بلاوبووونەوەو سەرکەوتنی،
بیرۆکەی عەلمانیەت بەسەلبی وئیجابیەوە
لەرووی تیۆری و جێبەجێکردنەوە لەلایەن زۆر
دآم دەزگاو کتێب باسی لێوەکراوە، بەلام
هیچ کامیان وەکو نووسەری ئەم کتێبە
نەهاتووە باس لە ڕەگ و ڕیشەو هۆکارە
ڕاستەقینەکانی دروسٖت بوونٖ و بلاوبوونەوەی
بیری عەلمانیەت بکات بەتایبەتی
کاریگەریەکانی لەسەر مەینەتی کوردیەوە.

لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی: حاجی قادری کۆیی
٠٠٦٦٢٢٣٣٨٦٨

ابو علي الكردي

mom
0750 118 19 19

نرخی [illegible] دینار
چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر